زنجیره 11

زیرەك عەبدوڵڵا

# کۆمەڵگا و شێواوی

کۆمەڵە وتار

کوردستان 2005

زیرەك عەبدوڵڵا

# کۆمەڵگا و شێواوی

کۆمەڵە وتار

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری رووناکبیری هەتاو، ژمارە (11)
کوردستان 2005

ناوی کتێب: کۆمەڵگاو شێواوی

ناوی نووسەر: زیرەك عەبدوڵلاّ

جۆری کتێب: کۆمەڵە وتاری کۆمەڵایەتی و سیاسی

تایپ و هەڵەچن: نووسەر

نەخشەسازی و بەرگ: هاوڕێ محەمەد زادە

چاپخانە:

چاپی یەکەم

تیراژ: 1000

دوای ئەندامانی خێزانەکەم...

تاکە کەسێك شایانی بێت ئەو کتێبەی پێشکەش بکرێت

"ئارە "یە جوانترین و "..." ترین کچی دونیا.

# ناوەڕۆك


پێشەكی .............................................. 9
بەشی یەكەم: پۆلەتیكا ............................. 13
– لە هۆیهاوە بۆ تێزاب .. لە تێزابەوە بۆ سەربڕین............ 14
– خێڵی حەمە.. قسەیەك لە غەیبانیەت........................ 36
– كاتێك خۆكوشتن دەبێتە چالاكی............................ 46
– شوناس لە نێوان ونبوون و ونكردندا........................ 62
– حكومەتی ساوا .. ساوایی حكومەت......................... 76
– مەرگی غەریزە لە ڕاپەڕین و ئاشتبوونەوە................. 90
– زنجیرەی سوكایەتیپێكردنی پەرلەمان....................... 98
بەشی دووەم: سۆسیۆلۆژیا (ئافرەت – گەنج – منداڵ).............. 171
– بەسەر تەرمی ژیلانەوە...................................... 172
– تێكشكاندنی بەهاكان ....................................... 190
– كۆمەڵگای عاجباتی.......................................... 206
– گوتاری پیاوبوون .. گوتاری وەك باوك لێكردنی كوڕ.......... 224
– بەهارێك بۆ گەنج .. بەهارێك بۆ دەسەڵات.................... 248
– چاوێك بۆ بینین .. چاوێك بۆ مامەڵەكردن.................... 266
– لێدان و پەروەردەكردن....................................... 276
– بێئاگایی لە فەزای شەڕانگێزیی.............................. 282
بەشی سێیەم: پانتایی زانكۆ.................................... 293
– زانكۆ و كۆمەڵگا ........................................... 294
– زانكۆ حەسارێكی مۆدێرن...................................... 304
– مامۆستای زانكۆ یا مەسول مەعیدە........................... 316
– كۆبوونەوەی سانسۆر دانان.................................... 324
– زانكۆ وەك دیاردەیەكی شار.................................. 334

# پێشەکی

شێواوی ئەو دۆخەیە کە تیایدا سیستەمە ناچۆنیەکەکانی کۆمەڵگا تووشی شپرزەی و تێکچوون دەبن، بەهۆیەوە کۆمەڵگا و تاکەکانی لە شێوە ژیانێکی ناتەندروست گوزەران دەکەن.

لەو دۆخەدا یەکە و پێکهاتە بونیادنەرەکانی کۆمەڵگا، ئەوانەی سەر بە سیستەمە کۆمەڵایەتیە ناچۆنیەکەکانن، وەکو پێویست رۆڵ و ئەرکی خۆیان ناگێڕن و مەهامەکانیان بەرجەستە ناکەن، بۆیە دونیایەکی ناتەندروستیان دەبێت، ئەمەش ڕەنگ دەداتەوە لەسەر پەیوەندی کاراکتەرەکان بە پێکهاتەکان خۆیان، هەروەها ڕەنگ دەداتەوە لەسەر پەیوەندی پێکهاتەکان بەیەکتری، مەبەست پەیوەندیەکانیان بەیەکتری دەپچڕێت، هەر یەکە بەجیا و بێئاگا لەوانیتر دونیای تایبەتی خۆی بەڕێوە دەبات، بەمەش چیدی تەواوکاری یەکتری نابن، ئەمە لەلایەك و لەلایەکیتر لەم دۆخەدا تێکەڵاویەکی زۆر دێتە ئاراوە، تێکەڵاویەك لە بەڕێوەبردن و بەرجەستەکردنی رۆڵ و کارکردەی پێکهاتەکان، زۆرجار پێکهاتەیەك کارکردەی پێکهاتەیەکیتر دەکات، بێ ئەوەی بزانێت ئەوەی دەیکات پەیوەست نییە بەوەوە.

لە دۆخی شێواویدا نۆرم و بەها و ئەخلاقیاتی باوی کۆمەڵگا ڕوو لە گۆڕان دەکات، چیدی تێفکرینێك و ژیانبینیەکیتر لەلای تاکەکەسان دێتە ئاراوە کە پێشتر بوونی نەبووە، لەم دۆخەدا پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵگا ناتەندروست

دەبێـت، پرەنـسیپی بەیەوەکـەوە ژیـان و بەرژەوەنـدی گـشتی تـوڕ دەدرێـت و شـوێنی پێـچۆل دەکرێـت، ئایـدیای خۆویـستی و بەرژەوەنـدی تایبـەت شـوێنی دەگرێتەوە، لەمەشدا هەماهەنگی و یارمەتیدانی یەکتری مرۆڤەکان ڕوو لە نـەمان دەکات، بەپێچەوانەوە زۆرجار مرۆڤ بە دەستی هاوڕێ و خۆشەویستی خـۆی، بـە دەستی براپشتی خـۆی، تووشـی مـاڵوێرانی و نەهامـەتی و بـارودۆخێکی نالـەبار دێت.

لەم دۆخەدا تاك جگە لە خۆی هیچ کەسـیتر نابێنێـت، لەبـەر خـۆی ئـەویتری تەنیشتی نابینێت، لەم دۆخەدا مرۆڤ بەهای نامێنێت، لە ئیحساسات بـەتاڵ و لـە هیومانیەت خاڵی دەکرێتەوە، بە شت دەکرێت، بە چاوی ئامێر و کەلوپەل سـەیر دەکرێت و مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت، هـەر بۆیـە ڕووداو و کارەسـات و دیـاردەی دزێو و نێگـەتیڤی جۆراوجـۆر دێتـە ئـاراوە، بـێ ئـەوەی کـەس هەڵوەسـتەی لـە بەرامبەر بکات.

لە دۆخی شێواویدا دادپەروەری کۆمەڵایەتی زەربی سفر دەکرێـت، یەکسانی کۆمەڵایەتی کێشەیەك نییە بیری لێبکرێتەوە، مافی مرۆڤ پرسێکە بە بیستنی مرۆڤ ختوکەی دێت، بەدیوەکەیتریشدا فەسادی لە گشت کایەکانـدا دەگاتـە چـڵەپۆپە، هەر بۆیە هەندێك کەس لە برسان خۆیان بە کوشـت دەدەن، هەنـدێکیش تێـرێتی بە کوشتیان دەدات، هەندێك بێ ماڵ و لانەن، هەندێکیش نازانێـت مـاڵ لـە کـوێ دابنێت و لە کام لانەدا نیشتەجێ بێت، هەندێك بەبێ دەرمان دەمرن، هەندێکیش دەرمان لە ماڵی ئێکسپایەر دەبێت.

لەم دۆخەدا بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری بـوونی نامێنێـت، واتا ئینتیمای کەسەکان ڕوو لە نەمان دەکات و بێموبالاتی باڵ بەسـەر ڕەوشـەکە دادەگرێت، هەروەها پرسەکان زیاتر تاکی دەکەونەوە، میزاج و پەیوەندی کەسی لەبەرچاو دەگیرێت، هەر بۆیە چەندین دەستە و گروپی ڕێکخراوی تاوان بوونیـان دەبێت، لە ڕێگای ئەمانەشەوە چەندین دیاردەی نێگەتیڤی لە چەشنی "کوشـتن، ئـەتککردن، سـەربڕین، دزیـن، بـڕین، دەسـت بەسـەر داگـرتن....هتـد" بوونیـان دەبێت.

لەم دۆخەدا مرۆڤکوژ سیستەمی ئاسایش و گیرفانبڕ سیستەمی بانك بەڕێوە دەبات، کەسی نادادوەر سەرپەرشتی سیستەمی دادوەری و کەسی نابینا سەرپەرشتی سیستەمی ڕووناکی دەکات، کەسی بێمەعریفە دەزگا مەعریفییە باڵاکان و کەسی نا شایستە ئیدارەی وڵات دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لەو دۆخەدا عەقڵ و لۆژیکی هیومانی ئیش ناکات، مەعریفە لە غیابدایە، ویژدانیش خۆری ئاوا بووە.

دۆخی شێواوی ئەو دۆخەیە کە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیی هەیە، ئەو دۆخەیە کە ئێستا کۆمەڵگای کوردی گوزەرانی تیا دەکات، کۆی سیستەمەکانی تووشی شپرزەیی و تێکچوون هاتووە، نە مرۆڤ بەهای هەیە، نە مرۆڤ مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ هاوچەشنەکانی دەکات، نە لەگەڵ دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگا، نە دامەزراوەکانیش ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان بە تەواوی جێبەجێ دەکەن و پەیوەندیەکی تەندروستیشیان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

بەڵێ لە کۆمەڵگای ئێمەدا پرنسیپی بەیەکەوە ژیان و بەرژەوەندی گشتی تورڕدراوە، ئایدیای خۆویستی و بەرژەوەندی تایبەت شوێنی گرتۆتەوە، یارمەتیدانی یەکتری مرۆڤەکان ڕووی لە نەمان کردووە، یا بەمانایەکیتر لەبەردەم ئەگەری نەماندایە، لە کۆمەڵگای ئێمەدا تاك جگە لە خۆی هیچ کەسیتر نابینێت، مرۆڤیش لەئیحساسات و هیومانیەت خاڵیکراوەتەوە و بۆتە شت و ئامێر وکەلوپەل، واتا بەو چاوە سەیر دەکرێت و مامەڵەی لەتەك دەکرێت.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی و ماف مرۆڤ بوونیان نییە، کەسانی ناشایستە ئیدارەی کۆمەڵگا دەکەن، بەرپرسیارێتی و ئینتیما نییە، بێموبالاتی لەئارادایە، پرسەکان میزاجی و تاکی کەوتوونەتەوە، لەگەڵیشیدا چەندین گروپی تاوانی ڕێکخراو ئامادەییان هەیە، چەندین ڕووداو و کارەسات بوونیان هەیە بێ ئەوەی کەس هەڵوەستەیان لە بەرامبەر بکات.

لەڕاستیدا ئەم وتارانەی ئەو کتێبەیان پێکهێناوە هەوڵدانێکە بۆ ئەگەری لە تواناادا بوونی خوێندنەوە و قسەکردن لەسەر دیاردەگەلێك لەناو دۆخی شێواوی کۆمەڵگای کوردی، کە هەر یەکەیان بەشێوەیەك لە شێوەکان مەترسیدارە و

دەرەنجامی نێگەتیڤی لێدەکەوێتە ئەگەر ئاگاداری نەبین و هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵدا نەکەین، ئەم وتارانەش پۆلێنی سێ بەش کردووە، یەکەمیان پۆلەتیکا، دووەمیان سۆسیۆلۆژیا، سێیەمیان پانتایی زانکۆ.

پێویستە بڵێم ئەم وتارانەی لێرەدا لە دوو توێی ئەو کتێبە بڵاو دەکرێنەوە، کۆی ئەو وتارانە نین کە نووسیومن، بەڵکو دەست بژێرێکیانن، هەروەها ئەو وتارانە بەشێکی بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بەڵام بەشێکیش بڵاونەکراوەتەوە.

سەبارەت بەوێنەکانیش سوودم وەرگرتووە لە ئەرشیفی تایبەتی خۆم و هەر چوار ڕۆژنامەی خەبات و ڕێگای کوردستان و نیشتمان و هاوڵاتی.

دەبێت سوپاسی زۆری هاوڕێیانی ستافی ڕۆژنامەی ئەویتر بە گشتی و هەردوو هاوڕێی خۆشەویستم "نیهاد جامی" و "ئاواز جەلال" بکەم، کە بەردەوام هاوکاری و پشتیوانیان لێکردم و هانیاندام بۆ ئەم بەرهەمە، هەروەها سوپاسی زۆری هاوڕێی ئازیز "زێوەیی" بکەم ئەگەر دەست پێشخەری ئەو نەبوایە ئەم وتارانە لە ئێستادا نەدەتوانرا بکرێتە ئەو بەرهەمە، لە کۆتاییدا هیوادارم ئەو کتێبە سوود بەخوێنەر بگەیەنێت.

**زیرەك عەبدوڵڵا**

**ئۆگستی 2005**

# بەشی یەکەم

# پۆلەتیکا



**له هۆیهاوه بۆ تێزاب... له تێزابەوه بۆ سەربڕین**

لەنێو بواری فیکر و فەلسەفەکاریدا بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە بچوك گەورە پێکدەهێنێت یا دروست دەکات، خانە یا گەردیلە یا مۆناد ئەندامە بەش، ئەندامە بەشیش کۆئەندام، ئەویش پێکهاتەی گەردوونی"بە هەردوو جۆرەکەی"، لە مانیشەوە گەردوون پێکدێت، بەم شێوەیە بەردەوام بچوك یەکەی بونیادنەر و دروستکاری پێکهاتەی لە خۆی گەورەترە، بەپێچەوانەشەوە گەورە گردبووەوە و بەرهەمهاتووی یەکەی بچوکە.

ئایدیای ئەم هاوکێشەیە "بچوك ..........گەورە " تەنها لەنێو بواری فیکر و فەلسەفەکاری، و بۆ مەبەستی ناسینی بوون "سروشتی بووە گەردوونیەکان" نەماوەتەوە، بەڵکو خۆی خزاندۆتە نێو بوارە مرۆڤایەتییەکان "کۆمەڵایەتی — سیاسی — ئایینی — ئەخلاقی — کلتوری ...هتد"، لە ڕێگایەوە کۆمەڵێك دیاردە و ڕووداو و پرۆسەی هەمە چەشن، بە هەردوو ڕووخساری جوان و دزێو، بە هەردوو دیوی سوودبەخش و زیانبەخش بەرهەمهێناوە، مەبەست ئەوەیە لەنێو بوارە مرۆڤایەتییەکاندا دیاردەی بچوك ئەوی گەورە دروست دەکات و بەپێچەوانەوە ئەوی گەورە لە بچوك دروست بووە، بەڵام چۆن ئەمە بسەلمێنین؟.

پێش هەر لێدوانێك بۆ سەلماندنی مەبەستی ئەم وتارە پێوستە بپرسین دیاردە خۆی چییە؟ فاکتەرەکانی چین؟ لە بوونیدا پێویستە چی هەبێت؟.

دیاردەی کۆمەڵایەتی دەکرێت وا پێناس بکرێت کە کردەیەك یا ڕووداوێکی ناو واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە، بوونێکی سەربەخۆی هەیە، دەتوانرێت ببینرێت و هەستی پێبکرێت.

سۆسیۆلۆژیستی فەرنسی بەناوبانگ "دۆرکهایم" پێناسی دیاردە دەکات بەوەی یەکێکە لە جۆرەکانی ڕەفتار، بوونێکی سەربەخۆ و تایبەتی هەیە و ئەندامانی کۆمەڵگا بەشداری تیا دەکەن.

لەلای دۆرکهایمدا دیاردەی کۆمەڵایەتی سیما و تایبەتمەندی دیاریکراوی هەیە، لەوانە "بابەتی، مرۆیی، جەبری، خۆبەخۆ، دووبارە". بەپێی ڕاڤەی دۆرکهایم مەبەست لە "بابەتی" ئەوەیە دیاردە بوونێکی تایبەتی هەیە و لە

دەرەوەی هەستی تاکدایە، واتا تاك دروستی نەکردووە وەکو دیاردەکانی ئـاین و زمان و ئابووری ....هتد. هەروەها مەبەست لە" مرۆیی" ئەوەیە لەنێو کۆمەڵگای مرۆییدا سەریهەڵدا بێت و ڕێسای بیرکردنەوە و کردەوەی مرۆیی لـە خۆگرتبێـت، مەبەست لە"جەبری" ئەوەیە مادام دیاردە لە دەرەوەی هەستی تاکدایـە کەواتـە بەسەریدا دەسەپێنرێت، مـرۆڤیش بەرجەسـتەی دەکـات لەوانـە ئـەتیك و ئـاین و جـۆری جلوبـەرگ...هتـد. مەبەسـتیش لـە "خۆبـەخۆ" ئەوەیـە تـاك براکسیـسی ڕەفتارەکە بکات بەبێ دوو دڵی، ئەمەش لەبەرئەوەی دەستکردی کۆمەڵگایە، لـە بیروبـاوەڕ و ئـەخلاقی کۆمـەڵگا سەرچـاوەی گرتـووە. دواجـار مەبەسـتیش لـە "دووبارە" ئەوەیە لە ماوەی زەمەنی جیاجیا دووبارە دەبێتەوە.

دۆرکهـایمی زانـا دیـاردەی کۆمەڵایـەتی دابەشـی سـەر دوو جـۆر کـردووە، ئەوانیش " گشتی و تایبەتی"، مەبەستی لە جۆری یەکەم ئەوەیـە دیـاردە خـۆی دەسـەپێنێتە سـەر گـشت ئەنـدامانی کۆمـەڵگا و پـەیڕەوی لێدەکـەن، لێـرەدا مەبەستی زانا ئەوەیە خەڵك بەگوێرەی ڕێسا و بارودۆخی گشتی دەڕوات بـەڕێوە، هەموویان بەشداری لە بەرجەستەکردنی ئەو جۆرە دیاردەیە دەکەن، وەکـو ئـاین و خوداپـەرسـتی، دوورکەوتنـەوە لـە تـابۆ و قەدەغـەکراوەکان، کردنـی ڕەفتـار بەگوێرەی بەها و نۆرم و ئاداب و مۆڕاڵی گشتی کۆمـەڵگا، ئـەم جـۆرە دیاردەیـە ماوەیەکی زەمەنی زۆر و بە نەگۆڕیش ئامادەیی دەبێت لـەنێو کۆمـەڵگادا، بـەڵام جـۆری دووەم لـە هەنـدێك یـا بەشـێکی کۆمـەڵگا ڕوودەدات، هـەموو ئەنـدامانی کۆمــەڵگا ناگرێتــەوە، لــە ماوەیــەکی دیــاریکراو و بــە ئامــادەیی بــارودۆخێکی تایبەتیش ڕوودەدات، وێنەی جـێگیر نییـە و لـە گۆڕاندایـە، ئـەم جـۆرە دیاردانـە زیاتر ئەو بزووتنەوە و گـروپ و بانـد و هێـز کۆمەڵایـەتی و سیاسـیانە دەیهێننـە ئاراوە، کەوا لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا ئامادەییان هەیە.

بەپێی دابەشکردنی دۆرکهایم ئێمە لەم وتارەدا جەخت لەسەر جۆری یەکەمی دیــاردە ناکــەین، بــەڵکو چــیدی جــەخت لــە جــۆری دووەم دەکــەین، ئــەوەی پەیوەستە بە بزووتنەوە و گروپ و هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناو کۆمەڵگا.

دەشێت پێناسەی دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بکرێت بەوەی کردەیەك یا پرۆسەیەکی چەند جەمسەری مەبەستداری پلان بۆ دارێژراوی بەرهەمهێنە، مەبەست لێیەوە ئامادەکردن و هێنانە ئارای بارودۆخێکە، بۆ ئەوەی تیایدا خواستە دیار و نادیارەکانی بزووتنەوە یا گروپ و هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییە پەیوەستدارەکە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەنێو دنیای واقیعدا بەرجەستە بکرێت.

مەبەست لە دیاردەی کۆمەڵایەتی سیاسی، بوونی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی ناو کۆمەڵگایە کە خواستێك و ئیرادەیەکی سیاسییانەی لە پشتە، واتا گروپ و باند و بزووتنەوە و هێزی سیاسی لە پشتیەوە وەستاون و هەوڵی بەدیاردەکردنی دەدەن.

دیاردەی کۆمەڵایەتی سیاسی ئامانج و مەبەستی جیاجیا هەیە، ئەمەش بە تەواوی پەیوەستە بەو گروپ و بزووتنەوەی دەیهێنێتە سەرزەمینی ژیانکردنی کۆمەڵگا، ئەمەش لە دوو ئاستدایە، یەکێکیان ڕاستەوخۆیە لە ئێستادایە، واتا لە ئێستادا دەخوازرێت بەرجەستە بکرێت، هەندێکیش ناڕاستەوخۆیە و بۆ داهاتووە، واتا دوورمەودایە و دەخوازرێت لە ئێستادا بارودۆخی بۆ لەبار بکرێت، تاوەکو لە داهاتوودا خواستەکانی تیا بەرجەستە بکرێت.

دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی وابەستەی کۆمەڵێك فاکتەرە، لەوانە بوونی شوێنکاتێکی دیاریکراو، هەر دیاردەیەك لە سەرزەمینێکی ژیانکردنی تایبەت و لە زەمەنێکی دیاریکراو بۆ بەرجەستەکردنی مەبەستەکانی خۆی دەهێنرێتە ئاراوە.

دیاردە پێویستی بەبوونی دەرهێنەرێك یا ڕێبەرێکی ڕۆحی دەبێت، تاوەکو بەڕێوەی ببات و لە پێناوی تێبکۆشێت، واتا پێویستی بە عەقڵی ڕێکخەر دەبێت، با ئەوە لە بیر نەکەین هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی کە وابەستەی بزووتنەوەیەك و گروپێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، ئەوا بە پلەی سەرەکی ڕێبەر یا سەرکردەی گروپەکە ئیرادە و خواستی لە ئامادەبوونی هەیە.

دیاردە پێویستی بەبوونی "یەکێك- دەستەیەك- کۆمەڵێك- هەندێکجار تەواوی کۆمەڵگا" هەیە بۆ ئەوەی وەکو کاراکتەرێك ڕۆڵە سەرەکیەکانی دیاردەکە بگێڕێت و ڕووداوەکە پڕاکتیزە بکات و بیگەیەنێتە خاڵی کۆتایی.

دیارده پێویستی بەبوونی بابەتێك "كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی، ئەخلاقی ...هتد" دەبێت بۆ ئەوەی دیاردایەتی خۆی لەسەر نمایش بكات.

كەواتە بۆ بوونی هەر دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی سیاسی لەنێو گۆڕەپانی ژیاندا پێویست بەبوونی زیاد لە فاكتەرێك دەبێت لەوانە" كات- شوێن- بابەت- بەڕێوەبەر (دەرهێنەر)- تاك یا دەستە و گروپ (ئەكتەر)"، تاوەكو لە ئەنجامی كارتێككردنیان دیاردەكە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ وەكو بەرهەمێكی خوازراوی هەنووكەیی، یا بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بۆ خۆشكردنی ڕێگا لەبەردەم بەرهەمێكی خوازراوی دوورمەودا بێتە ئاراوە.

لەبەرئەوەی هاوكێشەی هەر دیاردەیەك زیاد لە توخمێك تیایدا بەشداره و زیاد لە فاكتەرێكی لە خۆگرتووە، كەواتە زیاد لە ڕوویەكی هەیە، ئەمەش ڕێخۆشكاره بۆ ئەوەی بە زیاد لە ڕەهەندێك بخوێندرێتەوە و ڕاڤە بكرێت، بەڵام خوێندنەوە و ڕاڤەكردنی هەر دیاردەیەك پێویستی بەبوونی چاوێكی دووربینە، تاوەكو لە ڕێگایەوە هۆكار و فاكتەرە بەرچاو و شاراوەكانی ببینرێت و ئەنالیزە بكرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی بزانرێت چۆن سەرهەڵدەدات؟ سروشتی ئیشكردنی چۆنە؟ لە كوێوە دەست پێدەكات؟ بەرەو چ ئاقارێك ئاراستە دەكرێت؟ لە كوێدا كۆتایی دێت؟ مەبەستە ڕوون و پەنهانەكانی چین؟ سیفات و تایبەتمەندێتی و جیهانبینی بەشداربووەكان "ڕێبەرە ڕۆحیەكە – كەسی پڕاكتیزەكار – كەسی پڕاكتیزە لەسەركراو" چین؟.

ئێمە لێرەدا ناخوازین بە درێژی قسە لەسەر دیاردە و جۆرەكان و سروشتی ئیشكردنی بكەین، بەڵكو ئەوەی دەخوازین سەلماندنی تێزێكە كە مەبەستی وتارەكەمانە، ئەویش" دیاردەی بچووك دیاردەی گەورە دروست دەكات".

* * *

بۆ سەلماندنی ئەم تێزە دەبێت قسە لە دیاردەیەك بكەین كە یەكێكی گەورەتری هێنابێتەبوون، لەگەڵیشیدا قسە لە دیاردەیەك بكەین كە لە یەكێكی بچوكتر هاتبێتەبوون، بۆ ئەمەش هەر سێ دیاردەی "هۆیها- تێزاب- سەربڕین" باشترین نموونەن لە بەردەستدا، ئەم سێ دیاردەیەش كە هێناومانەتەوە بەپێی

دابەشکردنی دۆرکهایم لە جۆری دووەمی دیاردەکاندایە، واتا بزووتنـەوە و گـروپ و هێـزی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی لـەناو کۆمـەڵگا دروسـتیان کـردووە، مـاوەی زەمەنی دیاریکراوی هەیە.

هۆیهـا دیاردەیـەکی کۆمەڵایـەتی و سیاسـییە، لـە واقیعـی کۆمـەڵگا دواکەوتووەکانـدا سـەرهەڵدەدات، تیایـدا سـەدای دەنگـی یـەکێك یـا دەسـتە و گروپێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرز دەبێتەوە بەڕووی کەسێك یـا دیاردەیـەکیتر کە لە واقیعدا بوونی دەبێت.

لەنێو کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا هۆیها ئەو کاتە دێتەبوون کـە دیاردەیـەك لـە ئارادا بێـت ئاماژەیـەکی بـۆ نوێبوونـەوە و تازەگـەری تیـا بێـت، یـا لادانێکـی لـە سیستەمی ژیانکردنی باوی کۆمەڵگا لە خۆگرتبێت، بەمـەش هۆیهـا ئامرازێکـە بـە دەسـتی کـەس یـا گـروپ و هێـزی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی کۆنزەرڤـاتیڤ، بـۆ مەبەستی ڕێگریکردن لەبەردەم نوێبوونەوە و تازەگەری بەکاردەهێنرێت.

هۆیهـا کردەیـەکی سـنوور ئـامێزە، کردەیـەکی ڕێگرکـارە، گوزارشـت لـە نەهێـشتنی ڕوودانـی گۆڕانکـاری و بەرەوپێشـچوونی ژیـان دەکـات، دەخوازێـت جەستە هەنووکەییەکان هاوشـێوەی ئـەوانی پـێش خۆیـان، بـە هـەمان سـتایل و لـەنێو هـەمان ژیانـدا بـژین، بەمـەش هۆیهـا دەخوازێـت ژیـان چەقبەسـت بکـات، زەمەن بوەسـتێنێت، ئەگـەرەکانی نوێبوونـەوە و گـۆڕان لـەناو ببـات و نـەهێڵێت سەر دەربهێنن. وتمان هۆیها لەنێو کۆمەڵگا دواکەوتووەکانـدا ئامـادەیی دەبێـت، بەڵام ئایا هۆیها لە بەرامبەر کێ ئامادە دەبێت یا بەڕووی کێدا بەرز دەکرێتـەوە؟ لەنێو ئەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا هۆیها لـە بەرامبـەر زۆر دیـاردەدا دەکرێـت، بـەڵام زیاتر لە بەرامبەر ڕەگەزێ مێ " ئافرەت و کچ" دەکرێت، کاتێك ئافرەتێك بـۆدی خۆی بەشێوەیەك نمـایش دەکـات، کاتێـك کـچێك ڕووخـساری خـۆی بـە فۆرمێـك پێشاندەدات، جیاواز لە فۆرمی باو، جیاواز لە چـاوەڕوانیەکانی کـەس یـا گروپـی هۆیهاکار، ئەوا یەکسەر ڕووبەڕووی هۆیهـا دەبێتـەوە، کاتێـك کـچێك مەبەسـتێتی گوزارشت لە شتی جوان بکات، بڵێت ژیان جوانە، مرۆڤ جوانە، تاکگەرایی جوانە، ئازادی جوانە، ئەوا یەکسەر هۆیهای ئامادە دەبێت.

بـەکورتی لـەو جـۆرە کۆمەڵگایانـە لـە کوێـدا ئاماژەیـەك بـۆ جوانـژیان، تاکگەرایی، ئازادی، گرنگیدان بە جەستە، شەفافیەت، خۆشەویستی، ئامادەبێت، ئەوا لەوێدا هۆیها ئامادەیە و دەنگی دەزرینگێتەوە.

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد دیاردە لە بوونیدا پێویستی بـە یـەکێك یـا گروپێکـە تاوەکو لەنێو کۆمەڵگادا بە ئەگەری ئامادەکرنیدا ببات، بەڵام ئەمانـەش هـەڵگری خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی و جیهـانبینی خۆیـانن، لێـرەوە ئایـا ئـەو خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی و جیهانبینیـەی کـەس و دەسـتەی هۆیهاکـار لـەنێو خۆیانـدا هەڵیانگرتوون چین؟

بە بۆچوونی من ئەوەی لەنێو ئەو دیاردەیەدا بەشدارە، ئەوەی هاوار دەکـات و دەفیقێنێت، دەبێت کەسێکی گوێڕایەڵ بێت، ئامادە بێت بۆ وەرگـرتنی هـەموو ئـەو ئـەخلاق و خەسـڵەتانەی ڕێبـەری گـروپ دەیخوازێـت، ئامـادە بێـت بـۆ خۆبارگـاویکردن بـەو جیهانبینیـەی ڕێبـەر هەیـەتی، هـەروەها ئامـادە بێـت بـۆ جێبەجێکردنی هەموو ئـەو بڕیارانـەی لـە سـەنتەرەوە ئاراسـتەی دەکرێـت بـەبێ هەڵوەسـتەکردن و گومـانکردن، جگـە لەمـە دەبێـت بـڕوای بـە جێبـەجێکردنی دیاردەکــە و دەرەنجامەکانیــشی هــەبێت. کەواتــە یــەکێك لــە خەســڵەت و تایبەتمەندیــەکانی کــەس یــا گروپــی هۆیهاکــار ئەوەیــە گوێڕایــەڵ بێــت و فەرمایشتەکان جێبەجێ بکات.

خەسڵەتێکیتر ئەوەیە دەبێت کەسی هۆیهاکار گوێ بە حەز و ئـارەزووی ئـەو کەسە نەدات کـە هۆیهـای لێـدەکات، گـوێ بـەوەش نـەدات ئەنجامـدانی کردەکـە چــەندە تێکــشکێنەرە و کاریگــەری خەتــەرناك لەســەر دەروونــی بەرامبــەر جێدەهێڵێ، واتا کەسێك بێت بەرامبەر لەبەرچاو نەگرێت و ئیعتباری بۆ دانەنێت.

خەسڵەتێکیتر ئەوەیە کەس و گروپی هۆیهاکار لە کاتی پەروەردەکردنیدا بـە ئامێر دەکرێت، بێچاو دەکرێت، بەمەش جەستەی لە مرۆڤبـوون خاڵیدەکرێتـەوە، ئەو تەنها وەکو ئامێرێکی ئەلیکترۆنی کار دەکات، هـەر کاتێـك شـتێکی جـوان یـا دیاردەیەکی تازە ببینێت، ئەوا یەکسەر دەست بە هۆیها و هات و هاوار و فیقـە و توانج و تەشەر لێدان....هتد دەکات، بەمەش دیاردەکـار ڕاسـتەوخۆ دەڵێـت مـن

ناتوانم سەیری شتی جوان بکەم و دونیا بە جوانی ببینم و دیاردەی تازەشم پێ هەزم ناکرێت. ئاخر ئەمەش لە بەدبەختی کچ و شتە جوانەکەیە کاتێک دەخوازێت بڵێت "......."، کەچی دەکەوێتە بەر نیگاکانی کەسێکی نابیناو بێچاوی هۆیهاکار کە تەنها پەنچەرەیەکی بچوکیش بۆ بینینی دونیا و دیاردە جوانەکانی نێوی شك نابات.

لێرەوە جێی خۆیەتی لە گوناهی ئەو چاوە بپرسین کە شتی جوان بە دزێو، ڕێك بە ناڕێك، تەنك بە گرێیاوی، ڕوون بە تەڵخ دەبینێت، و تەحویلی ناوەوەی خۆی دەکات، لە بەرامبەریشدا کاردانەوە یا مامەڵەیەکی ناتەندروست دەکات.

واتێدەگەم گوناهی کەس یا گروپی هۆیهاکار لەوێوە دەستپێدەکات کاتێك لە پەروەردەکردندا چاوە سروشتیەکەیان لێسەندۆتەوە، و لە بریدا چاوێکی دەستکردی کورتبین و سنور بۆ کێشراویان پێبەخشیوە، کە بەهۆیەوە دونیا بە هەمەڕەنگی و جوانی و تەبابون و دەست لەملانێی گشت مرۆڤەکان نابینێت، گوناهی ئەم چاوە لەوێوە درێژەی دەبێت کاتێك بە کردە قێزەونەکەی "هۆیها" هەستی بەرامبەر بریندار دەکات و لە ناخەوە دەیشلەژێنێت.

هەندێکجار کەسی هۆیهاکار مۆراڵ دەکاتە پێوەرێك و هۆکارێك بۆ ئەوەی لێیەوە ڕەوایەتی بداتە کارە دزێوەکەی، ئەو پێیوایە جەستەی جوانەلگری شیکپۆش "کچ" بێمۆراڵە، بە خۆجوانکردنی بێمۆراڵی کردووە، بۆیە دەبێت سنووری بۆ دابنرێت، لە کاردانەوەی کردەکەیدا هۆیهای لێبکرێت، تاوەکو جارێکیتر دووبارەی نەکاتەوە. ئا لێرەوە جارێکیتر گوناهی خۆی و ڕێبەرە ڕۆحیەکەی بە دیار دەکەوێت، چونکە پێوەرێکی کۆنی تۆز لێنیشتویان بۆ پێوانی مۆراڵی مرۆیی هەلگرتوە، بەهۆیەوە لەنێو واقیعی ئێستادا بڕیار دەدەن و مامەڵە و ڕەفتار دەکەن، ئەم گروپە نائاگادارە لەوەی مۆراڵ و پێوەرەکانی لەگەڵ گۆڕان و بەسەرچوونی زەمەن و جیهانبینی مرۆڤ دەگۆڕێت، ئیدی کەس بە بڕیاری ئەو پێوەرە کۆنە تۆز لێنیشتووە ڕازی نابێت کە لەگەڵ جیهانبینی نوێی مرۆڤەکان یەکناگرێتەوە.

کاتێك کەس یا گروپی هۆیهاکار سور بێت لەسەر ئەوەی ئێستا و دیاردەکان و مۆراڵی ئێستا، بە پێوەری کۆن بپێوێت، کەواتە دەخوازێت ئێستا بۆ ئەو

سەردەمە بگێڕێتەوە کە بڕیاری ئەم پێوەرە تیایدا باڵا دەست بووە، ئەمەش بە سروشتی خۆی لە هەژارییەکی فکری و مەعریفی زیاتر هیچی لێناکەوێتەوە و هیچیش نمایش ناکات، چونکە ئەو سەردەمە ئیدی سەردەمێکی لە دەستچوو و تێپەڕە، گەڕانەوەشی بۆ ئێستا خەونێکی خۆشە، بەڵام خەونێکی کۆمیدیە، چونکە چۆن ناکرێت ڕێگا لەبەردەم هاتنی بەیانی بگیرێت، ئاواش ناکرێت ڕێگا لەبەردەم ڕۆیشتنی دوێنێی بگیرێت، چۆن بەیانیەکی دوور نایەتە نێو ئێستا، ئاواش دوێنێیەکی دوور ناگەڕێنرێتەوە. بۆیە وا باشە دەستە بەئاگا بێتەوە لەوەی دەیکات کردەیەکی سەدەرسەد ناعەقلانیە و مومکین نییە بەهۆیەوە خواستەکانی بەرجەستە بکات. کەواتە خەسڵەتێکیتری کەس و گروپی هۆیهاکار ئەوەیە گرۆپێکی کۆنزەرڤاتیڤە بەپێی پێوەرێ کۆن مامەڵە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی خۆی دەکات. خەسڵەتێکیتری دەستەی هۆیهاکار ئەوەیە زۆر بە ڕێکخراوی ئیشی خۆی دەکات، کەس یا گروپی هۆیهاکار لە بازاڕ و شوێنە جیاجیاکانی شاردا پۆلیس ئاسا دەگەڕێن بە دوای قوربانی، چاوەکانیان جەختکردن دەبێت لە دۆزینەوەی قوربانی، لە هەر کوێیەکدا بیدۆزنەوە، ئەوا لەوێدا دەست بە هات و هاوار و هۆیها دەکەن، بەڵام لەمەدا شانسێکی گەورەیان هەیە بۆ مەیسەربوونی خواستەکەیان، بارودۆخێکی گونجاو لە ئارادایە بۆیان، ئەویش بەدەنگ نەهاتنی دەسەڵات لەلایەک، لەلایەکیتریش نەبوونی مەعریفە و هۆشیاری کۆمەڵایەتی تاکەکانیتری کۆمەڵگایە، ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو گروپەدان و لە هەمانکاتیشدا لە شوێنی دیاردەکە نزیکن، ئەو خەڵکانەی لەم شوێنە نزیکن هاوشێوەی کەس و گروپی هۆیهاکار دەست بە هات و هاوار و هۆیها دەکەن، بەمەش کەس و دەستەی ڕێکخراوی هۆیهاکار دەشاردرێنەوە و دەپارێزرێن لەناو ئاپۆڕەی خەڵك. ئەم دیاردەیە لە ئێستا ئیشی خۆی دەکات، بەڵام لەگەڵێدا عەقڵێکی دەستەجەمعی دروست دەبێت، کۆ ڕەفتاری دروست دەبێت، ئەمەش مەترسی گەورەتری دەبێت بۆ داهاتوو، چونکە ئیدی ڕەنگە ببێتە تەقلید لەلایەن ئەو خەڵکانەی لە دەرەوەی ئەو گروپەدان و لە هەمانکاتیشدا هۆیهایان کردووە، بەوەی ئیدی هەر کچێك یا ئافرەتێکی لەم شێوەیە ببینن ئەم دیاردەیە زیندوو بکەنەوە و دەست بە هۆیها بکەن.

ئەم دیاردەیە دەرکەوتە گەلێکی نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە، چ لەسەر ئاستی کەس و گروپی هۆیهاکار، چ لەسەر ئاستی کەسی هۆیهالێکراو، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا بەگشتی، لەسەر ئاستی کەس و گروپی هۆیهاکار ئەو دیاردەیە دەبێتە هۆی ئامادەبوونی کەسێك و گروپێکی سنوردانەری دژکار لەناو هەناوی کۆمەڵگا، کە دژایەتی کەسێك " کچ ، ئافرەت" دەکات کاتێك دەخوازێت گوزارشت لە تاکگەرایی و ئازادبوون و خۆشگوزەرانی خۆی بکات، کاتێك ڕووخسار و جەستەی خۆی بەشێوەیەك نمایش دەکات، بۆیە ئامادەیی گروپی لەم جۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی لەناو کۆمەڵگادا گروپێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبێت دەستکاری ژیانی تایبەتی تاکەکەسەکان بکات، سنوری تایبەتی تاکەکان ببڕێت، پاڵەپەستۆیان بخاتە سەر بۆ ئەوەی بەشێوەیەك بژین، بەشێوەیەك دونیابینین و ڕەفتاری تیا بکەن، بەشێوەیەك جل بپۆشن و خۆیان دەرخەن کە ئەوان گەرەکیانە، کە بەهاو نۆرم و مۆراڵی ئەوان ڕێگای پێدەدات. ئەم گروپە ئیدی دەبێتە گروپێکی فشار بۆ سەر ژیانی کچ و ژنان، دەبێتە گروپێکی مەترسیدار بۆ سەر ژیانی کچ و ژنان، بۆ سەر تاکگەرایی و ئازادییان، بەمەش سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا توشی شێواندن و نالەباری دێت، ژیانی ئاسایی ئەو کەسانە تووشی نالەباری دێت.

نێگەتیڤی ئەو دیاردەیە لەسەر ئاستی کەسی هۆیهالێکراو ئەوەیە تووشی بارۆدۆخێکی دەروونی نالەبار دەبێت، لەناوەوە تێکدەشکێت، دەترسێت، سیستەمی باوەڕبوون بە خۆی تووشی شڵەژان دێت، باوەڕی بە خۆی لەق دەبێت، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر کەسایەتی کچ یا ژنەکە دەبێت، جگە لەمە چیتر ئەو کۆمەڵگایە، ئەو گۆڕەپانی ژیانکردنە، بە کۆمەڵگایەك و گۆڕەپانێکی گونجاو نازانێت بۆ ئەوەی تیایدا گوزەران بکات، لێرەوە کەمترین هەڵ هەڵدەقۆزێتەوە بە ئەگەری دوورکەوتنەوە لەو کۆمەڵگایە، لەواقیعیشەوە دەرکەوت کەم نین ئەو ئافرەتانەی وڵاتیان جێهێشت، کەم نین ئەوانەی ئاواتەخوازن و لە هەمانکاتیشدا ئامادەباشیان تێدایە، ئەم وڵاتە جێبهێڵن، ئەمەش لەبەر نەبوونی ئازادی و تاکگەرایی و مافی مرۆڤ، لەبەر دەستکاریکردنی ژیانی تایبەتیان.

نێگەتیڤی دیاردە لەسەر ئاستی کۆی کۆمەڵگا ئەوەیە وەکو ئامرازێکی ڕێگرکار بەکاردەهێنرێت، هەر دیاردەیەك کە ئاماژەی نوێبوونەوە و تازەگەری لێ بەدیبکرێت، هەر گۆڕانکاریەك کە ئەگەری بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای لێ بەدیبکرێت، ئەوا ڕێگای لێدەگرێت، کەواتە هۆیها هەوڵێکە بۆ ڕێگریکردن لەبەردەم بەرەوپێشچوون و کرانەوەی کۆمەڵگا، هەوڵێکە بۆ بەردەوامبووونی ژیانکردن لەنێو ستایلێکی کۆن.

باشە مادام ئەو دیاردەیە لەسەر ئاستی جیاجیا خاڵی نێگەتیڤی هەیە، ئەی بۆچی بەبوون و بەردەوام مانەوەی بێدەنگین؟ ئایا ئەرکی کێیە چیدی ئەو دیاردەیە لە ڕەگو ڕیشەوە نەهێڵێت و بنبڕی بکات؟ بۆچی دەسەڵاتی کوردی "دەسەڵاتی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا" لە ئاستیدا بێدەنگی هەڵبژاردوە و قسە ناکات! ؟ ئەی ڕۆژانە لەنێو کوچە و کۆڵان و جەرگەی بازاڕی شارەکاندا، خوشك و دایکمان بە بەرچاوی هەمووانەوە ئیهانە ناکرێت، تەماتە و پەلکەشوتی لێنادرێت، هۆیها و بە لەعنەت و تف باران ناکرێت! ؟

بە بۆچوونی من تەنها وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە ئامادە بێت ئەوەیە دەسەڵاتی کوردی هەڵگری سیفاتی کۆنزەرڤاتیڤانەیە، لە جوانی و تیواریەتی ژیان دەترسێت، لەبەردەم کرانەوە و مۆدێرنبووندا هەست بە مەترسی دەکات، بۆیە خواستی سەرەکی ئەوە دەبێت ژیان بەسەر تاکدا قوفڵ بدات، کۆمەڵێك سنوری وابەستەی بۆ بکێشێت، ئیرادە و حەزەکانی بکوژێت، تاکگەرایی و ئازادی لە گۆڕنێت. ئەمە لەلایەك، لەلایەکیتردا لەبەرئەوەی هۆیهاکردن دەبێتە هۆی دانانی سنور لەبەردەم حەزەکانی تاك و تیواریەتی ژیان دەخنکێنێت، کەواتە هۆیهای بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیردەی دەسەڵات کۆك و تەبا دێتەوە، لێرەوە هۆیها دەبێتە ئەو ئامرازە کە خواستەکانی دەسەڵاتی پێ بەرجەستە دەکرێت، هەر بۆیە دەسەڵات بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، دیاردەکە فەرامۆش دەکات و بەرەنگاری نابێتەوە، کەواتە لەم دیاردەیەدا بەشێوەیەك لەشێوەکان ئیرادە و خواستی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەری کۆمەڵگا لەگەڵ ئیرادە و خواستی کەس یا گروپی هۆیهاکار یەکدەگرێتەوە، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی بێدەنگبوونیەتی لە بەرامبەریدا.

کەواتە دەتوانین بڵێین لە بوون و بەردەوام مانەوەی هۆیها دەسەڵاتی کوردی بەرپرسیاری سەرەکیە"جگە لە کەس و گروپی هۆیهاکار"، چونکە لە فەلسەفەی سیاسیەوە ئەوە دەزانین کە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری ناو کۆمەڵگا، لە سەریەتی گیان و ماف و ئازادی و بەرژەوەندی ئەندامانی کۆمەڵگا بپارێزێت، لە کاتی کەوتنەبەر مەترسی و دەست درێژیکردنە سەریان بەرگریان لێبکات، خۆ لە خۆڕایی نییە ئەندامانی کۆمەڵگا دەسەڵاتێك هەڵدەبژێرن و ماف ئیدارەکردن و سەرپەرشتیکردنی کۆمەڵگای پێدەدەن، ماف ئەوەی پێدەدەن لە برِی ئەواندا قسە بکات، بەڵکو ئەوە لە بەرامبەر بەرگریکردن و پارێزگاریکردنی هاوڵاتیانە، لەڕاستیدا ئەوە جەوهەری ئایدیای پەیمانی کۆمەڵایەتیە "کە پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا سیستەماتێك دەکات"و بە ئاسانی لە هزر و فەلسەفەی فەیلەسوفانی وەك شیشرۆن و هۆبز و لۆك و ڕۆسۆ دەبینرێت.

لێرەوە مادام دەسەڵات نایەوێ ڕووبەڕووی ئەوانە بێتەوە کە دیاردەی ترسناکی لە چەشنی هۆیها لەنێو هەناوی کۆمەڵگادا دەچێنن، هێرش دەکەنە سەر کچ و ژنەکانی کۆمەڵگا، دەبنە هۆی تێکدانی سیستەمی کەسایەتی مرۆڤەکە، دواجار دەبنە هۆی تێکدانی شێوازی ژیانکردنی کۆمەڵگا، کەواتە دەبێت ئیدی لەو کەس و گروپە چاوەڕێی دیاردەی ترسناکتر بکەین، چونکە کاتێك دەبینێت لە بەرامبەر هۆیهادا دەسەڵات بێدەنگە و ئیجرائات ناکات، ئیدی لەوێوە ئاراستەی ئیشکردنی خۆی دەگۆڕێت، بەرەو پانتاییەکی فراوانتر ئاراستە دەگرێ کە دیاردەی گەورەتر و فرە ڕەهەندتر بگرێتەخۆ، بۆ وێنە تێزاب پێداکردن، کەواتە لە بێدەنگبوون و هەڵوێست وەرنەگرتنی دەسەڵات ئیدی فەزای تێزاب پێداکردن خۆش دەبێت و وەکو دیاردەیەکیش دێتە ئاراوە.

* * *

تێزاب پێداکردن دیاردەیەکی نوێیە لەنێو کۆمەڵگادا، بە نوێیەتی سەرهەڵدانی ئەو گروپ و باند و هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە، ئەم دیاردەیە هەمان کەس و گروپی هۆیهاکار، بە هەمان تایبەتمەندی و دونیابینی و

ئەخلاقەوە، و بۆ هەمان مەبەستیش پڕاکتیزەی دەکات، بەڵام جیاوازی ئەم دیاردەیە لەگەڵ ئەوەی یەکەم ئەوەیە کەس و گروپی جێبەجێکار لەمەیاندا بەهێزترە، بەشێوازیتر و ئامرازیتر کار دەکات، هەر بۆیەش دەرەنجامەکەی هەمان دەرەنجامی هۆیها نییە، بەڵکو ئەمەیان مەترسیدارترە و بە سووتانی بەشێکی جەستەی مێ تەواو دەبێت.

تێزاب پێداکردن دیاردەیەکە بە قۆناغگەلێکی جیاجیا تێپەر دەبێت، سەرەتا بە ئامادەکردنی کەسی پڕاکتیزەکار دەست پێدەکات، ئەمەش پرۆسەی مێشک شوشتنەوە و پەروەردەکردن دەگرێتەخۆ، پرۆسەی بێچاوکردن و بە ئامێرکردنی کەسی پڕاکتیزەکار دەگرێتەخۆ، دواتر بە مەشقکردن و ڕاهێنان و هاتنە سەر شەقام تێپەڕ دەبێت، ئینجا بە گەڕان بە دوای قوربانی و سوتاندن و تاواندنەوەی بەشێکی جەستەی کۆتایی دێت.

ئەگەرچی تێزاب پێداکردن دیاردەیەکی نوێیە، بەڵام هەروا لە خۆڕا نەهاتووە، بەڵکو باکگراوەندێکی ئیش بۆکراوی لەپشتەوەیە، تێزاب پێداکردن لە هۆیهاوە هاتۆتەبوون، لە کوێدا هۆیها هەبێت و وەڵامدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی نەبێت، لەوێدا تێزاب پێداکردنیش دەبێت، لە کوێدا هۆیها هەبێت، لەوێدا تێزاب خۆی حەشارداوە و چاوەڕێی وەڵام دەکات لەلایەن دەسەڵات، ئەگەر وەڵام هەبێت، ئەوا تێزاب خۆی دەشارێتەوە و کپ دەبێت، بەپێچەوانەشەوە نەبوونی وەڵام دەبێتە هۆی خۆنمایشکردنی تێزاب.

کەس و دەستەی دیاردەکار سەرەتا قەبارەی بچوکە، هێزی کەمە، بۆیە تەنها بە هۆیهاکردندا ئیکتیفا دەکات، بەهۆی بێدەنگبوونی دەسەڵات، ژینگە و بارودۆخەکەی بۆ لەبارتر دەبێت، لەگەڵیشیدا ڕێکخستنەکانی کار دەکات و وردە وردە هێزی زیاد دەبێت، ئیدی هەنگاویتر دەهاوێژێت، دیاردەیتر دێنێتە سەر واقیع ئەویش تێزاب پێداکردنە، کەس و گروپ لەمکارەکەیدا گەرەکیەتی بڵێت تا ئێستا تەنها توانای هۆیهاکردنم هەیە، بۆیە تەنها ئەو دیاردەیە دێنمە سەر گۆرەپانی ژیانکردن، بەڵام هەر کاتێك توانا و هێزم لەوەی ئێستا زیاتر بێت ئیدی دیاردەیتر دێنمە ئاراوە.

کاتێك ئێمـه لـه هۆیهـا بێـدەنگ بـووین، کاتێـك هۆیهاکـار لێـی نەپرسـرێت و بەرهەڵستی نەکرێت، کاتێك هۆیها نەمان وەستێنێت و تووشـی بەرپرسـیارێتیمان نەکات، ئەوا دەبێت چاوەڕێی تێزاب پێداکردنیش بکەین، لێرەوەش کە هۆیهامـان قبـوڵ بێـت، دەبێـت تێـزاب پێداکردنیـشمان قبـوڵ بێـت. کـە هۆیهـا کردەیـەکی ئاسایی بێت، دەبێت تێزاب پێداکردنیش کردەیـەکی ئاسـایی بێـت. کـە ئیهانـەی دایك و خوشکەکانمان پێهـەزم بکرێـت، دەبێـت سـوتانی بەشـێکی جەستەشـیان هەزم بکەین. کە برینداربوونیان لە ناوەوە نەبێتە هۆی بە دەنگـەوەهاتنی ئێمـە، برینداربوونیان لە دەرەوەش نابێتە هۆی بە دەنگەوەهاتنمان. کە هۆیهاکـار لێـی نەپرسـرێت و بەرهەڵـستی نـەکرێت، تیـزاب پێـداکاریش لێـی ناپرسـرێت و بەرهەڵـستی ناکرێـت. کـە هۆیهاکـار لـەوەی ئـەنجامی دەگەیـەنێت هەسـت بـە سەرکەوتنێکی مـەزن بکـات، تێـزاب پێـداکاریش هەسـت بـە سـەرکەوتنێکیمەزن دەکات، چونکە لە ئەساسـدا هـەر دووانـەیان هـەمان کەسـن یـا سـەر بـە هـەمان دەسـتە و گـروپن، ئەوانـەی بـەهۆی بـوونی قـەیرانی سیاسـی و ئیـداری لـەناو کۆمەڵگادا بوونێکی بەرهەست و مەترسیداریان هەیە.

کـەس و گروپـی تێـزاب پێـداکار بەمکارەیـدا بـە تـەواوی دوژمنکـاری خـۆی ڕادەگەیەنێت لە بەرامبەر جۆرێك لە ژیانکردن و دونیـابینی، لـە بەرامبـەر جۆرێـك لـە بـەها و نـۆرم و ئـەخلاقی کۆمەڵایـەتی کۆمـەڵگا، ئـەو ڕێگـری خـۆی دووپـات دەکاتەوە لەبەردەم تاکگەرایی و ئازادی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ، ڕێگـری دووپـات دەکاتـەوە لەبـەردەم پێشکەوتنی کۆمـەڵگا، لەگـەڵ ئەمەشـدا گوتارێـك ئاراسـتە دەکات، تیایدا دەڵێت تائێستا تەنها توانای سوتاندنی بەشێکی جەستەی ئەوانەم هەیە کە ڕەفتارەکانیان بە دڵی من نین، بۆیە بە تێزاب دەیانسوتێنم، بـەڵام هـەر کاتێـك توانـا و هێـزم لـەوەی ئێـستا زیـاتر بێـت، ئیـدی ڕەفتارێکیتریـان لەگـەڵ دەکەم.

ئـەوەی جێگـای سـەرنجە لەگـەڵ گـەورەبوون و ترسـناکبوونی دیاردەکـان، لەگەڵ هاتنەبوونی دیاردەی تازەتر و ترسناکتری لـە شـێوازی تێـزاب پێـداکردن، ئەوا بێدەنگبوون و بێموبالاتبوون و هەڵوەستەنەکردنی دەسەڵات زیـاتر دەبێـت،

بۆیـە دەکرێـت ئەمـە بکرێتـە پرسـیارێکی هەڵوەسـتە ئـامێز و بەڕوویـدا بـەرز بکرێتەوە.

بە بۆچوونی من ئەوەی تەنها یەك مانای لـەم بێـدەنگبوون و بێموبالاتبوونـە بەرچاوەی دەسەڵات هەبێت، ئەوەیە وەکو هاوڵاتیەك سەیری ئەوانە ناکـات کـەوا دەکەونە بەر شاڵاوی ئەو دیاردانە، دەسەڵات خۆی بە خاوەنی ئەوانە نازانێت کـە سەرەتا هۆیها و دواتریش تێزابی پێداکراوە، دیسان خۆی بە لێپرسراوی ئەوانەش نازانێت کە دیاردەکانیان بەرهەمهێناوە و جەستەی خەڵك دەسوتێنن.

لێرەوە لەوە دەچێت دەسەڵات دەسـەڵاتدارێتی بـۆ بـەڕێوەبردنی کۆمـەڵگا و پاراسـتنی ئاسـایش و بەرژەوەنـدی گـشتی مرۆڤـەکانی نێـوی نـەکات، بـەڵکو دەسەڵاتدارێتی بۆ تێرکردنی ئیرادە و حەزەکانی خۆی بکات، چونکە ڕۆژانە لێرە و لەوێ دیاردەی لەمجۆرە دووبارە دەبێتەوە، کەچی بە هیچ جۆرێك وەڵامدانەوە و ڕووبەڕبوونەوەیان نییە.

دەسەڵات لە سەرەتادا وا دەزانێت ئەو کەس و دەستە دیاردەهێنە تـەنها بـۆ دژایەتیکردنی تاکێتی تاك و لـە گۆڕنـانی حـەز و خەونـەکانی تـاك دروسـتکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی خواستی دەستە لە سەرەتادا لەگەڵ خواستی دەسـەڵاتدا تـەبا دێتەوە بۆیـە قـسە ناکـات، بـەڵام دەسـەڵات هێـشتا نەگەیـشتۆتە ئـەو ڕادەیـەی بزانێت دەستە تەنها دژی تاك نییە، بەڵکو دژی خۆشیەتی، بـەڵام هێـشتا ڕۆژگـار بـواری بـۆ نەڕەخـساندووە ڕاسـتەوخۆ دژایـەتی ئـەو بکـات، بۆیـە بەشـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیڕەوی لەم دژایەتیکردنە دەکات، هەر کاتێکیش ڕۆژگار بـواری بـۆ ڕەخساند و فاکتەرەکان لە باربوون ئیدی دژایەتی دەکات، چونکە با ئەوەمان لە بیر نەچێت دروستبوونی ئەو گروپە کۆمەڵایەتی و سیاسیە لە بنـەمادا بـۆ گرتنـە دەستی دەسەڵاتی بـەڕێوەبردنی کۆمەڵگایـە، ئـەو گروپـە وەکـو هـەر گروپێـك و هێزێك و پارتێکی سیاسی لە دروستبوونیدا خواستی سـەرەکی دەسـەڵاتدارێتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە.

کاتێك ژینگە لەبار دەبێت گروپ وردە وردە خۆی لـە سـنورە تابۆکراوەکـانی دەسەڵات نزیك دەکاتەوە، ئیـدی دەسـت بـۆ دەسـتکەوت و بەرژەوەندییـەکانی

دەبات، ئینجا لەوێوە دەسەڵات بەئاگا دێتەوە کە گروپی دروستکراو تەنها دژکاری تاکخوازی و ئازادی تاك ناکات، بەڵکو دژکاریی دەسەڵاتیش دەکات، ئەو کاتە دەسەڵات هەست بە مەترسی ئەم گروپە دەکات کە لە بەرژەوەندییەکانی ئەو نزیك دەبێتەوە و دەستی بۆ دەبات، بەمەش ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە دەسەڵات لە دەرەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا کەس نابینێت و گوێ بە کۆمەڵگا نادات، لەلای دەسەڵاتدار مەترسی سەر کۆمەڵگا و تاك مەترسی نییە بۆ سەر ئەو، بەڵام مەترسی سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکاتە مەترسی سەر دەسەڵات و کۆمەڵگا و تاك بەیەکەوە، لێرەوە دەسەڵات لە ڕێگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ تاك و کۆمەڵگا و دەستە دەکات.

لێرەدا ئیدی دەسەڵات ڕووبەڕووی کەس و گروپەکە دەبێتەوە، بەڵام کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دژکاری دەکات لەبەرئەوە نییە هۆیهای کردووە یا تێزابی بە خەڵکدا کردووە، بەڵکو لەبەرئەوەیە گروپەکە دەستی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەو بردووە و لە دەرگا تابۆکراوەکانیداوە.

لە کاتێدا دەسەڵات دەبینێت دەستە هەر بە تەنها لە بەرژەوەندییەکانی ئەو نزیك نەبۆتەوە، بەڵکو دیاردەی جۆراوجۆر "هۆیها – تێزاب" یشی کردووە، ئەوا یەکسەر ئەوەی دووەم هەڵدەقۆزێتەوە بۆ مەبەستی ڕاکێشانی سۆزی تاك و ئەندامانی کۆمەڵگا، ئەمەش تاوەکو گروپەکە بکاتە دوژمنێکی هاوبەشی هەردوولا، دەیەوێت لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ دەستە و گروپەکە خەڵك بکات هاوسۆزی خۆی، واتا بەلای خۆیدا ڕایبکێشێت، ئەگەرچی بە دوژمنکردنی گروپەکە بۆ "کۆمەڵگا/ دەسەڵات" یارمەتیدەرە بۆ دەسەڵات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا چانسێکی باشە بۆ کۆمەڵگا بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی، چونکە ئیدی گروپ بەهۆی ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ دەسەڵات لە ئێستادا ناتوانێت بە ئاسانی دیاردەکانی بە ئەگەری پراکتیزەکردندا ببات و بەردەوامی پێبدات، ئەمەش نەك لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگا دەترسێت، بەڵکو لەبەرئەوەی لە شەڕێکی گەورەتردایە "شەڕی دەسەڵات" وەك لەو شەڕەی لەگەڵ تاك لەڕێگای دیاردەکانییەوە دەیکات.

بێگومان لێرەدا دەسەڵات بۆ مەبەستی ڕووبەڕبوونـەوە و بەرەنگاربوونـەوەی گروپ هەنگاو دەهاوێژێت، بەڵام گروپەکە تازە خاوەن هێزە، ڕەگو ڕیشەی خـۆی لە هـەناوی کۆمـەڵگا داکوتـاوە و بنکـەی خـۆی فراوانکـردووە، بۆشـایی و بـوارە بەهەنــد هەڵنـــەگر و فەرامۆشـــکراوەکانی دەســـەڵاتی هەڵقۆزتۆتـــەوە، بۆیـــە ڕووبەڕبوونــەوە لەگەڵیــدا ئاســان نییــە، بەرەنگاربوونــەوە لەگەڵیــدا تووشــی بەریەککەوتن و شەڕ و کوشتن و سڕینەوەی یەکتری دەکات.

لەوێوە ئەو هەموو شەڕەی کە ڕوویانـدا ڕوودەدەن و لەنێویـشیاندا دیـاردەی ترسناکتر و وروژێنەرتری "سەربڕین" دێتەبوون.

* * *

سەربڕین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێیە لەناو کۆمـەڵگادا، هـەمان کـەس و گروپـی هۆیهاکـار، بـە هـەمان تایبەتمەنـدی و ئـەخلاق و دونیابینیـنـەوە پڕاکتیـزەی دەکـات، جیـاوازی ئـەم دیاردەیـە لەگـەڵ ئـەوەی یەکـەم و دووەم ئەوەیــە کـــەس و گروپـــی جێبـــەجێکار لەمەیانـــدا زۆر بـــەهێزترە، ڕاســـتەوخۆ ڕووبــەڕووی دەســـەڵاتی سیاســی نــاو کۆمــەڵگا دەبێتــەوە، لەگەڵیــدا تووشــی بەریەککەوتن و پێکدادان دەبێتـەوە، هـەر بۆیـەش دەرەنجامەکـەی لـە هـەر دوو دیاردەی پێشتر مەترسیدارتر دەبێت.

سەربڕین پرۆسەیەکی دوولایەنەی مەبەستدارە، لەلایەك دەستێك بە چەقۆوە ئامادەیـە، لەلاکـەیتردا ملـی کەسـێکی پەلبەسـتکراو، سـەربڕین بـە چـەقۆگرتنە دەستی منێك دەستپێدەکات و بـەبڕین و جیاکردنـەوەی کەللەسـەر لـە هەیکـەلی جەسـتەی بەرامبـەر کۆتـایی دێـت، سـەربڕین بـە بێـچاوی و ڕقێکـی زۆری منێـك دەسـتپێدەکات و بـە کارەسـاتێکی تراژیـدی جـەرگبڕ کۆتـایی دێـت، سـەربڕین نزیکبوونەوەی دەستی منێکـە لـە ملـی بەرامبـەر، چـەقۆی منێکـە لـە جەسـتەی بەرامبـەر، سـەربڕین لێکردنـەوەی سـەری بەرامبـەرە بـە دەسـتی منێـك، بڕینـی جەستەی بەرامبەرە بە چەقۆی منێك، منێکی غەریزەچی، منێکـی ڕقـاوی، منێـك هەرگیز تامی ئازادی و خۆشەویستی نەکردووە، منێك پـەی بـە جـوانی مرۆڤـی و خۆشییەکانی ژیان نەبردووە، منێك لەنێو هەیکەلیدا هەڵگری نەخۆشـی دەروونـی جۆراوجۆرە.

سەربڕین بە قۆناغگەلێکی جیاجیا تێپەڕ دەبێت، سەرەتا بە ئامادەکردنی کەسی پڕاکتیزەکار دەست پێدەکات، ئەمەش پرۆسەی مێشك شوشتنەوە و پەروەردەکردن، دواتر بە مەشقکردن و ڕاهێنان دەگرێتەخۆ، ئینجا پێویست بەبوونی شەڕ دەکات، لەویشدا پێویست بە دەست بەسەرکردنی کەسی بەرامبەر دەکات، دواتریش بە لێکردنەوەی کەللەسەر لە جەستەی بەرامبەر تەواو دەبێت.

ئەگەرچی سەربڕین دیاردەیەکی تازەیە، بەڵام هەروا لە خۆڕا نەهاتۆتەبوون، بەڵکو باکگڕاوەندێکی ئیش بۆکراوی لە پشتەوەیە، لە هۆیهاکردن و تێزاب پێداکردنەوە هاتۆتەبوون، لە کوێدا هۆیهاکردن و تێزاب پێداکردن هەبێت و وەڵامدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی نەبێت، لەوێدا سەربڕین ئەگەری زۆری دەبێت.

لەبەرئەوەی کەس و دەستەی دیاردەکار سەرەتا قەبارەی بچوکە، هێزی کەمە، بۆیە تەنها بە هۆیهاکردندا ئیکتیفا دەکات، دواتر بەهۆی بەهێزبوونی گروپەکە لەلایەك، و بێدەنگبوونی دەسەڵات و لەباربوونی بارودۆخ لەلایەکیتر، ئیدی دیاردەی تێزاب پێداکردن دروست دەکات، دیسان بەهۆی هەمان ڕەوش دیاردەی سەربڕین دێنێتە ئاراوە، کەس و گروپ لەمکارەکەیدا گەرەکیەتی بڵێت تا ئێستا تەنها توانای هۆیهاکردن و تێزاب پێداکردنم هەبووە، بۆیە تەنها ئەو دیاردانەم هێناوەتە سەر گۆڕەپانی ژیانکردن، بەڵام لە ئێستادا توانا و هێزم زیاترە، بۆیە ئیدی سەربڕین دێنمە ئاراوە.

سەربڕین کە پرۆسەیەکی تەواو ناعەقڵانیە بەهۆی هێزەوە بە ئەنجام دەگات، واتا لایەنی بەهێز لە ئێستای شەڕدا کارکردی سەربڕین لە خۆ دەگرێت، لایەنی بەرانمەریش کە بێهێزە بە ناچاری کارکردی سەربڕاوە وەردەگرێت، لە ساتی دەست بەسەرکردنی لایەنی بێهێز، ئەوا لایەنی بەهێز بە هەموو ئەو تایبەتمەندی و جیهانبینییەی کە هەیەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هەوڵ دەدات ڕق و نەخۆشییە دەروونییەکانی بەسەردا بەتاڵ بکات. ئەو لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی ناتەندروست پەروەردەکراوە، لەبەرئەوەی بۆ تەنها ساتێك لە جوانی ژیان ڕانەماوە و هەستی بە مرۆڤبوونی مرۆڤ نەکردووە، هەستی بەزەرووەرەتی بوونی مرۆڤ لەتەك خۆیدا نەکردووە، بۆیە هەموو ئەوانیتر بە دوژمن

دەبینێت، ناتوانێت لەگەڵیاندا هەڵبکات، ناتوانێت کەسی خۆش بوێت، هەر بۆیە ناتوانێت مامەڵەیەکی تەندروستانە و مرۆییانە لەگەڵ ئەو کەسە بکات کە دەست بەسەری کردووە، لەبەر ئەو تایبەتمەندیانەی هەیەتی سەربڕین ئاسان دەبێت، چونکە سەربڕین و خۆشویستنی مرۆڤ دوو پرۆسە و ڕەفتاری دژە یەکن، هەر دووانەیان ڕێگری لەبەردەم یەکتری دەکەن، خۆشویستنی مرۆڤ دەبێتە ڕێگر لەبەردەم توانای سەربڕین، بەپێچەوانەشەوە سەربڕینی مرۆڤ ڕێگرە لەبەردەم خۆشویستن. سەربڕین لوتکەی هۆڤیگەری مرۆڤە، ئاماژەیە بۆ بەتاڵبوونەوەی مرۆڤ لە مرۆڤایەتی، گوزارشتە لە ئامادەیی ڕقێکی زۆر ئەستوور لە دەروونی مرۆڤ، کەسێك کە هەڵگری ئەو تایبەتمەندیانە بێت ئیدی سەربڕینی مرۆڤ لەلایدا ئاسان دەبێت.

لێرەوە هاوکێشەی گوناهیەکە دەگۆڕێت و دوو سەرە دەبێت، واتا ئیدی تەنها کەسی سەربڕ گوناه نییە بەوەی کارێکی نامرۆییانە دەکات و کەسێك سەردەبڕێت، بەڵکو کەسی سەربڕاویش گوناه دەبێت بەتایبەتی کاتێك دەکەوێتە ژێر ڕەحمی چەقۆکانی سەربڕ و چاوەڕێی سەربڕین دەکات، ئەگەر بەوێناندنێکی هەنوکەیی بیهێنینە پێش چاو چەند ئەستەمە هەزمکردنی ئەو ساتانەی کە "تۆ" کەسی سەربڕاو بزانێت لە ئێستا یا پاش ساتێکیتر سەر دەبڕدرێت و ئەتك دەکرێت، دیسان کارەساتێکی چەندە دەروون هەژێنە کاتێك ببینیت لە پێش تۆدا هاوڕێ یا براکەت سەری ببڕدرێت و لەوێشەوە ئیدی سەرەی تۆ دێت و هاوشێوەی ئەو دەتکوژن، لێرەوە لەوە دەچێت لەگەڵ ئەو قسەیەدا کۆك نێینەوە کە دەڵێت "مردنی مرۆڤ غەیبە و کەس نازانێت کەی دەمرێت" ئەی ئەوە نییە لە پێش تۆدا کۆمەڵێك سەردەبڕێن و دەمرن، بە دوای ئەوانیشدا سەرەی تۆ و هاوڕێکانت بۆ سەربڕین و مردن دێت، خۆ ئەو کەسەی دەڵێت پاش دەمێکیتر دەمرم . . مرد، ئەوەی دەیزانی کەمێکیتر سەردەبڕدرێ و دەکوژرێ .. سەربڕاو کوژرا، ئەوەی هەستی کرد چیدی دونیا نابینێ . . نەیبینی، ئەوەی پێشبینی کرد دوای چەند ڕۆژێکیتر پێی دەڵێن شەهید یا خوا لێخۆشبوو . . پێی وترا، کەواتە هەندێکجار مرۆڤ دەزانێت کەی دەمرێت و ئەتك دەکرێت.

سەیرەکە لەوەدایە هەر ئەوانەی پێت دەڵێن "مردنی مرۆڤ غەیبە و کەس نازانێت" ئەوا دێنە مەیدان و دەست دەکەنە چەقۆ و جەستەت لەژێر پێیان دادەنێن و دەستت دەبەستنەوە و ملت دەگرن و سەرت دەبڕن، مەبەست ئەوەی پێت دەڵێت زەمەنی مردنی مرۆڤ زەمەنێکی نادیارە و کەس نازانێت پێت دەڵێت ساتی مردن هاتووە، ئەگەر ئەو قسەیە بۆ "من"ی پەلبەستکراو ناڕاست بێت، ئەوا بۆ سەربڕکار دەمێکە ناڕاستە، چونکە ئەو زووتر دەزانێت لە ئێستادا یا پاش دەمێکیتر سەری "من " دەبڕێت و ئەتکم دەکات.

گوناهی "من"ی سەربڕاو لەوێوە زیاتر دەبێت کاتێك لە سەرەتادا کەس و دەستەی سەربڕکارم فەرامۆش کرد و کردەیەکی ئاساییم بە دیاردە قیزەونە نامرۆییەکانیان "هۆیها/ تێزاب" بەخشی، چونکە کەس و تاقمی سەربڕکار هەمان ئەو کەس و تاقمەیە کە پێش دوێنێ هۆیهای لێکردم، دوێنێش تێزابی پێداکردم و ئیمڕۆش سەری بڕیم، کەواتە گوناهیەکەی "من" لەوێوە دەست پێدەکات کە لە هۆیها بێدەنگ دەبم، چونکە دەستە بۆیە هۆیها دەکات تاوەکو فەزای تێزاب پێداکردن و لەویشەوە فەزای سەربڕین و ئەتککردن دروست بکات، بۆیە بێدەنگبوونی "من" مانای خۆ ئامادەکردنە بۆ سەربڕین.

کاتێك دەسەلات لە هۆیها و تێزاب پێداکردن بێدەنگ بێت، کاتێك هۆیها و ئیهانەکردنی ئافرەتی قبوڵ بێت، دەبێت چاوەڕوانی سەربڕینیش بکات، ئیدی بە بەکوشتچوونی کۆمەڵێك کاراکتەری خۆی نابێت دونیا وێران بکات، نابێت هێستریا بیگرێت، نابێت ڕەشبگیری بکات، ئەو کاتێك لە هۆیها و تێزاب پێداکردن بێدەنگ دەبێت، دەبێت لە سەربڕین و ئەتککردنیش بێدەنگ بێت. کاتێك هۆیها و ئیهانەکردنی ئافرەتی قبوڵ بێت، دەبێت سەربڕین و ئەتککردنی کاراکتەرکانی خۆیشی قبوڵ بێت. کاتێك بە سوتاندنی بەشێکی جەستەی ئافرەت ڕازی بێت، ئەوا دەبێت بە سەربڕین و ئەتککردنی پیاوەکانی خۆیشی ڕازی بێت. کاتێك سوتاندنی بەشێکی جەستەی کچێکی ئەرخەوانی ورووژێنەر نەبێت و هەڵوەستەی پێ نەکات، ئەوا دەبێت سەربڕینی پیاوەکانیش ورووژێنەر نەبێت و هەڵوەستەی پێ نەکات، ئەگینا جیاوازی چییە لەنێوان ئافرەتێکی دڵشکاو و سوتێنراو،

لەگـەڵ پیـاوێکی سـەربڕاو، هەردووانـەیان ئەنـدام و هـاوڵاتی ئـەو وڵاتـەن کـە دەسەڵات بەڕێوەی دەبـات، دەسـەڵات بۆچـی بەسـەربڕینی چـەند کارەکتـەرێکی خۆی هێستریا دەیگرێت، کەچی لەبەرچاویدا ڕۆژانە ئـافرەت و کـچانی ئـەو وڵاتـە هۆیها و ئیهانە دەکرین و بەشێکی جەستەیان دەسوتێنرێت قسە ناکات؟!!.

بەکورتی کاتێك لەلای دەسەڵاتدا دیاردەی بچوك و پاشماوەکانی هیچ نـەبێت و بەهەند هەڵنەگیرێت، ئیدی دەبێـت چـاوەڕێی دیـاردەی گـەورەتر و کارەسـاتی گەورەتر بکات. کە دیاردەگەلێك هەبێت و لـە ئـەمرۆدا مەترسـی نـەبیت بـۆ سـەر دەسەڵات، دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکات لە داهاتوودا دیاردەگەلێك سـەرهەڵدەدات ڕاستەوخۆ مەترسی دەبێت بۆ سەری.

بە بۆچوونی من دیاردەی سەربڕین زەنگێکی ترسناك لەگەڵ خۆیدا لێدەدات، ئـەویش ئەوەیـە دەڵێـت تـا ئێـستا تـەنها توانـای بەرجەسـتەکردنی دیـاردەی سـەربڕینم هەیـە، لـە داهـاتوودا بـە ئەگـەری بـەهێزبوون و لـەباربوونی بـارودۆخ دیاردەی ترسناکتر دەهێنمە ئـاراوە، بۆیـە دەبێـت ئـەوەمان لەبەرچـاو بێـت کـە دەسـتەو تـاقمی دیـاردەهێن ئەوانـەی دوێنــێ "هـۆی هـای/ تێـزاب" ئیمـرۆش "سـەربڕین" یـان بەئـەنجام گەیانـد، ئـەوا بـەیانی دیاردەگـەلێکی گـەورەتر و مەترسیدارتر دەهێننە ئاراوە و تەواوی کۆمەڵگاش دەتاسێنن.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرهەڵستیکردنی ئـەو گروپـە بـە مەبەسـتی ئەگـەری نەهێشتنی کوشتن و سەربڕین و ئەتککردن، دەبێت لە "هۆیها" دەست پێبکەین، بە"تێزاب"دا بـڕۆین، ئینجـا بـە"سـەربڕین" کۆتـایی پێبهێـنین، بـۆ ئـەوەی ڕێگـا لەبەردەم ڕوودانی دیاردە گەورەکان بگرین، ئەوا دەبێت ڕێگا لەبـەردەم ڕوودانـی دیاردە بچووکەکان بگرین، چونکە دیاردەی بچوك ئەوی گەورە دروست دەکات.

بێگومان هەمووی ئەمانەش لەوێوە بە ئـەنجام دەگـات کـە چـاو بـۆ کـەس و گروپــە بێــچاوە دیاردەهێنــەکان، لــە ڕێبــەرە ڕۆحییــەکانیان وەربگرینــەوە، لەگەڵیـشیدا گوتـاری خۆشەویـستی و جوانـژیانیان ئاراسـتە بکـەین، دیـسان دەسەڵات چاو بە دونیابینی و ڕەفتارەکانی لە بەرامبەر هاوڵاتیـان بخـشێنێتەوە، لە ساتی دەسـت درێژکردنـە سـەریان بـەرگریان لێبکـات و بیـان پارێزێـت، ڕێگـا

نـەدات گروپـی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی وا لـەناو هـەناوی کۆمـەڵگادا ئامادەییـان هەبێت کە مەترسیدارن بۆ سەر ژیانی تاکەکان.

لە ئەنجامگیریەکەی کورت و پوختی ئـەو قسانەی سـەرەوەدا دەڵـێین لـەناو ژیـانی کۆمەڵایـەتی کۆمـەڵگادا دیـاردەی بـچوك ئـەوی گـەورە دروسـت دەکـات، ئەمەش کاتێك دیاردەکان لە کایەی کۆمەڵایەتی سیاسی بـن، هێزێـك و گروپێکـی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پشتیان بوەسـتێت و دروسـتیان بکـات. هێـز و گروپـی پەیوەستدار سەرەتا دیاردەیەکی سادە "هۆیهـا" دروست دەکـات بـە بارتـەقای هێـزی ئامـادە، لەگـەڵ بەسەرچـوونی زەمەنـدا ئەگـەر بـارودۆخ بـۆ سـەرهەڵدانی دیـاردەی تـازە لـەبار بێـت، ئەگـەر هێـزی گـروپ زیـاتر بێـت و لەبەرامبەریـشدا دەسەڵاتی بەڕێوەبـەری کۆمـەڵگا بێـدەنگی و بێهەڵوێـستی بکـات لـە دیاردەکـە، ڕووبەڕووی مەترسیەکانی نەبێتـەوە و بـوار بـدات گەشـە بکـات، ئیـدی دیـاردەی گـەورەتر و مەترسـیدارتر "تێـزاب" پێـداکردن سـەرهەڵدەدات لەلایـەن هـەمان گروپـەوە، بەهـەمان شـێوە لـە ئامـادەیی هـەمان بـارودۆخی پێـشتر دیـاردەی گەورەتر و پڕ مەترسیدارتر "سـەربڕین" سـەرهەڵدەدات، بەمـشێوەیە ئـەو تێـزە دەسەلمێندرێت.

**ئۆگستی 2001**



**خێڵی حەمە... قسەیەك لە غەییانیەت**

"تۆ خەتەری.. بە ئەمری خودا دەتکوژم"

غەیبانیەت جۆرێکی تایبەتی بیرکردنەوەی مرۆڤە، لە زەمەنێك لە زەمەنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی سەریهەڵداوە، مەبەست لێیەوە مانا بەخشینە بەو دیاردە و ڕووداوانەی کەوا لە واقیعی مرۆڤایەتیدا ئامادەییان هەیە یا دەبێت. بیرکردنەوەی غەیبانی سەرەتا لە قۆناغە بەراییەکانی بیرکردنەوەی مرۆیی "بیرکردنەوەی ئەفسانەیی" سەریهەڵداوە، ئینجا درێژەی بەخۆیداوە و چۆتە ناو بیرکردنەوەی ئاینی، بیرکردنەوە و مەعریفەی غەیبانی بۆتە پایەیەك لە پایەکان، خاسیەتێك لە خاسیەتەکانی بیرکردنەوە و مەعریفەی ئاینی. ئاین بەهۆی غەیبەوە بەردەوامی بە لۆژیکی خۆیداوە.

لۆژیکی غەیبانیەت وا بلاو دەکاتەوە ڕوودانی هەر ڕووداوێك، یا هاتنە ئارای هەر شتێك لەنێو واقیعی ژیاری کۆمەلایەتیدا، لە هەر شوێنکاتێك و لە ڕێگای هەر دیاردەیەك، ئەوا پەیوەستە بەفەرمانی هێزی نادیارێك، ئەویش هێزی ڕەهایە بە چەمکە هیگلیەکەی.

لۆژیکی غەیبانیەت دەڵێت دروستبوونی هەر دیاردە و ڕووداوێك لەسەر زەوی سەرەتا لەلایەن هێزی ڕەها سنووری بۆ کێشراوە و حوکمی لەسەردراوە، ئینجا لەنێویدا بەرجەستەکراوە.

لۆژیکی غەیبانیەت لە سروشتی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵ حوکمدانێکی پێشینەیە سەبارەت بە ڕابردوو، مەبەست لەبارەی ڕابردوو حوکمدانێکی پێشینەیی ڕەها و بڕاوەی هەیە، بەو مانایە تا شتێك ڕوونەدات، دیاردەیەك دروست نەبێت، پێکهاتێك گۆڕانی بەسەردا نەیەت، "بەکورتی تا گۆڕانکاریەك بەرجەستە نەبێت"، ئەوا حوکمی غەیبانی ئامادەیی نابێت، کە ئامادەش بوو ئیدی ئامادەییەکی پێشینەیی یەکلاکەرەوەی ڕەهای هەیە، و هیچ حوکمێك لە دەرەوەی خۆیدا قبوڵ ناکات.

قسەکردنی غەیبانیەت قسەکردنە لە ڕابردوو، غەیبانیەت ناتوانێت قسە لە ئێستا بکات، ناتوانێت قسە لە داهاتوو بکات، بەوێنەیەکیتر ناتوانێت پێشبینی ڕوودانی دیاردە و ڕووداوەکانی ئێستا و داهاتوو بکات، ئێستا و داهاتوو کاتێك

دەبنە بابەتی غەیبانیەت کە ئێستایی خۆیان دابێتە داهاتوو، واتا ئێستایی خۆیان دۆڕاندبێت و ببن بە کاتێکی لە دەستچوو و تێپەڕ.

بەشێوەیەکیتر غەیبانیەت لە ئێستادا ناتوانێت قسە لە ئێستا بکات، بەڵام لە داهاتوودا دەتوانێت قسە لە ئێستا بکات، لە ئەمڕۆدا ناتوانێت قسە لە ئەمڕۆ بکات، بەڵام سبەینێ دەتوانێت قسە لە ئەمڕۆ بکات، بەو مانایە لە داهاتوودا دەتوانێت ئێستا بکاتە بابەتی قسەکردنی خۆی، ئێستا و ڕووداو و دیاردەکانی بەو شکلە شرۆڤە بکات و بەو وێنەیە پەخش بکات کە وابەستەی بە گەورە پێشاندانی لۆژیکی خۆی بێت.

لە تێڕوانینی منەوە یەکێك لە کێشە هەرە گەورەکانی لۆژیکی غەیبانیەت ئێستایە، چونکە لە ئێستادا هەم دەتوانێت حوکمی غەیبی، و هەمیش ناغەیبی بەسەر دیاردە و ڕووداوەکان بدەین. لە ئێستادا چۆن دەکرێت دیاردە و ڕووداوەکان وەکو غەیب تەماشا بکەین، ئاواش دەکرێت وەکو ناغەیب تەماشا بکەین.

لە ئێستادا کاتێك بە چاوێکی غەیبانی سەیری ڕووداوەکان دەکەین و دەیانخوێنینەوە، ئەوا غەیبانیەت بەرهەم دەهێنینەوە، کاتێکیش بە چاوی ئێستایی سەیری ڕووداوەکان دەکەین و دەیانخوێنینەوە، ئەوا غەیبانیەت هەڵدەوەشێنینەوە، بەمانایەکیتر کاتێك بە نیگایەکی غەیبانی دەڕوانینە ڕووداوەکانی ئێستا، ئەوا دەگەڕێین بەدوای حوکمەکانی ئاسمان، هەوڵدەدەین لە بەرامبەریان دەستەو ئەژنۆ بەبێ هیچ کردەوەیەك و هیچ قسەیەك بوەستین، بەسادەیی باوەڕی پێبکەین و سەری ڕازیبوون بلەقێنین، بەمەش هەوڵدەدەین مرۆڤ لە کارەکتەرێکی زیندوو و چالاکی نێو ڕووداوەکان دوور بخەینەوە، و هیچ ڕۆڵێکی پێنەبەخشین، کاتێکیش بە نیگایەکی ئێستایی دەڕوانینە ڕووداوەکانی ئێستا، ئەوا دەگەڕێین بەدوای حوکمەکانی زەوی، هەوڵدەدەین بۆ هەر ڕووداوێك قسە و لێکدانەوە و تێڕوانینی خۆمان هەبێت، بە سادەییش باوەڕ بەهەر ڕاڤەکردنێك نەکەین، بەمەش هەوڵدەدەین مرۆڤ وەکو کارەکتەرێکی زیندوو و چالاك بەرپرس بکەین لە ڕوودانی ڕووداوەکانی ژیان، و ڕۆڵی پێببەخشین.

کەواتە لە ئێستادا لۆژیکی غەیبیانیەت و حوکمـەکانی لەبـەردەم دوو ئەگـەر و دوو ڕیاندایە، ئەوانیش یـا مانـەوە و پتـەوبوون، یـانیش سـڕینەوە و بـەتاڵبوون، لۆژیکی غەیبیانیەت و حوکمەکانی کاتێك بەتاڵدەبێتەوە و نامێنێـت ئەگـەر ئێستا بە ئێستایی خۆی لێکبدرێتەوە و پێشان بدرێت، کە ئەمەش کرا ئەوا ئیدی ئێستا لۆژیکی غەیبیانیەت و حوکمەکانی قبوڵناکـات، بەمـەش حـوکمی غـەیبیانی نـامۆ و غـەریب دەبێـت بـە جەسـتەی ئێـستا، بـەڵام ئەگـەر ئێـستا بـە غەیبیانیەتـەوە ببەسترێتەوە و ئەو باوەڕە ئامادە بێـت کـە پێیوایـە کـۆی ڕووداو و دیاردەکـانی نێـو واقیـع لـە غەیبیـەوە ئامـادەکراوە، بـەبێ ئـەوەی مـرۆڤ هـیچ ڕۆڵێکـی لـە بـەڕووداوکردنیان هـەبێت، ئـەوا لـۆژیکی غەیبانیـەت حـوکمی بـەهێز و پتـەوتر دەبێت، بەمـەش حـوکمی غـەیبانی دەخێوێتـە جەسـتەی کـۆی ئـەو شـتانەی لـە ئێستادا ڕوودەدات.

ئاشکرایە ئایدیای غەیبیانیەت ئـەو خەندەقـە فکـری و مـەعریفی و فەلـسەفیە هەڵیگرتووە و خۆی پێبارگاوی کردووە کە پێیوایە ڕۆح و جەستە لە غەیبەوە بە ئەمری نادیارێك یەکیان گرتووە و مرۆڤیان پێکهێناوە، هەر لـە غەیبیـشەوە و بـە ئەمری هەمان نادیار لە یەکتری جیادەبنەوە و هەیکەلی مرۆڤ هەڵدەوەشـێننەوە. وەکو ئاماژەمان بۆ کرد هەڵگری ئایدیای غەیبانی وابـڵاو دەکاتـەوە کـە ڕوودانـی هەر گۆڕانکاریەك لەنێو بووندا سەرەتا "بێ چەند و چۆن" پەیوەستە بـە ئـەمری نادیاری هێزی ڕەها، ئینجا لەلایەن "کەسـە پەیوەسـتدارەکانەوە" لەسـەر زەوی بەرجەستە دەکرێت، ئەو دەڵێت لە دەرچوونی بڕیاری سەپێنراودا نـە ئاگـادارە و نــە شوێنێکیــشی هەیــە بــۆ قــسەکردن، ڕۆڵــی ئــەو پــەریزادە ئاســا تــەنها پڕاکتیزەکردنـی بڕیارەکانـە و هیـچیتر، بەمـەش پەیوەندیـەکی تۆکمـە و پتـەو لەنێوان خۆی و خوداوەند بۆ ئەوانیتر وێنا دەکات، بەجۆرێك ئەو ئیـدی سـێبەری خودایـە لەسـەر زەوی، خوداوەنـد بۆیـە ئـەوی لەسـەر زەوی دانـاوە و هێـزی پێبەخشیوە تاوەکو بڕیار و ڕاسپاردەکانی جێبەجێ بکات، و نەهێڵێت کـەس لـە فەرمایـشتەکانی دەربـچێت، کەسـی غـەیبانی بۆیـە لـە هـەوڵی وێنـاکردنی ئـەو

پەیوندیە تۆکمە تۆڕئاسایە دایە، تاوەکو لە ڕێگایەوە ڕەوایەتی بداتە ئەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی، هەروەها ڕەوایەتی بداتە ئەو هێزەش کە بەهۆیەوە ڕووبەڕووی دامەزراوە و پێکهاتە دونیایەکان دەبێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی ڕەوایەتیدانە بە کۆی ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی کە لەناو واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا دەیکات.

کاتێك کەسی غەیبانی کردەیەك بکات، خۆی لە ئاستی بەرپرسیار نەکات و بیگێڕێتەوە بۆ ئەمری خوداوەند، ئەوا ئەگەری کردنی هەر کردەیەك و هەر جوولەیەك ئاسان دەبێت و ڕەوایەتیەك وەردەگرێت، بەتایبەتی ئەگەر هێزی هەبێت و ئەتمۆسفێریش لەبار بێت.

کەسی غەیبانی لەو کاتەی مرۆڤێك دەکوژێت، یا دەستەیەك و گروپێك دەسڕێتەوە، لەگەڵیشیدا وا پێشاندەدات ئەوە بەپێی بڕیارێکی غەیبانی بەڕێوەچووە، ئەو لێی بەرپرسیار نییە و دەبوایە ئەو کارە بکرابوایە، ئەوا هەوڵدەدات بەهانە بۆ خراپەکاریەکانی بهێنێتەوە و بیهاوێتە ئەستۆی فەرمانی هێزی ڕەهاوە، ئینجا هەر بەوەندەش ناوەستێت هەوڵدەدات وا بڵاو بکاتەوە کە هێزی خراپەکاری خۆیشی لە خودی خوداوەندەوە بۆی ڕەوانکراوە "ئەوەی ڕاستی ئەم قسەیە مسۆگەر دەکات ڕووداوەکانی خێڵی حەمە و هاوشێوەکانیەتی".

بە بۆچوونی من کەسی غەیبانی کاتێك کەسێك دەکوژێت و دەڵێت "دەبوایە ئەو کارە بکرابووایە"، ئەوا جگە لەوەی دەخوازێت فێل لە خۆی و ئەوەی کوشتوویەتی و کۆمەڵگا بکات، ئەوا فێل لە خودی خوداوەندیش دەکات، جگە لەوەی دەخوازێت ناهەقی بەرامبەر بەخۆی و کەسی کوژراو و کۆمەڵگا بکات، ئەوا ناهەقی بەرامبەر خوداوەندیش دەکات، ئەو جگە لەوەی مرۆڤێك دەکوژێت و لە ژیان دەیسڕێتەوە و بێبەشی دەکات، جگە لەوەی هەوڵدەدات توندوتیژی لە بەرامبەر کۆمەڵگا پەیڕەو بکات و بەقەڵەمڕەوییەکانی خۆی ڕازی بکات، یا

بەشێوەیەك لە شێوەكان مۆنۆپۆلی بكات و بیخاتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە، ئەوا ناهەقی بەرامبەر خوداوەندیش دەكات، چونكە وا پێشاندەدات ئەمە داوای ئەوە، بەڵام خوداوەند هێندەی مرۆڤی خۆش دەوێت ڕقی لێنابێتەوە، هێندەی مرۆڤی لاپەسەندە و گرنگی پێداوە، ئەوەندە هیچ بوونەوەرێكیتری لاپەسەند نییە و گرنگی پێنەداوە. تێكستە ئاینیە ئاسمانیەكان و مێژووی ئاینیش لەگەڵیدا لە ڕیوایەتكردنی خۆیاندا جەخت لەسەر ئەوە دەكەن، كاتێك خوداوەند مرۆڤی دروستكرد، داوای لە گشت پەریزادە و فریشتەكان كردووە كڕنۆشی بۆ ببەن و لە بەرامبەریدا سەر دابنوێنن، باشە خۆ ئەمە هێندەی ئاماژەیە بۆ خۆشەویستی و گرنگی پێدانی خوداوەند بۆ مرۆڤ، هیچیتر نییە، ئەمە هێندەی خۆشەویستی و گرنگی پێدانی خوداوەند بۆ مرۆڤ نمایش دەكات، هیچیتر نمایش ناكات.

كەسی غەیبانی دەڵێت ئەو مرۆڤە هەڕەشەیە بۆ سەر خوداوەند، بۆیە دەیكوژم و لە ناوی دەبەم، بەڵام ئایا خوداوەند لەبەردەم خەتەری هیچ بوونەوەرێكدایە؟ ئایا هیچ بوونەورێك دەتوانێت زەفەری پێببات، تاوەكو دواجار ئەویش داوا لە سێبەرەكانی بكات ئەو مرۆڤەی بۆ بكوژن، یا لە ناوی ببەن و لەسەر زەوی بیسڕنەوە؟.

كاتێك هێزی ڕەها بتوانێت گەردوون و هەموو ماتریال و پێكهاتە جیاجیاكانی دروست بكات و ڕێكیان بخات، چەندایەتی و چۆنایەتیان پێببەخشێت "كە ئەمە بۆ خۆی فەلسەفە و جیهانبینی غەیبانیەكانە"، ئایا پێویستی بەوە دەبێت داوا لە مرۆڤێك، یا دەستەیەك و گرووپێك بكات كە مرۆڤێك یا دەستەیەك و گروپێكیتر بكوژێت و لە ناوی ببات؟ كاتێك لێكجیاكردنەوەی ڕۆح و جەستە بە ئەمری خوداوەند بێت، ئایا پێویستی بەوە دەبێت سێبەرەكانی ئەمە بكەن؟ هێزی ڕەها وەكو ئەوەی لە ئایەتەكانی ناو ئاخیرەمین تێكستی نێردراودا ئاماژەی پێدەدات، حیساباتی لەگەڵ مرۆڤەكان لە شوێنكاتیكیتردایە، نەوەكو دونیا، ڕێك ئالێرەدا تێدەگەین یەكتر كوشتنی ئینسانەكان پەیوەندی بەململانێ و بەرژەوندەیە تایبەتیەكانی خۆیانەوە هەیە لەسەر زەوی، نەوەكو ململانێیەكی

دوو جەمسەری لەنێوان خوداوەند و مرۆڤ، یا ئاسمان و زەوی، وەکو ئەوەی هەڵگرانی ئایدیای غەیبانی ئیشی بۆ دەکەن.

کەسی غەیبانی دەڵێت مردنی مرۆڤ لە شوێنکاتە جیاجیاکاندا پەیوەستە بە غەیب و کەس نایزانێت ئەگەر لە ڕێگای هەر شتێکەوە بێت، کەس پەی بەزەمەنی مردنی مرۆڤ نابات و ناتوانێت چرکە ساتەکانی دیاری بکات، ئەمە تاکە بیرۆکە و تاکە بڕیار و قسەی پێشینەیەتی و لە هەموو شوێنکاتێك و موناسەبەیەکدا دووبارە و چەندبارەی دەکاتەوە.

ئەگەر پرۆسەی کوشتن وەکو جۆرێك لە جۆرەکان، یا ڕێگایەك لە ڕێگاکانی مردنی مرۆڤ وەربگرین، ئایا ئەو حوکمەی کەسی غەیبانی تاچەند ڕاست دەبێت؟ لە کوێدا لەگەڵ حوکمی نادیاری غەیب یەکدەگرێتەوە؟ لەکاتێکدا کە دەڵێت مردنی مرۆڤ غەیبە و کەس پەی پێنابات!.

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە باشتر وایە قسەیەکی کورت لەسەر هەردووانەی "مردن– کوشتن" وەکو دوو پرۆسەی ئامادەیی نێو بوون بۆ نەمان و ڕەشکردنەوەی جەستەی مرۆڤ بکەین، لەگەڵیشیدا بەراووردێك لەنێوانیان بکەین، واتا جیاوازی و لێکچوونەکانیان دیار بکەین.

مردن کردەیەکی سروشتیە و پەیوەستە بە خوداوەند، کوشتن پرۆسەیەکی مرۆڤ کردە و پەیوەستە بە مرۆڤ. مردنی ڕووت و بێ لێدان مردنێکە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر گۆی زەویدا ڕوودەدات، حاڵەتێکی سروشتی لە خۆ دەگرێت، کوشتن و لێدان نەهێشتن و لەناوبردنی جەستەیە بۆ ڕەتکردنەوەی بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتی ڕوو دەدات، ئەمەش بارێکی ناسروشتیە، هەر چەندە کوشتن کردەیەکی مرۆڤکردە و مردنیش کردەیەکی سروشتی، بەڵام دەرەنجامی هەر دووانەیان هەر نەمان و سڕینەوەی مرۆڤە لەنێو بووندا، کەواتە کوشتن و مردن لەوێدا یەکدەگرنەوە کە لە پشت هەر دووانەیان مرۆڤ لەنێو واقیعی ژیاندا وەکو بوێکی زیندوو و ئەکتیف بوونی خۆی لە دەست

دەدات و نامێنێت، مردن و کوشتنی مرۆڤ هەر دووانەیان دوو پرۆسەی لێکجیاکردنەوەی ڕۆحن لە جەستە، بەڵام ئەوەی کوشتن لە مردن جیادەکاتەوە ئەوەیە کوشتن هەندێکجار لێکجیاکردنەوەی پارچە و ئەندامە بەشە جەستەییەکانە لە یەکتری.. مردن لە هەر شوێنکاتێکدا بێت، ئەوا ئەمرەکەی نادیارە و لوغزێکی تێدا هەیە، بەڵام کوشتن ئەمرەکەی دیارە و لە ڕێگای کەناڵی جیاجیاوە بەئەنجام دەگەیەنرێت، کوشتن پلانێکی ڕێکخراو و دارێـژراوی هەیە، کەس و چەك و مادده و شوێنکاتی دیاریکراویشی هەیە، بە بۆچوونی من لە ڕێگای مردنەوە ناتوانین لە دەرگای زانینی ماڵی غەیب و بڕیارەکانی بدەین، بەڵام لە ڕێگای کوشتنەوە دەتوانین ئەمە بکەین.

لەبەرئەوەی بڕیاری غەیب و مردنی مرۆڤ نەمانی جەستەیە، کوشتنی مرۆڤیش بە هەمان شێوە نەمانی جەستەیە، کاتێك نەمانی مرۆڤ لەلایەن کەسی غەیبانیەوە دەبێتە حوکمی نادیار، ئەوا ئێمە لە ڕێگای کوشتنەوە دەتوانین لە دەرگای ماڵی غەیب بدەین و بڕیارەکانی ئاشکرا بکەین.

ئەگەر ڕووداوی خێڵی حەمە و ساتی کوشتن و سەربڕینی مرۆڤەکان "پێشمەرگەکان" لەوێناندنێکی هەنووکەیدا بهێنینە بەرچاو، لە جیاتی شوێنکاتە جیاجیاکان دەستەواژەی سەرەوە دابنێین، ئایا ڕاستی ئەم قسەیە بەتاڵ و پوچ نابێتەوە، کاتێك دەڵێت مردنی مرۆڤ غەیبە و کەس نایزانێت؟ خۆ لەساتە چەند کورتەکەی پێش سەربڕین، کەسی سەربڕاو زانی ئەوە چیدی دواهەمین ساتەکانی ژیانیەتی، ئیدی تەواو نامێنێت، ئەوەی چەند کەسێکی لەپێش چاو سەربڕا و دەزانێت پاش دەمێکیتر سەرەی ئەویش دێت بۆ سەربڕین، ئیدی زانی ساتی هاتنی بڕیارەکانی بەنێو غەیب لە ئێستادا ڕوون و لەبەرچاوە، ئەوەی لەم چەند ساتانەدا زانی دەمرێت، ئەوا مرد، ئەوەی زانی پاش کەمێکیتر سەردەبڕێت و بۆ ئەبەد ژیان نابینێتەوە، ئەوا سەربڕا و ژیانی نەبینیەوە، ئەوەی پێشبینیکرد دوای چەند ڕۆژێکیتر دەبێتە بابەتی سەر زاری خەڵك و ڕاگەیاندن و پێی دەڵێن شەهید، ئەوا پێشبینیەکەی ڕاست دەرچوو، کەواتە هەندێکجار مرۆڤ پەی بە

بڕیارەکانی غەیب دەبات و ساتی مردنی دەزانێت، بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤ دەستی لە دروستکردنی ئەو پڕۆسانە هەبێت کە داوجار لە پشتیانەوە بڕیاری غەیبی دەردەچن و بە چاوێکی غەیبیش نیگای دەکەن.

لە خێڵی حەمەدا ئەگەر پەی بردن بە نهێنیەکانی غەیب لەلایەن کەسی سەربڕاوەوە لە کاتی سەربڕینەکە بێت، ئەوا لەلایەن کەسی سەربڕکارەوە لە زەمەنی پێش ئەوەدایە، واتا ئەوانەی لەم پرۆسەیەدا سیفەت و کارکردەی لێکردنەوە و لێکجیاکردنەوەی کەللەی سەر لە جەستەی سەربڕاوی کەوتۆتە ئەستۆ، زووتر دەزانێت کە ئێستا یا پاش چەند ساتێکیتر کەسی بەرامبەر بە مەبەستی لەناوبردن و نەهێشتنی سەردەبڕێت و ئەتکی دەکات، کەواتە ئەوەی پێی دەڵێن غەیب و بڕیارەکانی غەیب لەلایەن کەسی سەربڕکاری ئەم ڕووداوە، زووتر پەی پێدەبرێت و دەزانرێت، چونکە خۆی فیگەرێکی چالاك و بەرچاوی بەئەنجام گەیاندنی پڕۆسەکەیە. غەیب کاتێك غەیبە کەس لە هاتنیدا ئاگادار نەبێت و کەسیش دەستکاری قەدەرەکان و ستایلەکانی هاتنی نەکات، بەڵام کاتێك مرۆڤ ئامادەیە بۆ بەغەیبکردنی ڕووداوێك، ئەوا غەیب غەیب بوونی خۆی لە دەست دەدات دەبێتە کردەیەکی زانراو، غەیب دەچێتە نێو گەمە سیاسیە مرۆڤکردەکان. مادام لە ئێستادا یەکێك هەیە بتوانێت فەرمانی غەیب وەکو کردەوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو پڕاکتیزە بکات، کەواتە یەکێك هەیە بتوانێت دەستکاری لە چۆنیەتی هاتنەئارا و ڕوودانی ئەو ڕووداوانە بکات، کە دواجار بەحوکمی ڕەهای نادیارەوە بەستراوەتەوە.

بەئەنجام گەیاندن و نەگەیاندنی ئەم کردەوەیە لە ئێستادا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە حوکمە غەیبیەکەی داهاتوو چی دەبێت و چۆن لە بارەیەوە دەدوێت، کردن و نەکردنی لەلایەن کەسی سەربڕکارەوە دەستکاریکردنی بڕیاری غەیبی داهاتووە، بەکردنی غەیب بەجۆرێك ئامادەیە و بەنەکردنیش جۆرێکیتر، بەڵام کردن و نەکردنی لە ئێستادا وەکو وتمان بیرۆکەی غەیب بوونی شتەکان "بەتایبەتی کوشتن" پوچەڵ دەکاتەوە، چونکە کەسی پراکتیزەکار لەیەککاتدا هەم دەتوانێت ئەمە بکات و هەمیش دەتوانێت نەیکات.

بەکورتی قسەکردن لە ئێستایی بوونی ڕووداوەکان حوکمە نادیارەکانی غەیب ڕەفز و بەتاڵ دەکاتەوە، باوەڕهێنان بەوەی کوشتنی ئینسانەکان لە ئێستادا پەیوەستە بە حوکمی نادیاری غەیب، پەیوەستە بە حوکمی خوداوەند لە ئاسماندا، ئەوە قسەیەکی پوچ و بێبناغەیە و لە هەمانکاتیشدا باوەڕهێنانێکی نالۆژیکی و ناعەقڵانییە. خێڵی حەمەش دوور و نزیک پەیوەندی بە غەیب و بڕیارەکانی غەیبەوە نییە، پەیوەندی بە خوداوەند و ویستەکانیەوە نییە، جگە لە ڕووداوێکی سیاسی و سەربازی نەخشە بۆ دارێژراوی مرۆڤ.

**ئۆکتۆبەری 2002**



کاتێك خۆکوشتن دەبێتە چالاکی

دەسپێك:

خۆکوشتن لە سادەترین مانایدا ئەوەیە کەسێك لـە بووندا بـوونی خـۆی نـەفی بکات و جەستەی ڕەشبکاتەوە، واتا زیندوێتی لە دەست بدات و جوولـە و بزۆکـی خۆی بگۆڕێتەوە بە متبوون، ئامادەیی خۆی لە پرۆسەی ژیانکردندا بـسرێتەوە و بەرەو نائامادەیی ئاراسـتەی بکـات، بەشـێوەیەکیتر خۆکوشـتن ئەوەیـە کەسـێك بـۆدی و ڕۆحەکـەی، ڕوخـسار و جەوهەرەکـەی، دیـار و نادیارەکـەی لـە ژیانـدا نەهێلێت و تەحویلی مەرگی بکات.

ئەگەرچی خۆکوشتن هۆکـار و پاڵنـەری جیاجیـا، شـێواز و سـتایلی جیاجیـا، ڕێگـا و مەبەسـتی جیاجیاشـی هەیـە، ئەگەرچـی خۆکوشـتن لـە یەکێکـەوە بـۆ یەکێکیتر و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر و لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکیتر جیاوازی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەشێت چەند خاڵێکی هاوبەش و سەرەکی لە زۆربەیاندا "ئەگەر هەمووشـیان نـەبێت" بدۆزینـەوە و لێـرەدا دەستنیـشانیان بکەین لەوانە ...

یەکەم: کەسی خۆکوژ بەمکارەیدا پـەیامێکی هـەڵگرتووە کـە تیایـدا بـە ئێـستا و شـێوازی زاڵ و بـاوی ژیـانکردنی سـەرزەمینی ئێـستا ڕازی نیـە، بـە ڕووداو و پێشهاتی ڕووداوەکـانی ئێـستا ڕازی نییـە، بـەوەی کـەوا خەریکـە لـە زەمـەنێکی نزیکی داهاتووی ئێستا دێتەبوون و دەبێتە واقیع و دەسەپێنرێت ڕازی نیە، بۆیـە بەمکارەیدا ناڕەزایەتی خۆی دەردەبڕێت و هەوڵـدەدات ئـەو ئێـستا نـەخوازراوە، ئەو داهاتووە نزیکەی خەریکـە دەبێتـە ئێـستایەکی نەویـستراو، بگۆڕێتـەوە بـەو ئێستایەی کە خۆی گەرەکیەتی و خواستەکانی تیا بەدیدەکرێت، کەواتە خاڵێکی هاوبەش لە خۆکوشتندا ئەوەیـە کەسـی خۆکـوژ ئێـستا و پێـشهاتەکانی ئێـستای قبـوڵ نیـە و ڕەتیدەکاتـەوە، بەمکارەشـیدا دەیـەوێت ئێـستا بگۆڕێتـەوە بـەو ئێستایەی "کە بەپێی تێڕوانین و جیهانبینی خۆی" لە ئایندەدا بۆی چیٚ دەبێت.

دووەم: خـاڵێکیتری هاوبـەش لـە خۆکوشـتندا بـۆ ئینتیمـاکردن "بـە مانـا بەرفراوانەکـەی" دەگەڕێتـەوە، ئینتیمـاکردنی خۆکـوژ بـۆ بـوو و پێکهاتـە و دامـەزراوە جیاجیاکـانی وەکـو" مـرۆڤ، خـاك، نیـشتیمان، سـەرکردە، حـزب،

ئاین....هتد" و دروستكردنی پەیوەندیەكی تۆكمە و پتەو لەگەڵیاندا، بەپیرۆز زانینیان و قبوڵنەكردنی دەست بۆ بردنیان لەلایەن دەرەوە ناچۆنیەكەكان، بە نزیكبوونەوە لە شتە پیرۆزە ئینتیما بۆكراوەكەی ئینتیماكار "خۆكوژ" و دەست بۆ بردنیان لەلایەن دەرەوە ناچۆنیەكەكاندا "كەوا بە هیچ شێوەیەك لەلایەن كەسی خۆكوژ قبوڵناكرێت"، كەسی ئینتیماكار كاردانەوەی جیاواز جیاوازی دەبێت كە خۆكوشتن یەكێكە لێیانەوە، كەواتە خۆكوشتن لە زۆرترین باردا وەكو كاردانەوەیەك بە دیار دەكەوێت، بەڵام لێرەدا پێویستە بووترێ كەوا دەشێت ئینتیماكردنی مرۆڤ بۆ شتە ئینتیما بۆكراوە جیاجیاكان بەتایبەتی" خاك، سەركردە، حزب...هتد".

جۆرێك لە بەهەڵەبردن و لە خشتەبردن و هەڵخەڵەتاندنی تێدا بێت، مەبەست ئینتیماكردنەكە زیاد لە قەبارەی پێویستی خۆی گەورە كرابێت و سادەیی و نەزانی و ناهۆشیاری كەسی ئینتیماكار هەڵقۆزرابێتەوە بۆ جۆرێك لە ئینتیمای زیاد لە پێویست كە سەرەنجام خۆكوشتنی لێ بەرهەم دێت.

سێیەم: خاڵێكیتری هاوبەش لە خۆكوشتندا ئەوەیە كەسی خۆكوژ تورەیە لەگەڵ ژیاندا، چیدی ئەمجۆرە ژیانكردنەی بۆ هەزم ناكرێت و ژیان لە شێوەی شتێكی زۆر پوچ و بێمانا دەبینێت، تورەبوون دەبێتە خاڵی دەستپێكی ئەم كردەوەیە، تورەبوون ئەگەر لە ئەنجامی هەر حاڵەتێكەوە بێت، یا سەرچاوەكەی هەر پرسێك بێت، ئەوا لە كۆتاییدا دەبێتە فاكتەرێكی زۆر كاریگەر بۆ بەكردەوەكردنی ئەم پرۆسەیە لە واقیعدا، بەشێوەیەكی گشتی كەسی خۆكوژ تورەیە لەگەڵ بەشێك لەو شتانەی لە ئێستادا ڕوودەدات و بەویستی ئەو نیە.

بۆیە لە پێناو نەهێشتنیاندا ئەم كردەوەیە دەگرێتە بەر، لێرەشدا دەكرێت بڵێین كەسی خۆكوژ پرۆسەی خۆكوشتن بە پرۆسەیەكی فریادڕەس دەبینێت بۆ ئەوەی لەمجۆرە ژیانكردنەی تێیكەوتووە دەربازی بكات، بەكورتی تورەیی فاكتەرێكی بەهێزی پرۆسەی خۆكوشتنە، خۆكوشتنیش لە دیدی كەسی خۆكوژدا پرۆسەیەكی فریادڕەسانەیە.

چوارەم: خاڵێکی دیکەی هاوبەش لە خۆکوشتندا ئەوەیە کەسی خۆکوژ لە چرکە ساتی پڕاکتیزەکردنی ئەم پرۆسەیدا جەستەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری فرمان و ئەمر و نەهی غەریزەی مەرگدۆستی تاناتۆس، بەمانایەکیتر کەسی خۆکوژ لە سەروبەری بەئەنجامگەیاندنی ئەم کردەوەیدا لە غیابێکی کاملی عەقڵدایە، ناعەقڵانیەت تەواو زاڵە بەسەر شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتکردنی، هەر بۆیە غەریزەی مەرگدۆستی کۆنترۆڵکاری ئامادە، جەستەی گوێڕایەڵ ڕاپێچی خۆکوشتن و مەرگ دەکات، بەبێ ئەوەی کەسی خۆکوژ بتوانێت کەمترین هەڵوەستەوە و پرسیار لە بارەی ئەو کردەوەیە بکات کە بەئەنجامی دەگەیەنێت، خۆکوشتن ئەگەر بەهەر شێوازێك و ستایلێك بێت، ئەگەر بەهەر ڕێگایەك و بۆ هەر مەبەستێك بێت، سەرەنجام هەموویان لەوێدا یەکدەگرنەوە کە کردەیەکی ناعەقڵانییە و کەسی خۆکوژ لە چرکەساتی پراکتیزەکردنی ئەم کارەیدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری بڕیارەکانی سەنتەری بڕیاردەری غەریزەی مەرگدۆستی مرۆڤکوژ.
پێنجەم: خاڵێکی دیکەی هاوبەش لە خۆکوشتندا ئەوەیە لە دەرەنجامدا کەسی پڕاکتیزەکار لە ژیاندا بوونی نامێنێت و ڕەش دەبێتەوە، واتا خۆکوشتن ئەگەر بەهەر شێوەیەك بێت و بۆ هەر مەبەستێك بێت، ئەوا لە دەرەنجامیدا کەسی پراکتیزەکار بوونی نەفی دەبێتەوە، بەمەش کۆمەڵێك کێشە و کارەسات و مالۆیرانی دێتە ئاراوە، چ لەلایەنی کۆمەڵایەتی یا سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و ئەخلاقی ...هتد.

لەڕاستیدا جگە لەم چەند خاڵە هاوبەش و سەرەکیەی خۆکوشتن کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کردووە خاڵی هاوبەشی تریش ئامادەیی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمە ویستی ئەم وتارە نییە بۆیە جێیدەهێڵین بۆ شوێنکاتێکیتر، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئاماژەکردن بەم چەند خاڵانەی سەرەوە هەروا لە خۆڕا و بێمەبەست نییە، بەڵکو ئەمە مەبەستدارانەیە و لە داهاتووی ئەم وتارەدا سوودمان پێدەگەیەنێت.

لە ڕوانگەی منەوە کاتێك بمانەوێت قسە لەسەر بابەت یا پرس یا دیاردەی خۆکوشتن بە هەموو شێواز و جۆر و حاڵەتەکانیەوە، بە هەموو ڕێگا و ئامراز و

مەبەستەكانیەوە بكەین، ئەمەش بۆ مەبەستی دیاریكردنی سەرجەم پاڵنەر و هۆكارەكانی، كەشفكردنی بونیادە پێكهێنەرەكانی، دواجار ڕوونكردنەوەی مەرامەكانی، ئەوا دەبێت لە گشت لایەن و ڕەهەندە جیاجیاكانیەوە " سیاسی – كۆمەڵایەتی – ئابووری – ئاینی – دەروونی – ئەخلاقی ...هتد" قسەی لەسەر بكەین، واتا خوێندنەوەیەكی گشتگیر و هەمەلایەنی بۆ بكەین، بەڵام ئەمە مەودایەك و پانتاییەكی فراوانی نووسینی گەرەك دەبێت كە لێرەدا ئامادەیی نییە و هەروەها مەبەستیشمان نییە.

## خۆتەقاندنەوە وەك جۆرێكی خۆكوشتن

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە قسەی لەسەر بكەین جۆرێكی دیاریكراو و جیای خۆكوشتنە كە لە زەمەنی ئێستادا بەشێوەیەكی بەربلاو تەشەنەی كردووە بەشێوەیەك لە هەموو كونجێكی گێتیدا هەر لە كوردستانەوە بۆ ئەفریقیا، لە ئەفغانستانەوە بۆ ئەمریكا، لە دوورگەی عەرەبیەوە بۆ ئوستراڵیا بەرچاو دەكەوێت و ئامادەیی هەیە، ئەویش خۆتەقاندنەوەیە، خۆتەقاندنەوە بە ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر، بەڵام بۆ مەبەستی چۆنیەك.

خۆتەقاندنەوە لە ڕێگای بەیەكبەستنی جەستە و چەكی مرۆڤكوژ، تێكەڵكردنی لەش و باروت، گرێدانی جەستە و تڕای نیوترۆ تۆلۆین (TNT)، بۆ مەبەستی لە ناوبردن و كوشتنی بەرامبەری دژ، نەهێشتن و ڕەشكردنەوەی جەستەی ئەویتر لەسەرزەمینی ژیانكردنی هاوبەشدا.

خۆتەقاندنەوە كە جۆرێكی جیای خۆكوشتنە خاوەنی سیفات و خەسڵەتی خۆیەتی، تایبەتمەندی و جیاكەرەوەی خۆی هەیە، كە لە ڕووە دیارەكەیدا كەسی خۆكوژ هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەكی سیاسی دونیاییە، بەڵام بارگاویكراوە بە ئایدیا و تێڕوانین و جیهانبینی ئاینی و خوداپەرستی، بەشێوەیەكیتر خۆتەقاندنەوە خۆكوشتنی ئەوانەیە كە پێكهاتە و سەركردەكانیان لەنێو ژیاندا بەشێوەیەكی سەرەكی هەممی سیاسییان هەیە، ئیرادە و خواستی گرتنە دەستی دەسەڵاتی حوكمگێڕان و بەڕێوەبردنی كۆمەڵگایان هەیە، بەڵام بۆ دەستەبەركردنی خواستەكانیان لەنێو واقیعدا ئاین و فەلسەفە و ئایدیا و پێوەر

و لۆژیك و حوكمی ئاینیان وەكو وەسیلەیەك و هێزێكی پاڵپشت و یارمەتیدەر بەكارهێناوە، واتا هەممی سیاسییانەی خۆیان و كار و كردەوە و چالاكیە سیاسییەكانیان بەڕەنگێكی ئاینی ڕەنگڕێژ كردووە و ماسكێكی ئاینیان لەسەركردووە، هەروەها چوارچێوەیەك و قاڵبێكی ئاینیان پێبەخشیوە.

## قۆناغەكانی پڕۆسەی خۆتەقاندنەوە

لە دیدی منەوە پڕۆسەی خۆتەقاندنەوە كە پڕۆسەیەكی سیاسی ئەبستراكتە و دەمامكێكی ئاینی لەسەركراوە، بە دوو قۆناغی سەرەكیدا تێپەڕ دەبێت، ئەویش قۆناغی ئامادەكردن و قۆناغی لێكدانەوەیە، قۆناغی بەكردەوەكردن و قۆناغی بەچالاكی لێكدانەوەیە، هەر قۆناغێك لەم دووانە شێوازی ئیشكردنی خۆی و هەنگاو و تاكتیكی تایبەت و جیاوازی هەیە، بەڵام دواجار هەر دووانەیان یەك ستراتیژ و یەك ئامانجیان هەیە.

## قۆناغی ئامادەكردنی پڕۆسەی خۆتەقاندنەوە

قۆناغی ئامادەكردن سەرەتا بە گەڕان بە دوای كەسانی سادە دەسپێدەكات، كەسانێك كە لە هەموو ئەوانیتر زیاتر ئامادەیی بەكردەوەكردنی ئەم پڕۆسەیەیان لێ بەدیدەكرێت، ئەمەش بەحوكمی سادەیی بوون و نەزانین و ناهۆشیاریان لە ژیانكردندا، گەڕان بە دوای كەسی سادە و دۆزینەوەیان خاڵی سەرەتا و دەسپێكی پڕۆسەكەیە، ئینجا لێیەوە هەنگاوی دووەمی ئامادەكردنی كەسی سادە دێتە گۆڕێ كە لە ڕێگا جۆراوجۆرەكانی پڕۆسەی مێشك شووشتنەوە بە ئەنجام دەگات، پڕۆسەی مێشك شووشتنەوە بنەڕەتیترین هەنگاوی ئامادەكردنی كەسی سادەیە بۆ خۆتەقاندنەوە، لەم هەنگاوەدا دەكرێت پرسی جیاجیا ببێتە بابەتی پڕۆسەی مێشك شووشتنەوە و ئامادەكردنی كەسی سادە كە ڕەنگە ئاین بەرچاوترینیان و كاریگەرترینیان بێت، ئەمەش چونكە ئاین هاوڕێیەتیەكی باشی هەیە لەگەڵ كەسی سادە، هەر دووانەیان تۆڕئاسا ئاوێزانن و بەبێ یەكتری هەڵناكەن، نە كەسی سادە بەبێ ئاین و نە ئاینیش بەبێ ئامادەیی كەسی سادە دەتوانێت بژیێت و بەردەوامی بەبوونی خۆی و دونیابینی خۆی بدات، ئەوەندەی پرسە جیاجیاكانی نێو ئاین بۆ وێنە "جیهادكردن – شەهیدبوون ....هتد"

یارمەتی ئامادەکردنی کەسی سادە دەدات بۆ پڕاکتیزەکردنی پڕۆسەکە، مەگەر تەنها سادەی و نەزانی کەسەکە ئەوەندە یارمەتیدەر و کاریگەر بێت لەسەر پڕاکتیزەکردنی پڕۆسەکە، ئەگەرنا هیچ فاکتەرێك وەکو ئاین کاریگەری بەو شێوەیە نابێت بۆ بەکردەوەکردنی خۆتەقاندنەوە، ئەمەش مانای وانیە کە هۆکاریتر بوونی نەبێت لە ئامادەبوونی کەسی سادە بۆ خۆکوشتن، بەڵکو هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەرونی ...هتد ئامادەییان لێیەوە هەیە.

دوای کردەی مێشك شووشتنەوە هەنگاوی ئامادەبوون بۆ بەکردەوەکردنی پڕۆسەکە لەلایەن کەسی خۆکوژ دەست پێدەکات، کە ئەمەش بۆ خۆی هەنگاوێکی گرنگی پرسەکەیە، چونکە لە بووندا هیچ پڕۆسەیەك بەرجەستە نابێت، هیچ دیاردەیەك بەدیاردە نابێت تاوەکو بکەری نێوی "کە فاکتەرێکی زۆر کاریگەری پڕۆسەکە پێکدەهێنێت" ئامادەی بەکردەوەکردنی کردەوەکە و بەدیاردەکردنی دیاردەکە نەبێت.

دوای ئەم هەنگاوەش ئیدی هەنگاوی بەیەکبەستنەوەی جەستە و مادده تەقەمەنیە جۆراوجۆرەکان دەستپێدەکات.

دواهەمین هەنگاو لەم قۆناغەدا دانانی پلان و نەخشەی تایبەت بۆ بەئەنجامگەیاندنی کردەوەکە دەبێتە شوێنی بیر لێکردنەوە و نەخشە بۆ کێشان، ئەمەش بۆ مەبەستی کوشتنی بەرامبەری دژ.

لەگەڵ خۆتەقاندنەوەی کەسی سادە و کوشتن و زامدارکردنی هەندێکی بەرامبەری دژ، ئەوا قۆناغی یەکەمی پڕۆسەکە کۆتایی پێدێت، ئینجا لێرەوە قۆناغی دووەمی پڕۆسەکە دەسپێدەکات کە قۆناغی بەچالاکی لێکدانەوەیەتی لەلایەن گروپ و حزب و حکومەتە پەیوەستدارەکانەوە، هەر وەکو ئەوەی لەنێو میدیا و تیڤی و کەناڵە ڕاگەیاندنە جیاجیاکان بەدیدەکرێت.

## پڕۆسەی خۆتەقاندنەوە و بەچالاکی لێکدانەوەی

دوای بەئەنجام گەیاندنی کردەکە میدیاکان ڕێکلامی چالاکیکردنی بۆ دەکەن، لێرەدا ئەمە شوێنی هەڵوەستە بۆکردن و پرسیارلێکردن دەبێت، بۆچی بەچالاکی لە قەڵەم دەدرێت، یا بەشێوەیەکیتر مەبەستە نادیارەکانی پشت

بەچالاکی لێکدانەوەی خۆتەقاندنەوە چییە؟ ئایا بۆ ئەویە سەرنجی دەرەوە و دوژمن بۆ هێز و توانا و ئیرادە و بیروباوەڕی سیاسییانەی خۆیان و ئەندامانی بنکەکەیان ڕابکێشن، یا بۆ ئەوەیە کێشەی خۆیان بە کێشەیەکی عادیلانە و ئاینییانە لە قەڵەم بدەن، تاوەکو ئیش لەسەر وەتەری سۆزی هاوئاینییەکانیان بکەن، یا بۆ ئەوەیە کەسانیتر هانبدەن بۆ بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەی لەمجۆرە؟

لە تێڕوانینی مندا مەبەستگەلێکی ناچۆنیەك لە پشت بەچالاکی لێکدانەوەی خۆتەقاندنەوە ئامادەیی هەیە، کەوا دەشێت هەندێکیان ئەمانە بن.

یەکێك لە مەبەستەکانی ئەم لێکدانەوەیە پیشاندانی چالاکی گروپ یا هێز یا حکومەتەکەیە لە ئێستادا بۆ ئێستا، بەدیارخستنی هێز و توانای پێکهاتە و ئیرادە و بیروباوەڕی ئەندامان و لایەنگرانە بۆ ئەندامان و لایەنگرانی لەلایەك، و بۆ جەمسەری بەرامبەری دوژمن لەلایەکیتردا، ئەمەش چونکە پێکهاتە لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ جەمسەری بەرامبەر، بەمانایەکیتر لەسەرێکدا دەیەوێت ئەندامانی دڵنیا بکات لە بەهێزی و بەئیرادەیی خۆی، لەسەرێکیتریشدا ترس و تۆقاندن بداتە دوژمنی پێکهاتە.

مەبەستێکی دیکەی ئەم پرسە بۆ بەمێژووکردنی ئێستایە، واتا ئێستا بکاتە مێژووی خۆی، ئەمەش بۆ پڕکردنی لاپەرەکانی مێژووی پێکهاتەیە بە کردەی چالاکی و ئازایەتی و کۆڵنەدان، بە سەروەری و کۆششی نەپساوە، ئەمەش بۆ ئەوەی سوودی جیاجیای لێوەربگرێت.

مەبەستی سێیەمی ئەم پرسە لە ئێستادایە بۆ ئایندە، بۆ بەئێستاکردنی ئایندەیە، بۆ وەك ئێستا لێکردنی ئایندەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی کەسانیتری لەمجۆرە "ئامادە بۆ خۆتەقاندنەوە" ئامادە بکات، مێژوویێك بە دیاردەکە و شەرعیەتێك بە کەسانیتر بدات، بۆ ئەوەی درێژە بەمانەوە و بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیە بدەن و لە ئایندەدا چەندبارەی بکەنەوە.

لێرەوە هەقە بپرسین چ دیدێك لە پشت بەچالاکی لێکدانەوەی خۆتەقاندنەوەیە؟ ژیاندۆست یا مەرگدۆست .. هیومانی یا ناهیومانی .. جوانبین یا درزێوبین ؟ کاتێك خۆتەقاندنەوە "کە جۆرێکی خۆکوشتنە" دەبێتە یا

"دەكرێتە" چالاكی، ئەوا چیدی قسەكردن لەسەر چالاكی و ناچالاكی كردەكە نابێت، بەڵكو قسەكردن تەحویلی سەر جیاوازی نێوان ژیان و مەرگ دەبێت، لە كوێدا ژیان لە مەرگ جیاوازە، لە كوێدا مەرگ دەخاتە دەرەوەی سنور وماڵی خۆی و قبوڵی ناكات، مەرگ لە كوێدا دەرفەت بە ژیان دەدات ژیانی خۆی بژیت، لە كوێدا سنورێك بۆ ژیان دادەنێت و ڕووبەڕووی وەستانی دەكات، هەمیشە لەنێوان ژیان و مەرگدا سنووری جیاكراوە هەیە، نە مەرگ ژیان قبوڵ دەكات و نە ژیانیش مەرگ، نە مەرگ دەچێتە نێو ژیان و نە ژیانیش بۆ نێو مەرگ، كە مەرگ ئامادەبوو، ژیان ئامادەیی نابێت و بەپێچەوانەشەوە كە ژیان ئامادەبوو، مەرگ ئامادەیی نابێت، ناشێت لە یەككاتدا بژیت و مردوو بیت ، بمریت و زیندوو بیت، كاتێك خۆتەقاندنەوە دەبێتە یا "دەكرێتە" چالاكی، ئەوا سنوری نێوان مەرگ و ژیان نامێنێت، نە مەرگ ماڵ و چوارچێوەی خۆی دەناسێت و نە ژیان، نە مەرگ زەمەن و ساتی خۆی لەبەرچاو دەگرێت و نە ژیان، كاتێك خۆتەقاندنەوە دەكرێتە چالاكی بەردەوام مەرگ هەڕەشە لە ژیان دەكات و مەوداكانی تەسك و ساتەكانی نزیك دەكاتەوە، ژیانیش خۆی تێكەڵ بە مەرگ دەكات و قەدەرەكانی پێدەسپێرێت و ژینگەی بۆ دەسازێنێت، چالاكیكردن تەنها پەیوەستە بە ژیان، نە ژیان بەبێ چالاكی و نە چالاكیش بەبێ ژیان بوونیان دەبێت، چالاكی لەنێو ژیاندایە و بۆ ژیانیشە، لەپێناو جوانكردنی ژیان و بەردەوامبوونیەتی، كاتێك خۆتەقاندنەوە بكرێتە چالاكی، ئەوا مەرگ كراوەتە چالاكی، كردنی خۆتەقاندنەوە بەچالاكی كردنی مەرگە بەچالاكی، بەكورتی كردنی خۆتەقاندنەوە بەچالاكی وەك یەك لێكردنی ژیان و مەرگە، لێرەوەش ئەو دیدە دزێو و مەرگدۆست و ناهیومانیەی كەوا خۆی لەپشت بەچالاكی لێكدانەوەی خۆتەقاندنەوە حەشارداوە بەدیار دەكەوێت.

## ئاستەكانی پرۆسەی خۆتەقاندنەوە

پرۆسەی خۆتەقاندنەوە تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە پرس و بیروباوەڕە ئاینیەكانی لە شێوەی "جیهادكردن ، شەهید بوون...هتد" هەبێت، ئەوا قسەیەكی جیا هەڵدەگرێت كە لێرەدا باسی ئێمە نابێت و تەنیا قسەیەك لەو

بـارەوە ئەوەیـە لـە کۆتاییـدا خـاڵێکی بـچوکی جیهـادکردن دەوروژێـنین، بـەڵام لەبەرئـەوەی ئـەم پرۆسـەیە ڕەهەنـدی دیکـەی هەیـە و بەچـالاکی سـەربازی و سیاسی حکومەتێك یا حزبێـك و گروهێکـی سیاسـی لێکدەدرێتـەوە و دادەنرێـت، بۆیە چیدی قسەکردن لەسەری دەبێتە قـسەکردنێکی سیاسـییانەی ئەبـستراکت، خۆتەقاندنـەوە کـە تـەنها پەیوەندیـەکی لەگـەڵ ئـاین و بـیروڕا و ئایـدیای ئـاینی هەبێت، لەوێوەیە کەسی سادەی پێبارگاویکراوە، واتا سیاسیەکان ئاینیان وەکـو ئامرازێك بەکارهێناوە بۆ ڕەوایەتیدانی بە ئەنجامگەیاندنی چالاکیەکە و هیچیتر.

خۆتەقاندنەوە جگە لەوەی بە بیرۆکە و عەقیدەی ئـاینی بارگـاویکراوە، ئـەوە بـۆ خـۆی پرۆسـەیەکی دوو سەرەشـە، لـە سـەرێکیدا کردەیـەکی مەبەسـتداری سیاسییە، لە سەرێکیتریشیدا کردەیـەکی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراوی سـەربازییە، لـە خۆتەقاندنەوەدا لایەنی سەربازی وەکو میکانیزمێك بەکارهێنراوە لەلایـەن لایـەنی سیاســی، واتــا سیاســییەکان خواســتی ســەرەکیان لێیــەوە هەیــە، وەلــێ عەسکەرییەکان بەڕێوەبەر و پلان داڕێژەر و نەخشەسازی بۆ دەکەن، ئاشکراشـە کەســی ســادەی نــەزان و ناهۆشــیار پراکتیــزەی دەکــات، کەواتــە بــۆ ئــەوەی خۆتەقاندنەوە وەکو دیاردەیەکی سەر گۆڕەپانی ژیان ئامـادەیی هـەبێت دەبێـت هەر سێ پرسی"خواسـتی سیاسـیانە .. پـلان داڕێـژەری عەسـکەریانە .. کەسـی سادەیی بەرجەستەکار" ئامادەیی هەبێت، خۆتەقاندنەوە دەشێت لە دوو ئاسـتدا بخوێندرێتەوە ئەمانیش ئاستی سیاسی و ئاستی عەسکەری.

**یەکەم/ ئاستی سیاسی:** لە ئاسـتە سیاسـییەکەیدا دەڵـێین کاتێـك سیاسـەتکردن دەمانگەیەنێتە سەر لێواری ئەو باوەڕەی هیچ ڕێگایەك یا هـیچ جـۆرێکی چـالاکی نواندن لەبـەردەم سیاسـەتکاران یـا لایـەنگران و ئەنـدامانی پێکهـاتێکی سیاسـی نـەماوە تـەنها خۆتەقاندنـەوە نـەبێت، ئـەوا ئـەم سیاسـەتە پـێش هـەر شـتێك کارێزمایی سەرکردە و ڕێبەرەکەی، ئینجا سەرکردە پەرستی ئەندامەکانی ئاشکرا دەکات.

لە خۆتەقاندنەوەدا سیاسەتکردنێکی کاریزمایی ئامادەیی هەیە، بەو مانایـەی بڕیاری خۆتەقاندنەوە و ڕەوایەتیدانی تەنها لە دیدێکەوە دەردەچێت و دەشـبێت

لەلایەن ئەندامانی بنکەی پێکهاتەوە بەبێ ئاخر و هەڵوەستەکردن پەیڕەوی لێ بکرێت و بەرجەستە بکرێت، خۆتەقاندنەوە جگە لەوەی سیاسەتکردنێکی کاریزمایی لە پشتە، ئەوا کاریزمایشە لە هەڵبژاردنی چالاکی نواندن، واتا خۆتەقاندنەوە دەبێتە تەنها ڕێگا و چالاکی نواندنی کەسی خۆتەقێنەر، ئەگەر لە سیاسەتدا هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ شت و بووەکانی دەوروبەر و بەدەستهێنانی پێداویستیەکان، هونەرێکی بەردەوام و مومکین بێت، ئەگەر سیاسەتکردن هونەرێك بێت عەقڵ چوارچێوەی داخوازیە هەنووکەیی و دوورمەوداکانی کێشا بێت، ئەگەر لە سیاسەتکردندا لایەنە بەهێز و لاوازەکان، هەنگاوە ماقووڵ و ناماقووڵەکان، کردە عەقڵانی و ناعەقڵانیەکان، لۆژیکی و نالۆژیکەکانی پرۆسەیەك لێکبدرێتەوە، ئەگەر لە سیاسەتکردندا چییەتی داخوازیەکان و چۆنیەتی دەستەبەرکردنیان لەبەرچاو بگیرێت، کەواتە لە سیاسەتکردندا پرۆسەکان بەردەوام ئەلتەرناتیڤیان هەیە.

جۆرێکیتر مامەڵەکردن هەیە بۆ دەستەبەرکردنی خواستە ستراتیژیەکان، لە سیاسەتکردندا بەردەوام کردەی تاکتیکی لە خزمەتی خواستی ستراتیژیدایە، بەڵام ئەمە مانای وانیە کردەی تاکتیکی دەبێت کردەیەکی نالۆژیکی و ناعەقڵانی بێت، لێرەدا کاتێك خۆتەقاندنەوە دەبێتە تاکتیکێك و چالاکی نواندنێکی ڕەهای بێئەلتەرناتیڤ، ئەوا ئەمە سیاسەتکردن نیە هێندەی گەمەکردنە بە مەرگ، خۆتەقاندنەوە پەیوەندی بەستنێکی پتەوی سیاسەتکارانە لەگەڵ مەرگ، مەرگی خۆی و ئەندامانی، مەرگی ئەوانی بەرامبەر، ئەو سیاسیەی لەگەڵ مەرگدا دۆست بێت هەمیشە ئەو پێکهاتەی ئەو تیایدا سیاسەت دەکات مێژوویکی بێپسانەوە و درێژی هەیە یا "دەبێت" لەگەڵ مەرگ و مرۆڤکوشتندا، هەر بۆیە مەرگ لەلایدا دەبێتە تاکتیك و ستراتیژ، بە تاکتیکی مەرگ ئیش بۆ ستراتیژی مەرگ دەکات، لێرەدا کاتێك سیاسەتکردن لەپێناو مەرگدا بێت، لەپێناو هونەری لە دەستدان و مردندا بێت، ئەوا سیاسەتکردن نیە هێندەی گەمەکردنە بە چارەنووس و ڕۆح و جەستەی مرۆڤ و ئەندامانی پێکهاتەکەی. بەکورتی خۆتەقاندنەوە لەڕووە سیاسیەکەی هیچ مانایەك هەڵناگرێت تەنها ئەوە نەبێت سیاسەتکاران و

خواستیارانی ئەم کردەیە دژی ژیان و دۆستی مەرگن، دژی هیومانیستی و دۆستی مرۆڤکوژین.

**دووەم/ ئاستی سەربازی:** لە ئاستە سەربازییەکەیدا خۆتەقاندنەوە کردەیەك یا تاکتیکێکی زۆر ناماقووڵ و نالۆژیکی و ناعەقڵانیە، ڕەنگە لێرەدا پرسیارێك قیت بێتەوە و بڵێت ئایا لە شەڕدا لۆژیك و عەقڵ ئامادەیی هەیە؟ بەڵێ لە شەڕدا عەقڵ ئامادەیی هەیە، بەڵام ئامادەییەکی پەرچەییانە، لە شەڕدا عەقڵ بەبێ عەقڵی ئیشی خۆی دەکات، لە شەڕدا عەقڵ لە ژێر بڕیار و ئەمر و نەهی سەنتەری بڕیار بەدەست و زاڵی غەریزەدایە، واتا غەریزە بڕیار دەدات بۆ ئەوەی عەقڵ پلان دابڕێژێت و هێلکاری بۆ چونیەتی ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕکردن بکێشێت، لێرەوە پرسیارێکیتر سەرهەڵدەدات مادام لە شەڕدا عەقڵ ئامادەیی هەبێت، کەواتە خۆتەقاندنەوە بۆ کردەیەکی ناعەقڵانیە لە کاتێکدا ئەوی بەرامبەریش دەکوژێت؟ ئاشکرایە لە شەڕدا یاسایەکی باو و کارپێکراوی ئەبەدی هەیە دەڵێت"پێش ئەوەی بکوژرێی بکوژە .. بۆ ئەوەی نەکوژرێی بکوژە" بەپێی ئەم یاسایە کەسی شەڕکار دەڵێت پێش ئەوەی بمکوژی دەتکوژم، بۆیە دەتکوژم تاوەکو نەمکوژیت، ئەبەد لە شەڕدا ئەوە نیە بۆ ئەوەی تۆ بکوژم ئەوا خۆم دەکوژم، بۆ ئەوەی تۆ لەناو ببەم ئەوا خۆم لەناو دەبەم، ئاخر مرۆڤ بۆچی شەڕ دەکات، لەوە ناچێت کەس بۆ ئەوە شەڕ بکات تاوەکو بکوژرێت، هەمیشە لە جەنگدا هیوایەك هەیە بۆ ژیانی پاش جەنگ، کەسی جەنگاوەر هەمیشە دەیەوێت ژیانێك پاش جەنگ بژیێت، یا ژیانێك براکسیس بکات کە لە ژیانی پێش جەنگ نەچێت، هەر ئەم هیوایەشە وا دەکات ئەم یاسا باوەی شەڕ لۆژیك بە خۆی ببەخشێت، لێرەوە خۆتەقاندنەوە کردەیەکە دژی خودی یاسای شەڕ خۆشی، چونکە ئەگەر یاسای شەڕ ئەوەبێت تۆ دەکوژم بۆ ئەوەی نەمکوژیت، ئەوا خۆتەقاندنەوە پەیامی ئەوەی هەڵگرتووە کە لەگەڵ تۆدا خۆشم دەکوژم، لەپێناو نەهێشتنی ژیانی تۆدا ئامادەم ژیانی خۆشم بکەمە قوربانی، بەڵام ئایا ناشێت تۆ بکوژم و خۆمیش نەکوژم؟ تۆ نەهێڵم و خۆمیش بهێڵم؟ خۆ ئەمە ئەگەرێکی زۆر موومکینە لە تاکتیکەکانی دونیای جەنگدا، چونکە لە ئەزموونەوە

دەرکەوتووە لـە دونیـای جەنگدا بێکۆتـا تاکتیـك هەیـە بـۆ کوشـتنی بەرامبـەری دوژمن، بەڵام کاتێك هیچ ڕێگایەك لەبەردەم کوشـتنی ئـەوی بەرامبـەر نیـە تـەنها تەقاندنــەوەی خــۆم نــەبێت، لێــرەوە ئــەوە لادان لــە یاســای بــاوی شــەڕ و مامەڵەنەکردن بەپێی لۆژیکی شەڕ بەدیار دەکەوێت.

ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین کەسی خۆتەقێنەر لەمکارەییدا بەجیدی پـەیامی ئەوەی هەڵگرتووە کە دەڵێت بۆیە خۆم دەکوژم تاوەکو دوژمن بکوژم بۆ ئـەوەی لـە پـشت ئەمـەدا میللەتەکـەم، حزبەکـەم، گروپەکـەم، حکومەتەکـەم، سـەرفراز بژیت، بەوێنەیەکیتر بۆیە خـۆم گیانفیـدای پێکهاتـە ئینتیمـا بۆکراوەکـەم دەکـەم تـاوەکو ژیـانێکی باشـتریان بـۆ دەسـتەبەر بکـەم، لێـرەوە دەشـێت جۆرێـك لـە خۆهەڵخەڵەتاندنی تێدا بێت، ئەویش کەسی خۆتەقێنەر هەر لە خۆڕا و بە ویـستی خـۆی خـۆی گیانفیـدای میللـەت و حـزب و گروپەکـەی ناکـات تـاوەکو داوای لێنەکرێت، کەواتـە ئـەوەی دەیکـات داوای لێکـراوە بیکـات نـەوەکو هەڵبـژاردەی ویستی خۆی بێـت، جگـە لەمـە دیـسان خۆتەقاندنـەوە بـەهیچ جۆرێـك خۆشـی و ئاسوودەیی لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت نە لەساتی بەکردەوەکردنیدا و نە لەساتەکانی دوای بەکردەوەکردنیش، بۆیە باوەڕکردن بـەوی لـەپاش ئـەم کردەیـەدا ژیـانێکی باشتر بۆ پێکهاتە ئینتیما بۆکراوەکە دەستەبەر دەبێت ئەوە باوەڕێکە لەکردەیی هەڵخەڵەتاندن و لە خـشتەبردنەوە دروسـت بـووە، بـەکورتی مردنـی مـن لـەپێناو نــەمانی تــۆدا کردەیــەك و تــاکتیکێکی زۆر نامــاقووڵ و ناعــەقڵانی بــواری عەسکەرییە.

## پڕۆسەی خۆتەقاندنەوە و کەسی خۆتەقێنەر

ئەگەرچی خۆتەقاندنەوە لە هەر دوو ئاسـتی سیاسـی و سـەربازی کردەیـەکی نالۆژیکی و ناعەقڵانیە، بـەڵام هێـشتا بـە داخوازیـەکانی سیاسـەتکاران و بـەپلان داڕێـژتن و نەخشەکێـشانی عەسـکەرییەکان بـەکردەوە نابێـت، تـاوەکو کەسـی سـادەی خۆتەقێنـەر ئامـادە نـەبێت بـۆ بەئـەنجام گەیانـدنی، ئاشـکرایە ئـەوەی ڕێخۆشکارە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئـەم کـارە، ئـەوەی وا دەکـات خۆتەقاندنـەوە وەکو دیاردەیەك لەنێو واقیعدا ئامادەیی هەبێت، ئەوا بەپلەی سەرەکی سـادەیی

و کاڵفامی کەسی خۆتەقێنەرە، ناهۆشیاری و کورتبینی کەسی سادەییە، ئەم کردەیە گەرچی بەڕێوەبەر و پلان دارێژەر و نەخشەسازی هەبێت، گەرچی ژینگەیەکی لەبار و بارودۆخێکی گونجاوی هەبێت، تاوەکو کەسێك ئامادەیی خۆتەقاندنەوەی نەبێت قەت بەکردەوە ناکرێت، بۆیە خۆتەقاندنەوە چەندە خەتاکەی لە ئەستۆی بەڕێوەبەر و پلان دارێژەرانی دابێت، ئەوا ئەوەندەش لە ئەستۆی کەسی سادەی خۆتەقێنەرە، ئاخر ئەگەر کەسی سادە پرۆسەکە بەرجەستە نەکات چۆن بەئەنجام دەگات، ئەگەر کەسی سادە خۆی نەتەقێنێتەوە خۆتەقاندنەوە چۆن ڕوودەدات.

وتمان کەسی سادە لە پراکتیزەکردنی خۆتەقاندنەوەدا ئەو بیروباوەڕ و عەقیدەیەی هەیە کە پێیوایە ئەوەی دەیکات جیهادکردنە و لە پشتیەوە شەهید دەبێت، بەمەش دەرگای بەهەشتی هەمیشەیی بەڕوویدا ئاوەڵا دەکرێت و ئیدی بۆ ئەبەد لەنێویدا لەگەڵ حۆریەکان دەستلەملانێ دەمێنێتەوە، واتا پێیوایە بەهەشت دەستەبەر دەکات، لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئایا یاسا و ڕێسا و پێوەری جیهادکردن چۆنە، لەبەرامبەر کێدا و لە چ سەرزەمینێك و کاتێك پێویستە بکرێت؟ ئەگەر بەوردی سەیری ڕەهەندە جیاوازەکانی جیهادکردن بکەین و لێیبکۆڵینەوە وەکو ئەوەی لەنێو ئاییندا بوونی هەیە، ئەوا ئەوە بەدیدەکەین ئەم کردەیەی کەسی خۆتەقێنەر دەیکات و بەجیهادکردنی بەستۆتەوە تاڕادەیەکی زۆر یەك ناگرێتەوە لەگەڵ هێڵە گشتیەکانی جیهادکردن و لادانێکی زۆر لێیەوە بەدیدەکرێت، یەکێك لە مەرجەکانی جیهادکردن ئەوەیە لە بەرامبەر دوژمن "بەمانا ئایینیەکەی" دەکرێت، جیهادکردن لە بەرامبەر کەسێك ناکرێت سەر بەهەمان ئاینی کەسی جیهادکار بێت و هەمان ئایین بەشێك لە پێکهاتەی ڕۆحی و مەعنەوی پێکهێنا بێت، هەر وەکو ئەوەی ئیستا ئەندامانی گروپ و پێکهاتە سیاسییە جیاجیاکانی نێو جیهانی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان لە بەرامبەر ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایانە بەئەنجامی دەگەیەنن، کاتێك خۆتەقاندنەوە لە بەرامبەر کەسێکی هاوئاین دەکرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ شوناس و کارکردەکەی لە جیهادکردنەوە بۆ مرۆڤکوژی "قاتیل" دەگۆڕێت، دیارە بەپێی یاسا و حوکمی

هەمان ئاینی کەسی جیهادکار "قاتیل" سزای خۆی هەیە، ئەویش کردنەوەی دەرگای جەهەنەمە بەڕوویدا و سوتانێتی لەنێویدا "جگە لە سزای دونیایی"، نەوەکو کردنەوەی دەرگای بەهەشت و دەستلەملانێی حۆریەکان، سەیرەکەش لێرەدایە سادەیی کەسی خۆتەقێنەر گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی نەزانێت ئەوەی دەیکات جیهادکردنە یا مرۆڤکوژی، چاکەکارییە یا خراپەکاری، ئاخر کەسی سادە مرۆڤکوژیان بۆ ڕازاندۆتەوە و لە شێوەی جیهادکردنیان پێشانداوە، خراپەکاریان بۆ جوانکردووە و ماسکی چاکەکاریان بۆ لەسەر ناوە، کەچی زۆر بێباکانە باوەڕی پێ هەیە و بێئاگایانەش بەرجەستەی دەکات، باشتر وایە کەسی سادە بپرسێت ئەو بەرپرس و سەرکردەیەی بیرۆکەی خۆتەقاندنەوە لەمێشك و دەروونیدا دەچێنێت و داوای ئەنجامدانی خۆتەقاندنەوەی لێدەکات، بۆچی خۆی ئەم کارە پراکتیزە ناکات؟ ئایا سەرکردە و بەرپرسەکان ئەم بەهەشتەیان گەرەك نیە کە لە پشت خۆتەقاندنەوە بەدەست دێت؟ کەواتە یان ئەمە کارێکە بۆ کرینەوەی بەهەشت نییە، یانیش بەهەشتێکیتر بۆ ئەوانی سەرکردە ئامادەیی هەیە جیا لەو بەهەشتەی ئەندامە ناهۆشیارەکە خۆی لەپێناودا دەتەقێنێتەوە، خۆتەقاندنەوە کردەیەکە ئینسانیەتی کەسی خۆتەقێنەر زەربی سفر دەکات و لەگەڵیشیدا جۆرێك پەیوەندی "سەنتەر/ پەراوێز.. خوداوەند/ بەندە" لەنێوان ئەندامان و سەرکردەکانی پێکهاتەکان پیشاندەدات، پرۆسەی خۆتەقاندنەوە مرۆڤ و ژیان بێبەها و کەم نرخ دەکات، بۆیە پێویست بە نەهێشتنی دەکات، بۆ نەهێشتنی ئەم کردە ناماقووڵە مرۆڤکوژە ئەستەمە لە ئێستادا ئەو پێکهاتانەی خۆتەقاندنەوەیان هێناوەتە سەر گۆرەپانی ژیانکردن و سیاسەتی پێدەکەن، تێبگەیەنرێن ئەمەی دەیکەن سەد دەر سەد پرۆسەیەکی ناسیاسی و ناهیومانیە، و باشترێکە " لەپێناو نەمانیدا" بیر لە گۆڕانی بکەنەوە، ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی هیچ گوێیەك لە خزمەتی سەدای دەنگی غەیرەخۆدا ڕاناگرن و هیچ کردەیەکیش بە لۆژیکی نابینن جگە لەوی خۆیان بەئەنجامی دەگەیەنن، هەر بۆیە قسەکردن لەگەڵیاندا بێسوود و بێمەئوایە، لێرەوە بۆ چیدی نەهێشتنی ئەم کردەوەیە ڕووی قسەکردنمان ئاڕاستەی کەسی سادەی خۆتەقێنەر دەکەین و

دواجار لەگەڵ بەختیاردا پێی دەڵێین "هێندە کاڵڤام مەبە ئەی دۆست، وا بزانیت مردنی تۆ گوڵزار دەڕازێنێتەوە .. سەیرکە و ببینە ئەی دۆست، دوای مردنی تۆ ، ژیان هەروەکو خۆیەتی .."

## ئە نجامگیری

لە ئەنجامگیری ئەم وتارەدا ئەوەندە هەیە دەڵێین خۆتەقاندنەوە کە پرۆسەیەکی جیای خۆکوشتنە پرسێك و چالاکیەکی تەواو سیاسییانە و سەربازییانەیە، بەلاّم بە ئاین و فیکری ئاینپەرستی بارگاویکراوە، خۆتەقاندنەوە مەبەستی جیاجیای هەیە، بەلاّم سەرەکیترینیان کوشتنی ئەویتری دوژمن و پێشاندانی هێزی گروپ و پێکهاتە سیاسییەکەیە بۆ ئەندامان و لایەنگرانی خۆی لەلایەك، هەروەها بۆ دەرەوەی دوژمن لەلایەکیتر، ئەم پرۆسەیە بە کەسێك بەئەنجام دەگەیەندرێت کەوا کەسێکی سادە و ناهۆشیارە، هەممی ژیانکردنی نەماوە، هەممی جوانژیانی نەماوە، جگە لەمە بەپرۆسەی مێشك شووشتنەوەدا تێپەڕیووە، خۆتەقاندنەوە پرۆسەیەکی تەواو ناعەقلاّنی و نالۆژیکیە، چونکە دیدێکی ناهیومانی مرۆڤکوژ دایدەڕێژێت و دەخوازێت لەواقیعدا بەئەنجامی بگەیەنێت و بەردەوامیشی پێبدات، خۆتەقاندنەوە دوای ئەوەی بەکردەوە دەکرێت، ئیتر بەچالاکی لێکدەدرێتەوە لەلایەن گروپە جێبەجێکارەکانەوە، بۆیە کاتێك خۆتەقاندنەوە بەچالاکی لێکدەدرێتەوە، ئەوا ژیان یەکسان دەکرێت بە مەرگ و هیچ بایەخێك و بەهایەکی نامێنێت.

**ئەپرالی 2004**



ئەو پرسیارەی پێویستی بە لەخۆکردن هەیە، ئەوەی تێنووی وەڵام و قسە لەسەرکردنە، ئەوەی خوازیاری خوێندنەوە و ڕاڤەکردنە بۆ مەبەستی دیاریکردنی توخمەکان و چۆنیەتی کارلێککردنیان لەنێو هاوکێشەی ئیدارەکراوی پرسەکە، ئەوەی ئەرکە لە داوەتێکی هاوفیکریدا بێتە سەر سفرەی لێتوێژینەوە بە مەبەستی دەستنیشانکردنی فۆرم و جەوهەرەکەی، ئەوەی پێویستی بە ئەنالیزەکردنێکی وردبینانە و واقیعبینانەی دوور لە عاتیفە هەیە بە ئامانجی خستنەڕووی گرێیەکان و دیاریکردنی لایەنە نێگەتیڤە پەیوەندیدارەکانی.. "نەبوونی شوناسی کوردی؟"یە، وەکو ئەتنیکێکی سەر گۆڕەپانی ژیان.

دەکرێت نەبوونی شوناسی کوردی وەکو پرسیارێکی هەڵوەستە ئامێز لە زهنی هەر تاکێکی کوردیدا ئامادەیی بەردەوامی هەبێت، و بۆ مەبەستی دەستکەوتنی وەڵام ڕوو لە کەناڵ و سەرچاوەی جیاجیا بکات، بەڵام دەپرسین ئاخۆ چی وایکردووە ئەم پرسیارە ئامادەییەکی بەردەوامی هەبێت؟ ئایا لە هەستی خۆ بەکەمزانین و بێتوانایی "من" لە بەرامبەر "ئەو"دایە، یا لە ئیهانەکردنە بەردەوامەکانی "من" لێرەو لەوێی نێو گێتیدا سەرچاوەی گرتووە؟ دیسان بۆ چ مەبەستێك تێدەفکرێت؟ ئایا بۆ گۆڕینی شێواز و چۆنیەتی مامەڵەکردنی بەرامبەر لەگەڵیدا، یا بۆ خۆبەهێزکردن و وەڵامدانەوەی سووکایەتییە بەردەوامەکانە؟ بەمانایەکیتر بۆ ئەوەیە جیاوازی لەنێوان خۆی و دەرەوە کورت بکاتەوە و کەلێنەکانیش بە ئەگەری تەسککردنەوە و پڕکردنەوەدا ببات، یا گەرەکیەتی چۆنیەتی نیگاکردنی بەرامبەر بگۆڕێت، و جیهانبینی دەرەوە لە بەپلە دوو و پەراوێزکردنی مرۆڤی کورد بۆ بەپلە یەك و سەنتەرکردنی خۆی بسڕێتەوە؟

بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارەی سەرەوە "نەبوونی شوناسی کوردی؟" پێویست بە وروژاندنی پرسیارگەلێك دەبێت، چونکە ئەمە یارمەتیدەری توانستی قسەکردن و بیرکردنەوە دەبێت لە بابەتەکە، لەوانە ئایا نەبوونی شوناسی کوردی بۆ ونبونی دەگەڕێتەوە یان ونکردنی؟ مەبەست بۆ ونبوونی "ئەو" لە پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، یا ونکردنی "من" لە ئێستای واقیعدا؟ "ئەو" بۆچی

ونیکـردووه یـا نـەیتوانیوە ببێـت بـە خـودان شـوناس؟ هۆکـارە دەرەکـی و ناوەکییـەکانی نێـو واقیعـی مێـژوویی بـۆ ونبـوونی شوناسـی "ئـەو" چـین؟ ئایـا نەبوونی لە پشت بەرنامەیەکی دیراسەکراو و دارێژراوی کۆلۆنیالی دەرەکیەوەیـە؟ یان بـۆ ناشـارەزایی و کـەمی مەعریفـە و توانـایی "ئـەو"؟ بـوونی ئیمپراتۆریەتـە ناوخۆییەکان "عەشیرەت / ناوچـە" و ئایدیای بنەچـەخوازی تاچـەند کاریگـەری لەسـەر نـەبوون و ونکردنـی ناسـنامەدا هـەبووە؟ ئەگـەر ونبـوونی لەپێـشدا و بەدەستی "ئەو" بۆ هەر هۆیەك بگەڕێتەوە، کەواتە ونکردنی بەدەستی "من" لـە ئێستای زەمەنـدا بۆچـی دەگەڕێتـەوە؟ نـەبوونی شـوناس چ پـەروەردەکردنێك و تێفکرینێکـی نامـەعریفی بەرهـەمهێناوە؟ بـەم چەشـنە ئـەم ڕسـتە پرسـیارە بـە ئاراستەی جیاجیا پەیوەستی بابەتەکەن و لەکاتی قسەکردن لەسەریدا پێویـستی بە لەبەرچاوگرتن هەیە.

لەتێڕوانینی مندا نـەبوونی ناسـنامە لـە ڕابـردوو نـەبوونی لـە ئـەمڕۆدا دیـاری دەکات، ونکردنی لە ئەمڕۆشدا هۆی نەبوونییەتی لـە داهـاتوو، یـا بەشـێوەیەکیتر نەبوونی لە ئەمڕۆی واقیعدا لەونکردنی زەمەنێك بەر لە ئێـستا چـاوگەی گرتـووە، نەبوونیـشی لـە داهـاتوودا سەرچـاوەکەی وابەسـتەی ونکردنییـەتی لـە ئێـستای زەمەندا.

گرنگە بڵێین هۆکارەکانی ئێستای ونکردن هەمان هۆکاری ونبوونی ڕابـردووە، چونکە هـەمان هاوکێشە بـە هـەمان توخمەکانیـەوە ئامادەییـان هەیـە، وەلێ لـە ئێـستادا سـتایلی ڕەفتـارکردن و بـەڕێوەبردنی پرسـەکە جیـاوازە و ماسـکێکی سـەردەمی لــە خۆگرتــووە، واتــا بەشــێوەیەکی ســەردەمی پــەیڕەوەی لــە بەڕێوەبردنی پرسەکە دەکرێت و بەردەوامی پێدەدرێت.

بەشـێوەیەکی گـشتی لـەنێو زەمەنـە بەدوایەکـدا هاتووەکانـدا، هاوکێـشەی نەبوونی شوناسی کوردی پەیوەستە بە نێوانە پێوەندی هەریەکە لە توخمـەکانی "تـاك و دەسـەڵاتی کـورد- دەسـەڵاتی غـەیرە کـورد"، مەبەسـت لـە چـۆنیەتی تێفکـرین و جیهـانبینی و ڕەفتـارکردنی هەریەکـە لـە تـاك و دەسـەڵاتی کوردییـە لەگـەڵ یـەکتری، هـەروەها لـە بەرامبـەر غەیرەشـدا، بەپێچەوانەشەوە چـۆنیەتی

تێفکرین و جیهانبینی و ڕەفتارکردنی غەیرەیە لە بەرامبەر نەتــەوە و دەســەڵاتی کورد.

گەر لە سەفەرێکی کورتخایـەن پیاسـەیەك بـەنێو لاپـەڕەکانی مێـژووی گـەلی کورد بکەین، ئەوا بەڕوونی یەك سـتایل بـۆ ئیـدارەکردنی پرسـەکە بەدیدەکـەین، ئـەویش دەسـەڵاتی کـوردی بـەردەوام لـە هـەوڵی بـەهێزکردنی ئیمپراتۆرییەتـە ناوچەییەکان بووە، بـەردەوام لـە زیندووکردنـەوەی ئایـدیا و ڕۆحـی ئەسـڵخوازی "عەشیرەتخوازی — ناوچەخوازی" بووە، لـەپاڵ ئەمەشـدا تـاکی کـورد بـە ڕۆڵـی خۆی پەیڕەوی لەو شێوە ژیانە، لەو شێوە ئینتیماکردنە کـردووە کـە دەسـەڵات خواستوویەتی، لەبەرامبەریشدا دەسەڵاتی غەیرە ئەمەی هەڵقۆزتۆتـەوە و ئیـشی لەسەرکردووە، بەهۆیەوە توانیویـەتی هەرچـی زیـاتر گـەلی کـورد پارچـە پارچـە بکات، سەرەنجام بێبەشی بکات لە شوناسێکی نەتەوەیی.

وتمان دەسـەڵاتی کـوردی بـەردەوام لـە هـەوڵی بـەهێزکردنی ئیمپراتۆرییەتـە ناوچەییەکان بـووە، بـەردەوام لـە زیندووکردنـەوەی ئایـدیاو ڕۆحـی ئەسـڵخوازی "عەشیرەتخوازی — ناوچەخوازی" بووە، لەپاڵ ئەمەشدا تاکی کورد لەبەرئەوەی هەڵگری جۆرێك لـە مەعریفـەی نزمـە، ئاسـتی لێکدانـەوە و بیرکردنـەوەی نزمـە، بینینـەکانی لـە سـنوری کۆمەڵایـەتی و جـوگرافی "عەشـیرەت / ناوچـە" تێپـەڕ ناکات، ناتوانێت ئاسۆی نەتەوە ببینێت، بۆیە بەڕۆڵی خۆی پەیڕەوی لـەو شـێوە ژیانە، لەو شێوە ئینتیماکردنە کردووە، بەڵام ئەمە وەکو زانایانی بواری پۆلەتیکا جەختی لێدەکەن هیچ کاتێك تەبا نایەتـەوە بـۆ بـوونی شوناسـێکی سەرتاسـەری نەتەوەیی، لەبەرئـەوەی شوناسـی پارچـە بـەردەوام ڕێگـرە لەبـەردەم شوناسـی گشت، شوناسی لۆکاڵ بەردەوام ڕێگـرە لەبـەردەم شوناسـی نەتـەوە، ئیـشکردن لـەنێو فـەزای بەشـێك جیـاوازە لـە ئیـشکردنی نێـو فـەزای گـشت، چـالاکی و ئینتیمــاکردن بــۆ "عەشــیرەت / ناوچــە" بەربەســتە لەبــەردەم چــالاکی و ئینتیمـاکردن بـۆ نەتـەوە، بەوێنەیـەکیتر چـۆن ئەبـەد ناتوانـدرێت لـە ڕێگـای ئەندامێکـەوە جەسـتەی کـۆ نمـایش بکرێـت، ئـەوا بـەم شـێوەیەش لـە ڕێگـای "عەشـیرەت / ناوچـە"یەکـەوە ناتوانرێـت نەتەوەیـەك پێنـاس بکرێـت، ئەمـەش

چونکە ئەوی یەکەم دەنگی نزمتر و ڕەنگی کاڵتر و فەزاو ناوچەی بچووکترە لەوی دووەم، هەروەها هێـزی کەمـە و توانـای بەرجەسـتەکردنی خواسـتەکانی تـەواوی نەتەوەیی نییە، بەپێچەوانەی نەتەوە کـە هێـزی زۆرە و دەتوانێـت خواسـتەکانی سەرجەم ناوچە و بەشەکانی نێوی دابین بکات.

بە بۆچوونی من تاوەکو برەو بـە پارچـە "کۆمەڵایـەتی یـا جـوگرافی" بـدرێت، ئەوا زیاتر هەوڵی لێکجیاکردنەوە و لێکهەڵوەشاندنەوەی جەستەی کۆ دەدرێت، و بەرەو گروپ و پارچەی بچووك پەلکێش دەکرێت، ئەمەش مانـای بـەپیرۆزکردن و گرنگکردن و بەهێزکردنی بنەچەیە "عەشیرەت / ناوچە"یە لەسەر حیسابی کـۆی نەتەوە، تاوەکو ئەمەش لە ئـارادا بێـت، ئـەوا شوناسـێکی نەتـەوەیی دەسـتەبەر ناکرێـت. هـەر بۆیـە ئەگـەر سـەیر بکـەین دەبیـنین هـەموو هەوڵدانـەکان، هـەموو یاخیبوون و شۆڕش و ڕاپەرینەکان لە کۆتاییدا پـوچ و بێبەرهـەم دەبـن، چـونکە سروشتێکی بنەچەخوازیان بەسەردا زاڵە.

ئاشـکرایە یـەکێك لـە پایـە هـەرە گرنگـەکانی شـوناس، بـوونی جەسـتەیەکی یــەکگرتووی تۆکمــە و نمایــشکردنیەتی بــەڕووی دەرەوەدا، کــە پێــچەوانەی پەرتبوون و ناوچەیی بوونە، کاتێك لەبەردەم نەبوونی جەسـتەیەکی یـەکگرتوو و تۆکمە دابین، ئەوا بێگومـان لەبـەردەم بـێ شوناسـی نەتـەوەیی دادەبـین، بـەڵام نەبوونی ئەم جۆرە جەستەیە بەپلەی یەك دەگەڕێتەوە بۆ تێفکـرین و دونیـابینی و سـتایلی مامەڵـەکردنی دەسـەڵاتی کـوردی، لێـرەوە ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە کـە دەسەڵاتی کوردی "هەریەکە لە زەمەنی خۆی" بەپلەی سەرەکی بەرپرسیارە لـە نەبوونی شوناسێکی سەرتاسەری نەتەوەیی، دەسەڵاتی کوردی سەرەڕای ئەوەی ئایـدیا و ڕەفتـاری ئەسـڵخوازی "عەشـیرەت / ناوچـە" بەسـەریدا زاڵـە، ئـەوا نەشیتوانیوە بەشێوەیەکی لۆژیکیانـە و عەقڵانیانـە ڕەفتـار و مامەڵـەی سیاسـی بکات لەبەرامبەر دەسەڵاتی غەیرە، کە بـەردوام لـە هـەولێ داگیرکـردن و پارچـە پارچــەکردنی ئــەو وڵاتــەدا بــوون، بــەڵێ زۆر نموونــە لەبەردەســتدایە کــەوا دەیـسەلمێنێت دەسـەڵاتی کـوردی نـەیتوانیوە بـە چـاوێکی واقیعبینانـە سـەیری کێشەکان بکات، و سیاسییانە مامەڵەیان لەتەکدا بکات، و هەنگاوی پڕاکتیکی بۆ

چارەسەرکردنیان بهاوێژێت، ئەمەش بۆ ئـەوەی لـە شوناسـێکی نەتـەوەیی نزیـك بێتەوە، هـەر بۆیـە پارچـە لێکترازاوەکـانی جەسـتەی نەتـەوە "کـۆ" لـەنێو یـەك هەیکەلـدا بـۆی کۆنەکراوەتـەوە، بەپێـچەوانەوە دەسـەڵاتی غـەیرە "کۆلۆنیـالی دەرەکی یا نەتەوەی سەردەست" لەتوانایدا بووە و هەرچی زیـاتریش لـە هـەوڵی بەردەوام لێکهەڵوەشاندنەوە و پارچە پارچەکردنی جەستەی نەتەوە"کۆ"بووە.

ئـەوەی لێـرەدا دەمـەوێت قـسەی لەسـەر بکـەم ونبـوونی ناسـنامە نییـە لـە زەمەنێك بەر لە ئەمڕۆدا، بەڵکو ونکردنیەتی لە ئێستای واقیعدا.

ئەگەر لە هاوکێشەی نەبوونی شوناسێکی نەتەوەیی لـە ڕابـردوودا دەسـەڵاتی کوردی ڕۆڵی گەورەی گێڕا بێت، بەمانایەکیتر نەبوونی شوناسێکی سەرتاسەری و نەتەوەیی لە ڕابردوودا، بەپلەیەکی سەرەکی بـۆ کـەمی مەعریفـە و کـورتبینی، و ناشـارەزایی لـە مامەڵـەکردن، و بێتوانـایی لـە هـەنگاونانی دەسـەڵاتی کـوردی بگێڕینەوە، واتا بەپلەی سەرەکی دەسەڵات بەرپرسیار بکەین، ئـەوا لـە ئێـستای زەمەندا پرسـەکە بـەم جـۆرە نییـە، بـەڵکو لـە پـاڵ دەسـەڵاتی کوردیـدا تـاکیش هاوئاهەنگ دێتـەوە، و لەسـەر خـوانی هـەمان سـفرەدا ئامـادەیی هەیـە، واتـا لـە ئێـستای واقیعـدا تـاك وەکـو فاکتـەرێکی بەرچـاو ڕۆڵ دەگێڕێـت لـە ونکردنـی شوناسدا، کەواتـە جیـاوازی نێـوان هـەر دوو زەمەنەکـە لەوەدایـە، ئـەوی یەکـەم دەسەڵاتی کوردی ڕۆڵی سـەرەکی تیـا دەگێڕێت، بـەڵام لـەوەی دووەمـدا لـەپاڵ ئەمانـەدا تـاك ڕۆڵ دەگێڕێـت، بـە لەبەرچـاوگرتنی بـوونی دەسـەڵاتی کۆلۆنیـالی دەرەکی لە هەردوو زەمەنەکەدا.

یەکێك لە جیاوازیـە هـەر بنەڕەتیـەکانی ئـەو دوو زەمەنـە ئەوەیـە مەعریفـەی دەسەڵاتی کوردی و تاکەکانی کۆمەڵگا تیایاندا جیاوازە، لە زەمەنی یەکەمدا ئـەو ئەتمۆسفێرە کۆمەڵایەتی و سیاسییە، ئەو مەعریفـە بـاوەی لـە کۆمـەڵگادا هەیـە، تاڕادەیەکی بەرچاو ئاستی نزمە، هەر بۆیە هەڵوەستەنەکردن لە بەرامبـەر پرسـی خۆگێڕانەوە بۆ بنەچە شتێکی تاڕادەیەك ئاسایی دەبێت، بـەڵام لـە ئێستادا ئـەو ئەتمۆسفێرە کۆمەڵایەتی و سیاسیە، ئەو مەعریفە باوەی لـە کۆمـەڵگا ئامادەیـە، ئاستێکی بەرزتری هەیە، هۆشیاری تاك لـە ئێـستادا زیـاترە، هـەروەها بەشـێکی

تاکەکانی کۆمەڵگا هۆکاری نەبوونی شوناسێکی نەتەوەی دەزانێت، دەزانێت خۆگێڕانەوە بۆ بنەچە، یا بنەچەپەرستی یەکێك لەسەرەکیترین هۆکارەکانی نەبونی شوناسی سەرتاسەری نەتەوەیی، سەرەڕای ئەمەش ئەگەر سەیر بکەین دەبینین"من"ی کوردی لە ئێستادا بەشێوەیەکی بەرچاو پەیڕەوی لە براکسیسکردنی ئەو پرسە دەکات، و جیاوازیەکی ئەو تۆی نییە لەگەڵ "ئەو"ی پێشتر، بەڵێ تاکی کوردی لە ئێستادا لەبڕی ئەوەی ئینتیما بۆ نەتەوە بکات، ئەوا ئینتیما بۆ بنەچە "عەشیرەت / ناوچە" دەکات، لە کاتێکدا دەزانین ئینتیماکردن بۆ بنەچە "عەشیرەت/ ناوچە" ڕێگرە لەبەردەم ئینتیماکردن بۆ نەتەوە، بەمەش شوناسی نەتەوەیی لەبەرجەستەبووندا نزیك نابێتەوە، چونکە ئەو کاتە شوناسی نەتەوەی ئەگەری بەرجەستەکردنی دەبێت کە تاك ئینتیمای بۆ نەتەوە لە ئینتیمای بۆ بنەچە "عەشیرەت / ناوچە" بە گرنگتر بزانێت، بەڵام لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدا، ئایا تاك هەر لەخۆیەوە ئینتیما بۆ"عەشیرەت / ناوچە" دەکات، یا فەلسەفەیەك و پاڵپشتێکی هزری و پرۆگرامێکی دیراسەکراو لەپشت ئەم جیهانبینی و ڕەفتارکردنەوە ئامادەیی هەیە؟

لە ڕاستیدا "من" لە هاوکێشەی ئیدارەکراوی ئەم کردەیەدا ڕێژەیەکی بەرچاوی بیرکردنەوەی بەردەکەوێت، بەڵام ڕێژەیەکی زۆرینە بۆ دەسەڵات و ویستەکانی دەگەڕێتەوە، بەمانایەکیتر ئەوەنییە تاك بۆخۆی و بەتەنها بیر لەم کردەیە بکاتەوە، بەڵکو دەسەڵاتیش هەوڵدەدات بەردەوامی بەو جیهانبینیە و ڕەفتارەکردنە بدات، بۆ ئەم مەبەستەش بە ڕێگاو شێوازی جیاجیا هەولێداوە، بۆ نموونە گرنگیدان بە دیوەخانەی عەشیرەت و خێڵەکان، بە سەرۆك خێڵەکان، بەو کەسانەی کە کوڕی دیوەخانەکانن و ئیبرازکردنیان لەنێو دامودەزگاکانی دەوڵەت وەکو حکومەت و پەرلەمان...هتد، هەروەها بەکارهێنانی ڕاگەیاندنەکانی بۆ ئەو مەبەستە.

لەبەرئەوەی دەسەڵات هەرچی زیاتر لە خواستی مۆنۆپۆلکردنی تاك و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەیدایە، لە خواستی درێژکردنەوەی زەمەنی دەسەڵاتکردنیدایە، دیسان لەبەرئەوەی بەرجەستەکردنی خواستەکەی لە

ئەتمۆسفێرێکدا ئاسان دەبێت کە ئەم شێوازی بیرکردنەوە و دونیابینە تیایدا باو بێت، بۆیە دەسەڵات بە ڕۆڵی خۆی ئیش بۆ ئامادەبوون و بەردەوامبوونی ئەم ئەتمۆسفێرە دەکات، دەرگای ئەم ستایلی بیرکردنەوەیە لە هزری تاك دەکاتەوە و بەئاقارەکانیدا ئاراستەی دەکات، بۆ ئەمەش بەکارهێنانی میدیاکانی باشترین ئامراز دەبێت، ئەوەتا بۆ وێنە لە پرۆگرامە ناگۆڕکێیەکان و داخوازییەکانی نێو ڕادیۆ و "T.V" یەکان بەزەقی ئەم پرسە بەدیدەکرێت، دەبینین ڕێژەیەکی ئێکجار زۆری بەشداربووان لەپاڵ ناوی خۆیدا ناوی ئەسڵ "عەشیرەت / ناوچە" دەهێنێت.

بە بۆچونی من ئەوە دەسەڵاتە لە پشت سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە وەستاوە، ئەوە دەسەڵاتە برەو بەو ستایلی بیرکردنەوە و دونیابینیە دەدات، دەخوازێت تاك بە هەموو شێوەیەکیش خۆی وابەستەی بنەچە "عەشیرەت / ناوچە" بکات و تاکانەیی خۆی لە بیر بکات، و کێشەی بنەچە بە کێشەی خۆی بزانێت و بەرگری لێ بکات و بۆ بەرژەوەندییەکانی ئیش بکات.

لێرەوە دەسەڵاتی مۆدێرن "وەکو ڕێکلامی بۆ دەکەن" ڕووپۆشەکەی دەدرێت و بەشێوەی ڕاستەقینەی خۆی دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی ئەسڵخوازە و لەسەر بنەمای ئەسڵخوازییەوە هاتۆتەبوون، بەپێی ئەو ئەخلاق و بەها و نۆرم و پرنسیپانەش ڕەفتار دەکات کە وابەستەی ئەسڵخوازیە، ئایدیای ئەسڵخوازی لە بنەمادا ئایدیایەکە دژی ئیرادەگەرایی و تاکگەرایی مرۆڤە، ئایدیایەکە ناتوانێت جیاوازی و تاکانەیی مرۆڤ قبوڵ بکات، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی نوێکردنەوەی پێوەندیە سروشتییەکان دەدات و دەیەوێ جارێکیتر ڕۆحیان بەبەردا بکات. بەشێوەکیتر لەبەرئەوەی دەسەڵات ناتوانێت جیاوازییەك قبوڵ بکات کە لەسەر بنەمای مەعریفە و عەقڵ و لۆژیکی تاکگەرایی بونیادنرا بێت، دیسان لەبەرئەوەی نایەوێت خۆی وا پیشان بدات کە قبوڵی تاکگەرایی و جیاوازی نییە، بۆیە هەوڵدەدات جیاوازییەکان لە سروشتێکی تاکگەرایی عەقلانیی بگوازێتەوە بۆ سروشتێکی سروشتی و بنەچەیی"خزمەگەرایی و ناوچەگەرایی"، واتا جیاوازیەکان لە ئیرادەیی

تاکگەراییەوە بۆ ئەسڵخوازی بگوازێتەوە، لێرەدا دەسەڵات دەیەوێت تـاك هەسـت بە جیاوازی بکات لەگەڵ ئەویتری غەیرەدا، بەڵام ئـەم هەسـتکردن بـە جیاوازییـە لەسـەر بنـەمای ئەسـڵخوازییەوە بێـت، نـەوەکو لەسـەر بنـەمای مەعریفـە و عەقڵانیەتی تاکگەرایی، بەمەش ویستی دەسـەڵاتی ئەسـڵخواز مەیسەر دەبێت، چـونکە ئەتمۆسـفێرێك لـەئارا دەبێـت کـە تیایـدا بـە ئاسـانی دەتوانێـت تـاك مۆنۆپۆلیزە بکات و لە خزمەتی خۆیدا بەکاری بهێنێت.

هەنـدێك لـە کۆمەڵناسـان جـەخت لـەوە دەکـەن کـەوا لـە کۆمـەڵگا سەرەتاییەکاندا، یا لە شێوە ژیانی سەرەتاییانەدا پەیوەستبوونی تاك بـە ئەسـڵ "بەتایبەتی خێڵ" سروشتێکی تێپەڕی کاتی نییـە، بـەڵکو سروشـتێکی ڕۆحـی و درێژخایەنە و لەسەر بنەمای خوێن و خزمگـەرایی هاتۆتـەبوون، بۆیـە هەرچـەندە تاك لە هەوڵی خۆدوورگرتنەوە بێت، لـە هـەوڵی پـچراندنی ئـەو پەیوەندیـە بێـت، ئەوا دواجار بەهۆی جیاجیا و لـە ڕێگـای کـەناڵی جیاجیـا سـەر لـە نـوێ پێـوەی دەلکێتەوە، ئیدی بە ناچاری لەنێو یەك دیوەخاندا کۆدەبنەوە، ئەمەش دوورە لە هەر پەیوەستبوونێکی ئیرادەیی و عـەقڵانی تاکگـەرایی. ئەمـە تاکانـەیی لـە تـاك دەسـێنێتەوە و بـەرەو دیوەخـان ڕاپێـچی دەکـات، لـە کاراکتـەرێکی ئیرادەگـەر بەرەو کاراکتەرێکی بێئیرادەی دەبات.

ئـەم پێوەسـتبوونە سروشـتیە مەبەسـتی دەسـەڵات بەرجەسـتە دەکـات، چونکە بەمەدا تاکێکی ناهۆشیار ئامادە دەبێت، ناتوانێت وەکـو پێویسـت دەرك بە دونیـای دەوروبـەر بکـات، تاکێـك تاکانـەیی خـۆی لەدەسـت دەدات، دەنـگ و ڕەنگی خۆی نوقمی نێو دەنگ و ڕەنگی کۆ دەکات، کۆیانە دەژییێت، پاشکۆییانە دەژییێـت، تـەنها بـیر لـە چـۆنیەتی پراکتیزەکردنـی بڕیارەکـانی سـەروو "دیوەخانەکان" دەکات، بەهەموو ئەمانەش ئەسڵ تارمایی ئاسـا بەسـەر سـەری تاکدا دەبێت، و لەبەرانبەریشدا تاك ناتوانێت خۆی لە ژێر سێبەریدا دەرباز بکـات و تەوتەمیانـە هـەموو کردەیـەکی لـەپێناو دەسـەڵاتی پـیرۆزدا دەبێـت. بـەڵام ئامادەیی تاکی لەمجۆرە ڕێگرە لەبەردەم دەستەبەرکردنی شوناسی نەتەوەیی.

لەبەرئەوەی کۆنترۆڵکردنی تاکێك کە هەڵگری مەعریفەیەکی باڵایە و بارگاویـە بەهزری تاکگەرایی قورسترە لـە یـەکێك کـە پاشـکۆیی سـەرانی دیوەخـان بێـت،

لەبەرئەوەی دەستەمۆکردنی تاکێکی چاوکراوەی ڕۆشنبیر قورسترە لە یەکێکی کورتبینی ناڕۆشنبیر، بۆیە دەسەڵاتی کوردی هەوڵی گێڕانەوەی تاك بۆ بنەچە دەدات، یا ئەو ئەتمۆسفێرە خۆش دەکات کە تیایدا تاك خۆی بۆ بنەچە دەگێڕێتەوە، چونکە بەمە تاکێکی لە جۆری دووەم ئامادەبێت، تاکێکی ناڕۆشنبیر و چاونەکراوە، ئەوەی کۆنترۆڵکردنی ئاسانە، ئەمە لەسەرێکدا کەچی لەسەرێکیتردا بەمە دەتوانێت لە ڕێگای کڕینی دەنگی سەرۆك خێڵێك یان گەورەی ناوچەیەك، دەنگ و هێزی چەند هەزار کەسێك بکڕێت و وەکو شەڕکارێکی ئامادە لە خۆی کۆبکاتەوە، پشتی خۆی پێ ئەستوور بکات و لە کاتی پێویستدا بەکاریان بهێنێت. ئەو شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتکردنەی دەسەڵات لەلایەك، ئەو خۆ بەپاشکۆکردنەی تاك بۆ کاراکتەری سەرووی دیوەخان لەلاکەیتر، وایکردووە بەردەوام کۆی چەند هەزار دەنگێك لەسەر قەپان و تەرازووی نێو ماڵ و دیوەخانی سەرۆك خێڵەکان لە مامەڵەکردندا بێت و لەگەڵ خواردنەوەی هەر چایەك بەجۆرێك بکڕدرێ و بفرۆشرێ.

کێشەکە لێرەوە دەست پێدەکات کە تاك وەکو دەستێك ئینتیما بۆ سەرێك دەکات، بەڵام ئەوی دووەم بە هیچ شێوەیەك ئیعتیباری بۆ دانانێت و لەبەرچاوی ناگرێت، بگرە بەردەوام لە ڕێگای کەناڵی جیاجیا ڕەوانەی نێو شەڕ و ئاگری دەکات و بە کوشتی دەدەات، لێرەوە خۆگێڕانەوە بۆ ئەسڵ تا سەر ئێسقان سلبی دەکەوێتەوە، چونکە لەسەرێکدا تاکانەیی لە دەست دەدات، لە سەرەکیتردا بۆ واقیعی پارچەیی‌بوون و ناوچەیی‌بوون دەچێت، کە لەبنەچەدا هۆکارێك و فاکتەرێکی نەبوون و ونکردنی شوناسی نەتەوەییە.

با ئەوە لەیاد نەکەین خۆگێڕانەوەی تاك بۆ بنەچە هەر تەنها پێوەستە نییە بەخواستی دەسەڵات، یا بەوەی تاك هەڵگری مەعریفەیەکی کەم و ڕۆشنبیریەکی لاوازە، بەڵکو لە سەرێکیتردا خۆگێڕانەوە و وابەستەبوون بە بنەچە "عەشیرەت / ناوچە" دەگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی و لاوازی کەسایەتی تاکەکە، لەبەرئەوەی تاکێکە هەست بە بێهێزی دەکات بەرامبەر جیهانی دەرەوە، پێیوایە بەمە هێزێك بەرجەستە دەکات، دواجار ئەمەش بەکاردەهێنێت بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی و ئارەزووەکانی.

لەبەرئەوەی هەر جۆرێکی بنەچە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، خاوەنی موقەدەساتی خۆیەتی، دیسان لەبەرئەوەی نزیکبوونەوە و دەست بۆ بردنیان بە هیچ شێوەیەك قبوڵ ناکرێت، بۆیە بارگاویکردنی تاك بە ئایدیای ئەسڵپەرستی بەردەوام کۆمەڵگا لە ئەگەری شەڕی غەیرەخۆکان دەبێت، ئەمە واتا بوونی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی گونجاو بۆ بەدوژمن سەیرکردنی یەکتر، بەمەش ئەگەری بەریەککەوتن و بەیەکدادان و سڕینەوەی یەکتر لە ئارادا دەبێت، کە ئەمەش گرفتی گەورەی بەردەم شوناسی نەتەوەییە.

ئەو پەیوەندییە تۆکمە و تۆڕئامێزەی نێوان تاك و بنەچە پتەوتر دەبێت لە کاتی بەریەککەوتن و پێکدادانی دوو تاکی سەر بە دوو بنەچەی جیاواز، هەر ئەمە وایکردووە بچووکترین پێکدادان بگوازرێتەوە بۆ پێکدادانی ئەسڵەکان"عەشیرەت / ناوچە"، و دواتر تەرجەمەی دوو سەنگەر بکرێت، کە ئەمە مەبەستی سەرەکی دیراسەکراو و بەرنامە بۆ دارێژراوی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی دەرەکیە.

کۆمیدیای دیاردەی خۆگێڕانەوە بۆ بنەچە لەوێوە دەستپێدەکات، کاتێك دەبینیت زۆربەی هونەرمەند و شاعیر و بەشێکی نووسەرانیش بەهەمان شێوە پەیڕەوی لە براکسیسکردنی پرسەکە دەکەن و بەکردەیەکی ئاسایی دەبینن، سەیرە لەو کۆمەڵگایەی ئێمەدا نووسەر و موفەکیر و بژاردەی ڕۆشنبیریش بەر ئەو دیاردەیە کەوتوون، لە کۆمەڵگای ئێمەدا نووسەرگەلێك هەیە باسی پرسەکانی تاکگەرایی و عەقلانیەت و هاونیشتمانیبوون و چەندین پرسی لەو جۆرە دەکات کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەستن بە پرسی شوناسی نەتەوەیی، کەچی ئەگەر زەین بدەین دەبینین لە پاڵ ناوەکەی خۆیدا یەکسەر ناوی عەشیرەتەکەی یا خێڵەکەی یا ناوچەکەی نووسراوە، ئەگەر قسە بێتە سەر عەشیرەتەکەی یا ناوچەکەی "زێدگاکەی" یەکسەر تووشی هێستریا دەبێت.

دیسان ئەمە نامۆ نییە بەئاوەز و ئاکاری سیاسییە مۆدێرنەکان، پرسی خۆگێڕانەوە بۆ بنەچە لە ئێستادا مۆدێکی سیاسەتکردنە، سیاسیەکان مەبەستدارانە بەکاریدەهێنن بۆ پەیداکردنی نفوز، ئەوان بە خۆگێڕیانەوە بۆ

بنەچە گەرەکیانە سۆزی هـاو بنەچـەکان ڕابکێـشن، وایـان لێبکـەن لـە خۆیـان و پارتەکانیان کۆ بکەنەوە، بەڵام لەو کاتـەی مەبەسـت لـە خۆگێڕانـەوە بـۆ بنەچـە کۆکردنەوەی ئەندامانی هاو بنەچە بێت، ئەوا دەکرێت لە هەمانکاتـدا پێـچەوانەی مەبەست بکەوێتـەوە، بەمانایـەکیتر ئەگـەر ئامـانجی خۆگێڕانـەوەی سیاسـیەکان نفوز پەیداکردن بێت، ئەوا دەشێت لە هەمانکاتدا نفوز لـە دەسـتدان بێتـەئاراوە، چونکە بەم کردەیە تاکی بنەچەیەك "عەشیرەتێك / ناوچـەیەك" لەسـەر ئـەوانیتر فەرز و بە بەهاو بەنرختر دەکرێت، ئەمەش هەزمکردنی ئاستەم دەبێت و دواجـار پارچەیی بوونی زیاتری لێدەکەوێتەوە.

وتمان لەونکردنی شوناسی نەتەوەیی لە ئێستادا، دەسەڵاتی کوردی شـان بـە شـانی تـاکی کـوردی ڕۆڵـی گـەورە دەگێڕێـت، ئـەوان دەبنـە دووتـوخمی گرنگـی هاوکێشەی نەبوونی شوونانسی نەتەوەی، کە پرسـیاری سـەرەکی ئـەو بابەتەیـە، بـەبێ لـەبیرکردنی ئامـادەیی دەسـەڵاتی کۆلۆنیـالی دەرەکـی یـا نەتـەوەی سەردەست، ئەویش بە ڕۆڵی خۆی بە درێژایی مێژوو ئیشی بۆ ئەم جـۆرە واقیعـە کردووە، خۆراکی بەم جۆرە بیرکردنەوەیە داوە، لەسەر بنەمای بنەچـە مامەڵـەی لەگەڵ کورد کردووە، هەولێداوە تاکەکانی کورد خۆیان بـۆ بنەچـە "عەشـیرەت / ناوچە" بگێڕنـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەولێـداوە زیـاتر لـە بنەچـەیەك لـە کایـەی بەڕێوەبردن و سیاسەتکردندا ئامـادەیی هـەبێت، تـاوەکو ئـەو بنەچـانە هێنـدەی خـەریکی یـەکترین، قـەت ئەوەنـدە بـیر لـە شوناسـێکی نەتـەوەیی سەرتاسـەری نەکەنەوە، دروسـتکردنی کێـشەیەکی نـاوەکی لـەنێوان ئەسـڵەکان "عەشـیرەت / ناوچـە" بەسـە بـۆ ئـەوەی چیدی ئـەوان بـیر لـە پرسـی شوناسـی نەتـەوەیی و یەکگرتووی نەکەنەوە، تەنها خەریکی کێشەکەی نێوانیـان بـن، دیـارە دەسـەڵاتە غـەیرەکانیش دەسـتێکی باڵایـان هـەبووە لـە نانـەوەی کێـشە لـەنێوان بنەچـە ناچۆنیەکانی کۆمەڵگای کوردی، و لە پشت هـەر یەکێکیانـەوە شـەڕ و کوشـتن و دووبەرەکی نراونەتـەوە، لەمێژووشـدا زۆر نمونـە هەیـە بـۆ ئـەم سـەلماندنی ئـەم قسەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەم پرسە تاکەی بەردەوام دەبێت؟ چۆن دەتوانین ئاراسـتەی ئـەم پرسـە بگـۆڕین؟ چـۆن دەتـوانین لـە ئەگـەری دەسـتەبەرکردنی شوناسی نەتەوەیی نزیك بینەوە؟.

له تێروانینی منەوە دەستەبەرکردنی شوناسی نەتـەوەیی پێویـستی بـەبوونی تـاکێکی ئـازاد هەیـە، تاکێـك ڕزگـاری بـوو بێـت لـە پەیوەندییـە بنەچـەییەکان، یاچــەقی قوڕســایی پەیوەندیــەکانی لەســەر بنــەمای خــوێن و خزمگــەرایی و ناوچەگەرایی نەبێت، تاکێك ئیرادەی هەبێت له بڕیـاردان و هەڵبـژاردنی شـتەکانی دەوروبەر، شوناسی نەتەوەیی پێویستی بـە تاکێـك دەبێـت چـیتر قبـوڵی نـەبێت دەستکاری ژیانی تاکانەیی بکرێت و تاکگەرایی لێزەوت بکرێت، تاکێك جەسـتەی له خزمەتی دەسـتەبەرکردنی ئـارەزوو و پێداویـستیەکانی خـۆی ئـیش پێبکـات، شوناسی نەتەوەیی پێویستی به تاکێك دەبێت هەڵگری مەعریفەیـەکی بـاڵا بێـت، چـیتر هەوڵنــەدات بـەهۆی ئینتیمـا سروشـتیەکانیەوە جەسـتەی نەتـەوە پارچـە بکات. تاکێك هەست بەمەترسیەکانی دەوروبەر بکات و لەبەرامبەریان هەڵوەسـتە بکات.

دەســتەبەرکردنی شوناســی کــوردی پێویــستی بــە دەســەڵاتێك دەبێــت چــیتر هەوڵنــەدات تاکانــەیی لــە تــاك بــسێنێتەوە و دەســتەمۆی بکــات، دەســەڵاتێك دونیابینەکـەی ئـەوە نـەبێت تـاك بـۆ بنەچـە بگێڕێتـەوە، یـا بیرۆکـەی جیـاوازیی سروشتی لە جێگای جیـاوازیی عـەقڵانی و تاکگـەرایی دابنێـت، دەسـەڵاتێك تـاك بێئیرادە نەکات لە بڕیاردان و هەڵبژاردنی شتەکانی دەوروبەری، شوناسی کوردی پێویــستی بــە دەســەڵاتێك دەبێــت دەســتکاری ژیــانی تاکەنــەیی تــاك نــەکات و تاکگــەریی لێــزەوت نــەکات، ڕێگــر نــەبێت لــەوەی تــاك جەســتەی لــە خزمــەتی دەســتەبەرکردنی ئــارەزوو و پێداویــستیەکانی خــۆی ئــیش پێبکــات، شوناســی نەتەوەی پێویستی بە دەسەڵاتێك دەبێت هەڵگری مەعریفەیەکی باڵا، بێـت چـیتر هەوڵنــەدات بــەهۆی ئــەو جــۆرە لــە ئینتیمایــە جەســتەی نەتــەوە پارچــە بکــات، دەسەڵاتێك هەست بەمەترسیەکانی دەوروبەر بکات و لە بەرامبــەریان هەڵوەسـتە بکــات، سیاســەتێکی عــەقڵانی پــەیڕە و بکــات بــۆ دەســتەبەرکردنی شوناســی نەتەوەیی.

دیسان دەستەبەرکردنی شوناسی کوردی پێویستی بەداڕشـتن و بوونیادنـانی پەیوەندیــەکی جیــاواز هەیــە لــەنێوان "دەســەڵات و تــاك"، بــەجۆرێك نێوانــە

پەیوەندیەکی پۆزەتیڤ بێت و لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر بێت، پەیوەندیەکی عەقلانی و لۆژیکی و هیومانی بێت، پەیوەندی دەسەلات و هاونیشتمانی بێت، نەوەکو نێوانە پەیوەندیەکی "خودا / بەندە".

دەستەبەرکردنی شوناسی نەتەوەیی پێویستی بەوە دەبێت هەر دووانەی دەسەلات و تاك بەبینینەکانی خۆیاندا بچنەوە لە بەرامبەر یەکتری، تاك کێشەکان بە کێشەی خۆی بزانێت، دەسەلاتیش بزانێت هەر تەنها ئەو نییە بڕیار لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دونیای کۆمەلگا دەدات، تاك ئامادەبێت لە خزمەتی نەتەوەدا کار بکات، دەسەلاتیش پرس بە تاك بکات و لە بەرامبەر پرسەکاندا ڕاو بۆچوونی بەهەند بزانێت، واتا هەستێکی هاوبەشی هاونەتەوەیی لەنێوان تاك و دەسەلات دروست بێت، هەردووانەیان کار بکەن لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا، بەرگری لە ولات و نەتەوە بکەن لە بەرامبەر دوژمنە هەمیشەییەکانی نەتەوە.

ئەگەر قەرارە لە ئێستادا لەبەر بەهێزی دوژمنەکان نەتوانین شوناسێکی سەرتاسەری نەتەوەیی دەستەبەر بکەین، ئەوا خۆ لە تواناماندا هەیە ئەو ڕەفتار و دیاردانە بە ئەگەری نەهێشتن داببەین کە دوورمان دەخەنەوە لە دەستەبەرکردنی شوناسی نەتەوەیی، خۆ لە تواناماندا هەیە دیاردەی دزێوی لە چەشنی خۆگێڕانەوە بۆ بنەچە بە ئەگەری نەهێشتندا ببەین، بەمەبەستی هەنگاونان بەرەو شوناسێکی نەتەوەیی کوردی چیدی بیر لە پەرتبوون و ناوچەیی بوون نەکەینەوە و هەولی کۆکردنەوەی پارچە لێکترازاوەکانی جەستەی کۆ بدەین، ئەو ڕەفتارانە بکەین کەوا لە دەستەبەرکردنی شوناسێکی نەتەوەی نزیکمان دەکەنەوە.

**مارسی 2001**




**حکومەتی ساوا... ساوایی حکومەت**

قۆناغ ئەو وێستگە زەمەن و سنوور هەڵگرە دیاریکراوەیە کە پێکهاتەیەکی زیندوو لە ڕەوتی ژیانکردنیدا خۆی پێدا دەکات و ماوەیەك لەنێوی دەمێنێتەوە، یا بەوێنەیەکیتر قۆناغ ئەو ماڵەیە کە بوونێکی زیندوو لە زەمەنێکی پەیوەستدا دەچێتە نێوی، خۆی پێبارگاوی دەکات و شوناسی لێوەردەگرێت. هەر پێکهاتەیەك و بوونێکی زیندوو لە مەودای ڕۆح لەبەربوونیدا بە چەندین قۆناغ تێپەڕ دەبێت، هەر قۆناغێکیش خاوەنی تایبەتمەندی و سیفاتگەلی سەربەخۆیە و لەگەڵ ئەوانیتردا جیاوازی هەیە.

هەر پێکهاتەیەك لە سەرەتای دەرکەوتنیدا بە ناچاری قۆناغی "ساوا"یی ئەزموون دەکات، دواتر لەگەڵ گەشەسەندن و گەورەبوونی لە هەموو ڕوویەکەوە، ئیدی براکسیسکردنی قۆناغەکانیتر سەرەیان دێت، هەر قۆناغێکیش کە دێت هەم لە جەوهەر و هەمیش لە ڕووخساردا پەیوەستی هەمان پێکهاتە، بەڵام لە زەمەن و سەردەم و بارودۆخی جیاجیادایە، و بەشێواز و شکڵی جیاجیاش ئەزموونی زیندوویی خۆی پەیڕەو دەکات. قۆناغ پانتاییەك و زەمینەیەکی دیاریکراوی هەیە، بارودۆخ و ژینگەیەکی تایبەتی هەیە، ئەمانەش هاو وێنەی دایك بەشێوەی جیاجیا و بۆ مەبەستی جیاجیا خۆراك بە قۆناغ و سیستەمی زاڵی نێوی دەبەخشێت، لە هەر قۆناغێکدا بارودۆخ و ژینگە کاریگەری هەیە لەسەر چۆنیەتی و چەندێتی و چیەتی ڕوودانی گۆڕانکاریەکانی پێکهاتە، بارودۆخ و ژینگە فاکتەری یارمەتیدەری گەورەبوون و گەشەسەندن و ئامادەکردنی قۆناغێکە بۆ یەکێکیتر، لە هەمانکاتیشدا بارودۆخ و ژینگە لە توانایدا هەیە نەهێڵێت پێکهاتە گەشە بکات و گەورە بێت و بچێتە قۆناغێکی باڵاتر، لێرەوە هیچ قۆناغێك مۆدێلی هاتنی یا کاتی براکسیسکردنی لەسەرزەمینی واقیعدا نایەت، تاوەکو قۆناغی پێش خۆی وەکو یارمەتیدەرێك و ڕێخۆشکارێك لە زۆربەی ڕەهەند و لایەنی پەیوەستدارەوە ڕێگای هاتنی بۆ خۆش نەکات و فەزاکەی بۆ لەبار نەکات، ئەم قسەیە بۆ خودی قۆناغی سەرەتا "ساوا"ش هەر ڕاستە، چونکە ئەویش لە خۆڕا و بەبێ هۆکار و فاکتەری یارمەتیدەر و بەبێ ئامادەبوونی ژینگەیەکی لەبار و زەمینەیەکی گونجاو نایەتەبوون.

یەکێك لە خەسڵەتەکانی قۆناغ ئەوەیە لـە حاڵـەتێکی وەسـتاو و چەقبەسـتوو دانیە، بەڵکو بەردەوام لە ئەگەری گۆڕاندایە، گۆڕانکاریەکانیش وابەستەی مـاددە "کارلێککردوو – بەرهەمهاتوو"ەکانی هاوکێشەی گۆڕانکاری هێنەکانی نێویـەتی، وابەسـتەی هێـزە ئـەکتیڤ و پاسـیڤە جۆراوجـۆر گۆڕانکـاری هێنـە نـاوەکی و دەرەکیەکانیەتی، خێـرای و هێواشـی گۆڕانکاریـەکان هاوشـێوە و چۆنیەك نـین، بـەڵکو لـە قۆناغێکـەوە بـۆ یـەکێکیتر دەگۆڕێـت، دەشـێت قۆناغێـك بـەهۆی لەباربوونی ژینگـە و بـارودۆخ، بـەهۆی وەرگرتنـی خـۆراکی پێویـست و نـەبوونی کێشە و گرفتی جۆراوجۆر لەنێو سیستەمی پەیوەستدا زووتر پێبگرێـت، بەمـەش بە خێرایی ئەم قۆناغە ببڕێت و بچێتە نێـو قۆنـاغێکی دواتـر، بەپێـچەوانەشەوە دەشێت قۆناغێـك بـەهۆی نالـەباربوونی ژینگـە و بـارودۆخ، بـەهۆی وەرنـەگرتنی خۆراکی پێویـست و بـوونی چـەندین کێـشە و گرفـت و قـەیرانی جیاجیـا لـە نێـو سیستەمی پەیوەستدا درەنگتر پێبگرێت، بەمەش لەسەرەخۆ ئەم قۆناغـە ببڕێـت و بچێتە نێو قۆناغی دواتر، بەڵام مەرج نییە پێکهاتە بەردەوام بەرەوپێش بـچێت یـا قۆناغـەکانی بـەرەو گـەورەبوون و گەشەسـەندن و بـەهێزبوونی ببـات، بـەڵکو هەنـدێکجار بەپێـچەوانەوە قۆناغێـك لـە ئـارا دەبێـت ئەگـەری بـچوکبوونەوە و پووکاندنەوە و لەناوچوونی دەرەخسێنێت.

هـەر پێکهاتەیـەك بـۆ ئـەوەی لـە قۆنـاغێکی بـچوکەوە پێبنێتـە قۆنـاغێکی گەورەتر، ئەوا پێویستی بە زەمەنێك دەبێت تاوەکو تیایدا گەورە بێت، مەبەسـت پێویستی بە گەورەبوونێك لـە ڕووی تەمەنـەوە دەبێـت، چـونکە گـەورەبوونی لـە ڕووی تەمەن، گەورەبوونێکە لەگەڵ خۆیدا هێزێك و توانایەکی زیـاتر دێنێـت هـەم بۆ پێکهاتـە و هـەمیش بـۆ قۆنـاغ، بەگـەورەبوونی تەمـەن پێکهاتـە جەسـتەکەی بەهێزتر و جومگەکەی پتەوتر دەبێت، کاتێك ئەمە لە ئارا بێت، ئەوا ئیدی دەبێت پێکهاتــە قۆنــاغی بــچوکی جێبهێڵێــت بــەرەو ئــەوی گــەورەتری بــچێت، بــە جێنەهێـشتنی قۆنـاغ لـەم حاڵەتـەدا ئـەوا مانـای ئامـادەیی قـەیرانێکی سـەختی ناوەکی دەگەیەنێت لە پێکهاتەدا.

جێهێـشتنی قۆنـاغ و پێنـان بـۆ یـەکێکی گـەورەتر هـەر ئـەوە نیـە بـە تـەنها تەمەنی پێکهاتە و هێز و تواناکانی بگۆڕدرێت، بەڵکو ئەوەشـە عـەقڵی سـەنتەرە

هەڵسوڕێنەرەکە، هەڵسوکەوت و و بیرکردنەوە باوەکانی بگۆڕدرێت بۆ یەکێکی سەردەمیتر، ئەمەش بۆ ئەوەی بەشێوازێکی تەندروستر و مۆدێرنتر پەیڕەوی لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دونیای ناوەوە و دەرەوەی پێکهاتە بکات.

ئاشکرایە پێکهاتە لە هەر قۆناغێکیدا جیهانبینی و تێروانینی بۆ دەوروبەر جیاوازە لە قۆناغێکیتر، لە هەر قۆناغێکیدا جۆرێك و شێوازێکی جیا لە هەڵسوکەوتکردن و مامەڵەکردن ئامادەیە، زمانێك و عەقڵێکی جیا بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستن ئامادەیە، لێرەوە ئەو ستایلی هەڵسوکەوتکردن و مامەڵەکردنەی بۆ قۆناغێکی دیاریکراو لەبار و پڕ سوودە، مانا و بایەخی هەیە، عەقڵانی و مەعریفی و لۆژیکیە، ئەوا دەکرێت بۆ قۆناغێکیتر نالەبار و زەرەرهێن بێت، بێمانا و بێبایەخ بێت، ناعەقڵانی و نامەعریفی و نالۆژیکی بێت، بۆیە درێژکردنەوە و بەردەوامیدان بە هەمان ستایلی بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن، هەمان عەقڵ و هەمان بیرکردنەوە، هەمان تێڕوانینی قۆناغێك بۆ ئەوی دواتر کردەیەکی ناعەقڵانی و نالۆژیکیە، چونکە قۆناغی دووەم قۆناغێکە بە هەموو ماتریال و بووەکانی نێوەیەوە، بە هەموو تێفکرین جیهانبینیەکەیەوە، بە هەموو بارودۆخ و ژینگە و سەردەمەکەیەوە جیاوازە لەوەی یەکەم، قۆناغێکە چۆن پێکهاتە تیایدا تەمەنی گەورە بووە، ئاواش عەقڵی گەورە بووە، چۆن جەستەی بەهێز و توند بووە، ئاواش چاوی تیژ و دووربین بووە، بۆیە گرتنەبەری ڕێگای یەکجۆرە بینین و مامەڵەکردن لەنێو دوو قۆناغی جیاوازدا، ئەگەری کردنەوەی دەرگای ڕێگایەکی هەڵە و نامەعریفی و نالۆژیکیە لەبەردەم پێکهاتەدا.

لە ڕاستیدا قسەکردن لە چەمکی "قۆناغ"و خوێندنەوە و ئەنالیزەکردنی، هەڵوەستەکردن و ڕووچوونی زیاتری دەوێت، تێرامان و سەرنجدانی وردتری دەوێت لەوەی لێرەدا ئامادەیە، هەمدیسان پانتاییەك و ئاقارێکی فراوانتری نووسینی دەوێت لەوەی لێرە لەبەردەستدایە، بەڵام ئەم قسە خێرا و تێڕامانە سادە و سەرنجدانە سەرپێیەی سەرەوە بێسوود و بێمەبەست نیە، چونکە ئەمە دەبێتە دەستپێکێك بۆ چوونە نێو پانتایی و فەزای مەبەستداری وتارەکەمان، کە ئەویش لێدوانە لە پێکهاتەیەکی زیندوو "حکومەتی هەرێمی کوردستان"ی تەمەن

(10) ساڵ کە خۆی بـە حکومـەتی سـاوا و قۆنـاغیش بـە قۆنـاغی سـاوا نـاوزەد دەکات. واتا ئێمە لێرەدا قسە لەسەر حکومەتی ساوا و قۆناغی ساوای حکومەتی کوردی "لە جیاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان" دەکەین.

بۆ ئەوەی بە ڕێکوپێکی بچینە نێو ئاقاری بابەتەکە ئـەوا دەپرسـین مەبەسـت لە هەریەکە "چەمکی ساوا"و "قۆناغی ساوا" چیە، یـا بەشـێوەیەکیتر "چـەمکی ساوا"و "قۆناغی ساوا" چی دەگەیەنێت؟ چـەمکی سـاوا لـە ناسـاندنێکی خێـراو کورتــدا بــە تــازە ڕۆح لەبــەربوون و هەناســەدان و پێگرتنــی پێکهاتەیــەك، یــا بەسەرەتا بەبوو بوون و سەرهەڵدان و بەدیارکـەوتنی پێکهاتەیـەك دەوترێـت کـە زەمەنێکی کورتە لەنێو واقیعێکی ژیاندا بەپێکهاتە بـووە و ئامـادەیی بەرهەسـتی هەیە، کەچی قۆنـاغی سـاوا ئـەو قۆناغـە سـەرەتاییەی ژیـانکردنی پێکهاتەیـەکی تازە زیندوو دەگەیەنێت کە زەمەنێکی کورتە لـەنێو واقیعێکـی ژیانـدا بەپێکهاتـە گەیەندراوە، بەوێنەیەکیتر بە تەمەنی دیاریکراوی ئەم قۆناغە سەرەتاییەی بووێك دەوترێت کـە لـەو مـاوەی ژیانکردنیـدا تیایـدا نیـشتەجێ دەبێـت، قۆنـاغی سـاوا قۆناغێکە پەیوەستە بە چەمکی ساوا خۆی، ئەو قۆناغەیە کە پێکهاتەی ساوا بـە هەموو خەسڵەت و ئاکار و جیاکەرەوەکانیەوە لەخۆ دەگرێت، خۆراکی پێـدەدات و گەورە و بەهێز و بە توانای دەکات، ئەو قۆناغەیـە ئەگـەری گـۆڕانی پێکهاتـەی ساوا لە شێوەیەك و جۆرێکی بچوکەوە بۆ یەکێکی گەورەتر ئامادە دەکـات، ئـەم قۆناغـە لـە دەرەوەی سـاوادا نیـە، شـتێکی ئامـادە و حـازر بەدەسـت نیـە لـە دەرەوەی سـاوا، بـەڵکو سـاوا لەگـەڵ خۆیـدا دەیهێنێـت، ئـەم قۆناغـە لەگـەڵ ئامادەیی ساوا دایە، هەر پێکهاتەیەکی زیندووی نێـو گـەردوون سـەرەتا قۆنـاغی ساوایی ئەزموون دەکات، سەر بەماڵی ئەم قۆناغەدا دەگرێـت و زەمـەنێك تیایـدا دەمێنێتەوە، ئینجا لێیەوە دەچێتە نێو قۆناغەکانی دواتر، سروشتی ئەم قۆناغـە ئەوەیە ئەڵقەی یەکـەمی ئـەو زنجیرەیـە پێکدەهێنێت کـە قۆناغـەکانیتری پێـوە پەیوەستە، ئەم قۆناغە زنجیر ئاسا گرێـدراوە بـە ئـەوانیتر، ئـەم قۆناغـە پـردی بەیەکبەستنی پێکهاتەی ساوایە بە قۆناغەکانیتر، لێرەوە دەکرێت بڵـێین قۆنـاغی ساوا گرنگترین قۆناغە لە ژیانی پێکهاتەدا، چونکە بەبێ ئامادەبوونی ئەم قۆناغە

پێکهاته له نەبووندایە، بەبێ ئامادەبوونی "وەکو پێویست" پێکهاته ناتوانێت تەندروستانە گەورە و هەراش بێت و بچێتە نێو قۆناغێکیتر.

تایبەتمەندیەك و سروشتێکیتری ئەم قۆناغە ئەوەیە بارودۆخ و ژینگەیەکی ناسك و دژواری هەیە بۆ پێکهاتە، پێکهاتە تیایدا شووشە ئاسا لە فەزایەکی ناسکدا دەژیت، بەردەوام ئەگەری شکاندن و لەناو چوونی هەیە، لەم قۆناغەدا پێکهاتە لەبەردەم هەڕەشە و خەتەری دەرەکی جۆراوجۆردایە، لە هەموو کاتێك زیاتر ئەگەری نەمان و سڕینەوە و لەناوبردنی لێدەکرێت، ئەمەش بەهۆی وەکو پێویست نەبوونی هێزێك و توانستێکی جەستەیی، هەروەها بەهۆی نەبوونی بۆدیەکی گەورەی جومگە پتەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەرەوە.

نەبوونی هێزی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەرەوە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی پێکهاتە لەم قۆناغەدا چەندە ئەگەری گەورەبوون و گەشەسەندنی هەیە، ئەوا هێندەش ئەگەری بچوکبوونەوە و پووکانەوەی هەیە، قۆناغ چەندە دەتوانێت خۆراکی پێبدات و گەورەی بکات، ئەوا هێندەش دەتوانێت خۆراکی لێببڕێت و لەناوی ببات.

بوونی مەترسی و هەڕەشە دەرەکیە جۆراوجۆرەکان بەسەر پێکهاتە شتێکی زیانبەخش و ئازارهێنە، چونکە هەر ئەوەندەیە پێکهاتەی ساوا لە شوێنێکدا هەڵەی کرد "لە تێڕوانینی دەرەوە" یا بەشێوەیەکی خۆویستانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی حەز و خواست و ئیرادەی دەرەوە دەستی بۆ شتێك برد کە پەیوەستە بە پێداویستیەکانی دونیای خۆیەوە، یا هەوڵیدا کارێك بەئەنجام بگەیەنێت دەرەنجامە ویستراوەکەی لەگەڵ ئیرادە و خواستی ئەوانی دەوروبەر نەگونجێت یا... یا...، ئەوا یەکسەر توشی لێدان و ئیهانەکردن و هەندێکجار لەناوچوون دێت لەلایەن پێکهاتە بەهێز و جەستە قەبەکانی دەوروبەر.

ئەگەرچی بوونی مەترسی و هەڕەشەکانی دەوروبەر شتێکی نێگەتیڤە بەسەر پێکهاتەدا، بەڵام لە ڕوویەکدا بوونیان سوودمەندە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی سەنتەری بڕیاردەر و دەسەڵاتی باڵای پێکهاتە هەوڵبدات هەرچی زیاترە بە عەقڵانیانە بیربکاتەوە و بە ئاگایی و مەعریفەوە هەنگاو بهاوێژێت و مامەڵە

بکات، ئەمەش تاوەکو خۆی لە ڕێگای هەڵە و هەڵسوکەوتی لەزمەدەر بپارێزێت کە دەرگای هاتنی مەترسی و هەڕەشەی جۆراوجۆر ئاوەڵا دەکات، کەواتە ئەوەی لە بوونی ئەم مەترسی و هەڕەشانەی دەرەوە سوودمەندە، ئەوەیە پێکهاتە بیر لەکردە و جولە و ڕەفتاری عەقڵانی و مەعریفی دەکاتەوە، لەگەڵیشیدا هەوڵدەدات خۆی لە مەترسیە زەبەلاحە تارمایی ئاساکانی دەوروبەر بپارێزێت.

ئێستا با بپرسین بۆچی حکومەتی کوردی خۆی بە حکومەتی ساوا ناوزەد دەکات؟ ئەم چەمکە و ئەم بیرۆکەیە لە کوێوە و چۆن هاتووە؟ سوودەکانی چین؟ ئایا لەوێوەیە بەکردەگی تەمەنی بچوکە و لەنێو قۆناغی ساواییدایە؟ ئەگەر ئەمە ڕاستە کەواتە بۆچی هەوڵدەدات تەمەن و ماوەی ئەم قۆناغە زیاد لە پێویست درێژ بکاتەوە، یا بەشێوەیەکیتر بۆچی نایەوێت لەم قۆناغەدا دەربچێت و قۆناغێکی گەورەتر بەخۆوە ببینێت؟ مەبەست لە کوشتنی زەمەن لەم قۆناغەدا و نەهێشتنی گەورەبوونی پێکهاتە چییە؟ ئەو ترسە چیە لە گەورەبوون هەیە؟ ئایا ترسە لە هەڕەشە و شەڕ فرۆشی و دژکاریەکانی دەوروبەر، یا مەبەستیتر لە پشتیەوەیە و بەپلەی سەرەکی پەیوەستە بە ئامادەبوونی دونیایەك بۆ تێرکردنی خولیا و ئارەزوو و دەستکەوت و بەرژەوەندیەکانی دەستەیەك لە کارگێڕان و بەرپرسەکانی حکومەت خۆی؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری هەڵوەستەپێکاری لەمجۆرە ئامادەیە و پێویستیان بە قسە لەسەرکردن هەیە.

ئەگەر مێژوو و تەمەنی (چەند هەزار ساڵی) نادیاری بوونی گەلی کورد "وەکو میللەتێکی خاوەن زمان و کولتوور و تایبەتمەندی" لەنێو واقیعی ژیاندا، بەراوورد بکەین لەگەڵ مێژوو و تەمەنی (10) ساڵی دیاربوونی حکومەتی کوردی "وەکو پێکهاتێك بۆ خۆبەڕێوەبردن و خۆحوکمکردن"، ئەوا دەگەینە ئەو حاڵەتەی بتوانین دەستنیشانی لە کوێوە هاتنی بیرۆکەی حکومەتی ساوا بکەین، دەتوانین ئەوە ئاشکرا بکەین کە بۆچی حکومەتی کوردی خۆی بە حکومەتی ساوا ناوزەد دەکات، بەڵام ئەمە تەنها لەڕووی مێژوویەوەیە، هێنانەوە و جەخت لەسەرکردنیشی مەبەستدارانەیە.

لـەنێو دونیـای پۆلـەتیکا و بەڕێوەبردنـدا هەمیـشە پێکهاتـەی لـە چەشـنی حکومەت کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای هەیە، پێویستی بـە چـەمکگەلێك و پرسـگەلێك و گوتارگـەلێك دەبێـت، بۆئـەوەی لـە ڕێگایـەوە پەیوەنـدی خـۆی لەگەڵ هاوڵاتیان پتەو بکات، وایـان لێبکـات ئیعتبـار بـۆ ئـەو قۆناغـە دابنـێن کـە پێکهاتـە "حکومـەت" تێیدایـە، ئـەو چـەمك و وتارانـەی کـە بـەکاریان دەهێنێـت جیاجیان، هەندێکیان سروشتێکی سۆزئامێزانەی هەیـە، بەهۆیـەوە ئـیش لەسـەر وەتەری سۆزی هاوڵاتیان دەکات وەکو "حکومەت ساوایە، جاری بچووکین، گەلی قارەمـان....هتـد"، هەنـدێکیتر سروشـتێکی موژدەبەخـشانەی هەیـە بەهۆیـەوە مـــوژدە دەداتـــە هاوڵاتیـــان و ڕایانـــدەگرێت وەکـــو" لەبەرنامەدایـــە، بیرمـــان لێکردۆتـەوە، لـەداهاتوودا دەیکـەین..."، هـەر یـەکێك لـەو چـەمك و گوتارانـەی حکومەت "دەسەڵاتی بەڕێوەبەری وڵات" بەکاری دەهێنێـت و بـەرزی دەکاتـەوە بـەڕووی کۆمـەڵگا پەیوەسـتە بـە قۆنـاغ و زەمـەنی جیاجیـا، هـەر یـەکێك لـە زەمەنێکدا ئەگـەری بـەکارهێنانی هەیـە، هـەر یـەکێك لـە زەمەنێکدا لـە توانایـدا ئامانجی لایەنی بەکارهێنەر بپێکێت، بە مـەرجێك لەگـەڵ ئەتمۆسـفێری قۆناغەکـە بگونجێـت، واتـا ئەگـەر بـۆ زەمـەنێك "حکومـەتی سـاوا ، نەتـەوەی قارەمـان و کۆڵنەدەر" بەکاربهێنرێت، ئەوا لـە زەمـەنێکیتر ئـەو چـەمك و گوتـارە دەگۆڕێـت بەوەی "لە بەرنامەدایە، لە داهاتوودا دەیکـەین"، بـەم شـێوەیەش بـۆ زەمـەن و قۆناغەکانی دواتر چەمك و گوتاری وابەسـتە ئامـادە دەبێـت، کەواتـە ناشـێت بـۆ دوو قۆناغ و دوو زەمەنی جیاواز یەك چەمك و یەك گوتار بەکاربهێنرێت.

هەر چەندە ئەو گوتار و چەمکانەی بـەکاردەهێنرێت سروشـتێکی جیاجیایـان هەیـە، بـەڵام پێویـستە ئـەوە لەبەرچـاو بگرین کـە بـەکارهێنانیان بـۆ مەبەسـتی بەرجەسـتەکردنی کۆمـەڵێك ئامـانجی ناچـۆنیەکە کـە تـەنها وابەسـتەی ئـیرادە و خواستەکانی پێکهات خۆیەتی. ئێمە لەم وتارەدا لەبـەردەم چـەمکی "حکومـەتی ساوا" داین، بۆیە چیدی قسەکانمان جەختکردن دەبێت لەو چەمکە.

لەبەرئـەوەی چـەمکی سـاوا بـە سروشـتی خـۆی چـەمکێکی سـۆزئامێزە، چەمکێکە لە کاتی هێنانـەوە و بەکارهێنانیـدا، لـە کـاتی بەرزکردنـەوەی بـەڕووی

ئـەویتردا دەتوانێـت ئـیش لەسـەر دەروونـی هـاوڵاتی بکـات، دەتوانێـت هـاوڵاتی هاوسۆزی پێکهاتە بکات، دیسان لەبەرئەوەی حکومەتی کوردی لـە سـاتەوەختی بـە پێکهاتەبوونیـدا دەسـتکردی دوو حـزب و لایـەنی سیاسـیە کـە تێفکـرین و دونیابینیــان تاڕادەیــەکی زۆر لــە یــەك نزیکــە، هەردووانــەیان نــۆرم و ســتایلی ئیشکردن لەگەڵ ئەندامانیان سروشتێکی سـۆزدارانەی بەسـەردا زاڵـە، واتـا ئـیش لەسەر وەتەری سۆزی لایەنگران و ئەندامانیان دەکەن، بەمەبەستی هەرچی زیاتر ڕاکێشان و لە خۆکۆکردنەوەیان و پتەوکردنی پەیوەنـدی نێوانیـان، بەمەبەسـتی هەرچی زیاتر خستنە ژێر کاریگەری دونیابینی و فەرمایشتەکانی خۆیان، هەروەها لەبەرئــەوەی ئــەوان بــەو نــۆرم و ســتایلی ڕەفتارکردنــە لەگــەڵ ئەنــدامان و لایەنگرانیان سوودی جۆراوجۆریان وەرگرتووە، هـەر بۆیـە بـۆ حکومەتەکەشـیان هەوڵدەدەن بە هەمان لۆژیك و جیهانبینی، بە هەمان نۆرم و ستایل هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵگا بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم چەمکە و ئـەم بیرۆکەیـە باشـترین ئامراز دەبێت، چونکە لـە ڕێگایـەوە ئەگـەری ئـیشکردن لەسـەر وەتـەری سـۆزی کۆمەڵگا مسۆگەر و مەبەستەکانیش بەرجەستە دەبێت.

بیرۆکـەی "حکومـەتی سـاوا" لـە شـوێنی جیاجیـا و لەسـەر ئاسـتی جیاجیـا سوودی هەیە بۆ پێکهاتە "حکومەت" بەگشتی و دەسـتەی سـەروو "بـەرپرس و کارگێڕ"ی پێکهاتە بەتایبەتی، سوودی ئەم چەمك و بیرۆکەیە بۆ پێکهاتە ئەوەیە ئەڵقەی پێوەندی نێوان هەر دوولا پتـەو و تونـد دەکـات، پـشتگیری کۆمـەڵگا لـە حکومـەت زیـاد دەکـات، مـەودا وکـەلێنی نێوانیـان تەسـك دەکاتـەوە، بەمـەش حکومەت بـە توانـاتر دەبێـت "بەتایبـەتی لـە بەرامبـەر دەرەوە". لـە نـاوەوەش سـوودی جیاجیـا بـە بـەرس و کـارگێڕانی دەگەیـەنێت، چـونکە وا لـە هاوڵاتیـان دەکـات بێـدەنگبن لـە بەرامبـەر ئـەو دونیـا وێرانـە و ئـەو ڕەوشـە نالـەبارەی لـە ئارادایـە، بێـدەنگبن لــە بەرامبــەر ئــەو هــەموو دزیــن و فەســادە ئیــدارەی و ئابوورییەی لە ئارادایە، ڕازیبن بەو هـەموو کەموکوڕیـەی لـەناو کۆمـەڵگادا هەیـە، ڕازیبن لە بەرامبەر نەبوونی خزمەتگوزاری کۆمەڵایـەتی، بێـدەنگبن لەبەرامبـەر... ڕازیبن لەبەرامبەر... هتد.

ئەگەرچی بیرۆکەی "حکومەتی ساوا" لەسەر ئاستی جیاجیا سوود بە پێکهاتە دەگەیەنێت، ئەوا لە هەمانکاتیشدا لە شوێن و پرسی جیاوازدا زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت "بەتایبەتی لەناوەوە"، چونکە چەکێکی کاریگەر دەبێت بە دەست بەرپرسان و کاربەدەستانی حکومەت، بەهۆیەوە دەتوانن لەنێو کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتنە جیاوازەکاندا، خۆیان لە پرسی چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا قوتار بکەن، خۆیان لەبەردەم بەرپرسیاریێتی ئەو ڕەوشە شێواوە قوتار بکەن، بەوەی بڵێن حکومەت ساوایە و جارێ هێز و توانای پێویستمان نییە بۆ ئەو کارانەی پێویستە بیکەین.

ئەگەر کەمێك بەوردی پرسەکە ئەنالیزە بکەین، ئەوا دەبینین مەبەستگەلێکی نادیار و شاراوە لە پشت ئاراستەکردنی بەردەوام و بێپسانەوەی بیرۆکەی "حکومەتی ساوا" ئامادەیە، کە زۆربەیان یەکلایەنە بیریان لێکراوەتەوە و تەنها سوود و قازانج بە بەرپرسان و دەستەی کارگێری پێکهاتە دەگەیەنێت، سەرەکیترین مەبەست ئەوەیە تاوەکو لە ڕێگایەوە کۆمەڵگا چاوپۆشی لە کەموکوڕی و ناتەواویەکانی دونیای خۆی بکات، گوێ بە چۆنیەتی ژیانکردن و بەڕێوەچوون، چیەتی دیاردە و ڕووداوەکانی دونیای خۆی نەدات، هەروەها تاوەکو کۆمەڵگا داوای خۆشگوزەرانی و ژیانێکی هەنووکەیی باشتر نەکات، داوای شت و کەلوپەلی تازە و ئامێری سەردەمی نەکات، داوای ...هتد نەکات، هەموو ئەمەش بەوەی پێکهاتە لە ئێستادا کەم توانا و هێزە، بۆیە دەستەبەرکردنی ئەمانە لە توانا و هێزی بچوکی ئەودا نیە.

مەبەستێکیتر بۆ کپکردنەوە و نەهێشتنی سەدای دەنگی ناڕەزایی کۆمەڵگایە، بۆ کوشتنی ڕەخنە و دەنگی جیاواز و لە گۆڕنان و زیندە بەچاڵکردنی حەز و ئاواتی ئەندامانی کۆمەڵگایە، ئەمەش بەوەی حکومەت ساوایە و نابێت ڕەخنەی لێبگیرێت، هەر کاتێك حکومەت نەتوانێت وەڵامی دەستەبەرکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی هاوڵاتیان بداتەوە، سنوری سەربەخۆیی و ئازادی مرۆڤەکان فراوان بکات، کۆمەڵێك خەون و حەزی هیومانیانەی بۆ بهێنێتەدی، ئەوا یەکسەر بیرۆکەی حکومەتی ساوا بە گوێی

تاکەکانی کۆمەڵگادا دەزرنگێنێتەوە، بەمەش ڕوون دەبێتــەوە کـە ئـەم بیرۆکەیـە چــەندە بیرۆکەیــەکی هەڵخەڵەتێنــەرە، چــەندە بیرۆکەیــەکی نادادپــەروەر و یەکسانیکوژە، چەندە بەرپرسان بـە گـرنگ و بەهەنـد هەڵـدەگرێت و کۆمـەڵگاش فەرامۆش دەکات، چەندە بیرۆکەیەکی پاساوهێنەرە بۆ تێرکردنی حەز و ئـارەزوو و غەریزە دەروونییەکانی بەرپرسان، لەسەر حسابی نەهێشتن و لە گۆڕینانی حـەز و ئـارەزوو و پێداویـستیەکانی کۆمـەڵگا و ئەنـدامانی، چـەندە بیرۆکەیـە لەبـەر خۆشـیگەلێکی ژیـانی دەسـتەیەکی بـە ژمـارە کـەم لـە کـارگێڕ و بـەرپرس و ئەڵقەپێوەستدارەکانیان، ناخۆشگەلێکی ژیانی کۆمەڵگا بـە سروشـتی دەبینێـت، چەندە بیرۆکەیەکە لەبەر ژیانی پڕ لە بەهاو جوانی دەستەیەکی حوکمکار، ژیـانی کۆمـەڵگا بێبـەها و دزێـو دەکـات، بەڕاسـتی ئـەم بیرۆکەیـە هەڵخەڵەتێنـەرە، بـە کۆمـەڵگا دەڵێـت خۆشـیەکانت دوابخـە، حـەزەکانت بمرێنـە، ئارەزووەکانـت لـە گۆڕنێ، داواکانت جێبهێڵە، چونکە جارێ دەستەیەك لە سەرووی تـۆوە ئامادەیـە و ئـەو شایـستەی تێرکردنـی ئەمانەیـە نـەوەکو تـۆ، بێگومـان پـەیام و سـوودە تاکلایەنەکانی ئـەم بیرۆکەیـە وایکـردووە گروپـی کاربەدەسـتانی حکومـەت ئەمـە هەڵبقۆزێتەوە و لە شوێنکاتی ناچۆنیەك و لە بەرامبەر پرسی ناچۆنیەکدا بیکاتـە قـسەی موفـەزەڵی سـەر زمـانی خـۆی و بـەڕووی کۆمـەڵگا بەپلـەی سـەرەکی و درەوەش بەپلەیەك کەمتر بەرز بکاتەوە.

گوتمان حکومەتی کوردی لەبەرئەوە خۆی بە حکومەتی ساوا ناوزەد دەکات، چونکە بوونێکی تەمەن کورت و هەنووکەیی هەیە لەبەرامبەر بوونی لـە مێژینـەی گەلی کورد، ئەم خۆ بە ساوا ناوزەدکردن و نمایشکردنە بۆ ساڵە سـەرەتاییەکانی ڕۆح لەبەربوونی شتێکی هەڵە و کردەیەکی نالوژیکی نیـە، چـونکە لـەم سـاتانەدا تـەواوی ئاکـار و خەسـڵەت و تایبەتمەندیـەکانی قۆنـاغی سـاوایی تیـا ئامادەیـە، هـەروەها ئـەم قۆناغەشـی بـەکردەگی ئـەزموونیکردووە، بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا نالۆژیکی دەبێت ئەوەیە دوای تێپەڕبوونی تەمەنێکی دیاریکراو (10) ساڵ، ئیدی هەوڵبدرێت ماوەی قۆناغی سـاوایی درێـژ بکرێتـەوە و نـەهێڵرێت پێکهاتـە تیایـدا دەربچێت و پێبنێتە قۆناغێکی دواتر، ئەوەی نالۆژیکی دەبێت نەهێڵرێت پێکهاتە

گەورە بێت و چەقبەستی پێبکرێت و زەمەن تیایدا بە کوشت بدرێت، ئەوەی نالۆژیکی دەبێت ئەوەیە دوای تێپەربوونی تەمەن و گەورەبوون و بەهێزبوونی جەستەی پێکهاتە، ئیدی بە هەمان وێنە و فۆرمی سەرەتایی پیشانبدرێت، هەمان شوناسی جاران "ساوا"ی پێببەخشرێت، بەڵام بابپرسین ئەم سنوردانان و پێشلێگرتنە، ئەم چەقبەستپێکردن و لە قالبدانە بۆ ئامادەیە؟ کێ لە پشت ئەم کردەوەیە ئامادەیە؟ ئەگەر بە دوای کورتترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە بگەڕێین، ئەوا بە خێرایی و بە ساناییش لە چەند ڕستەیەکی سەرەوە دەیدۆزینەوە، ئەویش ئاشکرایە بۆ بەرپرس و کاربەدەستانی هەیکەلی دامەزراوەی حکومەت دەگەڕێتەوە، چونکە سوودمەندی گەورە و یەکەمی ئەم بارودۆخەن، ئەوان دەیانەوێت کۆمەڵگا لەو زەمەن و قۆناغە چەقبەست پێبکەن، چونکە قۆناغێکە ئەوان پادشایانە تیایدا دەژین، هەموو حەزو خواست و پێداویستیەکانیان تیا دەستەبەر دەبێت، هەر بۆیەش بەشێوەیەکی دیار و بێپەردە لێرەو لەوێ بەرگری لێدەکەن و هەوڵی بەردەوامبوونی پێدەدەن، لێناگەڕێن پێکهاتە بە سروشتی خۆی سنوری ساوایی ببڕێت و بچێتە نێو باوەشی قۆناغێکی دواتر، بەمەش ترسێکی بێوێنە لە گەورەبوون کەشف دەبێت کە لەلایەن بەرپرسانەوە ئامادەیە، ئەم ترسە وا پیشاندەدات کە گەورەبوون خەتەر و بڤەیە و نابێت بە تەنیشتیەوە تێپەڕین یا دەستی بۆ بەرین.

ترس لە گەورەبوون، دەکرێت لە دوو ڕێگادا بخوێندرێتەوە، هەریەکەشیان بەجیا قسەی لەسەر بکرێت، ئەوانیش "دەرەوە / ناوەوە"، ترس لە دەرەوە ترسێکە لە نەمان و لەناوچوونی پێکهاتە سەریهەڵداوە، ئەویش بەهۆی ئامادەبوونی مەترسیە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەر، بەڵام ترس لەناوەوە ترسێکە لە لەدەستچونی بارودۆخی پێکهاتە خۆی قیتکردۆتەوە، ئەمەش بەهۆی لە دەستچونی ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی کە بۆ دەسەڵاتداران و دەستەی کارگێڕی پێکهاتە دروستبووە و تیایدا و خۆشترین ژیان دەژین.

بە بۆچوونی من ئەوەی بۆتە هەوێنی چاندنی ئەم ترسە بەپلەیەکی زۆر، ئەوی دووەمە نەوەکو یەکەم، ئەگەرچی ئەوی یەکەمیش ئامادەگی هەیە، بەڵام

ترسی گەورە لەوی دووەمە، ئەم حوکمە ڕەها نیە بۆ هەموو بەرپرسەکان، واتا لەگەڵ بیرو بۆچوون و دونیابینی و شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەری تەواوی کارگێڕ و بەرپرسەکان یەکناگرێتەوە، لەگەڵ ڕەفتار و هەڵسوکەوت و حەز و خواستی سەرجەمیان یەکناگرێتەوە، واقیعی کۆمەڵگا ڕاستی ئەم قسەیەی سەلماندووە کە ترس لەگەورەبوون ترس نییە لە دەرەوە، هێندەی ترسە لەناوەوە، ترس نیە لە لەناوچوون، بەڵکو ترسە لە لەدەستچوون، ڕاستە مەترسی لە دەرەوە هەیە، بەڵام دەبێت بڵێین دەرەوە هیچ کاتێك لە مەترسی دروستکردن نەوەستاوە، لەپیلانگێڕان و کێشەنانەوە، لە دەست خستنە نێو جوگرافیای پێکهاتە کەمتەرخەم و دەستەوەستان نەبووە، ئەوەی پێیکراوە بێسڵمینەوە بە ئەنجامی گەیاندووە، ئەو توانایەی هەیەتی لەسەرزەمینی واقیعدا بەرجەستەی کردووە بەبێ لەبەرچاوگرتن و بەهەند هەڵگرتنی هیچ بەرپرسێك و کارگێڕێکی پێکهاتە.

لە تێڕوانینی منەوە مان و نەمانی ئەم حکومەتە بەهیچ کلۆجێك لە توانا و دەسەڵاتی دەرەوەی نزیکدا نیە، لەبارچوونی ئەزموونی حکومەتی کوردی لە توانای حکومەتە هاوسێکاندا نییە، ئیدی ئەو ترسە ترسێکی زیاد و بێمانایە، ئەگەر بووترێ ترس لە گەورەبوون ترسە لە لەناوچوونی پێکهاتە، ئەوا خۆهەڵخەڵەتاندن و نەزانیە، ترسی بەرچاو لە گەورەبوون لە لەدەستچوونی بارودۆخی ساواییەکەیدایە، ئەو بارودۆخەی کە بەپلەی ئیمتیاز خۆشگوزەرانی بۆ بەرپرسان دەستەبەرکردووە، کۆشك، ئۆتۆمبێل، ئامێر و کەرەستەی ئاخیرەمین مۆدێلی سەردەمی بۆ کەسە ترساوەکان ئامادە کردووە، بەکورتی ترس لە گەورەبوون ترس نیە لە نەمان و لەناودانی پێکهاتە، بەڵکو ترسە لە لەدەستچوونی بارودۆخێك کە سوودمەندە بۆ بەرپرس و کارگێڕەکانی.

ئیدی ناکرێت لە گەورەبوون بترسین، چونکە ترس لە گەورەبوون ترسێکی بێمانا و دروستکراوە، ترسێکە کۆمەڵگا بەرەو چەقبەسپێکردن دەبات، پێشوەچوونەکانی ڕادەگرێت و چوارچێوەیەك و تەڵبەندێکی سنورداری بۆ دادەرێژێت، کۆمەڵگا بەرەو داخران دەبات، لەگەڵیشیدا زیاتر خراپەکاری و

بەهەدەربردنی سامانی لە پشتەوە دەبێت، ئیدی دوای (10) ساڵ حوکمکردن ناکرێت حکومەت ساوا بێت، ناکرێت ئەم بیرۆکەیەش قبوڵ بکرێت، قبوڵکردنی واتا قبوڵکردنی نەزانی و بێئاگایی، قبوڵکردنی واتا وشکردنەوەی کۆمەڵگا، واتا کوشتنی ڕەخنە و نەهێشتنی دەنگی ناڕەزایی مرۆڤ، قبوڵکردنی واتا ڕێگادان بەوەی حکومەت چیدی ئەرك و کارکردەی خۆی نەگێڕێت، واتا قبوڵکردنی بەردەوامبوونی دزی و فەسادی دارایی ئیداریی و ئابوری، ئیدی ناکرێت حکومەت بەم چەمکە شوناس بداتە خۆی، بەم چەمکە خۆی ناوزەد بکات، ناکرێت بەم بیرۆکەیە هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگا بکات، ناکرێت حکومەت لەو باوەڕەدا بێت کە چیدی ئەم بیرۆکەیە و ئەم خۆ بەساوا ناوزەدکردنە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دەکات، چیدی حکومەت ساوا نیە، ئەوە ساوایی حکومەتە چیدی وا تێبگات کۆمەڵگا بەم بیرۆکەیە باوەڕ دەکات، ئەوە ساوایی حکومەتە چیدی وا تێبگات ئەم بیرۆکەیە کاریگەری لەسەر دەروون و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا هەیە و بەهەند هەڵدەگیرێت، ئەوە ساوایی حکومەتە چیدی وا تێبگات کۆمەڵگا لە سەرەتایی تۆهەدەکانی سەدەی ڕابردوودایە و ڕاگەیاندنەکانی کاری تێدەکات و ئەویش باوەڕی پێدەکات، دواجار ئەوە ساوایی حکومەتە چیدی وا پیشانبدات حکومەت ساوایە.

**جوولایی 2002**



ئەگەر ڕاپەڕین بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵم و ستەم بێت، ئەگەر چیدی قبوڵنەکردنی کوشتن و ئەنفالکردن و ژێر دەستی بێت، ئەگەر تێکشکان و لە گۆڕانی هەموو ئەو قەید و بەند و سانسۆرانەی ڕژێمێکی دیکتاتۆر و غەریزەچی "بەعس" بێت لەلایەن گەلێکی قارەمان "کورد"، ئەگەر گۆڕینی سیستەمی سیاسی نێو کۆمەڵگا بێت لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی، ئەگەر گواستنەوەی بیرکردنەوەی تۆتالیتێری تاکڕەهەند و یەك دیدی دیکتاتۆری بێت بۆ فرە ڕەهەندی و فرە دیدی، ئەوا ئاشتبوونەوە ڕاپەڕینێکیترە بە دوای ڕاپەڕینەوە دێت، ڕاپەڕینی عەقڵە بەسەر غەریزە، ڕاپەڕینی ئاگاییە بەسەر بێئاگایی، ڕاپڕینی لۆژیك و مەعریفەیە بەسەر بیرکردنەوەی نالۆژیکی و نامەعریفی.

لەڕاستیدا چۆن ناکرێت قسە لەسەر ڕاپەڕین و گرنگی ڕاپڕین بکەین بەبێ ئەوەی ئاگاداری مەترسیەکانی ژیان و چۆنیەتی دونیابینی سەردەمی پێش ڕاپڕین بین، بەبێ ئەوەی هەموو ئەو گۆڕان و تەحویلکردنە گەورە و جەوهەریانە دەستنیشان بکەین کە بەهۆیەوە بەسەر ژیانی کۆمەڵگا و مرۆڤەکانیدا هاتووە، بەبێ ئەوەی هەموو ئەو کردە پۆزەتیڤ و لۆژیکیانەی لەبەرچاو بگرین کە بەهۆیەوە لە شوێنی کردە نێگەتیڤە نالۆژیکیەکانی پێش ڕاپەڕین هاتۆتە ئاراوە، ئەوا بە هەمان شێوەش ناکرێت قسە لەسەر ئاشتبوونەوە بکەین بەبێ ئەوەی ئاگاداری مەترسیەکانی ژیان و چۆنیەتی دونیابینی سەردەمی پێش پرۆسەکە بین، بەبێ ئەوەی هەموو ئەو گۆڕان و تەحویلکردنە مەزن و جەوهەرییانەی دەستنیشان بکەین کە بەهۆیەوە بەسەر ژیانی کۆمەڵگا و مرۆڤەکانیدا دێت، بەبێ ئەوەی هەموو ئەو کردە پۆزەتیڤ و لۆژیکانەی لەبەرچاو بگرین کە بەهۆیەوە لە شوێنی بەرامبەرەکەیدا دێتە ئاراوە.

دیارە هەریەکە لە"ڕاپەڕین / ئاشتبونەوە" پرۆسەیەکی زیاد جەمسەری جیاواز و سەربەخۆیە، لەنێو شوێن و زەمەنێك و مێژوویەکی دیاریکراودا، وابەستەی چەندین هۆکار و فاکتەری یارمەتیدەری جیاوازن، بەڵام هیچ یەکێکیان بەبێ بوونی ئەویتر وەکو پایەیەك و فاکتەرێکی یارمەتیدەر لەسەرزەمینی واقیعدا بەرجەستە نەکراوە و ناشکرێت، چونکە ڕاپڕین و

ئاشتبونەوە تۆڕئاسا تێکەڵ و ئاوێتەی یەکترین، مامەڵەیەکی جووت جەمسەریان لەنێواندا هەیە، هیچ یەکێکیان بەبێ ئامادەیی ئەویتر بوونی نابێت، ئەوەتا لە ئەزموونەوە دەبینین کاتێك ڕاپەڕین دەکرێت، ئەوا زەمەنێك بەر لەو ئاشتبوونەوە وەکو پرۆسەیەکی حەتمی تەبابوون و بەیەکەوە ژیانی هێزەکان و پارتەکانی نێو کایەی سیاسی کۆمەڵگا بەئەنجام دەگەیەنرێت، ئەمەش بۆ پێکهێنانی پێکهاتەیەکی گەورەتری وەکو "بەرەی کوردستانی"، کەوا دواجار وەکو فاکتەرێکی گرنگ لە پاڵ فاکتەرەکانیتر دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕین، ئەمە لەلایەك و لەلایەکیتردا ئەو کاتە پرۆسەی ئاشتبوونەوە و یەکگرتنەوە و تەبابون بەئەنجام دەگات، کە زەمەنێك بەر لە ئەودا ڕاپەڕینی عەقڵ بەسەر غەریزە و عەقڵانی بەسەر ناعەقڵانی ڕوویدا بێت، چونکە ئەستەمە بەبێ ئەمە پرۆسەکە تەواو بکرێت و بەئەنجام بگات، کەواتە هەم ڕاپەڕین بەرهەمی ئاشتبوونەوەیە و هەمیش ئاشتبوونەوە بەرهەمی ڕاپەڕین.

**ئەگەر یەکێك لە سەرەکیترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لەنێو زەمەنی دیاریکراوی خۆیدا چیدی قبوڵنەکردنی دەسەڵاتێکی نوستالۆژیخواز و دیکتاتۆری خۆبەڕەهابینی غەیرە "بەعس" بێت، چیدی قبوڵنەکردنی دەسەڵاتێك بێت کە ژیانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا سنوربەند و قاڵبڕێژ دەکات، دەست دەخاتە ناو ژیانی تایبەتی تاکەکانی کۆمەڵگا، بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و چارەنووسیان دیار دەکات، ژیانیان دەشێوێنێت و بە ئاقاری مەترسی جۆراوجۆریاندا دەبات، ئەوا یەکێکیش لە هۆکارەکانی پرۆسەی ئاشتبوونەوە لەنێو زەمەنە پێوەستەکەیدا ئەوەیە چیدی خۆمان دەسەڵاتێکی نۆستالۆژیخواز و دیکتاتۆری خۆبەڕەهابین نەبین، چیدی خۆمان دەسەڵاتێکمان نەبێت ژیانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا سنووربەند و قاڵبڕێژ بکات، دەست بخاتە ژیانی تایبەتی ئەندامانی کۆمەڵگا، بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و چارەنووسیان دیار بکات، ژیانیان بشێوێنێت بەمەترسی جۆراوجۆریاندا ببات. یا بەشێوەیەکیتر ئەگەر ڕاپەڕین بۆ ئەوە بێت دیکتاتۆری غەیرە نەمێنێت و تاکڕەهەندی ڕەشبکەینەوە، ئەوا ئاشتبوونەوە بۆ ئەوەیە تاکڕەهەندی و دیکتاتۆری خۆمان بە ئەگەری نەمان و ڕەشکردنەوەدا**

ببـەین، چـونکە کاتێـك دەسـەلاٚتێکی دیکتـاتۆر ڕەتدەکەینـەوە بـۆ ئـەوە نیـە دیکتاتۆرێکیتر لەشوێنیدا دروست بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەیە چیدی نامانەوێت ئەو دەسەلاٚتەی دونیای ئێمـە بـەڕێوە دەبـات دەسـەلاٚتێکی دیکتـاتۆری تاکڕەهەنـد بێت، تاکچاوانە دونیا ببینێت و بە ویست و حەزی خۆی مامەڵە لەگەڵ دەرەوە و ناوەوە بکات، دونیا لەبەردەم تاکدا بچوك بکاتەوە و حەز و ئـیرادەی بکوژێـت، ئـەو کاتـەش دەسـەلاٚتی دوای ڕاپـەڕین خـۆی بخاتـە نێـو خانـەی دەسـەلاٚتی خۆبەڕەهازان و دیکتاتۆری تاکڕەهەند، بەیەکچاو سەیری دەورووبـەر بکـات، بـە ویست و حەزی خۆی مامەڵە لەنێو واقیعی ژیانی کۆمەلاٚیـەتی کۆمـەڵگادا بکـات، ئـەوا خواسـت و بەرژەوەنـدی تایبـەت لـە خواسـت و بەرژەوەنـدی گـشت جیـا دەکاتەوە.

واتا لە جیهانی تایبەتی خۆیدا بۆ مەبەستی تایبەتی خـۆی دوور لـە جیهـانی گشتی و بەرژەوەندی گشتی کار دەکات، بەمەش ناتەباییەك لەنێوان کۆمـەڵگا و دەسەلاٚت یا تاك و دەسەلاٚت دروست دەبێت، چونکە دەسەلاٚت بۆ ئەوە دەنگـی پێــدراوە لەلایــەن کۆمــەڵگا، بــۆ ئــەوە شانــسی بــەڕێوەبردنی کۆمــەڵگا و دەســەلاٚتداریێتی پێــدراوە، تــاوەکو بەرژەوەنــدی گــشتی دەســتەبەر بکــات و بیپارێزێت لـە مەترسـی ناچۆنیەك، نـەوەکو بەرژەوەنـدی خـۆی بخاتـە شـوێنی بەرژەوەنـدی گـشتی، یـا بەرژەوەنـدی خـۆی بـەزەروور و گـرنگتر بزانێـت لـە بەرژەوەندی گشتی، ئەم ستایلی ڕەفتارکردن و مامەڵەکردنەی دەسەلاٚت زۆرجار دەبێتە هـۆی سـەرهەڵدانی ناخۆشـی لـەنێوان تاکـەکانی کۆمـەڵگا و دەسـەلاٚت، دواجار دەبێتە هۆی ڕوودانی بەریەکەوتن و پێکدادان لەنێوانیان، بەلاٚم جیاوازی و ئیمتیازەکــەی ئێمــە "کۆمــەڵگای کــوردی" لەوەدایــە دوو دەســـەلاٚتی خۆبەڕەهابینمان هەیە، پێش ئەوەی لەگەڵ تاکدا لەسـەر بەرژەوەندییـەکانیان تووشی بەریەککەوتن بن، ئـەوا لەگـەڵ یـەکتردا لەسـەر دەسـت بەسـەرداگرتن و کـۆنترۆڵکردنی داهـات و سـامانی نەتـەوەیی، لەسـەر داهـاتی کۆمـەڵگا تووشـی بەریەککەوتن دەبن.

لەبەرئـەوەی هەریـەکێکیان هـەوڵ دەدات زۆرتـرین دەسـتکەوت بـۆ خـۆی دەستەبەر بکات، تاوەکو حەز و خواست و بەرژەوەندیەکانی پێ فەراهەم بکات، لەبەرئەوەی هەر یـەکێکیان قبـوڵی دەسـەڵاتداریتی و کـۆنترۆڵی ئـەویتر ناکـات، قبوڵناکات ئەویتر تەواوی دونیای کۆمەڵگا بەڕێوە ببات، دەست بەسەر داهات و سامانی نەتەوەیی دابگرێت، ئیدی تووشـی بەریەککـەوتن دەبـن، لەئەنجامیـشدا دونیای کۆمەڵگا دەکەنە دوو بەش و دوو بەرژەوەندی دژ.

ئەوان دونیای کۆمـەڵگا دەکەنـە دوو بـەش، هـەر یـەکێکیان دەسـت بەسـەر داهـات و سـامانی ئـەو بەشـەی ژێـر ڕکێفـی دەسـەڵاتی خـۆی دادەگرێـت، بەرژەوەنـدی گـشتی دەخاتـە ژێـر پـێ، ئینجـا دێـن بەشـێوەیەکی دیراسـەکراو میدیاکانیان بەکاردەهێنن بـۆ ئـەوەی هەرچـی زیـاتر تـاکی کۆمـەڵگا لـە خۆیـان کۆبکەنەوە، ئەمـەش بـۆ مەبەسـتی بـەهێزبوونی خەنـدەقی خـۆی، بـەهێزبوونی بەرەی خۆی لە شەڕدا، ئـەوان لـە میدیاکانیانـدا هەوڵـدەدەن تـاکی کۆمـەڵگا وا تێبگەیەنن کە هیچ شـتێك لـە دەرەوەی ئـەوان "دەسـەڵات" بـوونی نیـە، بـەبێ ئامادەیی ئەوان ناتوانن هەڵبکەن، بۆیە دەبێت بە هەر شێوازێك بێت ئینتیمایـان بـۆ بکـەن و لـە خزمـەت بڕیارەکانیانـدا ئەرێیانـە ئامـادەی کـارکردن بـن، هـەر کاتێکیش تاك لەو شێوە بیرکردنەوەیەدا گەورەتربێت و پێڕەوی لێ نەکات، ئەوا تاکێکی نامۆیە و هیچ ئیمتیازێکی نابێت، بەپێـچەوانەشەوە پـەیڕەوکار تـاکێکی ئەسڵە و ئیمتیازاتی جۆراوجۆری دەبێت، ئەوان بەم ستایلی تێفکرین و دونیابینی و مامەڵەکردنە، مەودا و بۆشایی نێوان خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگا فـراوانتر دەکـەن، دوورکەوتنەوەی دوو سەرە زیاتر دەبێت، چونکە دەیانەوێت تاك مۆنۆپۆل بکەن و لەسەر ئەو ئاوازەش هەڵپەڕێنین کە وابەستەییانە بۆی لێدەدەن، دەسەڵات وا پێشاندەدات ئاوازی ئەو ئاوازی باڵایە، دەبێت تاك لەگەڵ ئاوازی ئەو هەڵپەڕێت، ڕەنگی ئەو ڕەنگی باڵایە، دەبێت تاك بەڕەنگی ئەو خۆی ڕەنگرێژ بکات، حـەز و خواستی ئەو حەز و خواستی باڵایە، دەبێت تـاك پێڕەوی لـەو حـەز و خواسـتە بکات، تێفکرینی ئەو تێفکرینی باڵایە، دەبێت تاك بە تێفکرینی ئەو خۆی بارگاوی بکات.

لێرەدا ئەوە نیە خەڵك نەتوانێت لەگەڵ دەسەڵاتدا خۆی بگونجێنێت، یا نەتوانێت بەبێ بوونی ئەودا هەڵبکات، بەڵکو ئەوە دەسەڵاتە هەموو مەنفەزێك بەسەر خەڵکدا دەگرێت و نایەوێت خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت و لەگەڵیدا هەڵبکات، ئەوە دەسەڵاتە مۆنۆپۆلی هەموو شتێك دەکات و دونیا لەبەردەمی تاکدا بچوك دەکاتەوە، ژیانی بەسەردا قوفڵ دەدات، سەرەنجام ناچاری دەکات بڕیاری پەرچەکردارێکی توند وەربگرێت و هەوڵی بەرجەستەکردنی بدات هەر چەندە ناخۆش و ترسناکیش بێت، ئەوەتا دیاردەی بەردەوامی کۆچکردن باشترین نموونەیە بۆ دروستی ئەم قسەیە.

کاتێك ئەمە شێوازی مامەڵەکردن و جیهانبینی دەسەڵاتێك بێت و نەیەوێت خۆی لەگەڵ تاك و کۆمەڵگادا تەبا بکات، نەیەوێت لەگەڵ کۆمەڵگادا هەڵبکات، کەواتە چۆن دوو دەسەڵاتی لەم جۆرە دەتوانن تەبایانە لەگەڵ یەکتری هەڵبکەن و بۆ یەك ستراتیژ و یەك ئامانجی نەتەوەیی تێبکۆشن.

هەرگیز ناکرێت دوو دەسەڵاتی تاکچاوی خۆبەڕەهابین بەیەکەوە لەسەر خەت و هێڵەکانی یەك ستراتیژدا هەڵبکەن، تاوەکو ستایلی بیرکردنەوەیان ئەوە بێت دان بەبوونی یەکتردا نەنێن، بەپێچەوانەشەوە بە بەردەوامبوون لەم ستایلی بیرکردنەوەیە بەرەو ئاقاری شەڕ و بەیەکدادان پەلکێش دەکرێن "کە ئەمەش ڕوویدا".

دوای ئەوەی دەسەڵاتە تاکچاو و دیکتاتۆرەکان لەڕووبەڕووبونەوەیدا تووشی چەندین کارەساتی وێرانکار دەبن، بێهێزی و کەم توانایی خۆیان بۆ بەدیار دەکەوێت، دەگەنە ئەو باوەڕەی ناتوانن ئەویدی لەناو ببەن، لەگەڵیشیدا لە مەترسیە بەردەوامەکانی دەرەوە بەئاگا دێنەوە، ئینجا دێنە ئەو باوەڕەی کە بوونی بەرامبەر پێویستە و بەبێ ئەو ناتوانرێت هەڵبکرێت، لێرەوە ئیدی ئاشتبوونەوە پرۆسەیەکی پڕ گرنگی حەتمی دەبێت و پێوستی بە جێبەجێکردن دەبێت و ناکرێت لێی لابدرێت.

وەکو دیارە ئاشتبوونەوە پرۆسەیەکە لە دوای شەڕ و بەیەکدادان دێتەبوون، بۆ ئەوەیە پارتەکان و ئەندامەکانیان چیتر بە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە و کوشتن

و ڕەشکردنەوەی یەکتردا نەچن، واتا پرۆسەیەکە بۆ مەبەستی بەیەکەوە ژیان و تێکەڵکردنەوەی دژەکان دروست بووە، بەمەش ئاشتبوونەوە پرۆسەیەکی تەواو عەقڵانیە، لێیەوە هیچ بوارێك بۆ کردەی غەریزی و ناعەقڵانی نامێنێت، چونکە هەموو ئەو کردانەی لە واقیعی پێش دروستبوونی پرۆسەکە بەرجەستە دەکرێت، کردەی غەریزەیین و بەتەنها غەریزە لێیانەوە بەرپرسیارە.

مەبەست هەموو ئەوانەی بڕیاری خراپەکاری و شەڕکردن دەدەن وئەوانەش کەپراکتیزەی دەکەن، مرۆڤی غەریزەچین، چونکە غەریزەییانە دوور لە هەر بیرکردنەوەیەکی عەقڵانی و کردەیەکی لۆژیکی، بە مەبەستی کوشتن و نەهێشتنی بەرامبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەیەکدادان ملیان ناوە.

لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدا ئەگەر شەڕ و کوشتن کردەیەك و بڕیارێکی تەواو غەریزەیی بێت کەواتە ئەو هەموو کەلوپەل و ئامێر و کەرەستە تەکنەلۆژیە مۆدێرنانەی ئێستا کە لەڕێگای عەقڵەوە بۆ خزمەتی شەڕکردن دروستکراوە چییە؟ ئایا دەکرێت ڕۆڵ و ئامادەیی عەقڵ لە شەڕ و کوشتندا لەبەرچاو نەگیرێت؟ عەقڵ لە دروستکردنی هەموو ئەو ئامێر و کەرەستە سەربازیە مۆدێرنانەی بۆ شەڕکردن ئامادەکراوە، کەوتۆتە ژێر کارگەری غەریزەیە، بەتایبەتی غەریزەی مەرگ "تاناتۆس"، مەبەست عەقڵ لە هەنگاونان بۆ دروستکردنی ئەم ئامێرانە مۆنۆپۆلکراوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری بڕیاری سەنتەری غەریزەوە، چونکە ئەو سەنتەرە دواجار عەقڵ بۆ دروستکردن و بەکارهێنانی ماتریالی مەبەستدار دەجولێنێ.

لەمەی سەرەوە ڕوون دەبێتەوە کەوا هەموو ئەو ڕووبەڕووبونەوە و بەیەکدادانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە، لەئەنجامی زاڵبوونی غەریزە بەسەر عەقڵەوە بووە، واتە کردەی غەریزەیین و هەر ئەویش لێیانەوە بەرپرسیارە، بەڵام لە ئەزموونەوە دەرکەوتووە بۆ ڕێگاگرتن لەو هەموو کوشتن و کارەساتەی شەڕ دەیهێنێتە ئاراوە، پرۆسەی ئاشتبوونەوە وەکو کاردانەوەیەك باشترین ئامراز بووە کە لەلایەن سەنتەری عەقڵەوە پێشکەش مرۆڤایەتی کراوە، عەقڵ تاوەکو ئێستا تەنها پرۆسەی ئاشتبوونەوە وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ

کارەساتی کوشتن و برین و بەیەکدادان پێشکەش بە جیهانی مرۆڤایەتی کردووە، لەوەشیانەوە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە، چونکە تیایدا سەنتەری غەریزە بۆ بڕیاردان و چۆنیەتی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتکردنی مرۆڤ خاڵی و بەتاڵکراوەتەوە، هەروەها تیایدا ئاگایانە خەونەکانی غەریزەچی لە گۆڕنراوە و ژیان لە ئەگەری خەتەرەکانی پارێزراوە، ئەمەش مانای ڕاگەیاندنی مەرگی غەریزەیە.

سێبتێمبەری **2001**




**زنجیرەی سوکایەتیپێکردنی پەرلەمان**

**دەسپێك...**

پێكهاتی پەرلەمان لە ڕەوتی ڕۆژ لەبەربوونیدا بەزنجیرەیەك سوكایەتیپێكردنی یەك لەدوای یەك تێپەڕیووە، یا بەشێوەیەكیتر لە مێژووی بە پەرلەمانبوونیدا زنجیرەیەك سوكایەتیپێكردنی یەك لەدوای یەكی ئەزموونكردووە، دەشێت ئەم سوكایەتیپێكردنە یەك لە دوای یەكە زنجیرئاسا بێپسانەوەیە هەر لە سەرەتایی بە پێكهاتكردنی پەرلەمانەوە تاوەكو ئێستا لە ڕێگای چەندین دیاردەی نێو كۆمەڵگا و ڕووداوی نێو پێكهاتە خۆی بدۆزینەوە.

ئەگەرچی بە ڕووداوكردنی ئەم ڕووداوانە و بە دیاردەكردنی ئەم دیاردانە لەنێو واقیعدا پەیوەستن بەهێز و سەرچاوەی ڕووداوهێن و دیاردەهێنی جیاجیا، ئەگەرچی ئەم ڕووداوانە بەپێی زەمەنی بە ڕووداوكردنیان پەیوەستن بە زەمەنی جیاجیا، بەڵام دواجار هەموویان لەوێدا یەكدەگرنەوە كە پەیوەستن بە پێكهاتی پەرلەمان، لەنێو ئەودا یاخود لە بەرامبەر ئەودا بەڕووداو كراون.

لەم زنجیرە سوكایەتیپێكردنەدا ڕووداوی یەكەم ئەڵقەی یەكەمی زنجیرەكە و ڕووداوی دووەم ئەڵقەی دووەمی زنجیرەكە و ڕووداوی سێیەم ئەڵقەی سێیەمی زنجیرەكە پێكدەهێنێت، بەمشێوەیە بە كۆی ئەڵقەكان و كۆی ڕووداوەكان ئەم زنجیرە سوكایەتیپێكردنە بەرهەم دێت كە لێرەدا مەبەستمانە پیشانیبدەین و قسەی لەسەر بكەین.

لەبەرئەوەی ئەم زنجیرە سوكایەتیپێكردنە یەك لەدوای یەكە بێپشوودانە لەبن نەهاتووە بەها و حورمەتی پەرلەمانی لە دەستچواندووە، وێنەی پەرلەمانی لەبەرامبەر "دەرەوە/ ناوەوە" دزێوكردووە، لەبەرئەوەی ئەم سوكایەتیپێكردنە بەردەوامە ئەڵقەكانی ئەم زنجیرەیەی پتەوكردووە و لەگەڵیشیدا فەزای بەردەوامبوون و درێژبوونەوەی خۆشكردووە، یا ئامادەیی لە خۆلكاندن و لە خۆگرتنی ئەڵقەیتری پێبەخشیووە، بۆیە ئەمە ئیدی پێویستی بە هەڵوەستە بۆكردن و ڕەخنەكردن هەیە، پێویستی بە خوێندنەوە و ڕاڤەكردن هەیە، هەمووی ئەمانەش لە كۆتاییدا بۆ مەبەستی گێڕانەوەی بەها و حورمەتی لە دەستچووی پەرلەمانە، بۆ جوانكردنەوەی وێنەكەیەتی لە بەرامبەر "ناوەوە/

دەرەوە"، بۆ پساندنی ئەو زنجیرە پتەوەیە کە بەردەوام ئامادەیی لە خۆلکاندن و لە خۆگرتنی ئەڵقەی زیاتر و ڕووداوی زیاتری لەمجۆرەی هەیە، هەروەها لە دواجاردا بۆ مەبەستی نەهێشتنی ئەو ئەتمۆسفێرەیە کە بەردەوامبوون و درێژبوونەوەی ئەم زنجیرە سوکایەتیپێکردنە خۆش دەکات.

پێش ئەوەی بچینە نێو ڤالآیی ئەم باسە و بە ئاقارەکانیدا شۆڕببینەوە، باشتر وایە هەڵوەستێکی کورت لە بەرامبەر هەرسێ کۆنسێپتی " زنجیر – سوکایەتیپێکردن – پەرلەمان " بکەین، ئەمەش بۆ ئەوەی مەبەستمان لێیان و لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان ڕوونبکەینەوە.

زنجیر: ماتریالێکی دونیایی مرۆڤکردە، لە ڕستێك ئەڵقەی لێکنەپچراو پێکدێت، هەر یەکێکیان بەندە بەوەی پێش و پاش خۆی، هەر ئەڵقەیەك بەشێکی دیاریکراوی زنجیر پێکدەهێنێت، بە کۆی ئەڵقەکان زنجیر پێکدێت، پەیوەندی ئەڵقە بە زنجیر پەیوەندی بەشە بە گشت، پەیوەندی مۆنادە بە ئۆرگان و بە جەستە، زنجیر کۆمەڵێك سیفات و تایبەتمەندی سەربەخۆی هەیە، یەکێك لەوانە زنجیر بەهۆی ئەڵقەبەندیەکەی هەمیشە ئامادەیی لە خۆگرتن و لە خۆلکاندنی ئەڵقەی زیاتر و نوێتری هەیە، ئەمەش واتا هەمیشە ئامادەیی خۆگەورەکردن و خۆفراوانکردنی هەیە.

بۆ ئەوەی زنجیر گەورە و فراوان بێت، دەبێت ئەڵقەی نوێ هەبێت، بۆ ئەوەی ئەڵقەی نوێش هەبێت دەبێت ئەو ئەتمۆسفێرە و ئەو ماددانە و ئەو کاراکتەرانە هەبن کە ئەڵقەی نوێ دروست دەکەن.

لە ڕاستیدا ئەوەی لێرەدا لە زنجیر وەرمانگرتووە ئامادەبوونی ماتریالیانە و گشت سیفاتەکانی نییە، بەڵکو تەنها سیفەتێکیەتی، ئەویش سیفەتی ئەڵقەداربوونە، واتا لێرەدا کۆمەڵێك دیاردە یا ڕووداومان وەرگرتووە، هەریەکێکیشمان کردۆتە نێو ئەڵقەیەك، یا لە شێوەی ئەڵقەیەك وێناکردووە، دواجار بەسەرجەمی ئەڵقەکان ئەو زنجیرەیەمان وێناکردووە کە گەرەکمانە لێرەدا پیشانیبدەین و بیخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

**سوکایەتیپێکردن:** هەر پێکهاتێك و دامەزراوێکی دونیایی لەنێو واقیعی ژیانی کۆمەڵگادا بۆ مەبەستی بەرجەستەکردنی ئامانجگەلێك ستراکتۆر دەکرێت، لەم پێناوەشدا تەوزیف دەکرێت و ڕۆڵی پێدەدرێت لەلایەن سەنتەرە دروستکارەکەیەوە، بەرجستەکردنی ئەم ئامانجگەلە قیمەتێك و بەهایەکی تایبەت بە پێکهات دەدات، بەڵام لەگەڵیشیدا جۆرێکی جیا و ستایلێکی تایبەتی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتکردن دەسەپێنێت، کاتێك ئەمجۆرە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتکردنە تایبەتەی کە پێویستە ئامادەیی نەبێت "لەبەر هەر هۆیەك " و لە شوێنیدا مامەڵەکردنێکیتر ئامادەیی هەبێت جیا لەوەی پێویستە، ئەوا پێکهات لە کارکردە و ڕۆڵە سەرەکی و جەوهەریەکەی خاڵیدەکرێتەوە و لە شوێنیدا کارکردەیتر و ڕۆڵیتری پێدەبەخشرێت، هەروەها بەستایلیتر و بۆ مەبەستیتر بەکاردەهێنرێت کە لە بنەمادا بۆی ستراکتۆر نەکراوە، واتا بە ئاقاریتر ئاراستە دەکرێت، بەمەش پێکهات قیمەت و بەهای تایبەتی لە دەست دەدات، هەر کاتێکیش پێکهاتێك قیمەت و بەهای لە دەستدا ئەوا سوکایەتیپێکراوە.

کەواتە سوکایەتیپێکردن ئەنجامی جۆرێك مامەڵەکردن و هەڵسەکەوتکردنە کە لە بەرامبەر پێکهاتێکدا دەکرێت، کە لە بنەمادا ئەو پێکهاتە پێویستی بە جۆرێکیتری مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتکردنە، تاوەکو چالاکانە ئەو کارکردە و ڕۆڵە  سەرەکی و جەوهەریە براکسیس بکات کە لەپێناویدا دروستکراوە.

هەر پێکهاتێك یا دامەزراوێك بەهۆی ئەو قیمەت و بەهایەی هەیەتی خۆی بەیان دەکات، یا وێنەی خۆی پیشانی دەرەوە دەدات، کاتێك ئەو قیمەت و بەهایە "لەبەر هەر هۆیەك" لە دەستچوو، ئیدی وێنەکەی دەشێوێت، بەمەش سوکایەتی پێدەکرێت.

کەواتە سوکایەتیپیکردن دەرەنجامی کردەیەکە لەلایەن ئەو سەنتەر و هێزە کۆمەڵایەتیەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت کە پێکهات بەکاردەهێنێت و ئیشی پێدەکات، لە دەرەنجامدا قیمەت و بەهای لە دەست دەدات و وێنەیەکی ناشیرین و دزێوی پێدەبەخشێت لەنێو کۆمەڵگادا.

پەرلـەمان: دامـەزراوێکی دونیـایی مرۆڤکـردە، بەرهـەمی عـەقڵ و مەعریفـەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری مرۆڤـە، بەرهـەمی مۆدێرنـە و شـارە، پەرلـەمان پێکهاتێکە خاوەنی سیفات و تایبەتمەنـدێتی خۆیـەتی، تیایدا چـەندین کـەس و لایـەن لـە ڕێگـای پرۆسـەی هەڵبـژاردن و بـە یارمـەتی دەنگـی ئـەوانیترەوە "دەنگدەران" ئامادەییان هەیە، شانسی قسەکردنیان هەیە لە برِی ئەوانیتری نێو کۆمەڵگا.

پەرلەمان شوێنێکە بۆ دەرکردنی برِیاری گرنگ و چارەنووسساز لـە بـارەی کۆمـەڵگا و دونیـا وابەسـتەکەی، شـوێنێکە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە چـۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا، و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ دیـاردە و ڕووداوەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

پەرلـەمان لـە زەمەنێکـەوە بـۆ زەمـەنێکیتر و لـە کۆمەڵگایەکـەوە بـۆ کۆمەڵگایەکیتر و بەپێی جیاوازی بیرکردنەوەکان و دونیابینیەکان جیاوازی هەیە، هـەر پەرلـەمانێك بـەپێی جـۆر و خەسـڵەت و ڕادەی پێـشکەوتنی کۆمـەڵگا تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەم لە ژمارەی ئەندامە بەشداربووەکانی و هـەمیش لـە دەستور و برِیارەکانی." لەڕاستیدا قسەکردن لەسەر پەرلـەمان زۆر هەڵدەگرێت، لێرەدا ئەو بوارەمان نییە و جێیدەهێڵین بۆ شوێنکاتێکیتر".

دوای ئـەم چـەند قـسە کورتـە لەسـەر هـەر سـێ کۆنـسێپتی" زنجـیر – سوکایەتیپێکردن – پەرلەمان "، شوێنی خۆیـەتی بپرسـین چۆن دەتـوانین ئـەم ڕستە سوکایەتیپێکردنە یەك لەدوای یەکە بدۆزینەوە و دەستنیشانیان بکەین کـە ئێمـە دەمانـەوێت قـسەیان لەسـەر بکـەین؟ چـی یارمەتیـدەرمان دەبێـت بـۆ بەئەنجامگەیاندنی مەبەستی ئەم باسە؟ ئایا ئەڵقـەی یەکـەم و ڕووداوی یەکـەمی ئەم ڕۆمانی سـوکایەتیپێکردنە لـەکوێوە دەسـتپێدەکات و بـەرەو کـوێ چـووە و لەکوێـشدا وەسـتاوە؟ بۆچـی ئـەم ڕووداوانـە بـە سـوکایەتیپێکردنی پەرلـەمان لێکدەدەینەوە، یا چی وایلێکـردووین ئـەم دیـد و بۆچوونەمان هـەبێت؟. ئەمانـە پرسـیارگەلێکی گرنگـی ئـەم باسـەن، بـە بۆچـوونی مـن وەڵامدانـەوەیان زەروورەتێکی حەتمیە، چونکە دەرگای چوونە نێو فەزای ئەم باسـە دەکاتـەوە و

بەرەو ڕەهەند و ئاقارەکانی پەلکێشمان دەکات، وامان لێدەکات لە شوێنی جیاجیا پرسیاری جیاجیا و هەڵوەستەی جیاجیا بکەین، بەمانایەکیتر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ڕێخۆشکارە بۆ ئەوەی لایەنە جیاجیاکانی ئەم مەسەلەیە بەسەر بکەینەوە و پرسیاری هەڵوەستە ئامێز و قسەیان لەبارەوە بکەین.

لە ڕوانگەی منەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئەم ڕستە سوکایەتیپێکردنە یەك لەدوای یەکە بدۆزینەوە و دەستنیشانیان بکەین، ئەوا دەبێت بە ناچاری بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بە پێکهاتکردنی پەرلەمان و لەنێویدا "هەر لەسەرەتاوە تاوەکو ئێستا" ڕووداوگەلێکی بەرجەستەکراوی جیاجیا وەربگرین کە لە زەمەنی جیاجیا ڕوویاندابێت، ڕووداوگەلێك بۆچوونەکانی ئێمە بسەلمێنێت و لۆژیك بە خوێندنەوە و شرۆڤەکردنەکەمان ببەخشێت. کەواتە ئەوەی یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ بەئەنجام گەیاندنی مەبەستی ئەم باسە، ئەوەی وەکو کۆڵەگەیەك دەبێتە پشتیوانێکی قایم و دەتوانین پشتی پێببەستین، ئەوا ڕووداوەکانی نێو مێژووی پێکهات خۆیەتی. کەواتە بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامی پرسیاری یەکەم بدەینەوە، ئەوا ڕووداوگەلێکی بەرجەستەکراو وەردەگرین کە لە زەمەنی جیاوازدا لەسەرزەمینی واقیعدا ڕوویانداوە، ڕووداوێك لە زەمەنە سەرەتاییەکەی هاتنەبوونی پەرلەمان، یەکێك لە زەمەنە ناوەڕاستەکەی" ناوەڕاست لەم چەند ساڵە تەمەنەی تائێستا"، یەکێکیش لە زەمەنی ئێستا وەردەگرین، ئینجا بەجیا قسەیان لێوە دەکەین.

گەڕانەوە بۆ مێژوو ئەو بوارەمان پێدەدات بتوانین وەڵامی پرسیاری دووەم بدەینەوە، مەبەست ئەو بوارەمان پێدەدات بتوانین لە ڕێگایەوە ئەڵقەی یەکەم و ڕووداوی یەکەم، ئەڵقەکانی دواتر و ڕووداوکانی دواتر، ئێستایترین ئەڵقە و ئێستایترین ڕووداوی ئەم ڕۆمانی زنجیرە سوکایەتیپێکردنی پەرلەمانە دەستنیشان بکەین و بیانخەینە ڕوو، بەهۆی گەڕانەوەمان بۆ مێژوو دەتوانین ئەوەلین ئەڵقەی ئەم زنجیرەیە دەستنیشان بکەین، ئەوەلین بەشی ئەم ڕۆمانە بخوێنینەوە کە لە دیدی منەوە خۆی لە "گۆڕینی ژمارە"ی دەرەنجامی

هەڵبـژاردن دەدۆزێتــەوە، بـەهۆی گەڕانـەوەمان بـۆ مێـژوو دەتـوانین ئەڵقـەکانی دواتـری ئـەم زنجیرەیـە دەستنیـشان بکـەین، بەشـەکانی دواتـری ئـەم ڕۆمانـە بخوێنینەوە کە لە دیدی منەوە خۆی لە"شەڕی خۆکوژی" و هەنـدێك لـە بڕیـار و ڕووداوەکـانی ئــەو ســەردەم دەدۆزێتــەوە، بــەهۆی خوێندنــەوەی ئێــستا و بەسـتنەوەی ئێـستا بەمێـژوو، واتـا بەمێـژووکردنی ئێـستا دەتـوانین دواهـەمین ئەڵقـەی ئـەم زنجیرەیـە دەستنیـشان بکـەین، دواهـەمین بەشـی ئـەم ڕۆمانـە بخوێنینەوەکـە لـە دیـدی منـەوە خـۆی لـە ڕووداوەکـانی ئێـستا بەگـشتی و" گواستنەوەی پەرلەمان" لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیدی بەتایبەتی دەدۆزێتەوە.

لێـرەدا کاتێـك دەڵـێین دواهـەمین ئەڵقـەی ئـەم زنجیرەیـە، مەبەسـتمان لـە دواهــەمین ڕووداو و دواهــەمین ســوکایەتیپێکردنی پەرلەمانــە تــاوەکو ئێـستا، نەوەکو دواهەمین ڕووداوی سـوکایەتیپێکردنی پەرلـەمان، چـونکە لـەوە دەچـێت ئەوەی ئێستا دواهەمین سـوکایەتیپێکردن نـەبێت، بـەڵام بۆچـی دەڵـێین ئـەوەی ئێـستا ڕوویـداوە دواهـەمین سـوکایەتیپێکردنی پەرلـەمان نابێـت، یـا چـی وامـان لێـدەکات بڵـێین ئـەم زنجـیرەی سـوکایەتیپێکردنی پەرلەمانـە تـەواو نابێـت و ناپـچڕێت و درێـژە دەکێـشێت؟ بـۆ ئـەوەی بەرسـڤی ئـەم پرسـیارە هەڵوەسـتە ئامێزە بدەینەوە باشتروایە قسەیەکی کورت لە واقیعی ژیـانی کۆمـەڵگای ئێمـە و ئەو عەقڵەی بەڕێوەی دەبات، لەگەڵ واقیعی دونیای پێکهاتـەی پەرلـەمان و ئـەو عەقڵەی کە بۆ بەڕێوەبردنی پێویستە هـەبێت بکـەین، دواتـر بـەراوردیان بکـەین، ئەمەش بۆ ئەوەی بزانین جیاوازییەکان لە کوێن و چ شـتێکیش دەبێتـە هۆکـاری هاتنە ئارای ئـەم زنجـیرە سـوکایەتیپێکردنە، کەواتـە قـسەی ئێمـە لەوێوەیـە، چ عــەقڵێك و ئەبـستیمێك بـۆ بــەڕێوەبردنی ژیـانی کۆمــەڵگا بەتـەواوی پێکهاتــە و دامودەزگـــا و خانـــە بـــچوکە بونیادنەرەکانیـــەوە ئامادەیـــە، چ عـــەقڵێك و ئەبستیمێکیش بۆ بەڕێوەبردنی دونیـای پێکهاتـە "پەرلـەمان" پێویـستە ئامـادە بێت.

دەزانین پێکاتـەی پەرلـەمان بەرهـەمی مۆدێرنەیـە، بەرهـەمی شـار و عـەقڵی نوێیــە، پەرلــەمان دامەزراوێکــە تایبەتمەنــدی خــۆی هەیــە، لەوانــە شــوێنی

لێکجیاکردنــەوەی لایــەن و گــروپ و هێــزە سیاســی و کۆمەڵایەتیەکانــە، شــوێنی بەدیارکــەوتنی دەنــگ و ڕەنگــی جیایــە، شــوێنی دیــالۆگکردن و لێکتێگەیــشتنی جەمسەرە جیاوازەکانــە، شــوێنی نەهێــشتنی بــە زۆر خۆســەپاندنی ڕەگــەزێك یــا گروپێك یا لایەنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە بەسەر ئــەوانیتر، هــەمووی ئەمانــەش ئــــەوە ڕوون دەکەنــــەوە پێکهــــاتی پەرلــــەمان پەیوەســــتی عــــەقڵێکی کــــراوەی هیومانیستخوازە، پەیوەستی مەعریفەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاست بەرزە.

ئەو عەقڵەی پەرلەمانی بە پێکهات گەیاندووە خۆی لە زنجیری دەستەمۆیی و بێدەنگی ڕاپسکاندووە، و لەگەڵیشیدا ئیش بۆ دەستەمۆکردن و بێدەنگکردنی کۆمەڵگا و مرۆڤەکانی ناکات، ئـەو عەقڵـەی پەرلـەمانی دروسـتکردووە خـۆی لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکانی پـێش قۆنـاغی مۆدێرنبـوونی کۆمـەڵگا، ئـەو قۆناغانـەی عــەقڵ و بڕیارەکــانی دیوەخــان دونیاکــەی بــەڕێوە دەبــات و چارەنووســی دیــار دەکات قوتار کردووە، خۆی لە قۆناغە سەرەتاییە ڕەگەز یا چین پەرستەکانی لە شێوەی پاتریــارکی قوتــار کــردووە، بۆیــە ئامــادەبوونی پێکهــاتی پەرلــەمان واتــا ئامادەبوونی عەقڵی مـۆدێرن و یەکسانخواز و یـەکتر قبـوڵکردنی جیاوازییـەکان، دواجار ئامادەبوونی مەعریفەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاست بەرزە.

لە هەر کۆمەڵگایەکدا بۆ ئەوەی پەرلـەمانێکی تەندروسـت و ئـەکتیڤ و کـارا ئامادەبێت، ئەوا پێویستە عەقڵێك و مەعریفەیەکی لـەمجۆرە ئامـادە بێـت، بـەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە چ جۆرە عەقڵێك و مەعریفەیـەك لـەنێو واقیعـی کۆمـەڵگای ئێمــەدا ئامادەیــە و کۆمــەڵگا بــەڕێوە دەبــات؟ بەگەڕانــەوە بــۆ واقیعــی ژیــانی کۆمەڵایەتی و خوێندنەوەی بونیادی کۆمەڵگا و دیـاردە و دەرکەوتـەکانی، ئـەوە ئاشکرا دەبێت کە "لە ئێستادا" ئـەو عەقڵـەی دونیـای کۆمـەڵگای ئێمـە بـەڕێوە دەبــات عــەقڵی دیوەخانــە. عــەقڵی دیوەخــانیش عــەقڵی قۆناغــەکانی پــێش مۆدێرنەیە، عەقڵێکە تیایدا شوێنێکی نییە بۆ لێکجیاکردنـەوەی لایـەن و گـروپ و هێـزە سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەکانی کۆمـەڵگا، شـوێنێکی نییـە بـۆ بەدیارکـەوتنی دەنگ و ڕەنگی جیا، شوێنێکی نییە بۆ دیالۆگکردن و لێکتێگەیشتنی نێو کـۆیی، شوێنێکی نییە بۆ خۆ نەسەپاندنی ڕەگەزێك یـا چـینێك بەسـەر ئـەوانیتردا، کـۆی

ئەمانـەش ئـەوە ڕووندەكەنـەوە ئـەو عەقڵـەی كۆمـەڵگای ئێمـە بـەڕێوە دەبـات عەقڵێكی داخراو و چەقبەستوی نوستالۆژیخوازە، هەر بۆیە ئەو مەعریفەیەش كە لەئارادایە مەعریفەیەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئاست نزمە.

كێشەی ئێمە ڕێك لەوێوە دەستپێدەكات كە ئـەو عـەقڵی لـە ئێـستادا دونیـای كۆمـەڵگا بـەڕێوە دەبـات، هـەمان ئـەو عەقڵەیـە كـە دونیـای پێكهـاتی پەرلـەمان بەڕێوە دەبات، ئەو عەقڵەی دەست لە كاروباری كۆمەڵگا و یەكـە پێكهێنـەرەكان و دامودەزگاكانی دەگێڕێت، هەمان ئەو عەقڵەیـە دەسـت لـە كاروبـاری پێكهـاتی پەرلەمان دەگێڕێـت، ئەمـەش واتـا یـەكجۆرە ئەبـستیم و عـەقڵ و دونیـابینی بـۆ بـەڕێوەبردنی دونیـای دوو پێكهاتـەی لـە یـەكتر جیـاواز ئامادەیـە، بـەڵام لـە ئەزموونەوە دەركەوتووە دونیای ئەم دوو پێكهاتە پەیوەستی دوو عەقڵی جیایە، ئـەم دوو عەقڵـەش هـەم لـە جەوهـەردا و هـەم لـە ڕووكەشـدا، هـەم لـە سـتایلی تێفكـرین و دونیابینیـدا و هـەم لـە مامەڵـەكردن و سـەر و سـیمادا جیاوازیـەكی بەرچاو لە نێوانیاندا هەیە كە دواجار هەریەك بەپێی ئەزموونی خۆی دونیا بەڕێوە دەبات.

لە ئێستادا عەقڵی بەڕێوەبەری كۆمەڵگای ئێمە "عەقڵی دیوەخـان" واپێـشان دەدات دەتوانێــت دونیــای پێكهــاتێكی مــۆدێرن بــەڕێوە ببــات، دەتوانێــت تەندروستانە مامەڵەی لەگەڵدا بكات، لەم پێناوەشدا لـە هـەوڵی تەمـسیلكردنێكی بێوێنەدایە بۆ كرانەوە، لـە هـەوڵی هەڵخەڵەتانـدنێكی بێوێنەدایـە بـۆ ڕازاندنـەوە، بـەڵام لـە كۆتاییـدا ڕوودانـی ڕووداوێـك یـا بـوونی دیاردەیـەك بەسـە بـۆ ئـەوەی تەمسیلكردنەكەی فەشەل و سیحری ڕازاندنەوەكەشـی بـەتاڵ بێـت، ئیـدی وەكـو خۆی دور لە تەمسیلكردن و خۆڕازاندنەوە بـەدیار بكـەوێت، بەشـێوەیەكیتر هـەر چەند عەقڵی دیوەخان خۆی ماسك دەكـات، وا پێـشاندەدات دەتوانێـت دونیـای پێكهاتی عەقڵی مۆدێرن بـەڕێوە ببـات و تەندروسـتانە مامەڵـەی لەگەڵـدا بكـات، بەڵام دواجار بوونی كێشەیەك یا ڕووداوێك بەسە بۆ ئەوەی ماسكەكەی بـدرێت، و ئەوە كەشف بێت كە ناتوانێت تەندروستانە دونیـای پێكهـاتی عـەقڵێكی جیـا لـە پێكهاتەكانی عەقڵی خۆی بەڕێوە ببـات. ئەمـەش لەبەرئـەوەی ئـەو مەعریفەیـەی

نییە کە پێویستە هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی دونیای پێکهاتی مۆدێرنی لە چەشنی پەرلەمان، بۆیە دەتوانین بڵێین کێشەی سەرەکی لێرەدا کێشەی بوون و نەبوونی مەعریفەی پێویستە بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ پێکهاتی پەرلەمان بکەین.

لە ئەزموونی ئەوەندە ساڵە پێدەچێت عەقڵی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا بڕیاری دابێت نەگۆڕێت و هەر بەمشێوە دونیای کۆمەڵگا و پێکهاتە و دامەزراوەکانی بەڕێوە ببات، ئەمەش مانای بڕیاریداوە نەبێتە ئەو عەقڵەی کە پێویستە هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی پێکهاتی پەرلەمان، ئەوەی ڕاستی ئەم قسەیە مسۆگەر دەکات ڕووداوەکان و دیاردەکانی نێو واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگان. بەمجۆرە دەگەینە سەر لێواری ئەم دید و بۆچوونەی بڵێین ئەمەی ئێستا ڕوویداوە دواهەمین ئەڵقەی ئەم زنجیرەی سوکایەتیپێکردنی پەرلەمان نابێت، بەڵکو ئەڵقەیتر و سوکایەتیپێکردنیتری بەدواوەیە.

کەواتە بە کورتی دەتوانین بڵێین هەموو ئەم ئەم سوکایەتیپێکردنەی پەرلەمان لەوێوە دەستپێدەکات ئەو ئەبستیم و عەقڵەی پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی پەرلەمان ئامادە بێت ئامادە نییە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکیتر ئەوەی ئامادەشە "عەقڵی دیوەخان" بەئارەزووی خۆی دەچێتە نێو پەرلەمان و بەکاریدەهێنێت و بڕیاری بەسەردا دەسەپێنێت، بەمەش پەرلەمان لە خەسڵەت و کارکردە سەرەکیەکەی خاڵیدەکاتەوە و لە بریدا خەسڵەت و کارکردەیتری پێدەبەخشێت، بەمەش سوکایەتیپێدەکات و وێنەکەی دزێو دەکات.

## گۆڕینی ژمارە

بۆ ئەوەی ئەم" زنجیرەی سوکایەتیپێکردنی پەرلەمان"ە وەکو ڕستێکی لێکجیانەکراوی پەیوەند بەست دەستنیشان بکەین و هەوڵبدەین لە ڕەهەند و دەلاقەی جیاجیا بیخەینە بەر نیگای تێڕوانین و تێفکرینی جیاجیا، ئەوا باشتروایە بەدوای ئەوەلین ئەڵقەی ئەم زنجیرەیە، یا بەشێوەیەکیتر بەدوای ئەوەلین سوکایەتیپێکردندا بگەڕێین، ئەمەش چونکە هیچ زنجیرەیەک لەنێو

بووندا دروست نابێت یا نادۆزرێتەوە ئەگەر ئەڵقەی یەکەمی دروست نەبێت یا نەدۆزرێتەوە، کەواتە بۆیە بەدوای ئەوەلین ئەڵقەی ئەم زنجیرەیە دەگەڕێین تاوەکو ئەوەلین سوکایەتیپێکردن دیار بکەین، بە بۆچونی من بۆ سەرەتاییترین ئەڵقە وەکو سەرەتاییترین هەنگاو باشتروایە بەدوای ئەوەلین ڕووداو بگەڕێین کە وەکو کردەیەکی بەرجەستەکراو لەنێو واقیعی پەرلەماندا ئامادەیی هەیە، و ئینجا لێیەوە دەست پێبکەین، بۆ ئەم مەبەستەش قۆناغی ڕاگەیاندنی دەرەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن (**50/50**) باشترین نمونە و بەرچاوترین ڕووداوی بەرجەستەکراوی پێکهاتەیە، کەواتە ئێمە لێرەدا باسی قۆناغێك لە قۆناغەکانی پرۆسەیەکی مرۆڤکرد "هەڵبژاردن" دەکەین کە لەنێو ئەم پێکهاتەیەدا براکسیسکراوە کە سوکایەتی جۆراوجۆری پێکراوە و لێرەدا بۆتە بابەتی سەرەکی ئەم باسەی ئێمە.

ئاشکرایە پرۆسەی هەڵبژاردن پرۆسەیەکی عەقلانی مرۆڤکردە، پرۆسەیەکە لە دونیای مۆدێرنەدا سەریهەڵداوە و گەشەی سەندووە، هەر لەوێشدا خۆی بە مرۆڤ و کۆمەڵگا ناساندوە و ڕەگوڕیشە فکری و فەلسەفی و سیاسیەکەی خۆی لە هزریدا چەقاندوە، پرۆسەی هەڵبژاردن وەکو هەر پرۆسەیەك خاوەنی خەسڵەت و جیاکەرەوە و سیفاتگەلێکی تایبەتە، بنەماو پرنسیپی تایبەتی هەیە، هەروەها لە ئەزموونکردنیشدا بە قۆناغ گەلێکی جیاجیا و تایبەت تێپەڕ دەبێت "لێرەدا شوێنی باسکردنی ئەم مەسەلەیە نابێتەوە و جێیدەهێڵین بۆ شوێنێکیتر"، یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئەم پرۆسەیە "ئەگەر تەندروستانە بەڕێوەبچێت" سەندنەوەی ڕەهایەتیە لە شت و بوو و سەنتەرە بە ڕەهاکراوەکانی نێو کۆمەڵگا و بەخشینەوەی ڕێژەێتیە پێیان، واتا دونیای شتەکان وەکو ئەوەی لە بووندا ڕێژەییانە ئامادەییان هەیە دوور لە دەستکاریکردن و گۆڕینی، دوور لە" گەورە/ بچوك" و " سەنتەر/ پەراوێز" کردن بەدیار دەخات. پرۆسەی هەڵبژاردن لەنێو هەر پێکهاتێکدا ستایلێکی تایبەت و مەبەستێکی تایبەتی هەیە، جگە لەمەش گروپ و لایەنی بەشداربووی تایبەتی هەیە، پرۆسەی هەڵبژاردن ئەگەر لەنێو هەر پێکهاتێك و بەهەر ستایلێك و بۆ هەر مەبەستێك و بە بەشداری هەر چەند گروپ

و لایەن و خەندەقی جیاواز بێت، ئەوا ئەبەد مومکین نییە یا ناتواندرێت لە سروشتە ڕۆح ئاساکەی خۆی دابماڵرێت و قۆناغەکانی پەیڕەوی لێنەکرێت، بەمانایەکیتر پڕۆسەی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی سروشتی کارکردەی خۆی نەگۆڕێت و شوناسی عەقڵانی لە دەست نەدات، بۆ ئەوەی پڕۆسەیەکی تەواو و کامڵ بێت، ئەوا پێویستە گشت قۆناغەکانی بەتەواوی و کاملی" هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی" بەشێوەیەکی تەندروست دوور لە هەر کردەیەك و هەنگاونانێکی ناعەقڵانی ئەزموون بکات، ئەزموون نەکردنی هەر قۆناغێك و بازدان بەسەریەوە، یا وەکو پێویست مامەڵەنەکردن لەگەڵیدا، ئەوا پڕۆسەکە بەرەو ڤاڵایی ناعەقڵانی و ئاقاری ئیفلیجبوون پەلکێش دەکات "ئەمەش ڕاستەوخۆ بەدیار ناکەوێت، بەڵکو دوای بەسەرچوونی زەمەنێك لە بەئەنجام گەیاندنی پڕۆسەکە ئینجا بەدیار دەکەوێت".

هەر چەندە پڕاکتیزەکردنی گشت قۆناغەکان لە بەتەندروستکردنی پڕۆسەکە و بەعەقڵانی نمایشکردنی مەرجێکی نەگۆڕ و بنەڕەتیە، وەلێ ئەوە بەس نیە بۆ ئەوەی پڕۆسەکە پڕۆسەیەکی تەندروست و عەقڵانی بێت، چونکە دواجار پڕۆسەکە پەیوەندی بەلایەن و گروپی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆریش هەیە کە لە پێشینەدا "بەپێی ڕێککەوتنێك" چوارچێوە یاساییەکانی بۆ دادەڕێژن و مەوداکانی دیار دەکەن، ئینجا هەوڵی پڕاکتیزەکردنی قۆناغەکانی دەدەن، واتا گروپ و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کاراکتەری نێو قۆناغە جیاوازەکانی پڕۆسەکە پێکدێنن و هەر ئەوانیش هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەنێودا دەکەن، بۆیە لە تەك گرنگی پڕاکتیزەکردنی تەواوی قۆناغەکان گرنگی ئامادەبوونی لایەن و گروپە کێبڕکێکارەکانی پڕۆسەکە و چۆنیەتی مامەڵەکردنیشیان ئامادەیی هەیە.

وتمان لێرەدا باسی قۆناغێك لە قۆناغەکانی پڕۆسەی هەڵبژاردن دەکەین ئەویش قۆناغی ڕاگەیاندنی دەرەنجامە، قۆناغی ڕاگەیاندنی دەرەنجامی پڕۆسەی هەڵبژاردن یەکێکە لە قۆناغە هەرە دیار و گرنگەکانی پڕۆسەکە، بەڵام شوێنی خۆیەتی بپرسین گرنگی ئەم قۆناغە لە چیدایە؟ لە تێڕوانینی منەوە دەکرێت گرنگی ئەم قۆناغە لە سێ ئاستی جیاوازدا بەدیبکەین، ئەوانیش یەکەمیان خودی

قۆناغەكە بۆ خۆی وەكو قۆناغێكی ئامادەی نێو پڕۆسەكە، لە ئاستی دووەمیشدا بۆ قۆناغە سەرەتایی و ناوەندییەكانی پێش خۆی، لە ئاستی سێیەمیشدا بۆ زەمەن و قۆناغەكانی دوای خۆی.

سەرەتا ئەگەر لە ئاستی یەكەمدا، واتا گرنگی قۆناغ بۆ خۆی وەكو قۆناغێكی نێو پڕۆسەكە بێینە ئاخاوتن، ئەوا دەڵێین ئامادەبوونی ئەم قۆناغە وەكو هەر قۆناغێك بۆ تەواوكردن و بەئەنجامگەیاندنی پڕۆسەكە پێویستیەكی حەتمیە، چونكە وەكو ئامازەمان بۆ كرد هیچ پڕۆسەیەك تەواو و كامڵ نابێت ئەگەر قۆناغێك لە قۆناغەكانی ئامادە نەبێت یا بەرجەستە نەكرێت دونیای واقیعدا، كەواتە گرنگی ئەم قۆناغە لەوێدایە پڕۆسەكە تەواو و كامڵ دەكات، جگە لەمە ئەم قۆناغە گرنگیەكیتری لێ بەدیدەكرێت ئەویش ڕاگەیاندنی دەرەنجامی پڕۆسەكە و ئاشكراكردنی كۆتاییەكەی، واتا ئەم قۆناغە دەرەنجامی پرۆسەكە ڕادەگەیەنێت و كۆتایی ئاشكرا دەكات.

لە ئاستی دووەمیدا گرنگی ئەم قۆناغە بۆ قۆناغە سەرەتایی و ناوەندییەكانی پێش خۆیەتی، ئەمەش لە ڕێگای پەیوەندیە ئۆرگانیەكانییەوە بەدیار دەكەوێت، لەبەرئەوەی ئەم قۆناغە لە سروشتی خۆیدا پەیوەندیەكی زنجیرئاسا پتەوەی لەگەڵ قۆناغەكانی پێش خۆی هەیە، بە شێوەیەك لە هاتنیدا بوونی ئەوان مسۆگەر دەكات و لە نەهاتنیشدا نەبوونیان بەدیار دەخات، ئەم پەیوەندیە توند و تۆڵە پێمان دەڵێت تاوەكو گشت قۆناغە سەرەتایی و ناوەندییەكانی پڕۆسەكە پڕاكتیزە نەكرا بێت، ئەوا ئەم قۆناغە ڕۆڵی نایەت لە پڕاكتیزەكردن و خۆبەیانكردن، بەم پێیەش ئەم قۆناغە دەبێتە گەرەنتێك بۆ ئەزموونكردنی قۆناغەكانی پێش خۆی، كاتێك پڕۆسەی هەڵبژاردن لە ڕێرەوەی خۆیدا دەگاتە ئاستی بەرجەستەكردنی ئەم قۆناغە، مانای قۆناغە سەرەتایی و ناوەندییەكانی خۆی ئەزموونكردووە، قۆناغەكانی پێش ئەم قۆناغەی ئەزموونكردووە، چونكە مومكین نییە پڕۆسەیەك گەیشتبێتە ئاستی قۆناغی ڕاگەیاندنی دەرەنجامەكەی، بێئەوەی قۆناغە بەرایی و ناوەندییەكانی یا ئەم قۆناغانەی بەرجەستە كرابێت كە پڕۆسەكەیان بەم ئاستە گەیاندووە، دەكرێت قۆناغی ڕاگەیاندنی دەرەنجامی

هەڵبژاردن لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆی هاوشێوەی ئێستا و ئاینده، یا ئیمڕۆ و سبەینێ لە زەمەندا بیچوێنین، چۆن لە زەمەندا تاوەکو ئێستا نەبێت ئاینده نابێت، تاوەکو ئیمڕۆ نەبێت بەیانی نابێت، ئەوا بەهەمان شێوە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا تاوەکو قۆناغە سەرەتایی و ناوەندییەکان ئامادە نەبێت، ئەوا قۆناغی ڕاگەیاندنی دەرەنجام ئامادەیی نابێت و بەپێچەوانەشەوە ئەوی دووەم زامنی بوونی ئەوی یەکەمە، بە کورتی گرنگی ئامادەبوونی ئەم قۆناغە لە ئاستی دووەمیدا لەوێدایە دەبێتە گەرەنتێك بۆ ئامادەبوون و پراکتیزەکردنی قۆناغەکانی پێش خۆی.

لە ئاستی سێیەمیدا گرنگی ئەم قۆناغە بۆ زەمەن و قۆناغەکانی دوای خۆیەتی، واتا بۆ زەمەن و قۆناغە هێشتا نەهاتووەکانی پێکهاتەی پەرلەمان و ئەو کۆمەڵگایەی پرۆسەکەی تێدا براکسیسکراوە، لەبەرئەوەی قۆناغی ڕاگەیاندن رادە و ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتووی لایەن و هێز و گروپە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی نێو پرۆسەکە ئاشکرا دەکات و ژمارەیان بەدیار دەخات، بۆیە لە ڕێگای ئەمەوە دەتوانین وێنای ئەو دونیا هێشتا نەهاتووە بکەین کە لە زەمەنێکیتردا هێزە سەرکەوتووەکەی پرۆسەکە ئیدارەی دەکات، هەروەها دەتوانین وێنای ئەو دەسەڵاتەش بکەین کە لەمەودوا سەنتەرئاسا دەبێتە هێزی باڵا و بڕیار بەدەستی نێو ئەو کۆمەڵگایەی پرۆسەکەی تێدا براکسیس دەکرێت، ئەم قۆناغە پێمان دەڵێت یا باشتر بڵێم بیرۆکەی ئەوەمان دەداتێ کە دونیای کۆمەڵگا لەوەندە ساڵەی داهاتوو "بەپێی ڕێککەوتن" کێ بەڕێوەی دەبات و دەبێتە هێزی ئەکتیڤی نێوی و لە شێوەی زۆرینەدا بەدیار دەکەوێت و سەنتەرئاسا ڕۆڵی خۆی نمایشدەکات، کێش دەبێتە هێزی پاسیڤ و لە شێوەی کەمینە بەدیار دەکەوێت و پەراوێزئاسا کەم ڕۆڵ دەبێت، بەم پێیەش ئەم قۆناغە جۆرێك لە حوکمکردنی بەسەر ئاینده تێدایە، چونکە پێمان دەڵێت دەبێت لە ئاییندەدا کام گروپ و هێزی بەشداربوو و کێبڕکێکاری پرۆسەکە ڕۆڵ و شەنسی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەرکردنی بڕیارە چارەنوسساز و یەکلاییکەرەوەکان لە هەمبەر پرس و کێشە هەنووکەیی و دوورمەوداکانی هەبێت، کامیش ئەم ڕۆڵ

و شانسەی نابێت، یا کام گروپ و هێز بۆی هەیە دەست لە کاروباری ئیدارەکردنی کۆمەڵگا وەربدات و ڕۆڵی تیا بگێرێت، کامیش ئەم ڕۆڵەی بەرناکەوێت و لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا پێویستە دەست بکێشێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە حوکمکردنە لەسەر ئەساسی دەنگی مرۆڤە بەشداربووەکانی پرۆسەکەوە بونیادنراوە، بۆیە بۆ زەمەن و قۆناغەکانی دوای خۆی گرنگیەکی بەرچاوی هەیە، بەکورتی گرنگی ئامادەبوونی ئەم قۆناغە لە ئاستی سێیەمیدا ئەوەیە لە ڕێگایەوە دەتوانین وێنای ئەو دونیا هێشتا نەهاتووە بکەین کە فەزای هاتنی خۆشکراوە، و لەگەڵیشیدا وێنای ئەو دەسەڵاتە بکەین کە بڕیارە لە ئایندەدا هێزی باڵا و بڕیار بەدەستی نێو کۆمەڵگا بێت.

بەمجۆرە بە قسەکردن لە تایبەتمەندیەکانی ئەم سێ ئاستەی پێشەوە دەگەینە ئەوەی گرنگی و ئامادەیی ئەم قۆناغە بۆ پرۆسەکە چییە و لەکوێدایە، وتمان قۆناغی ڕاگەیاندنی دەرەنجام گرنگە، بەڵام ڕاگەیاندنی دەرەنجام چیە جگە لە ڕاگەیاندنی ژمارە، ئەمەش چونکە تەنیا لە ڕێگای ژمارەوە دەتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات و خۆی بەیان بکات، بەڵام ڕاگەیاندنی ژمارە چیە؟ لێرەدا ڕاگەیاندنی ژمارە مانای ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی جۆرایەتی و چەندایەتی دەنگی مرۆڤە دەنگدەرە بەشداربووەکانی پرۆسەکە دەگەیەنێت، ئەوانەی لایەنگیر و هەواداری گروپ و کۆمەڵە جۆراوجۆرە بەشداربووەکانی پرۆسەکەن، دەبێت بڵێین لێرەدا ئامادەیی ژمارە لە چەشنی یەکەیەکی بێهەست و بێڕۆح و ئەبستراکتی نێو هاوکێشە ژمێریاریەکان نیە، کارکردی ژمارە تەنها پڕکردنەوەی خانەی بەتاڵی نێو هاوکێشە ژمێریاریەکان نییە، بەڵکو ئامادەیی ژمارە گوزارشتێکە بۆ خانە بەندکردنی تێڕوانین و جیهانبینی و هەڵبژاردنی مرۆڤ، گوزارشتێکە بۆ پیشاندان و جیاکردنەوەی حەز و خواست و ئیرادە و ئەخلاقی مرۆڤ، بەمانایەکیتر مامەڵەی ژمارە لێرەدا مامەڵە نیە لەگەڵ هاوکێشە بێهەست و بێڕۆحە ئەبستراکتەکانی هاوکێشەی ژمێریاری، بەڵکو مامەڵەیە لەگەڵ سەدای دەنگی مرۆڤ و جیهانبینی و هەڵبژاردنەکەی، مامەڵەیە لەگەڵ ئیرادەی سیاسیانەی مرۆڤ، ژمارەی بواری ژمێریاری تاوەکو لە شێوەی ژمارەی بێهەست

و ئەبستراکتی خۆی بێت، ئەوا نەگرنگی هەیە و نەخەتەریش، چونکە دواجار ژمارە چییە جگە لە شتێکی وەهمی کە لە دونیای واقیعدا بوونێکی بەرهەستی نیە، ژمارە لە شێوەی ڕووتی خۆیدا هیچ بەهایەکی نیە تا لەنێو هاوکێشە بڕۆحەکانی بواری ژمێریاری نەبێت، هەر بوو و پێکهاتێک لە هەر شوێنکاتێکدا دەکرێت خاوەنی هەر ژمارەیەك بێت، بەڵام بەها و گرنگی و خەتەری ژمارە لەوێوە دەستپێدەکات کە دەچێتە سەر بوو و پێکهاتە جیاجیاکان و لە دونیای واقیعدا چەندایەتیان پێدەبەخشێت، هەر چەندە قۆناغی ڕاگەیاندنی دەرەنجام قۆناغێکی گرنگە، وەلێ لەڕاستیدا چۆنیەتی ڕاگەیاندنی دەرەنجام لە سەرێك و قبوڵکردنی لەلایەن گروپ و هێزە بەشداربووەکان لە سەرێکیدی گرنگترە.

کاتێك دەڵێین چۆنیەتی ڕاگەیاندنی دەرەنجام گرنگترە، ئەوا لەوێوەیە چونکە چۆن دەکرێت دەرەنجام وەکو خۆی بێدەستکاریکردن ڕابگەیەندرێت و بڵاوبکرێتەوە، ئاواش دەکرێت دەستکاری بکرێت و وەکو خۆی بڵاونەکرێتەوە، لێرەوە لەبەرئەوەی ڕاگەیاندنی دەرەنجام ئیمکانی دەستکاریکردن و گۆڕینی ژمارەکانی هەیە، کەواتە پرۆسەکە لەبەردەم ئەگەری ناڕاستەکردن بە هەردوو ئاقاری عەقڵانی و دادپەروەری و ڕاستگۆی و تەندروستی لەلایەك و ئاقاری پێچەوانەی لەلایەکیتردا دەبێت، بەمەش چۆنیەتی ڕاگەیاندنی دەرەنجام هەم دەتوانێت پرۆسەکە بە سروشت و خەسڵەتە پەیوەستەکەی لەپێناو کارکردە گرنگ و سەرەکیەکەی خۆی بەکاربهێنێت و ڕێڕەوێکی عەقڵانی پێببەخشێت، هەمیش دەتوانێت پرۆسەکە لە کارکردە سەرەکیەکەی خۆی لابدات و بۆ مەبەستیتر بەکاریبهێنێت، هەر بۆیەش دەڵێین چۆنیەتی ڕاگەیاندنی گرنگترە. کاتێکیش دەڵێین قبوڵکردنی دەرەنجام گرنگترە، ئەوا لەوێوەیە چونکە بەهۆیەوە لە سەرێکدا ڕەهایەتی لە گروپ و لایەنە دەسەڵاتدارە خۆ بەرەهازانەکان دەسەنێتەوە و ڕێژەیەتیان پێدەبەخشێتەوە، لە سەرێکیتریشدا گروپ و لایەنە بەپەراوێزکراوەکان "ئەوەی لەبەر هەرهۆیەك بێت بە دیار نەکەوتووە" دەهێنێتەوە نێو گۆڕەپانی ململانێ و دەنگی ڕاستەقینەی خۆیان پێدەبەخشێتەوە، بەمەش قەبارە بە زۆر پفکراوەکان و وێنە بە زۆر

گەورەکراوەکانی لایەنی بەسەنتەرکراو، و قەبارە بە زۆر بچوککراوەکان و وێنە بە زۆر بچوککراوەکانی لایەنی بەپەراوێزکراو وەکو خۆی دور لە دەستکاری "پڤ/بچوك" کردن پیشاندەدات، بەقبوڵکردنی دەرەنجامی ڕاستەقینە دەنگی ڕاستەقینەی گروپ و لایەنە جیاوازە بەشداربووەکانی پرۆسەکە بەدیار دەکەوێت، بەپێچەوانەشەوە بەقبوڵنەکردنی دەرەنجامی ڕاستەقینە دەنگی ڕاستەقینەی گروپ و لایەنە جیاوازە بەشداربووەکانی پرۆسەکە بەدیار ناکەوێت، ئەمەش بۆخۆی هەممی گەورە و خواستی گەورەی پرۆسەکەیە.

*با ئەم سەرەتا سادەیەی پێشەوە بکەینە دەسپێکێك یا مەنفەزێك بۆ چونە نێو فەزا و پانتایی ئەو باسەی لەم بەشەدا گەرەکمانە لێدوانی لەسەر بکەین، لە ئەزموونی واقیعی ژیانەوە بەدیارکەوت کە ڕاگەیاندنی دەرەنجامی پرۆسەی ( هەڵبژاردنی پەرلەمان 50/50) ڕاگەیاندنێك بوو ژمارەکانی دەستکاری کرا بوو، مەبەست لە پشت ژمارە کەشفکراوە ڕاگەیەندراوەکانەوە ژمارەیەکیتر ئامادەبوو، وەلێ بەهەر شێوازێك و بۆ هەر مەبەستێك ژمارەکە بەنهێنی و بزرکرا و لە شوێنیدا ژمارەیەکیتر بەدیارکەوت، کەواتە لە پشت ژمارە کەشفکراوە ڕاگەیەندراوەکانەوە جۆرێك لە دەستکاریکردن بۆ مەبەستی گۆڕینی ژمارەی ڕاستەقینەی دەرەنجامی پرۆسەکە ئامادەبوو "هەر چەندە پێموایە ئەوەی سەرەتاش ژمارەی ڕاستەقینە نیە".*

## مەبەستەکانی گۆڕینی ژمارە

پێش ئەوەی لە مەبەستی دەستکاریکردنەکە "گۆڕینی ژمارە" بدوێین، با بزانین گۆڕین خۆی چییە؟ و لە چییەوە هاتووە؟ لە ڕوانگەی منەوە کرداری گۆڕین لە کرداری گۆڕانەوە هاتووە، گۆڕانیش واتا هاتنە ئارا و ئامادەبوونی دۆخێك یا پێکهاتێك یا ماتریاڵێك لە شوێنی یەکێکیتر کە لەوەوپێش ئامادەیی

هەبووە، یا بەشێوەیەکیتر تەحویلکردنی وێنەی بووێك بەوێنەیەکیتری هەمان بوو، تەحویلکردنی دۆخێکە بۆ دۆخێکیتر.

گۆڕان فرە بوارە، لە هەموو کایە ژیاریەکان ڕوودەدات، چ سروشتی یا کۆمەڵایەتی، گۆڕانی هەر پێکهاتێکی نێو بوون کە شوێنگە و جێکەوتی تایبەتی خۆی هەیە و ساتێك لە ساتەکانی زەمەندا ئامادەیی هەم ڕووکەشی و هەم جەوهەریشی هەیە، ئەوا هەندێکجار ڕێژەیی و تایبەتە، هەندێکجاریش ڕەها و گشتگیر، واتا هەندێکجار گۆڕانەکە لە خانەیەك یا بەشێکی پێکهات ڕوودەدات و دەیگۆڕێت، هەندێکجاریش گۆڕانەکە گشتگیر و ڕەهایە و تەواوی پێکهات دەگرێتەوە و دەیگۆڕێت، کاتێك گۆڕان لە خانەیەك یا بەشێکی پێکهاتێکدا ڕوودەدات، ئەوا گۆڕان لە شێوەی قۆناغبەندی دەردەکەوێت، واتا پێکهات لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر دەچێت، لێرەدا پێکهات خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام هەندێك گۆڕانکاری "چەندایەتی یا چۆنایەتی" لە هەیکەلی پێکهاتدا ڕوودەدات، بەمەش گۆڕان ڕێژەیی و تایبەتە بە بووێك کە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا بە چەندین قۆناغی جیاجیا تێپەڕ دەبێت، بەڵام کاتێك گۆڕان گشتگیرە و لە تەواوی پێکهاتێکدا ڕوودەدات، ئەوا مەبەست لێیەوە ڕەشکردنەوە و نەهێشتنێتی لە شوێنکاتێکی دیاریکراودا و هێنانی یەکێکیتری خواستراوە لە شوێنیدا.

ڕوودانی گۆڕانکاری لەسەر هەر ماتریاڵ و بووێکی ژیاری لە ڕێگای دوو کەناڵی جیاجیا مەیسەر دەبێت ئەوانیش "سروشتی/ مرۆڤکرد"، کەناڵی سروشتی ئەوەیە گۆڕانکاری لە سروشتدا خۆ بەخۆ و پلە بەپلە لە ماوەیەکی دوور و درێژ، یا تیشکئاسا لە ناکاو و کتوپڕ لە ماوەیەکی کورتدا دوور لە دەستکاریکردنی مرۆڤ ڕوودەدات، مرۆڤکردیش ئەوەیە گۆڕانکاری لەلایەن مرۆڤ و بەدەستکارییەوە ڕوودەدات، واتا هەندێك گۆڕانکاری هەیە سروشتیە و هەندێك مرۆڤکرد "کۆمەڵایەتی"، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەرجەستە بێت دەبێت سەنتەرێك یا هێزێکی دەرەکی ئامادەبێت تاوەکو گۆڕانەکە بەئەنجام بگەیەنێت، لەنێو واقیعدا هیچ گۆڕانکاریەك لەخۆوە بەبێ ئامادەبوونی سەنتەرێك یا هێزێك، هەروەها بەبێ بوونی پاڵنەر و فاکتەری یارمەتیدەر و دۆخێکی لەبار ڕوونادات، هەر چەندە

بەشـــێك لـــە هزرمەنـــدانی بـــواری قوتابخانـــەی گەشەســـەندن "Evolutionary"پێیانوایە ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوەوەی بووێك ڕوودەدات یا بەسـەر بووێکـدا دێـت و لـە ئەنجامـدا دەبێتـە هـۆی گەشـەکردنی، ئـەوا تـەنها پەیوەستە بە خەسڵەت و چۆنیەتی پێکهاتی بوونیـاد و کـارلێکردن و پەیوەندیـە ناوەکیـەکانی بووەکـە، لـە گەشـەکردنیدا دەرەوە هـیچ ڕۆڵێـك نابینێـت، بـەڵام لەڕاستیدا ئەم گۆڕانکاریانەی لـە نـاوەوەی بووێك ڕوودەدات یـا بەسـەر بووێکـدا دێـت بـە تـەنها پێوەسـت نـین بـە چـۆنیەتی پێکهـاتی بوونیـاد و کـارلێکردن و پەیوەندیە ناوەکیەکانی، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەشدا پەیوەستە بەو هێزە دەرەکیەی کــە بــاری ئیکۆلــۆژی و ژینگــەی دەورووبــەری بــۆ دەســازێنێت و دۆخــی گۆڕانکاریەکـەی بـۆ خـۆش دەکـات، کەواتـە گۆڕانکـاری هـەم لایـەنی خـودی و هـەمیش بابـەتی هەیـە و لـە کـاتی ڕوودانیـدا پێویـست بـەبوونی هەردووانـەیان "بەڕێـژەی جیـاواز" دەبێـت، گۆڕانکـاری لـە ڕێگـای جولانـەوە و بەریەککـەوتنی پێکهاتــەکان ڕوودەدات، ئەمــەش پێوســتی بــەهێزێك یــا ســەنتەرێکی دەرەکــی دەبێت، لێرەوە مادام هێزێك ئامادەیە بۆ دروسـتکردنی گۆڕانکـاری لـە شـتەکان، مـادام هێزێـك ئامادەیـە بـۆ گـۆڕینی پێکهاتێـك بـە پێکهـاتێکیتر، مـادام هێزێـك ئامادەیە شتێك بە شتێکیتر دەگۆڕێتەوە، کەواتـە کـرداری گـۆڕان ئیـدی دەبێتـە کــرداری گــۆڕینی خواســتراو، بەوێنەیــەکیتر لەبەرئــەوەی ئــیرادە و خواســتی جیاجیای هێز یا سەنتەرەکان گۆڕان دەهێنێتە ئاراوە، بۆیە ئیدی گـۆڕان دەبێتـە گۆڕین ."ئێمە لێرەدا جەخت دەکەینە سەر ئەو گۆڕینانەی کە مرۆڤکردن نەوەکو ئەوانەی سروشتین و لە دەرەوەی توانستی مرۆڤدان".

کرداری گۆڕینی دەستکرد کردارێکی خواسـتراوە و لەلایـەن کـەس یـا گروپـی گۆڕانخوازەوە وێنا دەکرێت و هەر لەلایەن ئەویـشەوە نەخـشەی بـۆ دادەنرێـت و هێلکاری بۆ دەکێشرێت و دۆخی هاتنی بۆ خۆشدەکرێت، ئینجا لـە ڕێگـای هێـزە جیاجیاکانیەوە بەرجەستە دەکرێت، کرداری گۆڕین کرداری وازهێنانە لە شتێك و هێنـانی شـتێکیترە لـە جێگایـدا، چـیدی نەویـستنی کەرەسـتە و کەلوپەلێکـە و هێنــانی کەرەســتە و کەلوپــەلێکیترە لــە شــوێنیدا، چــیدی هەزمنــەکردنی

ئامادەبوونی ماتریالێکە لە واقیعێکدا و هێنانی ماتریالێکیترە لە جێگایدا کە پەیوەستە بەتێرکردنی حەز و خواست و پێداویستیەکانی کەس یا گروپی گۆڕانخواز، کرداری گۆڕین کرداری لێسەندنەوەی ئینتیمایە لە شتێك و پچڕاندنی پەیوەندییە لەگەڵیدا و لە شوێنیدا بەخشینی ئینتیمایە بەشتێکیتر و بەستنی پەیوەندیە لەگەڵیدا.

لە پرۆسەی گۆڕیندا هەروەکو چۆن کەرەستە و ماددەکان ئەوانەی بابەتی گۆڕانن دەگۆڕێن، ئاواش سەنتەرە گۆڕانهێنەکان جیاوازیان هەیە و دەگۆڕێن، هەندێك پرۆسە هەیە تایبەتە بە سەنتەرێك و یەکلایەنە، هەندێکیش پەیوەستە بە زیاد لە سەنتەرێك و چەند لایەنە، ئەو پرۆسەیەی پەیوەستە بە سەنتەرێك تەنها لەلایەن خودی سەنتەرەکەوە، بە ڕێگا و شێوازی جیاجیا هەنگاوی بۆ دەهاوێژرێت و ئاراستە دەکرێت و هەوڵی بەرجەستەکردنی دەدرێت لەسەرزەمینی واقیعدا، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە زیاد لە سەنتەرێك ئەوا لەلایەن گشتیانەوە، بە ڕێگا و شێوازی جیاجیا هەنگاوی بۆ دەهاوێژرێت و ئاراستە دەکرێت و هەوڵی پراکتیزەکردنی دەدرێت لە واقیعدا، لە پرۆسەی زیاد سەنتەریدا سەنتەرەکان پەیوەندی دەبەستن و کار لەیەکتری دەکەن، و بەپێی ڕێژەی چەندایەتی هێزەکانیان و چۆنایەتی کارلێکەکانیان، ئەوا جۆرایەتی گۆڕین دروست دەکەن. گۆڕینی ژمارەی ڕاستەقینەی دەرەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان، یا نەهێشتنی وەکو خۆدەرکەوتنی کردارێکی خواستراوی جووت جەمسەرە، بەڵام بۆ ئەوەی خواستی هەردوو جەمسەر لەنێو واقیعدا بەرجەستە بکرێت، ئەوا پێویست بەبوونی پرۆسە یا میکانیزمی جیاجیای لە شێوەی "دانوستاندن" دەبێت لە نێوان جەمسەرەکان، ئەمەش تاوەکو پەیوەندی ببەستن و کار لەیەکتری بکەن و دواجار خواستەکە مەیسەر بکەن، لێرەوە کرداری گۆڕینی ژمارە ئەو پرۆسەیە یا ئەو میکانیزمە دەبێت کە لەلایەن ماددە کارلێککردووەکانی هاوکێشەی گۆڕانهێنەکانەوە" جەمسەرە دانوستاندنکارەکان" بەکاردەهێنرێت بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستە شاراوە و ئاشکراکانی هەردووانەیان، بەڵام وەکو ئەوەی لە هاوکێشەی سەرەوە پیشاندرا

دەستکاریکردنی دەرەنجام و گۆڕینی ژمارە، واتا دەستکاریکردن و گۆڕینی دەنگی مرۆڤە دەنگدارە بەشداربووەکانی پرۆسەکە.

کرداری گۆڕینی ژمارە لە ڕێگای دانوستاندنەوە، واتا کرداری گۆڕینی ژمارە لە ڕێگای مامەڵەکردنەوە، چونکە پرۆسەی "دانوستاندن" لە سەرێکیدا پەیوەستە بەمامەڵەکردن و ڕێککەوتنی نێوان جەمسەرە بەشداربووەکان، لەنێویدا جەمسەرەکان بەپێی ڕێککەوتن شتێك دەدەن و شتێك وەردەگرن، بەمەش کرداری گۆڕینی ژمارە کرداری مامەڵەکردنە لەسەر دەنگی مرۆڤ.

بەو پێیەی لەم پرۆسەیەدا ژمارە هێمای نیشاندانی چەندایەتی و چۆنایەتی دەنگ و ڕەنگ و دونیابینی و تێفکرینی مرۆڤە، بۆیە کرداری گۆڕینی ژمارە کرداری گۆڕینی مرۆڤە لە دەنگێك و ڕەنگێکەوە بۆ دەنگێك و ڕەنگێکیتر، لە دونیابینی و تێفکرینێکەوە بۆ دونیابینی و تێفکرینێکیتر، لە سەنگەرێکەوە بۆ سەنگەرێکیتر، بەکورتی کرداری گۆڕینی ژمارە کرداری گۆڕینی مرۆڤێکە بە مرۆڤێکیتر، ئەمەش بۆ خۆی بەتاڵکردنەوەی مرۆڤە لە ئازادیە تاکە کەسیەکانی، بەتاڵکردنەوەی جەستەیە لە ئیرادە و بیروڕاکانی، لە حەز و جیهانبینیەکانی.

کرداری گۆڕینی ژمارەی دەرەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ڕێگای دانوستاندن بەئەنجام گەیەندراوە، بەڵام با بپرسین دانوستاندن چیە؟ ئینجا بۆچی دانوستاندن لەسەر شتێك دەکرێت و هەوڵی گۆڕین و شێواندنی وێنەی ڕاستەقینەی "ئەگەر ڕاستەقینە بێت" دەدرێت؟

دانوستاندن پرۆسەیەکی جووت جەمسەرە، لەنێویدا جەمسەرەکان بە ڕێگا و ستایلی جیاجیا مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن لەپێناو دابینکردنی خواست و ئامانجە کاتی و هەمیشەییەکانیان، دانوستاندن وەکو هەر پرۆسەیەکی ژیاری خەسڵەت و تایبەتمەندی جیاکەرەوەی خۆی هەیە، یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئەوەیە جەمسەرە بەشداربووەکانی هەمیشە لە مامەڵەکردندان، بەردەوام شتێك دەدەن و شتێك دەسەنن، شتێك دەبەخشن و شتێك وەردەگرن، بەمەش دانوستاندن پرۆسەیەکی پەیوەندبەستە لە نێوان جەمسەرەکان، لەبەرئەوەی جەمسەرەکان لە نێوانە پەیوەندیەکانیاندا دەخوازن بەپێی

پێداویستیەکانیان شتەکان ئاڵوگۆڕ بکەن، لەبەرئەوەی هەر جەمسەرێکی دانوستاندن شتێك دەدات لەپێناو وەرگرتنی شتێکیتر، داوای شتێك دەکات و لە بڕیدا شتێکیتر دەدات، کەواتە دانوستاندن پرۆسەیەکی سازشکارە لە نێوان لایەنە بەشداربووەکانی پرۆسەکە.

ڕەنگە سەرەتایترین بیرۆکە و ئەوەڵین دەرکەوتەی دانوستاندن لە نێوانە پەیوەندی خوداوەند و مرۆڤ بەدیبکرێت، کاتێك خوداوەند "وەکو ئەوەی لە تێکستە ئایینیەکاندا" داوا لە مرۆڤ دەکات شتێك بکات، تاوەکو ئەویش لە بەرامبەردا شتێکیتری پێببەخشێت، یا دەڵێت لێرەدا ئەوەم بدێ بۆ ئەوەی لەوێدا ئەوەت بدەمێ، لێرەدا ئەوەم بۆ بکە، لەوێدا ئەوەت بۆ دەکەم، ئەم بیرۆکەی مامەڵەکردنەی نێوان خوداوەند و مرۆڤ هەر چەندە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەڕێوەدەچێت، بەڵام ئەم نێوانە پەیوەندیە بۆ خۆی جۆرێکە لە دانوستاندن، ئەم دانوستاندنەش دەبێتە دەسپێکێك یا سەرچاوەیەك بۆ دروستبوونی پرۆسەی هەمەچەشن لە نێوان مرۆڤەکان خۆیان، لە نێوان مرۆڤەکاندا پرۆسەی دانوستاندن دەشێت بە دوو ئاقاردا ئاراستە بکرێت، ئاقاری عەقڵانی و هیومانی و ژیاندۆستی، لەگەڵ ئاقارە دژەکەی، عەقڵانیەتی ئەم پرۆسەیە لەوێدایە لە خزمەتی جوانکردنی ژیانی بەشەریەت و چاکەکاری بەکاربهێنرێت، سوودگەیەنەر بێت بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەڵام هەر کاتێك لەم پرەنسیپە هیومانی و ژیاندۆستیە لایدا و لە خزمەتی تێکدانی ژیانی بەشەریەت و خراپەکاری بەکارهێنرا، زەرەرهێن بوو بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئەوا دەبێتە پرۆسەیەکی ناعەقڵانی.

پرۆسەی دانوستاندن لەلایەن جەمسەرە بەشداربووەکانیەوە بۆ مەبەستگەلێکی ناچۆنیەك براکسیس دەکرێت، دانوستاندن بەدیوە عەقڵانیەکەیدا بۆ مەبەستی دیالۆگکردن و تێگەیشتن، ئاگاداربوون و لێکحاڵیبوون، نەهێشتنی ڕوودانی شەڕ و پێکدادان و بەریەککەوتن، نەهێشتنی دەستدرێژکردنە سەر یەکتری، ڕێزگرتنی بەرامبەر و بەیەکەوە ژیان و بەتەبایی ژیانی جەمسەرەکان لە سەرزەمینێکی هاوبەشی ژیانکردندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام بەدیوە ناعەقڵانیەکەیدا بۆ مەبەستی خراپەکاری و تێکدانی شیرازەی ئاسایشی ژیانی

مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هەروەها گۆڕین و شێواندنی وێنەی ڕاستەقینەی شتەکان و نەهێشتنی وەکخۆ دەرکەوتنیان لە دونیای واقیعدا.

سەبارەت بەوەی بۆچی دانوستاندن لەسەر شتێك دەکرێت و هەوڵی گۆڕین و شێواندنی وێنەی ڕاستەقینەی دەدرێت، دەڵێین چونکە ئەو شتەی" لە ئێستادا" بەو شێوەیەی کە هەیە یا دەیەوێت هەبێت، ئەوا لەلایەن جەمسەرە دانوستاندن کارەکانەوە قبوڵناکرێت، یا بەوێنەیەکیتر ئەو دەرەنجامەی پرۆسەکە دەیدات بەدەستەوە، ئەو جیهانبینییەی وێنای دەکات، ئەو حوکمەی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت و هەوڵدەدات لە داهاتوودا بیسەپێنێت، ئەوا لەلایەن جەمسەرەکانەوە "لەبەر هەر هۆیەك" هەزم ناکرێت.

هەر چەندە لە قبوڵکردن و نەکردندا، لە هەزمکردن و نەکردندا، جەمسەرەکان هاوشێوە و چۆنیەك نین، بەڵام دواجار هەردووانەیان لەوێدا کۆك و تەبان، لەوێدا یەکتری دەگرنەوە، قبوڵ و هەزمی ئەو شتە "بەو شێوەیە" ناکەن کە هەیە یا دەیەوێت هەبێت، بۆیە ئیدی دەیگۆڕن بەو شێوەی کە خۆیان گەرەکیانە.

کاتێك جەمسەری "دانوستاندنکار" بەچۆنیەتی ئامادەبوونی شتێك ڕازی نابێت، یا وێنەی پێکهاتێکی پێهەزم ناکرێت، ئەوا هەوڵی گۆڕینی دەدات، بۆ ئەمەش پێویستی بە ڕێگا و پرۆسەی جیاوازی لە شێوەی دانوستاندن دەبێت، تاوەکو مەبەستەکانی بە واقیع بکات، ئەگەرچی دانوستاندن ئەگەر بەدیوە عەقڵانیەکیدا بەکاربهێنرێت سیفاتی پۆزەتیڤی هەیە، بەڵام دەبێت بڵێین خاڵیش نیە لە سیفاتی نێگەتیڤی، یەکێك لە سیفاتە نێگەتیڤیەکانی دانوستاندن، ئەوەیە ئەبەد لێناگەڕێت لەنێو دونیای واقیعدا خەسڵەت و وێنەی ڕاستەقینەی شت و پێکهاتەکان وەکو خۆی بەدیار بکەوێت، بەڵکو بەردەوام وێنەیەکی شێواو موزەیەف و ناڕاستەقینەی شت و پێکهاتەکانمان پیشاندەدات، کە من ناوی دەنێم "وێنەی دووەمی شتەکان".

وتمان بۆیە دانوستاندن لەلایەن جەمسەرەکانەوە دەکرێت، چونکە دەرەنجامی پرۆسەکە قبوڵناکەن، بەڵام بۆچی دەرەنجامی پرۆسەکە قبوڵناکەن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت لێدوان لە چۆنیەتی پێکهاتەی عەقڵ و ئاستی بیرکردنەوە و جیهانبینی ئەم جەمسەرانە بکەین، لێدوان لە چۆنیەتی تێڕوانین و تێگەیشتنی پرۆسە ژیاریەکان بکەین لەلایەن ئەم جەمسەرانەوە، لەبەرئەوەی بونیادی پێکهاتەی عەقڵی ئەم جەمسەرانە لەنێو دیوەخاندا بونیادنراوە و ئاستی مەعریفی و بیرکردنەوەیان لە چوارچێوەی ئەم پێکهاتە سەرەتایی و ئاست نزمەی ژیان تێپەری نەکردووە، بۆیە سەرجەم پرۆسە دونیایەکان بەچاوی دیوەخان وێنا دەکات و بەعەقڵی دیوەخانیش تێیدەگات، عەقڵی دیوەخان پرۆسەی هەڵبژاردن وەکو خۆی کە کۆمەڵێك سیفات و تایبەتمەندی هەیە نابینێت، بەڵکو بەو شێوەیە دەبینێت کە خۆی وێنای دەکات، لێرەوەش ئەو حوکمەی لەسەر دەدات کە بەلای خۆیەوە ڕاستە، نەوەکو ئەو حوکمەی کە پێویستە بۆی بدرێت.

ئاشکرایە لە هەڵبژاردندا ڕووبەڕووبوونەوەی جەمسەرەکان لە ئارادایە، کەواتە خاڵێکی گرنگ و بەرچاوی ئەو پرۆسەیەی عەقڵی دیوەخان براکسیسی دەکات بریتیە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوانیتر، بەڵام ئەم عەقڵە هەمیشە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوانیتر بە شەڕ دەبینێت، بۆ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای ئایدیا و پرنسیپ و جیهانبینی باوی ئەو پێکهاتەی "عەشیرەت – خێڵ" ڕۆحی بە بەرداکردووە و ڕەوایەتی ڕەهای پێداوە.

لە ڕونگەی عەقڵی دیوەخاندا ڕووبەڕووبوونەوە یەکسانە بە شەڕ، شەڕیش واتا بەریەککەوتن و بەیەکدادانی جەستەیی، ڕاستە هەموو شەڕێك ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی جەمسەرەکان دەخوازێت، ڕاستە ڕووبەڕووبوونەوە پێشمەرجی بەریەککەوتن و پێکدادانە جەستەییەکانە، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوە ڕێك ناکاتە شەڕ بە چەمکە باوەکەی، ئەبەد مەرج نییە هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە دەرەنجامدا بەریەککەوتن و پێکدادانی جەستەیی جەمسەرەکان بخوازێت.

هەندێك لە هزرڤانانی بواری پۆلەتیکناسی هاوڕان لەسەر ئەوەی یەکێك لە توخمە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی ئەو پێکهاتەی عەقڵی دیوەخانی لەسەر

ستراكتۆركراوە بریتیە لە شەڕكردن لەگەڵ غەیرەدا، شەڕكردن بەمەبەستی بەرگریكردن و هێرشكردن هەر وەكو ئەوەی "ڕایموند گیتیل" لە كتێبی "زانستی سیاسەت" جەغدی لێدەكات، بەرگریكردن لە "شوێنی جوگراف ژیانكردن، بەرژەوەندی هاوبەش، سەروەت و سامان، كولتور، ئیتیك، دەسەلات و سەروەری..هتد" پێكهاتە، لەپێناو مانەوە و بەردەوامبوون و نەهێشتنی لەناوچوونی، هێرشكردنیش لەپێناو فراوانكردنی شوێنی ژیانكردن و داگیركردنی پانتاییەكی فراوانتر، زیاتركردنی سەروەت و سامان، بەهێزكردنی پێكهاتە و لەناوبردنی بەرامبەر و نەهێشتنی خەتەرەكانی، بەم پێیەش شەڕكردن دەرەنجامێكی یەكلاییكەرەوەی نێوان دژەكان دەبێت، لە دەرەنجامی شەڕی ئەم عەقڵەدا دوو حالەتی دیاریكراو هەیە، ئەوانیش یا لەناوبردنی غەیرەیە بەدەستی پێكهاتێك، یا لەناوچوونی پێكهاتێكە بەدەستی غەیرە، ئینجا ئەم لەناوبردن و لەناوچوونە بە سەركەوتن و ژێركەوتن، بە دۆڕاندن و بردنەوەی ئەبەدی لێكدەداتەوە، لێرەدا لەبەرئەوەی عەقڵی دیوەخان ڕووبەڕووبوونەوە بە شەڕ لێكدەداتەوە، بۆیە ئەم وێناكردنەی شەڕ تەحویلی سەر حالەتی ڕووبەڕووبوونەوە دەكات، ئیدی ڕووبەڕووبوونەوە لەلایدا واتا سەركەوتن و ژێركەوتن، واتا بردنەوە و دۆڕاندنی ئەبەدی.

لە ڕوانگەی عەقڵی دیوەخاندا مادام ڕووبەڕووبوونەوە هەیە "ئەمەش بە شەڕ لێكدەدرێتەوە" كەواتە غەیرەخۆ هەمیشە دوژمنێكی سەرسەخت و خەتەرێكی ئامادەیە لەسەر پێكهاتەكەی، ئەویتر هەمیشە پێوەدەر و لەناوبەرە بۆی، بەمجۆرە وێناكردنی غەیرە ترسێكی كوشندە بەرهەمدەهێنێت كە دواجار دەبێتە هەوێنی هاتنە ئارای بیرۆكەی ترس لە دۆڕاندن، كەواتە ترس لەویتر ترسە لە دۆڕاندن، ترسە لە ژێركەوتن، ئەم عەقڵە قەت بەرامبەر بەو شێوەیە نابینێت كە تەواوكاری ئەوە و پێویستە هەبێت، قەت لەوە ناگات بەبێ ئامادەیی ئەویتر نە ئەو بوونی دەبێت و نە پرۆسەكەش تەواو و تەندروست.

لەنێو عەقڵی دیوەخاندا "لە كاتی ڕووبەڕووبوونەوە" شتێك نییە ناوی ڕێژە و قەبارەی خەڵكی مونتەمی بەدیوەخان بێت، شتێك نیە ناوی دانان و ڕازیبوون

بێت بە ژمارەی ئەوەندە کەسەی سەر بە پێکهات، بەڵکو شتێك هەیە ناوی بردنەوە و دۆڕاندن، یا سەرکەوتن و ژێرکەوتن.

لەنێو دیوەخاندا بەبێ ڕەچاوکردنی ژمارەی ئەندام و کەسە مونتەمییەکانی مادام پیاوەتی و نەبەردی هەیە، عەزیمەت و ئازایەتی هەیە، کەواتە دۆڕاندن و ژێرکەوتن نییە، لە ڕووبەڕووبوونەوەدا عەقڵی دیوەخان قبوڵی هەموو شتێك دەکات تەنها دۆڕاندن و ژێرکەوتن نەبێت، چونکە ئەمە مانای نەمان و لەناوچوون و ڕەشبوونەوە دەگەیەنێت، مانای نەمانی کەرامەت و عەزیمەت و پیاوەتی دیوەخان دەگەیەنێت، بۆیە هەممی گەورەی دیوەخان نەدۆڕاندن و ژێرنەکەوتنە، بۆ ئەم مەبەستە عەقڵی دیوەخان بە دوو ستایل بیر دەکاتەوە، یا ئەوەتا وەکخۆی بمێنێت و خۆی و شوێنگەی خۆی لە دەست نەدات، قەبارەی بچوك و ژمارەی ئەندامانیشی کەم نەبێت، نەکەوێتە ژێر چەپۆکی غەیرە و سەروەری و دەسەڵات لە دەست نەدات، یا ئەوەتا دەبێت سەرکەوتوو بێت و ئەویتر بکاتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆی، هەردوو ئەم حاڵەتەش بۆ ئەوەیە نەدۆڕێت یا خۆی لە دۆڕاندن و ژێرکەوتن بپارێزێت.

عەقڵی دیوەخان وا تێدەگات پڕۆسەی هەڵبژاردن پڕۆسەی دۆڕاندن و بردنەوەی تاهەتاییە، پڕۆسەی سەرکەوتن و ژێرکەوتنی ئەبەدییە، ئەم عەقڵە وا تێناگات ئەم پڕۆسەیە بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان و وەکخۆ پیشاندانیانە لەنێو واقیعدا، وا تێناگات ئەم پڕۆسەیە دەنگ و ڕەنگی مرۆڤ و گروپی کۆمەڵایەتی و سیاسی پیشاندەدات و دەرەنجامەکەی خەتەر نیە بەسەر ئەودا، چونکە ئیدی ئەوەی هەیە تەنها ژمارەی ڕاستەقینەی خەڵکی مونتەمی خۆیەتی و هیچیتر، ئەم عەقڵە خێڵ و حزب لێکجیاناکاتەوە، وا تێناگات ئەوەی هەیە حزبە نەوەکو خێڵ، وا تێناگات ئەگەر ڕێژەی ژمارەکەی لە دەرەنجامدا کەم بوو، ئەوە مانای دۆڕاندنی ئەبەدی نیە، ئەوەش تێناگات کە ئەو پڕۆسەیە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تەمەنی هەیە و دەکرێت لە کاتێکیتردا دووبارە و نوێبکرێتەوە، ئەو کات بە هەڵوەستەکردن و بە خۆداچوونەوە، بە یارمەتیدانی ئەوانیتر، بە کردنی پڕۆسەی ژیاری خزمەتبەخش.

به ئەنجامگەیاندنی کردەی چاك و سوودبەخش بۆ کۆمەڵگا، دەتوانێت ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی زیاتر بکات و لە پرۆسەیەکیتردا قەبارەیەکیتر و ئەنجامێکیتری جیا لەوەی ئێستای هەبێت، سەرەنجام پێگەیەکی سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی جیاواز لەوەی ئێستای هەبێت.

عەقڵی دیوەخان لەبەرئەوەی پێیوایە ژمارەی ئەندامانی سەر بە پێکهاتەکەی ژمارەیەکی سروشتییە و بەشێوەیەکی بۆماوەیی و فیزیکی و لە رێگای نەسلەوەیە، گردبوونەوە و کۆبوونەوەیان لە رێگای نزیکی و خزمخواهیەوەیە، بۆیە وا تێدەگات ناکرێت ژمارەی ئەندامەکانی زیاد بکرێت، لێرەشدا پێیوایە ئەگەر لەم پرۆسەیەی ئێستا دەرەنجامێکی بە ژمارە کەم بەدەست بهێنێت، ئەوا دۆڕاوە، ئەو دۆڕاندنەش ئیدی بۆ ئەبەدە، ئەم عەقڵە وا تێناگات ئەوەی هەیە پرۆسەیەکی سروشتی نیە، پرۆسەیەك نیە لایەن و گروپی بەشداربوو بۆ زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی مونتەمی پێکهات بە تەنها پشت بە توانای بەرهەمهێنانی وەچە لە رێگای باوانەوە ببەستێت، یا پشت بە رێگای نزیکی و خزمخواهی پێکهاتەکان ببەستێت، بەڵکو ئەمە پرۆسەیەکی سیاسی مرۆڤکردە و لایەن و هێز و گروپی بەشداربوو دەتوانێت لە رێگای کەناڵی جیاجیا ژمارەی ئەندامان و لایەنگرانی زیاد بکات، و بەشێوەیەکی باشتر خۆی بۆ پرۆسەی داهاتوو ئامادە بکات، تاوەکو رێژەیەکی زیاتر لە دەنگەکان مسۆگەر بکات، لەبەرئەوەی عەقڵی دیوەخان زیاد و کەمی ژمارەکانی دەرەنجامی پرۆسەکە بە دۆڕاندن و بردنەوە دەبینێت، لەبەرئەوەی دۆڕاندنیش قبوڵناکات، کەواتە هیچ رێگایەك لەبەردەم دوو گروپ یا پارتی سیاسی کە هەڵگری ئەم عەقڵیەتەیە نامێنێت تەنها وەکخۆ مانەوە نەبێت، واتا نە دۆڕاندن و نە بردنەوە، بەپێی لۆژیکی بیرکاریانە لە پرۆسەیەکدا کاتێك هیچ لایەنێك دۆڕاندن قبوڵنەکات، کەواتە ئەم پرۆسەیە براوەشی تێدا نابێت، بەشێوەیەکیتر کاتێك هیچ لایەنێك بە ژمارەی کەمتر ڕازی نەبێت، ئەوا بێگومان ژمارەی زۆرتریش ئامادە نابێت، لێرەوە مادام لەم پرۆسەیەدا دوو جەمسەری بە عەقڵی دیوەخان بیرکەرەوە ئامادەیی هەیە و هیچ لایەنێکیش بە ژمارەی کەمتر ڕازی نابێت، کەواتە وەك یەك لێکردن باشترین چارەسەر دەبێت لەم نێوانەدا، بەم پێیەش (**50/50**) دەبێتە ئەو رێگاچارە

هەنووکەییە باشە بۆ خۆقوتارکردن لە دۆڕاندن. بەم پێیەش ترس لە دۆڕاندن و ژێرکەوتن دەبێتە یەکێك لە مەبەستە هەرە سەرەکیەکانی دروستبوونی ئایدیای گۆڕینی ژمارە، بەڵێ گۆڕینی ژمارەی دەرەنجامی هەڵبژاردن بۆ مەبەستی خۆقوتارکردنی هەردوو جەمسەرە "یەکێتی و پارتی" لە دۆڕاندن و ژێرکەوتن.

## هۆکارو فاکتەرەکانی هێنانە ئارای بیرۆکەی گۆڕینی ژمارە

ڕەنگە هۆکار و فاکتەرەکانی هێنانە ئارای گۆڕینی ژمارە گەلێکبن، من هەندێکیان لەم خاڵانە کۆدەکەمەوە..

1- گۆڕینی ژمارەی دەرەنجام لە (49/51) بۆ (50/50) هیچ نییە تەنها خۆقوتارکردنی دیوەخان و پێکهاتە پەیوەستەکەی نەبێت لە دۆڕاندن، ئەوەی لە (49) بۆ (50) دەچێت هیچ نییە تەنها خۆقوتارکردن نەبێت لە دۆڕاندن لەبەرچاوی ئەندامە ئینتیما بۆکراوەکانی لەلایەك و جەمسەری بەرامبەر لەلاکەیتردا، ئەوەی لە (51)یش بۆ (50) ڕازی دەبێت هیچ نییە تەنها خۆقوتارکردن نەبێت لە هێرش و پەلاماردان و شەڕی بەرامبەر، دواجار دۆڕاندن لە پشت ئەو هێرش و شەڕانەوە، گۆڕینی (49/51) بۆ (50/50) پێویستی بەڕازیبوونی هەردوو جەمسەر دەبێت، بەڵام ڕازیبوونی هەردوو جەمسەر بۆ گۆڕینی ژمارە چ لە کەمەوە بۆ زۆر، چ لە زۆرەوە بۆ کەم، پێویستی بە ڕێگایەك و بیرکردنەوەیەك و خۆنمایشکردنێك دەبێت، تاوەکو لە پشتیەوە ڕەوایەتی گۆڕینەکەی لێوەربگرێت، لێرەوەش هەر جەمسەرێکیان پەیڕەوی لە ڕێگا و بیرکردنەوە و خۆنمایشکردنی جیاواز لەویتر دەکات کە تەواو پەیوەستە بەهێزە هەنووکەییەکەیەوە، لە پرۆسەی گۆڕینی ژمارەدا ئەوەی خۆی لە (51) بۆ (50) دەگۆڕێت، ڕێگای خۆ بە میهرەبان و بەخشندە و دڵفراوان پیشاندان دەگرێتەبەر، زمانی نەرم و هەڵسوکەوتی میانڕەوانە پەیڕە و دەکات بۆ کارکردن لەسەر بەرامبەر، ئەوەی خۆی لە (49) بۆ (50) دەگۆڕێت، ڕێگای خۆ بە زلزانین و بەهێز پیشاندان دەگرێتەبەر، زمانی هەڕەشە و توندوتیژی و هەڵسوکەوتی

عەسکەرتارییانە پەیڕەو دەکات بۆ کارکردن لەسەر بەرامبەر و دەستبەردانی ژمارەیەکی خۆی، سەیرەکەش لەوەدایە ئەوەی خۆی لە (51) ەوە بۆ (50) دەگۆڕێت خۆی بە گەورەترین و تەباترین و دادپەروەرترین حیزبی نێو دونیای کوردی دەشوبهێنێت، ئەوەشی خۆی لە (49) ەوە بۆ (50) دەگۆڕێت خۆی بە مۆدێرنترین و ڕادیکاڵترین و بەهێزترین حیزبی نێو دونیای کوردی دەشوبهێنێت.

لەبەرئەوەی ژمارەی دەرەنجامی پرۆسەکە ژمارەی دەنگی مرۆڤە نەوەکو ژمارەیەکی ڕووتی نێو هاوکێشە بیرکارییەکان، بۆیە گۆڕینی ژمارەی دەرەنجام لە (51) ەوە بۆ (50) غەدرێکە بەنێوی دادپەروەرییەوە لە دادپەروەری دەکرێت، بەنێوی تەبایی و بەیەکەوە ژیانەوە لە تەبایی و بەیەکەوە ژیان دەکرێت، بەنێوی گەورەیی و لێبووردەییەوە لە گەورەیی و لێبووردەیی دەکرێت، هەروەها گۆڕینی ژمارەی دەرەنجام لە (49) وە بۆ (50) غەدرێکە بەنێوی مۆدێرنەیی و ڕادیکاڵیەوە لە مۆدێرنەیی و ڕادیکاڵی دەکرێت، بەنێوی بەهێزییەوە لە بەهێزی دەکرێت.

لێرەدا پرسیار بۆ جەمسەری گۆڕانکاری (51) بۆ (50) ئەوەیە، ئایا دادپەروەری ئەوەیە لە ژمارەیەك دەنگی ئەندامان و هەواداران خۆش بیت و بەهەندی هەڵنەگریت؟ ئایا تەبایی و بەیەکەوە ژیان ئەوەیە دەنگی مرۆڤ لەبەرچاو نەگریت و دەنگێك بگۆڕیتەوە بە دەنگێکیتر کە لەواقیعدا بوونی نییە؟ ئایا گەورەیی و لێبووردەیی ئەوەیە نەتوانیت ڕێز بۆ دەنگی یەکێك دابنێیت کە تۆی کردۆتە نوێنەر و پێشڕەوی خۆی و شانسی گەورەبوونی پێداوی و متمانەی پێکردووی لە بڕیدا قسە بکەیت؟ دیسان پرسیار بۆ جەمسەری گۆرانکاری (49) بۆ (50) ئەوەیە، ئایا مۆدێرنبوون و ڕادیکاڵیبوونی پێکهاتێك ئەوەیە بەچاوسوورکردنەوە گوزارشت لە خۆی بکات و بەزەبری هێزی عەسکەری گۆڕانکاری بێنێتە ئاراوە؟ ئایا بەهێزی ئەوەیە بەزەبری هێزی عەسکەریی و بیری عەسکەرتارییەت شت دەستەبەر بکەیت؟ ئایا بەهێزی ئەوەیە بێهێزی کاتی قبوڵنەکەیت؟ بە بۆچوونی من ڕاستی وەڵامەکانی ئەم پرسیارانەی سەرەوە تەواو پێچەوانەکەیەتی، بۆ ئەوەی جەمسەری گۆڕانکاری (51) بۆ (50)

خۆنمایشکردنەکەی ڕاست دەربچێت، دەبێت ئەوە بزانێت کە دادپەروەری ئەوە نییە لە ژمارەیەك دەنگی ئەندامان و هەوادارانی خۆش بێت و بەهەندی هەڵنەگرێت، تەبایی و بەیەکەوە ژیان ئەوە نییە دەنگی مرۆڤ لەبەرچاو نەگرێت و دەنگێك بگۆڕێتەوە بە دەنگێکیتر کە لە واقیعدا بوونی نییە، گەورەیی و لێبووردەیی ئەوە نییە نەتوانێت ڕێز بۆ دەنگی یەکێك دابنێت کەوا ئەوی کردۆتە نوێنەر و پێشڕەوی خۆی و شانسی گەورەبوونی پێداوە و متمانەی پێکردووە لە بڕیدا قسە بکات، دیسان بۆ ئەوەی جەمسەری گۆڕانکاری (49) بۆ (50) خۆشووبهاندنەکەی ڕاست دەربچێت دەبێت ئەوە بزانێت کە مۆدێرنەیی و ڕادیکاڵیبوونی پێکهاتێك تەنها بە مۆدێرنەیی و بە ڕادیکاڵی جیهانبینی و مامەڵەکردنی خۆیەوە دەتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات و گۆڕانکاری بێنێتە ئاراوە، نەوەکو بە چاوسوورکردنەوە و بە زەبری هێزی عەسکەری، بەهێزی پێکهاتێك ئەوە نییە بە زەبری هێزی عەسکەری و بیری عەسکەرتاری شت دەستەبەر بکات، بەهێزی ئەوە نییە بەس بەهێزی قبوڵ بکات، بەڵکو ئەوەشە بێهێزی قبوڵ بکات، بەتوانایی ئەوە نییە تەنها بەتوانایی ببینێت، بەڵکو ئەوەشە بێتوانای ببینێت.

کۆمیدیاکەش لێرەدایە ئەو جەمسەرەی خۆی لە (51)ەوە بۆ (50) گۆڕیوە بەردەوام لە دیسکۆرسەکانی سەرکردەکەیدا، لە قسەکانی نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکانیدا، ئەوە دووبارە دەکرێتەوە یا ڕێکلامی ئەوە دەکرێت کە ئەبەد ئامادەیی سازشکردنی نییە لەسەر کێشە چارەنووسسازەکانی میللەتەکەی"کورد"، دیسان ئەو جەمسەرەی خۆی لە (49) وە بۆ (50) گۆڕیوە بەردەوام لە دیسکۆرسەکانی سەرکردە و بەرپرسەکانیدا، لە قسەکانی نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکانیدا، ئەوە دووبارە دەکرێتەوە یا ڕێکلامی ئەوە دەکرێت کە پێکهاتێکی شەفافە و ڕێزی کەسانی بنکە و ئەندامانی خۆی دەگرێت و پەیوەندی لەگەڵیدا لەسەر بنەمای سەراحەت و شەفافیەت بوونیادناوە، ئامادە نییە هەڵیبخەڵەتێنێت یا بەهەڵەیدا ببات. هەڵبەت کورتترین قسە بۆ وەڵامدانەوە و پووچەڵکردنەوەی ئەم ڕێکلامانەی هەردوولا ئەوەیە، تێپەڕبوونی ئەوەندە

ساڵە بەسەر ڕاپەڕین و ئـەزموونکردنی ئـەو جـۆرە ژیانکردنـەی لـە ئـارادا بـووە، ئەوەی سەلماند کە ئەم دوو جەمسەرە "حیزبە" ئـەوەی لـەلایان لـە سـەرجەمی کۆمەڵگا گرنگترە، ئەوا ئەندامان و لایـەنگرانی خۆیانـە، لێرەوە پرسـیارێك دێتـە پێشەوە ئەگەر جەمسەرێك نەتوانێت ڕێز بۆ دەنگی ئەندامان و لایەنگیرانی خـۆی دابنێت و سازشی لەسەر بکات، یا حەز و ئـیرادە و پێداویـستی ئەنـدامانی خـۆی پشتگوێ بخات، چۆن سازش لەسەر میللـەت "کـورد" ناکـات و حـەز و ئـیرادە و پێداویستیەکانیان پشتگوێ ناخات؟ سەیرەکەش لەوێدایـە ئێـستاپاش تێپـەڕینی (10) سـاڵ لەزەمەنـدا دێـت قـسە لەسـەر دەنگـی پـشتگوێخراو دەکـات و داوایدەکاتەوە، دان بەوەدا دەنێت کە سازشیکردووە لەسـەر دەنگـی ئەنـدامان و هـەوادارانی، ئێـستا لەسـەر بنـەمای ئـەو دەنگـە سازشـکراوە پێگـەی خـۆی لـە دانوستاندنەکاندا بەهێز دەکات، ئەم حالەتە هیچ نییە تەنها دیارخستنی ڕۆحیەت و ڕووخـساری سازشـکاری و مامەڵەچـێتی جەمـسەر نـەبێت بـە مـرۆڤ و دەنـگ و ڕەنگی مرۆڤ، ئـەم حاڵەتـە هـیچ نییـە تـەنها ئـەوە نـەبێت جەمـسەری سازشـکار ناتوانێـت وەکـو مـرۆڤ سـەیری ئەندامـە مونتەمییـەکانی بکـات، گوزارشـت لـە ئیرادەکانیـان بکـات، بـەڵکو وەکـو هـەر ئامێرێـك سـەیری دەکـات و لـە کـاتی پێویستدا مامەڵەی لەسەر دەکـات و دەیگۆڕێـت بـەو شـتەی گەرەکیـەتی، ئەمـە لەلایەك کەچی لەلایەکیترد جەمسەری خۆ بەزلبین و مۆدێرنبین ئەوەی بـەردەوام وا ڕێکلام دەکات کە سەراحەت و شەفافیەت لە نێوانە پەیوەنـدی لوتکـە و بنکـە فراوانەکەی هەرەمی پێکهاتەکەیدا هەیە، چەندین جار جەختی لەسەر ڕاستی ئەم دەرەنجامە (**50/50**) کردۆتەوە، کەچی ئێستا پاش تێپەرینی (10) ساڵ بەسـەر ڕاگەیانـدنی ئـەم دەرەنجامـە، دان بـەوەدا دەنێـت ژمـارەی ڕاسـتەقینەی لـە هەڵبژاردندا (**49**) بوو نەوەکو (**50**)، واتا ئێستا ئەو ڕێژە و ژمارەیەی کە پێشتر نکۆڵی لێکـردووە و بـە ناڕاسـت و ئـیدیعا و قـسەی پوچـی لێکداوەتـەوە، ئێـستا جــەخت لەســەر ڕاســتی ڕێژەکــە و ڕاســتی ژمــارە دەکــات، و ئێــستاش لــە دانوستاندنەکاندا بەهۆی ئەو دەنگە سازش لەسەرکراوە، پێگەی لاوازە بـەردەوام سـەری ڕازیبـوون دەلـەقێنێت، بـەم هەڵسوکەوتکردن و مامەڵەکردنـە ئـەوە بـۆ

ئەندامانی بنکەی ئەم پێکهاتە ئاشکرا دەبێت کە لووتکە "ئەوەی ناوی لە خۆی ناوە سەرکردایەتی" هەڵیخەڵەتاندووە و ناڕاستی لەگەڵدا کردووە، بۆیە لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەگەر جەمسەرێك نەتوانێت ڕاستگۆ بێت لەگەڵ بنکەکەی و بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵیبخەڵەتێنێت، ئەگەر لایەنێك بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەوڵبدات ئەندامانی بارگاوی بکات بە زانیاری نادروست، لەگەڵیشیدا بزانێت ئەندامانی لەسەر بنەمای ئەم زانیاریانە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و مەجلیسەکاندا بەرگری لێدەکات، و لەسەری دێتە قسەکردن و ڕووبەڕووی ئەوانیتر دەبێتەوە، باشە شەفافیەت و سەراحەتی نێوانە پەیوەندی سەرکردایەتی و بنکە لەکوێدایە؟ ئایا شەفافیات و سەراحەت ئەوەیە زانیاری ڕاست و دروست لە ئەندامانی بنکە بشارێتەوە و لە بریدا زانیاری نادروستیان پێببەخشیت؟ ئایا شەفافیەت و سەراحەت ئەوەیە ناڕاستگۆ بێت لەگەڵ ئەندامانی مونتەمییەکانی پێکهاتە؟.

ئەم هەڵسوکەوتکردن و مامەڵەکردنانەی لە واقیعدا پراکتیزە دەکرێت، خۆبەخۆ ڕێکلامەکانی هەردوو جەمسەر پوچ و بەتاڵدەکاتەوە، و چیدی ڕووخسارە ماسککراوە خۆنمایشکردنەکەیان لادەبات و لە بریدا جەوهەری ڕاستەقینە و سازشکارانەی سواغدراویان بەدیار دەخات.

لێرەوە ڕازیبوونی گۆڕینی ژمارە لە ئەساسدا ڕازیبوونێك نیە لە پشت سیفاتی نێو خۆنمایشکردنەکانی هەردوولا بوونیاد نرابێت، یا ئایدیاکەی پشتی بەخۆنمایشکردنەکان بەستبێت، بەڵکو ڕازیبوونێکە لە ئەساسدا ترس بونیادی ناوە، ترسی دۆڕاندن و ژێرکەوتن، بەم پێیەش ترس لە دۆڕاندن و ژێرکەوتن یەکێکە لە هۆکار و فاکتەرە هەرە سەرەکیەکانی هێنانە ئارای بیرۆکەی گۆڕینی ژمارە.

2- هەرچەندە پرسی ترس لە دۆڕاندن و ژێرکەوتن هۆکارێك و فاکتەرێکی سەرەکی هێنانەبوونی پرۆسەی گۆڕینی ژمارەی دەرەنجامی هەڵبژاردنە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە تەنها هۆکار و فاکتەری یارمەتیدەر نییە بۆ بەکردەوە گەیاندنی پرۆسەکە، بەڵکو لە پاڵیدا چەندێکیتر ئامادەییان هەیە، یەکێك لەم هۆکار و

فاکتەرانە بریتیە لە بـوونی دیدی وەك مـرۆڤ سـەیرنەکردنی مـرۆڤ، یـا وەك مـرۆڤ نەبینینی مرۆڤ لەلایەن جەمسەرەکان"حزبەکان"، بەمانایەکیتر بوونی دیدی وەك ئـامێر و کەلوپــەل سـەیرکردنی مـرۆڤ لەلایــەن حزبــەکان، بــەڵام چـۆن ئەمــە بـسەلمێنین؟ وتمــان لایــەنی گۆڕانکــاری (**51**) بــۆ (**50**) پێیوایــە گــەورە و دادپەروەرە، دڵفراوان و میانڕەو و بەخشندەیە، هەر بۆیە لە دەنگی ژمارەیەك لە ئەنـدامان و لایـەنگیرانی خۆشـدەبێت و دەیـدات بـەویتر، و چـیدی لـە ئاسـتیدا گرنگیەك نابینێت بۆ بەرگریکردن لـە نێوانـە پەیوەندیـەکانیان، چیدی گرنگیـەك نابینێت لە مانەوەی ئینتیمای دوو سەرەیان بۆ یەکتر.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ پێیوایە بەخشندەیە؟ ئەی بەخشندەیی خـۆی چـییە؟ لایـەن و گـروپ و کەسـی خـۆ بـە بەخـشندە نمایـشکار بۆیـە پێیوایـە بەخـشندەیە، چـونکە شـت و کەلوپــەل دەبەخـشێتە لایـەن و گـروپ و کەسـی بەرامبەر و پەیوەندی مێژینەی خـۆی بـەو شـتە دەپـچڕێنێت و چـیدی خـۆی بـە خاوەنی نازانێـت و دەیداتـە ئـەویتر، بـەڵام دیسان پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە ئایـا بەخشندەیی ئەوەیە یەکێك لە دەنگی مرۆڤێك یا کۆمەڵە مرۆڤێك خـۆش بێـت کـە ئینتیمای بۆ هەیە و بەرگری لێدەکات و خـۆی بـە بەشـێك لێیـەوە دەزانێـت؟ یـا بەشـێوەیەکیتر بەخـشندەیی ئەوەیـە یـەکێك بـە ویـستی خۆیـەوە دەسـتکاری تێڕوانین و جیهانبینی و ئیرادەی تایبەتی مرۆڤێك یا کۆمەڵە مرۆڤێك بکات.

بەخشندەیی لە جەوهەر و سروشتی خۆیدا خەسـڵەتێك و سـیفاتێکی نـەرمی مرۆڤانەیە، لە ئەنجامی نیگای چاوێکی مرۆڤدۆسـتیەوە وێنـاکراوە و سەرچـاوەی گرتــووە، لــەپێناو بــە بەخـشندە و گــەروە پێـشاندانی مـرۆڤ هاتۆتــە کایــەوە، بەخشندەیی ئەوەیە کەسێك ئامادەی بەخـشینی شـتی هـەبێت، ئەوەیـە کەسـێك ئیرادە و توانای بەخشینی شتی هەبێت کـە تایبەتـە بـە خـۆی، بەخـشندەیی کـە پرۆسەیەکی جووت جەمسەرە "بەخـشەر/ وەرگـر"ی لـەخۆ گرتـووە، بـە ڕێگـای جیاجیـا بەرجەسـتە دەکرێـت، بەخـشندەیی لـە ئەساسـدا بـۆ ئەوەیـە ئـەو پێداویستیانە دابین بکات، یا ئەو بۆ شـایانە پـڕ بکاتـەوە کـە ئامادەییـان هەیـە لەلایــەن کەســی شــتخواز، جگــە لەمــە بــۆ ئەوەیــە مرۆڤبــوونی مــرۆڤ و

کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ نمایش بکات و بسەلمێنێت، بەوەی ئامادەیی بەخشینی شت و یارمەتیدانی ئەوانیتری هەیە.

لە پڕۆسەی بەخشین و بەخشندەیی مرۆڤدا دەشێت هەموو شتێك بابەتی بەخشندەیی مرۆڤ بێت جگە لە مرۆڤ خۆی، واتا هەموو شتێك دەشێت ببەخشرێت جگە لە مرۆڤ، لەم پڕۆسەیەدا جۆرێك لە هەڵە تێگەیشتن لەلایەن کەسی خۆ بە بەخشندە نمایشکار و دڵفراوان دانەر بەدیدەکرێت، بەوەی پێیوایە بەخشندەیی ئەوەیە لە دەنگی مرۆڤ "ئەوەی ئامادەییەکی بەرهەستیانە و واقیعیانەی بە مرۆڤ بەخشیوە" خۆش بێت و بیداتە یەکێکیتر، کەسی خۆ بە بەخشندە دانەر هێشتا جیاوازی لە بابەتی بەخشندەی مرۆڤ ناکات، هێشتا جیاوازی لە بابەتی بە بەخشندە نیشاندانی مرۆڤ ناکات، بەخشندەیی ئەگەر قسە لەسەر هەر شتێك بێت یا پێشکەشکردن و بەخشینی هەر شتێك بێت کە کەسی بەخشندە خاوەندارێتی دەکات و پێشکەشی وەرگری دەکات، ئەوا ئەبەد قسە نییە لەسەر مرۆڤ، مرۆڤ نابێتە بابەتی بەخشینەوەی نێو پڕۆسەی بەخشینی کەسی بەخشندە، دەشێت کەسی بەخشندە تا ئاستێك بەخشندە بێت لە بەرامبەر پێکهاتە و ماتریالە بێ‌ڕۆح و بێهەست و بێحەز و بێخواستە مرۆڤکردەکان، بەڵام ئەبەد ناشێت بۆ بە بەخشندە پیشاندانی خۆی پێکهاتێکی بە ڕۆح و بە هەست، بوونەوەرێکی بە حەز و خواستی وەکو مرۆڤ ببەخشێتە ئەوانیدی، چونکە دواجار ئەگەر کەسی بەخشندە خاوەنی هەر شتێك بێت لە گەردووندا، ئەوا خاوەنی مرۆڤیتر و جەستەی مرۆڤیتر نییە، بەڵکو تەنها مرۆڤ خۆی خاوەنی جەستەی خۆیەتی نەوەکو یەکێکیتر، ئالێرەدا بە هەڵە تێگەیشتنی کەسی خۆ بە بەخشندە دانەر بەدیار دەکەوێت، چونکە مرۆڤ و کەلوپەل و ئامێری دەستکردی لێکجیانەکردۆتەوە و هەردووانەیان هاوشێوەی یەکتری دەبینێت و بەیەك شێوەش مامەڵە و هەڵسوکەوتیان لە بەرامبەر دەکات، ئەگەر بەخشینی مرۆڤ لە پڕۆسەی بەخشندەیی جۆرێك لە بەهەڵە تێگەیشتنی جەمسەری (**51**) بۆ (**50**) بسەلمێنێت، ئەوا داواکردن و وەرگرتنی مرۆڤیش لەلایەن جەمسەری (**49**) بۆ(**50**) جۆرێك لە بەهەڵە تێگەیشتن دەسەلمێنێت،

چونکە جەمسەری (**49**) بۆ (**50**) لە پەیوەندیە کۆمەندیکاسیۆنەکەیدا ڕەوایە داوای هەر شتێك بکات یا وەربیبگرێت تەنها مرۆڤ و دەنگی مرۆڤ نەبێت، چۆن مرۆڤ نابێتە بابەتی بەخشین، ئاواش نابێتە بابەتی داواکردن و وەرگرتن، چونکە کەسێك نییە لە دەرەوەی مرۆڤێکدا خاوەنی مرۆڤەکە بێت جگە لە خۆی، لێرەوە ئەم بەخشینی دەنگی کۆمەڵێك مرۆڤە لەلایەن جەمسەرێك، ئەم داواکردن و وەرگرتنی دەنگی هەمان کۆمەڵە لەلایەن جەمسەرەکەیتر هیچ ناسەلمێنێت تەنها ئەوە نەبێت جەمسەرەکان مرۆڤیان خاڵیکردۆتەوە لە حەز و خواست و ئیرادە و جیهانبینی خۆی، ئیدی لە شێوەی ئامێر و کەلوپەل و کەرەسەی بەردەست سەیری دەکەن و بە مومتەلەکاتی خۆیان دادەنێن، هەر بۆیەشە لە کاتی جیاجیادا بۆ مەبەستی ناچۆنیەك بەکاری دەهێنن و مامەڵە پێدەکەن.

ئەم جیهانبینی و هەڵسوکەوتکردنەی هەردوو جەمسەر بە ڕاشکاوی ئەوە دەسەلمێنێت کە سیفات و سروشتی مرۆڤبوونیان لە مرۆڤە مونتەمیەکانی پێکهاتە سەندۆتەوە و لە بریدا سیفات و سروشتی کەلوپەلبوونیان پێبەخشیوە، کاتێك مرۆڤ خاڵیبکرێتەوە لە دەنگ و ڕەنگ، لە تێفکرین و دونیابینی، لە هەستیاری و بیرکردنەوە، لە ئیرادە و داخوازی، لە حەز و ئارەزوو، ئەوا بە کەلوپەلبوون و ئامێربوونی ئاسانە، کاتێکیش بوو بەکەلوپەل، ئەوا بە مومتەلەکاتبوونی بۆ غەیرەخۆ ئاسانە، کاتێکیش بوو بە مومتەلەکاتی غەیرەخۆ، ئەوا خاوەندارێتیکردنی ئاسانە، بەمەش بەکارهێنان و مامەڵە لەسەرکردن و گۆڕینەوەی ئاسانە، پڕۆسەی گۆڕینەوەی شت ئەو کاتە ئاسانە کە ئەو شتە دەنگ و حەزی نەبوو، ئیرادە و خواستی نەبوو.

لە ڕوانگەی عەقڵی دیوەخاندا ئەوەی لە پڕۆسەی گۆڕینی ژمارەی دەرەنجامدا گۆڕاوەتەوە مرۆڤ نییە، بەڵکو کەلوپەل و ئامێرە، چونکە ئەم عەقڵە هەردووانەی کەلوپەل و ئامێر لەلایەك، و مرۆڤی مونتەمی بە پێکهاتە لەلایەکیتردا بەیەك شێوە دەبینێت، هەردووانەیان کەرەسە و بابەتی بەکارهێنانن لە خزمەتی مانەوە و بەردەوامبوون و ڕۆح درێژبوونی دیوەخان، بەم پێیەش مرۆڤی مەنتەمی بە پێکهاتە خەسڵەتی ئامێری وەردەگرێت، لێرەدا حەقە بپرسین

بۆچی عەقڵی دیوەخان بە چاوی ئامێر و کەلوپەل سەیری مرۆڤی مونتەمی بە پێکهاتە دەکات؟ یا بۆچی ئەو دووانەی بۆ لێکجیا ناکرێتەوە؟.

لە تێڕوانینی منەوە سەرەتای هاتنە ئارای ئایدیای بە کەلوپەلبینی یا کەرەسەبینی مرۆڤ لەلای ئەم عەقڵەدا بۆ بوونی پەیوەندی خوێن و نزیکی دەگەڕێتەوە، ئەم پەیوەندییەی کە مرۆڤی مونتەمی بە پێکهاتە لە ڕێگای تێکەڵاوبوون و ئاوێزانبوونی جەستەی باوانەوە دێتەبوون، ئەمە وا دەکات باوان هەست بەوە بکات مرۆڤەکە بەرهەمی ئەوە یا دروستکراوی هەوڵ و کۆششی خۆیەتی، ئەم هەستکردنەی باوان بەسە بۆ ئەوەی پرسی خاوەندارێتیکردن بێتە ئاراوە، خاوەندارێتیکردنیش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بوونی کەلوپەل، بەمانایەکیتر مادام خاوەندارێتیکردن هەبێت کەواتە کەلوپەلبوون هەیە، چونکە هیچ خاوەندارێتیکردنێك نییە کەلوپەلبوون نەبێت، ئەو کاتە خاوەندارێتیکردن دەبێت کە کەلوپەل هەبێت، خاوەندارێتیکردن و بوونی کەلوپەل دوو ڕووی یەکدراون، هەردووانەیان یەکتر تەواو دەکەن، نەخاوەندارێتی بێکەلوپەل و نە ئەوی دووەمیش بێخاوەندارێتی بوونی دەبێت، بۆیە لەم هاوکێشەیەدا مرۆڤی مونتەمی بە پێکهات ئەوەی لە ڕێگای باوانەوە هاتۆتەبوون دەبێتە کەلوپەل، باوانیش خاوەندارێتی هاوکێشەکە لەخۆ دەگرێت، ئەمە لە سەرێکدا کەچی لە سەرەکیتردا ئامادەیی ئەم ئایدیایە دەگەڕێتەوە بۆ پرسی جولاندنەوە و ئیشپێکردن و بەکارهێنانی مرۆڤی مونتەمی پێکهات بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی و حەز و بەرژەوەندیەکان، ئەم ئیشپێکردن و بەکارهێنانە ئایدیای بە کەلوپەلبینی مرۆڤی پتەوکردووە، چونکە هەروەکو چۆن کەلوپەل و ئامێری بەردەست سوود و بەرهەمی بۆ پێکهات دەبێت، ئەوا بە هەمان شێوەش ئەو مرۆڤە "ئەندامە" لە ڕێگای جولاندنەوە و بەکارهێنانی سوود و بەرهەمی دەبێت بۆ پێکهات، ئەم دوو حالەتە وایکردووە عەقڵی دیوەخان بە چاوی کەلوپەل و ئامێر سەیری مرۆڤ بکات، لێرەوە کاتێك مرۆڤ بە چاوی ئامێر و کەرەسەی بەردەست سەیر بکرێت، ئەوا خاڵیدەکرێتەوە لە مرۆڤبوونی خۆی، کاتێکیش خاڵیبکرێتەوە لە مرۆڤبوون ئەوا خاڵیدەکرێتەوە لە دەنگ و ڕەنگ، لە حەز و

ئارەزوو، ئەمەش هۆکارێك و فاکتەرێکی دیکەیە بۆ بەرجەستەبوونی پرۆسەی گۆڕینی ژمارەی دەرەنجامی هەڵبژاردن.

3- هۆکارێك و فاکتەرێکیتری یارمەتیدەر بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی گۆڕینی ژمارە بریتیە لە نائاشنابوونی تاکەکانی کۆمەڵگا بە پرنسیپ و نۆرم و یاسا و ڕێسا و ئەخلاقی پرۆسەی هەڵبژاردن، نائاشنابوون بە چۆنیەتی بەڕێوەچون، چۆنیەتی ڕاگەیاندنی دەرەنجامی پرۆسەکە، و ڕاستی و دروستیەکانی، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی ئەوەلین پرۆسەی لەم چەشنەیە لە دونیای کۆمەڵگای کوردیدا بەرجەستە دەکرێت.

4- هۆکارێك و فاکتەرێکیتری ڕێخۆشکار بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی گۆڕینی ژمارە سادەیی کۆمەڵگای کوردییە، سادەیی پێکهاتی ئەو عەقڵەی لە کەللەسەری تاکەکاندا ئامادەیە، سادەیی پەیوەندییەکان و ڕێکخستنەکان، تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بەهۆی ئینتیمایەکی زیاد لە پێویست کە لە ڕێگای خوێن و نزیکی و سۆزەوە ستراکتۆرکراوە، هەروەها بەهۆی بوونی بیروباوەڕێکی ئێکجار زۆر بە عەقڵی سەرووی خۆی، بەوەی عەقڵی بالآیە و هەڵە ناکات، تووشی بێباکبوونێکی کوشندە هاتووە لە بەرامبەر خۆی و دەنگی خۆی و دونیای تایبەتی خۆی، ئەم بێباکبوونە پانتاییەکی زۆری بۆ دەسەڵاتی عەقڵی سەروو "دیوەخان" فەراهەمکردووە، کە دواجار بە ویست و میزاجی خۆیەوە قسە لەسەر دونیا و دواڕۆژی ئەندامەکانی بکات، بێئەوەی لە بەرامبەردا کەمترین هەڵوەستەکردن و گومانکردن و پرسیارکردن هەبێت، یا کەمترین لێپرسینەوە و بە دواداچون هەبێت، ئەم بێباکبوونە وایکردووە تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەوانەی بەشداری لە پرۆسەی هەمەجۆر دەکەن چاودێری دەرەنجامی ئەو پرۆسانە نەکەن کە جێبەجێی دەکەن، بەمەش ئیمکانی دەستکاریکردنی دەرەنجامی پرۆسەکان خۆش دەبێت.

کۆی ئەم سێ حالەتە "ئینتیمای لەرادە بەدەر – عەقیدە و باوەڕی زۆر – بێباکبوون"ی تاکەکان، سادەییەکی زۆری بە کۆمەڵگا بەخشیوە، ئەمەش وەکو

هۆكارێكی یارمەتیدەر هەڵدەقۆزرێتەوە بۆ بەئەنجام گەیاندنی گۆڕینی ژمارەی دەرەنجامی هەڵبژاردن.

5- هۆكارێكیتری یارمەتیدەر بۆ بەجێگەیاندنی پرۆسەی گۆڕینی ژمارە، بوونی حوكمی ڕەهایە لەلایەن دەسەڵاتی دیوەخان، ئەم دەسەڵاتە قسەی سەرەتا و كۆتایی دەكات، حوكم بەسەر تەواوی شتەكانی نێو دنیای پێكهاتە دەدات، بێئەوەی كەمترین هەڵوەستەكردن و گومانكردن هەبێت.

ڕەنگە لەپاڵ ئەم چەند هۆكار و فاكتەرە یارمەتیدەرانەی كە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ كرد، چەندین هۆكاریتری خودی و بابەتی ئامادەییان هەبێت بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەی گۆڕینی ژمارەی دەرەنجامی هەڵبژاردن، بەڵام لێرەدا بەوەندە دەیبڕێنینەوە و بە دوای هۆكاریتردا ناگەڕێین.

## پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی پرۆسەی گۆڕینی ژمارە

ئاشكرایە هەر پرۆسەیەك كە لە واقیعی ژیانكردنی كۆمەڵگا بەرجەستە دەكرێت خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، كەس و لایەنی پەیوەستدار، مەبەستی تایبەت، خاڵی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، دواجار لۆژیكی خۆی هەیە، پرۆسەی گۆڕینی ژمارە وەكو هەر پرۆسەیەك ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی هەیە، ئێمە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین قسە لەسەر پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی ئەم پرۆسەیە بكەین.

بەپێی ئەو ڕێكلامانەی جەمسەرە بەشداربووەكانی پرۆسەكە دەیكەن، ڕەنگە پرۆسەی گۆڕینی ژمارە پۆزەتیڤیەتی كاتی یا سوودی هەنوكەیی گەیاند بێت، بە تایبەتی ئەو ڕێكلامەی جەمسەری (**51**) بۆ (**50**) كە دەڵێت لایەنی بەرامبەر چاوی سووركردۆتەوە و هەڕەشەی شەڕی كردووە، تا ئەو شوێنەی پرۆسەی گۆڕینی ژمارە بۆ مەبەستی نەهێشتنی ڕوودانی شەڕ و بەیەكدادان بێت، ئەوا سوودێكی كاتی گەیاندووە، چونكە هەوڵیداوە ناكۆكیە كاتیەكان لەناو ببات و نەهێڵێت گەشە بسێنێت و بتەقێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم سوودە كاتییە لەبەردەم سادەترین پرسیاردا خۆی بۆ ناگیرێت و سیحری بەتاڵدەبێتەوە،

ئەویش چۆن جەمسەرێك بەشداری لە پرۆسەیەك دەكات كە دەرەنجامەكەی یەكێك بێت لە مەبەستە هەرە سەرەكیەكانی، بێئەوەی دەرەنجامەكەی قبوڵبكات و داكۆكی لێبكات؟ جگە لەمە ئەگەر ترسەكە ترسی ڕوودانی شەڕ بێت، ئەوا خۆ شەڕەكە هەر ڕوویدا، هەر بەری پێنەگیرا، هەر نەتوانرا نەهێڵرێت ببێتە واقیع.

ئەگەر پۆزەتیڤی پرۆسەی گۆڕینی ژمارە تەنها لە ئاستێكدا بێت، ئەوا نێگەتیڤی ئەم پرۆسەیە لە چەندین ئاستدایە، بەمانایەكیتر ئەگەر پۆزەتیڤیەتی ئەم پرۆسەیە لە خاڵێكدا كۆبێتەوە، ئەوا نێگەتیڤیەتی لە چەندین خاڵدا خۆی بەیان دەكات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- گۆڕینی ژمارە نەهێشتنی وەكخۆ دەركەوتنی دەرەنجامی پرۆسەكەیە، ئەوەش واتا نەهێشتنی وەكخۆ دەركەوتنی قەبارەی ڕاستەقینەی جەمسەرەكان و دەستكاریكردنیان، گەورەكردن و بچوككردنیان، بەمەش گۆڕینی ژمارە واتا چاو پۆشین لە حەقیقەتی چۆنیەتی و چەندێتی دەنگ و ڕەنگەكانی جەمسەرەكان.

2- گۆڕینی ژمارە لە (**49/51**) بۆ (**50/50**) واتا وەك یەك لێكردنی جەمسەرەكان، ئەمەش واتا كوشتنی جیاوازی و ململانێ، ئەگەرچی ململانێ دەشێت لە نێوان هەردوو جەمسەرێكدا بە كردەوە بكرێت، بەڵام بە بۆچوونی من ململانێی ڕاستەقینە ئەوەیە جەمسەرە ململانێكارەكان بەهێز و قەبارەی سروشتی خۆیان، بە فۆرم و وێنەی ڕاستەقینەی خۆیان بەشداری ململانێ بكەن، نەوەكو بەهێزێك و قەبارەیەكی موزەیەف، بە فۆرمێك و وێنەیەكی ماسككراو، لە ململانێی ڕاستەقینەدا جەمسەری بەهێز و لاواز هەیە، هەردووانەیان ئیش دەكەن لەپێناو مسۆگەركردنی دەرەنجامی ململانێكە، هەردووانەشیان دان بەهێز و توانا و قەبارەی ئەویتر دادەنێن، بەڵام لە ململانێدا كاتێك جەمسەرەكان وەك یەكبن، جیاوازیان نەبێت، لایەنی بەهێز و لاواز نەبێت، ئەوا هیچ لایەنێك دان بەهێز و توانا و قەبارەی ئەویتر دانانێت، هیچ لایەنێك دان بە تایبەتمەندێتی ئەویتر دانانێت، بەمەش بیرۆكەی دابەشكردنی شتەكان و دابەشكردنی دونیاكان دێتە

گۆڕێ، هەر لایەنێك دەست بەسەر شتێكدا دەگرێت و دەیكاتە موڵكی خۆی و تاپۆی دەكات، هەر لایەنێك هەوڵدەدات ببێتە خاوەنی دونیایەكی تایبەت بە خۆی و جیا لەویتر، بەمجۆرە دونیای كۆمەڵگا دابەش دەبێت بۆ دوو دونیای جیاواز و لێكدابڕاو "وەكو ئەوەی ئێستا".

3- گۆڕینی ژمارە لە (49/51) بۆ (50/50) مانای دابەشكردنی كۆی ژمارەی دەنگە بەشداربووەكانی پرۆسەكەیە بەسەر دوو جەمسەردا، بەمەش جەمسەرەكان لە دەرەوەی خۆیاندا هیچ هێزێك یا لایەنێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی نابینن، لەگەڵیشیدا ڕێگا بەهیچیان نادەن ڕۆڵی تایبەتی خۆیان بگێڕن لەنێو واقیعدا، بەمەش دەرەنجامی گۆڕینی ژمارەدا ڕۆحی شەفافیەتی سیاسەتكردن دەكوژێت.

4- ئەگەر گۆڕینی ژمارە لە (49/51) بۆ (50/50) لە بنەڕەتدا ترسی شەڕ و پێكدادان بونیادی نابێت، یا بۆ مەبەستی نەهێشتنی ڕوودانی شەڕ و پێكدادان بێت وەكو ئەوەی جەمسەری (51) بۆ (50) ڕێكلامی بۆ دەكات، ئەوا لەڕاستیدا گۆڕینی ژمارە ئایدیای شەڕ و پێكدادانی گەورە كرد و خۆراكی پێدا، ترسەكەی بە كردەوە كرد، چونكە بەهۆیەوە هەر دووانەیان خۆیان بەهاوشێوەی یەكتر بینی، ئەمەش وایكرد هیچ یەكێكیان دان بەهێز و توانای ئەویتر دانەنێت، بەمەش دۆخی شەڕ و پێكدادان خۆش دەبێت "وەك ئەوەی بوو".

5- لەبەرئەوەی ژمارە لێرەدا گوزارشت لە دەنگی مرۆڤ دەكات، بۆیە گۆڕینی ژمارە واتا گۆڕینی دەنگی مرۆڤ، ئەمەش گەورەترین سوكایەتیپێكردنە بە مرۆڤ، چونكە ئیدی لە مرۆڤایەتی خۆی خاڵیدەكرێتەوە و سیفەتی كەرەسە و ئامێربوونی پێدەدرێت، لێرەوە گۆڕینی ژمارە دەبێتە سەرەتایەك بۆ ڕێز نەگرتنی پێكهاتی پەرلەمان بە دەنگی تاك و ئەندامانی كۆمەڵگا، دەبێتە سەرەتایەك بۆ بەهەند هەڵنەگرتن و لەبەرچاو نەگرتنی دەنگی خەڵك.

## ئه نجامگیری

لــە ئــەنجامگیری ئــەم بەشــەدا دەڵــێین گــۆڕینی ژمــارە ســەرەتاییترین سـوکایەتیپێکردنە بـە پێکهـاتی پەرلـەمان کـراوە لەلایـەن جەمـسەرە بـەهێزە بەشداربووەکانیەوە، گۆڕینی ژمارە بۆیـە سـوکایەتیپێکردنە، چـونکە ئـەوەی لـە ڕێگای سازشکردنی هەردوولا دەگۆڕێت تەنها ژمارەی ڕووت و بێڕۆحی نێو بـواری ماتمــاتیکی نییــە، تــەنها ژمارەیــەك نییــە گوزارشــت لــە شــتێکی وەهمــی و نابەرهەستی نێو هاوکێشە ماتماتیکیەکان بکات، بەڵکو ئەوە گوزارشت لـە دەنـگ و ڕەنــگ، لــە دونیــابینی، لــە حــەز و ئارەزووەکــانی مرۆڤــە بەشـداربووەکانی پرۆسەکە دەکات، بۆیە گۆڕینی ژمارە گۆڕینی مرۆڤە لـە دەنگێـك و ڕەنگێکـەوە، لە دونیابینیەکەوە، لە حەز و ئارەزوویێکەوە بۆ یەکێکیتر، ئەمەش لـە سادەترین مانایدا بەهەند هەڵنەگرتن و لەبەرچاو نەگرتنی مرۆڤە وەکو بوونەوەرێکی زینـدوو و بزۆکی خاوەن حەز و ئیرادە، ئەمە ئیعتیبار دانەنانە بە مرۆڤ و دەنگ و ڕەنـگ و دونیابینیەکەی.

گۆڕینی ژمارە سوکایەتیپێکردنێکی ڕاستەوخۆیە بەو مرۆڤانەی ئینتیمایان بـۆ هەڵبژاردن و لەویشەوە پەرلەمان هەبووە. گۆڕینی ژمارە سەرەتاییترین بڕیارە کە لــە دەرەوەی پێکهــات و لەلایــەن حزبەکانــەوە " پــارتی و یــەکێتی" بەســەر پەرلەمانــدا دەســەپێنرێت، هــەر بۆیــە بــە ســەرەتاییترین ســوکایەتیپێکردن لێکیدەدەینـەوە و لـەم زنجیرەیـەدا ئەلقـەی یەکـەمی پێپڕدەکەینـەوە و بەشـی یەکەمی ڕۆمانی"زنجیرەی سوکایەتیپێکردنی پەرلەمان"ی پێدەبەخشین.

* * *

## شەڕی خۆکوژی

دوای ئـەوەی ئـەوەلین ئەڵقـە، یـا ئـەوەلین بەشـی ئـەم ڕۆمـانی "زنجـیرەی ســـوکایەتیپێکردنی پەرلـــەمان" مـــان دەستنیـــشانکرد و وەکـــو ئـــەوەلین ســوکایەتیپێکردنی پەرلــەمان قەســەمان لەســەر کــرد، ئــەوا ئێــستا بــەدوای

ئەڵقەیــەکیتردا دەگــەڕێن، یــا بــە دوای ڕووداوێکــیتردا دەگــەڕێن تــاوەکو ئەڵقەیــەکیتری پێپڕبکەینــەوە، ئەمــەش بــۆ ئــەوەی بــوونی زنجیریانــەی سوکایەتیپیکردنی پەرلەمان زیاتر بسەلمێنین، بۆ ئەم ئەڵقەیەش ڕووداوێکی زۆر گەورە و دیار وەردەگرین و هەوڵدەدەین بەکورتی ڕاڤەی بکەین، ئەویش "شەڕی خۆکوژی" یە.

بۆ ئەوەی بچینە نێو پانتایی ئـەم باسە پێویست بـە کردنـی پرسـیارگەلێکی هەڵوەستەئامێز دەبێت لەوانە مەبەستمان لە شەڕی خۆکوژی چییە ؟ لە چ دیدگا و تێروانینێکەوە دەڵێین شەڕی خۆکوژی؟ سروشت و تایبەتمەندیـەکانی شـەڕی خۆکوژی چین؟ دەرکەوتـەکانی شـەڕی خۆکوژی چـین؟ هۆکار و فاکتـەرەکانی هاتنــەبوونی شــەڕی خۆکــوژی چــین؟ دواجــار بۆچــی شــەڕی خۆکــوژی بــە سـوکایەتیپێکردنی پەرلـەمان لێکدەدەینـەوە؟ ئەمانـە و هەنـدێك پرسـیاریتر کـە پێویستیان بە وەڵامدانەوە و قسە لەسەرکردن هەیە.

## مەبەست لە شەڕی خۆکوژی

مەبەستمان لە شەڕی خۆکوژی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەککەوتنەیە، ئـەو بەیەکدادان و شـەڕەیە کـەوا لـە نێـوان هـەردوو پـارتی سیاسـی باڵادەسـتی نێـو کۆمەڵگای کوردی "یەکێتی/ پارتی"، لـە دەیـەی نۆهـەدەکانی سـەدەی ڕابـردوو ڕوویدا، بەشێوەیەکیتر مەبەست لە شـەڕی خۆکـوژی ئـەو شـەڕەیە کـەوا لەلایـەن ئەو دوو هێز و لایەنە سیاسیە بـە واقیعکرا کـە دوو نیـوەی پێکهـاتی پەرلـەمان بـوون، بـە هەردووانـەیان دونیـای پێکهـاتی یاسـادانەر "پەرلـەمان"ی وڵاتیـان بەڕێوەدەبرد، بەهۆیـەوە کۆمـەڵێك ڕووداو و دیـاردە و دەرکەوتـەوی جیاجیـا لـە هـەموو کایـەکانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و دیمـوگراف و دەروونـی و ئەخلاقی ڕوویدا "دواتر هەندێکیان باس دەکەین".

کاتێك دەڵێین شـەڕی خۆکـوژی ئـەوا لـە دیـدگا و تێڕوانینێکـی ئەتنیەوەیـە، چـونکە ئـەوەی شـەڕ دەکـات، ئـەوەی دەکوژێـت و دەکوژرێـت، لـەناو سـنووری

جوگرافی یەك كۆمەڵگادان، لەیەك سەرزەمینی هاوبەشدا دەژین، یەك كولتوور و یەك زمانیان هەیە، یەك یادەوەری و یەك مێژوویان هەیە، بەم پێیە كۆمەڵێك پرسی هاوبەش هەیە هەردوولا بەیەكەوە گرێدەدات، شوناسی هاونیشتمانی بە هەردوولا دەبەخشێت، كەواتە ناونانی شەڕی خۆكوژی لەوێوەیە كە بە چاوێكی ئەتنیەوە سەیری پرسەكە دەكەین، لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەویش، ئایا ئەوەی شەڕ دەكات لایەنی بەرامبەر بە هاونیشتمانی خۆی دەزانێت؟ ئایا ئەوە بە شەڕی خۆكوژی دەزانێت یا بە شەڕی دوژمنكوژی؟.

به بۆچوونی من كەسی شەڕكار ئەوی بەرامبەر بە بەشێك لە پێكهاتەی خۆی نازانێت، بەڵكو بە دوژمنی غەیرەخۆ دەزانێت، ئەمەش ڕێخۆشكارە بۆ كوشتنی، هەر بۆیە دەیكوژێت، ئەو ئەگەر غەیرەخۆ بە بەشێك لە پێكهاتەكەی بزانێت، ئەوا نایكوژێت، لە تێڕوانینی كەسی شەڕكار ئەوەی بەرامبەر بەشێك نییە لە خۆ، بەڵكو دوژمنێكە، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەوەی دەیكات خۆكوژی نییە، بەڵكو دوژمنكوژی.

ئەو خۆی یا ئەو پێكهاتی ئینتیمای بۆ دەكات وەكو نەتەوە نابینێت، بەڵكو وەكو گروپ یا لایەنی سیاسی دەبینێت، شەڕەكەشی لە بنەمادا شەڕێك نییە پەیوەست بێت بە پرسگەلێكی نەتەوەیی، بەڵكو شەڕێكە پەیوەستە بە پرسگەلێكی حزبیەوە، هەر بۆیە دوژمنیش وەكو دوژمنی نەتەوەیی نابینێت، بەڵكو وەكو دوژمنێكی حزبی دەبینێت، واتا ئەوەی دوژمنی حزبە ئینتیما بۆكراوەكەی بێت، دوژمنی ئەوە، نەوەكو ئەوەی دوژمنی نەتەوە و دۆزە سیاسی و ئیداری و كۆمەڵایەتیەكەی بێت.

لە شەڕی ناوەخۆدا دوژمن كورت دەبێتەوە بۆ هاونیشتمانی، دوژمنی هەمیشەیی دەرەوە دەگۆڕدرێتەوە بە نەیاری ناوەوە، دوژمنی سەرسەختی دەرەوە لە بیر دەكرێت و نەیاری ناوەوە بەهەند هەڵدەگیرێت و دەبێتە شوێنی بیرلێكردنەوە، دوژمنی داگیركاری دەرەوە لەبەرچاو ناگیرێت و هەمیشە نەیاری ناوەوە لەبەرچاوانە، كەواتە لە شەڕی ناوەخۆدا گرنگ نییە كێ دوژمنی

نەتەوەیـە، بـەڵکو گرنگـە کـێ دوژمـنی گـروپ و لایەنـە سیاسـیە بەشـدارەکانی شەڕەکەیە.

**سروشت و تایبە تمەندیەکانی شەڕی خۆکوژی**

شەڕی خۆکوژی شەڕی دوو پارت و هێزی سیاسی نێو کۆمەڵگایە، کـە خـەون و خولیا و ئیرادەی گرتنـە دەسـتی دەسـەڵاتی بـەڕێوەبردنی کۆمـەڵگایان هەیـە، شەڕی دوو پارت و هێزی سیاسی نێـو کۆمەڵگایـە کـە هـەممی دەسـەڵاتداریێتی و بەرزەمنێتیان هەیە، هەممی حکومکردنیان هەیە.

لەڕاسـتیدا ئـەم دوو هێـز و پارتـە سیاسـیە شـەڕکارە تایبەتمەنـدی بونیـادی پێکهاتیان هاوشێوەی یەکترە، جیـاوازی لـە ڕەگـەز و تـوخم و فاکتـەرە و یەکـە پێکهێنەرەکانیان نییە، هەردووانەیان تێڕوانین و بیرکردنـەوە و دونیابینیـان وەك یەکـە، ڕەفتـارکردن و هەڵسوکەوتکردنیان وەك یەکـە، عەقڵیـەتی خێڵگـەرایی و عەشـــیرەتگەرایی و ناوچـــەگەرایی زاڵـــە بەســـەریان، تونـــدڕەون و بـــیری عەســـکەرتاریەت زاڵـــە بەســـەریان، نـــاتوانن واز لـــە ڕوحیـــەتی شـــەڕەنگێزی و تۆڵەسەندنەوە بێنن، کەواتە جیاوازی هزری و مەعریفی لە نێوانیاندا نییـە، بـەڵام ئـەوان لـە تایبەتمەندیەکدا جیـاوازن، تایبەتمەنـدیك کـە کاریگـەری بەرچـاوی لـە شـەڕی خۆکوژیـدا هەیـە، ئـەویش تایبەتمەنـدی دیموگرافیـە، ئـەوان نفوزیـان لـە شوێنەکان جیاوازە و هاوشێوەی یـەکتر نیـە، هێـز و دەسـەڵاتیان لـە ناوچـەکان جیاوازە، ئەم جیاوازیـە دەبێتـە تایبەتمەندیـەکی شـەڕی خۆکـوژی، چـونکە ڕۆڵ دەگێڕیت لە دوو کەرتبوونی کۆمـەڵگا و دوو پارچـەبوونی وڵات، دواجـار ئەمـەش ڕۆڵی هەیە بۆ دوو ئیدارەیی و دوو حکومەتی.

لەبەرئـەوەی یـەکێتی نیـشتمانی بـە زەرورەت نفـوزی بنکەکـەی زیـاتر لـە ناوچەکانی کۆیە بەسەرەوەیە، واتـا لـە کۆیـەوە بـۆ ڕانیـە، قـەڵادزێ، سـلێمانی، شـارەزوور، هـەورەمان، هەڵەبجـە، عەربـەت....هتـد، لـە بەرامبەریـشدا پـارتی دیمـوکرات نفـوزی بنکەکـەی لـە کەلـەك بەسـەرەوەیە، واتـا لـە کەلەکـەوە بـۆ ناوچەکانی بادینان، بۆ ئاکرێ، دهۆك، زاخۆ، کانی ماسـی، مێرگەسـوور، بـارزان، سۆران....هتد. بەمشێوەیە ئەم جیاوازی لە نفوزی هەردوولا هـەر لـە سـەرەتایی

شەڕی خۆکوژیەوە بەشێنەیی خۆی بەیان دەکات، و کاریگەری دەبێت لەسەر دوو پارچەبوونی کوردستان.

لەم ناوچانەدا کەمترین تەقەی شەڕی خۆکوژی دەکرێت، یەکلاییکردنەوە بۆ هەردوولا ئاسانە، چونکە تایبەتمەندی پێکهاتی دیموگرافی ئەو ناوچانانە وەکو فاکتەرێکی بەهێز ڕۆڵ دەگێڕێت بۆ ئەم مەبەستە، تایبەتمەندی پێکهاتی دیموگرافی ناوچەکانی یەکەم، ئەوەی یەکێتی تیایدا زۆرە، خۆبەخۆ وادەکات یەکێتی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکات و بیانکاتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆیەوە، بە هەمان شێوە بۆ ناوچەکانی دووەم، ئەوەی نفوزی پارتی تیایدا زۆرە، خۆبەخۆ دەکەونە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی پارتی، بەڵام جگە لەم دوو پارچەیەی "ناوچانەی" لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، ناوچەیەکی زۆر گرنگ و گەورە دەمێنێتەوە کە لە دەرەوەی حیساباتی ئەو دوو ناوچەیەی سەرەوەیە، شارێك و دەورووبەرەکەی کە تایبەتمەندی دیموگرافی جیاوازترە لەوانەی پێشوو، جیاوازی تایبەتمەندیە دیموگرافیەکەی لەوەدایە هەڵگری تێکەڵەیەکی زۆرە لە نفوزی سەرجەم حزبەکان، جگە لەوەش نفوزی هەردوولایەنی شەڕکار تیایدا لەیەك نزیکە، ئەویش هەولێر و دەوروبەرەکەیەتی "لە کۆیە بەرەو خوار و لە کەلەك بەرەو سەر".

لەبەرئەوەی تایبەتمەندی پێکهاتەی دیموگرافی ئەو ناوچەیە بەگشتی و شاری هەولێریش بەتایبەتی تێکەڵەیەکە لە بوونی نفوز و بنکەی زۆربەی حزبەکانی کوردستان، لەبەرئەوەی نفوزی بنکەی یەکێتی و پارتی لە یەکتری نزیکن، بۆیە یەکلاییکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان، یا دەست بەسەرداگرتن و خستنە ژێر ڕکێف بۆ هەردوولا ئەستەم دەبێت، لێرەوە شەڕی کوشندە دەکەوێتە ئەو شوێنە، بەیەکدادانی گەورە خۆی لەو ناوچانەدا دەدۆزێتەوە. بێگومان شەڕی زۆریش دەبێتە هۆی کوشتن و لەناوچوونی مرۆڤی زۆر لەو شوێنەدا، بەپێچەوانەی ناوچەکانی سلێمانی و دهۆك کە کەمترین تەقەی شەڕی خۆکوژی لێدەکرێت، بۆیە بە زەرورەت کەمترین کەسی تیا دەکوژرێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو ناوچانەی نفوزی هەردوولا لەیەکتری نزیکن.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتایی سەرهەڵدانی شەڕی خۆکوژی لـە ناوچـەکانی قـەڵادزێ دەبیـنین بـە کـەمترین کـات هـەردوو ناوچـەکانی یەکـەم "سـلێمانی و دەوروبەر"، دووەم "دهۆك و دەوروبەر" یەکلاییدەکرێنەوە و کۆنترۆڵ دەکرێن، یەکەمیان لەلایەن یەکێتی نـشیتمانی و دووەمیـشیان لەلایـەن پـارتی دیمـوکرات، بەڵام وەکو دەبینین ناوچەکانی هەولێر و دەوروبەر "لە کۆیـە بـەرەو خـوار و لـە کەلـەك بـەرەو سـەر"، تـا شـەڕیش کۆتـایی پێـدێت، ئـەوا هـەر بەریەککـەوتن و ڕووبەڕووبونـــەوە و کوشـــتنی تیـــا بەدیـــدەکرێت، بـــەم پێیـــەش سروشـــت و تایبەتمەنـدی شـــەڕی خۆکـوژی ئەوەیـە قورسـاییەکەی دەکەوێتـە ناوچـەیەکی دیـاریکراوی نیـشتمان و کۆمـەڵگا، لـە بەرامبەریـشدا ناوچـەگەلێك دوور و بێئاگـا دەبێت لە شەڕ.

## دەرکەوتەکانی شەڕی خۆکوژی

بەهۆی زوو یەکلاییکردنەوەی شەڕی خۆکوژی لە اوچـەکانی یەکـەم و دووەم، ئـەوا ئـەو ناوچـانە تووشـی زەرەری زۆر نابێـت، ڕووخـسار و سـیمای ناوچـەکان تێکناچـێت، هەرچـەندە گـەلێك مـۆدێرن و جـوان نـین، بـەڵام ئـەم قـسەیە بـۆ ناوچەکانی هـەولێر و دەوروبـەر ڕاسـت نییـە، بـەڵکو پێـچەوانەکەی ڕاسـتە، واتـا بـەهۆی ئامـادەبوونی بـەردەوامی شـەڕەوە ئـەم ناوچـانە تووشـی زەرەری زۆر دەبێـت، ڕووخـسار و سـیمای ناوچـەکە تیکدەچـێت، سـەرەڕای ئـەوەی هـەولێر شـارێکی مـۆدێرن و جـوان نییـە، باڵەخانـەی کەمـە، سیـستەمی ژیـانی کۆمـەڵگا تەقلیدی و کۆنـە، ئینجـا بـەهۆی شـەڕی خۆکـوژی و بارگرانیـەکانی لەسـەر ئـەو شـارە، باڵەخانـە نییـە پاشمـاوەی گوولـە و تەقەمەنیـە جۆراوجۆرەکـانی بـەر نەکەوتبێت، هەر لە"قەڵا" بیگرە کە کۆنترین پێکهات و دیاردەی ئـەو شـارەیە، تاوەکو مۆدێرنترین و نوێترین باڵەخانەی ئـەو شـارە کـە "هـەولێر پـاڵاس"ە، لـە سەرەتایی شەڕی خۆکوژیدا لەو شارەدا شەڕ دەکەوێتە نێو کۆڵانەکان، دەکەوێتە نێو پەنادار و دیوارەکان، لە هەردوو باڵەخانەی بەرامبەر یـەکتر شـەڕ هەیـە، لـەو

سەربانەوە بۆ ئەو سەربان، لەو گەڕەکەوە بۆ ئەو گەڕەك شەڕ هەیە، دوای ئەمە شەڕ دەکەوێتە چواردەوری هەولێر، لە کەسنەزانەوە بۆ گەڕەکە سەرەتاییەکانی نزیك قەبرستانی شێخ ئەحمەد، لە شاوێس و پیرزینەوە بۆ گەڕەکە سەرەتاییەکانی ناوچەی پیشەسازی، لە کانی قرژاڵەوە بۆ تورەق و هەندێکجار گەڕەکی نەورۆز... هتد.

بەمشێوەیە شەڕ هەر لەو ناوچەیەدا خەست دەبێتەوە، بەڵێ ئەو شارە بەدرێژایی شەڕی خۆکوژی دەکەوێتە بەر ئاگری هێرش و پەلامارەکانی هەردوولا، بۆیە زەرەرمەندی گەورەی شەڕی ناوەخۆ شاری هەولێر و دەوروبەرەکەی دەبێت، لەبەر ئەو تایبەتمەندی و ئەو ڕەوشەی لە هەولێر هەیە، لەبەرئەوەی شەڕ بەردەوام لەوێدایە، بۆیە بە زەرورەت سیمای ئەو شارە ناشیرینتر و دزێوتر دەبێت وەك لە پێشتر، لێرەدا ئەو پەندە کوردیەی لەسەر پراکتیزە دەبێت کە دەڵێت" ماڵ لەخۆی نەبوو میوانیشی هات"، ئەمە یەکێکە لەو دەرکەوتە سەرەکیەکەی کەوا لە شەڕێ خۆکوژی دەکەوێتەوە.

یەکێك لە دەرکەوتەکانی شەڕ ئەوەیە لە هەر شوێنێکدا ڕوودات دەبێتە هۆی کوشتن و لەناوچوون، برینداربوون و کەم ئەندامبوونی مرۆڤ لەو ناوچەیە، لەسەر ئەم بنەمایە بە بۆچوونی من ئەگەر ئامارێك بکرێت لەسەر ئەو ناوچەیەی کە زۆرترین قوربانی شەڕی خۆکوژی بەرکەوتووە، دەبینین هەولێر و دەوروبەری پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت و لە پێشەوەی هەموو ناوچەکانیتر دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتەیەکیتری شەڕی خۆکوژی ئەوەیە کەسگەلێك "چەکدار"ی ناوچەیەکیتر کە ئاشنایەتی و شارەزایی بە شوێنی جوگرافی شەڕلێکردن نییە، بەهۆی هەڵەی تەکنیکی و نەناسینی سەنگەرەکان، دەکەوێتە نێو بۆسەی چەکدارانی بەرامبەر و دەکوژرێت، لەمبارەیەوە ئەگەر ئەرشیفی ڕووداوەکانی شەڕی خۆکوژی هەڵدەینەوە زیاد لە ڕووداوێك دەدۆزینەوە کە تیایدا بەتاك یا بەکۆ چەکدارانی هەردوولا کوژراون، ئینجا چ خەڵکی گەرمیان یا بادینان بێت.

یەکێك لە دەرکەوتەکانی شەڕ ئەوەیە دیاردەی کۆچ دروست دەکات، کۆچ لە شوێنی شەڕەکە بۆ شوێنێکیتر، ئەمە لە شەڕی خۆکوژی هاتەبوون، بەڵام لە شەڕی خۆکوژیدا کۆچکردن لەسەر دوو ئاستدا بەدیار دەکەوێت، یەکێك لە ناوەوە بۆ دەرەوە، ئەویتریش لە ناوەوە بۆ ناوەوە، ئەوەی یەکەم مانا و مەبەستی تایبەت بەخۆی هەیە، هۆکار و دەرکەوتەی تایبەتیشی هەیە، "ئەمە قسەی زۆر هەڵدەگرێت و لێرەدا جێیدەهێڵین".

لە شەڕی خۆکوژیدا دیاردەی کۆچی ناوەخۆ نەوەکو لەسەر بنەمای جێهێشتنی گوند بۆ شار و گەڕان بەدوای کار، یا جێهێشتنی شێوە ژیانیکی ناخۆش بۆ یەکێکی خۆشتر، وەکو ئەوەی بەردەوام ئەم دیاردەیە لە مێژوودا بوونی هەبووە، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی پیشەسازی و شاری مۆدێرن، بەڵکو ئەم کۆچە لەسەر بنەمای باڵادەستی لایەنی دوژمن لە ناوچەی کەس و خێزانی کۆچکار، کۆچکردن جۆرێك ئیرادەی خەڵکی کۆچکاری تیایە، هەرچەندە پەرچەکرداریش بێت، بەڵام لە شەڕی خۆکوژیدا هەر تەنها کۆچی ئیرادەیانە و ئیختیارانە بوونی نەبوو، بەڵکو دەرکردنیش هەبوو، دەرکردنی کەسێك یا خێزانی کەسێك کە ئەندام یا لایەنگر و هەواداری یەکێك لە لایەنە شەڕکارەکان بوو، لەلایەن دەسەڵاتی ناوچەکە بۆ ناوچەکانی ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی ئەو حزبەی ئینتیمای بۆ دەکات، بەڵام کۆچکردن پێویستی بەدابینکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی هەیە، پێویستی بەشوێنی ژیان، بەخواردن، بەرگری، ئاسایش...هتد هەیە، کە ئەمانە دەستکەوتنیان ئەستەم بوو لە سەرەتایی شەڕی خۆکوژیدا، ئەم قورساییە زۆر بە ئاشکرا کەوتە سەر شارەکانی سلێمانی و هەولێر، ئینجا ئەمەش بۆ خۆی بێگرفت نەبوو، بەڵکو بوونی کەس و خێزان و بنەماڵەی کۆچکار لە شوێنی دووەم زۆر دیاردە و کێشەی کۆمەڵایەتی و دیموگرافی و دەروونی و ئەخلاقی لێکەوتەوە.

ڕێك لەم ساتانەدا دیاردەیەکی نێگەتیڤ لەناو کۆمەڵگای کوردی وەکو گشتێك و شارەکانیش بەتایبەتی سەرهەڵدەدات، ئەویش دیاردەی ڕق لێبوونەوە و بەسووك سەیرکردن و تەشەرلێدانی خەڵکی شارەکانە لە یەکتری، دیاردەی

نووکتەکردنی خەڵکی شارەکانە لەسەر یەکیتری، ئەمە دەبێتە سەرەتایەك بۆ گەڕان بە دوای خاڵی لاواز و سیفاتی ناشیرین و دیاردە نێگەتیڤەکانی شارەکان "خەڵکەکانیشی"، و ئیشکردن لەسەر قەبەکردن و پەخشکردنیان لەلایەن هاوشاریان، ئەو دیاردەیە ئەگەر پێشتریش بوونی هەبوو بێت وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەتنۆگرافی، ئەوا بوونێکی لاواز و کەم خوێنی هەبووە، بەڵام لێرەدا بەهێز دێتەپێش و خۆی بەسەر نەخشەی زەینی مرۆڤەکان دەسەپێنێت، ئەگەر پێشتر ئاستێکی لاوازی هەبوو بێت، یا لەسەر ئاستی خەڵکی هەمەکی بوو بێت، ئەوا ئێستا لە ئاستێکیتردا دەبینرێت، ئاستێك تیایدا هەردوو پێکهاتی مۆدێرن حزب و ڕۆشنبیر ڕۆڵی گەورە دەگێڕن. بەهۆی ئەو جیاوازیە بچووکەی "کە بە بۆچوونی من زیاتر ڕووکەشیە نەوەکو جەوهەری و مەعریفی" لە نێوان خەڵکی هەردوولا هەیە، ئەوا لەنێو نەخشەی زەینی تاکەکانی هەر ناوچەیەك وێنەیەکی دزێو هەیە بۆ ئەویتر، لە تێروانینی خەڵکی هەمەکی سلێمانی خەڵکی هەولێر خەڵکێکی تەقلیدی و کۆنەپەرست و دواکەوتووە، شایانی هەموو قسە لەسەرکردنێکە بە ئاراستەی شکاندنەوە و چووککردنەوە، بەپێچەوانەشەوە لەلایەن خەڵکی هەمەکی هەولێر خەڵکی سلێمانی بێبەها و بەدڕەوشتن، شایانی هەموو قسە لەسەرکردنێکن بە ئاراستەی هەرچی زیاتر بێحورمەتکردن و بێبەهاکردن، "هەرچەندە ئەمە ڕێژەییە بەڵام زۆرینەیە".

خەتەری ئەو دیاردەیە لەوێوە سەرهەڵدەدات کە زۆرجار شارەکان و دانیشتوانەکەی دەبێتە بابەتی گاڵتەپێکردنی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران، دەبێتە بابەتی بەسووك سەیرکردن و ناوبانگ زڕاندن، ئەم وێنانە برەویان پێدەدرێت، خۆراکیان پێدەدرێت، هەندێکجار دەچێتە سەر سفرەی کۆبوونەوەی سیاسەتمەداران، دەچێتە سەرمێزی دانیشتنی ڕۆشنبیران، هەر بەوەندەش ناوەستێت دەبێتە بابەتی دیسکۆرسی مەلاکان لە مزگەوتەکاندا وەکو ئەوەی "مەلا بەشیر". لێرەوە پارتەکان و ڕۆشنبیرەکانیان خەتای زۆر گەورە دەکەن، لە تێروانینی یەکێتی نیشتمانیەوە مادام پارتی دیموکرات لە هەولێرەوە، کەواتە

دەبێت خەڵکی هەولێر کۆنەپەرست و تەقلیدی بن، ژیانی هەولێریش ژیانی گوند بێت نەوەکو شار، لەمبارەیەوە قسەی هەندێك سیاسەتمەداری مۆدێرنی یەکێتی دەتوانین بە نموونە بهێنینەوە. بەپێچەوانەشەوە لەلایەن کەسگەلێکی ناو پارتیەوە مادام یەکێتی لە سلێمانیە کەواتە شارێکی بێبەها و بەدرەوشت و بێئەتیکە، ئەمانە لە بیر دەکەن لە هەردوو شارەکاندا نفوزیان هەیە، ئەندام و لایەنگر و هەوادارایان هەیە.

دەرکەوتەیەکیتر لە شەڕی خۆکوژیدا بوونی دیاردەی دەست بەسەرداگرتن یا بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی حزب و لایەنگران و هەوادارانیەتی، ئەمە یەکێکە لە دزێوترین و نێگەتیڤترین دەرکەوتەی شەڕی خۆکوژی، بەپێی لۆژیکی شەڕی خۆکوژی دەستگرتن بەسەر بارەگا و کەلوپەلی لایەنی بەرامبەر دەشێت جۆرێك لە ڕەوایەتی هەبێت بۆ لایەنێك، دەشێت قبوڵکردنی ئاسانتر بێت لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەتی کاتێك دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردن لەو وڵاتەدا بوونی نەبێت، لەگەڵیشیدا لۆژیکی هێز زاڵ بێت.

بە بۆچوونی من ئەم دیاردەیە هەروا لەخۆڕا ڕوونادات، بەڵکو بەپێی پێکردنی گڵۆپی سەوز دەبێت لەلایەن سەرکردایەتی حزبی شەڕکار، ئەوان لۆژیکی "سەر بۆ من... ماڵ بۆ تۆ" پەیرەو دەکەن، لەمبارەیەوە شەڕی "یەکێتی نیشتمانی.. بزووتنەوەی ئیسلامی" باشترین نموونەیە.

لایەنە شەڕکارەکان لە بەرامبەر گرتنی شوێنێك کە ئامانجیەتی، تموحی ئەوە بەجەنگاوەر و چەکدارەکانیان دەدەن کەلوپەلی ناو بارەگا یا شوێنەکە بۆ خۆیان ببەن، کەواتە هەر لە سەرەتادا کە تاڵان لە بارەگانەوە دەستپێدەکات سەرکردایەتی لایەنە شەڕکارەکە شەرعیەتی پێدەدات.

ئەم دیاردەیە هەر لەسەر ئاستی بارەگا حزبیەکان نامێنێت، بەڵکو دەچێتە سەر ماڵ و موڵك و سامانی ئەندامان و هەوادارانی هەردوولا، ئەمەش ڕەوشەکە ئاڵۆزتر و دیاردەکە دزێوتر دەکات، چونکە بەهۆیەوە شەڕەکە تەنها لە ئاستی سیاسی نامێنێت، بەڵکو ڕەهەندێکیتر وەردەگرێت ئەویش دەروونی و

کۆمەڵایەتیە، بەهۆی بەتاڵان بردن یا دەست بەسەرداگرتنی مومتەلەکات، ڕق و ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە برەو پێدەدرێت، بەتایبەتی کاتێك خاوەنی مومتەلەکاتەکە کەس و گروپی بەرامبەر بناسێت، لێرەدا زۆرجار کێشە و دوژمنداریەکە لە ئاستی سیاسی دەپەڕێتەوە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی، واتا ئیدی ئەوانە دوو دوژمن نین بە تەنها لەسەر بنەمای ئەوەی یەکیان یەکێتی و ئەویتر پارتین، بەڵکو لەسەر بەنمای ئەوەشە یەکێکیان ماڵی ئەویدیکەی تاڵان کردووە و دەستی بەسەر موڵك و ماڵی داگرتووە، نێوانە پەیوەندی ئەم دوو کەسە بە ئاسانی سروشتی و ئاسایی نابێتەوە، ئەگەر دوولایەنی شەڕکاریش ئاشت ببنەوە، ئەوا ئەوان هەر کێشەیان لە نێواندا دەمێنێت، بۆیە لە زۆر شوێندا ئەگەر ڕووبەڕووبونەوە و بەریەککەوتن لە نێوانیاندا دەبێت.

ئەگەرچی زۆرجاران لایەنە شەڕکەرەکان ڕێکلامی نائاگادربوون لەو دیاردانە دەکەن، یان ڕێکلامی ئەوە دەکەن ئەو پرسە بە ئیرادەی ئەوان نییە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەوان ئاگادارن و ڕەوایەتیش پێدەدەن، بەتایبەتی بەرپرسانی سەربازی ڕۆڵی گەورە دەبینن. دەرکەوتەیەکیتر لە شەڕی خۆکوژیدا تێکشکاندنی قیەم و نۆرمی باوی کۆمەڵگایە، بەهۆی ئەمەوە کۆمەڵێك دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئاینی و ئەخلاقی سەرهەڵدەدات، کە لەپشتیانەوە تێکشکاندنی دەروون و کەسایەتی ئەندامان و لایەنگرانی حزبەکانی لێدەکەوێتە، لە شەڕی خۆکوژی ئەوەندە بۆ لایەنی باڵادەستی ناوچەیەك بەسە بزانێت کێ لایەنگرە یا سۆزێکی هەیە بۆ لایەنەکەیتر، یەکسەر پرۆسەی تێکشکاندنی کەسایەتی ئەو کەس و خێزانە دەستپێدەکات.

لە شەڕی خۆکوژیدا کەم نین ئەوانەی دەستدرێژی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری جیاجیایان لەسەر دەکرێت، کەم نین ئەوانەی دەستدرێژی ئەخلاقی و سێکسیان لەسەر دەکرێت، کەم نین ئەوانەی بە زۆر تەنازولاتی جیاجیایان پێدەکرێت، کەم نین ئەوانەی دەگیرێن و کەسایەتیان تێکدەشکێنرێت.

دیسان دەرکەوتەیەکیتر بەدیارکەوتنی کەسگەلێکی دز و مرۆڤکوژ، هەروەها بەدیارکەوتنی گروپی تاوانی ڕێکخراو، کە مەبەستدارانە و بەپێی پلان تاوان

دەکەن. ئەمانە بە کەیف و ویستی خۆیان دەچنە سەر خەڵك، ماڵ و موڵکیان دەست بەسەردادەگرن، یا وەکو خاوە پارەیان لێدەسەنن، یا هەندێکجار مانگانە سەرانەیان لێوەردەگرن، ئەو خەڵکە هیچ تاوانێکی نییە، هیچ هەڵەیەکیان نەکردووە، تەنها ئەوەیە هەوادار یا لایەنگری هێزێکی شەڕی ناوەخۆیە جیاواز لەلایەنی کەس و گروپی تاوانەکە.

دەرکەوتەیەکیتر ئەوەیە بەهۆی شەڕەوە وڵات دەبێتە دوو پارچە، دوو دەسەڵاتی جیا لە دوو ناوچەی جیا بوونی دەبێت، لێرەوە هەر پارچەیەك هەڵگری تایبەتمەندی و سیفاتی جیاوازە، هەرلایەك خاوەنی شتگەلێکە کە پێداویستی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایە بە بەشەکەیتریشەوە، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتدا، پێداویستی خۆراك و خواردەمەنی هەیە، ئەمەش بەهۆی بوونی گومرگە سنووریەکانی لە چەشنی ئیبراهیم خەلیل ...هتد، بە هەمان شێوەش بۆ یەکێتی نیشتمانی شتگەلێك هەیە کە پێداویستی هەموو کۆمەڵگایە بە بەشەکەیتریشەوە وەکو کارەبا...هتد. لێرەوە هەردووانەیان پێداویستی بەشەکەی دانیشتوانی ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی ئەویتری وەکو چەکێك بەکاردەهێنێت تاوەکو خەڵکەکە لە نەبوونیدا فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی بەڕێوەبەری ناوچەکە، واتا یەکێتی کارەبا دەبڕێت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی، پارتیش ئەرزاق و خۆراك، لێرەوە بە هەردووانەیان بە هەموو شێوەیەك ئەو کۆمەڵگایە ئازار دەدەن کە دەنگیان پێدەدەن، بە شۆرشگێر و فریادڕەسیان دەزانن بۆ رزگاربوون لە ژێر چەپۆکی ڕژێمی بەعس، ئەوان ئازاری کۆمەڵگایەك دەدەن کە لەسەری دروستبوون، کە ئەندامانی بنکەیان تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەیە.

دەرکەوتەیەکیتری شەڕی خۆکوژی دەست بەسەرداگرتنی سامانی وڵات و بەهەدەربردن و بەکارهێنانیەتی لە خزمەت شەڕ، کڕینی چەك و تەقەمەنی جۆراوجۆر، ئەمەش تێکدان و کاولکاری زیاتری لێدەکەوێتەوە، واتا بەکارهێنانیەتی بۆ تێکدان و کاولکارکردنی وڵات، نەوەکو بەپێچەوانە بۆ خۆشکردن و چاکردن و جوانکردنی وڵات.

دەرکەوتەیەکیتر ڕاکێشان دەستی دوژمنە سەرسەختەکانی کوردە بۆ سەر وڵات، لە شەڕی خۆکوژیدا دوژمن دەبێتە دۆست، کەچی هاونیشتمانی دەبێتە دوژمنی سەر سەخت، دوژمن دەبێتە ئازادکار، دەبێتە فریادڕەس، کەچی هاونیشتمانی دەبێتە داگیرکار، لە شەڕی خۆکوژیدا دوژمن بەهێز و جەبەروتەکەیەوە ڕادەکێشرێتەوە ناو کوردستان، شوناسی دۆستی پێدەدرێت، ئەو دێت ڕاست و چەپ گوللەکان دەتەقێنێت، فیشەکەکان بەتاڵدەکاتەوە، لەلای ئەودا گرنگ نییە کێ دەکوژێت، ئەوەی دەیکوژێت سەر بەکام گروپ و هێزی سیاسیە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەوەی دەیکوژێت کورد بێت.

لە شەڕی خۆکوژیدا لایەنە شەڕکارەکان زۆر جەخت لە پرسی نەتەوەپەرستی دەکەن، زۆر جەخت لەسەر پرسی کوردبوون دەکەن، لە شوێنی جیاجیا و بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاردەهێنن، لە ڕێگایەوە یەکتری بە خائین دەشوبهێنن، شوناسی خۆفرۆش بە یەکتری دەبەخشن، بەهۆیەوە بەردەوام یەکێك ئەویتر پێ لەکەدار و عەیبدار دەکات، ئیش لەسەر وەتەری سۆزی ئەندامان و هەواداران و کۆمەڵگا دەکات....هتد، کەچی بەپێچەوانە ڕەفتار و مامەڵە دەکەن، ئەم پرسە لەبەرچاو ناگرن، بەردەوام دەستی هێزی وڵاتانی دەرەوە ڕادەکێشەن ناو وڵات و سەروەری زەربی سفر دەکەن، وڵات پارچە پارچە دەکەن.

لە شەڕی خۆکوژیدا پرسی نەتەوەپەرستی چەندە گرنگی پێدەدرێت و بەگرنگ نمایش دەکرێت، ئەوەندەش ژێر پێدەخرێت و لەبەرچاو ناگیرێت، بەتایبەتی لە ڕێککەوتنەکانی هێزەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، لەگەڵ دوژمن بەردەوامەکانی نەتەوە.

ئەوان دێن کورد دەکوژن بە پارە و سەروەت و سامانی وڵات و زێدگەی کەسی کوژراو، دێن وڵات وێران دەکەن بە پارەی هاوڵاتیان، ئەوان دێن بە پارەی کورد هاوڵاتی کورد لەسەر خاکی کوردستان دەکوژن، کەچی هێزە شەڕکارە کوردەکان ئەوانەی دەستیان ڕاکێشاون دەست خۆشیان لێدەکەن.

له شەڕی خۆکوژیدا چەمکی دوژمن و دۆست، خائین و خۆفرۆش، وڵاتپـارێز و نەتەوەپەرست سەرلەبەر دەگۆڕێت و مانایـەکیتر وەردەگرێـت، ئـەم دەرکەوتانـە زۆر ڕاشکاوانە لە شەڕی خۆکوژیدا دەبینرێت.

دەرکەوتەیەکیتری شەڕی خۆکوژی سەرهەڵدانی ڕاپۆرت نووسینە، هەرچەندە ئەم پرسە پەیوەستە بە سیستەمی پەروەردەیی و ڕێکخستنی بەعس، بەڵام لـەم کاتـەدا دەبێتـە ئـەخلاقی ئەنـدام و لایـەنگرانی ئـەو پارتـە کوردییانـە، ئـەخلاقی ڕاپۆرت نووسین لە بەعسەوە دەپەڕێتـەوە سـەر حزبـە کوردیـەکان، لەوانیـشەوە دێتە ناو زۆربـەی ماڵـەکانی کۆمـەڵگا، ڕاپـۆرت نووسـین لـە جەسـتەی بەعـسەوە دەگوازرێتەوە نێـو جەسـتەی پارتـە کوردیـەکان، لەوانیـشەوە بـۆ تـاکی کـوردی ،لێرەوە ئیـدی بـرا لەسـەر بـرا، هـاوڕێ لەسـەر هـاوڕێ، هاوسـێ لەسـەر هاوسـێ ڕاپۆرت دەنووسێت، بەڵام لە پشت هەر ڕاپۆرتێکەوە ئەگەری کردارێك هەیـە کـە زیـاتر نێگەتیڤـە، لـە پـشت ڕاپـۆرت نووسـینەوە کەسـگەلێك لـە هـەواداران و سـۆزداران و ئەنـدامانی پارتـەکان زەرەرمەنـد دەبێـت، سـەری گـرێ دەدرێـت، دەگیرێت، دەربەدەر و شاربەدەر دەکرێت.

دەرکەویتەیەکیتر بـەکارهێنانی دەزگـای ڕاگەیانـدن و خامـەی نووسـەرانە بـۆ شەڕ و کاولکاری، لە شەڕی خۆکوژیدا دەزگای ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکەیـەوە "بیستراو، بینراو، نووسـراو" بـەهۆی وتـاری حەماسـیەوە ئەنـدامان و لایـەنگران هانـدەدات بـۆ شـەڕکردن، بـۆ کوشـتنی یـەکتر، خامـەی پیـاوە بـچووکەکانیش بەردەوام وتاری حەماسیانە دەنووسن، وتارێك دەنووسن ژەهر بەسەر کۆمـەڵگادا بڵاودەکەنـــەوە، دەزگـــا ڕاگەیاندنـــەکانیش بەشـــێوەیەکی زۆر قێزەوەنانـــە دەیخوێننـــەوە و بڵاویدەکەنـــەوە، لێـــرەوە خەتایـــەکی زۆر لەبـــەردەوامبوون و گەورەبوونی شەڕ دەکەوێتە ئەستۆی دەزگای ڕاگەیاندن و خامەکانی ئەو کاتـەی ناو ڕاگەیاندنەکان، چونکە ڕۆڵ دەگێڕن لە گەورەکردن و گەرمکردنی ئاگری شـەڕ و فیتنە، لە شکاندنی کەسایەتی بەرپرسان و ئەنـدامانی حزبـەکان، لـە تێکـدانی

سیستەمی زمانەوانی ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندن پڕ دەبێت لە تەشهیر، جنێو، سوکایەتیپێکردن.

دەرکەوتەیەکیتر بێوەژن بوونی کۆمەڵێك ئافرەتی کۆمەڵگایە، ئەمەش بەهۆی بەکوشتچوون و لەناوچوونی پیاوەکانیان، ئەمەش لە پشت خۆیدا کۆمەڵێك دیاردە و ڕووداوی نێگەتیڤ دەهێنێتە سەرزەمینی ژیانکردن، جگە لەمە دیاردەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان زۆر دەبێت، دیاردەی تەڵاق و جیابوونەوەی ژن و مێرد، یا دوورخستنەوە و جیابوونەوەی باوك و کوڕ بەهۆی ئینتیما و هەواداری جیاواز بۆ هەردوولا، لە شەڕی خۆکوژیدا ئەم دیاردانە لە زۆر شوێندا دەبینرێت و بەهۆیەوە خێزان هەڵدەوەشێتەوە. لەڕاستیدا دەکرێت هەر یەکێك لەم دەرکەوتانەی سەرەوە بابەتی دیراسەیەکی جیدی بێت، بەڵام لێرەدا ئێمە بەکورتی بەسەریان دەکەینەوە، جگە لەمەش دەیەها دەرکەوتەیتر لە شەڕی خۆکوژیدا دەکەوێتەوە، لێرەدا تیشك ناخەینە سەریان و باسیان ناکەین.

بەشێوەیەکی گشتی شەڕی خۆکوژی کۆمەڵێك دیاردە و دەرکەوتەی جیاجیا لەسەرجەم کایەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دیموگرافی، ئابووری، ئەخلاقی، دەروونی...هتد، لێکەوتەوە، بەهۆیەوە وڵات پارچەپارچە کرا، سەروەری لەدەستچوو، هەزارەها مرۆڤ کوژرا، هەزارەها مرۆڤیتر بریندار و بێسەر و شوێنکرا، هەزارەها مرۆڤ ئیفلیج و بێدەست و قاچ کرا، کۆمەڵگا ژیانی ئاسایی لەدەستدا، سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان تووشی تێکچوون و نالەبارەی هات، هاوسەنگی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی نەما، ماف و یەکسانی نەما، هەروەها مرۆڤەکان لە ترسێك و دڵەڕاوکێیەکی کوشندە ژیانیان دەگوزەراند، هێرش و دەستدرێژیکردنە سەر یەکتر سەریهەڵدا، دیاردەی ڕاپۆرت نووسین و سەرگرێدان گەشەی سەند، فەسادی ئیداری و ئەخلاقی ڕووی لە برەودانکرد، سەروەت و سامانی وڵات بەهەدەر بردرا...هتد.

## هۆكار و فاكتەرەكانی شەڕی خۆكوژی

شـەڕی خۆكـوژی وەكـو هـەر دیاردەیـەكی سیاسـی و كۆمەلایـەتی كۆمـەلێك هۆكار و فاكتەری جیاجیای هەیە، ئێمە لەمانەی خوارەوە كورتیان دەكەینەوە..

1- هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان بۆكرد شەڕی خۆكوژی، شـەڕی دوو هێـز و لایەنی سیاسیە كەوا خواست و ئـیرادەی گرتنەدەسـتی دەسـەلاتی بـەڕێوەبردنی كۆمەلگایان هەیە، شەڕی دوو گروپ و هێزی سیاسی نێو كۆمەلگایـە كـە هـەممی دەسەلاتدارێتی و بەرزەمنێتیان هەیە، هەممی حكومكردنیان هەیە. ئـەو خواسـت و ئیرادەیە دەبێتـە هۆكارێكی گرنگ بـۆ سـەرهەلدانی شـەڕی خۆكـوژی، چـونكە هیچ پڕۆسەیەك یا ڕووداوێك لەناو واقیعـی كۆمەلایەتیـدا ڕوونـادات، بـەبێ ئـەوەی ئیرادە و خواستی كەس و لایەنە بەشداربووەكەی تیا بێت، لەسـەر ئـەم بنەمایـە شەڕی خۆكوژی شـەڕیكی ئیرادەوییـە، شـەڕێكە مەبەسـتدارانە دەكرێـت، بـوونی خواستێك و ئیرادەیەكی دوولایەنە "یەكێتی/ پارتی" بۆ شەڕ یەكێكە لە هۆكـار و فاكتەرە هەرە بەچاوەكانی شەڕی خۆكوژی.

2- وەكـو ئـەوەی ئـیبن خەلـدون و هەنـدێ لـە كۆمەلناسـەكانیتریش جـەختی لێدەكـەن یـەكێك لـە سـەرەكیترین خەسـلەتەكانی خێـل و كۆمـەلگای بـەدەوی توڕەبوون و تۆلەسـەندنەوەیە، لەبەرئـەوەی بوونیـادی هـزری و مـەعریفی هێـزە شەڕكارەكان بونیادێكی خێلەكیـە، بوونیادێكـە هـەلگری سـیفات و تایبەتمەنـدی توڕەبـوون و تۆلەسـەندنەوەیە، دیـسان لەبەرئـەوەی پێـشتر بەریەككـەوتن و بەیەكـدادان لـە نێـوان ئـەم هێـز و گروپـە سیاسـیە هـەبووە، بۆیـە لـۆژیكی تۆلەسەندنەوە كاری خۆی دەكات، هـەلگری ئـەم لۆژیكـە ئامادەیـە شـەڕ لەگـەل لایـەنی بەرامبـەر بكـات بەمەبەسـتی تۆلەسـەندنەوە، هـەر كاتێـك ئەتمۆسـفێری كۆمەلایەتی و سیاسی گونجاو بێت، ئەوا یەكسەر هەولدەدات ڕەفتاری تۆلـەكاری بەرجەستە بكات لە بەرامبەر دوژمن، ئەمەش ڕێك لە واقیعی لایەنە شەڕكارەكانی شەڕی خۆكوژی ئامادەیە، ئـەوان لـە دەیـەی شەسـتەكانەوە ناخۆشـی و گـرژی، دووبـەرەكی و بەریەككـەوتن لـە نێوانیـان ڕوویـداوە، ئەمـە دەبێتـە هـەوێنێك بـۆ

ڕووداو و دیاردەکـانی دوایـی کـە شـەڕە خۆکوژیـە یـەك لـەدوای یەکـەکانی لێکەوتەوە.

لەبەرئـەوەی دوژمنداریـەکی دێـرین لـە نێـوان سـەرکردایەتی و بنەماڵـە سەرکردەیەکانی هەردوولا هەیە، لەبەرئەوەی هەردوولا هەڵگری عەقڵیـەتی خـێڵن و ناتوانن دەسـتبەرداری ڕۆحـی تۆڵـەکاری بـن، بۆیـە بـەردەوام ئەگـەری شـەڕ و بەیەکـدادان لـە ئـارادا دەبێـت، بـەکورتی دوژمنکـاری دێـرینی نێـوان هـەردوولا هۆکارێك و فاکتەرێکە بۆ ڕوودانی شەڕی خۆکوژی.

3- شەڕی خۆکوژی هەر بەوەندە دەست پێناکـات، کـە ئیرادەیـەك و خواسـتێك لەگەڵ بوونی ڕۆحیەتی تۆڵەکاری لە نێوان هەردوولا هەبێت، بەڵکو بۆ تـەواوکاری ئەوە پێویست بە بـوونی ئەتمۆسـفێرێکی گونجـاو دەکـات، ئەتمۆسـفێرێك ئەگـەر بـەواقیعکردنی ڕووداوەکـەی لێبکەوێتـەوە، بەمانایـەکیتر هـەروەکو چـۆن هـیچ ڕووداوێك ڕوونادات بەبێ بوونی ئیرادەیەك لەلایەن لایەنـە بەشـداربووەکانی، ئـەوا بەهەمانە شێوە هیچ ڕووداوێك و دیاردەیەك ڕوونادات بەبێ بوونی ئەتمۆسفێرێکی گونجـاو، لێـرەوە بـە بۆچـوونی مـن ئەتمۆسـفێرێکی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و ئابووری و دەروونی و ئەخلاقی گونجاو لە ئارادایە بۆ ڕوودانی شەڕی خۆکوژی.

ئەگەر لـە بیرمـان بێـت بـە ڕووخـانی حکومـەتی بـەعس لـە کوێـت و شکست پێهێنانی لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە، بوار خـۆش دەبێـت بـۆ ڕاپـەڕینی سـاڵی (1991)، بەهۆی ئەمەش ڕژێمی بەعس ناوچـەکانی کوردسـتان چـۆڵدەکات، لـە دوای خۆیدا کۆمەڵێکی زۆر چـەك و تەقەمـەنی شـەڕ بەجێـدەهێڵێت، کـە دواجـار ئەمەش دەکەوێتە دەست حزب و ئەندامەکان، حزبێـك پێـشتر خـاوەنی کـەمترین چەك و تەقەمەنی بێت و ئێستاش خاوەنی زۆرتـرین، ئەمـە دەبێتـە هۆکارێـك بـۆ خۆبەهێز بینین، بۆ لە خۆباییبوون، خۆبەهێزبینین هاوکاتە لەگەڵ ئـەویتر بـەلاواز بینین، ئەمەش کاریگەری لە دەروونی لەلایەنی شەڕکار دەکات، بەوەی ئامـادەی دەکات بۆ شەڕ، لێرەوە کاتێك دەروون ئامادەبێـت بـۆ کردنـی ڕەفتارێـك، کاتێـك ئەم لایەنە هـەڵگری عەقڵیـەتی تۆڵـەکار بێـت، ئـەوا ئەگـەری شـەڕ و بەیەکـدادان

ئەگەرێکی ڕێپێدراو دەبێت، کەواتە دەتوانین بڵێین بوونی چەك دەبێتە هۆکارێکی گرنگ لە خۆشکردنی ئەتمۆسفێری شەڕ.

مێژووی ئەم دوو پارتە شەڕکارانە ئەوە نیشاندەدات هەر کاتێك یەکێکیان خۆی بەبەهێز بینیبێت، یا هەستیکرد بێت دەتوانێت لە ڕووبەڕووبونەوەیەکی مەیدانیدا چۆك بەویتر دابدات، یا بیکوژێت، ئەوا بێسڵەمینەوە شەڕی لەگەڵدا کردووە، لە ئەزموونیشەوە سەلمێندراوە چەندن ئەو پێشمەرگە و بەرپرسانەی لە شەڕگە جیاوازەکاندا بە گوولەی یەکتری کوژراون. بە بۆچوونی من لە خۆبەهێزبینینی هەردوولادا، هەردوو شەڕی پێشتری ئەو دوو لایەنە ڕۆڵیگێڕاوە، شەڕی "یەکێتی نیشتمانی – بززوتنەوەی ئیسلامی"، شەڕی " پارتی دیموکرات – حزبی سۆسیالیست".

لەبەرئەوەی ئەم دوولایەنە شەڕکارە لەم دوو شەڕەدا بە ئاسانی لایەنی بەرامبەر دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و دەست بەسەریان دەکەن، لەبەرئەوەی کەمترین مقاوەمە و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دەکرێت، بەمانایەکیتر لەبەرئەوەی لایەنی بەرامبەر بە کەمترین کات هەرەس دەهێنن و خۆیان لە خەندەقی شەڕگەکاندا بۆ ناگیرێت، زوو تەسلیم دەبن، بۆیە ئیدی ئەوان خۆیان بە بەهێز دەبینین. بەڵام ئەم خۆبەهێزبینینە ئەگەر لە بەرامبەر بزووتنەوەی ئیسلامی و سۆسیالیست ڕاست بێت، ئەوا بۆ یەکێتی و پارتی ڕاست نییە، واتا ئەگەر یەکێتی نیشتمانی لەسەر بنەمای ئەوە خۆی بەهێز دەبینیت کە بزووتنەوەی ئیسلامی بێهێزە، ئەوا پارتی دیموکرات وانییە، هەڵگری هەمان سیفات و هێز و نفوز و بنکەی جەماوەری بزووتنەوەی ئیسلامی نییە، بۆیە ئەگەر بە ئاسانی زاڵ بێت بەسەر بزووتنەوەی ئیسلامی، ئەوا بە زەروورەت مانای ئەوە نییە بە ئاسانی زاڵ دەبێت بەسەر پارتی دیموکرات، هەمان ئەو قسەیە بۆ پارتی دیموکراتیش ڕاستە، چونکە سیفات و هێز و نفوز و بنکە جەماوەریەی یەکێتی نیشتمانی جیاوازە لەوەی حزبی سۆسیالیست. لێرەوە هەرچەندە پێوانەی هەردوولا لە خۆ بەهێزبینیندا هەڵەیەکی گەورەی تیادا

بەدیدەکرێت، بەوەی خۆبەهێز دەبینێت و ئەویتر بەلاواز، بەڵام وەکو هۆکارێك بەشداری دەکات لە ڕوودانی شەڕی خۆکوژی.

ئێستا دەروون ئامادەیە، بیروباوەڕ هەیە، ئیرادە هەیە، هێز هەیە بۆ شەڕکردن، بەڵام پێویست بەبوونی بابەتێك دەکات بۆ ئەوەی شەڕی لەسەر هەڵبگیرسێت، بەشێوەیەکیتر گەڕان بەدوای بابەتێك بۆ شەڕ لەسەرکردن دەبێتە هەممی سەرەکی تاوەکو ڕەوایەتی پێبدات، ئەگەر سەیر بکەیت دەبینیت تەنها کێشەیەك لەسەر ڕیزێك دوکان لەقەڵادزێ دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی خۆکوژی، باشە لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەویش ئایا ڕاستە شەڕێك بەکەمترین کات لە هەموو کوردستانی ڕزگارکراو سەرهەڵبدات هۆکارەکەی کێشەیەك بێت لەسەر ڕیزێك دووکان لە شارۆچکەیەکی بچوکی وەك قەڵادزێ؟ ئایا دەتوانین باوەڕ بەوە بکەین شەڕی خۆکوژی کە بەکەمترین کات هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەگرێتەوە هۆکارەکەی کێشەی ڕیزە دووکانێك بێت لە قەڵادزێ؟. بە بۆچوونی من لایەنەکانی شەڕی خۆکوژی خۆیان بۆ ئەم شەڕە ئامادە کردبوو، ئەوان ئامادە باشیان تێدابوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕکردن، بەڵام بۆ بەرجەستەکردنی خواستە پەنهانەکانیان پێویسیان بەڕووداوێك هەبوو، تاوەکو بەهۆیەوە ڕەوایەتی بە شەڕە و پێکدادانەکە بدەن. ئەتمۆسفێرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئەخلاقیەکە گونجاو بوو بۆ شەڕ، بارودۆخەکە ئامادەگی شەڕی تێدابوو، بەڵام پێویست بە بابەتێك دەکات بۆ ئەوەی شەڕ و پێکدادانەکە بەبۆنەیەوە هەڵبگیرسێت، بۆیە باوەڕکردن بەوەی شەڕی خۆکوژی لە بنەمادا لەسەر ڕێزێك دووکانە، ئەوا باوەڕێکی ناعەقڵانیانە و نالۆژیکانەیە، باوەڕێکە هەڵگری کەمترین تێگەیشتن و مەعریفەیە لەبارەی واقیعەوە نییە، چونکە ئەگەر بە مێژوویدا بچینەوە دەبینین پێنج مانگ پێش هەڵگیرسانی ئەو شەڕە، هەردوولا تووشی پێکدادان و بەریەککەوتن هاتوون، لە هەندێك شوێندا لە یەکتریانداوە، چەندین کەسایەتی ناوداریش لە نێوانیان کوژراوە، لێرەوە ئەو بابەتەی شەڕی خۆکوژی لەسەر دێتەکردن ڕیزێك دووکان نییە، بەڵام ڕیزێك دووکان ڕەوایەتی پێدەدات، فتیلەی شەڕ دادەگیرسێنێ، ئەگینا شەڕی خۆکوژی،

شــەڕێکە درێــژکراوەی شــەڕەکانی دەیــەی شەســتەکان بــە دواوەی ســەدەی ڕابردووە، کە لە نێوان هەردوولادا هەیە، شـەڕێکە لەسـەر کورسـی و دەسـەڵات، لەسەر حوکمکردن و بەڕێوەبردنی کوردستان.

### بۆچی شەڕی خۆکوژی بەسوکایەتیپێکردنی پەرلەمان لێکدەدەینەوە؟

وەکــو لــە ســەرەتاوە ئاماژەمــان بــۆ کــرد پەرلــەمان وەکــو پێکهاتێــك و دامــەزراوێکی دونیــای مــۆدێرن لــەنێو کۆمــەڵگادا ڕۆڵ و کــارکردەی تایبــەت دەگێرێت، دەبێتە بـەرزترین دەزگـای بڕیـاردەری نێـو کۆمـەڵگا و وڵات، دونیـای کۆمــەڵگا و وڵات بــەڕێوە دەبــات، کێــشە و گرفتــەکان بەســەر دەکاتــەوە، لــە پێداویستیەکانیان دەکۆڵێتەوە، پەرلـەمان دامـەزراوەی حکومـەت ناچـار دەکـات کاربکـات لـەپێناو چارەسـەرکردنی کێشە و گرفتـەکان کۆمـەڵگا و دابینکردنـی پێداویستیەکانی سەرجەم تاکەکانی، لەنێو کۆمەڵگادا بڕیاری هـیچ دەزگایـەك لـە سـەرووی بڕیـاری ئـەو نابێـت، ئـەویش کاردەکـات لـەپێناو ڕێکخـستنی کایـە جیاجیاکانی کۆمـەڵگا، بـەڵام ئـەوەی لـە شـەڕی خۆکـوژی بەدیـدەکرێت ئەوەیـە پەرلەمان لە ڕۆڵ و کارکردەکانی خاڵیدەکرێتەوە، دەکرێتە دەزگایەکی ڕووکەشی بێنــاوەڕۆك، دەزگایــەك بڕیارەکــانی بــستێك بڕناکــات، دەزگایــەك هــیچ دامەرزاوەیـەکیتری نێـو کۆمـەڵگا و وڵات گـوێی لێناگرێـت و بڕیارەکـانی بەهەنـد هەڵناگرێت، لە شەڕی خۆکوژیدا پەرلەمان ئیفلیج دەکرێت، ڕەوایـەتی نامێنێـت، سـەرەتا پەرلـەمانتارەکان ئـەوەی ڕێکلامـی نوێنـەرانی گـەلیان بـۆ دەکرێـت داوا دەکەن شەڕی خۆکوژی نەکرێت، لـەم پێنـاوەدا ماندەگرن، دواتـر داواکـەیان لـە بەرامبەر ئیرادە و ویستی سەرکردایەتی لایەنە شـەڕکارەکان شکست دەهێنێـت، شــەڕ ڕاناگیرێــت، بەیەکــدادان و کوشــتن بــەردەوام دەبێــت، بۆیــە ئــەوانیش "نوێنــەرانی گــەل" دواجــار خۆیــان و دەســت و تفــەنگیان دەچــنە خەنــدەقی شەڕگەکان، دەچنە بـەرەکانی شـەڕ، ئیـدی لـە جیـاتی ئـەوەی لێنەگـەڕێن شـەڕ هەبێت، لـە جیـاتی ئـەوەی ببنـە گروپـی فـشار بەسـەر لایەنـە شـەڕکارەکان بـۆ نەکردنی شەڕ، ئیـدی خۆیـان یـەکتری دەکـوژن، ئیـدی نوێنـەرانی گـەل یـەکتری

دەکوژن، کەسانی عاقڵ و نوخبەی کۆمەڵگا دەست دەکەنە سەر پەلاپیتکەی تفەنگ و یەکتری دەکوژن، نوێنەرانی گەل گەل خۆی دەکوژن، نوێنەرانی گەل دەبنە داڕێژەر و پراکتیزەکاری پلانی شەڕی خۆکوژی، بەمە پەرلەمان چۆڵدەکات، ئاش بەتاڵدەکات، پەرلەمان دەچێتە حاڵەتی مۆڵەت وەرگرتن.

لە شەڕی خۆکوژیدا دامودەزگای حزبی، سەرکردایەتی و لق و مەڵبەندەکان بڕیاریان بەدەست دەبێت، ئەوان دونیای کۆمەڵگا بەڕێوە دەبەن، ئیدی ئەوان بە ویستی خۆیان حکومەت و ئیدارە دادەنێت، لە شەڕی خۆکوژیدا سەرکردایەتی هەردوو حزب ڕۆڵی پەرلەمان دەگێڕێن، بڕیاری هەردوولا بەسەر هەموو پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگادا بڕدەکات، ئەوان هەندێکجار کۆبوونەوەی پەرلەمانی سازدەکەن لەپێناو بە شەرعیەت مانەوەی دەزگایەکی ناشەرعی، ئەوان بڕیار بەسەر پەرلەمان خۆیدا دەسەپێنن.

لە شەڕی خۆکوژیدا پەرلەمان چیدی بڕیار دەرناکات بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و کایەکان و پرسە گرنگەکانی، چیدی بڕیار ناسەپێنێت، بەڵکو لە دەرەوە بڕیار بەسەریدا دەسەپێندرێت، ئیدی عەقڵی یاسادانەر ڕۆڵی نامێنێت و شوێنی چۆڵدەکات، لە بڕیدا عەقڵێکیتر یاسا دەردەکات کە سەرقاڵی شەڕی خۆکوژیە.

لەبەرئەوەی لە شەڕی خۆکوژیدا پێکهاتی پەرلەمان چیدی ڕۆڵ و کارکردەی خۆی ناگێڕێت، چیدی خاڵیدەکرێت لە جێبەجێکردنی مەهامەکانی، بەهۆی شەڕی خۆکوژیەوە پەرلەمان لە هەناسەدان دەکەوێت، دەبێتە ئەو بوونەوەرە ناساغەی کە پێویستی بە ئینعاشە. بۆیە پەرلەمان بەها و حورمەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی نامێنێت، بەمەش سوکایەتیپێدەکرێت، هەر بۆیەش شەڕی خۆکوژی بە سوکایەتیپێکردنی پەرلەمان لێکدەدەینەوە.

## ئەنجامگیری

لەئەنجامگیری ئەو بەشەدا دەڵێین شەڕی خۆکوژی یەکێکە لەو ڕووداو و دیاردانەی کەوا لەلایەن هێزە شەڕکارەکانەوە سەپێنراوەتە سەر کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی، بەهۆیەوە سوکایەتی بە پێکهاتی یاسادانەری کۆمەڵگا "پەرلەمان"

کـراوە، لـە شـەڕی خۆکوژیـدا سـوکایەتی بەپەرلـەمانکراوە، چـونکە لـە ڕۆڵ و کارکردەکـانی خاڵیدەکرێتـەوە، چـیدی وەکـو پێکهاتێـك بەهەنـد هـەڵناگیرێت و لەبەرچاو ناگیرێت و بڕیارەکانی بڕناکات.

شـــەڕی خۆکـــوژی کـــە دوای گـــۆڕینی ژمـــارە دووەم ئەڵقـــەی"زنجـــیرەی سـوکایەتیکردنی پەرلـەمان" دەگرێـتەخۆ، هۆکـاری تایبـەت بـەخۆی هەیـە، هـەروەها دەرکەوتەگـەلێکی دزێـو و نێگـەتیڤ دێنێتـەئاراوە، بەهۆیـەوە ژیـانی ئاسایی کۆمەڵگا تووشی شێواوی و تێکچوون و شڵەژان دەبێت، وڵات و کۆمـەڵگا پارچە پارچە دەکرێت، دەست بەسەر سەروەت و سامانی کۆمـەڵگا دادەگیرێـت، مرۆڤ دەکوژرێت، فەسـادی ئیـداری زۆر دەبێـت، لـە بەرامبـەر هـەموو ئەمانەشـدا زمان لە پەرلەمان دەسەنرێتەوە، بێڕۆڵ و بێکارکردە و دواجار بێبەها دەکرێت.

* * *

## قۆناغی گواستنەوەی پەرلەمان

هەر وەکو لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد بەشی سێیەمی ئەم باسە تەرخانە بۆ قـسەکردن لەســەر قۆنــاغی گواســتنەوەی پەرلــەمان، قونــاغی گواســتنەوەی پەرلەمان ئەڵقەیـەکیترە لـە زنجیرەی نەپـساوەی سـوکایەتیپێکردنی پەرلـەمان، بەشێکیترە لە ڕۆمانی لـەبن نـەهاتووی سـوکایەتیپێکردنی پەرلـەمان، لێـرەدا بـۆ ئـەوەی بـچینە نێـو ئاقـاری ئـەم بابەتـە دەپرسـین مەبەسـتمان لـە قۆنـاغی گواسـتنەوەی پەرلـەمان چییە؟ گرنگترین سـیما و تایبەتمەنـدێتی ئـەم قۆناغـە چییە؟ بۆچـی ئـەم قۆناغـە لـە واقیعدا خـۆی دەسـەپێنێت و دەبێتـە ئـەمرێکی حەتمی؟ یا بەمانایـەکیتر چ فکرێـك و دونیابینییـەك لـە پـشت هاتنـە ئـارای ئـەم قۆناغەوەیە؟ ئایـا قۆنـاغی گواستنەوەی پەرلـەمان گوزارشـت لـە چـی دەکـات؟ پـۆزەتیڤی ونێگـەتیڤی ئـەم قۆناغـە لەکوێدایـە؟ بۆچـی قۆنـاغی گواسـتنەوەی پەرلەمان بە سوکایەتیپێکردنی پەرلەمان لێکدەدەینەوە؟ بەشـێوەیەکیتر بـەپێی چ پێوەرێـك و نۆرمێـك قۆنـاغی گواسـتنەوەی پەرلـەمان بـە سـوکایەتیپێکردن

لێکدەدەینەوە؟ بەشتوەیەکی گشتی ئەم پرسیارانە دەمانباتە نێو ناوەڕۆکی ئەم بەشەی باسەکەمان کە قسەکردنە لەسەر قۆناغی گواستنەوەی پەرلەمان.

### مەبەست لە قۆناغی گواستنەوەی پەرلەمان

پێویستە ئەوە ڕوونبکەینەوە کە مەبەستمان لە قۆناغی گواستنەوەی پەرلەمان ئەو زەمەنە بە زۆر بە واقیعکراوەیە، کەوا تیایدا کۆبوونەوە و دانیشتنی پێکهاتی پەرلەمان بە باڵەخانە و سەرۆکەوە بەردەوام لە گۆڕاندایە، واتا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر و لە سەرۆکێکەوە بۆ سەرۆکێکیتر دەگواسترێتەوە، لەم قۆناغەدا پەرلەمان لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی، لە کۆنە باڵەخانەی ئەنجومەنی تەشریعی بەعسیەکانەوە بۆ کۆنە باڵەخانەی حەسیب ساڵح، لە باڵەخانەی پەرلەمانەوە بۆ هۆتێلی سلێمانی پالاس، هەروەها لە سەرۆکایەتی (د.ڕۆژ نوری) هوە بۆ سەرۆکایەتی (د.کەمال فواد) و بەپێچەوانەشەوە دەگواسترێتەوە.

ئەم قۆناغە لە سەرەتایی مانگی (10)ی ساڵی (2002) دەستپێدەکات تاوەکو... دەخایەنێت، لەم قۆناغەدا پەرلەمانی دەنگپێدراو "نمونەی دیموکراسی ناوچەکە وەکو ئەوەی ڕێکلامی بۆ دەکرێت" جارێك لە هەولێر بەسەرۆکێکەوە و جارێکیش لە سلێمانی بەسەرۆکێکیترەوە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی دەکات.

ئەم قۆناغە وەکو هەر قۆناغێکی هەر پێکهات و دامەزراوەیەك سیما و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، تایبەتمەندێتی ئەم قۆناغە لەوەدایە پێکهاتی پەرلەمان لەیەککاتدا دوو فۆرم و دوو هەیکەلی جیاوازی هەیە، مەبەست دوو سەرۆك و دوو شوێنی کۆبوونەوەی جیاوازی هەیە، بەردەوام دانیشتن و کۆبونەوەکان لە نێوان ئەم دوو شوێنە و بەسەرۆکایەتی ئەم دوو سەرۆکە دەگوازرێتەوە، هەر جارەی یەکێك سەرۆکە و لە شوێنێك کۆدەبنەوە، بەمانایەکیتر هەر دانیشتنێك و کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان فۆرمێك و هەیکەلێکی

پەیوەست بەخۆی هەیە جیاواز لە دانیشتن و کۆبوونەوەکەی پێش و پاش خۆی، ئەوەش هەم لە شوێن و هەم لە سەرۆک.

ئەگەرچی پەرلـەمان دوو فـۆرمی جیـاوازی هەیـە، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا یـەك جەوهەری هەیە، یەك تێڕوانین و یـەك بیرکردنـەوە و یـەك عـەقڵ هەیـە، هـەردوو لایەنی بەشداربووی ئەم قۆناغە لە ڕێگـای بـە حـەتمیکردنی ئـەم قۆناغـە بـۆ نـاو واقیع دەخوازن گوزارشت لە جیاوازبوونیان بکـەن، هـەر بۆیـە دەخـوازن شـوێنی دانیشتن و کۆبوونەوەکانیش جیاوازبن، بەڵام لەڕاسـتیدا ئەمـە ئەوەنـدەی مانـای چـۆنیەکبوونیان دەگەیـەنێت، قـەت ئەوەنـدە مانـای جیاوازبوونیـان ناگەیـەنێت، چونکە هەردووانەیان لەسەر یەك پرس هاوڕان، یەك ستایلی مامەڵەکردنیان هەیـە لەناویـدا، ئـەویش گواسـتنەوەی پەرلەمانـە، واتـا جارێـك ڕاکێـشانیەتی بـۆ نـاو باوەشـــی خـــۆی، جارێـــك بردنیـــەتی بـــۆ نـــاو باوەشـــی بەرامبـــەر، جارێـــك پـەلکێشکردنیەتی بۆ ناو سنوری جوگرافیای خۆی، جارێکیش پاڵپێوەنانیەتی بـۆ ناو سنووری جوگرافیای بەرامبەر.

لە ڕێگای ئەم تایبەتمەندیەوە دەگەینە ئەو حەلەی بڵێین ئێمـە لەبـەردەم دوو پێکهـات و دوو هێـزی چـۆنیەکداین، دوو هێـز جگـە لـە جیاوازیـەکی بـچووکی هەیکەلی و ڕووخساری، جگە لە جیاوازیەکی کەمی ژمارەی ئەندامان و لایەنگران و دابەشبوونی دیموگرافیانەیان بەسەر ناوچەکاندا هـیچ جیاوازیـەکی جەوهـەریان نیە، هیچ جیاوازیـەکی بونیـادی و هـزری و مـەعریفیان نیـە، بۆیـە هـەر قسەیەك بەمەبەسـتی پێـشاندانی جیـاوازی لـە نێـوان ئـەم دوو لایەنـە "وەکـو ئـەوەی لـە هەندێك شوێن و موناسەبە دەکرێت"، ئەوا قسەیەکی نالۆژیکی و ناواقیعیە.

ئاشکرایە ئەم قۆناغە بەسەر ئاڵۆزترین و تاڵترین بارودۆخـدا دێـت کـە شـەڕی خۆکوژییە، هەر بۆیە نابێـت کاریگـەری شـەڕی خۆکـوژی و دونیـابینی و نـۆرم و ئەخلاقیاتە باوەکانی ئەو سەردەم بەسەر ئەم قۆناغـە لەبەرچـاو نـەگرین، کاتێـك ئەم قۆناغە بەسەر سەردەمی شەڕی خۆکوژی دادێت، ئەوا بەسـەر بێمتمانـەیی و

بێباوەڕی هەردوولا بۆ یەکتری دێت، لێرەوە هەر شتێك یا پێکهاتێك بێتەبوون هەمیشە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم بارودۆخە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم بارودۆخە زۆر هەستیار و ناسکە، بۆیە لەبارچوونی قۆناغی گواستنەوە ئەگەرێکی مومکین و ڕێپێدراوە. قۆناغی گواستنەوەی پەرلەمان قۆناغی گۆڕینی زەمەنەکانە، قۆناغی گۆڕینی بارودۆخەکانە، لە شەڕەوە بۆ ئاشتی، لە بێمتمانەیی و بێباوەڕیی ڕەها بۆ جۆرێکی تاڕادەیەك نەرمتر، بەڵام ئەم نەرمایەتیەش هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوون دەبێت، چونکە بوون و مانەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەست نییە بەخۆی و دانیشتن و کۆبوونەوەکانی، بەڵکو پەیوەستە بەجۆری ئەو پەیوەندیەی لە نێوان ئەو دوو هێزە سیاسیە، ئەو دوو باڵە شەڕکارە هەیە کە ئەم بارودۆخەیان هێناوەتەبوون، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمانیش لە هەژاریەکی گەورەی متمانەوە ڕەفتاری سیاسی لەگەڵ یەکتری دەکەن، بێباوەڕی باڵی بەسەر بیرکردنەوەیان داکێشاوە، بۆیە لەبارچوونی ئەم قۆناغە ئەگەرێکی مومکین و ڕێپێدراوە.

**بۆچی ئەم قۆناغە لە واقیعدا خۆی دەسە پێنێت و دەبێتە ئەمرێکی حەتمی؟**

بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی ئەم قۆناغە لە واقیعدا خۆی دەسەپێنێت و دەبێتە ئەمرێکی حەتمی، ئەوا دەبێت لە بونیادی پێکهاتەی ئەم دوو حزبە، هەروەها لە بونیادی هزری و مەعریفی و چۆنیەتی سیاسەتبینییان تێبگەین، کە ئەم قۆناغەیان کردۆتە ئەمرێکی حەتمی و لە واقیعدا سەپاندویانە، چونکە هاتنی ئەم قۆناغە ڕێك پەیوەستە بەو بونیادە هزری و مەعریفییە، و ئەو سیاسەتبینییەی هەردوولا هەیانە، بەمانایەکیتر ئەم قۆناغە زادە و دەرهاویشتەی ئەو بونیادە هەزری و مەعریفیە و ئەو سیاسەتبینییەی هەردوولایە. دۆزینەوەیەکی نوێ نیە ئەگەر بڵێین پێکهاتە و بونیادی ئەم دوو حیزبە، پێکهاتەیەکی خێڵەکیانەیە "هەر چەندە لایەنێك ڕێکلامی مۆدێرنبوون دەکات، بەڵام مۆدێرنبوون بەقسە و ڕێکلامکردن نییە، هێندەی بەکردار و

هەڵسوکەوتکردنە، بە بڕوای ئێمە ئەم لایەنە مۆدێرن نیە، لە هزری مۆدێرنیش نەگەیشتووە، لەسەرزەمینی واقیعدا زۆر نمونە هەیە ڕاستی ئەم قسەیە مسۆگەر دەکات کە لێرەدا پێویست ناکات باسیان بکەین".

وتمان پێکهاتەی ئەم دوو حیزبە شەڕکارە پێکهاتێکی خێڵەکیانەیە، لەسەر ئەم بنەمایەش بەپێی نۆرم و بیرکردنەوە و یاسا و ڕێساکانی خێڵ مامەڵە و ڕەفتاری سیاسی دەکەن، یا زۆرجار نۆرم و بیرکردنەوە و یاسا و ڕێساکانی خێڵ زاڵە بەسەر ڕەفتارە سیاسیەکانیان، بۆیە تێگەیشتن لەوەی بۆچی ئەم قۆناغە لە واقیعدا خۆی دەسەپێنێت، ڕاستەوخۆ تێگەیشتنە لە سیما و تایبەتمەندیەکانی خێڵ، لە نۆرم و ئەخلاق و بیرکردنەوەی باوەکانی، بەپێچەوانەشەوە تێگەیشتن لە سیما و تایبەتمەندیەکانی خێڵ، لە نۆرم و ئەخلاق و بیرکردنەوە باوەکانی، ڕاستەوخۆ دەمانگەیەنێتە سەر ئەو بارەی لە هاتنی ئەم قۆناغە تێبگەین.

وەکو ئەوەی لە بەشی یەکەمی ئەو باسە ڕوونمان کردەوە یەکێك لە سیفات و تایبەتمەندیەکانی خێڵ ئەوەیە ناتوانێت تەنازولبکات، ئەمەش لەبەرئەوەی دۆڕاندن قبوڵناکات، بەپێی بیرکردنەوەی باوی خێڵ تەنازولکردن شکاندنی کەسایەتی و کەرامەت و شەرەفی خێڵە، ئەمەش بەهیچ جۆرێك قبوڵناکرێت، خێڵ ئامادەیە بەشێکی زۆری سەروەتە مادییەکانی لە دەست بدات، ئامادەیە زۆرترین کەسی لێبکوژرێت و نەمێنێت، بەڵام ئامادە نیە تەنازولبکات، چونکە ئەمە پەیوەستە بە پرسی شکاندنی کەسایەتی و کەرامەت و شەرەفی خێڵ.

لەبەرئەوەی سەرۆکی خێڵ و گەورە پیاوان و کوڕە جوامێر و عەگیدەکانی خێڵ، ئەوانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی و ئابووری و ئەخلاقی کەسانی گرانبەها و بەحورمەتن، لە دیوەخاندا کۆدەبنەوە و دادەنیشن، دیسان لەبەرئەوەی پێکهاتەی خێڵ و دونیا وابەستەکەی بەپێی بڕیارەکانی دیوەخان بەڕێوە دەچێت، بۆیە دیوەخان شوناسی شوێنێکی موقەدەس وەردەگرێت لە نەزەری سەرجەم ئەندامانی خێڵ، ئەگەر خێڵ وەکو پێکهاتێکی "کۆمەڵایەتی– ئابوری – سیاسی" بەهیچ جۆرێك تەنازول قبوڵنەکات، ئەوا بەهیچ شێوەیەك تەنازولکردنی دیوەخانەکەی قبوڵناکات، چونکە بەها و سەروەری ئەو بە بەها و

سەروەری دیوەخـان بەسـتراوەتەوە، بەمانایـەکیتر ئەگـەر مەعریفـەی ئەنـدامانی خێڵ ئەوە بێت تەنازول قبوڵنەکات، ئەوا بەپلەی یەکەم تـەنازولی دیوەخانەکـەی قبوڵناکات، ئەمەش لەبەر تایبەتمەنـدی دیوەخـان، چـونکە دیوەخـان جەوهـەر و سـەنتەری خێڵـە، شـادەماری جەسـتەی خێڵـە، خێـڵ لـە ڕێگـای دیوەخانـەوە شەرەف و بەها و حورمەتی هەیە، لە ڕێگای دیوەخانەوە سەروەری و سەرفرازی خۆی نمایش دەکات، هـەر لـە ڕێگـای ئەویـشەوە پارێزگـاری لـە خـۆی دەکـات و بەردەوامی بەبوون و مانەوەی دەدات.

هەر چەندە پرسی دیوەخانبینی و تێڕوانینەکانی لە خێڵێکەوە بۆ یەکێکیـدی دەگۆڕێت، هەروەها پرسی تەنازولنەکردن لە خێڵێکەوە بۆ یەکێکیدی دەگۆڕێـت، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە تـەنازول لـە دیوەخـان و قەڵەمڕەویـەکانی ناکەن.

لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەککەوتنی هەردوو خێڵێك لەگەڵ یەکدیدا، یـا سـەرهەڵدانی هـەر کێـشەیەك لـە نێوانیانـدا "لەبـەر هـەر هۆیـەك و هـەر موناسەبەیەك"، ئەوا هەر خێڵێك دەگەڕێتـەوە بـۆ دیوەخـان و قەڵەمرەویـەکانی، لەو کاتەش کـە لەلایـەن هەردووانـەیان بخوازرێـت کێـشەکە چارەسـەر بکرێـت، و بەریەککەوتنەکان بەئەگەری نەمان و لەناوبردن ببرێـت، ئـەوا دەبێـت دانیـشتن و کۆبوونەوە ساز بکرێت، لێـرەوە مـادام دانیـشتن و کۆبوونـەوە لـە دیوەخانـەکان بەها و شەرەف و سەروەرێتی خێڵ نمایش دەکات، ئەوا هیچ خێڵێـك ئامادەنیـە، کـۆی دانیـشتن و کۆبوونـەوەکان بباتـە نـاو دیوەخانێـك و ئەویـدی بێبـەش بێـت لێیەوە، بۆیە فکری گواستنەوە و گۆڕینی شوێن سەرهەڵدەدات، واتـا دانیـشتنێك و کۆبوونەوەیەك لەناو دیوەخانی خێڵێك دەبێت و یەکێکیـدی لـەناو دەیوەخـانی خێڵەکەیـدی، ئەمـەش ئیـدی بـەپێی ڕێککـەوتنی نێوانیـان شـوێن و ڕێککـەوتی دانیشتنەکان دەستنیشان دەکرێـت "بەلەبەرچـاوگرتنی وردەکاریـەکانی"، بـەڵام لەبەرئـەوەی هـەر خێڵێـك لـە دیوەخانەکەیـدا سـەرۆکێك یـا کەسـێك هەیـە دیوەخانەکـە بـەڕێوە دەبـات و کاروبـاری ئیـداری هەڵدەسـوڕێنێت، بۆیـە بـەپێی دانیشتن و کۆبوونەوەکان سەرۆکەکانیش دەگۆڕدرێن.

هـزری تەنازولنـەکردن پەیوەسـتە بـە گـەورەیی و بـەهێز پێـشاندانی خێـڵ، ئەمەش جەختکردنە لە دیوەخانەکەی، چونکە سەرۆك و گـەورەپیاوان و کـوڕانی عەگیدی خێڵ لە ناویـدا کۆدەبنـەوە و ڕاوێـژ دەکـەن لەسـەر پرسـە جۆراوجـۆرە پەیوەسـتدارەکانی خێـڵ، ئـەو کاراکتـەر و فیگەرانـەی خێـڵ ڕازی نـابن تـەواوی دانیـشتنەکانی پەیوەسـت بـە بەریەککـەوتنی خێڵەکـەیان لەگـەڵ ئەویـدی لـەناو دیوەخانی ئەویدی بێت، چونکە بەمەدا واتێدەگەن گەورەیی و بەها و سـەروەری خۆیان لە دەست دەدەن، بەڵام بەپێچەوانەوە بە پەلکێشکردنی دانیشتنەکان بـۆ ناو دیوەخانەی خۆیان ئەمانە دەگێڕنەوە، کەواتـە بەمـەدا پارێزگـاری لـە بـەها و حورمەت و سەروەریان دەکەن، کە ئەمەش بۆ خۆی گەورەی و بەهێزیان نمـایش دەکات.

ئەگەر بپرسین بۆچـی سـەرۆك و پیـاوانی گـەورە و کـوڕە عەگیـدەکانی خێـڵ جـەخت لـە بـەهێزی و گـەورەییان دەکەنـەوە؟ ئـەوا لـە نـەزەری مـن بـۆ دوو مەسەلەیە، ئەوانیش یەکـەمیان بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەیـە لەگـەڵ دەرەوە، واتـا بـۆ ئەوەی بە دەرەوە بڵێن ئێمە گەورەو بەهێزین، بەها و پێگەی خۆمان هەیە، بۆیە دەبێت ڕێزی ئەم گەورەیی و بەهێزبوونە، ئەو بەهاو پێگەیە بگـرن، چـۆن دێینـە ناو دیوەخان و سنووری جوگرافی ئێوە دادەنیشین، ئاواش دەبێت ئێوە بێنـە نـاو دیوەخان و سنووری جـوگرافی ئێمـە، ئێـوە هیـچتان لـە ئێمـە زیـاتر نییـە، بۆیـە دەبێت شوێنی دانیشتنمان لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئاڵوگۆڕ پێبکەین.

دووەمیشیان بۆ ناوەوەیە تـاوەکو بـە ئەنـدامانی خێـڵ بڵـێن سـەیرکەن ئێمـە بـــەهێزین، ئـــەوەتا دوژمنـــەکانمان پەلکێـــشکردۆتە نـــاو دیوەخانەکـــەمان، پەلکێشکردنی دوژمنیش بۆ ناودیوەخان مانا و دەلالەتی جیاجیای هەیە بۆ خێـڵ و مەعریفەی ئەنـدامانی، کـە یـەکێك لـە گرنگترینیـان دڵنیاکردنـەوەی ئەنـدامانی خێڵە لە بەهێزی و گەورەیی پێکهاتەکەیان.

کەواتـە بـە پەلکێـشکردنی خێڵـی دیکـە بـۆ نـاو دیوەخـان سـەرۆك خێـڵ و ئەنجومـەنی گـەورە پیـاوان و کـوڕە عەگیـدەکانی خێـڵ دەیانـەوێت دوو گوتـار ئاراسـتە بکـەن، هـەم بـە دەرەوە بڵـێن ئێمـە بـەهێز و گـەورەین، دەبێـت ئـەم

تایبەتمەندی و سیفاتەی ئێمە لەبەرچاو بگرن، هەممیش ئەندامانی خێڵی خۆیان دڵنیا بکەنەوە لە بەهێزی و گەورەییان.

لە تێڕوانینی من ئەم قسەیە سەدەر سەد بۆ هەردوولایەنی شەڕکار "یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات" ڕاستە، مەبەست ئەم دوو لایەنە لە پشت ڕاکێشانی کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی پەرلەمان دەخوازن هەمان ئەو گوتارە ئاراستەی دەرەوە و ناوەوەی خۆیان بکەن.

کەواتە لە خاڵێکیتردا ئایدیای تەنازولنەکردن پەیوەستە بە بەهێز پێشاندانی لایەنەکە، هەر ئەمەش وەکو فاکتەرێکی گرنگ بەشداری دەکات لە هاتنە ئارای قۆناغی گواستنەوەی پەرلەمان لە نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات، بەوەی مادام دانیشتنێك لە دیوەخانی خێڵێکە، لەناو سنوری جوگراف و سیاسی و هەرێمێکە، کەواتە دانیشتنەکەیدی دەبێت لەناو دیوەخان و سنوری جوگراف و سیاسی هەرێمەکەیدی بێت. بۆیە ئیدی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان ڕۆژێك لە هەولێرە بە سەرۆکێکەوە، ڕۆژێکیش لە سلێمانیە بە سەرۆکێکیترەوە بێت.

کەواتە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی دەڵێت چ هزرێك و دونیابینیەك لە پشت هاتنە ئارای ئەم قۆناغەوەیە، ئەوا دەڵێن هاتنە ئارای ئەم قۆناغە پەیوەستە بە هزر و جیهانبینی و تێڕوانینی خێڵگەرایی، پەیوەستە بەئایدیای تەنازولنەکردنی خێڵ.

قۆناغی گواستنەوەی پەرلەمان گوزارشتە لەوەی سیاسەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە هزری عەشیرەتگەرایی و خێڵگەرایی بەڕێوە دەچێت، سیاسەتمەدارەکانیش کوڕی ناو دیوەخانەکانن و بەپێی لۆژیکی دیوەخان مامەڵە و ڕەفتاری سیاسییانەی خۆیان دەکەن.

## پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی قۆناغی گواستنەوە

له تێڕوانینی منـەوە قۆنـاغی گواسـتنەوە پەرلـەمان خـاڵی نییـە لـە سـوود و پۆزەتیڤی، ئەمەش لـە دوو ئاسـتدایە، ئاسـتێك لـە سـەرەتای سـەرهەڵدان و بـە واقیعکردنیەتی، ئەویشتریش بۆ زەمەنەکانی پاش ئەو سەرەتایە.

ئەگـەر سـەرنج بـدەین سـەرەتای هاتنـە ئـارای ئـەو پرۆسـەیە دەبیـنین لـە ڕەهەندێکدا سوودبەخشە، چـونکە حالـەتی شـەڕ و بەیەکـدادان دەگۆڕێتـەوە بـۆ حالـەتێکیتری بێـشەڕی، حالـەتی بێمتمانـەیی ڕەهـا دەگۆڕێتـەوە بـۆ حالـەتێکی تاڕادەیـەك نـەرمتر لـە بێمتمانـەیی، ئـەم تایبەتمەندیـە دەبێتـە دەسـپێکێك بـۆ ڕووبـەڕوو دانیـشتنی دژەکـان لەگـەڵ یـەکتری و دیـالۆگکردن لەسـەر پرسـە پەیوەستدارەکانی نێوانیان، ئەم سەرەتایە ڕێخۆشـکارە بـۆ ئـەوەی زەمەنـەکانی دواتر متمانەی زیاتر و ئارامی زیاتری تیا بێت، بۆ ئەوەی گرژیـەکان بـە ئەگـەری هەرچی زیاتری خاوبوونـەوەدا بـچێت، و کۆبوونـەوە و دانیـشتنی زیـاتریش سـاز بکرێت.

پۆزەتیڤیەکیتری ئەم قۆناغە ئەوەیە هەردوولای نـاکۆك دان بـەبوون و هێـزی یەکتری دەنێن، ئەم دانپیانانە لە سەرێکدا مانای ئەوەیە هـەردوولا گەیـشتوونەتە ئەو باوەڕەی هـیچ لایـەکیان ناتوانێـت ئـەویتر سەدەرسـەد نـەفی بکـات و لـەناوی ببات، ئەو باوەڕە باوەی لە کاتی شەڕی ناوەخۆ لە ئارادابوو ڕەواجی نەما، ئیدی تێگەیـشتنێکیتر و بـاوەڕێکیتر هاتـە ئـاراوە، ئـەویش بەیەکـەوە هەڵکردنـە، ئـەم باوەڕە ڕێخۆشکارە بۆ زیاتر لێکنزیکبوونەوەی هەردوولا، بەمەرجێك هەنگاوەکان و ڕەفتارەکانی دواتر بەشێوەیەکی عەقڵانی و لۆژیکی بێتەکردن.

لەگەڵ ئەوەی قۆناغی گواستنەوەی پەرلەمان لایەنی پۆزەتیڤی تیایـە، بـەڵام بێنێگەتیڤیش نییـە، چـونکە پەرلـەمان لـە شـوێنی تایبـەت و دیـاریکراوی خـۆی هەڵدەقـەرێنرێت، جێلـەق دەکرێـت و جـێگیری لێدەسـەنرێتەوە، باشـە چـۆن دەکرێت هۆتێلێك بکرێتە پەرلەمان، لـە کاتێکـدا پەرلـەمان و باڵەخانەکـەی چـۆڵ بێـت، چـۆن دەکرێـت هـەر دانیـشتنێك و کۆبونەوەیـەك لـە شـوێنێکدا بێـت، کردەیەکی سیاسی زۆر نالۆژیکیە کە کۆبوونەوە و دانیشتنی پەرلەمان ئەو شوێن و ئەو شوێنی پێبکرێت، مـادام هـەردوولا ڕێککـەوتوون لەسـەر ئـەوەی پەرلـەمان

کۆبێتەوە، ئیدی ئەو شار و ئەو شار پێکردن مانای چیە، ئـەم شـوێن گۆڕینـە چ سوودێك بە پـەرلەمان دەگەیەنێت؟.

ئەگـەر گواسـتنەوەی شـوێنی پەرلـەمان نێگـەتیڤ بێـت بـۆ پەرلـەمان، ئـەوا گـۆڕانی سـەرۆك هـەر تـەنها ڕەفتـارێکی نێگەتیڤانـە نییـە، بـەڵکو لەگەڵیـدا کۆمیدیایەکیشە، ئاخر چۆنە دەبێت پێکهاتێك دوو سەرۆکی هەبێت، چۆن دەبێت پێکهاتێـك لـەکۆی مانگێکـدا دوو کۆبوونـەوە بکـات هـەر یەکـەی بەسـەرۆکایەتی کەسـێك؟ ئەمـە گـەورەترین کۆمیـدیای نێـو دونیـای سیاسـیەتی کوردیـە، جگـە لەوەی تراژیدیاترینیشیانە.

پەرلەمان کە پێکهاتێکی دونیای مۆدێرنە لە دروستکردنی دابەشـکردنی پێگـە و ڕۆڵی کارکردەیی لەبەرچاوگیراوە، هەر ئەنـدامێکی نـاوی بـەهۆی پێگـەی لـەناو پێکهات ڕۆڵ و کارکردەی خۆی دەگێڕێت، بەمەش هەر کەس شوناسێکی تایبەت وەردەگرێت، ئـەو شوناسـەش بۆماوەیـەکی دیـاریکراوە "بـەپێی یاسـایی وڵات"، کەواتە چەند ئەندامێکی هەیە، سەرۆك و جێگری سەرۆکی هەیە، لە هیچ وڵاتێکی گێتیـدا نابینیـت پەرلـەمان دوو سـەرۆکی هـەبێت، یـا دوو کـەس یـەك ڕۆڵ و کارکردیان هەبێت، یـەك شوناسـیان هـەبێت "بـە ئاوارتـەی ئەندامـەکان". بـەڵام بونی دوو سەرۆك پەرلەمان لەیەککاتـدا چـی دەگەیـەنێت؟ بـوونی دوو شـوێن بـۆ دانیـشتن و کۆبوونـەوەکانی پەرلـەمان چـی دەگەیـەنێت؟ لێـرەوە بەتـەواوی دەگەینە ئەو باوەڕی کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سیاسـی لـەنێو دونیـای سیاسـی کوردیدا بە عەقڵیـەتی خێڵەکیانـە بەڕێوەدەچێت، جگـە لـەوەش مانـای ئەوەیـە لەنێو دونیای سیاسـی کوردیـدا نازانرێـت وەکـو پێویـست مەڵـە لەگـەڵ چـەمك و پێکهاتەکانی دونیای مۆدێرن بکرێت کە پەرلەمان یەکێکە لێیانەوە.

### بۆچی قۆناغی گواستنەوەی پەرلەمان
### بەسوکایەتیپێکردنی پەرلەمان لێکدەدەینەوە

ئەم گواستنەوەیەی پەرلەمان لە شوێنێکەوە بۆ یەکێکیتر و لە سەرۆکێکەوە بۆ سەرۆکێکیتر، پەرلەمان دەکاتە ئامرازێك بە دەست مەکتەبی سیاسی حزبە شەڕکارەکان، وا دەکات بەویستی خۆیان ئەم سەر و ئەوسەری پێبکەن، بە ویستی خۆیان سەرۆکی بۆ بگۆڕن، بە ویستی خۆیان ڕەفتاری لەتەکدا بکەن، بێ لەبەرچاوگرتنی گەورەیی پێگەی پێکهات لەناو کۆمەلگا، بێ لەبەرچاوگرتنی پرنسیپ و بنەماکانی ئەو پێکهاتە، ئەم گواستنەوەیە وێنەی پەرلەمان دزێو دەکات، بایەخ و بەهای سیاسی و کۆمەڵایەتی کەم دەکات، پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دەست دەدات، جگە لەوەش لە ڕۆڵ و کارکردی خاڵیدەکرێت، بەمەش سەرەنجام سوکایەتی پێدەکرێت و دەبێتە بابەتی گاڵتەپێکردنی چاودێرانی سیاسی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

## ئەنجامگیری

لە ئەنجامگیری ئەو بەشەدا دەڵێین قۆناغی گواستنەوەی پەرلەمان دواهەمین سوکایەتیپێکردنە "تائێستا" بە پەرلەمان کراوە لەلایەن هێزە شەڕکارەکانەوە، قۆناغی گواستنەوەی پەرلەمان کە دواهەمین ئەڵقەی "زنجیرەی سوکایەتیپێکردنی پەرلەمان" دەگرێتەخۆ هۆکاری تایبەتی هەیە، دیسان لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤی هەیە، قۆناغی گواستنەوەی پەلەمان ئەو قۆناغە ژیاریە کە بەسەر پەرلەماندا دەسەپێنرێت بەهۆیەوە پەرلەمان لە شوێنکەوە بۆ شوێنێکیدی و لەسەرۆکێکەوە بۆ سەرۆکێکیدی دەگوازرێتەوە، بێئەوەی پرنسیپ و دابەشکردنی پێگەی کارکردەیی و ڕۆڵ لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام بەهۆیەوە وێنەی پەرلەمان دەشێوێت، سەرەنجام کەم بایەخ و بێبەها دەکرێت.

## ئەنجامگیری گشتی

لە ئەنجامگیری گشتی ئەو وتارەدا دەڵێین لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا پێکهاتی پەرلەمان زنجیرەك سوکایەتی یەك لەدوای یەکی پێکراوە، ئەو سوکایەتیانە هەر لە سەرەتای زەمەنی بە پەرلەمانکردنی پەرلەمانەوە تاوەکو ئێستا "نووسینی

ئەو وتارە" لەڕێگای دیاردە و ڕووداوگەلێکەوە بەدیدەکرێت، ئێمە لێرەدا سێ دیاردە و ڕووداومان وەرگرتووە بۆ ئەوەی ئەڵقەکانی ئەو زنجیرەی سەکایەتیپێکردنەی پێپڕ بکەینەوە، ئەڵقەی یەکەم سەرەتاییترین دیاردە یا ڕووداو "لەڕووی زەمەن" وەرگرتووە کە بەهۆیەوە سوکایەتی بەپەرلەمان کراوە، ئەویش گۆڕینی دەرەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانە، ناوزەدمان کردووە بە "گۆڕینی ژمارە"، بۆ ئەڵقەی دووەم ڕووداوی "شەڕی خۆکوژی" مان وەرگرتووە، کە ئەمە لەلایەنی زەمەنیەوە لەدوای ئەوەی یەکم دێت، لەلایەنی هەڵسوکەوتیشەوە درێژە پێدەری ئەوەی یەکەمە، بۆ سێیەمینیش دیاردە یا ڕووداوی "گواستنەوەی پەرلەمان" مان وەرگرتووە، کەوا تا ئێستا دواهەمین سوکایەپێپێکردنی پەرلەمانە.

بە هەرسێ ئەم دیاردەو ڕووداوانەی لەسەرەوە قسەمان لەسەرکردوون پەرلەمان بەزنجیرەیەك سووکایەتیپێکردن تێپەڕیوە، هەموو ئەو سوکایەتیانە هۆکارەکەی ئەوەیە پەرلەمان بە سروشتی خۆی و بە زەرووڕەت هەڵقوڵاوی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی نییە، دروستکراوی عەقڵی کۆمەڵگای کوردی نییە، بەڵکو بەخوازراوی وەرگیراوە، بەمەش مەعریفەیەکی پێویست ئامادە نییە بۆ هەڵسوکەوتکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا، مەعریفەیەکی پێویست نییە بۆ بەڕێوەبردنی دونیا پەیوەستەکەی، نەبوونی مەعریفەی پێویستیش ئەو زنجیرە سوکایەتیپێکردنەی ناوەتەوە، چونکە بەهۆیەوە پەرلەمان ڕۆڵ و کارکردی خۆی براکسیس ناکات، بەمەش کەم نرخ و بێبەها دەبێت، سەرەنجام دەبێتە پێکهاتێکی دزێو و ناشیرینی نێو کۆمەڵگا. بۆیە تاوەکو ئەم مەعریفەیە لە ئارادا بێت، تاوەکو پەرلەمانبینی سیاسییەکیانی کورد بەمشێوەیە بێت، ئەوا پەرلەمان کەم نرخ و بێبەها دەبێت، هەر بۆیە سوکایەتیپێکردنی بەردەوام دەبێت.

**نۆڤەمبەری 2002**

## بەشی دووەم

# سۆسیۆلۆژیا
# ئافرەت- گەنج- منداڵ



بەسەر تەرمی ژیلانەوە

ڕۆژی (8)ی مـارس لـە هـەولێر ڕێـو ڕەسمـی بـەرز ڕاگـرتنی ڕۆژی ئافرەتـانی جیهان بەڕێوەچوو، تیایدا چـەندین وتـار خوێندرایـەوە، لـە کۆتاییـشدا نموونـەی ئافرەتی چالاك هەڵبژێردرا بـۆ خـەڵاتکردن، و نـاونران بـە"ئـافرەتی سـاڵ"، ئـەم وتارە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسـەر دیـاردەی خـەڵاتکردن، ئینجـا بـەراوردکردنی بابەتی خەڵاتکردن لەگەڵ ئەو ئەتمۆسفێرە کۆمەڵایـەتی و سیاسـیەی لـە واقیعـی کۆمـەڵگا ئامادەیـە لەمـەڕ بابەتەکـە. ئەمـەش بـە تیـشك خـستنە سـەر بابـەتی خۆسـوتاندنی "ژیـلان"ی کـچە خوێنـدکاری ئامـادەیی بازرگـانی کـچان، ئینجـا قسەکردن لەو هۆکار و فاکتەرانەی ئەو دیاردەیەیان دروسـت کـردووە، دواتـریش ئەو دەرکەوتانەی لەو دیاردەیە دەکەوێتەوە.

* * *

دیاردەی خەڵاتکردن مێژوویەکی دێرینی هەیە لـەنێو کۆمـەڵگای مرۆیـدا، ئـەم دیاردەیە وەکو هەر دیاردەیەکیتری کۆمەڵایەتی سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە، قوناغ و کاراکتەری خۆی هەیە، هەروەها مەبەست و لۆژیکی خۆیشی هەیە.

ئـەم دیاردەیـە لـە جەوهـەری خۆیـدا پەیوەسـتە بـە بـوونی دوو جەمـسەر، جەمسەرێکی "خەڵات بەخش"و یەکێکی "خەڵات وەرگـر"، هـەروەها پەیوەسـتە بە بوونی بابەتێکیش بۆ بونیادنانی دیاردەکە و ڕەواییدان پێی.

خەڵاتکردن پاداشتێکە جەمسەرێك دەیداتـە جەمـسەرێکیتر لەسـەر بابـەتێکی دیارکراو، یا لە بـڕی بـە ئەنجامگەیانـدنی کارێك یـا ڕەفتارێك، لـەژێر ڕێنمـایی و فەرمایـشتەکانی ئـەوی یەکـەم. پرسـی خـەڵاتکردن تـەنها پەیوەسـت نییـە بـە رابردوو، پەیوەست نییە بەوەی کراوە، بەڵکو پەیوەستیشە بـە داهـاتوو، بـەوەی تموحی کردنی دەدرێت، بەمانایەکیتر خەڵاتکردن هەر ئەوە نییە کەسێك کـارێکی کردبێت، بەڵکو ئەوەشە بیکات.

لـە تێـڕوانینی منـەوە خـەڵاتکردن وەکـو دیاردەیـەکی کۆمەڵایـەتی بـە چـەند قۆناغێکدا تێپـەر دەبێـت، بـەوە دەسـتپێدەکات جەمـسەرێك لەسـەر "بابـەتێك" ئـیرادەی بەخـشین، یـا پێـشکەشکردنی شـتێکی هـەبێت، دوای ئەمـە قۆنـاغی هەڵبژاردنی کەسی"خەڵات وەرگر" دێتـە ئـاراوە، ئینجـا ئامـادەیی و قبـوڵکردنی

وەرگرتنی خەڵات لەلایەن" خەڵات وەرگر"، ناولێنانی دیاردەکەیە دەبێتە بابـەتی بیرلێکردنـەوە، دواجـار سـازدانی ڕێـو ڕەسمێـك بـۆ مەبەسـتی بـە واقیعکردنـی دیاردەکە دەبێتە قۆناغی کۆتایی.

* * *

ڕەنگە ئایدیای خـەڵاتکردن ئـەوەڵین جـار لـە نێوانـە پەیوەنـدی خوداوەنـد و مـرۆڤ سەرچـاوەی گرتبێـت، کاتێـك خوداوەنـد تمـوحی بەهەشـت بـە مـرۆڤ دەبەخـشێت لـە بەرامبـەر جێبـەجێکردنی کۆمـەڵێك ڕێنمـایی و فەرمایـشت، خوداوەند بە مرۆڤ دەڵێت بەمجۆرە ڕەفتـار و هەڵسوکەوت بکـە، لـە حەرامـەکان دوور و لە حەڵاڵەکان نزیك بکەوە، ئیدی منیش لە بەرامبەریدا خـەڵاتت دەکـەم و دەتبەمە بەهەشت، لە بەهەشتیشدا کۆمەڵێك خـەڵاتت پێـشکەش دەکـەم، وەکـو حۆری....هتـد، لـەم نێوانـە پەیوەندیـەدا کۆمـەڵێك ڕێنمـایی و فەرمایـشت هەیـە ئەگـەر پـەیڕەوی لێبکرێـت، ئـەوا کەسـی پـەیڕەوکار خـەڵات دەکرێـت، بەمـەش ڕێنمایەکان دەبێتە پێشمەرج بۆ خەڵاتکردن.

ئایدیای ئەم ستایلی مامەڵەکردنەی نێوان خوداوەند و مرۆڤ، تەنها لـە ئاسـتی ئاسمـان و زەوی نامێنێـت، بـەڵکو دێتـەخوار و دەچـێتە سـەر ئاسـتی زەوی، دەچێتە نێوان مرۆڤەکان خۆیان، ئیدی مرۆڤەکان یەکتری خەڵات دەکەن، لێرەدا نێوانـە پەیوەنـدی مرۆڤـەکان هاوشـێوەی نێوانـە پەیوەنـدی خوداوەنـد و مـرۆڤ دەبێت، واتا جەمسەری "خەڵات بەخش"ڕۆڵی خوداوەند و "خەڵات وەرگـر"یـش ڕۆڵی بەندە دەبینێت.

* * *

ئەگـەر لـە نێوانـە پەیوەنـدی خوداوەنـد و مـرۆڤ کۆمـەڵێك ڕێنمـایی وەکـو پێشمەرج هەبێت بۆ وەرگرتنی خەڵات، ئەوا بەهەمان شێوە لە نێوانە پەیوەنـدی مـرۆڤیش ئـەو پرسـە ئامادەیـە. ئەمـە تایبەتمەندیـەکی بەرچـاوی دیـاردەی خەڵاتکردنە.

تایبەتمەندیەکیتری ئەم دیاردەیە ئەوەیە بەبێ بوونی پێـوەر هـەڵناکات، لـەم دیاردەیەدا پێوەرێك لەلایەن جەمسەری "خـەڵات بـەخش" ئامادەیـە، بەهۆیـەوە

ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی کەسی "خـەڵات وەرگـر" هەڵدەسـەنگێنرێت، تـاوەکو مافی تەواوی پێبـدرێت، پێـوەری بەخـشینی خـەڵات لەلایـەن خوداوەنـد نـەگۆڕە، کۆمـەڵێك ڕێنمـای دانـراوە، ئەگـەر مـرۆڤ جێبـەجێی بکـات، ئـەوا وەکـو ئـەوەی "خوداوەند بەڵێنیداوە" خەڵاتی دەکات، کەواتە لۆژیکێك بۆ بەخشینی خەڵات لـە ئارادایە، بەڵام پێوەرەکانی مرۆڤ بۆ بەخشینی خەڵات بە بوونەوەری هاوچەشـنی گـۆڕاو نـاجێگیرە، چـونکە لەگـەڵ گـۆڕانی بـارودۆخ و ژینگـەی کۆمەڵایـەتی، دونیابینی و بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ دەگۆڕێت، بەمـەش هەڵسوکەوت و ڕەفتـاری مرۆڤ دەگۆڕێت، ئەمەش وا دەکـات لـۆژیکی بەخـشینی خـەڵات گـۆڕاو و نـاجێگیر بێت.

* * *

کاتێـك خوداوەنـد مـرۆڤ خـەڵات دەکـات لەسـەر بنـەمای خۆبەبەنـدە زانـین و خوداوەند بەخودا زانینی مرۆڤەوەیە، واتـا خوداوەنـد لەسـەر ئـەو بنەمایـە مـرۆڤ خـەڵات دەکـات، کـە مـرۆڤ خـۆی بەبەنـدەی بێدەسـەڵاتی خوداوەنـد بزانێـت، و خوداوەنـدیش بـەخالیق و دروسـتکاری خـۆی، ئینجـا لەگەڵیـشیدا پـەیڕەوی لـە ڕێنماییـە نێردراوەکـانی بکـات، واتـا بـەپێی ڕێنمایـەکانی خوداوەنـد ڕەفتـار و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی بکات، بەڵام ئایا مرۆڤ لەسەر چ بنەمایەك و بەپێی چ لۆژیکێك مرۆڤکیتر خەڵات دەکات؟ ئایا لەسەر هـەمان بنـەمای نێوانـە پەیوەنـدی خوداوەند و مرۆڤەوەیە، یا لەسەر بنەمایەکیتر؟.

بەپێی ڕیوایەتی تێکستە ئاینیەکان خوداوەند مرۆڤێـك خـەڵات دەکـات، کـەوا بـەپێی پێـوەری تایبـەتی خـۆی شایـستەی خەڵاتەکەیـە، لەمەشـدا یەکـسانی پـەیڕەوی دەکـات لـە بەخـشینی خـەڵات، ئـەو جیـاوازی لـە نێـوان مرۆڤـەکان "پەیرەوکاران" ناکات لە پێدانی خەڵات، جگە لەمەش خاوەنی بەڵێنی خۆیـەتی، بەڵام ئایا ئەم ستایلی مامەڵەکردنە لەلایەن مرۆڤ ئامادەیی هەیە؟.

ئێمە نازانین خوداوەند لە بەرامبەر بەڵێنەکانی چۆن ڕەفتـار دەکـات، چـونکە لەو بارەیەوە ئەزموون نییە، ئەوە پەیوەستە بە زەمـەنێك و شـوێنێکیتر "وەکـو ئـەوەی خـۆی دەیڵێـت"، بـەڵام لـە سـەیرکردنمان بـە مێـژووی بـە پـەڕکراوی

مرۆڤایەتی، ئەوە دەدۆزینەوە بەردەوام پێچەوانەی شێوازی مامەڵەکردنی"بەڵێن بۆدراوی خوداوەند" لەلایەن مرۆڤەوە ئامادەیە. زۆرجار مرۆڤ لەسەر پرسێکی تایبەتدا بەڵێن بە کەسێکی دیاریکراو دەدات، کەچی جێبەجێی ناکات و بێبەڵێنی دەکات. خوداوەند یەکسانی پەیڕەوی لێدەکات "وەکو ئەوەی خۆی دەیلێت"، بەپێچەوانەوە بۆ مرۆڤ "زۆر جار" ڕاستە، لێرەوە پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە، ئەویش ئەگەر ئەو هەموو جیاوازیە بنەڕەتیانە لە نێوان مرۆڤ و خوداوەند هەیە، بۆچی مرۆڤ هەوڵدەدات تەقلیدی خوداوەند بکاتەوە؟ بۆچی دەیەوێت وا پێشاندات بەخشندەیە؟. بە تێڕوانینی من پرسی تەقلیدکردنی خوداوەند لەلایەن مرۆڤەوە پرسێکە شایانی لێتوێژینەوەی جیدیە.

* * *

له نێوانه پەیوەندی خوداوەند و مرۆڤ، ئەو بابەتەی لەسەریدا مرۆڤ خەڵات دەکرێت نەگۆڕ و جێگیرە، بەڵام کاتێك ئایدیاکە دەهێنرێتە سەر زەوی، ئەوا بابەتی خەڵاتکردن دەگۆڕێت و جۆراوجۆر دەبێت، مەبەست لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا بابەتگەلێك پرسی خەڵاتکردنی دەکەوێتە سەر.

لەبەرئەوەی کۆمەڵگاکان لە یەکتری جیاوازن، لەبەرئەوەی هەر کۆمەڵگایەك خاوەنی کولتور و زمان و مێژوو و بەها و نۆرمێکی تایبەتی ژیانکردنی خۆیەتی، بۆیە بابەتی خەڵاتکردن تیایاندا جیاواز دەبێت. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا بابەتێك گرنگ بێت و بەزەرورەت شایانی ئەوە بێت لەسەریدا دیاردەی خەڵاتکردن هەبێت، ئەوا ڕەنگە ئەو بابەتە لە کۆمەڵگایەکیتردا گرنگ نەبێت، بەمشێوەیەی نەشبێتە بابەتێك شایانی ئەوە بێت دیاردەی خەڵاتکردنی لەسەر بێت.

بەپێی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و مەعریفەی ئەندامەکانی، بەپێی ئەو قۆناغە ژیاریەی کۆمەڵگا پێیدا تێپەر دەبێت، بابەتی خەڵاتکردن دەگۆڕێت. دەشێت لەو کاتەی لە کۆمەڵگایەکدا کەسێکی ئاشتیخواز، لەسەر پرسی بە ئاشتی ژیان و بەیەکەوە ژیانی مرۆڤەکان خەڵات بکرێت، ئەوا لە هەمانکاتدا لە کۆمەڵگایەکیتر کەسێك خەڵات بکرێت، کەوا قاتیلێك یا جەلادێکی بە ئەزمون و بە توانایە. دەشێت لە کۆمەڵگایەکدا کەسێکی بە مەعریفە و هیومانیست لەسەر

پرسـی هیومـانیخوازی خـەڵات بکرێـت، ئـەوا لـە هەمانکاتـدا لـە کۆمەڵگایـەکیتر کەسێکی بێمەعریفە و مرۆڤکوژ لەسـەر پرسـی جـەنگاوەری و شـەڕکاری خـەڵات بکرێـت، لـەو کاتـەی لـە کۆمەڵگایەکـدا کەسـێك خـەڵات بکرێـت لەسـەر پرسـی ئاشکراکردنی فەساد یا دیاردەی دزێو، ئەوا لە هـەمانکات و لـە کۆمەڵگایـەکیتردا کەسـێك خــەڵات بکرێــت لەســەر پرســی نەهێــشتنی ئاشــکراکردنی فەســاد یــا دەرکەوتنی دیاردە دزێوەکان.

ئەگەر پرس و بابەتی خەڵاتکردن لە کۆمەڵگایەکـەوە بـۆ یـەکێکیتر بگۆڕێـت، ئەوا پرس و بابـەتی خـەڵاتکردن لـە دوو کـاتی جیـاوازی نـاو هـەمان کۆمـەڵگاش دەگۆڕێت، واتا لە ئێستای کۆمەڵگایەکدا جۆرە بابەتێك گرنگە و شـایانی ئەوەیـە خەڵاتکردنی لەسـەر بێـت، و لـە داهاتووشـدا جـۆرە بابـەتێکیتر گـرنگ دەبێـت و خەڵاتکردنی لەسەر دەبێت، بۆیە گرنگی بابەتی خەڵاتکردن بەپێی ئـەو قۆناغـەی کۆمەڵگا پێیدا تێپەر دەبێت دەگۆڕێت، و لە هەر شوێنکاتێکدا پرسێك و بابـەتێك خەڵاتکردنی دەکەوێتە سەر، جیاوازە لەوەی پێش و پاش خۆی.

لێرەوە بەپێی جیاوازی ئەو پرس و بابەتانەی خـەڵاتکردنی دەکەوێتـە سـەر، مەبەسـتی خـەڵاتکردنیش خـۆی بـەیان دەکـات، بـە بۆچـونی ئێمـە مەبەسـتی خەڵاتکردنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دوو سەرەیە، سەرێکی چاکەکار و یـەکێکی خراپـەکار، دەشـێت خــەڵاتکردن وەکــو ئــامرازێکی ئــەکتیڤ و کاریگــەر بــەکاربهێنرێت بــۆ چاکەکاری، بە هەمان شێوەش بۆ خراپـەکاری، لێـرەوە دەگەینـە ئـەو بـاوەڕەی خەڵاتکردن مەبەستی تایبەتی هەیە.

* * *

خــەڵاتکردنی خوداوەنـد بـۆ مـرۆڤ بەمەبەسـتی ڕاگـرتنی ژیـانی کۆمەڵگایـە بەشێوازێکی تایبەت و نـەگۆڕ، بـۆ بەرهەمهێنانـەوە و درێژکردنـەوەی سـتایلێکی تایبـەتی ژیـانکردنی مرۆڤـە، بـەڵام لـە خـەڵاتکردنی مـرۆڤ بـۆ مـرۆڤ پرسـەکە بەمــشێوەیە نییــە، لەبەرئــەوەی کۆمــەڵگای مرۆیــی بــەردەوام لەگۆڕاندایــە، لەبەرئــەوەی مرۆڤــی خــەڵات بــەخش دەگۆڕێــت "وەکــو خوداوەنــد نییــە"، لەبەرئــەوەی هــزری مرۆڤــی خـــەڵات بـــەخش دەگۆڕێـــت، بۆیـــە مەبەســـتی خەڵاتکردنیش دەگۆڕێت و جۆراوجۆر دەبێت.

وتمـان لەسـەر زەویـدا خـەڵاتکردنی مـرۆڤ بـۆ مـرۆڤ دەگۆڕێـت، جۆرێکیـان خـەڵاتکردنی مرۆڤـە بـۆ مـرۆڤ، بـەڵام جـۆرێکیتر خـەڵاتکردنی پێکهاتێـك یـا دامودەزگایەکی ناو کۆمەڵگایە بۆ مرۆڤ "ئەنـدامانی"، لێـرەوەش مەبەسـتی هـەر یەکێك لەم دووانە تایبەت و جیاواز دەبێت لەویتر.

ڕەنگە یـەکێك لـە مەبەسـتەکانی خـەڵاتکردنی مـرۆڤ بـۆ مـرۆڤ، دروسـتکردنی پەیوەندی کۆمەندیکاسیۆنی بێت لە نێوانیان، دروستکردنی ئینتیمای دوو سـەرە بێت لە نێوانیان، دەشێت خۆشەویستی، یا هاوسۆزی، یا پتـەوکردنی پەیوەنـدی نێوان دوو کەس بە دیـوە پۆزەتیڤیەکـەی مەبەسـتی خـەڵاتکردن بێـت، ئەمـە بـە دیوە هیومانیەکـەی، بـەڵام بـەدیوە ناهیومانیەکـەی مرۆڤێـك مـرۆڤێکیتر خـەڵات بکـات، لەبەرئـەوەی ڕەفتـارێکی نامرۆڤانـەی ئەنجامـداوە، یـا ئـەنجام بـدات، کەسێکی کوشتووە، یا ئەتکی کردووە، یا بۆی بکوژێت و ئـەتکی بکـات، یـا دزی بۆ کردووە، یا دزی بکات... هتد، ئەم جـۆرە خەڵاتکردنـە بـۆ ئەوەیـە سـوود لـە کاردانەوەی کەسـی خـەڵاتکراو وەربگیرێـت، واتـا پرسـەکە بەرژەوەندخوازانەیـە، بەم شێوەیە مەبەستی جیاجیا هەیە لە خەڵاتکردنی تاکێك بۆ یەکێکیتر.

بەهەمان شێوە لە خـەڵاتکردنی پێکهاتێـك یـا دامودەزگایـەکی کۆمەڵایـەتی و ئیـداری مەبەسـتی جیاجیـا هـەبێت، لەوانـە ڕاکێـشان بـۆ خـۆی و هەوڵـدان بـۆ بەردەوام مانەوە و کارکردن لەگەڵیدا، هەروەها لەلایەکیتر پەرەپێدانی تواناکـانی مرۆڤی "خەڵات وەرگر" لە بوارە پەیوەستەکەیدا، ئەمەش تـاوەکو بەشـێوەیەکی ئـەکتیڤ ئـەرك و فەرمانـەکان بەرجەسـتە بکـات. مەبەسـتێکیتری خـەڵاتکردنی دامودەزگای ئیداری یا سیاسی کۆمەڵگا سەرگەرمکردنی مرۆڤەکانە لـە کایەیـەکی دیـاریکراو بـۆ نمونـە "وەرزش"، ئەمـەش بـۆ مەبەسـتی چاوبەسـتکردنیان، بـۆ ئەوەی مرۆڤەکان بیر لە کایەکانیتر و چۆنیەتی بەڕێوەچوونیان نەکەنەوە. ڕەنگە کۆمەڵێك مەبەستیتر لە ئارادا بێت و هەر دامودەزگایەك مەبەستی تایبەت بەخۆی هەبێت.

* * *

ئەوەی مرۆڤ دەیبینێت خەڵاتکردنی خوداوەنـد بـۆ مـرۆڤ تـەنها لـە ئاسـتێکدا خۆی نمایش دەکات، ئەویش "مەعنەوی"یە، خوداوەند بە بەڵێنـەکانی دڵنـەوایی

مرۆڤ دەكات، ئەمەش خەڵاتێكی مەعنەویە، بەڵام خەڵاتكردنی مـرۆڤ بـۆ مـرۆڤ لـە دوو ئاستدایە، ئەوانیش" مادیی و مەعنەوی".

ئاستی ماددی وەرگرتن یا بەخـشینی ماتریـالێكی بەرهەسـتە، كـەوا نرخێـك" پارە"ی لەسەرە، واتا دەكڕدرێ و دەفرۆشرێ، بەڵام ئاستی مەعنـەوی وەرگـرتن یا بەخشینی نوسراوێكی ڕێزلێنان یـا پێزانینـە، یـاخود دەستخۆشـی لێكردنێـك و ئافەرینێكی زارەكیانەیـە، هەنـدێكجار دەشـێت نووسـراویش بێـت، ئەمـە كـڕین و فرۆشتنی لەسەر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵاتكردنە.

* * *

دیـاردەی خـەڵاتكردن پەیوەسـتە بـە ئامـادەیی جەمـسەرێك بـۆ بەخـشین یـا پێشكەشكردنی ماتریالێك وەكو"خەڵات" بەویتر، لێرەدا پرسـیار سـەرهەڵدەدات لەسەر چ بنەمایەك ئەو لایەنە ئامادەیی بەخشینی خەڵاتی هەیـە؟ بۆچـی و بـە چ مەبەستێك خەڵات دەداتە كەسێك؟..

* * *

دیاردەی خـەڵاتكردن پەیوەسـتە بـە هەڵبـژاردنی كەسێك" خـەڵات وەرگـر"، ئەمەش بەپێی پرنسیپ و پێوەر و مەرجی تایبەت بە بابەتی خەڵاتكردن دەبێت. لێـرەوە زۆرجـار پرسـیار سـەرهەڵدەدات لـە بـارەی چـۆنیەتی هەڵبـژاردنی كەسی"خـەڵات وەرگـر"، ئایـا لەسـەر چ بنەمایـەك و بـەپێی كـام پێـوەر كەسـی "خەڵات وەرگر" هەڵبژێردراوە؟ ئایـا بەڕاسـت كەسـی هەڵبـژێردراو هـەڵگری ئـەو سیفات و تایبەتمەندیانەیە، كەوا بابەتی خەڵاتكردن دەیخوازێت، لێـرەدا بابـەتی بوونی پێوەرەكانی هەڵبـژاردن و ویـژدان ڕۆڵ دەبینێـت، ویـژدانی ئـەو لیژنەیـەی كەسێك هەڵدەبژێرێت بۆ خـەڵاتكردن، بـەوەی بـە كردەیـی لیژنەیـەكی ڕاسـتگۆ و بەویژدانـە؟ ئایـا بەڕاسـتگۆیی ئـەو كەسـەیان هەڵبـژاردووە؟ ئایـا كەسـی لـەوە شایستەتر نییە بۆ پێبەخشین خەڵات لەسەر پرسـی بابـەتی خـەڵات لەسـەركراو؟ هەر بۆیە لێرەدا زۆرجار پرسیار و گومان سەرهەڵدەدات لە بـارەی بەڕاسـتگۆیانە و بەویژدانانە بەڕێوەچوونی پرۆسەكە.

* * *

دیــاردەی خــەڵاتکردن قونــاغێکیتری هەیــە، ئــەویش ناولێنــانی بۆنــەی "موناسـەبەی" خەڵاتکردنـە، زۆرجـار نـاوێکی ئەفسوناوی و سـەرنج ڕاکـێش لـە بۆنەی خەڵاتکردنەکە و لـە کەسـانی "خـەڵات وەرگـر" دەنرێت، وەکـو "پیـاوی ئاشتی، پاڵەوانی جیهان، ئافرەتی ساڵ...هتد"، بەڵام ئەمەش بە سروشتی خۆی پرسیار دروست دەکات، پرسـیاری ئـەوەی ئایـا ناولێنانەکـە لەگـەڵ واقیعـی ئـەو بابەتە دەگونجێت، کەوا لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتیدا ئامـادەیی هەیـە؟ گـەڕان بـە دوای وەڵامی پرسیارەکە دەمانگەیەنێتە سەر بڕوای واقیعیبوون و لۆژیکیبـوون و عەقڵانیبوونی دیاردەکە.

لێرەوە بە بۆچوونی من هەم هەڵبـژاردنی کەسـی "خـەڵات وەرگـر"، هـەمیش ناولێنـانی بۆنـەی خەڵاتکردنەکـە کێـشە دروسـت دەکـات، پرسـیار و گومـان لـە ڕاستگۆی دەرەنجامەکە، دواتریش عەقڵانیەتی پرۆسـەکە دروسـت دەکـات، بۆیـە دەبێت ئەو دوو قۆناغە بەشێوەیەکی لۆژیکی و عەقڵانی بێت، و بگونجێت لەگـەڵ واقیعی ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی لە کۆمەڵگادا ئامادەیە.

تا ئێرە دەتوانین بـەکورتی بڵـێین" دیـاردەی خـەڵاتکردن پەیوەسـتە بـە دوو جەمسەر، یەکێکی خەڵات بەخش و یـەکێکی خـەڵات وەرگـر، تیایـدا جەمـسەرێك شتێك دەبەخشێتە جەمسەرەکەیتر لەبڕی ئەوەی کارێك یـا ڕەفتـارێکی کـردووە، یا بیکات، ئەم دیاردەیە بۆ بونیادنانی پێویستی بە بوونی بابەتێك هەیـە، لەگـەڵ هەڵبژاردنی مرۆڤێـك بـۆ خـەڵات وەرگـرتن، ئەمـەش بـەپێی پێوەرێـك و لۆژیکێـك بـەڕێوە دەچـێت، ئینجـا ناونـانی بۆنـەی خەڵاتکردنەکـە، ئەمـەش بەشـێوەیەك دەبێت بگونجێت لەگەڵ ئەوەی ئامادەیە لەواقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا".

لەڕاسـتیدا دیـاردەی خـەڵاتکردن قـسەیەکی زیـاتر هەڵـدەگرێت وەك ئـەوەی لێرەدا کراوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمە خواستی سەرەکی ئـەو وتـارە نییـە، بۆیـە جێیـدەهێڵین، دەچـینە سـەر مەبەسـتی سـەرەکی وتارەکـە، ئـەویش قـسەکردنە لەسەر پرسی وەرگرتنی خەڵاتی ئەو پۆڵـە بـەڕێزە، کـەوا لـە ڕۆژی (8)ی مـارس لەژێر ناوی "ئافرەتی ساڵ" خەڵاتکران.

* * *

ئەگەر زەین لە واقیعی حاڵی ژیانکردن لە ئێستای کۆمەڵگای کوردی بدەین، دەبینین سەختترین ژیان، ژیانی ڕەگەزی مێیە، بەشێکی زۆری ئەو کارەساتانەی لە کۆمەڵگادا هەیە، کاراکتەرەکەی ڕەگەزی مێیە، ڕەگەزی مێ پاڵەوانی ڕووداوەکانە، لە خۆسوتاندا بەشی شێری بەر کەوتووە "ئینجا کچ بێت یا ژن"، لە کوشتن و ئەتککردندا جەستەی مێ نێچیرێکی بەردەوام ئامادەیە، لە ئیهانەکردندا ڕەگەزی مێ پلەی یەکەمی بە دەستهێناوە، و لە پێشەوەی ڕەگەزەکەیترە، لە بێبەهاکردندا بە هەمان شێوە، بەڵێ لەم کۆمەڵگایەدا ڕۆژانە چەندین کچ و ژن دەسوتێت، چەندین ژن ئەتك دەکرێت، ژەهر خوارد و دەرمان خوارد دەکرێت، دەکوژرێت، لە شوێنی دوورە دەست فرێ دەدرێت، ڕۆژانە سەدان کچ و ئافرەتی سواڵکەر لەسەر شەقامەکان دەبینرێت، ڕۆژانە لێرە و لەوێ، لە دەزگاکان، لە شوێنی جیاجیا، ئیهانە بە جەستەی ژن دەکرێت، مامەڵەیەکی غەریزەیانەی لەگەڵ جەستەیدا دەکرێت، لەم کۆمەڵگایەدا ژن و سەلاجە هاوشێوەی یەکترن، بۆ خاوکردنەوەی دەمارە گرژەکانی پیاو بەکاردەهێنرێن، لەم کۆمەڵگایەدا ژن و کەلوپەلی ئەلیکترۆنی وەکو یەکن، هەر دووانەیان لەلایەن پیاوەوە دەستی بەسەرداگیراوە و خاوەندارێتی دەکرێن، لەم کۆمەڵگایەدا ژن ناتوانێت کەمترین قسە لەسەر ژیانی تایبەتی خۆی بکات، ناتوانێت بە ئازادانە لە پرسە تایبەتیەکانیدا بیربکاتەوە و بڕیار بدات، شتەکان هەڵبژێرێت، ئەمەیە واقیعی حاڵی ژیانی ڕەگەزی مێینە لە کۆمەڵگای کوردیدا، بێئەوەی لەبەرامبەردا یەك دەنگ سەدای هەبێت و ناڕەزایەتی دەرببڕێت، جگە لە چەند نزمە دەنگێك کە ڕەنگە سەداکەی ئەوەندە کەم بێت، نەگاتە گوێچکەی خۆشیان، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا کۆمەڵگایەك ئەمە واقیعی حاڵی ژیانکردنی ڕەگەزی مێ بێت، چەند یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بوونی دیاردەیەك، کەوا تیایدا گروپێك ئافرەت خەڵات دەکرێن بە ناوی ئافرەتی ساڵ؟ چەند یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بوونی دیاردەیەك کە تیایدا ئەوە پێشانبدات ئافرەتی چالاك هەیە؟.

* * *

وتمان بۆ خەڵاتکردن دەبێت بابەتێك هەبێت، تاوەکو دیاردەکەی لەسەر بونیاد بنرێت، ئەمەش لەناو ئەتمۆسفێری کۆمەڵایەتی بوونێکی بەرهەست و واقیعی هەبێت، ئەگەر بابەتی خەڵاتکردن کە بریتیە لە پرسی چالاکی نواندنی "خەڵات وەرگرەکان" لە کایەی تایبەت بە ڕەگەزی مێ و پرسە پەیوەستدارەکانی بەراورد بکەین، لەگەڵ ئەو ئەتمۆسفێرە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی، کەوا لە واقیعی کۆمەڵگادا ئامادەیە لە مەڕ بابەتی دیاردەکە، دەبینین ئەوە بە هیچ کلۆجێك یەك ناگرێتەوە، بەڵکو سەد و هەشتا پلە لەیەکتری دوورن، ئەمەش لۆژیکیبوون و واقیعیبوونی پرسەکە دەخاتە بەر گومان و ڕەخنە و پرسیاری جۆراوجۆر، بەوەی ئایا بەڕاست ئافرەتی چالاکمان هەیە؟ ئەگەر هەیە لە کوێن؟! ئەگەر هەیە کەواتە بۆچی ئەو هەموو دیاردە و ڕووداو و کارەساتانە لەناو کۆمەڵگادا هەیە، ئەگەر کەسی چالاکمان هەیە لەو بوارە ئەی کوا گرۆپێکی فشاری ڕێکخراو، کە خاوەنی بنکەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز بێت و لە کاتی پێویستدا فشار بخاتە سەر دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگا.

* * *

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، دەشتنیشانکردن یا هەڵبژاردنی کەسی "خەڵات وەرگر" پێویست بە بوونی پێوەرێك لۆژیکی دەکات، کەوا بنەمای مەعریفی و زانستی هەبێت، دیسان پێویست بە بوونی ستافێکی ڕاستگۆ و بەویژدان دەکات، پێویست بە ستافێك دەکات میزاجی نەبێت لە هەڵسەنگاندن و بڕیاردان و هەڵبژاردنیان، تاوەکو بەشێوەیەکی دادوەرانە و ڕاستگۆیانە ئەو کەسانە هەڵبژێرێت شایستەی خەڵاتەکەیە، لێرەشدا دەبێت بە ستایلێکی بابەتیانە و زانستیانە پرسەکە بەڕێوەبچێت، لایەنگیری نەکرێت لە هەڵبژاردنی کەسەکان، کەسێك لەسەر کەسێکیتر تەفزیل نەکرێت، ئیعتباراتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی لەبەرچاو نەگیرێت، لێرەوە ئایا هەڵبژاردنی "خەڵات وەرگرەکان" بەپێی چ پێوەرێك بووە؟ ئایا کێ هەڵیبژاردوون و لەسەر چ بنەمایەکیش هەڵیبژاردوون؟ ئایا پێشمەرجەکانی خەڵات پێدان چی بوون؟ ئایا ستافی هەڵبژاردنەکە

بەشـێوەیەکی بابـەتی و زانـستی کەسـەکانیان هەڵبـژاردووە، یـا لایـەنگیریان کردووە؟ بە بۆچوونی من لە هەڵبـژاردنی "خـەڵات وەرگرەکـان"دا، پـەیڕەوی لـە بابەتیبوون و لۆژیکیبوون نـەکراوە، بـەڵکو لایـەنگیری کـراوە، کەسـەکان لەسـەر بنـەمای هەنـدێك ئیعتبـاراتی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و جـوگرافی هەڵبـژێردراون، سـتافی هەڵبـژاردن لـە هەڵـسەنگاندن و بڕیـاردان و هەڵبـژاردنی"خـەڵات وەرگـر" دادوەر نـــەبوون، بەویژدانــەوە کەســەکانیان هەڵنەبــژاردووە، چــونکە ڕەنگــە کەسگەلێك هەبێت چالاکتر بێت لەوانەی خەڵاتـیان وەرگرتووە، بـەڵام لەبـەر هـەر هۆیەك بێت فەرامۆش کرابێت، دیسان هـەبێت خـەڵاتی وەرگرتـووە "لەسـەر ئـەم پرسە"، بەڵام شایستەی نەبێت.

* * *

دیـاردەی خـەڵاتکردن پێویـستی بـەرازیبوونی "خـەڵات وەرگـر" هەیـە بـۆ وەرگرتنی خەڵاتەکـە، لەمەشـدا دەبێـت "خـەڵات وەرگـر" کەسـێکی تێگەیـشتوو بێت، و بزانێت لەسەر چی و بۆچی خەڵات دەکرێت، لە قبـوڵکردن و نەکردنیـشدا پێویست دەکات ڕاستگۆ و بەویژدان بێت، پرسیار لە خۆی بکات ئایا ئەو شایەنی ئەو خەڵاتەیە؟ ئایا ئەو کەسی ئەکتیڤە لەو بوارە؟ ئایا کەس لـەو ئـەکتیڤتر نییـە لـەو بـوارەدا بـۆ وەرگـرتنی ئـەو خەڵاتـە؟ ئەگـەر هەسـتی کـرد هەڵبـژاردن و دەستنیشانکردنی ئەو لەسەر بابەتی خەڵاتکردنەکە نادروستە، وردبینی تیا نییە، پێویستە خەڵاتەکە قبوڵنـەکات، بەپێـچەوانەشەوە ڕاسـتە، زۆریـشن ئەوانـەی لـە دونیـای ئـەو دیاردەیـەدا خـەڵات قبوڵناکـەن، چـونکە قبـوڵکردنی خەڵاتەکـە قبوڵکردنی ناونانی بۆنەی خەڵاتەکەشە، لێرەوە ئایا ئـەو کەسـانەی هەڵبـژێردران بۆ خەڵات وەرگرتن بەو شێوەیە مامەڵەیان کـردووە؟ مـن لـەو بەرێزانـە دەپرسـم چۆن مافی ئەوەیان بەخۆدا لە ژێر ڕاڤەی ئافرەتی چالاك و لە ژێر ناوی "ئـافرەتی سـاڵ" خـەڵات وەربگـرن؟ ئایـا قـەت بیریـان لـەوە کردۆتـەوە بـزانن ئـەوەی وەریـدەگرن مانـای چـیە؟ ئایـا بیریـان لـەوە کردۆتـەوە ئـەو کـارەی کردوویانـە بەراورد بکەن بە ناونانی ئەو بۆنەیە تاوەکو بزانن تاچەند بەرامبەر یەکترین؟.

بە بۆچوونی من نە بابـەتی دیاردەکـە، نـە ناونـانی، نـە هەڵبـژاردنی "خـەڵات وەرگر"ەکان واقیعی و لۆژیکی نییە، و موبالەغەیەکی زۆری تێدایە، بـەڵام بۆچـی

وا دەڵـــێین؟ ئێمـــە لێـــرەدا ناگەڕێینـــەوە بـــۆ مێژوویـــەکی دوور و درێـــژ و ڕووداوگەلێکیش ناهێنینەوە، بۆ ئـەوەی بـزانین ڕەفتـار و هەڵسوکەوتی خـەڵات وەرگرەکان تیایاندا چی بووە، بۆ ئەوەش ناچین لەکوێدا کردەیەکیان کردووە لـە پشتەوە هاوڕەگەزەکەی لە مەینەتی و ناخۆشی و کێشە و گرفتێکی زۆر قوتـار کردووە، بەڵکو تەنها بۆ ڕووداوێکی نزیکی ئەو بۆنەیە دەچین کەوا تیایدا ئـەو بـە ئافرەتی چالاك ناوزەد کراوە، بۆ ئەوەی بزانین ئەو ئافرەتە چالاکانە لەبارەیـەوە چیان کردووە، ئەویش ڕووداوەکەی ژیلانە.

ئەگەر سەیر بکەیت تەنها هەفتەیەك پێش ئـەو مەراسـیمی خـەڵات وەرگرتنـە "ژیـلان"ی قوتـابی ئامـادەیی بازرگـانی کـچان، بـەهۆی ئیفلیجـی سیـستەمی پەروەردە خۆی سوتاند، بـەڵی ڕووداوی "ژیـلان" تـەنها یـەك هەفتـە "(7) ڕۆژ" بەینی هەبوو لەگەڵ ئەو دیاردەیە، باشە کام لەو بەڕێزانەی خـەڵاتی وەرگرتـووە، قـسەیەکی لەسـەر مەسـەلەکەی "ژیـلان" کـرد، هەڵوێـستێکی جیـدی وەرگـرت، "لێرەدا تەنها پرسی ژیلان بەنموونە دەهێنینەوە ئەگەرنا سەدەها نموونەی تـری لەم جۆرە ئامادەیی هەیە لـەناو کۆمـەڵگادا"، مـن بەوانـە دەڵـێم ئـەزیزان ئێـوە بەسەر تەرمی ژیـلان بازتانـدا و خـەڵاتی ئـافرەتی چـالاکتان وەرگـرت، ئـەی کـوا ویژادنی مرۆڤ؟ ژیلان کە تەنها هەفتەیەك پێش خەڵات وەرگرتنەکەی ئێـوە خـۆی سوتاند، کوا ئێوە چیتان کرد؟ دەستەی چالاکەکان کوا وتارێکتان نووسـی؟ کـوا ڕێپێوانێکتـان سـاز کـرد بـۆ بـەردەم پەرلـەمان یـا وەزارەتـی پـەروەردە؟ کـوا بەیاننامەیەکتان بڵاوکردەوە ؟ کـوا هاوسـۆزیتان دەبـڕی لـە بەرامبـەر هـاوڕێ و دۆست و دەستە خوشکانی ژیلان؟ کوا ماتەمتان گێڕا؟ کوا سـەرە خۆشـیتان لـە خۆتان و بنەماڵە بەڕێزەکەی ژیلان کرد؟ بە ڕاست لەمەڕ بابەتەکەی ژیلان چیتان کرد؟

خۆ هێشتا خوێنی گەرمی ژیـلان سـارد نـەبۆوە ئـەو کاتـەی ئێـوە خـەڵاتتان وەردەگرت، هێشتا بـۆنی کـروزی سـوتانەکەی لـە باخـچەی پەپولـەکان دەهـات، بەڕاست چۆن بۆنتان نەکرد؟ هێـشتا مۆنـاد و گـەردەکانی بەسـەر ئاسمـانی ئـەو شارە تۆزاویە دەسوڕایەوە، ئێوە بۆ نەتانبینی؟ دیارە سـەیری ئاسمانێـك ناکـەن کـە پـڕە لەگـەردەکانی کـچێکی ئەرخـەوانی؟ خـۆ هێـشتا شـوێنی چـۆلی نـاو

پۆلەکەی، بە قوتابیەکیتر "کە هێشتا کەس نازانێت ئەو کەی دەسوتێت "پڕ نەکرابۆوە، بۆچی نەتانتوانی ببینن؟ ئێوە بۆ مرۆڤ نابینن و خەڵات دەبینن؟ بە جیدی ئەگەر من لەجیاتی ئێوە بم، خەڵاتەکان دەبەم لەسەر کێلی قەبری ژیلان دادەنێم و کڕنۆشی بۆ دەبەم، داوای لێبوردنی لێدەکەم، دەڵێم ببورە هاوڕێم بێحورمەتیم کرد، تۆ خاوەنی خەڵاتیت نەوەکو من، بەڵێ ئەگەر کەسێك هەبێت شایستەی ئەوە بێت، خەڵاتی ئافرەتی ساڵ وەربگرێت ئەوە تۆی، توخوداکەی بمبورە، نەمزانی، پێی دەڵێم تۆ زۆر لەوە گەورەتری ئەو جۆرە خەڵاتانە وەربگریت، دەزانم ئەوەی خەڵاتت پێدەبەخشێت ئاگاداری ئێش و ئازاری تۆ نییە، ئاگادار نییە تۆ لەپێناو جوانیەکاندا دەمرێت، بەڵێ ئەزیزان ئێوە بەسەر تەرمی ژیلان باز دەدەن و خەڵات وەردەگرن، ئەی ئەو تەرمەتان نەبینی لە پێشتان کەوتبوو، ئەی بۆنی گوڵاوی گەردەن و کوڵمەی ژیلانتان نەکرد بە ناو هۆڵی بۆنەکە بڵاوببۆوە، ئەی پەپولەکانی ناو هۆڵی بۆنەکەتان نەبینی لە شەقەی باڵیاندەدا و لەو سەرەوە بۆ ئەو سەر باڵە فڕەیان دەکرد، ئەی ڕۆحی فریشتەیی ژیلانتان نەبینی لەناو هۆڵەکە، خودای گەورە لەو وڵاتەدا هیچ نابینرێت. ئێوە بەسەر تەرمی ژیلان باز دەدەن و دەڵێن ئافرەتی چالاکین، هەر هیچ نەبا هاوڕێیان چالاکیەکەتان وایکردبا ژێر پێی خۆتان ببین، ئاخر کەسی چالاك بەردەوام ژێر پێی خۆی دەبینێ، دەرك بەشتە نزیکەکانی خۆی دەکات، هەست دەکات لە چوار دەوریدا چی ڕوودەدات، ئێوە چۆن ژێر پێی خۆتان نەبینی، چۆن دەرك بەشتە نزیکەکانی خۆتان نەکرد.

کاتێك ژیلان خۆی دەسوتێنێت کەس قسە ناکات، کۆبوونەوە ڕوونادات، مەراسیم ناگێڕدرێت، خۆپیشاندانێك ساز ناکرێت، کەچی کاتێك کەسگەلێك بە ناهەق و لەژێر ناوێکی زۆر گەورە، بەموبالەغەیەکی زۆریشەوە خەڵات دەکرێن، زۆرترین کەس ئامادە دەبێت. کاتێك ژیلان دەسوتێت کەس دەنگێك هەڵنابڕیت، بەڵام زۆر کەس ئامادەن بۆ دیاردەیەك کە لەتەمسیل نەبێت لە هیچیتر ناچێت چەپڵە لێبدەن، بۆیە نەوەکو هەر تەنها ئەوانەی خەڵات وەردەگرن ئەوانەش کە ئامادەی مەراسیمەکە دەبن، خەتایان کردووە، وەکو کۆمبارس بەشداریان لە تەمسیلێك کردووە، کەوا زۆر بە قێزەوەنانەو نالۆژیکیانە دەرهێنراوە.

* * *

ئێمە لەبەردەم دیاردەیەکداین موبالەغە سەرتاپای تەنیوەتەوە، دیاردەیەك نە لەگەڵ واقیع دەگونجێت، نەهەڵبژاردنی کەسەکان، نەناولێنانی بۆنەکەش، باشە ئەی بۆچی ئەو دیاردەیە هاتە ئاراوە، ئەو هۆکار و فاکتەرانەی چین ئەو دیاردەیەیان دروست کردووە؟.

لەناو کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان بەگشتی و کوردیش بەتایبەتی، جۆرێك لە مۆراڵ و بەها، جۆرێك لە ڕەفتارکردن هەیە، ئەویش تەنها لە کاتی یادێك یا بۆنەیەك مرۆڤە پەیوەستدارەکانیان بەبیر دێتەوە، بەمانایەکیتر تەنها لە کاتی یادی (8) مارس کە بەناو ڕۆژی ئافرەتانی جیهانە، ئافرەتی کورد و پرسە پەیوەستدارەکانی بە بیر دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری دێتەوە، تەنها لە (1) حوزەیران کە جەژنی منداڵانی جیهانە، منداڵی کوردیان بیردێتەوە ....هتد، لەبەرئەوەی ئەمجۆرە مۆراڵ و بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنە لە ئارادایە، دیسان لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردی پڕە لەو کارەسات و دیاردە دزێوانەی، کەوا ڕۆژانە بە بەردەوامی لەناو کۆمەڵگادا بەسەر ڕەگەزی مێدا دێت، بۆیە دەسەڵاتی سیاسی ئەو ڕۆژە هەڵدەقۆزێتەوە و دەیکاتە هەلێك بۆ پەردە پۆشکردنی ئەو کارەسات و دیاردە دزێوانە. لەو ڕۆژەدا هەوڵدەدات، دیاردەیەك و ڕێو ڕەسمێکی لەمجۆرە بسازێنێت، بۆئەوەی پەردەپۆشی کارەسات و ڕووداوە زنجیرئاسا نەپساوەکان "بەسەر ڕەگەزی مێدا دێت" بکات. سەیرە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کوردی ئەوە نابینێت هەفتەیەك پێش ئەو یادە ژیلان خۆی دەسوتێنێت، کوشتن و ئەتکردن و ئیهانەکردنی بەردەوامی ئافرەتی کورد نابینێت، کەچی لەو ڕۆژەدا ئامادەیە ئافرەتی چالاك خەڵات بکات. سازدانی ڕێو ڕەسمێك بۆ بەخشینی خەڵات بەو ناونیشانە مانای ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کورد، بە هیچ شێوەیەك واقیعی ژیانکردنی ڕەگەزی مێ نابینێت لەو وڵاتەدا. با دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری ئەو پرسیارە لە خۆی بکات ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان هیچ دەزگایەکی تووشی فشار هاتووە لەلایەن ئەو کەسانەی لە ژێر ئەو ناوە خەڵات دەکرێن، ئایا ئەو کەسانە هیچ ڕۆژێك دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریان

ناچـارکردووه کارێـك بکـات، یـا لـەژێر فـشاری ئـەوان بـە بڕیارێکـدا بـچێتەوە؟ دەسەڵات دەیەوێت لەو ڕۆژەدا ئەو کارەسـات و ڕووداوە جەرگبڕانـە پـەردەپۆش بکات کە بەسەر ڕەگەزی مێدا دێت، ڕۆژەکەش بە چەپڵەلێدان و دەم چـەورکردن بباتە سەر، نەوەکو لەو ڕۆژەدا بکەوێتە بەردەم ڕەخنەیـەکی جیـدی خامەیـەك و دەنگێکی ژیاندۆست و مرۆڤدۆست، ئەو باش دەزانێت پرسـی ئـافرەت جگـە لـەو ڕۆژە، لە ڕۆژەکانیتردا نابێتە بابەتی بیرلێکردنەوەی دەزگاکانی، ئەو جگە لەوەی لەم ڕۆژەدا وتارێك ئامادە دەکات بۆ پرسی ئافرەت، چیدی تاوەکو ساڵێکیتر بـیر لەوە ناکاتەوە بچێتەوە سەر پرسەکانی و قسە بکات، ئەمە لەلایەك، لەلایەکیتردا لەبەرئەوەی دەزانێت خەتابارە، لەبەرئـەوەی دەزانێـت کەمتەرخەمـە، بۆیـە هـەر چۆنێك بێت دەیەوێت ئەو ڕۆژە بەو ڕێو ڕەسمە یـا ڕێـو ڕەسمـی لـەمجۆرە بباتـە سەر و کۆتایی پێ بێنێت.

هۆکارێکیتری هاتنەئارای ئەو دیاردەیە ئەوەیە، بە سازدانی ئەو ڕێو ڕەسمـە، و بڵاوکردنـەوەی لـە میـدیا و کەناڵـە ڕاگەیاندنـەکان، دەسـەڵات وا پێـشاندەدات گرنگـــی بـــە پرســـەکانی ڕەگـــەزی مـــێ دەدات، دەســـەڵاتێکی مـــۆدێرن و یەکسانیخوازە، هیومانیستە و پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێت، لەتـەك ڕەگـەزی نێـردا، گرنگـی بەڕەگـەزی مـێ دەدات، ئەمـەش بـۆ خۆجـوانکردن لـە بەرامبەر دەرەوە.

***

بەگـشتی لـەنێو کۆمـەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکانـدا "کوردسـتان یەکێکـە لێیـان " کەسی"خەڵات وەرگر" بەشێوەیەکی بابەتی، و لەسەر بنەمای پێوەرێکی زانستی هەڵنابژێردرێت بۆ خەڵات وەرگرتن، بەڵکو لە هەڵبژاردندا کۆمەڵێك پرسـی خـودی و کۆمەڵایـەتی لەبەرچـاو دەگیرێـت و لایـەنگیری دەکرێـت، ئەمـەش بەسروشـتی خۆی دەرەنجامێکی نێگەتیڤی لێدەکەوێـەوە، چـونکە بـە سـتایلێك و ڕیتمێکـی تایبـەت بـەردەوامی بـە بەڕێوەچـوونی دیـاردەی خـەڵاتکردن دەدات، کـە ناتەندروستە، و دەرەنجام و لێکەوتەی نێگەتیڤی دەبێت، ئەو ڕیتمـەی دیـاردەی خـەڵاتکردن لەسـەری دەڕوات، بەهۆیـەوە کەسـانێك لەسـەر بابـەتێك خـەڵات

وەردەگرن کە لە واقیعدا پرسەکە بەو شێوەیە نییە، بۆ نموونە لەسەر پرسی ئافرەت خەڵات وەردەگیرێت، لە ژێر ڕاڤەی ئافرەتی چالاك و بەناوی "ئافرەتی ساڵ"، بەڵام کە دێیتە سەر واقیع دەبینیت پرسەکە بەو شێوەیە نییە، بۆیە یەکێك لە دەرکەوتەکانی ئەوەیە بەردەوام دوورکەوتنەوەیەك دروست دەکات لە نێوان دیاردەی ئامادە و واقیعی ئامادە، ئەمەش وەکو دەرکەوتەیەك عەیبێکی گەورەی ئەو دیاردەیەیە.

مەرج نییە ئەوانەی خەڵات دەکرێن بەردەوام و بە زەرورەت باشترینی ئەو کەسانە بن، کەوا ئامادەییان هەیە لەو کایەی پرسی خەڵاتکردن دەیگرێتەوە، زۆرجار ئەمە کەس"خەڵات وەرگر"ی متەوەهم دروست دەکات، بەوەی کە چالاکە و شایانی ئەو خەڵاتەیە، لە هەمانکاتدا دڵی ئەو کەسە دەشکێنێت، کەوا بە جیدی لەو کایەیەدا کار دەکات و چالاکی دەنوێنێت، دیسان ئەوانەی وەکو ستاف ڕۆڵی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی "خەڵات وەرگر" دەگێڕن، نادادوەر و نایەکسان دەبن لە هەڵبژاردنیان، ئەمەش کەسێکی نەخۆش و ویژدانێکی بیمار دروست دەکات. لە تێڕوانینی من مەراسیمی خەڵاتکردن لە (8) مارس لەو ڕێتمە بەدەر نەبوو، لەوە بەدەر نەبوو کەسی نەخۆش و ویژدانی بیمار دروست بکات.

دەرکەوتەیەکیتر ئەوەیە ئەو دیاردەیە بۆ مەبەستی سیاسی دێتە ئاراوە، نەوەکو کۆمەڵایەتی و کولتوری و ڕۆشنبیری، مەبەست لە بوونی ئەو دیاردەیە خۆنمایشکردنی سیاسەکانە بۆ دەرەوە، بەوەی کەسانی دادپەروەر و یەکسانیخواز و دیموکراسیخوازن، لەلایەکیتر خۆقوتارکردنە لە بەسەرکردنەوە و چارەسەرکردنی پرسەکانی دونیای ئافرەت. ئەمەش زەنگی مەترسیەکی گەورە لێدەدات بەوەی ڕەفتاری دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری وڵات، چیدی بەمشێوە بێموبالاتە مامەڵە و ڕەفتار دەکات لە تەك پرسی ئافرەت، ئەمەش مانای ئەوەیە چیدی قسە لەو دونیا ناتەندروست و وێرانەیەی ڕەگەزی مێ ناکات، ئەو دونیایەی ڕۆژانە چەند ئافرەتێك دەبێتە قوربانی و گیان لە دەست دەدات.

دەرکەوتەیەکیتر ئەوەیە خەڵات بە حزبی دەکرێت، بینین و تێڕوانینی حزبی دیاردەی خەڵات وەرگرتن و خەڵات وەرگرەکان و بۆنەکان دیار دەکات، لەمەشدا

بەهیچ شێوەیەك بە یەكسانی و دادپەروەری خەڵات وەرگر هەڵنابژێردرێت، بەڵكو بەردەوام كۆمەڵێك پرسی كۆمەلایەتی و سیاسی و جوگرافی لەبەرچاو دەگیرێت، كەوا بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەو پرسەوە نییە كە دیاردەی خەڵاتكردنی لەسەر بونیاد دەنرێت، پەیوەندی بەو پێوەرانەوە نییە كەوا دیاردەی خەڵاتكردنی لەسەر بونیاد دەنرێت، بە حزبیكردنی دیاردەی خەڵاتكردن خودی دیاردەكە قێزەوەن دەكات. ئەم دیاردەیە دیاردەیەكی حزبیە، حزب لە پشتیەوە وەستاوە و خۆراكی پێدەدات، بۆ ئەوەیە ڕووی ناشیرینی حزب بشارێتەوە، بۆ ئەوەیە وا پێشانبدات حزبی كوردی و دەسەڵاتدارانی كوردی بایەخ بە پرسی ئافرەت دەدەن، بۆ ئەوەیە بلێت حزبی كوردی خاوەنی ئافرەتی چالاكە، بەلام خۆسوتاندنی ژیلان هەموو ئەو پرسانە لە بنەڕەتدا هەڵدەوەشتێنێتەوە، ئەو دیاردە و بۆنەیە پوچ و بێمانا دەكات.

**مارسی 2005**



هـەر مـەتریال و بـوونێکی نێـو گـەردوون لـە جەوهەریـدا هـەڵگری چـەندین خەسڵەت و تایبەتمەندێتی تایبەت بە خۆیەتی کە بەهۆیانەوە خۆی لـەنێو بوونـدا نمایش دەکات، یا بەشێوەیەکیتر بوون و نمایشکردنی هـەر پێکهاتێـك بەنـدە بـە بوونی تایبەتمەندی و خەسڵەتگەلێکی تایبەتەوە کە لە ڕێگایانـەوە گوزارشـت لـە خۆی و ماناکانی خۆی دەکات، شوێنگە و پێگەی گـرنگ و زەرووری خـۆی لـەنێو واقیعدا دیار دەکات، بەمەش جیهانێکی وابەستەیی تایبەت دروست دەکات کە لە دەرەوەی جیهانی هەر بووێك و ماتریالێکیتردایە.

هەر بووێك بەهۆی بوونی خاسڵەت و تایبەتمەندیەکانیەوە نرخ و گرنگی خـۆی هەیە، ئەمـەش بەهاکـەی دیـار دەکـات، کەواتـە خەسـڵەت و تایبەتمەندێتیـەکانی بووێك بەهای بووەکـە دەستنیـشان دەکـات، خـودی بـەهاکانیش بـەپێی گـۆڕانی جۆرایـەتی و چـەندایەتی بووەکـان لـە شـوێنکاتە جیاجیاکانـدا لـە گۆڕانـدان، مەبەسـت بـەهۆی چـەندێتی پێداویـستی و چۆنیەتی بەکارخـستن و مامەڵـەکردن لەگـەڵیان، لـە سـەردەم و شـوێنە جیاجیاکانـدا بـەهاکان دەگۆڕێـت، بـۆ نموونـە ئامادەیی بووێك یا ماتریالێك بۆ بوونی یەکێکیـدی لـە زەمـەنێکی دیـاریکراودا پـڕ سـوودە، کەچـی ئامـادەیی هـەمان ماتریـال بـۆ بـوونی هـەمان شـت بـەڵام لـە زەمەنێکیدیدا "ئەگەر هۆکەی هەر چییەك بێت" سوودی نابێت، بوونی پێکهاتێـك لە شـوێنێکدا بـۆ مەبەسـتێکی دیـاریکراو گرنگییـەکی بەرچـاوی هەیـە، بـەڵام لـە شوێنێکیدیدا بۆ هەمان مەبەست گرنگ نییە.

لێـرەدا تـا بووێـك وەکـو توخمێـك یـا ماددەیـەکی ئامـادە و کـارلێکردووی هاوکێشەیەك زیاتر پێویست بێت بۆ بـوونی "بەرهـەم" یەکێکیـدی، تـا ماتریالێـك زیاتر گرنگی بۆ پێکهاتە دەوروبەرییەکانی هەبێت، یا پێکهاتپك زیـاتر سـوودمەند بێـت بـۆ ئەوانیـدی، ئـەوا بەهاکـەی زۆر دەبێـت، بەپێـچەوانەشەوە کـە بووێـك پێویست و گرنگ و سوودمەند نەبێت بۆ پێکهاتـە دەوروبەرییـەکانی خـۆی، ئـەوا بەهاکەی کەم دەبێت.

بەکورتی ئەگەر شتێك یا بووێك گرنگ بێت بۆ دەوروبەر ئەوا بەهای هەیـە، و ئەگەر خاڵییش بێت لە گرنگی ئەوا خاڵییە لە بەها.

لەبەرئـەوەی گرنگـی شـتەکان لەلایـەك و بـەهاکانیان لەلایـەکیتر دوو شـتی وابەستەیین، هاوشێوەی دوو هێڵی تەریبن، بەیەکەوە بەرز دەبنـەوە و بەیەکـەوە دادەبەزن، بەیەکەوە هەڵدەکشێن و بەیەکەوە دادەکشێن، بەیەکەوە گرنگ دەبـن و لەبەرچاو دەگیرێن و بەیەکەوە خاڵیدەبن لە گرنگی و لەبەرچـاو نـاگیرێن، بۆیـە بەگشتی دەتوانین بڵێین گرنگی شتەکان لەگەڵ بەهاکانیان ڕاستەوانە هاوڕێژەیە.

ئەگەرچی لە واقیعی ژیاندا بووەکان بەهۆی خەسـڵەت و تایبەتمەندیەکانیـەوە پۆلینی سەر دوو جۆری "بزۆك / نەبزۆك" دەبـن، بـەڵام ئـەم دووانـە سـێ جـۆرە نێوانە پەیوەندیان بەرهەمهێناوە، کە بریتین لە "نـەبزۆك / نـەبزۆك"، "نـەبزۆك / بزۆك"، "بزۆك / بزۆك".

لەبەرئەوەی بووە نەبزۆکـەکان لەگـەڵ یەکتریـدا لـە پەیوەندییـەکی ئـەزەلی و ئەبـستراکتی فیزیکـی و سروشـتیدان، و سروشـتیانە چەقبەسـتیان کـردووە و ناجوڵێن، بۆیە ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەککەوتن لە نێوانیانـدا ڕوونـادات، بەمـەش خودویستانە لـە تواناياندا نابێـت کـار لـە یـەکتری بکـەن و گۆڕانکـاری پێویـست دروسـت بکـەن، تـەنها ئـەو سـاتانەش کـە لـە ئەگـەری گۆڕانـدان، ئـەوا هێزێکـی دەرەکی "سروشتی/ مرۆڤکرد" ناچاری گۆڕانیان دەکات، کەواتـە بـزاوتنی بـووە نەبزۆکـەکان لـە نێوانـە پەیوەندیەکانیانـدا لەگـەڵ یـەکتری ئەگـەر ببێـت، ئـەوا بزاوتنێکی ناچاریانەیە و بەهۆی هێزێکی دەرەکی بەئەنجام دەگات.

لێـرەوە ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە کـە بـووە نەبزۆکـەکان نێوانـە پەیوەندیـەکی نائەکتیڤ و پەرچەییان لە نێواندا هەیە، و بەپێی گۆڕانی "شوێن و کات" توانـای کار لە یەکترکردنیان نییە، واتا هیچیان ناتوانێت کاریگەری لەسەر ئەویتر هـەبێت و کۆنترۆڵی بکات یا بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

لەبەرئەوەی بووە نەبزۆکەکان سیفەتی نەبزوتنیان هەیە بۆیە پێویستیان بـە یەکتری نابێت، بەڵکو هەریەکە لە ئاقاری ژیانکردنی تایبەتی خۆیدا دەمێنێتـەوە، بێئەوەی خەتەر بێت لەسەر ئەویتر.

لەبەرئەوەی ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەککـەوتن لـە نێوانیانـدا ڕوونـادات، بۆیـە بەردەوام بەهاکانیان بە جێگیری و نـەگۆڕی دەمێنێتـەوە، بـەکورتی ئـەوەی لـەو

قسەکردنە خێرایەی پێشەوە وەکو دەرەنجامێکی پێویست دەست دەکەوێت، بووە نەبزۆکەکان بەهاکانیان جێگیر و نەگۆڕە، و لە نێوان پەیوەندییەکان بەهاکانیان لێنادرێت و تێکناشکێت.

ئەمەی سەرەوە لێدوانێکی کورت و خێرا بوو لەمەڕ بووی نەبزۆك و سیفات و نێوانە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بووی هاوچەشن، بەلاَم لێدوان لە نێوانە پەیوەندی و سیفات و چۆنیەتی مامەڵەکردنی تێکەڵەی بووەکان "نەبزۆك / بزۆك"، بەجۆرێکیتر دەبێت، چونکە بووەکان نەبزۆك ئاسا هاوشێوە و چۆنیەك نین و لە جیهانێکدا نین، بەڵکو سەر بە دوو جیهانی جیاواز و نامۆ بە یەکترین، هەروەها هەر یەکەیان خەسڵەت و تایبەتمەندێتی تایبەت بەخۆی هەیە.

لەڕاستیدا دەکرێت نێوانە پەیوەندی تێکەڵەی بووەکان بە نێوانە پەیوەندییەکی نابەرابەر و نایەکسان بشوبهێنین، چونکە لە نێویاندا لایەنێك "بزۆك" سیفاتی چالاك و ئەکتیڤ و لێدەر و تێکدەر و دروستکەری هەڵگرتووە کە بە هۆیانەوە دواجار سوودمەند دەبێت، کەچی لایەنەکەیتر "نەبزۆك" بە ناچاری سیفاتەکانی بەرامبەر هەڵدەگرێت، سەرەنجام دونیاکەی "سروشت" زەرەرمەند دەبێت.

ئەوەی لەم نێوانە پەیوەندییەدا جێگای تێڕامانە ئەوەیە هەڵسووڕێنەری ئەم نێوانە پەیوەندیە و دەرهێنانی دەرەنجامەکانی، وابەستەیی چۆنیەتی جیهانبینی و چۆنیەتی مامەڵەکردنی بزۆکە لە بەرامبەر نەبزۆکدا، چونکە بزۆك نەبزۆك کۆنترۆڵ دەکات و دەستی بەسەر دادەگرێت، چۆنی گەرەك بێت هەڵیدەوەشێنێتەوە و جارێکیتر بەکاریدەهێنێت و دەیگۆڕێت بۆ پێداویستییەکانی خۆی.

لەم نێوانە پەیوەندییەدا لەبەرئەوەی نەبزۆك لە خزمەتی خۆشکردنی گوزەران و ژیانکردنی بزۆکدایە، بۆیە بەهای بزۆك لەسەر حیسابی بەهای نەبزۆك زیاد دەبێت، و بەپێچەوانەشەوە بەهای نەبزۆك بەهۆی بزۆکەوە دەشکێت و کەم دەبێت، بەمانایەکیتر بەهای بووە بزۆکەکانی لە چەشنی مرۆڤ لەسەر حیسابی بەهای بووە نەبزۆکە سروشتیەکان زیاد دەبێت، بەلاَم ئەمەش مانای ئەوە نییە

نەبزۆك بۆ خۆی بـەهای نییـە، بەپێـچەوانەوە بـزۆك زۆرجـار بـەهای کۆمەڵایـەتی بەرزی دەبێت و زۆرجار مرۆڤ لەپێناویدا شەڕ دەکات و قوربـانی دەدات، ئەمـەش دەوەستێتە سەر ئەو مانابەخشین و گرنگیدانـەی مـرۆڤ بەبووەکـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا بەشـێوەیەکی گـشتی بـزۆك وەکـو بـووێکی گـرنگتر و بـەهادارتر لـەنێو بووندا نمایش دەکرێت، و نەبزۆکیش وەکو بووێکی ناگرنگ و بێبەها.

لێرەدا لەبەرئەوەی گەرەکمان نییـە لـە نێوانـە پەیوەنـدی یەکـەم و دووەمـدا بـدوێین، و لـە دەلاقـە جیاوازیەکانـەوە بیانخوێنینـەوە و ڕەهەنـدەکانیان دیـار بکەین، بۆیە هـەوڵ نـادەین بـە قـووڵی ڕوو بـچینە نێویـان و بـە درێـژی قـسەیان لەسەر بکەین، بەڵام ئەوەی لەم سەرەتا سادەیەی سەرەوە مەبەسـتمانە قـسەی لەســەر چــۆنیەتی بەڕێوەچــوونی نێوانــە پەیوەنــدی "بــزۆك / بــزۆك"ە، بەدیاریکراویش تێکشکاندن و کەم بایەخکردنی بەهای بووێکی بزۆکە "مـرۆڤ" لـە نێوانە پەیوەندیەکەیدا لەلایەن بووێکیتری هەمان چەشنی خۆی "مرۆڤ".

وتمان ئەگەر شتێك یا بووێك گرنگ بێت بـۆ دەورووبـەر ئـەوا بـەهای هەیـە، و ئەگەر خاڵیش بێت لە گرنگی ئەوا خاڵییە لـە بـەها، بـەڵام کاتێـك بووێـك بـوونی زەرور بێت بۆ دەوروبەر، لە هەمانکاتیشدا بـوونی نـەبێت یـا کـەم بێـت، ئـەوا لـە نەبوونیدا دەوروبەر بێبەها دەبێت.

بێگومان کەم نین ئەو پرۆسە و دیاردە و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ژیاریانەی کە مرۆڤ لە ئاقاری ژیانکردنیدا بۆ مەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی خواسـت و ئـارەزوو و پێداویستییە کاتی و هەمیشەییەکانی هـەوڵی پراکتیزەکردنیـان بـۆ دەدات، بۆیـە کەم نین ئـەو پرۆسـە و دیـاردە و ڕووداوە کۆمەڵایـەتی و ژیاریانـەی خزمـەت بـە مرۆڤ دەگەیەنن. لەبەرئەوەی سروشتی زۆربەی پرۆسە کۆمەڵایەتی و ژیاریـەکان، ئەوانەی لە نێوان بووە بزۆکەکان "مرۆڤ" براکسیس دەکرێت، سروشتێکی جووت جەمسەرییە، سروشتێکە ڕووداوەکانی لە نێوان دوو جەمـسەردا ڕوودەدات، بۆیـە دەرەنجامەکانیــشی وابەســتەی خەســڵەت و تایبەتمەندیــەکانی هــەر دوو جەمسەرەکەن، وابەستەی هێز و توانـا و جیهـانبینی و چـۆنیەتی ڕەفتـارکردن و مامەڵەکردنی دوو جەمسەرەکەن.

لـەم نێوانـە پەیوەندیانـەدا زۆرجـار جەمـسەرەکان تاکلایەنـە و خۆویـستانە، بـەبێ لەبەرچـاوگرتنی بەرامبـەر هـەوڵی دەسـتەبەرکردنی حـەز و ئـارەزوو و پێداویستیە تایبەتیەکانی خۆیان دەدەن، یان یەکتری بەکاردەهێنن لـە خزمـەتی دەستەبەرکردنی خواسـت و بەرژەوەندیـەکانیان، لـەم پێناوەشـدا هێـز و توانـای خۆیـان بـەکاردەهێنن، و بـەپێی تێگەیـشتن و دونیابینیـان مامەڵـە و ڕەفتـار لـە نێوانە پەیوەندیەکانیان دەکـەن، بەمـەش دەرەنجـامی پرۆسـەکە دەرەنجامێکی دوو سەرە دەبێت، بۆ هەر لایـەنێك بـە جۆرێـك دەبێـت، واتـا ئەگـەر جەمـسەرێك سوودمەند بێت، ئەوا جەمـسەرەکەیتر زەرەرمەنـد دەبێـت، بەمـەش جەمـسەرێك لەسەر حیسابی ئەویتر ڕێگای خۆی ڕۆشن دەکات و بەهای زیـاد دەکـات، کەچـی جەمـسەرەکەیتر مـۆم ئاسـا بـۆ ڕۆشـنکردنەوەی ڕێگـای ئـەویتر دەتوێتـەوە و بەهاکەی دەشکێت، لەمـەوە ڕوون دەبێتـەوە کـە هـەر چـەندە ئـەم پرۆسـانە بـە ڕووێکدا پۆزەتیڤ بێت، ئەوا بە ڕووەکەیتردا نێگەتیڤە، هەرچەندە سـوودگەیەنەر بێت بە لایەنێك، ئەوا زەرەرگەیەنەرە بە لایەنەکەیتر.

کەواتە بەکورتی وەکو ئەنجامگیریەك دەتـوانین بڵێین هـەر چـەندە کـەم نـین ژمارەی ئـەو پرۆسـە و دیـاردە و ڕووداوە کۆمەڵایـەتی و ژیاریانـەی کـەوا بـەهای مرۆڤ بەرز دەکەنەوە و بەنرخیان دەکەن، ئـەوا بـە هـەمان شـێوە کـەم نـین ئـەو پرۆسە و دیاردە و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ژیاریانەی کەوا بەهای مـرۆڤ دەشـکێنن و کەم نرخیان دەکەن.

لەو وتارەدا هەوڵدەدەین قسە لـە دوو دیـاردە یـا پرۆسـەی کۆمەڵایـەتی نێـو کۆمـەڵگا بکـەین، کـەوا بەهۆیانـەوە بـەهای مـرۆڤ بەگـشتی و ڕەگـەزی "مـێ" بەتایبەتی دەشکێت، لە هەمانکاتیشدا ئێمەی کورد لە ئێستای زەمەنـدا خـوێکی گەورەمان بە براکسیسکردنیان گرتووە، ئەوانیش بریتین لە" شەڕ/ کۆچ" کردن.

لـە ئەزموونـەوە دەرکـەوتووە کـەوا لـە واقیعـی کۆمەڵایـەتی و ژیـاری هـەموو گێتیدا " کۆمەڵگای کوردیش هەروایە" بەشی زۆری ئەوانەی ئـەم دوو دیـاردە یـا پرۆسەیە بەرجەستە دەکەن ڕەگـەزی نێـرن، مەبەسـت ڕەگـەزی نێـر کاراکتـەری چالاکی نێو ئەو دوو دیاردە و پرۆسەیەن، لەبەرئەوەی بەرجەستەکردنی ئـەم دوو

دیارده یا پرۆسەیە ئەگەر هۆکارەکان و مەبەستەکانی هەر چییەك بێت، ئـەوا لـە دەرەنجامدا کوشتن و نەمان و نائامادەیی ڕەگەزی نێری لێدەکەوێتەوە، بەمـەش لـەنێو کۆمـەڵگای پەیوەسـتداردا کێـشەی دیمـوگرافی دروسـت دەبێـت، کێـشەی تێکچوونی هاوسەنگی نێوان ڕەگەزەکان "نێر / مێ"ی کۆمەڵگا. بەمانایەکیتر لـە دەرەنجامی هەردوو دیاردەی "شەڕ / کۆچ"کردن، ڕەگەزی نێر تووشـی نـەمان و لەناوچوون و نائامادەیی دێت، بەمەش ژمارەی ڕەگەزی نێری نـاو کۆمـەڵگا کـەم دەبێـت، لەبەرامبـەردا ڕەگـەزی مـێ جێماوانـە زۆر دەبێـت، دواجـار لەمەشـدا کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی و ئـابووری و ئـەتیکی...هتـد دروست دەبێت، بۆ کۆمەڵگا بەگشتی و ڕەگەزی "مێ "بەتایبەتی.

لە ئامادەیی ڕەوشێکی دیموگرافی و کۆمەڵایـەتی لـەمجۆرە بـووە جێماوەکـان بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی بـەهای تێکدەشـکێنرێت و کـەمنرخ دەبێـت، بـەڵام بۆچـی وا دەڵـێین؟ لـە ئامـادەیی ڕەوشـێکی لـەم چەشـنەدا کۆمـەڵگا لەبـەردەم ئامادەبونی دوو جۆرە نێـر دەبێـت، جۆرێکیـان نێرێکـی بێدەسـەڵات و بێتوانـا و نائەکتیڤ، ئەوەکەیتر نێرێکی شەڕکار کە لەڕەگەزی بەرامبەر ناگـات و ناتوانێـت سەیری بکات.

بۆچی بەجۆری یەکەم دەڵێین نێری بێتوانا و بێدەسـەڵات؟ چـونکە لـەو کاتـە بەپێی پێوەری باوی کۆمەڵگا نێری بە توانا ئەوەیە دەتوانێت کـۆچ بکـات و وڵات جێبهێڵێـت، ئەوەیـە بـە کۆچـکردنی گوزراشـت لـە ناڕەزایـەتی خـۆی دەکـات لـە بەرامبەر ئەو ڕەوشە و ئەو ستایلە نالەبارەی ژیـانکردن، چـیدی دەسـتەمۆیانە و پاسیڤانە قبوڵی ناکات، هەر بۆیە جێیدەهێڵێت، نێری بە توانا ئەوەیـە دەتوانێـت بڕوات و لە پشت ڕۆیشتنەکەیەوە کۆمەڵێك سوودی ناچۆنیەك لـە بـواری جیاجیـا بـۆ ئەوانـەی دەوروبـەری هەیـە، نێـری بـەتوانا ئەوەیـە دەتوانێـت دەسـتکاری قەدەری خۆی و کەسانی نزیکی خۆی بکات، لەسەر بنـەمای ئـەم پێـوەرە نێـری ئامادەی ناو کۆمەڵگا نێرێکی بێتوانا و نائـەکتیڤ دەبێـت، ناتوانێـت دەسـتکاری قەدەری خۆی و مرۆڤە هاوچەشنەکان و ڕەگـەزی بەرامبـەر بکـات، ناتوانێـت بـە ئـیرادەی خـۆی لـە سـتایلێکی تایبـەتی ژیانکردنـدا بـژیێت، ناتوانێـت ژیـانێکی

خودویستانە هەڵبژێرێت و تیایدا بژییێت، ناتوانێت لەگەڵ خۆیدا کەسانی نزیکی خۆشبەخت بکات، ناتوانێت قسەیەك نە لە ژیانی خۆی و نە ئەوانیتر بکات.

لێرەوە پرسیارێك سەرهەڵدەدات، ئەویش لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری دەسەلاتگەرادا کە هەموو بڕیار و هێز و دەسەلات لە دەست پیاودا کۆبووبێتەوە، پیاو یاسا و ڕێساکان دابڕێژێت، سیستەمێك و ستایلێکی تایبەتی ژیانکردن بسەپێنێت بەسەر کۆی کۆمەڵگا،خالی سەرەتا و کۆتا بێت، وەکو مەرجەع ڕۆڵ بگێڕێت، هەموو شتێك بۆ ئەو بگەڕێتەوە، ئەگەر ئەمە ڕەوشی نێری ئامادە بێت، کەواتە دەبێت ڕەوشی مێیەکان چۆن بێت؟

ئەگەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و ژیاری بە تەواوی شانسی قسەکردن و بڕیاردان بە بوونەوەرێك "ڕەگەزی نێر" بدات، ئەگەر ئەو بوونەوەرە بە مرۆڤی پلە یەك و گرنگ دابنرێت، بە تەواوی تەفزیل بکرێت بەسەر ڕەگەزی مێ، ئەمە ڕەوشی ژیانکردنی بێت؟ دەبێت ڕەوشی ژیانکردنی ڕەگەزی مێ چۆن بێت؟. ئەگەر ڕەگەزی نێر هیچی پێ نەبێت بۆ ژیانی خۆی، دەبێت چی پێشکەشی ژیانی ڕەگەزی مێ بکات، لە کاتێکدا ڕەگەزی بەرامبەر بە تەواوی پشت بەو دەبەستێت و چاوی لەو بڕیوە، بۆ ئەوەی وەکو فریادڕەسێك لە نەهامەتی و ناخۆشیە نەپساوەکانی قوتاری بکات.

ئەو بووە بۆیە جێماوە، بۆیە نائەکتیڤە و ناتوانێت دەستکاری قەدەری خۆی بکات، چونکە ئەو پێداویستیانەی نییە کە بۆ ئەکتیڤبوون و خۆقوتارکردن پێشمەرجە، توانای کۆمەڵایەتی و ئابووری ...هتد نییە، هەر بۆیەشە بە ناچاری لەنێو ئەو کۆمەڵگایە ماوەتەوە و ئەو شێوە ژیانە بەسەر دەبات، دیارە لە ڕۆژگارێکی وەکو ئێستای کۆمەڵگای کوردی بوونی توانای کۆمەڵایەتی و ئابووری زۆر زەرووره بۆ مرۆڤ، چونکە مۆراڵ و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، دیدگایەکی ماددیانە و ئابووریانە زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ، هەر بۆیە مرۆڤ بە بوونی توانای کۆمەڵایەتی و ئابوری بەهایەك و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ وەردەگرێت، بەڵام مانەوەی ئەم بوونەوەرە لەو واقیعە ژیاریەدا واتا نەبوونی پێداویستیە زەروریەکان، بەمەش مانەوەی

خۆبەخۆ دەبەستریتەوە بە کەمبوونی بەهاو نەبووی پێگەی کۆمەڵایـەتی بـەرز و بەرچاو، بەڵام خۆ لەو وڵاتەدا مرۆڤ بە سروشتی خۆی هـەژار نییـە، بـە سروستی خـۆی بێبـەری نییـە لـەم پێداویـستیانەی وەکـو پێـشمەرجێك پێویـستن بـۆ کۆچـکردن، بـەڵکو ئـەوە دەسـەڵاتێکی سیاسـی و ئیداریـە هـەمووی لێبەهـەدەر بردووە و لێناگەڕێت ببێتە خاوەنی، کەواتە لە بنەمادا نەبوونی ئەو پێداویستیانە دەگەڕێتەوە بۆ هێزێك لە دەرەوەی مرۆڤەکـە خـۆی ئـەویش دەسـەڵاتە، لێرەوە تێدەگەین شکانی بـەهای بوونـەوەری ڕەگـەزی نێـر بـە دەسـتی دەسـەڵاتەوەیە. ئەگەر بوونەوەری باڵا و موفەزەڵی کۆمەڵگا "نێر" بەهای بشکێت، داخۆ ڕەگەزی مێ چی بەسەر دێت؟.

ئەمە جۆرێك نێری ئامادەیە، بەڵام جۆرەکەیتر ئەو نێرانـەن کـە سـەر گـەرمی شـەڕ و کوشـتن و لـەناوبردنی یـەکترین، ئـەو جـۆرە مرۆڤـە هێنـدەی سـەرقاڵی کوشتنی ئەویترە، ئەوەندە ناپرژێتە سـەر بیرکردنـەوە لـە ژیـان، ژیـانی خـۆی و ئـەوانیتر، ژیـانی دوژمنەکـەی، ژیـانی ڕەگـەزی بەرامبـەر، ژیـانی ئـەو منداڵانـەی بێبـاوك دەمێننـەوە، ئـەو ئافرەتانـەی بێـوەژن دەبـن، ئـەو دایکـەی جـەرگی دەسوتێت، ئەو کچە نەشمیلانەی بێدەزگیران دەبن، ئەو کچانەی قـەیرە دەبـن و لە سـنوری چـوار دیـوای پـۆڵاینی ماڵەکانـدا ژیـان گـوزر دەکـەن، ناپرژێتـە سـەر بیرکردنەوە لەو وڵاتەی وێران دەبێت، لەو کۆمەڵگایـەی تووشـی سـەدان کێـشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئەخلاقی و دەروونی...هتد دەبێت.

ئەو خەریکی شەڕ و کوشتنە، ئەو بەها بۆ تفـەنگ. شـەڕ. کوشـتن دادەنێـت، بەها بۆ مەرگ. لەناوبردن. سڕینەوە دادەنێت، بۆ ئەو گـرنگ نییـە کـێ دەژیێـت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کێ دەمرێت، لای ئەو گرنگ نییە کۆمەڵگا چی بەسـەر دێـت، چ جۆرە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئـابووری و ئـەخلاقی و دەروونـی بـوونی دەبێت، بەڵکو مەهامە سەرەکیەکەی خۆی "کوشتنی بەرامبەری دژ" گرنگە، ئەو گرتنی گردێك یا تەپۆلکەیەکی زۆر پێگرنگترە لـە گـرتنی دۆسـتێك یـا هاورێیـەك، ئەو تێکەڵاوبوون بە بۆنی باروت و خـوێنی پێخۆشـترە لـە تێکـەڵاوبوون بـەبۆنی گوڵاوی گەردەنی کچێکی ئەرخەوانی، بۆیە لـە ئامـادەیی نێرێکـی لـەو جـۆرە کـە

چاوەکانی جگە لە پەلاپیتکەی تفەنگ و نیشانەکێشان بۆ سەر دڵی مرۆڤەکانی ناو هەمان کۆمەڵگای خۆی هیچیتر نابینێت، لەبەردەم مرۆڤێك دادەبین کە ناتوانێت ڕێز و حورمەت لە مرۆڤی بەرامبەر بنێت، ناتوانێت بەها بۆ ئەوانیتر دابنێت.

بەمشێوەیە ئێمە لەبەردەم دوو جۆرە نێر داین، یەکێکی پاسیف و نائەکتیڤ کە ناتوانێت قسە لەسەر ژیانی خۆی بکات و بوونەوەرێکی سوودمەند بێت بۆ خۆی و ئەوانیتر، جۆرەکەیتریش نێرێکی شەڕکاری دڕەندە کە جگە لە بیرکردنەوە و نەخشەکێشان بۆ کوشتنی ئەویدی هیچیتر فەزای هزر و زەوقی داگیرنەکردووە. لە کۆی ئەم دوو حاڵەتەی سەرەوە و بە بوونی ئەو دوو جۆرە نێرەی ناو کۆمەڵگا مرۆڤەکان بەگشتی و ئافرەتیش بەتایبەتی کەمنرخ دەبێت و بەهای دەشکێت.

باشە لە بوونی ڕەوشێکی لەم چەشنە ڕۆڵ و کارکردی ڕەگەزی مێ "ئافرەت" چی دەبێت؟ ئایا بوونەوەرێکی ئەکتیڤ دەبێت یا پاسڤ، ئایا دەتوانێت چی بۆ خۆی بکات؟ چۆن بژییێت؟.

بە بۆچوونی من لە ئامادەیی ئەتمۆسفێرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەمجۆرە، ڕۆڵ و کارکردی ڕەگەزی "مێ" تەنها سەیرکردن و گوێگرتن دەبێت لە ڕەگەزی نێری جێماو، بێئەوەی بتوانێت کەمترین گۆڕانکاری لە واقیعدا بەرجەستە بکات یا هەنگاوی بۆ بهاوێژێت، بەمەش "مێ" بوونەوەرێکی پاسیڤ دەبێت، بوونەوەرێك دەبێت ناتوانێت هیچ بۆ خۆی بکات، دواجار ناتوانێت ئەکتیڤانە ڕۆڵ بگێڕێت لە هێنانە ئارای گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ژیاری پەیوەست بە دونیای تایبەت بە خۆی.

ئاشکرایە ژیانی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ پێویستی بە ئامادەیی هەردوو ڕەگەز هەیە، هەمیشە ڕەگەزەکان تەواوکاری یەکترین بۆ سەرخستنی پرۆسە کۆمەڵایەتی و ژیاریە جیاجیاکان، هەر بۆیە هەردووانەیان پێویستیان بەیەکتری دەبێت، هەردووانەیان بێیەکتری هەڵناکەن، ناتوانن لە تەنهاییدا خواست و پێداویستیەکانیان دەستەبەر بکەن، لەسەر ئەم بنەمایە بوونەوەری جێماو "مێ"

بۆ بەرجەستەکردنی حەز و ئارەزووەکانی پێویستی بە بوون و ئامادەیی کەسی "نێر" پراکتیزەکاری نێو هەردوو پرۆسەکە هەیە، پێویستی بە ژیانێکی تێکەڵاوی هارمۆنیانە و دەستلەملانێ هەیە لەگەڵیدا، بەڵام نائامادەیی کەسی پراکتیزەکاری نێو دوو پرۆسەکە لە واقیعی رۆژانەی جێماو، وا دەکات دونیایەکی یەکرەگەزیمان لەبەردەستدا بێت، یا بەرەو دونیایەکی یەکرەگەزی هەنگاو بنێین، دونیایەك ئیدی تێکەڵاوبوون و ئاوێزانبوونی رەگەزەکان شتێکی ئەستەم و قورس بێت، بەمەش کۆمەڵێك کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی و ئەخلاقی دێتە ئاراوە.

لە کۆمەڵگایەکدا کە نزیکبوونەوە و تێکەڵاوبوونی رەگەزەکان زۆر زەحمەت بێت و تەنها ئەو کاتانە نەبێت لە پشت پرۆسەیەکی رێپێدراوی کۆمەڵایەتی و ئاینی لە شێوەی "هاوسەرگرتن " ەوە بێت، دیسان لە کۆمەڵگایەکدا کە هاوسەنگی دیموگرافی و هاوسەنگی رەگەزی دانیشتوان تێکچوو بێت، ئەوا نزیکبوونەوە لە نێوان رەگەزەکان و ئاشنابوون بە یەکتری ئەستەم و قورس دەبێت، بەمەش خودی پرۆسەی هاوسەرگرتن کەم دەبێت، بەتایبەتی رەگەزی ئافرەت چانسی بۆ هاوسەرگرتن و نزیکبوونەوە لە پیاو کەم دەبێت.

لەبەرئەوەی بەردەوامبوونی هەردوو پرۆسەی "شەڕ/ کۆچ" کردن دەبێتە هۆی زۆربوون و چەند هێندبوونی رەگەزی مێ لە بەرامبەر نێردا، بۆیە جووتبوون یا هاوسەرگرتنی هەر مێیەك لەسەر حیسابی چەند مێیەکیتر دەبێت، واتا مێیەك لەسەر حیسابی چەند مێیەکیتر چانسی جووتبوون و هاوسەرگرتنی دەبێت، بەڵام ئەمەش لە خۆرا نابێت، بەڵکو بەجۆرێك لە جۆرەکان یا رێگایەك لە رێگاکان ئیغراکردن و هەڵخەڵەتاندن و سەرنجراکێشانی نێری پێویستە، لەمەشدا پرسگەلێك رۆڵ دەگێڕێت بۆ نموونە چۆنیەتی هەیکەل و رووخسار و فۆرمی جەستە، چەندێتی تەمەن و شوێن و پێگەی کۆمەڵایەتی مێ لە کۆمەڵگەدا، بوونی سەروەت و سامان....هتد، ئەم پرسانە رۆڵ دەگێڕن لەبەرجەستەکردنی پرۆسەی ئاوێزانبوون و هاوسەرگرتندا، ئیغراکردنی جەستەیی و سێکسی نێری چەپێنراو و سادی نێو کۆمەڵگا، ئیغراکردن بەهۆی سەروەت و سامان، بەهۆی

پەیمانپێدان بۆ بەخشینی شتی جیاجیا، بۆ بە ئەوروپابردنی نێر...هتد، هەموویان لە ئێستادا ئامرازی کاریگەرن بۆ مەبەستی هاوسەرگرتنی مێ لەگەڵ نێردا.

بەردەوامبوونی هەردوو پرۆسەی "شەڕ/ کۆچ"کردن دەبێتە هۆی ئەوەی نێری جێماو کەسێکی بێئیرادە و کەمتوانا بێت و مێی جێماویش کەسێکی حەزکوژراوی بریندارکراو، بە نائامادەیی کەسی پڕاکتیزەکار "نێر" ئیدی بووی جێماو "مێ" بوونێکی شێواو و ناتەندروستی دەبێت، بەردەوام بوونی "شەڕ/ کۆچ"کردن دەبێتە هۆی زۆربوون و کەڵەکەبوونی مێ و کەمبوونی نێر، دواجار لەمەشدا دونیایەکی شێواو و کۆمەڵگایەکی ناتەندروست دروست دەبێت.

یەکێك لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای ناتەندروست، نایەکسان بوونی یەکە پێکهێنەرەکەیەتی، بەپێچەوانەشەوە نایەکسانبوونی ژمارەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکەی، دەبێتە هۆی ناتەندروستبوونی کۆمەڵگا، چونکە نێوانە پەیوەندی مرۆڤەکان شپرزە و ناتەندروست دەبێت، لە ئامادەیی نایەکسانی ڕەگەزیدا، بۆ هەر کەسێك لە ڕەگەزێکی دیاریکراودا بەرامبەری لە ڕەگەزەکەیتردا نابێت، سەرەنجام بەشێکی ڕەگەزێك "مێ" بێئامادەبوونی کەسی بەرامبەر ژیان بەسەر دەبات، واتا بەشێکی بووەکانی نێوی لە تەنهاییدا دەمێنێتەوە، بەمەش بەهای دەشکێت و کەمنرخ دەبێت. لە کۆمەڵگای ناتەندروستدا ئەو پرۆسانەی لە دەرەنجامی براکسیسکردنیاندا تاکێك دەسڕدرێتەوە و تاکێکیش کەمبایەخ و بێبەها دەکرێت بەردەوام ئامادەییان هەیە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە چ شتێك وایکردووە ئەم پرۆسانە بەردەوامبوونیان هەبێت لەنێو کۆمەڵگادا ؟ ئایا ڕۆڵی دەسەڵات لە بەردەوامبوونی ئەم پرۆسانەدا لەکوێوەیە و چییە؟

بە بۆچوونی من ئەوەی بەردەوامی بە بوون و مانەوەی ئەم دوو پرۆسەیە دەدات، ئەوەی لە پشت مانەوە و درێژبوونەوەی ئەم دوو پرۆسەیەدا بەشێوازی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کار دەکات دەسەڵاتی سیاسییە.

لەبەرئەوەی ئەو دەسەڵاتانەی کۆمەڵگا بەڕێوە دەبەن، دەسەڵاتێکی کۆنزەرڤاتیڤە و هەڵگری مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاست نزمن،

بەچـاوی بەنـدە سـەیری مـرۆڤ دەکـەن، بەچـاوی ئـامێر و کەلوپـەلی دەسـتکرد سـەیری مـرۆڤ دەکـەن، لەبەرئـەوەی ئـەو دەسـەلاَتانە حـەزێك و غەریزەیـەکی شـێتانەی دەسـت بەسـەرداگرتن و کۆنترۆلٚکردنیـان هەیـە، حـەزێکی شـێتانەی دەسەلاٚتدارێتی و بەرزەمنێتیان هەیە، حـەزی باوکایـەتیکردنیان هەیـە، بۆیـە بـۆ دەسـتەبەرکردنی خواسـتە سیاسـی و کۆمەلاٚیەتیـەکانی و ئەخلاقیـەکانیان، بـەردەوام لـە ڕووبەڕووبوونـەوە و شـەڕدان لەگـەلٚ یـەکتری، ئـەوان بـۆ دەستەبەرکردنی خواستەکانیان ئامرازێکیتر وەکو ئەلتـەرناتیڤ شـك نابـەن، بۆ ئـەوەی لـە ڕێگایـەوە مامەلٚـە وهەلٚسوکەوتی پێبکـەن، ئەمـەش بـە ڕۆلٚـی خـۆی فاکتەرێکی گاریگەرە لە هاتنە ئارای پرۆسەی دووەم "کۆچ".

لەبەرئـەوەی لـە دەرەنجـامی هـەردوو پرۆسـەدا ڕەگـەزی نێـر بـە ئەگـەری کـەمبوون و نائامادەبوونـدا دەچـێت، و ڕەگـەزی مێـی جێمـاو و بەردەسـت زۆر دەبێت، بۆیە لەسەرێکدا ئەمە سوودگەیەنەرە بۆ بەرجەسـتەکردنی خواسـتەکانی دەسەلاٚتی پیاوسالار " بەتایبەتی لە مامەلٚەکردن لەگەلٚ ڕەگـەزی مـێ"، لێـرەوە هەر کۆمەلگایەك ڕەگەزی مـێ بەشـی زۆری پێکبهێنێـت، ئـەوا ئیـدی بـاوکی ڕۆح درێژ و غەریزەچی زۆر دەبێت، بۆیە ئەم دوو پرۆسەیە ڕێخۆشـکارە بـۆ ڕۆح درێـژ بوون و باوکایەتیکردنی باوکە دەسەلاٚتدارەکان. جگـە لەمـەش دەسـەلاٚتدارێتی و بەرزەمنێتیان فەراهەم دەبێـت بەسـەر کەسـە جێماوەکـان، بـەلاٚم دەبێـت بلٚـێین دەسەلاٚت لە بەرامبەر ئەو دوو پرۆسەیەدا پـەیڕەوی لـە ئیزدواجیەتێـەکی گـەورە دەکات، چـونکە چـەندە لـە قسەکردنیدا جـەخت لـەوە دەکـات بـوونی ئـەم دوو پرۆسـەیە دەرەنجـامێکی خراپـی لێدەکەوێتـەوە و پێویـستە نـەمێنێت، ئـەوا ئەوەندە زیاتر لە دونیای واقیعدا ڕەفتارگەلێك دەکـات، کـەوا بەهۆیـەوە ئـەم دوو پرۆسەیە بەردەوام براکسیس دەکرێت.

دەلٚێین دەسەلاٚت پەیڕەو لەئیزدواجیەت دەکات، لەبەرئەوەی هـەر دەسـەلاٚتە ڕۆژانـە بـە ڕەنگێـك و لـە ژێـر ناوێـك و بـە سـتایلێکی جیـا ڕەگـەزی "نێـر" بـۆ مەبەسـتی کوشـتن و لـەناوبردنی بەرامبـەر ڕەوانـەی سـەر یـەکتری دەکـات، و بەردەوامی بە پرۆسەی شەڕکردن دەدات، هەر دەسەلاٚتە هەلٚدەستێت بە هەرچی

زیاتر تەسککردن و تەڵبەندکردنی سنوورە دەستکردە کۆمەڵایەتیەکان لەبەردەم ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا، هەر دەسەڵاتە تەنکی و شەفافیەتی کۆمەڵگا دەکوژێت و حەزی تاکەکان دەخنکێنێت، هەر دەسەڵاتە دنیایەکی تابۆ و قەدەغەکراو لەبەردەم تاکەکان دروستدەکات، هەر دەسەڵاتە دەست بەسەر هەموو شتێکدا دەگرێت و وابەستەییانە دونیا کۆنترۆڵ دەکات، هەر دەسەڵاتە تاکانەیی لە تاك دەسێنێت و زەفتی دەکات، کەوا بەهۆیانەوە پرۆسەی کۆچکردن دێتە ئاراوە و بەردەوامیش دەبێت.

کاتێك ئەوە دونیابینی و تێفکرینی دەسەڵات بێت، ئەوە شێوازی مامەڵەکردن و ڕەفتارکردنی دەسەڵات بێت، کەواتە قسەکردن بۆ مەبەستی نەهێشتنی ئەم پرۆسانە ئیزدواجیەتە و بەس، چونکە هەر دەسەڵاتە لە سەرێکدا داوای نەمانی ئەم پرۆسانە دەکات، و هەر ئەویشە لە سەرەکەیتردا بەردەوامی بەبوون و مانەوەیان دەبەخشێت.

لە ئەزموونی ئەوەندە ساڵەی ژیان لە کۆمەڵگا ئێمە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە دەسەڵاتی کوردی ئامادەیە بەردەوامی بە هەر پرۆسەیەك بدات کە خزمەت بە حەز و بەرژەوەندیەکانی ئەو بگەیەنێت، ئەگەر پرۆسەکە لەسەر حیسابی کۆی کۆمەڵگاش بێت و بەشێکی زۆری مرۆڤەکانی نێوی پێ بێبەها و کەمنرخ بکرێت، مادام خزمەت بەو دەگەیەنێت، ئەوا لە دیدگای ئەوەوە شتێکی باش و ئاساییە، دەبێت پەیڕەوی لێبکرێت، لەوەش بترازێت ئامادەیە بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستە تایبەتیەکانی خۆی پلانی جۆراوجۆر و گەمەی جیا جیا بنێتەوە.

بێگومان بەردەوامبوون و چەندبارە بوونەوەی ئەم دوو پرۆسەیە وا دەکات ئیدی ئەمانە بچنە نێو خانەی دیاردە و پرۆسەی کۆمەڵایەتی ئاسایی، واتا شوناسی دوو دیاردە یا پرۆسەی ئاساییان پێبدرێت و بەرجەستەکردنیان بەئاسایی وەرگیرێت، پاشماوە جەرگبڕەکانیش شتێکی سروشتی بەخۆوە بگرێت و بچێتە قاڵبی ڕووداوە قەدەرییەکان، بوونی ئەم پرۆسانە وا دەکات کەسێك نەبێت هەڵوەستەیەك لە بەرامبەر هەموو ئەو کارەساتی کوشتن و بڕین و خنکاندن و خۆسوتاندن و لەناوچوونە بکاتەوە، کەسێك نەبێت بیر لە چۆڵبوون و

بەتاڵبوونی وڵات لە گەنج و ڕەگەزی نێر بکاتەوە، کەسێك نەبێت بینینێکی تازە بە ژیان ببەخشێت و شتەکان بە ئەگەری نوێکردنەوەدا ببات، کەسێك نەبێت چاوەکانی دایك و خوشکەکان ببینێت و پرسیار لە حەز و خەون و چارەنووسی ئافرەت بکات، کەسێك نەبێت گوێیەك لە خزمەتی ئیرادە و ئارەزووەکانی مێدا ڕابگرێت.

ئاخر ئەو نائامادەیی و کەمبوونەی نێرە وا دەکات نا ئاگایانە کوڕێکی سەر لێشێواو ئەوەی لەبەر هەر هۆیەك شانسی نەیهاویشتۆتە نێو ئەم دوو دیاردەیە، یا نەبۆتە کاراکتەرێکی نێو ئەو پرۆسەیە "شەڕ/ کۆچ"، ببێتە پاڵەوانی خەونی دوو سێ کچی جێماو، ئەو نائامادەیەی کوڕە وا دەکات کۆمەڵگا پڕ بێت لە قەیرە کچی تێکشکاوی دەروون پڕ لە ئاخ و حەسرەت، ئەو نائامادەییەی کوڕە وا دەکات باوکە ڕۆح درێژە غەریزەچییە پارەدارەکان زیاد لە ژنێکیان هەبێت، و لەمەشدا بەئارەزووی خۆیان مامەڵە و ڕەفتاریان لەگەڵ بکات، ئەو نائامادەییەی کوڕە وا دەکات کچ بەرێگەی هەڵە و بەئاقاری کردەی نا ئەخلاقی هەنگاو بنێت، ئەو نائامادەییەی کوڕە وا دەکات دونیایەك دیاردەی دزێو و نالۆژیکی جاڕسکار دروست بێت، ئەو نائامادەییەی کوڕە وا دەکات زیاد لە کچێك بۆ مەبەستی جووتبوون و هاوسەرگرتن خۆی بۆ کوڕێکی گەڕاوەی ئەوروپی نمایش بکات و هەوڵی هەڵخەڵەتاندن و ئیغراکردن و سەرنجڕاکێشانی بدات، ئەو نائامادەییەی کوڕە وا دەکات دونیایەکی شێواو و کۆمەڵگایەکی ناتەندروستمان هەبێت و بەهای مێیەکانی نێوی بشکێت.

لەبەرئەوەی دەسەڵات وەکو توخمێکی کاریگەر و بەرچاوی هاوکێشەی بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیە ڕۆڵ دەگێڕێت و ئیرادەی بەردەوامکردنی هەیە، بۆیە گوناهی گەورەی تێکشکاندنی بەهای مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە ئەستۆی ئەودایە، لەگەڵ ئەوەشدا کەسی پراکتیزەکار "نێر" بێگوناه نییە، چونکە ئەو وەکو کارەکتەرێك بەشداری لە بەڕێوەچوونی هاوکێشەی ئەو پرۆسەیە دەکات کە لە دەرەنجامدا نائامادەیی و کەمبوونی خۆی لێدەکەوێتەوە، لەبەرامبەریشدا کەسی جێماو "ئافرەت" زۆر دەبێت، هەندێك لە تەنهاییدا بە بێئامادەیی

بەشەکەیتری "نێر" دەمێنێتەوە، بۆ خۆی و دونیایـەکی داخـراو و ناتەندروسـتی پڕ لە داخ و حەسرەت، پڕ لە کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و ئـابووری و دەروونـی و ئەخلاقی، بێئەوەی بتوانێت کەمترین گۆڕانکاری تیا دروست بکات، سـەرەنجام بێبەها و کەمنرخ دەبێت.

لەئەنجامگیریەکی کورتدا دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵگای ئێمەدا بـەهای بـووێکی بـزۆك " ڕەگـەزی مـێ" بـەهۆی نائامـادەیی بـووێکیتری بـزۆك "ڕەگـەزی نێـر" دەشـکێت، ئەمـەش بـەهۆی دوو دیـاردە یـا پرۆسـە خـوازراوە بـەردەوام برەوپێدراوەکانی دەسەلات، و براکسیسکردنە بەردەوامەکانی ڕەگەزی نێر.

**جوونی 2001**



# کۆمەڵگای عاجباتی

-1-

**دەسپێك...**

چـەمکی عاجبـاتی لـە سـادەترین ناسـاندنیدا ئـەوە دەگەیـەنێت لـە ئێـستای واقیعی کۆمەڵگادا یا "لە هەر شـوێنکاتێکدا" بووێـك یـا دیاردەیـەك هـەبێت نـامۆ بێت و سەیر بێتـە بەرچـاو، واتـا لەگـەڵ بیـنین و تێفکـرین و لـۆژیکی بـاوی ئـەو سەردەمە نـەگونجێت کـە تیایـدا دەردەکـەوێت، بەوێنەیـەکیتر عاجبـاتی ئەوەیـە بووێك یا دیاردەیـەك وێنەیـەك و چوارچـێوەیەکی نـاوازەی هـەبێت و لـە زەمەنـە پەیوەستەکەی خۆیدا نامۆ و سەیر بێتە بەرچاو.

عاجباتیبوونی بووێـك یـا دیاردەیـەك ئەوەیـە خـەڵکی هەمـەکی نـاو کۆمـەڵگا مەعریفـەی تـەواوی نـەبێت لەبارەیـەوە، پـەی بەسـیما و خەسـڵەتەکانی نـەبات، نەزانێت بۆچی هەیە، چۆن دروستبووە و کێ دروستیکردووە، چی بەسـەر دێـت، دواجار لەبەردەم بوونیدا دەسـتەوئەژنۆ بوەسـتێت و تـەنها سەرسـوڕمانی خـۆی دەرببڕێت. دونیای عاجباتی شتەکان لەنێو پانتایی ژیانکردندا هـەروا و لـە خـۆڕا بەبێ بوونی سەرچاوەیەکی دروستکار، یا بەبێ ئامادەیی عەقڵێك و سەنتەرێك بۆ بەعاجباتیکردنیان نەهاتۆتەبوون، بەڵکو لە پشت هـەر عاجباتیەکـەوە عـەقڵێك و هێزێکی پەیوەستدار ئامادەیە و بووەکەی بە عاجباتی گەیاندووە.

ئەگـەر بـەوردی نیگـای بـوو و دیـاردە عاجباتیـەکان بکـەین، ئـەوا دەتـوانین دەستنیـشانی سەرچـاوە و سـەنتەری بـەعاجباتیکردنیان بکـەین، هـەر ئـەم نیگایەش دەمانگەیەنێتە لێواری ئـەو حوکمـەی بڵـێین دوو جـۆر عاجبـاتی هەیـە، ئەوانیش "سروشتی/ مرۆڤکرد".

عاجباتی سروشتی ئەوەیە بووێك یا دیاردەیەك هەبێت لە دەرەوەی ئـیرادە و توانستی مـرۆڤ هاتبێتـەبوون و بەسـەر واقیعـی کۆمـەڵگای مرۆڤایەتیـدا سـەپێنرا بێت، واتا سروشتیانە دوور لە دەسـتکاریکردن و ڕۆح بەبـەرداکردنی مـرۆڤ لـەنێو واقیعی ژیانکردندا ئامادە بێت، بەشێوەیەك سەیر و ناوازە بێتە بەرچاو.

عاجباتی مرۆڤکردیش ئەوەیە بووێك یا دیاردەیەك هەبێت لە ڕێگای ڕەفتـار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ هاتبێتەبوون و لـەنێو کۆمـەڵگای مرۆڤایەتیـدا سـەپێنرا بێـت،

واتا دەستكردانە مرۆڤ سەرچاوەی هێنانەبوونی بێت و لـەنێو واقیعـی كۆمـەڵگادا ئامادەیی پێبەخشێبێت، بەشێوەیەك سەیر و ناوازە بێتـە بەرچـاو، بەمانایـەكیتر لە پشت عاجباتیە نامرۆییەكان هێزی ڕەهـا و عـەقڵی ڕەهـا ئامادەیـە، بـەڵام لـە پشت عاجباتیە مرۆڤكردەكان هێزی مرۆڤ و عەقڵی مرۆڤ.

لەگەڵ ئەوەی جیاوازی لە سەرچاوەی بە عاجبـاتیكردنی دیـاردە و بووەكـان بەدیدەكرێت، ئەوا جیاوازیش لە سیما و تایبەتمەندی عاجباتیەكان بەدیدەكرێت، عاجباتیەك بۆ عاجباتیەكیتر لە چیەتی خواست و مەبەست، چۆنیەتی ئیشكردن، چەندایەتی پەیوەستبوونی بە مرۆڤ و كۆمـەڵگا جیـاوازە، جیـاوازی لـە قـەبارە و ڕێژەیی هەیـە، واتـا زۆری و كـەمی یـان گـەورە و بـچووكی یـان سـەرتاپاگیری و ڕێژەیی هەیە.

عاجبـــاتی هەیـــە بـــەبێ جیـــاوازی پەیوەســـتە بـــە كـــۆی مرۆڤایـــەتی بەتایبەتی"سروشتیەكان"، كاتێك بۆ مەبەستی ئاشكراكردن و نیـشاندانی هێـز و توانـا و حیكمەتـەكانی هێـزی ڕەهـا دێتـەبوون، ئەمـەش بـە زەقـی لـەنێو بـوو و پێكهاتە گەردوونییەكاندا بە دیار دەكەوێت، مرۆڤ سەرسامی خۆی لە بەرامبەریان دەردەبڕێت، بەڵام عاجباتی مرۆڤكرد، عاجباتی كۆمەڵایەتیـە، خـۆی لـە شـێوەی دیاردەی كۆمەڵایـەتی نمـایش دەكـات، كـە مانـا و دەلالـەتی كۆمەڵایـەتی هەیـە، ئەمەش لـە پەیوەسـتبووندا كـورت دەبێتـەوە سـەر كۆمـەڵگا، توێـژێك، چـینێك، گرووپێك و هەندێكجاریش بۆ سەر تاك، كەواتە عاجبـاتی مرۆڤكـرد پەیوەسـتە بـە عەقڵی مرۆڤ، مرۆڤ بونیادی ناوەوە بە دیـاردەی گەیانـدووە. دەزانرێـت لـە پـشت سەرهەڵدان و ئامادەبوونی هەر دیاردەیەك لۆژیكێك ئامادەیـە، لێـرەوە لـە پـشت دیاردەی كۆمەڵایەتی بەعاجباتیبوو، لۆژیكی عەجیبیش ئامادەیە.

عاجباتی هەر ئەوە نییە لە ئێستای زەمەندا بووێك یا دیاردەیەك بۆ یەكەمجار ئامادەبێت و بكەوێتە بەرچاو، هەر ئەوە نییـە لـە ئێـستادا بووێـك یـا دیاردەیـەك تازە خولْقابێت و هیچ پەیوەندییەكی لەگەڵ زەمەن و سەردەمەكانی پێش خـۆی نـەبێت، بـەڵكو ئەوەشـە بووێـك یـا دیاردەیـەك لـە سـەردەمێك و زەمـەنێكی لەوەوپێش هەبوو بێت كە بـۆ ئـەو كـات مانایـەك و دەلالـەتێكی تایبـەت بـەخۆی

هـەبێت، بـەڵام لـە ئێـستادا بـە سـتایلێك و فـۆرمێكی سـەردەمیتر ڕۆحـی بـە بەردابكرێتـەوە و لـە واقیعـی ژیـانی كۆمەڵایـەتی كۆمـەڵگادا تـەوزیف بكرێتـەوە، كەواتە چۆن دەكرێت بوو و دیاردە عاجباتیەكە نوێ بێت و بۆ یەكـەمجار نمـایش بكرێت، ئاواش دەكرێت كۆن بێت و لە مێژوویەكیتر گەڕاندرابێتەوە نێـو هەنووكـە و نمایش بكرێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەم وتارە تەرخان نەكراوە بۆ قسەكردن لە چەمكی عاجبـاتی، یـا خوێندنەوە و ڕاڤەكردنی، چونكە ئەمە مەبەستی سەرەكی نییە، بەڵام قـسەكردن لە چەمكی عاجباتی وەكـو ئـەوەی لـەو سـەرەتا سـادەیەی پێـشەوە، بێكـەڵك و بێمەبەسـت نییـە، بـەڵكو ئەمـە یارمەتیـدەرە بـۆ گەیانـدنی ئـەو مەبەسـتانەی گەرەكمانە لەنێو تێكستی ئەم وتارەدا بیگەیەنین.

لەم وتارەدا لێدوان لە چەمكی عاجبـاتی، لێـدوان نییـە لـە دونیـای عاجباتیـە سروشـتیەكان، بـەڵكو لێدوانـە لـە عاجبـاتی مرۆڤكـرد، لێدوانـە لـە عاجبـاتی كۆمەڵایەتی، ئـەوەی مـرۆڤ بـە دەسـتی خـۆی و بـە ئـیرادەی خـۆی لـە شـێوەی كردەوە یا دیاردەی كۆمەڵایەتی لەنێو كۆمەڵگا دروستی دەكات، بـەدیاریكراویش لێدوانە لە ئافرەتبینی.

مەبەست لـە ئـافرەتبینی هـەموو ئـەو نیگـاكردن و تێڕوانینانەیـە كـەوا لـەنێو واقیعـی كۆمـەڵگای كوردیـدا و لەلایـەن بـوو پێكهاتـەی جیاجیـای وەكـو "پیـاو، خێزان، كۆمەڵگا، دامودەزگای دەوڵەت، دەسەڵاتی سیاسی... هتد" بـۆ ئـافرەت دەكرێت، لـەوەش قـوڵتر دێینـە خـوار، بـۆ دەستنیـشانكردنی قـسەكردن لەسـەر چۆنیەتی ئافرەتبینی هـەر سـێ پێكهاتـەی "پەرلـەمان، دادگـا، بەڕێوەبەرایـەتی تۆمـاركردنی خانووبـەرە"و خوێندنـەوە و لێكدانـەوە هەریەكـەیان بـەجیا، دواتـر بـەراوردكردنیان لەگـەڵ یەكتریـدا كـە بـوونی هـەر سـێ لایـەكیان بەیەوەكـەوە لەسەرزەمینێكی هاوبەشی ژیانكردن بەوێنەیەك لە وێنەكان لە عاجباتی دەچێت.

-2-

لە سەرەتای ئەم بەشەدا بە ئافرەتبینی پەرلەمان و پێكهاتە هاوچەشـنەكانی دێینە ئاخاوتن، مەبەست لـە پێكهاتـە هاوچەشـنەكان، هـەموو ئـەو دامودەزگـا و

پێکهاتانەیە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئافرەتبینیان لـە پەرلـەمان دەچێت، یـان وەکـو پەرلـەمان خۆیـان نمـایش دەکـەن، بـۆ نموونـە "ئەنجومـەنی وەزیـران – دامودەزگای ئیداری – سەرکردایەتی و بنکە حزبیـەکان – ڕێکخـراوە جـەماوەری و پیشەییەکان... هتد".

لە وردبوونـە و تێڕوانینمـان بـۆ پەرلـەمان، دەبیـنین تیایـدا ئـافرەت خـاوەن تایبەتمەندی و سەربەخۆیی خۆیەتی، لەنێو پەرلەمانـدا ئـافرەت ڕۆڵ و کـارکردی تایبەت دەگێڕێت، شانسی دەستهەڵبڕین و قسەکردن و دەنگدانی هەیە، شانـسی گفتوگۆکردن و دیالۆگکردنی هەیە لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکـان، ئەمـەش مانـای ئەوەیە ئافرەت لەنێو پەرلەماندا، بەبێ جیاوازی لەگەڵ پیاو شوێنێکی دیـاریکراو و بەرچـاوی هەیـە، ئەمـەش شوناسـێکی تایبـەت و دەنـگ و ڕەنگـی تایبـەت بـە ئافرەت دەبەخشێت.

مادام ئافرەت دەنگ و ڕەنگی تایبەتی هەیە، کەواتە چاوی هەیـە، بەهۆیـەوە دەتوانێت دونیا ببینێت، قسە لەسەر ئـەرك و مـاف و داخوازییـەکانی بکـات، بـۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تیـا بکـات،، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.

ئەگەرچـی ئـافرەتی پەرلـەمانتار نموونـەی هەڵبـژێردراو، یـان نوێنـەری دەنگپێـدراوی ڕەگـەزە هاوچەشـنەکەی نییـە، چـونکە لـە ڕێگـای پێـدراوێکی حزبییەوە چۆتە ناو پەرلەمان، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا ئامـادەبوونی لـەپاڵ پیـاو لـەنێو هەیکـەلی پەرلەمانـدا کردەیـەکی پۆزەتیڤـە، کردەیـەکی مۆدێرنـە کـە لـە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی دونیای ئێمەدا سەریهەڵداوە، بەڵام ئەمـەش مانـای ئـەوە نییـە نـەزانین ئـەم بەشـداری پێکردنـەی ڕەگـەزی مـێ، چ لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی پێکهاتـەی پەرلـەمان، یـا لـە ئێـستادا بـەجۆرێك لـە جۆرەکـان بـۆ مەبەسـتی بـە هەڵـبردنی بیـنین و هەڵخەڵەتانـدنی ڕای "نـاوەوە/ دەرەوە"یـە، مەبەسـت لـە نـاوەوە کۆمـەڵگای کوردیـە و لـە دەرەوەش چـاودێرانی سیاسـی وڵاتـانی دەرەوەیـە، بـەوەی کـە دەسـەڵاتی سیاسـی کـوردی لـە سـەروبەری مومارەسـەکردنی دەسـەڵاتدا "بـە ئەگـەری لـە بـاربوونی بـارودۆخ "، ئـەوا

دەسەڵاتێکی مۆدێرن و دیموکراسیخوازە، یەکسانیخواز و عەقڵانیـە، لـە واقیعـدا مافەکانی گشت چین و توێژ و ڕەگەزەکانی کۆمەڵگا لەبەرچاو دەگرێت، خواستی هیچیان ژێر پێ ناخات و هیچ لایەکیان بێبـەهاو کـەمنرخ ناکـات، هـەروەها بـەبێ جیاوازی گرنگیان پێدەدات و لە ئـێش و ئـازار و ناخۆشـییەکانیان دەکۆڵێتـەوە، هەنگاو بۆ کەمکردنەوە و نەهێـشتنیان دەهاوێـژێت، کەواتـە دەسـەڵاتی سیاسـی کـوردی لـە ڕێگـای ئـەم کردەیـەوە دەخوازێـت شوناسـێکی عەقڵانیانـە و دادپەروەرانـە بـەخۆی ببەخـشێت، بەسـەر و سـیمایەکی دیموکراسـیخوازانە و یەکسانیخوازانە، خـۆی نمایـشی دەرەوە بـە پلـەی سـەرەکی و نـاوەوەش بـە پلەیەکی لەو کەمتر بکات.

ئەگەرچـی ئامـادەبوونی ڕەگـەزی مـێ لـەنێو پەرلەمانـدا، جۆرێـك لـە هەڵخەڵەتانـدن و بـە هەڵـەبردنی بەرامبـەری تێدایـە، بـەوەی ئامـادەبوونێکی ڕووکەشـیە، چـونکە تـەواوی ئافرەتـە پەرلـەمانتارەکان ئەوانـەن کـە لـەڕێگای پێدراوێکی حزبییەوە هاتوونەتە نێوی، هەڵبژێردراوی ڕاستەوخۆی حزبین نەوەکو کۆمەڵگا، لەنێو پەرلەمانیشدا تەنها ئیش بۆ خواسـت و بەرژەوەندییـەکانی حـزب دەکەن، بەدەر لە خواست و بەرژەوەندییـەکانی کۆمـەڵگا بەگشتی و ئـافرەتیش بەتایبەتی، "دیارە زۆر پرسیش هەیە ڕاستی ئەم قسەیە دەسـەلمێنێت"، بـەڵام ئەمـەش بـۆ خـۆی بێـسود نییـە و دەکرێـت تـا ئەندازەیـەك جێگـای پـشوو وەبەرهێنانەوە بێت، چونکە هـیچ نـەبێت لێیـەوە دەتوانرێـت ئـەوە پیـشانبدرێت ئـافرەت ئامـادەیی هەیـە، ئـەم ئامادەبوونـە ڕووکەشـیەی ئێـستا دەکرێـت لـە زەمەنێکیتردا سوودی لـێ ببینرێـت و ببێتـە ئەگـەری دەسـتپێکێك بـۆ بەشـداری کردنی تەواو جیدیانەی ئـافرەت لـەنێو پێکهاتـەدا، واتـا دەکرێـت ئـەم بەشـداری پێکردنە ڕووکەشیەی ئێستا، لـە ئاینـدەدا بـەرەو جـۆرێکیتر لـە بەشـداری کـردن ببردرێـت، کـەوا لـە ڕێگایـەوە ئـافرەت بتوانێـت بـاس لـە هـەموو ئـەو کێـشە و گیروگرفتانە بکات، کە پەیوەستن بە کۆمەڵگا بەگشتی و ڕەگەزی مێ بەتایبەتی.

بەڵام بۆچـی دەڵـێین ئـەم ئامادەبوونـە و بەشـداری پێکردنـەی ڕەگـەزی مـێ وەکو پەرلەمانتار شێوەیەکی ڕووکەشیانەی لەخۆ گرتووە؟ یان چی وایلێکـردوین

ئەمە بڵێین؟ لە وەڵامدا دەڵێین چونکە تائێستا ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دانیشتنێکی هەمیشە داخراوی پێکهاتەی پەرلەماندا، نەزانراوە یان نەبینراوە ئافرەتێکی پەرلەمانتار قسەیەکی جیدی کە پشت ئەستوور بێت بە دیراسەیەکی مەیدانی و زانستی، لەسەر دیاردە هەنووکەییە زۆر باو و بەرچاوەکانی وەکو "خۆسوتاندن، کوشتن، ئەتککردن، تێزاب پێداکردن، ئیهانەکردن... هتد" کردبێت لە ئەنجامیدا کێشەیەکی گەورەی خوڵقاندبێت، دواجار بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی بە ناچاری هەنگاوی بۆ هاوێشترا بێت لەلایەن حکومەت و دەزگا پەیوەندارەکانی. تا ئێستا نەبینراوە یا نەزانراوە ڕۆژێك لە ڕۆژان پەرلەمانتارێکی ئافرەت بە دەنگ هاتبێت یا هەڵوێستێکی توندی وەرگرتبێت لەسەر کێشەیەکی چارەنووسسازی تایبەت ئافرەت، بۆ نموونە " زۆربوون و چەند هێندبوونی ڕەگەزی مێ لە بەرامبەر نێر"، ئەمەی وەکو بابەتێکی سەرنجڕاکێش و هەڵوەستەپێکار خستبێتە بەر دیدی ئەوانیتر، ئینجا بە مەبەستی چارەسەرکردنێکی بنەرەتیانە، دیالۆگ و گفتوگۆی لەسەر کرابێت، کەواتە بێتوانایی و قسەنەکردن و بە دەنگەوە نەهاتنی پەرلەمانتارە ئافرەتەکان، لە بەرامبەر کێشە ئێستایی و هەمیشەییەکانی کۆی کۆمەڵگا بەگشتی و ڕەگەزی مێ بەتایبەتی، هەوێنی گەڵاڵەبوونی ئەم قسەیەی سەرەوەیە.

بەکورتی کە دەڵێین بەشداری کردنی ڕەگەزی مێ لەنێو پەرلەماندا بە سیفەتی "پەرلەمانتار" بەشداریەکی ڕووکەشیە، لەوێوەیە ژن وەکو ئەندام پەرلەمان لەنێو جیهانی پێکهاتەدا، قسەی جیدی لەسەر پرسە وابەستەیەکانی خۆی ناکات و کێشەکان ناوروژێنێت و دەنگی بەڕووی ئەوانیتر بەرز ناکاتەوە، واتا کاراکتەرێکی ئەکتیڤ نییە، بەڵکو تەنها وەکو بتێك یا بۆدیەك ئامادەیی هەیە، لە کاتی پێویستدا ڕۆڵی دەست بەرزکردنەوە دەبینێت بۆ چەسپاندنی بڕیارێك، ئەمەش پێشتر ئیحازی پێدراوە کە دەستی بەرزبکاتەوە، ئەو نازانێت بۆ دەستی بەرز دەکاتەوە، نازانێت گرنگی ئەو دەست بەرزکردنەوەیە چییە، تەنها دەستی بەرز دەکاتەوە، ئینجا گرنگ نیە دەرەنجامەکەی چۆن دەبێت، چونکە بە زەروورەت لە پرسەکە نەگەیشتووە، دیراسەی ڕەهەندەکانی نەکردووە،

ڕەنگە پێشی گرنگ نەبێت لە پرسەکە بگات "بە دانپێنانی ڕاستەخۆی پەرلەمانتارێکی ئافرەت"، چونکە ئەگەر پێی گرنگ بێت ئەوا بە زەرورەت دەست بۆ بڕیارێك لە بارەی پرسێکی دیاریکراودا بەرز ناکاتەوە کە لێی تێناگات، بەڵام کاتێك بیّ پرسیارکردن و هەڵوەستەکردن و تێگەیشتن دەست بۆ بڕیارێك بەرز دەکاتەوە، ئەوا ئامادەییە ڕووکەشیەکەی خۆی دەسەلمێنێت.

هەندێکجار دەسەڵاتی کوردی لە میدیا حزبی و "بەناو حکومیە" کان ڕێکلام دەکات، بەوەی لەنێو ئەم پێکهاتانەدا ڕەگەزی میّ هاوچەشنی ڕەگەزی نێر، خاوەنی دەنگ و ڕەنگ و دونیابینی خۆیەتی، ڕێکلامی ئەوە دەکات ئافرەت وەکو پیاو بۆی هەیە دەنگی هەبێت، لە دامودەزگا ئیداریەکان داوای ماف و ئەرك بکات، ڕێکلامی ئەوە دەکات کە هەزمی بوونی جەستەیەکی بە چاوی ڕەگەزی میّ لەتەك خۆی و لەنێو هەموو پێکهاتە و دامودەزگا دروستکراوەکانیدا دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تا ئەو شوێنە ڕاستە کە لە شتە پەنهان و شاراوە و ژێر پەردەکانەوە بێئاگا و ناشارەزاو بیت، تا ئەو شوێنە ڕاستە کە نەزانیت چۆن دونیایەك هەیە لە سەرەوە و لەبەرچاوان، بەمجۆرەش دونیایەك هەیە لە ژێرەوە و لە پشت پەردە، چۆن دونیایەك هەیە بە ئاشکرا ئیش و کاری تیا بەڕێوەدەچێت، بەم شێوەیەش دونیایەك هەیە بە نهێنی ئیش و کاری تیا بەڕێوەدەچێت، ئیحاز ڕۆڵی سەرەکی تیا دەگێڕێت، ئەگەر گریمانی ئەوەش بکەین ئەم ڕێکلامە بەشێك لە ڕاستی تیایە، ئەوا لەوێوە پێدەچێت شێوەیەکی ناچارییانە و پیّ لە جگەرنانەی لەخۆ گرتبێت، چونکە داننان بەم پرسە لەلایەن دەسەڵاتی پاتریارکی کوردی، لەگەڵ ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئەو لە بەرامبەر ئافرەت و لەنێو واقیعی ژیانی کۆمەڵگا یەکناگرێتەوە، بەڵکو سەد و هەشت پلە لە یەکتری دوورن. باشە ئافرەتی پەرلەمانتار هەمان ئافرەتی ناو کۆمەڵگایە، دەسەڵاتی کوردیش هەمان پیاوی ناو کۆمەڵگایە، ئەگەر دەسەڵات نەتوانێت لە دەرەوەی پەرلەمان ڕێز بۆ ئافرەت دابنیّ، ئەی چۆن دڵنیابین لەوەی لەناو پەرلەمان دەتوانێت ڕێزی لێبگرێت، ئەگەر دەسەڵات لە دەرەوەی پەرلەمان ئافرەت وەکو مرۆڤێکی ناکامڵ و ناتەواو ببینێت، ئەی چۆن لە ناوەوەی پەرلەمان دەتوانێت بە مرۆڤێکی کامڵ و تەواو ببینێت. بێگومان ستایلی

ئافرەتبینی پیاو لە دەرەوەی پەرلەمان، هەمان ستایلی ئافرەتبینیە لە نـاوەوە، بـەڵام لێـرەدا پرسـێك سیاسـی دێتـە پـیش، ئـەویش پرسـی خـۆ بەعـەقڵانی و پێشکەوتووخواز و دیموکراسیخواز نمایشکردنی دەسەڵاتە.

لێـرەوە دەسـەڵات بەشـێوەیەکی ناچـاری دان بـەم کـامڵی و یەکدەنگیـەی ئافرەت ناوە، ئەوەش "رووکەشیە"و مەبەستیـشی ئەوەیـە تـاوەکو بـۆ دەرەوە بیسەلمێنێت ئـەوە حەقیقـەتی بینـین و مامەڵـەکردن و هەڵسوکەوتکردنی ئـەوە لەگـەڵ ئـافرەت و گـشت چـین و توێـژەکانی کۆمـەڵگا. دیـارە هـەممی گـەورەی دسەڵاتی سیاسـی کـوردی لـەم خۆپێـشاندانەدا، بـە هەڵـەبردن و هەڵخەڵەتانـدنی بینینەکانی دەرەوەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی پشتگری دەرەوە و نـاوەوە لـەو زیـاتر بێت، بـەڵام ئـەو تائێـستا لـەوە بـە ئاگـا نەهاتۆتـەوە کـە دەرەوە "ئـەوەی ئـەو دەخوازێـت بینینـەکانی بەهەڵـەدا ببـات" دەتوانێـت بـە ئاسـانی و لـە رێگـای کەناڵیترەوە وەکخۆی چۆنیەتی ژیانکردن و ستایلی بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵگایـە ببینێـت و بڕیـاری لەسـەر بـدات، هێـشتا بـە ئاگـا نەهاتۆتـەوە لـەوەی دەرەوە دەتوانێـت ئـەوە بزانێـت کـە تـەنها لـەنێو ئـەم دامودەزگـا و پێکهاتـە بـە فـۆرم مۆدێرنانـەدا مامەڵـەکردن و ئـافرەتبینی بـەم شـێوەیە، هێـشتا لـەوە بـە ئاگـا نەهاتۆتەوە کە چۆن پەرلەمان هەیە و ئافرەتبینی تیایـدا بـەم چەشـنەیە ئـاواش دەزگایتر هەیە، بەڵام بەشێوەیەکیتر مامەڵە لەگەڵ ئافرەت دەکات و لـە ئـافرەت دەڕوانێت. لێرەدا ئێمە ناخوازین بە درێژی قسە لەسـەر دونیـای نێـو پێکهاتـەی پەرلەمان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بکەین، بـەڵام ئـەوەی دەیخـوازین و جـەختی لێدەکەین ئەوەیـە "ئـافرەت" تیایـدا خـاوەنی دەنگێکـی تایبـەت و سـەربەخۆی خۆیەتی، یەك جەستەی ئافرەت یەك دەنگی تەواوی هەیە، ئا لێرەوە ئافرەتبینی پەرلــەمان ئافرەتبینییــەکی عــەقڵانی و لــۆژیکی و واقیعبینیــە و بــەپێی پرنـسیپەکانی ئـازادی و دیموکراسـیو یەکـسانیخوازی و مـافی مـرۆڤ بـەڕێوە دەچێت.

## -3-

لـەم بەشـەدا خۆمـان تـەحویلی سـەر باسـکردنی جـۆرێکیتر لـە ئـافرەتبینی دەکەین کە لـەنێو یـەکێك لـە دامودەزگـا هـەرە دیـار و بەرچـاوەکانی کۆمـەڵگای

ئێمـەدا بـۆی دەکرێـت، و لـە هەمانکاتیـشدا پەیوەسـتبوونێکی ئێکجـار پتـەو و توندی لەگەڵ پێکهاتەی پەرلەمان هەیە، ئەویش پێکهاتەی دادگایە.

لێرەدا مەبەست لە دادگای حکومیە نەوەکو ئەو دادگا غەیرە حکومی و حزبی و کۆمەڵایەتییـە لا بـە لایانـەی لێـرەو لـەوێ بـە شـێوازێك و فۆرمێـك و یاسـا و رێـسایەکی تایبەتییـەوە، بـۆ مەبەسـتی چارەسـەرکردن ڕووبـەڕووی کێـشە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگا دەبنەوە و بڕیار دەدەن.

کەواتە لەم بەشەدا قسە لە چۆنیەتی ئافرەتبینی پێکهاتەی دادگـای حکـومی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین چۆن لـە ژن دەڕوانێـت و مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـات، چ حوکمێکی بەسـەردا دەسـەپێنێت و چ نـرخ و بـەها و پلەیەکیـشی بـۆ دادەنێـت، ئینجا لەوێوە دەچینە سەر بەراوردکردنێکی خێرا و سەرپێیانەی لەگەڵ چۆنیەتی ئافرەتبینی و مامەڵەکردن و حوکمدانی پێکهاتەی پەرلەمان.

بە بۆچونی من لەنێو دادگادا ئافرەت بەوێنەیەك نیگا دەکرێت و ئیعتباری بـۆ دادەنرێت کە جۆرێك لە بەسوك سەیرکردنی لێوە بەدیدەکرێت، نەك وەکو ئەوەی لە پەرلەماندا ئامادەیە، بەڵام ئەمە چۆن بسەلمێنین؟ ڕاستی ئەم قـسەیە لـەوێوە بەرجەسـتە دەبێـت کاتێـك لـەنێو دادگـا کێـشەیەك یـان پرسـێکی هەنووکـەیی پێویستی بە قسەکردن و دەنگدان و شاهێدیدانی ئافرەتەوە دەبێـت، چـونکە لـە نێویدا دەنگی وەکو خـۆی بـە کـامڵی و بـە تـەواوی وەرناگیرێـت و ئیعتبـاری بـۆ دانانرێت، بەڵکو بە ناکامڵی و ناتەواوی وەردەگیرێـت، بـەڵام بـەبێ لـە بیرکردنـی ئـەوەی ئـەم قـسەیە لـە هـەموو حاڵـەت و لـەنێو گـشت پرسـەکان بـەمجۆرە نییە،مەبەست لە هەموو پرسەکاندا ئافرەت دەنگی بە ناکامڵی و ناتەواوی "نیوە دەنگ" وەرناگیرێت، بەڵکو تـەنها لـە چـەند پرسـێکی دیـاریکراودا ئەمـە ڕاسـتە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەوەی جۆرێـك لـە سـوودمەندی بـۆ ئێمـە "لـەم وتـارەدا" دەگەیـەنێت ئەوەیـە لـە بەشـێکی ئـەم مەسـەلانە دەنـگ و سـەنگی ئـافرەت بەمجۆرەیە، لەنێو دادگادا "لە پرسەی پەیوەستدارەدا " یەك جەسـتەی تـەواوی ئافرەت بە نیو جەستە، یەك دەنگی تەواوی بە نیو دەنگ، یەك بینی تـەواوی بـە نیو بینین دادەنرێت یا دەژمێردرێت، بەمەش کـۆی جەسـتەی هـەردووانێکیان بـە

جەستەیەك و كۆی دەنگی هەردووانێكیان بە دەنگێك و كۆی بینینی هەردووانێكیان بە بینینێك دادەنرێت یا دەژمێردرێت.

لێرەوە ئەم ئافرەتبینیە ئەوە دەگەیەنێت كە ڕەگەزی مێ عەقڵی نیوە عەقڵ و ئیرادەی نیوە ئیرادەیە، هێزی نیوە هێزە و توانای نیوە توانایە، چاوی كورت و لێڵ بینە، دەنگی كز و نووساوە، جەستەی ئیفلیج و ناتەندروستە، ئەوە دەگەیەنێت كە ڕەگەزی مێ ڕەگەزێكی زەلیل و زەعیفە، پەرچە و ناكارایە، كورت نەفەس و كەم دەسەڵاتە، ئەوە دەگەیەنێت كە ناتوانێت دیاردە و پرسەكان وەكو خۆی دوور لە لێڵی و تەمومژی ببینێت و دوور لە ڕاڕایی و دوو دڵی بڵاوی بكاتەوە یا قسەی لەسەر بكات، ئەم ئافرەتبینیەی دادگا ئەوە دەگەیەنێت كە ژنێك بە تەنها شایانی باوەڕپێكردن نییە، شایانی ئەوە نییە گوێكانت لە خزمەتی سەدای دەنگ و مانای قسەكانی ڕابگریت، بەردەوام دەبێت گومان لە ڕاستی و ناڕاستی وتەكانی بكەیت، گومان لە ئامادەبوون و نەبوونی لە ڕووداوێكدا بكەیت، گومان لە بینین و نەبینینی شتێك یان دیاردەیەك بكەیت، لێرەوە ئەگەر كەمێك بە وردی لەم مەسەلەیە بڕوانین، ئەوا ڕوون دەبێتەوە كە ئەمجۆرە تێڕوانینە لە ئافرەت لە بنەچەدا تێڕوانینێكی تواناكوژ و ئیفلیجكارە، تێڕوانینێكی بە بچووك تەماشاكار و سوك پەخشكارە، بەكورتی تێڕوانینێكە لە توانا و هێزی ژن كەم دەكاتەوە، هەوڵ دەدات ژن بە بوونەوەرێكی كەم هێز و كەم ئیرادە پەخش بكات، تێروانینێكە ژن كەمنرخ و بێبەها دەكات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەم حوكمەی دادگا لەكوێوە هاتووە؟ ئایا ئەم حوكمەی دادگا هەروا و لە خۆرا بەبێ ئامادەبوونی هیچ یاسایەك و دەستورێك "لەپشتیەوە" هاتووە، یان ڕەگ و ڕیشەی لە هەناوی یاسایەك و دەستورێكدا ئامادەیە و بەپێی لۆژیك و تێگەیشتنی ئەوەوە هاتۆتەبوون؟

وەكو دەزانرێت ئەم ئافرەتبینیەی دادگا پەیوەندی بە ئایین و یاساو دەستووری ئایینەوە هەیە، كە تێكستە نەگۆڕە ڕەهاكەی لە زەمەنێك بەر لە ئەمڕۆدا بە كۆمەڵێك بینین و یاسا و ڕێسا و پرنسیپ و بڕیاری تایبەتەوە، بۆ مەبەستی ڕێكخستن ژیانی كۆمەڵایەتی و كۆنترۆڵكردنی ئەندامانی كۆمەڵگا و

چارەسـەرکردنی مەسـەلە جۆراوجۆرەکـانی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی دارێـژراوە، چونکە ئەگەر زەین بدەین تەنها ئاین "ئاینی ئیسلام" بـەم شـێوەیە لـە ئـافرەت دەڕوانێت و حوکمی لەسەر دەدات، مەبەست تەنها ئایینـە دەنگـی ئافرەتێك بـە نیوە دەنگ و دەنگی دوو ئافرەت بـە دەنگێك دادەنێـت، بەمـەش ئـەوە ئاشـکرا دەبێت کە پێکهاتەی دادگا بە پێی یاسـاو ڕێسا و دەسـتووری ئایینـەوە بـەڕێوە دەچێت.

کەواتـە ئێـستا ئێمـە لەبـەردەم ئـافرەتبینی هـەردوو پێکهاتـەی "پەرلـەمان/ دادگـا" دایـن کـە هەریەکـەیان بـە سـتایلێکی جیـا لـەویتر بەڕێوەدەچێت بـە یاسایەکی جیا لەویتر حوکمی خۆی دەدات، پێکهاتەی پەرلەمان بەپێی پرنسیپی مـافی مـرۆڤ و دیموکراسـی و یەکسانیخوازی مرۆڤـەکان، دونیـای خـۆی بـەڕێوە دەبات، پێکهاتەی دادگاش بە پێی یاساو دەستووری ئاینی، بەمـەش جۆرێك لـە ناتـەبایی لـە نێـوان ئـافرەتبینی ئـەم دوو پێکهاتەیـە بەدیدەکـەین، چـونکە هـەر یەکـەیان بـەپێی دەسـتورێك و یاسـایەکی تایبەتـەوە دونیاکـەی خـۆی بـەڕێوە دەبـات، بـێ ئـەوەی دونیـای ئـەویتر لەبەرچـاو و بەهەنـد هـەڵبگرێت، بـەڵام لـە کۆمەڵگایەکدا ئیـشکردن بـە هـەر یاسـایەك و دەسـتورێك لـەوێوە ڕاسـتە تـەواوی کۆمەڵگا و دامودەزگاو پێکهاتەکانی بێ جیاوازی ئیشی پێبکـەن، نـەوەکو لەهـەر شـوێنێکدا یاسـایەك و دەسـتورێك ئامادەبێـت، جیـا لـەوانیتر ئیـشی پێبکرێـت وەکئەوەی لەنێو ئەم دوو پێکهاتەدا دیارە.

بەم چەشنە بوون و ئامادەیی دوو دامودەزگا لە یەك سـەرزەمینی ژیانکردنـدا زیاد لە پرسیارێك قـووت دەکاتـەوە، لەوانـە ئایـا دەکرێـت لـە یـەك کۆمـەڵگادا و لەسەرزەمینی یەك شارداو لە ژێر دەسەڵاتدارێتی یەك دەسەڵاتدا، دوو پێکهاتـەی جیاواز و لە هەمانکاتیشدا پەیوەست بەیەکتری هەبێت کە هـەر یـەکێکیان بـەجیا و بەپێی یاسایەك و دەسـتورێك بەڕێوەبچێت، بـێ ئـەوەی گـوێ بداتـە ئـەویتر و بەهەنـدی هـەڵگرێت؟ ئایـا ئـەو پەرلـەمانتارە ئافرەتـە هـەمان حـوکمی دادگـای بەسەردا دەسەپێنرێت؟ ئایا ئەویش هاوشێوەی ئەوانیتر دەنگی بە نیوە دەنگ و جەستەی بە نیوە جەستە دەژمێردرێـت؟ ئەگـەر گریمـانی ئـەوە بکـەین حـوکمی

دادگا بەسەر ئافرەتە پەرلەمانتارەکانیش پـەیڕەو دەکرێـت، کەواتـە لێـردا چـۆن دەکرێت لە پەرلەماندا ئەندامێك یـان چـەند ئەنـدامێکی ناکـامڵ و ناتەندروسـت و ئیفلیج ئامادە بێت و لـە هەمانکاتیـشدا نوێنەرایـەتی کۆمـەڵگا بکـات و بـە نێـوی ئەوانەوە و لەجیاتی ئەوانەوە قسە بکات و بڕیاری چارەنووسساز بدات؟ ئایا ئەم ئافرەتبینیەی دادگا ئەوە ناگەیەنێت کە پێویست بکات دوو ئافرەت لـە تەنیـشت یەك لەسـەر یـەك کورسـی پەرلەمانـدا دابنیـشێت؟ ئەمانـە و چـەندین پرسـیاریتر پێویستیان بە وەڵامدانەوە دەبێت لەم پرسەدا.

ئـەوەی لـەم بەشـەدا مـاوە بیڵـێین ئەوەیـە ئـەم دوو جـۆرە ئافرەتبینیـەی "پەرلەمان/ دادگا" لەیەك شوێنکاتدا جۆرێك لە عاجباتی دروسـتدەکەن، یـان بـە مانایـەکیتر بـەرەو ڕێـچکەی بیرکردنـەوە لـە عاجباتیمـان دەبـەن، بـەڵام لێـرەدا عاجباتیەکـە بەوەنـدە ناوەسـتێت، چـونکە ڕوو لـە ئاقـارێکی قـوڵتر دەکـات و عاجباتیەکەش زیاتر پیشاندەدات کە لە بەشی داهاتوودا لێی دەدوێین.

**-4-**

لەم بەشـەدا دەچـینە سـەر باسـکردنی جـۆرێکیتر لـە ئـافرەتبینی کـە لـەنێو یـــەکێك لـــە دامودەزگـــا زینـــدووکانی کۆمـــەڵگای ئێمـــە ئامادەیـــە ئـــەویش "بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە"یە.

لەم پێکهاتەیەدا ئەوەی شوێنی هەڵوەستە بۆکردن و قسە لەسـەرکردن بێـت ئەوەیە بەوەندەی دادگا ناوەستێت لـە بەکـەم سـەیرکردن و سـووك سـەیرکردنی ڕەگەزی مێ، بەوەندەی دادگا ناوەستێت لـە بـەهادان و کـەمنرخکردنی ڕەگـەزی مێ، بەڵکو لەویش زیاتر پێدا دەگرێت و ڕوو دەچێتە خوار، بەوەی لەنێویدا ڕێگـا نادات ئافرەت دەنگی هەبێت و بە شاهێد بچێت، واتا بەوەندەی دادگا ناوەستێت کـە دەنگـی دوو ئـافرەت بـە دەنگێـك و جەسـتەی دوو ئـافرەت بـە جەسـتەیەك بژمێردرێت "لە کاتی دەنگدان و شاهیدیدان"، بەڵکو ئافرەت هەر دەنگی نییـە و بە شـاهیدیش ناچـێت. ئاشـکرایە بـە شـاهید نەچـوون ئـەوە دەگەیـەنێت یـەکێك چاوی نەبێت بۆ بینینی دونیای دەوروبـەر، واتـا نابینـا و کـوێر بێـت و نـەتوانێت ماتریال و بوو دیاردەکانی واقیع وێنا بکات و بیانخوێنێتـەوە و لێکیـان بداتـەوە،

لە کاتی پێویستدا قسەیان لەسەر بکات و شاهێدیان بۆ بدات. لێرەوە بەپێی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەم هاوکێشەیە و بە لەجیاتی دانان ئافرەت بێچاو و کوێر و نابینایە.

بەڵام لە ئەزموونەوە زانراوە کۆمەڵگای ئێمە بەهۆی ئامادەبوون و بەردەوامبوونی هەردوو دیاردەی بەردەوامی "کۆچ، شەڕ" کردن، هاوکێشەی جووتەکانی تیا گۆڕاوە و یەکسانییەکەی تێکچووە، واتا لە دەرەنجامی ئەم دوو پرۆسەیەدا ڕەگەزی مێ بە ژمارە ڕووی لە زیادی و ڕەگەزی نێریش لە کەمی کردووە، بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرەی کە ڕەگەزی مێ لە ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا، ڕێژەیەك و بەشێکی بە ژمارە زۆرتری لە ڕەگەزی نێر پێکهێناوە، لێرەدا ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین ڕەگەزی مێ بێچاو و کوێرە و توانای بینینی دونیای نییە وەکئەوەی ئەم پێکهاتەیە پێیوایە، کەواتە بەشێك و ڕێژەیەکی زیاتر لە نیوەی کۆمەڵگا کوێرە و بێچاوە و ناتوانێت دونیا ببینێت، ئەمە جگە لەوەی ڕەگەزی نێریش وەکو ئەوەی لە زانستە مرۆڤایەتییە جیاجیاکاندا ڕوون کراوەتەوە لە ڕەگەزی مێ هاتۆتەبوون، کەواتە دەبێت ڕەگەزی نێریش کوێر و نابینا بێت، چونکە لە بنەچەدا لە بوونەوەرێکی کوێر و نابینا لە دایکبووە یان هاتۆتەبوون. بەمەش ئێمە لەبەردەم کۆمەڵگایەکداین بەپێوە وەستاوە و هاتوچۆ و مامەڵە دەکات، یەکە و پێکهاتە و دامودەزگاکانی بەڕێوەدەبات، کەچی لە هەمانکاتدا هیچ ئەندام و یەکەیەکی چاوی نییە و ناتوانێت دونیا ببینێت.

ئێستا شوێنی خۆیەتی بپرسین ئەم تێڕوانین و ئافرەتبینیە لەکوێوە هاتووە، یان لەنێو کام سیستەمی ژیانکردندا ئامادەیی هەیە؟ بەمانایەکیتر سەندنەوەی چاو لە ئافرەت، و ڕووتکردنەوەی لە نرخ و بەهای مرۆیی و بەتاڵکردنەوەی لە سیفاتی مرۆییانەی خۆی و بێچاو پێشاندانی، بۆ کام سیستەم و کام کولتووری ژیانکردن دەگەڕێتەوە؟ بە بۆچوونی من ئەم تێڕوانین و ئافرەتبینیە، ئەم سەندنەوەی چاوە لە ژن و ڕووتکردنەوەی لە نرخ و بەهای مرۆیی و بەتاڵکردنەوەی لە سیفاتە مرۆییانەی خۆی و بێچاو پێشاندانی بۆ سیستەمی

پاترياركی دەسەڵاتگەرا دەگەڕێتەوە، بەڵام لە چ سيستەمێك و زەمەنێك، ئەو سيستەمەی كەوا زەمەنێكی لەوەو پێش لە بيابان و كۆمەڵگا بەدەوييەكان پەيڕەوی لێدەكرا.

ئاشكرايە سيستەمی پياوسالاری ئافرەت كوێر و بێچاو دەكات، بێهێز و بێئيرادە دەكات، لەنێو ئەم سيستەمەدا پياو ناهێڵێت ژن شاهيدی بدات، چونكە پێيوايە چاوی نييە، ناهێڵێت قسە بكات، چونكە پێيوايە توانای قسەكردنی نييە، لێناگەڕێت ئافرەت خاوەنی شت و كەلوپەل و ئامێر بێت، چونكە لە ڕوانگەی ئەوەوە خۆی شت و كەلوپەل و ئامێرە، لێناگەڕێت ئافرەت موڵكدارێتی بكات، چونكە خۆی موڵكدارێتی لەسەر دەكرێت.

پياو قەت ئامادە نييە دەست لە خاوەندارێتيكردن بەر بدات، بۆيە ڕێگا نادات ئافرەت ئەگەر بەشێوەيەكی ڕێژەييش بێت خاوەندارێتی بكات، چونكە ئەوە دەزانێت خاوەندارێتيكردن شانسی قسەكردن و مامەڵەكردن و بينين دەدات بە ئافرەت، خاوەندارێتيكردن پێويستی بە قسەكردن و بينين دەبێت، ئەمەش پێويستی بە خۆداماڵين دەبێت لە تەپ و تۆزی دەستەمۆيی، هەمووی ئەمانەش پێويستيان بەچاو و هێز دەبێت، لێرەوە كاتێك پياو لەنێو سيستەمی پياوسالاريدا ئافرەت بە نابينا و كوێر و بێهێز پيشاندەدات و بە شاهێدی نابينێت، بۆ ئەوەيەتی لەخاوەندارێتيكردن دووری بخاتەوە، لە هەبوونی موڵك و سامان دووری بخاتەوە، چونكە خاوەندارێتيكردن دەنگهەڵبڕينيشی لەگەڵدايە، قۆناغی دوای نەهێشتنی دەستەمۆيی و خۆداپچڕانی لەگەڵدايە، تێكشكاندنی كۆت و بەند و سانسۆری سەپێنراوی لەگەڵدايە، ئەمانەش قبووڵكردنيان لەلايەن پياوەوە مەحاڵە، چونكە سەندنی شتومەك و كەلوپەلە لە دەستی پياو، ئەمەش " بەپێی تێروانينی پياو" مانای وەرگرتنی كۆنترۆڵە لە دەستی پياو. نەهێشتنی سيستەمی باوی ژيانكردن و گۆڕانيەتی بە سيستەمێكيتر.

كەواتە كاتێك پياو دەخوازێت ژن لە خاوەندارێتيكردن دووربخاتەوە، بۆ ئەوەيەتی لە ناكۆنترۆڵی و نادەستەمۆيی دووربخاتەوە، بۆ ئەوەيەتی لە ئازادی و سەربەستی دوور بخاتەوە، چونكە خاوەندارێتيكردن ئەگەرێكە بۆ هاتنە ئارای

ئازادی و سەربەستی، بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە دوو لەو هۆکار و فاکترە بەرچاوانەی کە سیستەمی پیاوسالاری لەسەر بونیادنراوە و بەردەوامیش لە نێویدا ئیشی بۆ دەکرێت خاوەنداریێتیکردن و کۆنترۆڵکردنە، هەر بۆیە ئەمانەش دەبنەوە دوو لەبەرچاوترین کێشەی پیاو لەنێو سیستەمدا. لێرەوە دەڵێین لە کوێدا ژن وەکو کەلوپەل و ئامێر دوور لە مرۆڤبوون سەیر بکرێت، لە کوێدا ژن سەدای دەنگی کپ بکرێت و چاوی ببەسترێت، ئەوا لەوێدا سیستەمی پیاوسالاری ئامادەیە، بەمەش دەگەینە ئەو حاڵەی بڵێین پێکهاتەی "بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە" بەپێی یاسا و ڕێسا و دەستوری پیاوسالاری بەڕێوە دەچێت، بەڵام چ یاسایەك، یاسایی سەردەمی بیابان و کۆمەڵگا بەدەوەی.

لەبەرئەوەی ئەم دەزگایە ئافرەت بە کوێر و بێچاو دەبینێت، بۆیە باشترێکە ئێمە سەر لەنوێ لەژێر میکرۆسکۆبی بینینەکانی خۆمان سەیری جەستەی ئافرەت و چاوەکانی بکەینەوە و هەوڵبدەین لێیانەوە نزیك بینەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی لە ڕاستی و ناڕاستی، لەدروستی و نادروستی ئەم حوکمە ئاگادار و دڵنیا بین، ئەگەرچی بەشێکی نێر لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەندێکجار بە بینینی جەستەی مێ ختوکە دەیگرێت و بەنزیکبوونەوەی لێی لەهۆش دەچێت، بەڵام ئەم نزیکبوونەوەیە وەکو ئاماژەم بۆکرد لە ئێستادا پڕ سوودە.

ئەگەر سەیرکردنی جەستەی مێ لە نزیکەوە کارێکی زەحمەت و قورس بێت، ئەوا لە دووری ئەودا لەبەردەم دوو ئەگەر دەبین یان ڕاستە یان ناڕاستە.

ئەگەر گریمانی ڕاستی ئەم حوکمە بکەین، ئەوا لەوێوە ئیدی ڕێکلامی ئیشکردن و چالاکی نواندنی هەموو ئەو ئافرەت و ژنانەی کە لەنێو ڕێکخراو و دامودەزگای حزبی و حکومییەکان "بە خودی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانیشەوە" پووچ و بەتاڵ و بێمانا دەبێتەوە، دواجار دەبێت هەموویان بچنەوە ژێر باری بڕیارەکانی سیستەمی پیاوسالاری دەسەڵاتگەرا، ئیدی لەنێو چوارچێوەی ماڵی نێرە پەیوەستەکانیان ئامێرئاسا براکسیسی هەر سێ کارکردە بە زۆر سەپێنراوەکەی سەریان "زایەندکردن، منداڵبوون، کەیبانوو" بکەن، لێرەوە هەڵەی گەورە یاخود خۆهەڵخەڵەتاندنی گەورەی ئافرەت ئەوەیە وا

تێبگـات کـار و چـالاکی دەکـات، هەڵـەی گـەورەی ئـافرەت ئەوەیـە وا تێبگـات ئەکتیڤە و بەهای هەیە، گوێی لێدەگرێت و بە مرۆڤ دەبینرێت.

بەڵام ئەگەر گریمانی ناڕاستی ئەم حوکمە بکەین " کە ئەمـە ڕاسـتەکەیەتی"، ئـەوا ئیـدی دەبێـت هـەنگاو بـۆ گێڕانـەوەی بـەهاو حورمـەتی لـە دەستـچوویان بهاوێــژرێت و بــە جۆرێــك لــە جۆرەکــان هەیبــەت و بــەها و مرۆڤبوونیــان بــۆ بگێردرێتەوە، ئیتر بـە چەشـنێکیتر مامەڵـەیان لەگەڵـدا بکرێـت. بـە ڕبـچونی مـن هەڵەی گەورە بەتەنها لە ژندا نییـە، بـەڵکو لـە پیاویشدایە، واتـا هەڵـەی گـەورە هەڵەیەکی دووسـەریە، لـە سـەرێکیدا لـە پیاودایـە، چـونکە وەکـو مـرۆڤ سـەیری ئافرەت ناکات، هەوڵـدەدات وەکـو هـەر کەلوپـەل و ئـامێرێکی بێـچاو و بێهەسـت مۆنۆپـۆلی بکـات، لـە کـاتی پێویـستدا بـەکاری بهێنێـت، لـە سەرەکەیتریـشدا لـە ژندایە، چونکە لەنێو ڕێکخراو و دامودەزگا حزبـی و حکومییـەکان قـسە و کـار و چالاکی بۆ سیستەمێك دەکات، کـە دواجـار تیایـدا وەکـو مـرۆڤ سـەیر ناکرێـت و هەوڵـدەدرێت وەکـو ئـامێر مۆنۆپـۆل بکرێـت، یـان بەشـێوەیەکیتر بـەرگری لـە سیــستەمێك دەکــات کــە بــەهاو حورمــەتی دەشــکێنێت و بــە کــوێر و بێــچاو پێشانیدەدات.

لێرەوە پرسیار ئەوەیە ئایا ئـەو ئافرەتـە وەزیـر و پەرلـەمانتارەی کـە لـەنێو پێکهاتــە پەیوەســتەکانیان خــەریکی ڕاپەڕانــدنی ئیــشوکار و چــالاکییەکانن، ئــەوانیش لــەنێو پێکهاتــەی نــاوبراو بــە شــاهێد ناچــن و دەنگیــان نییــە؟ یــان بەپێچەوانەوە ئەگەر قەرارە ئافرەت بە شـاهێد نەچـێت و چـاوی نـەبێت، کەواتـە چۆن دەکرێت لەنێو هەیکەلی پەرلەماندا وەکـو ئەنـدامێکی کـارا ئامادەبێـت و لـە بڕی کۆمەڵگا قسە بکات؟ ئایا ئەو ئافرەتە پەرلـەمانتارە لـە هـەمان جنـسی ئـەو ئافرەتە نییە کە لە پێکهاتەی نێوبراودا بە شاهێد ناچێت، یان ئـەوە جـۆرێکیترە لە ئافرەت و لە شوێنێکیتر ئیستیرادمان کردووە؟.

**-5-**

**ئـەنجامگیری**: لـە ئـەنجامیگیری هـەموو ئەمانـەی پێـشەوە دەڵـێین لـە نێـو یـەك کۆمەڵگادا و لە یەك سـەرزەمینی هاوبەشـی ژیانکردنـداو لـە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی

یەك دەسەڵاتی بەڕێوەبرندا، و لەنێو سێ دەزگا و پێکهاتەی جیاجیا "پەرلەمان/ دادگا/ بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە"دا، سێ جۆرە مامەڵەکردن لە بەرامبەر ژندا ئامادەیە، سێ جۆرە ئافرەتبینی هەیە، تیایاندا ژن بە سێ وێنەی جیا، بە سێ نرخ و بەهای جیا پیشاندەدرێت، مەبەست لە نێو کۆمەڵگایەکدا سێ جۆرە پێکهاتە ئامادەیە و هەریەکەشیان بێئاگاو جیا لەویتر بەپێی یاسایەك و دەستورێك بەڕێوەدەچێت و لە ئافرەت دەڕوانێت.

لە نێو پەرلەماندا یاساو دەستوری دیموکراسی و یەکسانخوازی ئامادەیە و کاری پێدەکرێت، بۆیە ئافرەت مرۆڤێکی کامڵ و تەواوە، یەکدەنگ و یەك جەستەیە و بە شاهید دەچێت و دەتوانێت قسە بکات، لە نێو دادگادا یاساو دەستوری ئایینی ئامادەیە و کاری پێدەکرێت، بۆیە ئافرەت مرۆڤێکی ناکامڵ و ناتەواوە، نیوە دەنگ و نیوە جەستەیە، واتا بە دوو ئافرەت ئینجا شاهێدێك و دەنگێك بۆ قسەکردن پێکدەهێنن، دواجار لەنێو بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە یاسا و دەستوری سیستەمێك ئامادەیە و کاری پێدەکرێت، بۆیە ئافرەت کەلوپەل ئاسا نامرۆڤە، هیچ دەنگی نییە و جەستەکەش وەکو مرۆڤ لەبەرچاو ناگیرێت و ناتوانێت شاهێدی بداتو قسە بکات.

بەبۆچوونی من ئەم سێ جۆرە مامەڵەکردنە جیایە لەگەڵ ژن، ئەم سێ ئافرەتبینییە لەنێو یەك کۆمەڵگا و لەیەك سەرزەمینی هاوبەش و لە ژێر فەرمانڕەوایی یەك دەسەڵاتدا، عاجباتی کۆمەڵگای ئێمە پیشاندەدات و هیچیتر.

**مایۆی 2002**



# گوتاری پیاوبوون... گوتاری وەك باوك لێكردنی كوڕ

## "پێشکەشە بە دەسەڵاتی کوردی کاتێك دوای مێزگردێك یان وتارێك پێت دەڵێت پیاوبە"

**سەرەتا...**

هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی لە رێڕەوی ژیانکردنی خۆیدا خاوەنی کولتورێك و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تایبەتە، هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتیش لە رەوتی روحلەبەربوونی خۆیدا جۆرێك لە پەروەردەکرنی کۆمەڵایەتی تێدایە، کە بەپێی داب و نەریت و بەها و نۆرم و ئەخلاق و پرنسیپە باوەکانی کۆمەڵگا بەرێوەدەچێت، پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی کە لەنێو بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتی"خێزان" دەستپێدەکات،لە قوتابخانە و دامودەزگاکانیتری کۆمەڵگا بەردەوام دەبێت، مەبەست لێیەوە گواستنەوە و گۆڕینی مرۆڤە لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژی، بۆ بوونەوەرێکی بایۆکولتوری"کۆمەڵایەتی"، واتا مەبەست لێیەوە بە کۆمەڵایەتیکردنی تاکی کۆمەڵگایە، ئەمەش بۆ بەردەوامیدان بەو بەها و نۆرمانەی لەناو کۆمەڵگادا هەیە، هەروەها بەردەوامیدان بەو جۆرە ژیانکردنە، بەو سیستەم و نەسەقە کۆمەڵایەتیەی کۆمەڵگا تیایدا دەژیێت.

هەرچەندە پەرەرودەکردنی کۆمەڵایەتی بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بەڵام دیسان پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی کارکردەکەی بەرجەستە بکات، یا باشتر بڵێم مەرامەکەی خۆی بپێکێت، ئەوا پێویستی بە بوونی ئامرازی یارمەتیدەر دەبێت کە ئامرازی زەبتکردنە، لێرەوە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی سادە بێت یا ئاڵۆز، سەرەتایی بێت یا هاوچەرخ، کراوە بێت یا داخراو، ئامرازی تایبەتی زەبتکردنی تێدایە، کەوا لە رێگایەوە هەوڵدەدات بەردەوامی بە سیستەمی باوی خۆی بدات.

پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی کە سەر بەماڵی هەموو بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگایە "سیاسی – کۆمەڵایەتی – ئابووری – ئاینی – ئەخلاقی...هتد"، و دەبێتە میوانی سفرەی هەموویان، ئەوا پێویستی بە زاراوەگەلێك و چەمکگەلێکی نێو دونیای هەموو ئەو بوارانە دەبێت تاوەکو ئامانجەکانی خۆی بپێکێت، بۆ وێنە لەنێو بواری ئاینیدا چەمکگەلێکی وەك (حرامە، ڕۆژی قیامەت، دۆزەخ ....هتد)، لەبواری کۆمەڵایەتیشدا چەمکگەلێکی وەك (عەیبە، شەرمە، پیاوبە...هتد)، بەهەمان شێوە لە بوارەکانیتریش چەمکگەلێکی زەبتکار ئامادەییان هەیە کە پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی هەڵیقۆزتۆتەوە و لە خزمەت مەرامەکانی بەکاریان دەهێنێت.

وتمان هەر کۆمەڵگایەك ئامرازی زەبتکردنی تێدایە، بەڵام ئامرازی زەبتکردن بەپێی جۆری کۆمەڵگاو نەسەقی کۆمەڵایەتی و ئاستی پێشکەوتن جیاوازیان هەیە، دیسان ئامرازی زەبتکردن لەنێو خۆشیاندا ئاست و فۆرمی جیاوازیان هەیە، هەیانە لە ئاستی زمانەوەیە و بەسادەیی و سانایی ئیشی خۆی دەکات دوور لە ڕووبەڕووبونەوە و بەریەککەوتن و توندوتیژی، هەیانە لە ئاستی هەڵسوکەوتکردن و ڕەفتارکردن و ئیجرائات وەرگرتن، سزادانی لە پشتەوە هەیە، سزاکانیش جۆراوجۆرن، لەوانە سزای جەستەیی وەکو بەکارهێنانی توندوتیژی و لێدان، یا سزای کۆمەڵایەتی وەکو بێبەشکردن لە هەندێك ماف، لە ئازادی، یا سزای ئابووری وەکو پێبژاردن و قەرەبۆکردن، یاسزای دەروونی وەك  گۆشەگیرکردن و بەندکردن.

له ئایدیایەکی هەمەکی و ئیتیفاق لەسەرکراودا کە زۆر لە سۆسیۆلۆژیستەکان جەختی لێدەکەن، ئامرازی زەبتکردن ئامرازی نەهێشتن و لەناوبردنی لادان و سەرەڕۆییە، لادانی تاك یا گروپ لەو سیستەمە کۆمەڵایەتیە، لەو جۆرە ژیانکردنە باوەی لەنێو کۆمەڵگادا ئامادەیی هەیە، بەو مانایەی وەزیفەی ئامرازی زەبتکردن نەهێشتنی لادانە لە بەهاو ئەخلاقیاتی باو، ئامرازی زەبتکردن لەخزمەتی کوشتنی لادان بەکاردەهێنرێت، لەکوێدا لادان هەبێت لەوێدا ئامرازی زەبتکردن دەبێت، لەکوێدا لادان بیەوێت خۆی بەیان بکات، لەوێدا ئامرازی زەبتکردن دێتەپێش و خۆی بەیان دەکات، شەڕی لادان و ئامرازی زەبتکردن، شەڕی دوو خەندەقی دژبەیەکی شەڕگەیەکە، شەڕێکە تیایدا هێز و بەرگری، هەنگاونان و پەلاماری هەر خەندەقێك زۆر و بەهێز بێت، ئەوا خەندەقی بەرامبەر تووشی شکست و لەبارچوون دێت، بەمەش نێوانە پێوەندی ئەم دوو خەندەقە پێچەوانە هاوڕێژەیە، بەمانایەکیتر تاوەکو هێز و بەرگری، هەنگاونان و پەلاماردانی خەندەقی لادان زۆر بێت، ئەوا ئامرازی زەبتکردن لاواز دەبێت، بەپێچەوانەشەوە هەر راستە، لێرەوە هەر کۆمەڵگایەك ئامرازی زەبتکردنی بەهێز بێت، ئەوا لادان لێیەوە کەم و ئاستەم دەبێت، هەر کۆمەڵگایەکیش ئامرازی زەبتکردنی لاواز بێت، ئەوا لادان لێیەوە زۆر و ئاسان دەبێت.

به بۆچوونی من کۆی مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی شەڕی نێوان ئەم دوو خەندەقەیە، شەڕی لادان و نەهێشتنی لادان "زەبتکردن"، هەموو ئەو شارستانیەت و بەرەوپێشچوونانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیوە، هەموو ئەو ڕۆشنکردن و ئاسانکردنەی ژیانی مرۆڤ، بەرهەمی ئەم شەڕەیە.

هەروەکو ئاماژەم بۆکرد ئامرازی زەبتکردن لە خزمەتی کوشتن و نەهێشتنی لادان بەکار دەهێنرێت، بەڵام لێرەدا قسە لەسەر ئەوەیە لادان چییە؟ چۆنە؟ بۆ چ مەبەستێك و لە چ ئاستێکدایە...هتد؟ لەگەڵیشیدا ئامرازی زەبتکردن چییە؟ چۆنە؟ بۆ چ مەبەستێك و لە چ ئاستێکدایە...هتد؟ لادان و ئامرازی زەبتکردن بەردەوام دژی یەکن، هەر یەکێکیان ڕووخسارێك و جەوهەرێك، عەقڵێك و مەبەستێکی تایبەتی هەیە، کە لە دەرکەوتەکانیان دژی یەکن، لادان و ئامرازی زەبتکردن هەردووانەیان پەیوەستن بە شوێنکاتێکی تایبەتەوە، هەردووانەیان پێداویستی و زەروورەتی شوێنکاتێکن، کاتێك دوو شتی جیاواز "کە پێوەستی دوو زەمەنی جیاوازن" لە زەمەنێکدا کۆبکرێنەوە، ئەوا لە نێوانیان بەریەککەوتن و پێکدادان ڕوودەدات، ئەمەش بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون بەسەر یەکتر.

لادان و ئامرازی زەبتکردن لە زەمەنێکی دیاریکراودا بەردەوام دژی یەکن، ئەگەر لادان لە ئێستادا گرنگ و سوودبەخش بێت، دیوێك یا فۆرمێکی پۆزەتیف وەربگرێت، ئەوا ئامرازی زەبتکردن لە دژی ئەم لادانە ناگرنگ و زەرەربەخش دەبێت، دیوێك یا فۆرمێکی نێگەتیف وەردەگرێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر لادان لە ئێستادا ناگرنگ و زەرەربەخش بێت، دیوێك یا فۆرمێکی نێگەتیف وەربگرێت، ئەوا ئامرازی زەبتکردن لە دژی ئەم لادانە گرنگ و سوودبەخش دەبێت، دیوێك یافۆرمێکی پۆزەتیف وەردەگرێت، بەشێوەیەکیتر کاتێك لادان لە خزمەتی دزێوکردنی ژیانی مرۆڤایەتی و نەهێشتنی حورمەت و کەمکردنەوەی بەهای مرۆڤ بێت، کاتێك لادان هێرشکردن بێت بۆ سەر سنوورە سرووشتیەکانی مرۆڤ، تەسککردنەوەی ڤاڵای ژیان بێت لەبەردەم مرۆڤ، بەشێوەیەکی گشتی کاتێك لادان بۆ مەبەستی دواکەوتنی ئاستی ژیانی کۆمەڵگا بێت، لەبەرامبەریشدا ئامرازی زەبتکردن دژی ئەم خواست و ئامانجانە بێت، ئەوا ئەمجۆرە ئامرازە شایستە و عەقڵانیە و پێویست

بەمانەوە و بەردەوامبوونی دەکات، لێرەدا لادان بە دیوە نێگەتیڤیەکەی و ئامرازی زەبتکردنیش بە دیوە پۆزەتیڤیەکەی خۆیان نمایش دەکەن، ئەمە لە سەرێکدا، کەچی لە سەرەکەیتردا کاتێك لادان لە خزمەتی جوانکردنی ژیانی مرۆڤایەتی و گێڕانەوەی حورمەت و زیادکردنی بەهای مرۆڤ بێت، کاتێك لادان بەرگریکردن بێت لە سنوورە سروشتیەکانی مرۆڤ، فراوانکردنی ڤالآی ژیان بێت لەبەردەم مرۆڤ، بەشێوەیەکی گشتی کاتێك لادان بۆ مەبەستی پێشکەوتنی ئاستی ژیانی کۆمەڵگا بێت، لەبەرامبەریشدا ئامرازی زەبتکردن دژی ئەم خواست و ئامانجانە بێت، ئەوا ئەمجۆرە ئامرازە ناشایستە و ناعەقلآنیە و پێویست بە نەمان و لەناوچوونی دەکات، لێرەدا لادان بە دیوە پۆزەتیڤیەکەی و ئامرازی زەبتکردنیش بە دیوە نێگەتیڤیەکەی خۆیان نمایش دەکەن. کاتێك ئامرازی زەبتکردن بە دیوە نێگەتیڤیەکەی براکسیسی ئیشی خۆی کرد، ئەوا دەبێت هەڵوەستەی بۆ بکرێت، و ڕاڤە بکرێت و سەرجەم ڕەهەند و ئاستە جیاجیاکانی بخرێتە بەر نیگای خوێندنەوە و لێکدانەوە، ئەمەش تاوەکو چیدی بەردەوامی پێنەدرێت.

ئەم نووسینەی بەردەست هەوڵدانێکە بۆ ئەگەری لە تواناداب‌وونی ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی ڕەهەند و ئاستە جیاجیاکانی چەمکێکی باو کە لەنێو دونیای چەمکگەلە کۆمەلآیەتیەکانی کۆمەڵگا ڕۆژهەلآتیەکان بەگشتی و کۆمەڵگای کوردیش بەتایبەتی ئامادەیی هەیە و لەشێوەی گوتارێك خۆی بەیان دەکات، ئەم گوتارە پەروەردەکردنی کۆمەلآیەتی هەڵیقۆزتۆتەوە وەکو ئامرازێکی زەبتکردن "بەلآم زۆرجار بە دیوە نێگەتیڤ"ەکەی بەکاریدەهێنێت، ئەویش چەمکی پیاوبوون "گوتاری پیاوبوون"ە، کەواتە ئەم نووسینە هەوڵدانێکە بۆ ئەگەری لە تواناداب‌وونی خوێندنەوە و لێکدانەوەی گوتارێکی زاڵ و باوی نێو کۆمەڵگای کوردی ئەویش "گوتاری پیاو بوون"ە.

زەمەنێکی دوورمەودایە لەنێو کۆمەڵگای کوردی ئیش لەسەر ئاراستەکردنی گوتاری پیاوبوون دەکرێت، ئەو گوتارەی بە شێوازی جۆراوجۆر و لە شوێنکاتی جیاجیادا رووبەڕووی بەشێکی زۆری مرۆڤەکانی نێوی دەکرێتەوە و تیایدا پێیان دەوترێت "پیاوبە"، ئەم ئیش لەسەرکردنە ئاراستەگرە بەردەوامە وایکردووە رۆژانە زیاد لە جارێك لێرە و لەوێ لەنێو کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و قوتابخانە و زانکۆ و دیوەخانەی باوك و شوێنە گشتیەکان... هتد، گوێبیستی چەمکی پیاوبوون بە هەموو شێوازەکانیەوە بین.

**ئەم ئیش لەسەرکردنە زنجیرئاسا بێپسانەوەیەی گوتار، ئیدی پێویستی بەهەڵوەستەکردن دەبێت، هەڵوەستەکردنێك بۆ ئەوەی پرسیاری جۆراوجۆری لەبارەوە بکەین، بپرسین مەبەست لە پیاوبوون "پیاوبە" چیە؟ سروشتی ئیشکردنی گوتاری پیاوبوون چۆنە؟ سەرەتایی سەرهەڵدان و هاتنەبوونی گوتار بۆکەی دەگەڕێتەوە، یا بەوێنەیەکیتر لە چ سەردەمێك و قۆناغێك و سیستەمێکی مێژوویی هاتۆتەبوون و خۆی پێگەیاندوە و ڕەگی خۆی لەنێو هەناوی کۆمەڵگادا داکوتاوە؟ ئایا گوتار لەگەڵ خواست و ویستە مرۆییەکانی مرۆڤ کۆك و تەبایە.. یاخود وابەستەی خواست و ویستگەلێکی چینێك یا توێژێکی کۆمەڵگایە؟**

پێوەرەکانی پیاوبوون چین؟ ئایا پیاونەبوون پێچەوانە و دژکاری پیاوبوونە؟ ئایا گوتاری پیاوبوون گوتارێکی عەقڵانیە؟ یا ناعەقڵانی؟ ئەگەر ئەوەی دووەمە ئەوا چ گوتارێك دەکرێت شوێنی گوتاریی پیاوبوون بگرێتەوە، یا ئەلتەرناتیڤی بێت؟ بەمجۆرە کاتێك قسە لەسەر گوتاریی پیاوبوون دەکەین، ئەمانە و ڕستێك پرسیاری لەمجۆرە خۆیان بەڕووماندا بەرز دەکەنەوە کە لە تێڕوانینی منەوە پێویستیان بەوەلامدانەوە و قسە لەسەرکردن دەبێت، قسەکردنیش لەم پرسیارە هەڵوەستە ئامێزانە یا گەڕان بەدوای وەلامدانەوەیان ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ قسەکردنە لە ڕەهەند و مەوداکانی گوتار، گەڕانە بە دوای ئاشکراکردنی مەبەستە نهێنی و نادیارەکانیەتی، وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە کەشفکردنی ڕووخسار و دیارخستنی بنەما شاراوەکانیەتی، دڕاندنی ماسکە بەسەر ویستە پەنهانە مەبەستدارەکانیەتی.

لێدوان لەم پرسیارانە لێدوانە لە دەستنیشانکردنی قۆناغ و مێژووی هاتنەبوونی گوتار، لێدوانە لە سروشت و چۆنیەتی ئیشکردنی، لەو فەزایە و لەو سیستەمە و لەو دونیابینیەی کە ڕێگا بۆ ئیشکردنی گوتار خۆش دەکات و دەرگا وابەستەییەکان بەڕوویدا ئاوەلا و ئاقارەکانیش فراوان دەکات، لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێك دەرگای حەرام و ئاقاری تابۆ و خەتەر دروست دەکات کە لێدان و نزیکبونەوەیان قبوڵناکرێت، لێدوان لەم پرسیارانە لێدوانە لە عەقڵانیەتی گوتار و چەندێتی تەبا هاتنەوەی لەگەڵ ڕەوتی هیومانیزمی مرۆڤ.

* * *

## گوتارو مەبەستەکان

پێش ئەوەی لە مەبەستەکانی گوتار بدوێین، باشتروایە پێناسێکی کورت و پوختی بکەین، گوتاری پیاوبوون ئەو گوتارەیە کە دەسەلات بۆ نێرەکانی کۆمەڵگا، باوك بۆ کوڕەکانی، مەلا بۆ فەقێکانی، مامۆستا بۆ خوێندکارەکانی، وەستا بۆ شاگردەکانی، پارەدار بۆ بەردەستەکانی، بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و بەشێوازی جیاجیا و لە شوێنکاتی ناچۆنیەکدا ئاراستەیی دەکات، و پێی دەڵێت پیاوبە.

یا بەوێنەیەکیتر ئەو گوتارە مەبەستدارەیە کە لە بینینێك و تێفکرینێکی باوکانەوە "پیاوانە" سەرچاوەی گرتووە و بۆ مەبەستی جۆراوجۆر "ڕێنمایکردن، دەستەمۆکردن، وەك خۆلێکردن، کۆنترۆڵکردن.. هتد"و بە ستایلی جیاجیا لەسەرزەمینی ژیانکردنی هاوبەشدا ئاراستەی بچوك کراوە.

ئەگەر تێڕامانێکی قووڵ و لێکدانەوەیەکی وردبینانە بۆ گوتار بکەین، ئەوا دەبینین مەبەستی جیاجیا خۆی لە پشت ئاراستەکردنیەوە حەشارداوە، یەکێك لە مەبەستە هەرە دیار و بەرچاوەکانی گوتاری پیاوبوون ئەوەیە بچوك هاوشێوە و دووبارەی وێنەی گەورە بێت، بچوك کۆپیەکی نوسخەی گەورە بێت، واتا لەو شێوازە ژیکردنەدا بژیت کە گەورە گەرەکیەتی، ئەو جیهانبینی و ئەو تێفکرینەی هەبێت کە گەورە هەیەتی، بەکورتی یەکێك لە مەبەستە ئاشکراکانی وەك باوك لێکردنی کوڕە.

لەبەرئەوەی گوتاری پیاوبوون لە هەوڵی دووبارەکردنەوەی وێنەی گەورەیە لە بچوکدا، لەبەرئەوەی دەیەوێت بچوك دووبارەی وێنەی گەورە بێت، کەواتە مەبەستێکیتری ئەم گوتارە بەردەوامیدان و درێژدانە بەو ستایلی ژیانکردنەی کە وابەستەیی تێرکردنی حەز و ویستی باوکایەتیانەی باوکە، بەمەش گوتار بۆ ڕاگرتن و چەقبەستپێکردنی زەمەن ئاراستە دەکرێت، ڕاگرتنی ڕابردوو لە ئێستا و ئێستاش لە داهاتوو، چەقبەستپێکردنی دوێنێ لە ئیمڕۆ و ئیمڕۆش لە بەیانی.

لەلایکیتردا گوتار بۆ مەبەستی نەهێشتنی لادان بەکاردەهێنرێت، بۆ مەبەستی کۆنترۆڵکردنی تاك بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بە سروشتی خۆی ڕێگرە لەبەردەم پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا، چونکە کۆمەڵگا چۆن پێش ناکەوێت ئەگەر لادان "بە دیوە پۆزەتیڤیەکەی" نەبێت، هەموو لادانێك سەرەتای تێکشکاندنی سیستەمێکی دۆگمای توندوتۆڵە، لادان خاڵی وەرچەرخانی تێکشکاندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی بە بتبووە، بنەمای بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگایە.

مەبەستێکیتری گوتار ئەوەیە حەز و ئیرادەی بچوك بکوژێت و خەونەکانی لە گۆڕنێت، واتا دەخوازێت بچوك ئەو بوونەوەرە ئامێرئاسا زەلیل و بێئیرادەیە

بێت، ئەو بوونەوەرە بێحەز و بێتوانایە بێت کە گەورە گەرەکیەتی، بچوك خاوەنی جەستەی خۆی نەبێت و لەنێو ژیانی تایبەتی خۆیدا بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی خۆی نەبزوێت، بەڵکو گەورە خاوەنی جەستەی بە ئامێرکراوی بچوك بێت و بە ویستی خۆی بیبزوێنی و بڕیاریی بەسەردا بسەپێنێت، ئەمەش واتا مەبەستی دەستەمۆکردنی تاك "بچوك" و بەکارهێنانی بێت لە کاتی ناچۆنیەك و بۆ مەبەستی ناچۆنیەك.

بەکورتی گوتاری پیاوبوون وابەستەی پیاوە، پیاویش بۆیە ئەم گوتارە ئاراستە دەکات تاکو بەهۆیەوە دەسەڵاتداریێتی و بەرزەمنێتی لە ئێستا و ئایندە بۆ خۆی و هاوشێوەکەی لەنێو هەردوو پێکهاتەی خێزان بەتایبەتی و کۆمەڵگاش بەگشتی مسۆگەر بکات و ژیانێکی مەبەستدارانە بسازێنێت، ئەمەش تاوەکو دواجار تیایدا تەواوی ئارەزوو و خواستەکانی فەراهەم بکات، ئەمە لەلایەك لەلایەکیتردا بۆ ئەوەیەتی دەنگ و ڕەنگی بچووك ڕەشبکاتەوە و پرسیارکردن و بیرکردنەوەشی بکوژێت و نەهێڵێت بەرەو ڕێڕەو و ئاقاری ئەو ژیانەدا بچێت کە حەز و پێداویستییەکانی هەوڵی پەلکێشکردنی بۆ دەدات.

* * *

## سروشتی ئیشکردنی گوتار

گوتاری پیاوبوون گوتارێکی تۆتالیتێرو هەمەلایەنە، لەنێو سەرجەم بوارە جیاجیاکانی "سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئەخلاقی....هتد" بەدیدەکرێت.

گوتاری پیاوبوون لە سروشتی ئیشکردنی خۆیدا جووت جەمسەرە، لەسەرێکدا هەموو ئەم کاراکتەرانە ئامادەیە کە ڕۆڵی باوك دەگێڕن لە نێوانە پەیوەندیەکەدا، لەسەرەکەیتریش هەموو ئەو کاراکتەرانە ئامادەیە کە ڕۆڵی منداڵ دەگێڕن لە نێوانە پەیوەندیەکەدا، بۆ ئاسان بوون دەڵێین لە سەرێکدا باوك ئامادەیە و لەسەرەکەیتر کوڕ، باوك "گەورە" سیفەت و کارکردەی نێرەر هەڵدەگرێت، کەچی کوڕ "بچووك" سیفەت و کارکردەی وەرگر، لەنێو گوتاردا

"باوك/ كوڕ" یا "گەورە/ بچووك" دوو وێنـەی هاوشـێوە و چـۆنیەكی "سـەنتەر/ پـەراوێز" نمـایش دەكـەن، بەتایبـەتی لـە بڕیـاردان و جێبەجێكردنـدا، گـەورە بەردەوام ڕێنمایی بچوك دەكات، وابەستەییانە كـار و فرمـان ئاراسـتەی دەكـات، ئەوەی لەسەر بچووكیـشە تـەنها بەرجەسـتەكردنیەتی و هیـچیتر. ئـەم سروشـتە گوتـار بـەرەو جۆرێـك لـە نیگـاكردن و جۆرێـك لـە یاسـادانان و ڕێنمـایكردنی خۆویـستانەی لایـەنێك "بـاوك" دەبـات، چـونكە لەنێویـدا تـەنها ئـارەزوو و بەرژەوەندییـەكانی جەمـسەرێك لەبەرچـاو دەگیرێـت بـەبێ گوێپێـدان و بەهەنـد هەڵگرتنی جەمسەری بەرامبەر، ئەمەش دەبێتە هەوێنی دروستبوونی ململانێیـەك و ناكۆكییەكی ناوەكی لە نێوان هەردوو جەمسەردا ، كە دواتر قسەی لـە بـارەوە دەكـەین. گوتـاری پیـاوبوون بـەكاردەهێنرێت بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی بـچوك، بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی كوڕ، بۆ نەهێشتنی ژیـانكردنی كـوڕ بـە ئاراسـەیەك كـە خـۆی گەرەكیەتی پێیدا ببات، بەهۆی گوتـارەوە هەوڵـدەدرێت كـوڕ "بـچوك" كـۆنترۆڵ بكرێت و بەو ئاقـارەدا ببردرێـت كـە ئـەویتر "گـەورە" دەیخوازێـت، لێـرەدا كـوڕ تووشـی شكـست و بێبەشـی دەبێـت لـەوەی دەیخوازێـت، لـەو شـێوە ژیانـە دووردەكەوێتەوە كـە گەرەكیـەتی، بەمـەش لەلایدا پەرچـەكردارێكی دەروونیانـە دروست دەبێت، ئەویش هەڵگرتنی ڕق و كینەیە لەبەرامبەر گـەورە، گوتـار وەكـو دەرەنجامێك یا پاشماوەیەك ڕقی تۆڵەسەندنەوە لە ناوەوەی كوڕ "لـە ئێـستای" هاوكێشەی گوتارەكە دەچێنێت، ئەویش بە ڕۆڵی خۆی ڕقی تۆڵەسەندنەوە لەنێو خۆیدا مەڵاس دەدات، و چاوەڕێی گەیشتن بە جەمسەری بەرامبەری هاوكێـشەكە دەكات، واتا چاوەڕێی بوونە باوك دەكات لـە"زەمـەنێكیتر"، تـاوەكو لێیـەوە بـە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت و براكسیـسی باوكایەتیانـەی خـۆی بكـات، ئیـدی ئـەویش گوتار ئاراستەی بـچوك بكـات، هـەر چـەندە لێـرەدا تێزێكـی سۆسـیۆلۆژی دێـتە پێـشەوە كـە دەڵێـت سیـستەم و زەروریـاتی كۆمەڵایـەتی، ئـەوە دەسـەپێنێت كەسە بە تەمەن گەورەكان بە مەبەسـتی كـۆنترۆڵكردن گوتـار ئاراسـتەی بـچووك بكـەن، ڕێنماییـان بكـەن، بـەڵام ئایـا گوتـاری ئاراسـتەكار ئەگـەر بەشـێوەیەكی

نێگەتیڤ بەکارهێنرا، یا ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەی گێڕا پێویست بە بەردەوامپێدانی دەکات، ئەی عەقڵی مرۆڤ لەم کاتەدا ڕۆڵی چییە؟. عەقڵ پێویست دەکات دیاردە نێگەتیڤەکان نەهێڵێت، بەڵام لە نائامادەمی عەقڵدا غەریزە ئیشی خۆی دەکات و ڕۆڵی خۆی دەبینێت، هەر بۆیە بەردەوامی پێدەدات.

بەکورتی گوتاری پیاوبوون لە سروشتی خۆیدا پەیوەست دەبێت بە ڕق و کینە، ڕق و کینە دینەمۆیەکی گەورەی بونیادنانی گوتار و بەردەوامبوونی دەبێت، هەر بۆیە گوتاریش ڕق و کینە و تۆڵەسەندنەوە بەرهەمدەهێنێتەوە، لێرەوە ڕق و تۆڵەسەندنەوە لەلایەکدا و گوتار لەلاکەیتردا دوو ڕووی ئاوێنەیی یەکترین، لە نێو هەر یەکێکیاندا بەسادەی وێنەی ئەویتر دەدۆزینەوە، لەنێو هەر لایەکیاندا ئەویتر ئامادەیە، هەر دووانەشیان یەکتری بەرهەمدەهێنەوە، بۆیە بوونی هەر کامیان ڕێخۆشکارە بۆ بوونی ئەویتر.

لەبەرئەوەی شێوازی باوی ژیانکردنی کۆمەڵگا هەمان شێوازی پێشووە و لەگەڵ بەسەرچوونی زەمەن گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کولتووری بەسەردا نەهاتووە، هەمان بەها و نۆرم و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی ئامادەیە، لەبەرئەوەی کوڕی دوێنی هاوکێشە لە باوکایەتیکردنی ئێستایدا هەڵگری جۆرێك لە مەعریفە و ڕۆشنبیری جیاواز نییە، هەڵگری دونیابینیەك و تێڕوانینێکی جیاواز لەنەوەی پێش خۆی نییە، بۆیە درێژە بەم ستایلی ڕەفتارکردنە دەدات لەم نێوانە پەیوەندیەدا، نەبوونی مەعریفەیك و ڕۆشنبیریەکی جیاواز لەوەی پێشوو وادەکات کوڕی دوێنێ و باوکی ئێستای هاوکێشەکە نەتوانێت ڕەفتاری خۆی لەم نێوانە پەیوەندیەدا بە ستایلێکیتر بگۆڕێت، نەتوانێت ڕەفتارێکی مرۆییانە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پێوەری مرۆڤدۆستی لەگەڵ کوڕ بکات، هەر بۆیە ئامادەنییە واز لە ڕۆحی تۆڵەکاری بهێنێت و زمانی لێکحاڵیبوون لەگەڵ "بچوك" پەیڕەو لێبکات، لە شوێنکاتی جیاجیادا بە گوێرەی پێویست گوتار بەڕووی کوڕدا بەرزدەکاتەوە و ئاراستەی دەکات، بۆیە گوتار دیاردە ئاسا بەردەوامی بەبوون و مانەوەی خۆی

دەدات و پارێزگـاری لێـدەکات، هـەر بۆیەشـە ئێمـە لـە شـوێنکاتی جیاجیـادا گوێبیستی دەبین.

کوڕ لە سەرەتادا واتێدەگات گوتار سادە و لەسەرەخۆیە، بـەڵام لەبەرئـەوەی گوتار ئیشی خۆی لە ناوەوە "دەروون"ی کوڕ دەکات، ئەم ئیش لەسـەرکردنەش لەگـەڵ بەسەرچـوونی زەمەنـدا کاریگـەری دەبێـت، چـونکە پەیوەسـتە بـەبێ بەشکردن و مەحرومکردنی مرۆڤ لـە ئـارەزوو و خواسـتەکانی، بۆیـە کاریگـەریش پلە بەپلـە و خۆبـەخۆ لـە ناوەوەیـدا گـەورە دەبێـت، تـا دەگاتـە ئاسـتێك ئیـدی ئەگەری بەرزکردنـەوەی بـەرووی کـوڕدا ئەگـەرێکی ڕێپێـدراو و مـومکین دەبێـت، چـونکە کـوڕ چـەندە لـە دەرەوە چـەندبارە گوتـاری ئاراسـتە دەکرێـت، ئـەوا ئەوەندەش لە ناوەوە هەڵگری دەرەنجامی خەتەرناك دەبێت.

کێشەکە لەوەدایە کوڕی دوێنێی هاوکێشە بەهۆی گوتارەوە چـەندە داخکـراو و خەفـــەتبار و مەحرومـــە، ئـــەوا ئەوەنـــدە زیـــاتر لـــە بـــاوکبوونی ئێـــستای هاوکێشەکەیدا داخکار و خەفەتهێن و مەحرومکارە، چەندە توونـدڕەوی و لاملـی و پـەرگیری لەسـەرکراوە، ئـەوا هێنـدە زیـاتر تونـدڕەو و پـەرگیر و لاملـە و پـێ لەسەر باوکایەتیکردنی خۆی دادەگرێت، چەندە دوێنێ لە کوڕبوونیـدا زوڵملێکـراو بووە، ئەوا هێندە زیاتر ئیمڕۆ لە باوکبوونیدا زاڵمە، چەندە لە ڕابردوو نیگـەران و دڵشکاو بووە بەرامبەر بەوەی باوك نەیهێشتووە براکسیسی کوڕانەی خۆی بکات، ئـەوا ئەوەنـدە زیـاتر لـە ئێستای باوکایەتیکردنیـدا نیگـەرانهێن و دڵـشکێنەرە و ناهێڵێت کوڕ براکسیسی کوڕانەی خۆی بکات، ئا بەم شـێوەیە نـەوە دوای نـەوە، شەپۆڵ دوای شەپۆڵ بەردەوامی و ڕۆح درێژییان بەم بیرکردنـەوە و دونیابینینـە و ژیانکردنە داوە، کە لەڕێگایەوە فەزای نوێبوونەوەی گوتار لە ئارادا دەبێت.

لێرەدا پێویـستە بڵـێین هـەم تێفکـرین و دنیـابینی لەلایـەك و هـەم گوتـاریش لەلایـەکیتر، دوو کارگـەی بەرهـەمهێنن و دورسـتکاری یـەکترین، واتـا هـەردوولا یەکتری بونیاد دەنێنەوە و فەزای هاتنەبوونی یەکتری خۆشـدەکەن، گوتـار فـەزا

بۆ ئەمجۆرە تێفکرین و دنیابینیە خۆش دەکات و ئەوەی دووەمیش جارێکیتر گوتار لەنێوی سەرهەڵدەداتەوە.

ئەگەرچی گوتار ڕق و کینە و تۆڵەسەندنەوە ستراکتوری کردووە، بەڵام شێواز و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی باوك لەنێو ڕووداوەکان و دیاردەکان دەگۆڕێت و ئاستی جیاجیای دەبێت، واتا نەرمی و توندی لەخۆ دەگرێت و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکیدی و لە شوێنکاتێکەوە بۆ شوێنکاتێکیدی جیاوازی هەیە، ئەمەش پەیوەستە بە گەورەیی و بچووکی، خەتەری و ناخەتەری دیاردەکە و چەندێتی نزیکبوونەوەی کوڕ لە شتە قەدەغە و تابۆکانی نێوی.

تاوەکو دیاردە "لە ڕوانگەی باوك" بچووك و سادە و بێبایەخ بێت، شوێنی سەرنج و قسەکردنێکی زۆر نەبێت، یا بەشێوەیەکیتر خەتەرناك و زەنگلێدەر نەبێت و خۆی لە حەرامە زۆر حەرامەکان و موقەدەساتە هەمیشە موقەدەسەکانی باوك نزیك نەکردبێتەوە، و نەبێتە هۆی تێکدانی ئارامی باوك و ئاژاوە نەنێتەوە، ئەوا شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی باوك لەگەڵ کوڕدا شێوازێکی نەرم و نیان و لەسەرەخۆ دەبێت "بەبێ لە بیرچوونی ئەوەی کە گوتار بۆ مەبەستی نەهێشتن و دووبارەنەکردنەوەی دیاردەکەیە"، کەچی بەپێچەوانەوە لەگەڵ گەورەبوون و خەتەربوونی دیاردە و نزیکبوونەوەی لە حەرامە زۆر حەرامەکان و موقەدەساتە هەمیشە موقەدەسەکانی باوك، ئیدی شێوازی ڕووبەڕبوونەوەی توند و تۆڵ دەبێت و دەچێتە نێو قاڵبی چاوسوورکردنەوە و هەندێکجار لێدان و بەریەککەوتن.

ئەمە لە ڕوانگەی باوك، بەڵام لە ڕوانگەی کوڕ پرسەکە بەم شێوەیە نییە، بەڵکو ئەم هاوکێشەی بینین و مامەڵەکردنە گۆڕانکاری بەسەر دادێت، چونکە کوڕ لەگەڵ چەندێتی هێزی باوك مامەڵە دەکات، بەجۆرێك تاوەکو هێزی باوك زۆر بێت، توانای کۆنترۆڵکردنی دیاردە و کەسی دیاردەهێنی زیاتر بێت، ئەوا نەرمیەك و خۆشلکردنێکی زیاتری لەلا بەدیدەکرێت، و بەپێچەوانەشەوە تاوەکو

هێزی باوك پەرچەهێز بێت و توانای كۆنترۆڵكردنی دیاردە و كەسی دیاردەهێنی كەمتر بێت، ئەوا توندییەك و خۆقایمكردنێكی زیاتری لەلا بەدیدەكرێت.

گوتار لە سروشتی خۆیدا هەوڵێكە بۆ بەیەكبەستن و لەحیمكردنی كوڕ لە باوك، هەوڵێكە بۆ تەسككردنەوەی مەودای نێوانیان، هەوڵێكە بۆ نەهێشتنی لادانی كوڕ، باوك ئەبەد ئامادەی دەستبەرداربوونی كوڕی نییە، مردن و كوشتنی كوڕی پێباشترە لە لادان لە خۆی، سەربڕین و بە قەنارەوەكردن و ئەتككردنی كوڕی پێخۆشترە لە لادان لە خۆی، گوتار بۆ دەستەمۆكردنی كوڕو نەهێشتنی لادان و زویربوونی ئاراستە دەكرێت، ئەمەش بەسەرێك لە سەرەكان یا بەوێنەیەك لە وێنەكان نزیكبوونەوە و ئاشتبوونەوە بەرهەمدەهێنێت، نزیكبوونەوەیەك و ئاشتبوونەوەیەكی دوو جەمسەری، بەڵام لێرەدا ئاشتبوونەوە لەگەڵ پیاو دەبێت ئاشتبوونەوە بێت لەگەڵ گوتار، بەمانایەكیتر ئاشتبوونەوە لەگەڵ پیاو دەبێت نزیكبوونەوەی بێت لە خواستەكانی، یا لەو خواستانەی لەپێناویدا گوتار بەرزدەكرێتەوە، لەنێو ئەمجۆرە كۆمەڵگایانەدا و بە ئامادەیی ئەم سیستەمی تێفكرین و مامەڵەكردن و ڕەفتاركردنەدا، مادام چەمك و گوتاری لەم چەشنە ئامادەیە، كەواتە مردن و نەمردن، مانەوە و نەمانەوە، ئامادەیی و نائامادەیی جەستەی باوك هەمان شتە، چونكە دواجار گوتار لە نەخشەی زەینی كوڕدا پانتاییەكی فراوان داگیر دەكات، و باوكێكی تارمایی ئاسا زەبەلاح بەرهەم دەهێنێت كە بەردەوام چاودێری دەكات، لێرەوە دەكرێت بڵێین سەروكاری گوتار، بەردەوام لەگەڵ چاودێریكردنی كوڕدایە، لەكوێدا كوڕ ئامادەبێت، لەكوێدا كوڕ جەستەی بجووڵێت، ئا لەوێدا گوتار بە شێوازی جۆراوجۆر بەڵام بۆ مەبەستی چاودێریكردن و كۆنترۆڵكردن ئامادەیە.

* * *

### مێژوویی سەرهەڵدانی گوتار

لەبەرئەوەی گوتاری پیاوبوون دیدێکی پیاوانەی هەیە، مەبەست لە چاوێکی پیاوانەوە نیگا دەکرێت و لەویشەوە وابەستەبیانە ئاراستەی ئەوانیتری نێو کۆمەڵگا "کوڕ" دەکرێت، کەواتە گوتارێکە پێویستی بە قۆناغێك و سەردەمێکی مێژوویی وادەبێت تیایدا سیستەمی زاڵ و باویی نێوی، سیستەمێك بێت پیاو تاکە دەسەڵاتدار و فەرمان بەدەست بێت، هەر ئەویش بالأدەستانە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای بەڕێوەبردبێت.

مێژوویی تۆمارکراوی ژیانی مرۆڤایەتی لە ڕیوایەتکردنی خۆیدا دەیگێڕێتەوە کە ئەو قۆناغ و سەردەمە مێژووییە دیاریکراوەی تیایدا پیاو بەشێوەیەکی دیار و حاشاهەڵنەگر خاوەنی دەسەڵاتێکی بێسنوور و تۆتالیتێری بالأدەست بێت، ئەوا قۆناغ و سەردەمی سیستەمی پیاوسالاریە.

لەبەرئەوەی پیاوسالاری وەکو قۆناغ ئەوەلین قۆناغە "دوای دایکسالاری" لەنێو پێکهاتی فراوانی کۆمەڵگادا ئامادەیی هەبێت و بەپێی داب و نەریت و نۆرم و مۆڕاڵ و یاسا و ڕێساکانی خۆی کۆمەڵگای بەڕێوەبردبێت، دیسان لەبەرئەوەی ئەولین قۆناغیشە تیایدا پیاو دەسەڵاتی بالأو گەورە بێت، بۆیە لەوە دەچێت گوتار سەرەتا لەنێو ئەم قۆناغ و سەردەمە مێژوویە هاتبێتەبوون، و لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم ستایلی ژیانکردنە خۆی پێگەیاندبێت و ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە هەناوی کۆمەڵگا داکوتا بێت.

دەکرێت ئامادەیی گوتار لەنێو قۆناغی پیاوسالاریدا بۆ هۆکارگەلێکی پەرچەکرداری کۆمەڵایەتیانە و سایکۆلۆژیانەی پیاو بگێڕینەوە لە بەرامبەر قۆناغی دایکسالاری، چونکە وەکو دەزانرێت لەنێو ئەوی دووەمدا دایك دەسەڵاتداری گەورەبووە و وەکو مەرجەعێك و سەنتەرێکی بڕیاردەر لەنێو خێزان و کۆمەڵگا ڕۆڵیگێڕاوە، واتا شتەکان و پرسەکان بە ئیرادە و فرمانی ئەو بەڕێوەچووە، ئەمەش وایکردووە پیاو هەست بە بچوکی و خۆبەکەمزانی بکات، دەسەڵاتدارێتی دایك بەسەر خێزاندا وایکردووە پیاو خۆی بەبونەوەرێکی بێتوانا

و بێئیراده و دەستەمۆ بێتە بەرچاو، ئەم بیرکردنەوە و تێفکرینـەی پیـاو دەبێتـە هۆکارێك بۆ چاندنی چەندین گرێی دەرونی لە جەستەییدا.

لەبەرئەوەی پیاو جۆرێك لە ژیانی بۆ هەزم ناکرێت کە تیایدا خۆی بە کۆیلە و بێهێـز بینیـوە، بۆیـە ئەبـەد لـە دەسـەڵاتکردنی خۆیـدا لێناگـەرێت یـا ناخوازێـت ئـەمجۆرە ژیانـە فۆرمۆلـەکراوەی پێـشوو جـارێکیتر سـەرهەڵبداتەوە و زینـدوو بێتـەوە، هـەروەها ناخوازێـت بـەرەو قۆناغێـك بـچێت ئـافرەت ئەگـەری هاتنـەوە دەستی دەسەڵاتی هەبێت، یا بەلایەنی کەمەوە بەرەو سیستەمێك بچێت ئـافرەت لە پاڵیدا چانسی بەڕێوەبردنی کۆمـەڵگا و خێزانـی هـەبێت، بـۆ ئەمـەش هانـا بـۆ هـەموو ئـەو ڕێگـا و ئەگەرانـە دەبـات کـە مەبەسـتەکانی بـە واقیـع دەکـات و دەسەڵاتی زیاتری لەلا کۆدەکاتـەوە و پێگـەی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و ئیـداری تیا بـەهێز دەکـات "کـە گوتـار ناڕاسـتەوخۆ یەکێکـە لێیانـەوە"، ئـەوەی لێـرەدا پێویـستە بـووترێ ئەوەیـە لـە قۆنـاغی پیاوسـالاریدا ژن بەتـەنها بابـەتی ڕووبەڕووبونەوە و کـۆنترۆڵکردنی پیـاو نـەبووە، بـەڵکو وەچـەکانیش "کـوڕ" لـە هەمان خانەدا بوونە، بـەڵام لەبەرئـەوەی کـوڕ هاوشـێوەی ژن لـە پـێش قۆنـاغی پیاوسـالاریدا "دایکـسالاری – ماتریـارکی" دەسـەڵاتی بـەڕێوەبردنی خێـزان و کۆمەڵگای نەبووە، بۆیـە سـەرەتا بابـەتی ڕووبەڕووبوونـەوە لـە چوارچـێوەی ژن دەخولایەوە.

پێویـستە بـووترێ ئـەم هاوکێـشەیە و ئـەم شـرۆڤەکردنە لـە ئێـستای ئـەو کۆمەڵگایانـەی سیـستەمی زاڵـی بـەڕێوەبردنیان پیاوسـالاریە ناڕاسـتە، چـونکە بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پیاو بە تەنها ئافرەت نیە، بـەڵکو نەوەکانیـشە، بـەڵام لەبەرئەوەی پیاو پێیوایە بۆ ئەبەد دەسەڵاتی لە ئافرت سەندۆتەوە و کردوویەتی بەبوونەوەرێکی زەلیلی بێئیرادە و بێتوانا، پێیوایە ئـافرەت چـیتر ئەگـەری سـەر بڵندکردنەوە و وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبەردنی کۆمەڵگای نیـە، ناتوانێـت پێگەیەکی کۆمەڵایەتی پتەو بۆ خۆی بوونیاد بنێت و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی گـەورەش بگێڕێت، بۆیـە تـەحویلی سـەر نـەوەکان "کـوڕ" بـووە، ئیـدی شـەڕەکانی خـۆی

لەگەڵ دەكات، ڕێك ئا لێرەدا پیاو جارێكیتر پێویستی بە بوون و ئامادەیی گوتار دەبێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووبونەوەی خۆی پێ بكات.

بەكورتی ئەوەی بۆ ئەم خوێندنەوەیە جۆرێك لە سوودمەندی دەگەیەنێت و لێرەدا پێویستی بە جەخت لێكردن هەیە ئەوەیە بڵێین سەرەتای سەرهەڵدان و هاتنەبوونی گوتاری پیاو بوون پەیوەستی قۆناغ و سیستەمی پیاوسالاریە.

* * *

## پێوەرەكانی گوتار

بێگومان پێناساندنی گوتار و ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی ئیشكردن و دیاریكردنی مەبەستە دیار و نادیارەكانی، ڕێگا خۆشدەكەن بۆ قسەكردن لەسەر پێوەرەكانی گوتار، هەروەكو چۆن گوتار یەكلایەنە پەیوەستە بە ئارەزوو و بەرژەوەندییەكانی باوك، بەم چەشنەش پێوەرەكەی پەیوەستە بە چۆنیەتی تێفكرین و چیەتی ئیرادەی باوك، لەڕاستیدا پێوەری گوتار كوڕی پۆلینی سەر دوو پۆل كردووە، كوڕی دابەشی سەر دوو كلاس و دوو ئەگەر كردووە، ئەوانیش "باش .. خراپ، پیاو .. ناپیاو، فریشتە .. شەیتان...هتد"، لەنێو كۆمەڵگادا بەهۆی پێوەر بەدەر لەم دابەشكردن و پۆلینكردنەی سەرەوە شوێنێكیتر نییە بۆ كوڕ، واتا شوناسی كوڕ یا ئەوەتا چاكەكارە.. یاخراپەكار، یا پیاوە.. یا ناپیاو.

حوكمكردنی پێوەر  بە جیهانبینی و حەز و میزاجی باوك لەلایەك، چۆنیەتی هەڵسوكەوتكردن و ڕەفتاركردنی كوڕ لەلایەكیتر بەستراوەتەوە، ئەگەر كوڕ لەنێو ژیانیدا هەوڵی بەرجەستەكردنی خواست و پێداویستیەكانی خۆیدا، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئارەزوو و حەز و پێداویستی و بەرژەوەندیەكانی باوك، ئەوا " لە ڕوانگەی باوك" خراپەكار و ناپیاوە، بەڵام بە خۆلادان و پشتگوێخستن و بنگۆمكردنیان، ئەوا چاكەكار و پیاوە، لێرەوە بەپێی پۆلینی پێوەر، خراپەكار و ناپیاوی ئەوەیە كوڕ بۆ خۆی بژیت و كار بۆ دەستەبەركردنی پێداویستیەكانی خۆی بكات، كەچی بەپێچەوانەوە چاكەكار و پیاوی ئەوەیە كوڕ بۆ باوك بژیت و

لەپێناو دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی ئەو کار بکات، کەواتە باش و خراپی یا پیاو و ناپیاوی کوڕ لەوێوەیە تاچەند ئیش بۆ خواست و ئامانجەکانی باوك دەکات.

هەروەکو ئاماژەمان بۆکرد حوکمی پێوەر چەندە پەیوەستە بە کارکردنی کوڕ، چەندە کارکردنی کوڕ ڕۆڵی تیادەبینێت، ئەوا هێندەش پەیوەستە بە زەوق و میزاجی باوك، لای پیاو ئاسانە کوڕ بهاوێتە نێو هەر قالب و جەمسەرێك، ئاسانە لە هەر کاتێکدا بیەوێت حوکمێکی بەسەر بدات و "پیاو .. ناپیاو" و "شەریف .. ناشریف"ی بکات.

دەرچوونی بڕیاری پێوەر فلاشئاسا لە ناکاو و کتوپڕە، بەلاّم تەمەنی ئیشکردنی درێژخایەن و نەگۆڕە، بڕیاری پێوەر زۆر ڕەهایانە و توندڕەوانەیە، بە جۆرێك هەر ئەوەندە حوکمێك بەسەر کوڕ بدرێت بۆ خستنە نێو ڕیانێکی دوو ڕیانەکە، یا کلاّسێکی دوو کلاّسەکە، ئیدی هەموو هێزی دونیا ناتوانێت ئەو حوکمە ڕەشبکاتەوە و کاریگەریەکانی نەهێڵێت بە ئاوارتەی "ئەو ساتانەی کە دبلۆماسیەتی باوك پێویستی پێیەتی".

کوڕ بە هەر لادانێك لە یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگا، بەهەر پرسیارکردن و گومانکرنێك لە کردەکانی باوك، بە ڕەفزکردنەوەی هەر عورفێك و عادەتێکی باو، بە لەبەرچاونەگرتنی هەر نۆرمێك و ئەخلاقیاتێکی باو، بە پشتگوێخستنی هەر بەهایەك و تەقالیدێکی باو، ئەوا شوناسی خراپەکار و ناپیاو وەردەگرێت، بەپێچەوانەشەوە شووناسی بەرامبەر وەردەگرێت، ئینجا هەر ئەوەندە کوڕ بڕیاری ناپیاوبوونی بەسەردا بدرێت و شوناسی خراپەکار وەربگرێت، ئیدی یەکڕاست وێنەکەی تەحویلی سەر وێنەی شەیتان دەکرێت، و لەگەڵیشیدا وەکو خەلاّتێك سیفەتی مەلیکەتاوسی پێدەبەخشرێت و مۆری ئیبلیسی بەنێو چاوانیەوەی دەنرێت، هەر کاتێك کوڕ ئەوە نەبێت کە باوك دەیەوێت، ئیتر باوك بۆ بە شەیتان پەخشکردن و بلاّوکردنەوەی وێنەی ئەو کار دەکات، بۆ ئەم

مەبەستەش باوك هانا بۆ میدیاكانی دەبات، چونكە میـدیاكانی باشـترین ئـامرازن تـاوەكو تیایـدا چـەقی قورسـایی ڕێكلامـەكانی لـە خزمـەت دەسـتەبەركردنی ئامانجـەكانی بـەكاربهێنێت و مەبەسـتەكانی پـێ بپێكێـت، لەسـەر كـوڕە مۆنۆپۆلكراوەكانی "خێزان – خێل – كۆمەلگا " ئەوەیە بە بڕیارەكانی ڕازیبن و كـوڕی حـوكم لەسـەر دراو بـە نـەفرەت و بـە لەعنـەت بكـەن، لـەنێو ئـەمجۆرە كۆمەلگایانەدا بـە لەعنـەتكردنی مـرۆڤ زۆر ئاسـانە، چـونكە لـە پـێش ئەمـەدا بـە شـەیتانكردنی ئاسـانە، دیـارە "شـەیتانكردن .. لەعنـەتكردن" دوو كـردەی پێكبەسـتن، ئـەوی دووەم لـە ئـەنجامی بـوونی ئـەوی یەكەمـەوە دێتـەبوون، یـا كاردانەوەیەكی توندی ئەوی یەكەم دەبێت، لەعنەتكردنی كوڕ لەلایـەن كۆمـەلگا پڕسوودە بۆ باوك، هەر بۆیە باوك مەبەستێتی پرسەكە بەم ئاقارە بگەیەنێت.

وتمـان بـە لەعنـەتكردنی ئاسـانە چـونكە بـە شـەیتانكردن ئاسـانە، بـە شـەیتانكردنی كـوڕ كارێـك نیـە پێویـستی بـە گونگرەیـەك و كۆبوونەوەیـەكی دەستەجەمعی هەبێت، كارێك نییە دانیـشتن و كۆبوونـەوە و سـیمیناری فكـری و فەلسەفی گەرەك بێت، بەلكو كارێكە لەنێو دیوەخانەی باوكدایە و تەنها پێویستی بـە زەوق و میزاجـی هەنووكـەیی باكـەوە هەیـە، تـەنها پێویـستی بـەوە هەیـە بەرژەوەندیەكی باوك دەستی بۆ ببردرێت، یا كارێك بكرێت لە دەرەوەی خواستی باوك، تاوەكو بڕیارێكی خێراو بە پەلە بەسەر كوڕدا بدات.

باوك زۆر ئیشی بەوەیە كوڕی بە ئـیرادەی خـاوەن حـەز بـە شـەیتان پێنـاس بكات، كوڕی چاوكراوەی پرسیاركار و گومانكار بـە لادەر و ئیـبلس بـشوبهێنێت، چونكە دەزانێت وێنەی شەیتانی نێو تێكستە ئایینەكان لـەنێو نەخـشەیی زەینـی كۆمەلگادا چەندە دزێو و قێزەوەنـە، دەزانێـت مەعریفـەی ئـاینی بەشـێكی زۆری مەعریفەی تاكـەكانی كۆمـەلگای پێكهێنـاوە، كـە ئـەم مەعریفەیـەش مـرۆڤ تـەیار دەكات بە دژی شەیتان و كردەوەكانی، بەردەوام شەیتان ئەو بووەیە كە دەبێـت مرۆڤ ڕقی لێ بێت و بە نەفرەتی بكـات و بـە دوای كردەوەكـانی نەكـەوێت، بۆیـە دەخوازێت كوڕی لادەریش بەهەمان شێوە بشوبهێنێت، تاوەكو دواجار بەهۆیەوە

کۆمـەڵگا وێنـەی کوڕەکـە هاوشـێوە شـەیتانی نێـو تێکستە ئاینیـەکان ببینێـت، ئەگەرچی باوك زۆر جەخت لەسەر پرسـی بـە شـەیتان شـوبهاندنی کـوڕ دەکـات، بەڵام ئەم وێنەیە تاکە وێنە نیە کە هەوڵی بۆ دەدات لـە پـشتیەوە وێنـەی کـوڕی پێناشیرین و دزێو بکات، بەڵکو هانا بۆ هەموو ئەم وێنانەش دەبـات کـە خزمـەت بە خواستەکانی ئەو دەگەیەنێت و لە نێوان نەخشەی زەینی کۆمەڵگادا وێنەیەکی عەیبدار و دزێوی هەیە. شوێنی لێدوانـە بـاوك لێـرەدا لـە چەشـنی خـودا مامەڵـە لەگەڵ کوڕ دەکات، چۆن خودا وێنای شەیتان دەکات، ئینجا داوا لـە بەنـدەکانی دەکـات لێـی دووربکەوێتــەوە و بـە دوای کارەکـانی نەکـەوێت و ڕاسـپاردەکانی جێبەجێ نەکات، بەم شێوەیەش باوك کوڕ بە شـەیتان دەشـوبهێنێت، ئینجـا داوا لە کۆمەڵگا و کوڕەکانیتری دەکات لەم کوڕە دووربکەونەوە و بـەدوای کارەکـانی نەکەون و ڕاسپاردەکانی جێبەجێ نەکەن، بـاوك کـوڕ بـە شـەیتان دەشـوبهێنێت تاوەکو کوڕەکانیتر گوێیان لە خزمەتی دەنگی کـوڕی بـە شـەیتانکراو ڕانـەگرن و هاوشێوەی ئەو مامەڵە نەکەن، واتا ڕێگای لادەر نەگرنەبەر و بۆ خۆیـان نـەژین و کۆت و بەندی دەستەمۆیی نەپسێنن. بەکورتی ئەوەی لەم تەوەرەیەدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە پێوەری گوتار بڕیاریی خۆی لەنێو نیگاکردن و بیرکردنەوە و زەوق و میزاجی باوەکەوە داوە، بۆیە ئەگەر کوڕ ئامادەیی ژیانکردنی لەنێو فۆرمە کۆن و دێرینەکانی ژیاردا هـەبێت، ئەگـەر ئامـادەیی ژیـانکردنێکی کلاسـیکیانە و تـۆز لێنیشتویانەی زەمەنە تاریەکـەکانی لەوەوپێـشی هـەبێت، ئەگـەر ئامادەبێـت بـۆ خۆی نەژیت و حەزەکانی بخنکێنێت و ئیرادەکانی سەرببڕێت، ئەگەر ئامادە بێت بۆ باوك بژیت، ئەگەر قبوڵی بێت ببێتە گەمۆکەیەك بە دەسـتی باوکـەوە و شـەق شەقانێی پێبکرێت، ئەگەر قبـوڵی دەسـتەمۆبوونی هـەبێت و ئەرێیانـە ئامـادەیی سـەرلەقاندن و مولتـەزیمبوونی هــەبێت لـە بەرامبـەر کـۆی بڕیارەکـانی باوکـدا، ئەگەر......هتد، ئەوا فریشتە ئاسا کوڕێکی بـاش و پیـاو و شـەریفە، بـەڵام بـە دیـوی ئـەو دیـودا و بـە ئامادەنـەبوون و قبوڵنـەکردنی ئەمانـەی سـەرەوە، ئـەوا کوڕێکی ناباشا و ناپیاو و ناشەریفە.

* * *

لە سەیرکردنمان بۆ تەرکیبی گوتاری پیاوبوون ڕووبەڕووی چەمکی "پیاو" دەبینەوە، ئەو پیاوەی خۆی وەکو گیانلەبەرێکی پیرۆز نمایش دەکات و بوونی خۆی لە بوونەوەرە مرۆییەکانیتری نێو کۆمەڵگا "ژن و کچ و کوڕ ...هتد" جیادەکاتەوە، هەروەها لەسەیرکردنمان بۆی ئەوە بەدیدەکەین کە هەڵگری قورسایییەکی بێوێنەیە لە حەز و ویست، لە دونیابینی و تێفکرینی تایبەت بە پیاو، کەواتە گوتار ماڵێکی تایبەتی هەیە لە دەرەوەی ماڵی سەرجەم بوونەوەرەکانیتری ناو کۆمەڵگا، چوارچێوەیەك و سنورێکی دیاریکراو و سەربەخۆی هەیە لە دەرەوەی چوارچێوە و سنوری کۆمەڵگا، ناوەڕۆکێکی پەیوەست بە خۆی هەیە جیا لەسەرجەم ناوەرۆکە پەیوەستدارەکانی کۆمەڵگا.

لەنێو گوتاردا پیاو خۆی لە سەرجەم بوونەوەرە مرۆییەکانیتری کۆمەڵگا جیاکردۆتەوە، بەڵام لێناگەڕێت ئەوان لەو جیاببنەوە، بەهۆی گوتارەوە پیاو ژیانی خۆی لەوانیتری نێو کۆمەڵگا جیادەکاتەوە، بەڵام لێناگەڕێت ئەوان ژیانی خۆیان جیابکەنەوە، خۆی بەسەر کۆمەڵگا دەسەپێنێت، بەڵام لێناگەڕێت ئەوانیتر جگە لە بەپاشکۆ ژیان و کۆیلایەتی و پەراوێزی بە هیچ چەشنێکیتر بژین، پیاو سەربەستبوون و ئازادبوون بۆ خۆی دەخوازێت، بەڵام بە سەربەستبوون و ئازادبوونی بوونەوەرە مرۆییەکانیتری ناو کۆمەڵگا قەڵسە، پیاو قبووڵیەتی ئەوانیتر کەلوپەل بن، بەڵام قبووڵی مرۆڤبوونیانی نیە، لێرەوە گوتاری پیاوبوون گوتارێکی غەریب دەبێت بە جەستەیی مرۆڤایەتی، چونکە دەخوازێت مرۆڤایەتی لە مرۆڤ "کوڕ" دابماڵێت و جەستە خاڵیبکاتەوە لە ئارەزوو و خواست و پێداویستی و بەها مرۆڤایەتیەکانی.

وەکو لەوەوپێش ئاماژەمان بۆکرد گوتاری پیاوبوون گوتارێکی ڕێنمایکار و چاودێریکارە، گوتارێکە لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە، لەگەڵ هەر جوڵەیەك. قسەیەك. چالاکیەك. ئامادەیە، بەردەوام پێت دەڵێت "وامەبە...وامەکە" بەڵکو لەبری ئەودا "وابە...وابکە"، گوتار دەڵێت ئەوەی خۆت دەیخوازیت "ئەو

مەبە...ئەو مەکە"، بەڵکو ئەوەی من دەیخوازم "ئەوبە...ئەوبکە"، بەمەش گوتار بەردەوام لە هەوڵی چاندنی تۆڕێکی دوور و درێژی سانسۆر دەبێت لە چوار دەوری حەز و ویستی کوڕ، لە هەوڵی تەسکردنەوە و تەڵغکردنەوەی ژیان دەبێت، لە هەوڵی دانانی سنور و حەرامی جیاجیا دەبێت لەبەردەم کوڕدا، بەمەش گوتار خەباتە بۆ بە دیلکردن و بە بەندەکردنی کوڕ، خەباتە بۆ باوکپەرستی کوڕ، باوك دەیەوێت کوڕ بیپەرستێت و لە ژێر فەرمانەکانی دەرنەچێت، لێرەشدا گوتار دەبێتە گوتاری تاکپەرستی و ڕەگەزپەرستی.

ئاشکرایە گوتاری تاکپەرستی یا ڕەگەزپەرستی لە سروشتی خۆیدا "بڵند .. نەوی، سەنتەر .. پەراوێز، پیرۆز .. ناپیرۆز، سەردەست ..ژێردەست...هتد" دروست دەکات، بەمەش کۆمەڵگا دابەش دەکات و مرۆڤایەتی تەسك دەکاتەوە سەر تاك یا ڕەگەزە جیاوازەکان، گوتاری تاکپەرستی یا ڕەگەزپەرستی بەردەوام کۆمەڵگا تەسك دەکاتەوە سەر تاکە یا ڕەگەزە پەیوستدارەکەی خۆی، بڵندی و پیرۆزی و سەروەری پێدەبەخشێت، بەپێچەوانەشەوە بۆ لایەنی بەرامبەر، لێرەدا بەهۆی گوتارەوە باوك خۆی وەکو بوونەوەرێکی بەرز و موقەدەس نمایش دەکات کە شایانی پەرستن و عیبادەت بۆکردنەوە، کوڕیش ڕووبەڕووی ئەم پەرستن و عیبادەت بۆکردنە دەکاتەوە. بەهۆی گوتارەوە کوڕ دابەشی دوو بەش دەبێت، بەشێکی دەستەمۆ دەبێت و دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی باوك، بەهیچ شێوەیەك لە فەرمانەکانی باوك دەرناچێت، تەنها بۆ حەز و ئیرادە و داخوازیەکانی ئەو کار دەکات، بەمجۆرە دەبێە کوڕێکی باوکپەرست، باوك دەبێە نموونەی بالای کوڕ " ئەمە ڕێژەیەکی زۆرە"، بەشەکەیتر ئەوەیە دەستەمۆ نابێت و ناکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی باوك، لە فەرمانەکانی دەردەچێت، بۆ حەز و ئیرادەی خۆی و ئەوانیتر کار دەکات، بۆ مرۆڤبوونی خۆی و ئەوانیتر کار دەکات "ئەمە ڕێژەیەکی کەمە"، بەمجۆرە دەبێتە کوڕێکی هیومانیخواز، کەواتە بەهۆی گوتارەوە کوڕ پۆلێن دەکرێتە سەر دوو پۆل، یەکێکی مرۆڤدۆست و یەکێکی باوکدۆست، کوڕێکی مرۆڤپەرست و یەکێکی باوکپەرست، کوڕێکی

کۆمەڵ ویست و یەکێکی باوك ویست، دیارە هەریەکێك لەم دووانە دنیابینی و تێفکرینی تایبەت بەخۆی هەیە.

باوکپەرست پێی وایە مرۆڤپەرست پیس و نەگریسە، مرۆڤپەرستیش نیگەرانە لە بەرامبەر ئەم وێناکردن و بیرکردنەوەیەی باوکپەرست و پێیوایە عەقڵ لەنێو کەللەسەری هەیکەلیدا نیە. لەنێو خەیاڵی باوکدۆستدا وێنەیەکی کوشندە و ترسناك لە بەرامبەر مرۆڤدۆست هەیە، لە نێوان خەیاڵی مرۆڤدۆستیشدا وێنەیەکی کوشندە و ترسناك بۆ باوکدۆستی هەیە. تاکپەرست نیگەران و ناڕەحەتە بە بوونی کۆپەرست، بەپێچەوانەشەوە کۆپەرست نیگەرانە لە بەرامبەر تاکپەرست. باوکپەرست وەك خائین و خۆفرۆش و بێدەرووەست سەیری مرۆڤپەرست دەکات، کەچی مرۆڤپەرست وەکو کەسێکی گوناه و نامۆ بە ژیانی مرۆڤایەتی سەیری باوکپەرست دەکات، باوکدۆست خۆی وەکو موحافزکارێکی تەقلیدی و بە ئەخلاق و بەشەرەف دادەنێت، کەچی ئەویتر وەکو لادەرێکی نامۆ و بێئەخلاق و بێشەرف دەشوبهێنێت، مرۆڤپەرست خۆی بە بوونەوەرێکی نوێخواز و عاقڵ دادەنێت و ئەویتریش بە کۆنزەرڤاتیڤ و ناعاقڵ. باوکپەرست خۆی بە خەباتگێرێکی نەبەرد و خاوەن هەڵوێست دادەنێت، کەچی ئەویتر بە بەکرێگیراو و ترسنۆك و بێهەڵوێست دەشوبهێنێت.

بەکورتی لێرەدا من مەبەستم ئەوە نیە خاڵە جیاوازەکان و بینینە جیاوازەکانی هەردوولا دەشتنیشان بکەم، بەڵکو ئەوەی گەرەکمە بیلێم ئەوەیە گوتاری پیاوبوون مرۆڤایەتی دابەشدەکات، جیاوزای دروست دەکات لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، ئیش بۆ باوکپەرستی دەکات، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەمە گوتارێگە لەنێو خانەی ناعەقڵانی و ناهیوماندایە، چونکە هەر گوتارێك هیومانیەت دابەش بکات بەو مەبەستەی تاکێك یا بەشێکی کۆمەڵگا "پیاو" بەسەر ئەوانیتر بسەپێنێت، یا هەوڵبدات تاکێك یا بەشێکی کۆمەڵگا بباتە سەرەوە و بەرزە مرۆڤبوونیان پێببەخشێت، و ئەوانیتریش لەژێر قاچیاندا بپڵیشێنێتەوە و نامرۆڤبوونیان پێببەخشێت، یا هەوڵبدات هەموو شتێك بە تاکێك

یا بەشێك ببەخشێت و هەموو شتێکی لەوانیتر بسەنێتەوە، ئەوا گوتارێگی نالۆژیکی و ناعەقلانیە و ناهیومانی، چونکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گردبوونەوە و کۆبوونەوەی تەنها تاکێك یا بەشێك نیە، تاوەکو دواجار بێن خوایانە گوتارێکی وابەستەیانە دابتاشن و ئاراستەی ئەوانیتری نێو کۆمەڵگای بکەن، ئەوانیتریش ئەرێیانە تەنها پراکتیزەکردنیان لەسەر بێت و هیچیتر، لەبەرئەوەی گوتاری پیاوبوون ئیش بۆ حەزی تاکێك یا بەشیك دەکات، لەبەر ئارەزووی تاکێك یا بەشێکی کۆمەڵگا ئارەزووی ئەوانیتر پشگوێدەخات، لەبەر ویستی کۆمەڵێکی بە ژمارە کەمتر ویستی کۆمەڵێکی بە ژمارە زۆرتر فەرامۆش دەکات، ئەو کۆمەڵەیەی کە دەکرێت بتوانێت لە ئێستای کوڕایەتی و گەنجایەتی خۆیدا گۆڕانکاریەکی هەم جەوهەری و هەم ڕووکەشی بە کۆمەڵگا ببەخشێت و مێژوویەکی تازە و ژیانێکی تازە بە پاڵپشتی جیهانبینیەکی هاوچەرخ و مۆدێرن، بە پاڵپشتی مەعریفەیەك و لۆژیکێکی مرۆییانەتر، لە تەنیشت لاپەڕە مێژووییە قێزەوەنە نا مەعریفی و نالۆژیکیەکانی پێشوو تۆمار بکات و ڕێڕەوێکیتر و فۆرمێکیتر بە ژیان ببەخشێت، کەواتە گوتاری پیاوبوون گوتارێکی نالۆژیکی و ناعەقلانی و ناهیومانیە.

***

## ئەنجامگیری

گوتاری پیاوبوون گوتارێکی باوی نێو کۆمەڵگایە، لە چەمکێکی باوی نێو بواری کۆمەڵایەتی وەرگیراوە، پەروەردەکرنی کۆمەڵایەتی مەبەستدارانە هەڵیقۆزتۆتەوە، وەکو ئامرازێکی زەبتکردن لە بواری جیاجیادا بەکاریدەهێنێت بۆ مەبەستی جیاجیا، لەوانە نەهێشتنی لادانی تاك یا گروپ، بەردەوامیدان و چەقبەست پێکردنی ستایلێك و فۆرمێك لە ژیانکردن. گوتاری پیاوبوون لە چاوێکی پیاوانەوە وێناکراوە و هەر لەلای پیاویشەوە ئاراستە دەکرێت، گوتار ئایدیایەك و نەزعەیەکی ڕەگەزپەرستانە بوونیادی ناوە، لە خزمەتی فەرزکردنی حەز و خواستی بوونەوەرێکی مرۆیی"پیاو" نێو کۆمەڵگا، بەسەر حەز و خواستی

سەرجەم بوونەوەرە مرۆییەکانیتر " ژن، منداڵ، کوڕ، کچ.." بەکاردەهێنرێت، هەر بۆیەشە گوتارێکی ناهیومانی و نالۆژیکی و ناعەقڵانییە.

گوتار لەنێو بوونەوەرە مرۆییەکاندا زیاتر ئیش لەسەر کوڕ دەکات، یا ڕووبەڕووی کوڕ دەکرێتەوە، ئەمەش بۆ دەستەمۆکردن و کۆنترۆڵکردنی، دواجار گوتار بۆ دووبارەکردنەوەی وێنەی باوک لە کوڕدا ئاراستە دەکرێت، بۆ وەک باوک لێکردنی کوڕ ئاراستە دەکرێت. واباشە دەسەڵاتی کوردی ئەو گوتارە ئاراستەی گەنج و کوڕەکانی کۆمەڵگا نەکات، ئیش بۆ وەک خۆلێکردنی کوڕ نەکات، بەتایبەتی ئەگەر خۆی باوکێکی ناشرین و دزێو بێت، تکایە با کوڕەکان و گەنجەکان هاوشێوەی خۆیان ناشرین و دزێو نەبن.

**ئۆکتۆبەری 2001**





بەهارێك بۆ گەنج... بەهارێك بۆ دەسەڵات

**"ئەی خودایە.. لێرە کەس بەهار ناناسێت... ئیدی چۆن داوای بەهار بکەین"**

ئەو وەرزەی لە ئێستادا کۆمەڵگای کوردی بە تامەزرۆ و حەزێکی زۆرەوە چاوەڕوانی هاتنی دەکات،و دەخوازێت بە پەلە و هەرچی ساتێك زووترە ئاوێزانی بێت، ئەو وەرزەی لە هەنوکەدا کۆمەڵگای کوردی بە شەوقەوە خواستی بەرەو رووچون و پێشوازیلێکردنی هەیە،و گەرەکیەتی زیاتر لەنێویدا گوزەران بکات... بەهارە، بەهار بە هەموو ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندی و جیاکەرەوانەی کە هەیەتی، بەڵام بۆچی بوون و ئامادەیی بەهار بۆ کۆمەڵگا؟ یان باشتر بڵێین بەهارخوازی کۆمەڵگا لە ئێستادا زەروورەتێك و پێداویستییەکی حەتمییە؟.

بە بۆچوونی من کۆمەڵگای مرۆیی لە دروستبوونیدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیرۆکەی بەرژەوەندخوازی مرۆڤ، چونکە بەپێی قسەی زۆرێك لە هزرڤان و مێژوونوس و ئەنترۆپۆلۆژیستان مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی ڕۆح لەبەر لە سەرەتای ژیانکردندا لە تەنهایدا ژیاوە، بەڵام لە تەنهایدا نەیتوانیووە حەز و خواست و پێداویستیە سروشتی "فگری" یەکانی دەستەبەر بکات، ئەمەش وایکردووە هانا بۆ ئەویتری هاوچەشنی ببات، لێرەوە ئیدی کردەی سوود بەیەکتر گەیاندن، دان و ستاندن، بەخشین و وەرگرتن، ئاڵوگۆڕکردنی شتەکان سەرهەڵدەدات، پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن تەنها پرۆسەیەکی عەقڵانی ئەبستراکت نییە، دەشێت پرۆسەیەکی غەریزیش بێت، مەبەست غەریزە لە پشت سەرهەڵدانیەوە بێت، ئەمەش بەگوێرەی خواست و داواکانی مرۆڤ، بۆیە لە دەرەنجامدا بیرۆکەی بەرژەوەندخوازی مرۆڤ دەبێتە خاڵێکی بنەڕەتی دروستبوونی کۆمەڵگا،بەڵام مرۆڤ هەر بەوەندە ناوەستێت بوونەوەرێکی بەرژەوەندخواز بێت لە بەرامبەر هاوڕەگەزەکەی، بەڵکو بەرژەوەندخوازی ئەو دەڕوات بۆ سوود وەرگرتن لە سروشت و کۆی ماتریال و بووەکانی.

بیرۆکەی بەرژەوەندخوازی مرۆڤ لە بەرامبەر بووەکانیتر بەردەوام دەبێت و دەچێتە ناو جەستەی گروپ و چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، ئیدی کۆمەڵگا بوونەوەرێکی بەرژەوەندخواز دەبێت، و دەخوازێت سوودمەند بێت لە بووەکانی دەوروبەری کە "سروشت و وەرزەکان یەکێکە لێیانەوە".

بەهاریش وەکو بووێك "وەرزێك"ی سروشتی خاوەنی سیماو تایبەتمەندی خۆیەتی، لە ڕێگای ئەم سیما و تایبەتمەندیانە دەتوانێت لە بواری جیاجیا سود بە کۆمەڵگا و گروپ و چین و توێژەکانی بگەیەنێت، لەسەر ئەم بنەمایە بەهارخوازی کۆمەڵگا دەبێتە زەرووورەتێکی حەتمی.

گرنگی ئامادەبوونی بەهار و حەزکردن بە هاتنی لەلایەن کۆمەڵگا، بۆ هۆکارگەلێك و مەبەستگەلێکی جیاجیا دەگەڕێتەوە، ئەوانیش لە بواری جیاجیادان لەوانە "سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، سیاسی، جوگراف، دەروونی، ئیستاتیکی ...هتد".

بەهارخوازی کۆمەڵگا بۆ کاریگەری خودی بەهار بەسەر واقیعی ژیانکردن دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە هەنووکەییانەی بەهار لەگەڵ خۆیدا داسەپێنەرانە دەیهێنێت و فەرزی دەکات.

بەهار لە هاتنیدا دوو جۆرە گۆڕانکاری دێنێتە ئاراوە، یەکێکی سروشتی و ئەویتریش کۆمەلایەتی، هاتنی بەهار "وەکو وەرزێك" بۆ خۆی وەرچەرخانێکە لە زەمەن، گۆڕینی جۆرێکی کەش و هەوایە بە جۆرێکیتر، هاتنی بەهار فریادڕەس ئاسا هۆکارێکە بۆ کۆتایی هێنان و ڕزگاربوون لە ساردی و وشکی زستان "بە هەموو ئافات و ناخۆشییەکانیەوە".

لەبەرئەوەی سروشتی ئەو ناوچە جوگرافیە ژیاریەی کۆمەڵگای کوردی تیا گوزەران دەکات لە هەندێك وەرزدا بە تایبەتی"زستان" کەش و هەواو و ژینگەیەکی ناتەندروستی هەیە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری و پیشەسازی نییە، کۆمەڵگایەك نییە لە هەناویدا پڕ بێت لە کۆمپانیای گەورە و پێکهاتە جۆراوجۆرە مۆدێرنەکان، تاوەکو لە ڕێگایەوە تەواوی ئەم ئامێر و کەرەستە تەکنەلۆژییانە دروست بکات کە دەتوانێت خەسڵەت و تایبەتمەندی وەرزە کوشندە و ناتەندروستە زیانگەینەرەکان بگۆڕێت، یان کاریگەری و ناخۆشیان کەم بکاتەوە، لە بەرامبەریشدا کەشێکی خۆش و لەباری دەستکرد بۆ مرۆڤەکان بسازێنێت، بۆیە هانا بۆ بووە سروشتیەکانی لە چەشنی "بەهار" دەبات.

بەمـــەش خـــاڵێکی بـــەهارخوازی کۆمـــەڵگا ئەوەیـــە سروشـــتییانە و بـــەبێ دەسکاریکردنی مرۆڤ ژینگەیەکی تەندروست و لـەبار بەکـەتواری ژیـانی کۆمـەڵگا دەبەخشێت.

کاریگەری بەهار بەسەر ژینگە و گۆڕانی ژینگە هەر تەنها لەوەدا نییە سـاردی و وشـکی زسـتان دەگۆڕێـت بـە کەشـێکی تاڕادەیـەك گـەرمتر و تـەڕتر، بـەڵکو ئەوەشـە یـەکڕەنگی ڕووخـساری ژینگـە، بـێ گـوڵ و گـوڵزاری، بـێ سـەوزایی، دەگۆڕیت بۆ واقیعێکی ڕەنگاوڕەنگی پڕ لە گوڵ و گوڵزار، پڕ لە سەوزایی، بـەهار ژینگەیەکی بێ گوڵە حاجیلە، بێ کنێر، بێ نەرگس دەگۆڕێـت بـە ژینگەیـەکی پـڕ لـە گوڵـە حاجیلـە و کنێـر و نـەرگس، ئەمـە کاریگـەی لـە زەوق و سـەلیقەی ئیستاتیکی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات، بۆیە هەرچی سـاتێك زووتـرە حـەز بـە هاتنی دەکات و دەخوازێت لەناویدا گوزەران بکات.

ئەگەر بەهار لەلایەنی سروشتیەوە بۆ مەبەستگەلێك بخوازرێت، ئەوا بەهـەمان شـێوە لەلایـەنی کۆمەڵایـەتیش مەبەسـت هەیـە لـە خواسـتنی، چـونکە وەکـو ئاشکرایە هەر وەرزێك کە دێت لەگەڵ خۆشیدا دیاردە و دەرکەوتەی کۆمەڵایـەتی تایبەت بە خۆی دەهێنێت، ئەمەش بەپێی مەعریفەی باو و کولتوری کۆمەڵگاکان و شوێنی ژیانکردنیان دەگۆڕێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا جـۆری ئـەو دیاردانـەی بـەهار لەگـــەڵ خۆیـــدا دەیهێنێـــت لـــە کۆمەڵگایەکـــەوە بـــۆ یـــەکێکیتر، هـــەروەها لەسـەرزەمینێکی ژیانکردنـەوە بـۆ سـەرزەمینێکیتری نـاو هـەمان کۆمـەڵگاش جیاوازە.

یـەکێك لـە دیـاردە باوەکـانی کۆمـەڵگای کـوردی کـەوا بـەهار لەگـەڵ خۆیـدا دەیهێنێت ودەیسەپێنێت، چونە دەرەوەی خەڵك و خێزانەکانە بۆ دەرەوەی شار و دێهاتـەکان، زادگـەی بـاو باپیرانیـان، گەشـتو گـوزار و سـەیرانگاکان..هتـد، بەمانایەکیتر لە کۆمەڵگای کوردیدا بەهار بەردەوام بەستراوەتەوە بە سەفەر، هەر کاتێـك بـەهار بێـت بیرۆکـەی سـەفەرکردن "چـونە دەرەوە" لەلایـەن تاکـەکان سەرهەڵدەدات، هەر کاتێك بەهار بێت دەماری سەفەریش لـە جەسـتەی تاکـەکان ئەکتیڤ دەبێت، ئەمەش بۆ خۆی سودی جەستەیی و مەعنەوی هەیە.

چوونه دەرەوە لە سادەترین مانایدا ئاماژەیە بۆ ئازادبوونێکی ساتی و ڕێژەیی لەنێو چوارچێوەی ئەو زیندانە بچوك و ماڵیەی، کەوا بەهۆی هەردوو فاکتەری "سروشتی"و "کولتوری و کۆمەڵایەتی" سەپێنراوە بەسەر تاکەکان، بەڵام بۆچی دەڵێم چونە دەرەوە ئازادبوونێکی ساتیە، چونکە چانسی تێکەڵاوبوون و ئاوێزانبوون بە تاکەکانی کۆمەڵگا دەدات، ئەمەش بۆخۆی بێسوود نییە و جێکەوتەی دەبێت. هەروەها چانسی ئاشنابوون و ناسینی سروشت و زادەگەی باوان و سەیرانگەکان بە تاکەکان دەدات.

لە بەهاردا دیادەی گوڵ گۆڕینەوە و گوڵ پێشکەشکردن سەرهەڵدەدات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەیوەندی بەستنی نێوان هۆگران و دڵداران و خۆشەویستان، کە پەیوەندیەکی سەدەر سەد هیومانی و ئەخلاقیە. دیسان ئەمە پەیوەندی بەستینیشە لەگەڵ سروشت و دیاردە جوانەکانی.

بەهەموو ئەمانەی سەرەوە "چەندێکی تریش" بەهار چەنسی خۆشویستن و حەزکردن بە هاتنی دەکرێت لەلایەن کۆمەڵگا و تاکەکانی.

بەگشتی دەتوانم بڵێم بەهارخوازی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سود و قازانجانە "سروشتیو کۆمەڵایەتیانە"ی بەهار بە کۆمەڵگا دەیبەخشێت، ئەمە کاری کردۆتە سەر خەیاڵ و هزری تاکەکان و لەنێو نەخشەی زەینی تاکدا شوێنگەیەکی خەیاڵی جوان و ئەفسوناوی نەخشاندووە.

هەر چەندە هەموو کۆمەڵگا سوود لە بەهار وەردەگرێت، واتا سوود وەرگرتنی هەمەکی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سوود وەرگرتنێکی تایبەتیش هەیە، گروپ و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا سوودی تایبەت لە بەهار وەردەگرن، بەهارخوازی ئەمانە لە دوو ئاستدایە، ئاستێکی گشتی و یەکێکی تایبەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار ئاستە تایبەتیەکەی لە بەهار سوود وەرگرتنی "چینێك، توێژێك، ڕەگەزێك" دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە "چینێك، توێژێك، ڕەگەزێك"یتری ناو هەمان کۆمەڵگا، یا زیانگەیاندن بەکۆی کۆمەڵگا.

ئەوەی من لە دوو توێی ئەم نووسینەدا گەرەکمە قسەی لێوە بکەم، چۆنیەتی گرنگی بەهار و حەزکردن بەهاتنی لەلایەن کۆمەڵگا وەکو گشت نییە،

بەڵکو چۆنیەتی گرنگی بەهار و حەزکردن بە هاتنیەتی لەلایەن دوو پێکهاتەی کۆمەڵگا، یەکێکیان دەسەڵاتی سیاسیو ئەویتریش گەنج، کە هەردووانەیان جگە لە سوودە گشتیەکە سوودێکی تایبەتیش لە هاتنی بەهار وەردەگرن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەهار سوود وەرگرتنی ئەمانە زیانی هەیە بۆ توێژێك یا رەگەزێك یا کۆی کۆمەڵگا، واتا من گەرەکمە لە بەهارخوازی هەر یەکێك لە"دەسەلاتی سیاسی/ گەنج" بدوێم، تیایدا ئەوە روون بکەمەوە بۆچی ئەم دووانە گەرەکیانە تا ساتێك زووترە بەهار بێت؟ ئایا سوودی هاتنی بەهار بۆ هەردووانەیان لەچیدایە؟ ئایا ئەو بەهارخوازییەی هەردوولا بەهارخوازییەکی واقیعی و ئەخلاقیی و هیومانیە؟ ئایا بەهارخوازی ئەمانە بێ زیانە؟ یا بەپێچەوانەوە زیانگەیەنەرە بەلایەن و بوونەوەریتری ناو کۆمەڵگا؟.

* * *

سەرەتا لە بەهارخوازی دەسەڵاتی سیاسییەوە قسە دەکەم، بە بۆچوونی من بەهارخوازی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێستای زەمەندا بۆ زیاد لە هۆکارێك و زیاد لە مەبەستێك دەگەڕێتەوە، ئەمەش دەکرێت بکرێتە دوو بەش، بەشێکیان دیار و بەرچاوە، لەواقیعی ژیانکردندا بەئاشکراو ڕاستەوخۆ ئیشی خۆی دەکات،و لەگەڵ بەهار خوازی سەرجەم کۆمەڵگادا یەکدەگرێتەوە، سوودەکەشی گشتگیرە بۆ هەموو کۆمەڵگا، کەچی بەشەکەیتریان نادیار و پەنهانە، لەنێو واقیعدا بەنهێنی و ناراستەوخۆ ئیشی خۆی دەکات، و لەگەڵ بەهارخوازی سەرجەم کۆمەڵگا یەکناگرێتەوە، واتا سوودێکی تایبەتە. بەشێوەیەکیتر بەشێکیان جووت جەمسەرییە و لە یەککاتدا بۆ هەردووانەی "کۆمەڵگا/ دەسەلات" جۆرێك لە سوودمەندی دەگەیەنێت، بەتایبەتی لە گۆڕینی سروشتی ژینگەی وەرزەکان، نەمانی ساردی زستان، چونکە لەمەدا هەم کۆمەڵگا لە ساردی و سەرمایی قوتاری دەبێت، هەمیش دەسەلات لە گلەیی و پرتەو بۆڵەی بندیواری خەڵك، ئەمەش لە نائامادەیی "گروپی فشار" ئەگەرنا ڕاستترە بلێین دەسەلات لە رەخنەی گروپی فشار قوتاری دەبێت، کەچی بەشەکەیتریان لە سوودمەندیدا خۆویستیەکی تیادایە، و تەنها پەیوەستە بە "دەسەلات"و گروپە دەسەلاتدارەکان.

بەگشتی لە پشت بەهارخوازی دەسەڵاتدا دوو جۆرە مامەڵەکردن هەیە، بەڵام بە دوو ڕووی جیاواز، ڕووێکیان دیار و ئەویتر نادیار، ڕووێکیان ئاشکرا و ئەویتر شارەوە. من لێرەدا قسە لەسەر ڕووە دیار و بەرچاوەکەی بەهارخوازی دەسەڵات ناکەم، چونکە لەلایەکدا مەبەستی وتارەکەم نییە، لەلایەکیتریشدا ئاشکراکردنی خواست و مەبەستە نادیار و پەنهانەکانی لێناکەوێتەوە، بەڵام ڕووە نادیار و دەمامك لەسەرەکەی بەهارخوازی دەسەڵات، خاڵ و تەوەری سەرەکی قسە لەسەرکردنی ئەو بەشەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی بزانین لە پشتییەوە چی ئامادەیە، چیش هەڵیدەسوڕێنێت و ئیشی پێدەکات.

لە ڕوانگەی منەوە ئەوەی لە پشت بەهارخوازی دەسەڵاتی سیاسیدا خۆی مەڵاسداوە، ئەوەی لە بەهارخوازی دەسەڵاتدا نادیارانە بۆتە تاکتیکە ویستێکی هەنووکەیی زۆر گرنگ و ئیشی بۆ دەکرێت، دەرهێنانی تاکەکان و پێکهاتەی خێزانە "بە قەبارەی جیاجیا"، یا بەشێوەیەکیتر پەلکێشکردنی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگایە، بۆ پانتاییە فراوانەکانی دەرەوەی بووە بەنێو شارەکان، بۆ دەشتایی و سەیرانگاکان، ئەمەش بۆ ئەوەی بە زوومی کامێرای کەناڵەکانیەوە وێنەیان بگرێت، دواتر لە ڕێگای میدیاکانیەوە پەخشی بکات، دەسەڵاتی سیاسی بەمە هەوڵدەدات وا پێشانبدات واقیعی ژیانکردنی ئەو بەشەی ژێر دەسەڵاتی ئەو جوان و ڕەنگاو ڕەنگە، ئارام و هێمن و لەسەرەخۆیە، بێ کێشە و گیروگرفتە، بێ ماڵوێرانی و قات و قڕییە، بێ خراپەکاری و بەدڕەفتارییە، دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێت وا بڵاوبکاتەوە لە سایەی ئەودا تاکەکانی نێو کۆمەڵگا دڵخۆش و خۆشگوزەرانن، ئازاد و بە کەیف و شادن، لەگەڵ خۆشیدا تەبان، لەگەڵ جوانی و هەمەڕەنگیدا جووتن، دەخێوێنە جەستەی شایی و هەڵپەرکێیەوە، هەر بۆیە بەشێکی بە ژمارە زۆری خەڵك، بۆ مەبەستی سەیرانکردن دەردەچنە دەرەوەی شارەکان، لەوێدا فرە ڕەنگیانە ئاوێزانی یەکتر دەبن، ئاهەنگساز دەکەن، سەماو یاری دەکەن.

لێرەوە ئەگەر وردبینانە سەیری پرسەکە بکەین دەبینین دەسەڵات لەمکارەیدا خواستی سەرەکی چەواشەکردنی ڕاو بۆچوون و بینینی دەرەوەیە،

بەوەی وای تێبگەیەنێت کە بەکردارەکی ئـەم چـەند سـاتە دەرچـوونە ئـاوەژووی واقیعی ژیانکردنی بەردەوامی کۆمەلانی خەلکی ئەو دەڤەرەی کوردستانە "کە لە ژێر سایەی دەسەلاتی ئەودا گوزەران دەکەن"، گەرەکیەتی وای تێبگەیەنێت ئەم چەند ساتە دەرچـوونە گوزارشـتێکە لەخۆشـیە زنجیرئاسـا نەپـساوەکانی ژیـانی کۆمەلگا، ئەم سەیرانکردنە دەرەنجامی شادمانی و بەختەوەرییە بەردەوامـەکانی کۆمەلگایـــە، بەمـــەش دەیـــەوێت پەردەیـــەك بەســـەر هـــەموو بـــەدڕەفتاری و خەتاکارییـەکانی نێـو واقیـع بـدات، نـەهێڵێت دزێویـەکانی سـەردەم ئـەوەی ئـەو هۆکـاری سـەرەکی دروسـتبوونیەتی وەکخـۆی لەبەرچـاوانی "دەرەوە" بـە دیـار بکەوێت.

بەلام لێرەدا پرسیارگەلێکی هەلوەستە پێکار دێتە ئاراوە " دەکرێت بۆ خۆی بابەتی قـسە لەسـەرکردنی وتـارێکیتر بێـت" ئـەویش بۆچـی دەسـەلاتی سیاسـی کـوردی نایـەوێت واقیعـی ژیـانی کۆمـەلگا وەکخـۆی پێـشانی دەرەوە بـدات؟ یـا بەشێوەیەکیتر نایەوێت دەرەوە واقیعی کۆمەلایەتی کۆمـەلگا وەکخـۆی ببینێـت؟ بۆچی هەولی هەلخەلەتاندنی بینینی دەرەوە دەدات؟ ئایا دەسەلاتی سیاسـی لـە ڕاو بۆچوون و حوکمەکانی دەرەوە دەترسێت؟ بیرۆکەی ترس لە دەرەوە لە چی سەرچاوەی گرتووە؟ ئەگەر گریمـانی ئـەوە بکـەین دەسـەلات لـە ڕاو بۆچـوون و بڕیارەکـانی دەرەوە دەترسـێت و ئیعتباریـان بـۆ دادەنێـت، کەواتـە بۆچـی بـەو شێوەیە مامەلە و ڕەفتار دەکـات، دیـسان ئەگـەر لـە ڕاو بۆچـوون و بڕیارەکـانی دەرەوە دەترسێت و ئیعتیباریان بۆ دادەنێت، کەواتـە بۆچـی لـە ڕاو بۆچـوون و بڕیارەکانی ناوەوە ناترسێت و ئیعتباریـان بـۆ دانانێـت؟ ئایـا لـە هـزر و ئـاوەزی دەسەلاتی سیاسیدا تـەنها دەرەوە دەتوانێـت دیـاردە و پرسـە جۆراوجۆرەکـانی دنیـای کـوردی ڕاڤـە بکـات،و بەپێـچەوانەشەوە نـاوەوە مەعریفـەی ڕاڤـەکردنی دەرکەوتە و دیاردەکانی دونیـای خـۆی نییـە؟ بـا گریمـانی ئـەوە بکـەین نـاوەوە کەسگەلێکی تیا نیە دەرك بەو چەواشەکاریە "ئەوانیتریش" بکات، لێـرەوە ئایـا چەواشەکردنی دەرەوە مەودا زەمەنیەکـەی درێـژ دەبێـت؟ ئایـا زۆر دەخایـەنێت تاوەکو ڕاستیەکانی ناو واقیعی کۆمەلگای کوردی وەکخۆی ببینێت؟.

ئەم دەرەوەی دەسەڵاتی کوردی بەمشێوەیە واقیعی کۆمەڵگای پێشاندەدات ناوی دەنێین بە"دەرەوەی نادوژمن"، ئەو دەرەوەیـە دوژمـنی ڕاسـتەوخۆی ئـەو دەسەڵاتە نییە، تەنها شتێك بـۆی گـرنگ بێـت چـاودێریکردنی ئـەو دەسـەڵاتەیە، دەسەڵاتی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا لـە چـاودێری "دەرەوەی نـادوژمن" دەترسـێت، هـەر بۆیـە بەمـشێوەیە واقیعـی پێـشاندەدات، ئەمـەش تـاوەکو پێـی نـەڵێت تـۆ بەکەڵکی دەسەڵات گرتنە دەست و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا نایەیت.

ئەگەر لە سەرێکدا دەسـەڵات بیـەوێت "دەرەوەی نـادوژمن" هەڵبخەڵـەتێنێت بـەو پەخـشکردنە درۆزنانـەی واقیـع، ئـەوا مەهامـەکیتری هەیـە ئـەوەیش بـە دەسەڵاتەکەیتر "دەرەوەی دوژمن" ئـەوەی بـەهۆی شـەڕی نـاوەخۆ، کۆمـەڵگای لەگـەڵ دابەشـکردووە بـۆ دوو نیـوە، و هەریەکـە نیوەیـەك بـەڕێوە دەبـات، مەهامەکەی ئەوەیە پێی بڵێت خەڵکی ژێر دەسەڵاتی من خۆشگوزەرانترن لەوەی تۆ، کەواتە یەکێك لە هەمەکان بە جوان پێشاندانی وێنـەی خۆیـەتی بـۆ ئـەویتری دوژمن. دەسەڵاتی سیاسی لـە بـەهارخوازی خۆیدا گەرەکیـەتی دوور لـە ڕاسـتی واقیع بە فۆرمێکیتر و بە سیمایەکیتر پیشانبدات، هەر بۆیە زۆرجار لە کۆبوونەوە نهێنیـەکانی حزبەکەیـدا، داوا لـە ئەنـدامان و لایـەنگرانی دەکـات "تـا زووە" دەرچوون بۆ دەرەوەی شارەکان، سەیرانکردن بۆ دەشـتاییەکان و سـەیرانگاکان بکەنە دیاردەیەکی ناو واقیعی کۆمەڵگا، تاوەکو ئەویش بە ڕۆڵی خۆی ڕێکـلام بـۆ خۆشـگوزەرانی خـەڵك بکـات، دواجـار لـە پـشت ئەمەشـەوە واپێـشانبدات بـە عەقڵانیانـە و لۆژیکیانـە و هیومانیانـە ئیـدارەی کۆمـەڵگا دەکـات، بـەڵام ئـەم ڕێکلامکردن و نیشاندانە، ئەم پەخشکردن و گوزارشتکردنە، مەودا زەمەنیەکـەی درێژ نابێت و زۆر ناخایەنێت، چونکە هەر لەناو خودی ئەم کۆمەڵگایەدا بـووێکیتر هەیـە، ئـەم بـەهارە بـۆ مەبەسـتێك دەخوازێـت زۆر پێـچەوانەی بـەهارخوازی دەسەڵاتی سیاسیە، بەهارخوازیەکەشی لـە سـادەترین مانایـدا ڕێکلامکردنـەکانی دەسـەڵاتی سیاسـی پـووچ و بـەتاڵ دەکـات، ڕێکلامکردنـەکان لـە بنەڕەتـەوە هەڵدەوەشێنێتەوە ئەویش "گەنجە".

* * *

باشترێکه گەر له سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژه بەوه بکەم کە مەبەستم لە گەنج "لەم نووسینەدا" ئەو بوونەوەره ڕۆح لەبەره ئەکتیڤ و زیندووەیە کە لە ژیانکردنیدا کەوتۆته نێوان تەمەنێکی دیاریکراوەوه، هەروەکو ئەوەی بەشێك لە ئەنترۆپۆلۆژست و سۆسیۆلۆژست و سایکۆلۆژستەکان پۆلێن و دیاریانکردووه، لەوەش زیاتر دەچینه خوار و پێدادەگرین مەبەستمان زیاتر ڕەگەزی نێره نەوەکو مێ "ئەمەش بێ هۆکار و بێ مەبەست نییه".

ئەگەرچی هەندێك له ئەنترۆپۆلۆژست و سۆسیۆلۆژست و سایکۆلۆژستەکان تەمەن به بنەما و هۆکاری گەنجێتی مرۆڤ دادەنێن، وا تێدەگەن کە قۆناغەکانی مرۆڤ پێیدا تێپەر دەبێت "مندالی، هەرزەکاری، پێگەیشتووی، پیری" لە ڕێگای تەمەنەوه دیار دەکرێت، ئەوا به بۆچوونی من ئەم تێڕوانین و پۆلێنکردنه ناڕاسته سەبارەت به گەنج، چونکه گەنجێتی مرۆڤ له ڕێگای تەمەنەوه نییە هێندەی لە ڕێگای چاوەکانەوەیه، واتا تەمەن پێوەر نییه بۆ گەنجێتی مرۆڤ، بەڵکو چاو و دونیابینی و تیفکرین پێوەره بۆ ئەمه، بەمانایەکیتر مرۆڤ لە ڕێگەی تەمەنیەوه گوزارشت له گەنجێتی خۆی ناکات، بەڵکو له ڕێگەی چاوەکانیەوه گوزارشت لە گەنجێتی خۆی دەکات، هەر لە ڕێگای ئەویشەوه دەیسەلمێنێت کەوا گەنجە، ئەمەش بەوەی هەردەم دنیاو پێکهاتەکانی نێوی به جوانی و شەفافی دەبینێت، به عەقلانی و لۆژیکی بیر دەکاتەوه، هیومانیستانه دوور لە خۆپەرستی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر دەکات، لەگەڵیشدا پرسیاری گومانهێن لە سنووره حەرامە دەستکردەکان، له دەرگایه تابۆو قەدەغەکراوەکان، له واقیعی باوی سەپێنراو، له پرس و کێشه جیاجیاکانی دونیاکەی دەکات، هەوڵ دەدات شته سواوه چەند بارەکان، دیارده قێزەونە نالۆژیکیەکان، عەقڵە چەقبەستوه دۆگماکان، بە ئەگەری گۆڕان و نوێبوونەوەدا ببات، و ڕۆحێکی تازەیان بە بەردا بکات و وێنەیەکی تازەشیان پێببەخشێت.

بەکورتی گەنج ئەوەیه له ڕێگای چاوەکانیەوه به پێکهاته و دیارده کۆنه تۆز لێنیشتووەکانی زەمەنی پێش ئێستا ڕازی نابێت، پرسیاری ورووژێنەریان لەبارەوه دەکات و هەوڵی گۆڕینیان دەدات، نەوەکو له ڕێگای تەمەنەوه.

له دەرەنجامی نزیکبوونەوە و گوێگرتن له ژمارەیەکی زۆری ئەم مرۆڤانە" لـه ڕێگای تەمەنەوە شوناسی گەنجێتییان وەرگرتووە" ئەو ڕاسـتیە ئاشـكرا دەبێـت بەهارخوازی گەنج بەهارخوازیەکی سروشتیانەیە، گـەنج لـه بـەرهارخوازی خۆیـدا دەخوازێـت سروشـتیانه تـا سـاتێك زووتـره کـەش و هـەوا گـەرم بێـت و سـاردی نەمێنێت، ئەمەش بۆئەوەی بەهۆیەوە بەفر و سەهۆڵی سـەر سـنووره جوگرافیـه سیاسیه دەستکرده نا مۆڕاڵیەکانی سەردەم، ئەوانەی له ڕێگـای بێئەخلاقییـەوە بـۆ بێئـەخلاقیکردن و لـه ڕێگـای ناهیومانـەوە بـۆ ناهیومـانیکردن دروسـتکراون بتوێتەوە، تاوەکو فەزا و ژینگەکەی بۆ پێدا تێپەڕین و کۆچکردن لەبار و گونجـاو بێت.

کەواتـه گـەنج ئـەوەی لـه بـەهار دەوێـت ببێتـه فاکتـەرێکی یارمەتیـدەر بـۆ ئاسـانکردنی پراکتیزەکردنـی خواسـتەکانی، بـەوەی فـەزا و ژینگـەی سروشـتی سنوورەکان به مەبەستی پێدا تێپـەڕین و کۆچـکردن بـەرەو شـوێنێکیتر و سـەر زەمینێکیتر لەبار و گونجاو بکات و ئەم پانتایی و سەرزەمینه جێبهێڵێت.

گەنج دەیەوێت بەهار وەکو فریادڕەسێك ببێته سـەرەتایەك بـۆ سـەرهەڵدان و هەنگاونان بەره و کۆتاییهێنان و ڕزگاربوون له بێکۆتا ناخۆشی و تراژیدیا به زۆر سەپێنراوەکانی ژیـانی، بەمـەش بـەهارخوازی گـەنج سـەد و هەشـتا پلـه لـەوەی دەسـەڵات دوور دەکەوێتـەوە، پەلـەکردن لـه هـاتنی بـەهار لەلایـەن گەنجـەوە جیاوازیـەکی ئێکجـار گـەورەی دەبێـت و لینگـاو قـوچ دێتـەوە لەگـەڵ ئـەوەی دەسەڵات، چونکه دەسەڵات بەهاری بۆ ئەوە دەوێت خەڵکی پەلکێش بکاته ئاقار و دەشتایەکانی دەرەوەی شارەکان، تاوەکو له درەنجامدا ڕێکلامی ئەوە بکات و بڵێت ئەها فەرموو سەیرکەن له ژێر سـایەی بەخـشندەیی و دادوەری منـدا، وڵات چەند جوان و کۆمەڵگاش چەنده دڵ گەرم و خۆشگوزەران و مورتاحن، تاکـەکان چەنده ئازا و سەربەستن له هەنگاونان و تێکەڵاوبووندا، بـەڵام گـەنج بـەهاری بـۆ ئەوه دەوێت تاوەکو فەزا و کەش و هەوای سنوورەکان گەرم بێت و سـەهۆڵەکان بتوێنەوە، بۆ ئەوەی کۆچ بکات، له دەرەنجامیشدا بڵێت ئەها فـەرموو سـەیرکەن له ژێر سایەی نابەخشەندەیی و نـادادوەریی دەسـەڵاتدا، وڵات چـەنده نـاجوان و

منــیش چــەندە دڵــسارد و ناخۆشــگوزەران و نامورتــاحم، چــەندە نائــازاد و ناسەربەستم لە هەنگاونان و تێکەڵاوبووندا، بەشێوەیەکیتر دەسـەڵات دەخوازێـت بەهار وەکو فاکتەرێکی "ڕاکێشەر" بـەکاربهێنی، ڕاکێشانی خـەیاڵ و ڕاکێشانی خەڵك، بـەڵام گـەنج دەخوازێـت بـەهار وەکـو فاکتـەرێکی پاڵپێوەنـەر "دەرکـەر" بەکاربهێنێ. لێرەوە پێدەچێت دەسەڵات زۆر ڕقی لەو جۆرە بەهارخوازیەی گەنج ببێتــەوە، چــونکە لــە ڕێگایــەوە ڕووە بــە زۆر پــەردە پۆشــکراوەکەی واقیــع دەدرێنێـت،و ئیـدیعاو ڕێکلامـەکانی دەسـەڵات پووچـەڵو بـەتاڵ دەکاتـەوە، بـە "دەرەوەی نادوژمن"و "دەرەوەی دوژمن" دەڵێت واقیع بەو شێوەیە نییە وەکـو ئەوەی دەسەڵات وێنای کردووە و میدیاکانی خۆی بۆ خستۆتەکار.

ئەگەرچی ئەم جووتە بەهارخوازیـە جۆرێك لـە سوودمەندی بـۆ هەردووانـەی "دەسەڵات/ گەنج" تیایە، بەڵام خاڵیش نیـە لـە زیانگەیانـدن بـە ژیـانی چینێك، توێژێك، یا کۆی کۆمەڵگا، بەمانایـەکیتر هەرچـەندە ئـەم بـەهار ویـستیە سـوودی جیاجیای بۆ هەردووانەیان تیایە، بەڵام بێ زیانیش نییە.

وتم دەسەڵات لەلای خۆیدا هەوڵدەدات واقیعـی ژیـانی کۆمـەڵگا بـشێوێنێت و بەفۆرمێکیتر نمایشی بکات، تاوەکو "دەرەوەی نـادوژمن" و " دەرەوەی دوژمـن " بە چاوی میدیاکانیەوە دنیای کوردی "ئەو بەشەی ژێر دەسەڵاتی ئەو" ببینن، ئەمـە بـۆ خـۆی لـە ئـەخلاقی مرۆڤـی ڕاسـتگۆ و بەخـشندە و دادوەر بـە دوورە، چونکە ئیش لەسەر بە هەڵەبردنی بینینی چاوەکان دەکات.

دەسەڵات لەم بەهارخوازیەیـدا تائاسـتێك خۆپەرسـتانە کـار دەکـات، چـونکە ئەوەندەی ماف و بەرژەوەندی تاکلایەنـەی خـۆی لەبەرچـاو دەگرێـت، ئەوەنـدە ماف و بەرژەوەندی کۆی کۆمەڵگا لەبەرچاو ناگرێت، ئەوەندەی سوود و قازانج و دەستکەوتی خۆی دەوێت، ئەوەنـدە سـوود و قـازانج و دەسـتکەوتی کۆمـەڵگای ناوێت، ئەوەندەی دەخوازێت ماڵ و دیوەخانی خۆی گەورە و گەرم و خۆشبێت، ئەوەندە ناخوازێت ماڵ و دیوەخانی خێزانەکانی نێـو کۆمـەڵگا گـەورە و گـەرم و خـۆش بێـت، بۆیــە ئــەم بەهارخوازیــەی دەســەڵات لــە کۆتاییــدا خەتــەرناك و زیانگەیەنەر دەبێت بەسەر کۆمەڵگا.

دزێوی ئەو بەهارخوازیەی دەسەلات لەوێوە بەدیدەکرێت واقیعێکی شێواو و ناشیرین، واقیعێك تیایدا مرۆڤ بێ نان، بێ ئاو، بێ ڕووناکی، بێ ئازادی... دەکرێت، واقیعێك تیایدا مرۆڤ دەکوژرێت، واقیعێك تیایدا بەهەموو شێوەیەك مرۆڤ بێبەها و بێحورمەت دەکرێت، کەچی بە واقیعێکی خۆش و کامەران، پڕ لە ئاشتی و ئازادی، پێشانی ئەوانیتر دەدات. ئەمە لە کاتێکدا خۆشی سەرچاوەی ئەو نەهامەتی و ئەو ڕەوشە نالەبارەیە، ئەو سەرچاوەی بێحورمەتکردن و بێبەهاکردنی مرۆڤە لەم بارودۆخە فەرزکراوە، کەچی وەکو ئامانجێك پێکرد ئەم بارودۆخە بەشێوەیەك پێشاندەدات وەکو ئەوەی هیچ خراپەکاریەکی تیا ڕوونادات، دەسەلات وایپێشاندەدات مرۆڤ بە بەهاترین بوونەوەی سەر ئەو زەمینەی ژێر دەسەلاتی ئەوە، کەچی لە ڕاستیدا بێبەهاترین بوونەوەری ئەو کاتەی ناو کۆمەلگایە.

ئەو بەهارخوازیەی دەسەلات زیان بەکۆی کۆمەلگا دەگەیەنێت، چونکە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەلگا زەرەرمەند دەبێت لەو بارودۆخە بە زۆر فەرزکراوە، قیەم و نۆرم و ئەخلاقی باوی کۆمەلگا دەگۆڕێت، خێزان تووشی هەلوەشاندنەوە و کۆمەلگاش تووشی لێکترازان دەبێت، ئەمە لە سەرێکدا کەچی لە سەرەکیتردا زیان بە خودی خۆشی دەگەیەنێت، چونکە وێنەی دزێو دەبێت، خۆی وەکو بوونەوەرێکی بەدرەفتار و کەم ئەخلاق پێشانی ئەوانیتر "چاو کراوەکان" دەدات. ئەمە لەلایەك کەچی لەلایەکیتردا بەهارخوازی گەنجیش بەشێوەیەك لە شێوەکانی بێ زیان و بێ خەتەرناکی نییە بۆ توێژێکیتر یا کۆمەلگا، چونکە بەهۆی کۆچکردنی نێر "لەمەدا بەهار یارمەتیدەرە" هاوکێشەی جووتەکان "نێر/ مێ" تێکدەچێت، یا بەمانایەکیتر هاوسەنگی کۆمەلگا لە ڕووی ژمارە و ڕەگەزی دانیشتوان تێکدەچێت و یەکسانیەکانی نامێنێت، ئەمەش بۆ خۆی کێشەیەکی خەتەرناکە، لەبەرئەوەی لەگەڵ کۆچکردنی هەر تاکێکی "نێر" ئەوا تاکێکی "مێ" جێدەمێنێت، ئەمەش جگە لەوەی هاوسەنگی کۆمەلگا تێکدەدا، ئەوا کۆمەلێك کێشەی هەم دەرونی و هەم کۆمەلایەتیش بۆ "مێ" ی جێماو دێنێتە ئاراوە.

بەهۆی کۆچی "نێر" کە زۆرینەی کەسانی کۆچبەرن، مێیەکی ناتەندروست بە کۆمەڵێك گرفتی هەم دەروونی و هەمیش کۆمەڵایەتی جێدەمێنێ، بەمەش کۆمەڵگا پڕ دەبێت لە "مێ"ی برینـدار و خەفەتبار و دڵشاکاو. (بۆ زیاتر وردبوونەوە لەو بابەتە سەیری تێکشکاندنی بەهاکان بکەن).

لە سەرێکیتردا ئەم بەهارخوازییەی گەنج زیانێکیتر بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت، چونکە لەگەڵ گەیشتنی هەر تاکێك بۆ شوێنی کۆچ بۆکراو، ئەوا خێزان و چەند کەسێکی بە ژمارە کەمی نزیك و چواردەوری بەهۆی تەمویلکردن و گواستنەوەی دراوی گرانبەهای ئەوێ لە بەرامبەر ئێرە، ئیدی دەکەونە داسەکناندن و بێدەنگبوون، بەمەش واز لە دەسەڵات و چۆنیەتی بەڕێوەبردن کۆمەڵگا و چیەتی ئەرك و کارکردەکانی دەهێنن، واز لە پووچەڵکردنەوەی بەهارخوازی دەسەڵات دەهێنن، بەپێچەوانەوە بەدوای داوی بەهارخوازیەکەی دەسەڵاتدا دەکەون و دەبنە کاراکتەرێکی ئەکتیڤی سیناریۆکەی دەسەڵات، خۆیان هەممەکەی دەسەڵات بە واقیع دەکەن، کۆچکردنی گەنجێك بۆ سەرزەمینێکیتری ژیانکردن، وا دەکات هەم خۆی و هەمیش ئەوانەی نزیك خۆی دەستبەرداری هەموو ئەو مافانە بن، کە دەسەڵاتی سیاسی تاکلایەنانە دەستی بەسەرداگرتووە پاوانیکردووە، بەمەش دەسەڵات زیاتر سوودمەندە نەوەکو گەنج، چونکە بێ چەند و چۆن و لێپرسینەوە زیاتر دەکەوێتە نێو دونیای بە هەدەربردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا و خێزانی کەسی کۆچکار، دەبێت ئەوەش بڵێین لێرەدا زیانەکە هەر ئەوە نییە سەروەت و سامانەکان بە هەدەر دەبردرێت، بەڵکو لە پشت کۆچکردنیەوە مەودا و تەمەنی ئەم سیستەمی حوکمکردنە و ئەو جۆرە ژیانکردن و بەڕێوەبردنە درێژ دەبێت کە دەسەڵات خودویستانە دروستیکردووە و بەڕێوەی دەبات، مەبەست لە پشت کۆچکردنی گەنجەوە پشوو و هەناسەی دەسەڵاتی عەقڵ چەقبەستووی پیاوخواز درێژتر و گەورەتر دەبێت، و زیاتر مۆنۆپۆلی پێکهاتە و بووەکانی نێو جیهانی کوردی دەکات.

لە ئامادەیی مێیەکی بە ژمارە زۆر و نێرێکی کەمتر، هەروەها بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی پاتریارکیانە، بەشێکی بە ژمارە زۆری جەستە ڕۆح لەبەرە

جێماوەکان "مێ"ی نێو کۆمەڵگا لەبەردەم خەتەری هێرشکردنە سەر و لێدان و ئیهانەکردن و ئەتکردن و سوتان و کوشتندا دەبن، چونکە لە ژێر فرمان و بڕیارەکانی پیاو و لەنێو سیستەمێکی پاتریارکی دەسەڵاتخواز، بەبێ هێز و توانا، بەبێ پشت و پەنا، بەبێ باوەش، ژیان بەسەردەبەن.

واتێدەگەم لەو واقیعەی ئێستادا گەنج مافی ئەوەی هەبێت بەو ستایلە و بۆ ئەو مەبەستە داوای بەهار بکات، ئەگەرچی لە سەرێکدا دیکتاتۆرانە و خۆپەرستانە بیر دەکاتەوە و مامەڵە دەکات، بە تەنیا بۆ شوێنێکیتر کۆچ دەکات، تاکی بەرامبەری "مێ" لەنێو دنیایەکی شێواو و جەنجاڵ و داخراو، بەسەر لێشێواوی و غەریبی جێدەهێڵێت، بەڵام لە سەرێکیتردا مافی خۆیەتی داوای جوانژیان و تێربوون و ئازادی فەردی بکات "کە لەسەر زەمینێکیتردا ئامادەیی هەیە"، هەر لەو پێناوەشدا هەنگاو بهاوێت و هێز سەرف بکات، بەڵام خۆهەڵخەڵەتاندنە دەسەڵات بەم شێوەیە داوای بەهار بکات.

سەیرە دەسەڵاتی کوردی داوای بەهار دەکات، لە کاتێکدا هەموو ژیانی لە بێ بەهاری بردۆتە سەر و سادەترین پێناسیشی بۆ بەهار نییە، داوای ڕەنگاو ڕەنگی دەکات لە کاتێکدا جگە لە چەند ڕەنگێکی وەهمی و دەستکرد هیچ ڕەنگێکی واقیعی لە تەنیشت خۆیدا قبوڵناکات، داوای تێکەڵاوی دەکات لە کاتێکدا جگە لە تێکەڵاوییەکی درۆزنانە تێکەڵاوی واقیعی و جیدی پێ هەزم ناکرێت، داوای سەیران و خۆشی و تەبابوون دەکات، لە کاتێکدا کۆی تەمەنی لە ناتەبایی و نەخشەکێشان و پلان دانانی شەڕ و بەیەکدادان و نەهێشتنی بەرامبەر، لە ناخۆشی و ماڵوێرانی، لە بێ سەیرانی تەواوکردووە، داوای دڵگەرمی و خۆشبەختی دەکات، لە کاتێکدا بۆتە کارگەی بەرهەمهێنانی دڵساردکردنەوە و ناخۆش بەختی.

خۆ ئەگەر گریمان ئەوەش بکەین دەسەڵات ڕاستگۆیە لەوەی ئێستا داوای بەهار دەکات، ئەوا هەر زوو ڕوون دەبێتەوە کە تەنها بۆ ئەوەیەتی خواستەکانی لە پشتیەوە فەراهەم و مسۆگەر بکات و هیچیتر، چونکە مێژووی بینراو و بیستراو و نووسراوی ئەم گەلە ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرەی سەلماندووە کە

دەسەڵاتی کوردی چەندە ڕقی لە بەهار و خەسڵەتەکانیەتی، چەندە ڕقی لە تێکەڵاوبوونە، چەندە ڕقی لە فرە ڕەنگیە و بە خەتەری دەبینێت لەسەرخۆیدا، بۆیە ئەگەر داواش بکات، ئەوا ئەم بەهارە ساختەیە و ناخێوێتە جەستەی مرۆڤەوە، بەهارێکە لەگەڵ گەنج و بەشێکی زۆری کۆمەڵگا یەکناگرێتەوە، ئاخر چیدی گەنج بەهارێکی ساتەوەختی "وەرزی" ناوێت، بەم بەهارەی دەسەڵاتیش ڕازی نابێت، بەڵکو ژیانێکی هەمیشەیی دەوێت هەر چوار وەرزی بەهارێکی ڕاستەقینە بێت، دوور لە بەهارێکی هەنووکەیی ساختە.

دەسەڵات لە بەهارخوازیدا وا پیشاندەدات ئەو خاوەن بەهارە، ئەو بەهار دەهێنێت و دونیا دەڕازێنێتەوە، گەنجیش لەلای خۆیدا پێدا دەگرێت دەڵێت گرنگ نییە با ئەو بەهارە بە دیاری بۆ دەسەڵات بێت، چونکە دەزانێت بێ بەهاری سەرتاپای ژیانی تەنیوەتەوە سڕی کردووە، ئیدی بە سەوزایی، ڕەنگاو ڕەنگی، گوڵ و گوڵزاری هیچ بەهارێکی لەم چەشنە نەرم و خاو نابێتەوە.

دەسەڵات لە بەرهارخوازی خۆیدا وا ڕێکلام دەکات زەرەیەك خاکی وەتەن نادات بەقەسری قەیسەر، گردۆڵکەیەك، چەمێك، دەشتێك، نزارێك، ناگۆڕێتەوە بە هەموو دنیا، کەچی گەنج لە بەهارخوازی خۆیدا نەوەکو هەر زەرەیەك خاکی وەتەن نادات بەقەسری قەیسەر، بەڵکو هەموو خاکی وەتەن دەدات بەشوێن پێیەکی بچووکی حەوانەوە و بە ئارامی ژیان خاکی قەیسەر، نەوەکو گردۆلکەیەك، چەمێك، دەشتێك، نزارێك، ناگۆڕێتەوە بە هەموو دنیا، بەڵکو کۆی ئەم ناوچە و شوێنانە "نیشتمان"، دەگۆڕێتەوە بە ژوورێك و چوارچێوەیەکی داخراو و قفڵدراوی بێ هەست و بێ ناز و بێ مرۆڤ، لە دوورترین دوورگەی سەرزەمین.

دەسەڵات لە بەهارخوازی خۆیدا هەموو شتێك "نیشتمان، شەرەف، کچ، ژن، سامان، تەنانەت کوڕیش" بۆ خۆی دەوێت و بۆ خۆی پاوان دەکات، گەنجیش لە بەهارخوازی خۆیدا دەڵێت قەیناکا دەسەڵاتی ئازیز با هەموو ئەم شتانە "نیشتمان، شەرەف، کچ، ژن، یار، سامان" بۆ تۆ بێت، تەنها جەستەی خۆم بۆ خۆم، جەستەی خۆم دوور لە هەموو ئەمانە بە کۆڵێك ئازار و خەم و خەتاوە، بە

کۆڵێـك برینـداری و گونـاهی و نیگەرانیـەوە، بـەنێو قـولایی دۆڵ و کەنـدەکان، بـەرزایی گـرد و شـاخەکان، نەپـساوەی ڕێگـا دوور و درێـژەکان، سـەر شـێتی شەپۆڵی ڕووبار و دەریاکان، خراپی و کۆنی یەخت و پاپۆڕەکـان، تـەپ و تـۆز و دووکەڵی شاحینە و لۆرییەکان، شەق و شولاق و تێهەڵدانی پۆلیس و هەیتـەکان، بۆ سەدانانەوە و گرتن و لێدان و کوشـتنی جەندرمـە و سـەربازە سـنووریەکان، مانەوەیەکی سەر سوڕهێنەری درێژخایەن لەنێو کـەمپ و کەنیـسە و بارەگاکـان، بۆ خۆم، بۆ ئازادی، بۆ مەنفا.

ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بە دەسـەڵات بڵـێین ئـەو بەهارخوازیـە هەڵەیـە، ئـەو بەهاربینیــە ناشــیرینکردن و درێــوکرنی جەوهــەر و ڕووخــساری بــەهارە، ئــەو بەهارخوازیە لەسەر بنەمای نەویستنی بەهارێکی هەمیشەیی بونیادنراوە، دیـسان بە گەنجیش بڵێین ئەم بەهارخوازیە بـێ زەرەر و زیـان نیـە، بـێ کێـشە و گرفـت نیە، بۆیە باشترێکە ئیش بۆ گۆڕین و نەهێشتنیان بکەین، ئیش بـۆ لـەناوبردنیان بکەین، بۆ ئەمەش کورتترین ئەگەر ئەوەیە لە دەسەڵاتەوە دەستپێبکەین، ئینجا لەوێوە بەرەو گەنج بـڕۆین، چـونکە پێدەچێت ئـەوەی دووەم هەنـدێکجار وەکـو کاردانەوەیــەك لــە دەرەنجــامی کــردە نالۆژیـك و ناعــەقڵانی و ناهیومانیــەکانی دەسەڵات هانای بۆ ئەم بەهارخوازیە بردبێت، یا بەم شێوەیەی ویستبێت.

بە بۆچوونی من لە سـەرەتایی ئـەم ئەگـەرەدا دەبێـت هەوڵبـدرێت دەسـەڵات وێنەی ڕاستەقینەی خۆی وەکخۆی دوور لە گەورەکردن و پڤکردن و پیرۆزکـردن، وێنەی کۆمـەڵگا و تـاکیش وەکخـۆی دوور لـە بـچووککردن و هێنانـەوە باریـەك و ناپیرۆزکردن ببینێت، واتا بە دەسەڵات بڵێین دەسـتە گیـان ئێـوە هـەموو شـتێك نین لەم سـەر زەمینـە، بوونـەوەرێك نـین بـەدەر لەهـەر مرۆڤێکـی نێـو کۆمـەڵگا، هێندە گەورە و پـیرۆز نـین وەکئـەوەی خۆتـان نیگـای دەکـەن، بۆیـە باشـترێکە شـێوازی تێفکـرین و مامەڵـەکردنتان بگـۆڕن، شـێوازی بـەهارخوازیتان بگـۆڕن، هەوڵبدەن لە بڕی هەڵخەڵەتاندنی خەڵك و "دەرەوە"، ئاشتی، ئازادی، نان، کار، ماف ... هتد، هەم بۆ گـەنج و هـەم بـۆ سـەرجەمی کۆمـەڵگا ئامـادە و مـسۆگەر بکەن، باشترێکە بە تـەنها بـیر لـە سـوود و قـازانج و بەرژەوەندییـەکانی خۆتـان

نەکەنـەوە، بـە تـەنها خۆشـگوزەرانی بـۆ خـۆ و بازنـە پەیوەسـتەکەتان نـەوێت، ئـەوانیتریش مـافی خۆیانـە بـەهاربخوازن، مـافی خۆیانـە خۆشـگوزەران بـن، مـافی خۆیانە وەك مرۆڤ بژین، لێرەوە ئەگەر دەسەلآت بە ئاگا هاتەوە و بڕیاریدا ئیـدی هیومانیستانە مامەڵە دەکات و ڕێگاکـانی ئـەم ئەگـەرە لاوازە دەگرێتەبـەر، ئـەوا لەوێوە ئیدی خۆ بەخۆ و قۆناغ بە قۆناغ ئەم بەهارخوازیەی گەنجیش دەگۆڕێت، لە دەرەنجامی هەردووانەشیان کارەساتەکان بە ئەگەری کەمکردنەوە و نەمانـدا، گرژیەکانیش بە ئەگەری خاوبوونەوەدا دەچن.

**مارسی 2002**

 

چاو وەکو ئەندامێکی ئۆرگانی دیار و کاریگەری نێو کەللەسەری جەستەیەکی ڕۆح پیاداکراوی مرۆڤ، ئەرك و کارکردی تایبەت بە خۆی هەڵگرتووە کە بەهۆیەوە مرۆڤ ڕووبەڕووی بینینی هەموو پێکهاتەکانیتری نێو بوون دەبێتەوە، واتا چاو ئامرازێکە بۆ بینینی واقیعی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤایەتی خۆی.

چاو وەکو ئۆرگانێکی جەستەیی مرۆڤ کە بە"هەستیاری بالا" ناوزەد دەکرێت، ڕۆڵێکی یەکجار زۆری هەیە لە چۆنیەتی ڕەفتارکردنی مرۆڤ لەگەڵ واقیعی دەوروبەر، بەلام دەبێت بڵێین کەوا ئەو تەنها هەستیاری یارمەتیدەر نییە بۆ ئەم ئەرکە، بەڵکو هەستیارەکانیتریش هەر یەکە بەپێی تایبەتمەندی و کارکردی خۆی ڕۆڵ دەگێڕێن تیایدا، ئەوەتا بۆ وێنە لە مرۆڤی کوێردا ئەم قسەیە مسۆگەر دەبێت، مرۆڤی کوێر " کەم ئەندام" هەر چەندە وەکو ئۆرگانێکی جەستەیی چاوەکانی خەلەلی تەندروستی تێدایە و کارکردەکەی جێبەجێ ناکات، واتا دونیا نابینێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەفتار لەگەڵ واقیعی دەوروبەری کۆمەلایەتی دەکات، کەواتە بۆ چۆنیەتی ڕەفتارکردنی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەردا هەستیارەکانیتری جگە لە چاویش ڕۆڵ دەگێڕن، بەلام چاو بەهۆی تایبەتمەندی و کارکردەکەیەوە زیاتر ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت.

هەر چەندە بەهۆی چاوەوە مرۆڤ ڕووبەڕووی بینینی دونیا دەبێت، بەلام هەر ئەوە نییە مرۆڤ چاوی هەبێت، بەڵکو ئەوەش هەیە چۆن دونیا دەبینێت و مامەڵە و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تیا دەکات، چاو لە ئاستی سەرەتایدا ڕووبەڕووی بینینی شت و بووەکان دەبێت، بەلام ئەمە تەنها بە بینین نامێنێتەوە، بەڵکو پێویستی بە ئاستێکیترە ئەویش چۆنیەتی بینین و چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵیدا.

دەشێت مرۆڤێك چاوی نەبێت" کوێر" بەلام واقیعی ژیان و دوروبەر بە جوانی ببینێت و بەشێوەیەکی عەقلانیانە و لۆژیکیانە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات، بەپێچەوانەشەوە دەشێت کەسێك چاوی هەبێت، بەلام نەتوانێت عەقلانیانە و

لۆژیکیانـه ڕەفتـار لەگـەڵ واقیـع و پێکهاتـەکانی بکـات، بەمانایـەکیتر دەشـێت کەسێك چاوی نەبێت و ببینێت، هەروەها کەسێك چاوی هەبێت و نەبینێت.

له زۆر حاڵەتدا ئەو بۆدیـەی خـاوەنی چـاو نـەبێت "کـوێر" ناتوانێـت واقیعـی کەرەسـتـە و پێکهاتـەکانیتری نێـو بـوون وەکـو خـۆی ببینێـت، دیـسان ئەگـەر چاویشی هەبێت بەڵام نیگاکردن و تێڕامانی نـەبێت، جـوانبین و ووردبـین نـەبێت، چێژی ستاتیکی له بینین وەرنەگرێت و نەتوانێت دونیا بە جوانی و هەمەڕەنگی و فرە دەنگی ببینێت، دواجار نەتوانێت ئەمە تەحویلی نێو باوەشی خۆی بکـات، و بەشێوەیەکی عەقڵانیانە و لۆژیکیانە ڕەفتاریان لەگەڵ بکـات، ئـەوا جەسـتەیەکی کوێرە، لێرەوە هیچ جیاوازیەك له نێوان جەستەی کوێر و جەسـتەی نـاجوانبین و ناواقیعبین نییە، چونکە هەردووانـەیان لـە خاڵێکدا یـەکتری دەگرنـەوە، ئـەویش نەبینینی واقیعیانەی دونیای دەوروبەر و پێکهاتەکانیەتی وەکو خـۆی، مەبەسـت هەردووانەیان دەچنە خانەی نابینایی و ناواقیعبینی، هەردووانەشیان مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ دەرەوە ناکەن.

ئەگـەر جوڵـەکردنی جەسـتـەی مـرۆڤ بـۆ ڕەفتـارکردن و مامەڵـەکردن لەگـەڵ دونیای دەرەوە لە ژێر کاریگەری بڕیـاری هـەردوو سـەنتەری "عـەقڵ / غـەریزە" بێت، وەکو ئەوەی ئەفلاتونی گەورە فەیلەسوفی گریکـی جـەختی لێـدەکات، ئـەوا چـاو و کارکردەکـەی وەکـو سەرچـاوەیەك بەدیـدەکرێت بـۆ دەرکردنـی بڕیـاری سەنتەرەکان، چونکە له ڕێگایـەوە پرۆسـەی بیـنین، ئینجـا نیگـاکردن و تێڕامـان بەڕێوە دەچێت، ئەمەش دواجار دەستپێکی هەموو ئـەو بڕیارانـەی سـەنتەرەکان دەبێـت، کـەوا بەمەبەسـتی پراکتیزەکـردن بەسـەر جەسـتـەدا فـەرز دەکرێـت، بەشـێوەیەکیتر دوالیزمـی سـەنتەری بڕیـاردەر "غـەریزە/ عـەقڵ" لـە دەرکردنـی بڕیارەکانیاندا بۆ چۆنیەتی ڕەفتـارکردن لەگـەڵ دونیـای دەرەوە پـشت بەچـاو و کارکردەکەی دەبەستێت.

چۆنیەتی بینین و نیگاکردن کاریگەری لەسەر دەرکـردن و سـەپاندنی بڕیـاری سەنتەرەکان بەسەر جەستەدا هەیە، بۆ ئەوەی هەڵسوکەوت بکـات لـە بەرامبـەر

ئـەوانیتری غـەیرە خـۆی، هـەر بۆیـە لـە ڕێگـای بـە ئـەنجام گەیانـدنی هـەر ڕەفتارێکەوە دەتوانرێت دەستنیشانی ئەوە بکرێت بڕیارەکە لە کـام سـەنتەرەوە سەرچاوەی گرتووە.

کاتێك جەستە بکەوێتە ژێـر کاریگـەری بڕیارەکـانی سـەنتەری غـەریزە، ئـەوا خاوەنی چاوێکی جوانبین و واقیعبین نییە، چێژی ستاتیکی لە بینین وەرناگرێت، نازانێت دونیا ببینێت و مامەڵەی تیا بکات، بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، کەچـی کاتێك جەستە بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ دونیای دەرەوەیدا بکەوێتـە ژێـر کاریگـەری بڕیارەکانی سەنتەری عەقڵ، ئەوا خاوەنی چاوێکی جـوانبین و واقیعبینـە، چـێژی ستاتیکی لە بینین وەردەگرێت، دەزانێـت دونیـا ببینێـت و مامەڵـەی تیـا بکـات، پێچەوانەی ئەمەش هەر ڕاستە.

لێرەوە بـەهۆی چـاوەوە لـە بـەردەم دوو جـۆرە جەسـتە یـا "مـرۆڤ" دایـن، ئەوانیش "غەریزەچی/ عاقڵ"،

مەبەسـت لـە جەسـتە یـا "مرۆڤـی غەریزەچـی" ئـەو مرۆڤەیـە کـەوا بـەهۆی چـاوەوە لـە ژێـر بڕیـاری سـەنتەری غەریزەدایـە، و غەریزەییانـە مامەڵـە لەگـەڵ واقیعی دەوروبەر دەکات، واتا سەنتەری غەریزە بەڕێوەی دەبات، کەچی جەستە "مرۆڤی عاقڵ" ئەوەیە کەوا بەهۆی چاوەوە لە ژێر بڕیاری سەنتەری عەقڵدایە، و عەقڵانیانە و لۆژیکیانە مامەڵـە لەگـەڵ دەوروبـەر دەکـات، واتـا سـەنتەری عـەقڵ بەڕێوەی دەبات.

هەر یەکە لە مرۆڤی "عاقڵ و غەریزەچی" خاوەنی خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی خۆیـانن، گرنگترینیـان ئەوەیـە جەسـتەی عاقـڵ مامەڵەیـەکی هیومانیانـە و ئەبستیمیانە و مۆڕاڵیانە لەگەڵ دەوروبەر دەکات، دان بـە مافـەکانیان دەنێـت و جیاوازیـەکانیان قبـوڵ دەکـات، و خۆیـشی بـە ڕەهـا نازانێـت، بەپێـچەوانەی "غەریزەچـی" کـە مامەڵەیـەکی هیومانیانـە و ئەبـستیمیانە و مۆڕاڵیانـە لەگـەڵ دەوروبەر ناکات، هیچ مافێکیشی بۆ دانانێت و جیاوازیەکانیشی بۆ قبوڵ ناکرێت، لەگەڵیشیدا خۆی بە ڕەها دەزانێت.

مرۆڤی غەریزەچی تەنها سەیری مرۆڤی بەرامبەر دەکات، بێ ئەوەی دەرك بە مرۆڤبوونی بکات، بێ ئەوەی دەرك بە حەز و ئیرادە و ئارەزووەکانی بکات، دەرك بە ئێش و ئازار و پێدایستیەکانی بکات، غەریزەچی ڕاگوزەرانە و بەو مەبەستەش کە خۆی دەیەوێت سەیری مرۆڤی بەرامبەر "ئەویتر" دەکات، ئەو ناتوانێت لە جەوهەری هیومانیانەی مرۆڤی بەرامبەر قووڵ بێتەوە، ناتوانێت دان بەوەدا بنێت بەرامبەر مافی هەیە، خەو و خولیا و ئیرادەی هەیە، کەچی بەپێچەوانەوە مرۆڤی عاقڵ دەرك بە مرۆڤبوونی بەرامبەر دەکات، دەرك بە حەز و ئیرادە و ئارەزووەکانی دەکات، دەرك بە ئێش و ئازار و پێداویستیەکانی دەکات، و دەتوانێت لە جەوهەری هیومانیانەی قووڵ بێتەوە، دەشتوانێت دان بە مافەکانی دابنێت.

ئەوەی لەم نووسینەدا دەمەوێت باسی بکەم جیاوازیەکانی نێوان هەردوو جەستەی "غەریزەچی/ عاقڵ" نییە، بەڵکو یەکێك لەو سیفەتانەیە کە مرۆڤی غەریزەچی هەیەتی "مرۆڤی عاقڵ نیەتی "و بەهۆیەوە بەردەوام تووشی کێشە و گرفت دەبێت، ئەویش نەبوونی مەعریفەیەکی پێویستە بۆ لێکجیاکردنەوەی بابەتەکانی دەوروبەری خۆی.

غەریزەچی نازانێت کەرەستە و پێکهاتەکانی دەوروبەر لێکجیا بکاتەوە، نازانێت سپی لە ڕەش، جوانی لە دزێوی، هەستیار لە ناهەستیار، مرۆڤ لە کەلوپەل و ئامێری تەکنۆلۆژی جیا بکاتەوە، ئەو چۆن سەیری پێکهاتە نابزووتنەکانی ژیان دەکات، چۆن سەیری ئامێری تەکنۆلۆژی دەکات و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئەوا بەهەمان شێوەش سەیری مرۆڤ دەکات و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

بەهۆی ئەو سیفەتەی هەیەتی جەستەی ناجوانبین و ناواقیعبین "مرۆڤی غەریزەچی" زۆرترین جار تووشی هیلاکی دێت، بە تایبەتی ئەگەر هێز و توانای جەستەیی لە ڕووی چەندێتیەوە کەم بێت، کەچی بەپێچەوانە ئەگەر هێز و

توانـــای زۆر بێــت، ئــەوا بەرامبـــەر هـــیلاك دەكـــات، بەمـــەش بـــەردەوام لـــە براكسیسكردنی پرۆسەی هیلاككردندایە، ئینجا چ خۆی بێت یا بەرامبـەر، بـەڵام جەستەی خاوەن چاوی جوانبین " مرۆڤی عاقڵ" بە دەگمەن براكسیسی كـردەی هیلاككردنی لەگەڵ بەرامبەردا لێ بەدیدەكرێت.

مرۆڤی غەریزەچی بەردەوام دەخوازێت ئەو شتەی هەبێت كە حەزی لێیـەتی، لەلای ئەو مرۆڤیش بەشـت دادەنرێـت، ئـەو دەیـەوێت ئـەو مرۆڤـەی هـەبێت كـە حـەزی لێیـەتی، دیـسان ئـەوەش لـەو مرۆڤـە دەسـتەبەر بكـات كـە وابەسـتەی تێركردنی پێداویستیەكانیەتی، واتا ئەوەی ئەو چاوەڕێیەتی و ئارەزووی دەكات، بەبێ ئەوەی وشەی "نا" بەڕوویدا بەرزبكرێتەوە، چونكە ئەو "نا" قبوڵ ناكات و بۆ ئەبەد لە فەرهەنگیدا ڕەشكراوەتەوە.

بـە بۆچـوونی مـن دەكرێـت مرۆڤـی غەریزەچـی ببێتـە خـاوەنی هـەموو ئـەو كەلوپەل و كەرەستە و پێداویـستیانەی كـە دەیـەوێت، مـافی خۆشـیەتی داوایـان بكـات و لـە پێنـاو دەسـتەبەركردنیان تێبكۆشـێت، بـەڵام ئەبـەد ناكرێـت ببێتـە خاوەنی ئەو مرۆڤەی كـە دەیـەوێت، چـونكە ئـەوە نیـە بـە تـەنها ئـەو مرۆڤێكـی بوێت، بەرامبەریش وەكو كەلوپەل و ئامێری تەكنۆلۆژی بكڕدرێ، بەڵكو بەرامبەر وەكو ئەو مرۆڤە، خاوەنی خەون و خولیای خۆیەتی، خـاوەنی حـەز و ئـاڕەزووی خۆیەتی.

لێـرەدا مرۆڤـی غەریزەچـی لـەنێو بێمەعریفەیـەكی گـەورەدا دەژیـت، چـونكە بێئاگایە لەوەی مرۆڤی بەرامبەر وەكو هەر كەلوپـەلێك و ئـامێرێكی توكنۆلـۆژی و پێكهاتــە نابزووتنــەكانیتری نێــو بــوون نیــە، بــەڵكو خــاوەنی ئــیرادە و حــەزی خۆیەتی، خاوەنی تێفكرین و تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەو بێئاگایە لـەوەی مرۆڤـی بەرامبەر لە دونیای تایبەتی خۆیدا بە چەندین پرۆسەی مەبەستدار تێپەڕ بێت بـۆ بەرجەستەكردنی پێداویـستی و حـەز و ئارەزووەكـانی، دیـسان بێئاگایـە لـەوەی مرۆڤـی بەرامبـەر مـافی هەیـە ئـەو ژیانـە بـژیێت كـە دەیخوازێـت، ئـەو سـتایلی ژیانكردنە و ئەو فیگەر و ئاقارە هەڵبژێرێت كە دەیخوازێت.

مرۆڤــی غەریزەچــی لەبەرئــەوەی ناتوانێــت مــرۆڤ لــە شــت جیــا بکاتــەوە، لەبەرئەوەی جیهانبینی خۆی بـەڕەها دەزانێت و ئامـادەش نییـە ئـەم عەقڵیەتـە بگۆڕێت، بەردەوام تووشی گێروگرفت دەبێت لەگەڵ بەرامبـەردا، بـە تایبـەتی لـە پڕۆسە جووت جەمسەریەکانی وەکو "عەشق، هاوسەرگیری ... هتد".

لـە پڕۆسـەی عەشـقکردندا مرۆڤـی غەریزەچـی لـە سـەرەتادا بـە ماسـکێکی دروســتکراو دێــت ڕێکلامــی خۆشەویــستی دەکــات، ئامــادەگی خــۆی لــە پراکتیزەکردنـی هـەموو ئـەو شـتانە دەردەبڕێـت کـە وابەسـتەی سـەرکەوتنی پڕۆسەکەیە، ئەو تاوەکو خودی پڕۆسەکە بـە ئامانجـەکانی بگەیـەنێت، خـۆی بـە عاشقێکی بێوێنـەی مەعـشوقەکەی لـە قەڵـەم دەدا، بـەڵام لەگـەڵ بەسەرچـوونی زەمەندا، لەگەڵ بەریەککەوتنی ڕۆژنەی نێوان هەردوولا، لەگەڵ ڕوودانی کۆمـەڵێك ڕووداوێك لە نێوان خۆی و مەعشوقەکەی، ماسکەکەی دەدرێت و ڕووخسارە دزێو و ڕۆحیەتــە شــەڕەنگێزیەکەی وەکــو خــۆی ئاشــکرا دەبێــت، لێــرەوە ئیــدی ڕێکلامکردنەکـەی بـەتاڵ دەبێتـەوە، چـیدی عاشـقە بێوێنەکـەی مەعـشوقەکەی نابێت، ئینجا بە هەموو قین و بـوغز و ڕۆحیەتـە شـەڕانگێزیەکەی ڕوو لـە ئاقـاری خراپەکاری و کێشە و گێروگرفت دەکات.

لە دیدگای منەوە ناکرێت تاکێك یا جەمسەرێکی پڕۆسەی عەشـقکردن مرۆڤـی غەریزەچی بێت، چونکە پڕۆسەی عەشقکردن پڕۆسـەیەکی جـووت جەمـسەرییە، پڕۆسەیەکە پێویستی بـە بەخـشین و وەرگـرتنی هـەردوولا "عاشـق / مەعـشوق" هەیە، هەروەکو ئەوەی "ئەریك فرۆم" لە هونەری خۆشەویستیدا باسی دەکـات و دەڵێت "عاشق ئەو کەسەیە کە ئامادەیی پێشکەشکردن و بەخشینی هەبێت ".

ئەم پرنسیپە گرنگەی ئەریك فرۆم بەخـشیویەتی بـە پڕۆسـەی عەشـق لەگـەڵ مرۆڤی غەریزەچی یەك ناگرێتەوە، ئەمە بە مرۆڤی غەریزەچی پراکتیـزە ناکرێـت، بەڵکو تەواو پێچەوانەی ئەم سیفەتە لـەلای مرۆڤـی غـەریزەچـی ئامـادەگی هەیـە، چونکە ئەو بـەردەوام شـت دەخوازێـت بـێ ئـەوەی ئامـادە بێـت هـیچ پێـشکەش

بکات، مرۆڤی غەریزەچی بەردەوام حەز دەکات خۆی "عاشق" لێدەر و وەرگر بێت و بەرامبەریش "مەعشوق" لێدراو و بەخشەر. لە کاتێکدا "عاشق" ئامادە نییە و قبووڵیش ناکات "مەعشوق" لێدراو بێت، ئەوا هیچ کاتێکیش بۆ ئەم مەبەستە کار ناکات، کەچی غەریزەچی تەواو ئامادەیە و قبوڵیش دەکات "مەعشوق" لێدراو بێت، هەر بۆ ئەم مەبەستەش کار دەکات، غەریزەچی قبوڵیەتی غەدر لە بەرامبەر بکات یا مافی پێشێڵ بکات، دەنگ و ڕەنگی نەهێڵێت، ئیرادە و حەزەکانی بچەپێنێ، خەون و دونیابینی بسڕێتەوە، بەڵام ئەبەد قبوڵی نییە بەرامبەر داوای مافی خۆی بکات، دەنگ و ڕەنگی هەبێت، ئیرادە و حەزەکانی دەستەبەر بکات و خاوەنی خەون و دونیابینی خۆی بێت.

بەهۆی ئەو سیفەتەی کەوا مرۆڤی غەریزەچی هەیەتی نەوەکو لە پرۆسەی عەشقکردندا بەتەنیا، بەڵکو لە کۆی ئەو پرۆسە جووت جەمسەریانە شکست دەهێنێت، بە تایبەتی کاتێك بەرامبەرەکەی مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە بێت، ئەوەتا "هاوسەرگرتن" نموونەیەکیترە.

هاوسەرگرتن واتا دروستکردنی خێزان، خێزانیش پێکهاتەیەك و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جووت جەمسەریە، پێکهاتەیەکە بۆ ئەوەی بێتە بەرهەم یا بە ئەنجام بگات پێویستی بە فەزایەکی ئاهەنگساز و دەستلەملانێ و ئاوێزانبوونی هەردوو جەمسەر هەیە، پێویستی بە ئامادەبوون و ڕازیبوونی هەردوولا هەیە، ناکرێت پرۆسەی هاوسەرگرتن تەنها جەمسەرێك مەبەستی بێت و ئەویتریش ڕۆڵی نەبێت، چونکە هیچ پرۆسەیەکی هاوسەرگیری بە تەنها ئامادەبوونی جەمسەرێك و بەبێ ئامادەبوونی بەرامبەر بە ئامانج ناگات، هەر هەوڵدانێکی لەمجۆرەش لە ئەنجامدا نەزۆك و بێبەرهەم دەبێت، چونکە ئامادەبوونی بەرامبەر یەکێکە لە پرنسیپە هەرە بنەڕەتیەکانی پێکهێنانی خێزان.

با گریمانی ئەوە بکەین هاوسەرگیریەکی لەمجۆرە ڕوودەدات "کۆمەڵگای کوردی پڕە لەم ستایلی هاوسەرگرتنە" واتا بەبێ ئامادەیی یا ڕازیبوونی لایەنێك

دروست دەبێت، ئەوا بێگومان پرۆسەیەکی ئیفلیج دەبێت، و ژیانێکی ناتەندروست و کوولەمەرگی پێکدەهێنن، سەرەنجام ئەمەش ڕەنگە دەرەنجامی باشی لێنەکەوێتەوە.

مرۆڤی غەریزەچی بەم شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنەی لەگەڵ بەرامبەر ئەبەد ناتوانێت مەرام و داخوازیەکانی دەستەبەر بکات، چونکە مومکین نییە هەموو شتێك بە حەز و ویستی ئەو بێت، ئەویتری بەرامبەریش حەز و ویستی نەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێت مەرام و داخوازیەکانی دەستەبەر بکات، بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤە ئامادەیی هەبێت کە دەیخوازێت ڕۆڵی جەمسەری بەرامبەر بگێڕێت لە پرۆسەکەدا، ئەوا بە بۆچوونی من دەبێت سەرەتا سیفەتی خۆبەڕەهابینی خۆی بگۆڕێت، ئەو سیفەتە بگۆڕێت کە تەنها دەستەبەرکردنی حەز و خواستە تایبەتەکانی خۆی لەبەرچاو بگرێت، دەبێت ئەو سیفەتە بگۆڕێت کە تەنها ئەو ئارەزوو و مەرامی هەیە، ئیدی بە چاوێکی واقیعبینانە و مرۆڤدۆستانە لە بەرامبەر بڕوانێت و ڕەفتاری لەگەڵدا بکات، چونکە بە تەنها خۆبەڕەهابینی ئەوە وا دەکات نەگاتە خواستەکانی.

غەریزەچی بۆ ئەوەی بگاتە خواستەکانی دەبێت هەوڵبدات لەلایەن بەرامبەرەوە قبوڵ بکرێت، بۆ ئەوەی قبوڵیش بکرێت گفتوگۆکردن باشترین ڕێگایە، بەڵام ئەمەش بە ئەنجام ناگات گەر واز لە ڕۆحیەتی شەڕەنگێزی و خواستە نالۆژیکیە تەنهاکانی نەهێنێت، ئینجا لە گفتوگۆکردنیشدا تێگەیشتن زۆر گرنگە، چونکە هیچ نزیکبوونەوەیەك و پرۆسەیەکی جووت جەمسەری بەرجەستە نابێت گەر تێگەیشتن لە نێوانیاندا نەبێت، بۆ تێگەیشتن لەگەڵ بەرامبەر شەفافبوون و نەرمبوون و گوێگرتن باشترین ڕێگایە، نەوەکو بەپێچەوانەوە ناشەفافبوون و توندبوون و بێگوێی، چونکە ئەوەی دووەم هەردوولا غەریزەچی و بەرامبەر، کەسی خودان ویست و کەسی ویستراو، عاشق و مەعشوق، دەکاتە نێو فەزای گرژی و توندوتیژی، ئەمەش بۆ خۆی فەزایەکە

دژی بەیەکـەوە ژیـان و جوانـژیانی مرۆڤەکانـە، فەزایەکـە بـۆ لێکجیاکردنـەوە و لێکدوورکەوتنەوەی مرۆڤەکان. مرۆڤی غەریزەچی تـاوەکو بینینـی خـۆی بـەڕەها بزانێت و هیچ گوێیەك لـە خزمـەت سـەدای دەنگـی بەرامبـەر ڕانـەگرێت، حـەز و خواستەکانی لەبەرچاو نەگرێت، لەگەڵیشیدا بەردەوام بێت لە داخوازییە نـاڕەوا و نالۆژیکیـەکانی، ئـەوا هـیچ لێکنزیکبوونەوەیـەك و بەیکگەیـشتنێك ڕوو نـادات، چـونکە ژیـانی دوولایـەنی، عاشـق و مەعـشوقی بـە تـەنها خواسـت و حـەز و بەرژەوەندی لایەکی گەرەك نییە، مەیسەر نابێت بەبێ ئامـادەیی هـەردوولا، هـەر بۆیە دەبێت مرۆڤـی غەریزەچـی بـە بینینـەکانی خۆیـدا بـچێتەوە، بـە تێڕامـان و نیگاکردن و تێفکرینەکانیدا بـچێتەوە، چـاوەکانی لـە نابینایـیەوە ڕزگـار بکـات و تەحویلی جوانبینی و واقیعبینی بکات، چونکە دواجار لەگەڵ "دۆڵبـاخ" دا هـاوڕا دێمەوە لەوەی سەرچاوەی هەموو خراپەکاریەکان کوێربوونە.

**ئەپڕاڵی 2001**



# لێدان و پەروەردەکرن

ڕۆژی 2003/4/21 لەگەڵ پۆلێك لە قوتابیانی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین، سەردانی دەزگای "خانەی چاودێری نەوجەوانان" لە شاری هەولێر کرد، سەرەتا وامدەزانی لەم شوێنەدا گرنگیەکی زۆر بە منداڵان و نەوجەوانان دەدرێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی سەرپەرشتیارانی ئەم خانەیە قسەیان بۆ کردین، بەڵام پاش بەسەرکردنەوەی بەشەکان و قسەکردن لەگەڵ منداڵە بێ "دایك– باوك"ەکان، بۆم ڕوون بۆوە کەوا پرسەکە بەم شێوەیە نییە، ڕەنگە بپرسرێت بۆچی؟ چونکە لە کاتی بەسەرکردنەوەی بەشەکان پیسیەکی زۆر لە هۆڵ و شوێنەکان بینی، بۆنی ژوورەکان تاڕادەیەك ناخۆش بوو، پێداویستیەکانی یاریکردن و خۆشگوزەرانی تیایدا زۆر کەم بوو، لە هەمووشیان سەرنج ڕاکێشتر ئەوە بوو منداڵەکان لە کاتی قسەکردنیان دەیانگوت "لێمان دەدەن"، ئەوەتا بۆ نمونە منداڵێك دەڵێت "هەندێك لە مامۆستاکان زۆر خراپن و لێمان دەدەن و دار لەسەر دەستمان دەشکێنن".

پرسیاری من ئەوەیە شوێنێك ئەگەر حکومەت سەرپەرشتی بکات و کارمەند و توێژەری پسپۆر لە بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی تیایدا کار بکەن، چۆن دەبێت لەو منداڵە بێ دایك و باوکانە بدرێت کەوا بڕیارە پەروەردەیان بکەن و گەورەیان بکەن؟ باشە منداڵ بۆ دەبێت لێیبدرێت؟ ئایا لێدانی منداڵ و پەروەردەکردن تاچەند لەگەڵ یەکتری دەگونجێن؟ بۆچی پەروەردەکارانی ئێمە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ هەمیشە لێدان وەکو ئامرازێك بەکاردەهێنن؟ تاچەند کارمەندان و پسپۆرانی ئەم شوێنە زانیاریان هەیە لەوەی لێدان کاریگەری خراپ و نێگەتیڤی دەبێت بەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵ؟ ئەمانە و چەندین پرسیاریتری لەمجۆرە ئامادەیە کاتێك باسی لێدان و پەروەردەکرن دەکەین، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی قەدەری منداڵی کۆمەڵگای کوردی ئەوەیە لە پەروەردەکردندا دەبێت لێیبدرێت؟ دەبێت ئەوە چ کولتورێك بێت هەمیشە تیایدا منداڵەکان مەحکومن بە لێدان و شەق تێهەڵدان؟.

زانای دەرونشیکار فرۆید لە تیۆرەکەیدا مرۆڤ و کەسایەتی مرۆڤ پۆلینی سەر سێ کەسایەتی "ئەو – من – بەرزەمن" دەکات، ئەو باس لەوە دەکات کە

قۆناغی منداڵێتی "ئەو" قۆناغێکە منداڵ تیایدا بە دوای تێرکردنی حەز و ئارەزوو و غەریزەکانی دەکەوێت، پەیوەندی بە واقیع و لۆژیکی واقیعبینانەوە نییە، پەیوەندی بەوە نییە لە چواردەوریدا چی ڕوودەدات و چی ڕوونادات، لە چواردەوریدا چی هەیە و چی نییە، ئەو تەنها بیر لە تێرکردنی پێداویستیە غەریزەییەکان و دەستەبەرکردنی حەز و ئارەزووەکانی دەکات، لەو قۆناغەدا منداڵ بوونەوەرێکی بایۆلۆژیە زیاتر، لێرەوە بۆ ئەوەی منداڵ بە واقیعی بکرێت، وایلێبکرێت مامەڵەیەکی واقیعبینانەی تەندروست لەگەڵ دەوروبەر و ئەوانیتری ناو کۆمەڵگا بکات، ئەوا پێویست بە کۆمەڵایەتیکردنی دەبێت، بۆ بە کۆمەڵاتیکردنیش دەبێت هانا ببردرێتە بەر پرۆسەی پەروەردەکردن کۆمەڵایەتی، پرۆسەی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیش بە مانا فراوانەکەی ئەو کردە پەروەردەییانە دەگرێتەخۆ، کەوا مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگادا ملکەچی دەبێت، ئینجا لەناو هەر پێکهاتێك و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی "خێزان، قوتابخانە، یانە، گروپی هاوڕێیان، دەزگای ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە....هتد" بێت، پرۆسەی پەروەردەکردن بەرپرسە لە گۆڕینی منداڵ لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژی بۆ بوونەوەرێکی بایۆ کولتووری "کۆمەڵایەتی"، ئەمەش بەوەی نۆرم و بەها و بیروباوەڕ و زمانی کۆمەڵگا وەردەگرێت.

پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ ستایلی جیاوازی هەیە، بەپێی گۆڕانی کۆمەڵگا و کولتوور و ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگا دەگۆڕێت، لە کۆمەڵگای کراوە و مۆدێرندا ستایلی پەروەردەکردنی منداڵ جیاوازترە لە کۆمەڵگای داخراو و تەقلیدی، لەوەی یەکەمدا پرۆسەی پەروەردەکردن تا ڕادەیەکی زۆر پێشکەوتووە، مەعریفەیەکی مرۆییانەی لەگەڵدایە، لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا منداڵ مرۆڤە پێش ئەوەی بوونەوەرێکی بایۆلۆژی بێت، منداڵ وەکو بەرهەمی مرۆڤایەتی سەیر دەکرێت، پێگەیەك و بەهایەکی کۆمەڵایەتی بەرچاوی هەیە، بەو ئیعتبارەی ئەوەی داهاتووی کۆمەڵگایە، لەو کۆمەڵگایانەدا مەعریفەی کۆمەڵایەتی تاکەکان مەعریفەیەکی زانستی ئاست بەرزە، تیایدا بە زەرووڕەت ڕێزی مرۆڤبوونی منداڵ دەگیرێت، بۆیە بەشێوەیەکی عەقلانی و تەندروست

پەیڕەوی لە پەروەردەکردن و بە کۆمەڵایەتیکردنی دەکرێت، بەڵام لـە کۆمـەڵگای داخـراودا لەبەرئـەوەی مەعریفەیـەکی کۆمەڵایـەتی ئاسـت نـزم لەلایـەن تاکـەکان ئامادەیە، لەبەرئەوەی تێڕوانینێکی جیاواز لەوەی کۆمـەڵگای مـۆدێرن بـۆ منـداڵ ئامادەیە، منداڵ پێگەیەك و بەهایەکی کۆمەڵایەتی بەرچاوی نیە، بۆیە بە بەراورد لەگـەڵ ئـەو سـتایلی پەروەردەکردنـەی لـە کۆمـەڵگای مۆدێرنـدا هەیـە، پـەروەردەکردنی منـداڵ تێیـدا تـا ئاسـتێکی زۆر دواکـەوتووە و بـە سـتایلێکی ناعەقڵانی و ناتەندروست پەیڕەوەی لێدەکرێت.

یەکێك لە کوفرە گەورەکانی سیستەمی پەروەردەکردنی منداڵ لـە کۆمـەڵگای مۆدێرنـدا لێـدانی منداڵـە، چـونکە وەکـو دەرونناسـان و کۆمەڵناسـان جـەختی لێدەکەن لێدان کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر کەسایەتی منـداڵ چ لەئێستا یا لە داهاتوو، ئەم پرسە ڕێـك پێـچەوانەی سیـستەمی پـەروەردەکردنی کۆمـەڵگا داخراوەکانــە، چــونکە یــەکێك لــە دیــاردە هــەرە دیارەکــانی سیــستەمی پەروەردەکردنی منداڵ لێدانیەتی.

ئەگــەر ئــەم کــوفری لێدانــە لــە ماڵەکانــەوە دەســتپێبکات، ئــەوا لــەناو دامەزراوەکانیتری لەشێوەی قوتابخانە و یانە و خانەی نێـو جـەوانان و دەزگـای چاودێری کۆمەڵایەتی ئاستی قـوڵتر دەبێـت، ئەمـەش چـونکە کەسـانی پـسپۆر و تەیارکراو بە مەعریفەیەکی زانستی و کارگوزاری کۆمەڵایـەتی سەرپەرشـتی ئـەو شوێنانە دەکەن، بۆیە لێدان دەچێتە خانەی کوفرە گەورەکان.

لــە کۆمــەڵگای داخــراوی لــە جــۆری کــوردی سیــستەمەی پــەروەردەکردن سیستەمێکی توندوتیژە، زۆرجار بۆ کۆنترۆڵی منداڵ لێدان بەکاردەهێنرێت، ئەمە لـەنێو زۆربـەی خێزانەکانـدا بـە ڕاشـکاوی دەبینرێـت، بـەڵام ئەگـەر لێـدان لـەناو خێزانیــشدا هــەبێت، مانــای وانییــە شــتێکی ئاســایی دەبێــت ئەگــەر لــەناو دامەزراوەکانیتری قوتابخانە و یانە و دەزگـای چـاودێری کۆمەڵایـەتی و دەزگـای چـاودێری نەوجـەوانان هـەبێت، چـونکە ئەگـەر لـەوەی یەکەمـدا مەعریفەیـەکی پێویست بوونی نـەبێت، کاراکتـەرەکانی کەسـی ئاسـایی نـاو کۆمـەڵگا بـن، ئـەوا لـەوەی دووەمـدا پرسـەکە بەمـشێوەیە نییـە، چـونکە کاراکتـەرکانی نێـو ئـەو

دامەزراوانە کاراکتەری پسپۆڕین، هەڵگری مەعریفەیەکی زانستی و کارگوزارین لـە بواری پەروەردەکردن و چاودێریکردندا، چـونکە بـا ئـەوە لـە بـیر نەکـەین لێـدان دەبێتە هۆکارێك بۆ چـەپاندنی مـرۆڤ، دواجـار لێـدان مرۆڤـی شـەرمن و بێئیرادە بەرهـەم دەهێنێـت، مرۆڤێـك بەرهـەم دەهێنێـت ناتوانێـت داوای مافـەکانی خـۆی بکات، هەربۆیە ئەگـەر سـەیری منداڵـەکانی کۆمـەڵگای کـوردی بکـەین، دەبیـنین مرۆڤی شەرمن و بێئیرادەن، ناتوانن گوزارشت لە ئیرادە و داخوازییـەکان بکـەن، ناتوانن داوای ماف ڕەوای خۆیان بکەن.

نیگەتیڤی لێدان ئەگەر لەلایەکدا ئەوە بێت مرۆڤی شەرمن و بێئیرادە بەرهـەم دەهێنێت، ئەوا لەلایەکیتردا ئەوەیە مرۆڤی گرێیاوی و توڕە و قین لە دڵ بەرهـەم دەهێنیت، مرۆڤێك بەرهـەم دەهێنێـت هەمیـشە بیرۆکـەی تۆڵـە سـەندنەوەی لـە هزردایە، ئەمەش بۆ خۆی زۆر مەترسیدارە، چونکە هەمیشە ئەو منداڵە بیر لـەوە دەکاتەوە کە گەورە بوو ببێتەوە بە دووبارەی وێنەی مامۆسـتاکەی ئێـستا، واتـا هەمیشە لە بیری ئەوە دەبێت کەی گـەورە دەبێـت، تـاوەکو ئـەویش منداڵـەکانی بەردەستی ئازار بدات و لێیان بدات، بەمەش زنجیرەی ئـازاردانی بـچوك لەلایـەن گــەورەوە بــەردەوام دەبێــت و ناپــسێتەوە، دواجــار زنجــیرەی تێکــشکاندنی کەسایەتی منداڵ بەردەوام دەبێت، کەواتە بەردەوام منداڵەکان مەحکوم دەبن بە لێدان و تێهەڵدان، بەمـەش ئێمـە لەبـەردەم کۆمەڵگایـەك دەبـین کـە سـەرجەمی تاکـەکانی کەسـایەتیان تێکـشکاو و لێـدراوە، لێـرەوە پێویـستە بڵـێین ئــەو کۆمەڵگایەی لە پەروەردەکرنی منداڵەکانیدا لێدان وەکو ئامرازێك بەکاردەهێنێت، ئەوا کۆمەڵگایەکە مرۆڤی ناتەندروست بەرهەم دەهێنێـت، بۆیـە ئەگـەر ویـستمان کۆمەڵگا و مرۆڤی تەندروست لە کۆمەڵگا و مرۆڤی ناتەندروسـت جیـا بکەینـەوە، ئەوا دەبێت بـەراوردی سیـستەمی پـەروەردەکردنی منـداڵ لـە هـەردوولا بکـەین، لـەنێو هـەر کامێکیـان لێـدان وەکـو ئامرازێـك بـەکارهێنرا بـۆ پـەروەردەکردن و زەبتکردنــی منداڵــەکان، ئــەوا ئــەو کۆمەڵگایــە و مرۆڤــەکانی ناتەندروســتن، بەپێـچەوانەشەوە ئـەو کۆمەڵگایـەی لـە پـەروەردەکردنی منداڵەکانیـدا لێـدانی بەکارنـەهێنا، ئــەوا ئــەو کۆمەڵگایــە و مرۆڤــەکانی تەندروســت دەبــن، لێــرەوە

دەتوانین بگەینە هاوکێشەیەك ئەویش پەروەردەکرنی بە لێدان یەکسانە بە مرۆڤی ناتەندروست، ئەمەش یەکسانە بەکۆمەڵگایەکی دواکەوتوو، بەپێچەوانەشەوە مرۆڤی ناتەندروست بەرهەمی پەروەردەکردنی بە لێدان و کۆمەڵگای دواکەوتووە.

پێویستە توێژەر و مامۆستا بەڕێزەکانی خانەی نێوجەوانان تێبگەن، کەوا بەکارهێنانی لێدان بۆ مەبەستی کۆنترۆڵکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکان، کردەیەکی نا زانستیانە و ناعەقڵانیانە و نالۆژیکانە و ناهیومانەیە، چونکە لێدان مرۆڤی ناتەندروست بەرهەم دەهێنێت، مرۆڤێك بەرهەم دەهێنێت خاوەنی کەسایەتیەکی لاواز و ڕاڕا و ترسنۆك، مرۆڤێك بەرهەم دەهێنێت باوەڕی بەخۆی و تواناکانی نابێت، بۆیە وا باشە بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ منداڵانی بێ دایك و باوك نەکەن، وایان لێنەکەن هەست بکەن لەم وڵاتەدا کەسێك نییە گرنگیان پێ بدات و وەکو مرۆڤ سەیریان بکات، پێویستە مامۆستا و توێژەرە بەڕێزەکان لە مامەڵەکردنیاندا پەیڕەوی لە بەکارهێنانی میتۆد و ڕێنمایی زانستی بکەن، هەروەها بە هێمنی و لەسەرەخۆیی ڕەفتاریان لەگەڵ بکەن، نەوەکو بە لێدان و چاوسوورکردنەوە، چونکە بۆ بەرجەستەکردنی هەر ئامانجێك ئامرازگەلێك و شێوازگەلێك هەیە، لێدان تەنها ئامراز نییە بۆ پەروەردەکردن، هەر شتێك ئەگەر بەشەڕ و لێدان و چاوسوور کردنەوە بکرێت، ئەوا بێگومان بە ڕێگا و شێوازیتریش دەکرێت، ئەگەر بە دوایدا بگەڕێین ئەوا بە ئاسانی دەیدۆزینەوە.

**مایۆی 2004**



فــەزای شــەڕ و پێکــدادان و توندوتیــژی فــەزای کۆمەڵگایــەکی شــێواو و ناتەندروستە، فەزای کۆمەڵگایەکی جیاوازکوژە و تیایدا "مـن" هـەزمی "ئـەو"ی بەرامبەر ناکات، فەزای کۆمەڵگایەکی بێئاگای کورتبینە و لە ئێستادا هەڵوەستە لەبـەردەم دیـاردە مەترسـیدارە برەوپێـدراوەکانی ناکـات. فـەزای کۆمەڵگایەکـە بینینێکی نییە بۆ ئێستا، هەروەها بینینێکی نییە بۆ ئایندە.

لە فەزای شەڕ و توندوتیژیدا هەمیشە ئەتمۆسفێرێکی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و مۆراڵی وا لە ئارادا دەبێت کە ڕێخۆشـکارە بـۆ بەردەوامیـدان بـەو فەزایـە، لـەو ئەتمۆسـفێرەدا کۆمــەڵێك دیـاردەی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی بـوونی دەبێـت کـە ئەگەری بەردەوامیدانیان بەو فەزایە لێدەکرێت.

لە فەزای شەڕ و توندوتیژیدا پرۆسەی پەروەردەکردنی کۆمەڵایـەتی توندوتیـژ دەبێت، ئەم پرۆسەیە توندوتیژی لە گەورەوە بۆ بچوك، لە باوکەوە بۆ منـداڵ لـە سـەرکردەوە بـۆ ئەنـدامانی بنکـە دەگوازێتـەوە، لـەو فەزایـەدا توندوتیـژی لـە پەروەردەکردندا "بەتایبـەتی پـەروەردەکردنی منـداڵ" ڕەوایـی پێـدەدرێت و بـە کردەیــەکی ئاســایی دەبینرێــت، ئــەو پەروەردەکردنــە مــن نــاوێ دەنــێم پـەروەردەکردنی ناکۆمەڵایەتیانـەی منـداڵ، چـونکە هەمیـشە پـەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیانەی منداڵ مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتیانەی لە پشتە، بۆ ئەوەیـە منـداڵ بـە کۆمەڵایـەتی بکرێـت، بگونجێنرێـت بـۆ بـە کۆمــەڵ ژیـان، پـەروەردەکردنی کۆمەڵایـەتی لـە ئامانجێکیـدا بـۆ ئەوەیـە سیـستەمی ژیـانکردن لـە داهـاتوودا تێکنەچێت و تووشی شێوان نەیەت، بۆ ئەوەیە ڕیتمی ژیانکردنی ئایندە ئاسـایی بێت، بەڵام کاتێك پەروەردەکردنێك توندوتیژی دروست بکات، داهاتوو لەبـەردەم مەترسی دابێنێت، ئەوا ناکۆمەڵایەتیانەیە.

ئەو جۆرە پەروەردەکردنە بەبێ ئاگایی ئیشی خۆی دەکات، لە ئامادەبوونیدا مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتیانە و هیومانیانە ئامادەیی نییە، چونکە نازانرێت ئەوەی لـە ئێـستادا هەیـە، دەبێــتە هـۆی ئـەوەی لـە داهـاتوودا توندوتیـژی بەرهـەم بهێنێتـەوە، ئەمـەش بـۆ داهـاتووی کۆمـەڵگا نێگـەتیڤ و مەترسـیدارە، چـونکە هەمیشە ئەگەری هاتنە ئارا و ئامادەبوونی ئەو فەزایەی لێدەکرێت.

دوو لەو دیاردە بەرچاوانەی کەوا لە فەزای شەڕ و توندوتیژی کۆمەڵگای کوردی ئامادەییان هەیە، هەردووانەیان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە پەروەردەکردنی منداڵەوە هەیە، هەردووانەیان پەیوەندیەکی بەتینیان لە نێواندا هەیە، هەردووانەشیان ئەگەری بەردەوامیدانیان بەو فەزایە لێدەکرێت، بریتین لە بوونی ژمارەیەکی زۆری کەرەستە و گەمۆکە "دەمانچۆکە"سەربازی لە ناو بازاڕی شارەکان، لەگەڵ ئەو میکانیزمەی کەناڵە ڕاگەیاندنە بینراوەکان"**T.V**" کاری پێدەکەن، و ئەو پڕۆگرامانەی بڵاویدەکەنەوە. ئەو دیاردانە ڕاستەوخۆ گوزارشت لەو بێئاگاییە گەورەیە دەکات کەوا لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هەیە لە بەرامبەر فەزای توندوتیژی.

گەر بەیەکەوە پیاسەیەك بەنێو بازاڕی شارەکانی کوردستان بکەین و سەیری ئەو کەرەستانە بکەین کە بازاڕێکی گەرمی هەیە، ئەوا دەبینین "دەمانچۆکە"یە، گەر زەین بدەینەوە ئەو باوکانەی لە بازاڕەکاندا دەستی منداڵەکانیان گرتووە و لەبەردەم دوکانێکی گەمۆکە فرۆش وەستاون، دەبینین مامەڵەی کڕینی دەمانچۆکە دەکەن بۆ منداڵەکانیان، گەر زەین بدەینە یاریکردنی منداڵەکان" کوڕ" لە ماڵ و لە کۆڵانەکاندا، دەبینین دەمانچۆکە، نیشانە شکێنی، دروستکردنی شەڕگەیەکی وەهمی ئامادەیی هەیە، گەر سەیری کاونتەری تایبەتی هەر منداڵێك بکەین دەمانچۆکەی تیا دەدۆزینەوە، باشە بۆچی منداڵ تەماسی کردووە لەگەڵ دەمانچۆکە؟ چ چاوێك و چ ئیرادەیەك لە پشت ئەم تەماس بەستنەی منداڵ و دەمانچۆکە ئامادەیی هەیە؟ بۆچی ئەو هەموو جۆرە دەمانچۆکەیە لە بازاڕی شارەکاندا ئامادەیی هەیە؟.

بە بۆچوونی من ئەو تەماس بەستنەی منداڵ بە دەمانچۆکە لە سەرێکدا پەیوەستە بە پرسی پەروەردەکردن و گۆشکردنی منداڵ پێیەوە، هەروەها پەیوەستە بە پرسی تەقلیدکردنەوەی گەورەکان، لە سەرێکیتریشدا پەیوەستە بە بوونی دەمانچۆکەیەکی یەکجار زۆر لەناو بازاڕەکان.

بۆ زانینی ئەو تەماس بەستنەی منداڵ بە دەمانچۆکە سەرەتا با لە بوونی دەمانچۆکە لە بازاڕەکان بێینە ئاخاوتن، ئەگەر زەین بدەین دەبینین لە بازاڕی

شارەکاندا بە چەندین جۆر و شێوازی جیاجیا دەمانچۆکە بەدیدەکرێت، لەوانە "ئـاو فڕێـدەدا ، دەنگـی هەیـە ، وەکـو کـەوان تـیری لێدەردەچـێت، تـۆپی لێدەردەچـێت...هتـد"، باشـە خـۆ ئێمـە کارگـەی دروسـتکاری ئـەو جـۆرە گەمۆکانەمان نییە، ئەی بوونی بەو شێوەیە مانای چییە؟ ئایا لەکوێوە دێت؟.

ئەگەر لە سەرچاوەی دروستکردنی ئەو گەمۆکانـە بکۆڵینـەوە، ئـەوا یەکسەر بـەبێ مانـدووبوون و گـەڕانێکی زۆر دەتـوانین دیـاری بکـەین، ئـەویش دەوڵەتـە کۆلۆنیاڵە دراوسێکانی کوردستانە، بەڵێ سەرچاوەی دروستکردنی ئەو گەمۆکانـە بۆ ئەو دەوڵەتە دراوسێیانە دەگەڕێتەوە، ئەوان نیازخراپانە بە هەموو شێوەیەك کەرەستە و گەمۆکەی سەربازی و "دەمانچۆکە" دروست دەکەن و ڕەوانـەی نێـو مـاڵی کـوردی دەکـەن، ئـەوان هـەر بەوەنـدە ناوەسـتن دەسـت بخەنـە نـاو بەڕێوەبردنی وڵات، پاڵەپەستۆ بخەنە سەر حزبە باڵاکانی کوردستان، لـە شـەڕی کورد کوشتندا بەشداریان لەگەڵ بکـەن و بەچـەك تـەیاریان بکـەن، ئـەوان هـەر بەوەندە ناوەسـتن گـەورەکان پـڕ چـەك بکـەن، بـەڵکو دەخـوازن بـچووکەکانیش تەیارکەن بەچەك، هەر بەوەندە ناوەستن مێشك و ئاوەزی گـەورەگان بـشۆنەوە، بڵکـو دەخـوازن مێـشك و ئـاوەزی بـچووکیش بـشۆنەوە، ئـەوان هـەر بەوەنـدە ناوەستن فەزای توندوتیژی و شەڕ بخەنە نـاو کۆمـەڵگا، بـەڵکو دەخـوزان فـەزای توندوتیژی و شـەڕ بخەنـە نـاو هـەموو مـاڵێکی کـورد، هـەر نـاخوازن سیـستەمی سیاسی و ژیانی سیاسی تێکبـچێت، بـەڵکو دەخـوازن سیـستەمی کۆمەڵایـەتی و ژیـانی کۆمەڵایـەتی کۆمـەڵگا تێکبـچێت. بـەڵام ئامـادەیی ئـەو هـەموو جـۆرە دەمانچۆکەیە لە بازاڕەکاندا مانای چییە؟ بە بۆچوونی من ئامـادەیی ئـەو هـەموو دەمانچۆکەیە هەم لە ڕووی جۆرایەتی و هەمیش چەندایەتی مانای وایە حکومـەت چاودێری بەسەر بازاڕەکاندا نییـە، مانـای ئـەو وڵاتـە بەڕێوەبـەرێکی چـاوکراوەی نییە، بەڕێوەبەرێکی نییە بزانێت ئەمەی هەیە بۆ هەیە، لە کوێ هاتووە، سـوودی چییە، زیـانی چـییە ....هتـد. کەواتـە بـەکورتی دەتـوانین بڵـێین ئامـادەیی ئـەو هـەموو گەمۆکـە سـەربازیانە مانـای بـوونی ئیرادەیـەکی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراوی مەبەستداری دەوڵەتە دراوسێکان لەلایـەك، و بێئاگاییـەکی گـەورەی حکومـەت و ئیداری وڵات لەلایەکیتر.

ئاشکرایە دەوڵەتە دراوسێکان کاتێك ئەو جۆرە گەمۆکانە ڕەوانەی ناو دونیای کۆمەڵگای کوردی دەکەن لە خەمخۆریان بۆ مناڵەکانی کورد نییە، بەپێچەوانەوە ئەوان ڕقیان لـە منـداڵی کۆمـەڵگای کوردیـە، ڕقیـان لـە دواڕۆژی منـداڵی کـورد و کۆمەڵگای کوردیە، ئەوان مەبەستدارانە ئەو گەمۆکانە دەنێرن، دەخوازن تـەواوی مامەڵە و ڕەفتاری منداڵ لەگەڵ چەکدا بێت، دەخوازن منداڵ بەچەك ئاشنا بێـت، بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە چـەك بخزێتـە نێـو ماڵـەکان، چـونکە بـوونی چـەك لەهـەر شوێنێك مانای بوونی ئەگەری فەزایەکی توندوتیژی و پێکدادانە، ئەوان دەخوازن منداڵی کورد بە فەزای توندوتیژی ڕابێت، توندوتیژی ببێتە بەشێك لە فەرهەنگ و کەسایەتی منداڵی کورد، ئەو ئیـدی دەسـتی گەیشتۆتە بینـە قاقـای گـەورەکان، ئیـــدی بـــۆ زامنکردنـــی دواڕۆژی خـــۆی، بـــۆ بەردەوامیـــدان بـــە سیاســـەتە داگیرکاریـەکانی لـە داهـاتوودا، پێویـستی بەوەیـە دەسـتی بگاتـە منداڵـەکان، مێـشکیان بـشواتەوە بەچـەك، گۆشـیان بکـات بەچـەك، ئامادەشـە لـەپێناو بەرجەستەکردنی ئەم ئامانجەدا مامەڵە و ڕەفتاری جۆراوجۆر بکات.

ئەگەر لە نرخی ئەم دەمانچۆکانە ڕابمێـنین، ئـەوا دەبیـنین هەیانـە نرخەکـەی تەنها "2" دینارە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی نرخی دەمانـچۆکەیەك ئەوەنـدە هەرزانە، لە کاتێکدا نرخی بووکە شووشـەیەك یـا هـەر گەمۆکەیـەکیتر زیـاترە لـە "5" دینـار؟ تـۆ بڵێـی دروسـتکاری گەمۆکـە لـە ڕووی ئابووریـەوە زەرەرمەنـد نەبێت؟.

واتێدەگەم ئەو وڵاتانەی هەڵدەستن بە دروستکردنی ئەم دەمانـچۆکانە ئەگـەر بزانن سەد دەر سەد لە ڕووی ئابووریەوە زەرەرمەندن " هـەر واشـە"، ئـەوا هـەر بەردەوام دەبن لە دروستکردن و ناردنیان بۆ کوردسـتان، چـونکە ئەگـەر دواجـار هـیچ کارتێکیـان لەبـەر دەسـتدا نـەبێت بـۆ نانـەوەی فەزایـەکی توندوتیـژی، بـۆ نانەوەی شەڕ و دووبەرەکی، ئەوا لە ڕێگای گۆشکردنی منداڵان بە دەمانچۆکە لـە دواڕۆژدا نەوەیـەك ئامـادە دەبێـت ئەگـەری ڕەفتـارکردنی دەبێـت بـە ئاقـاری بەرجەستەکردنی مەبەستەکانیان.

دەوڵەتە دراوسێکان گەرەکیانە بەردەوام چەک لەگەڵ تاکی کوردی تەبا بێت، تاکی کوردی بەردەوام چەکی لە دەست بێت و بە زمانی چەک قسە بکات و واقیعی دەوروبەر ببینێت، چونکە ئەمە بۆیان پڕ سوودە و خزمەت بە سیاسەتەکانیان دەکات، خزمەت بە درێژکردنەوەی دوژمنداریان دەکات لە بەرامبەر کورد، کەواتە بۆ ئەم دەوڵەتانە ئەگەر دیوێکی ئەم کردەیەیان نێگەتیڤە و لە ڕووی ئابووریەوە زەرەرمەند دەبن، ئەوا دیوەکەیتری پۆزەتیڤە لە بواری سیاسییەوە سوودبەخش دەبن.

هەر چەندە تەماس بەستنی منداڵ بە دەمانچۆکە لە سەرێکدا پەیوەستە بە بوونی ئەو ژمارە زۆرەی گەمۆکە لەناو بازاڕی شارەکان، بەڵام نابێت هۆکاری پەروەردەکردن و گۆشکردن بە دەمانچۆکە لە بیر بکەین، چونکە لەمەدا گەورەکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن، دواجار خەتای گەورەش دەکەن.

لە سەیرکردنمان بۆ مێژووی نزیک "سەدەی بیست"ی گەلی کورد، ئەوە بەدیدەکەین کەوا بە بەردەوامی شەڕ ئامادەیی هەیە، ئەمەش وایکردووە توندوتیژی ببێتە بەشێك لە کولتووری کۆمەڵگا، ببێتە بەشێك لە کەسایەتی تاکەکان، لە پاڵ ئەمەشدا کەلوپەل و ئامێری جەنگ "دەمانچە، کلاشنکۆف...هتد" بەشێوەیەکی بەردەوام بوونی هەبووە لەلای تاکی کوردی، چ ئەوانەی پێشمەرگەن، چ ئەوانەی جاشن، چ لە دوای ڕاپەڕین کە چەکێکی زۆر کەوتە بەردەستی خەڵك، ئەمانە هەمووی وایکردووە چەك لە تاکی کوردی دانەبڕێت، دواجار چەك لە ماڵی کوردی دانەبڕێت، کاتێك چەك لەماڵی کورد دانابڕێت، واتا ئاشنایەتی تاکەکانی نێو ماڵەکان بە چەك دێتە ئاراوە ئەمە لەلایەك، کەچی لەلایەکیتردا هەر وەکو ئاماژەمان بۆ کرد لە ئامادەیی فەزایەکی توندوتیژدا هەمیشە پەروەردەکردنی توندوتیژ ئامادەیە، بۆ ئەمەش ئەو کەرەستانە بە نرخ و بەها دەبێت کە لەگەڵ فەزاکە دەگونجێت، لێرەوە پەروەردەکردن و گۆشکردنی منداڵ بە چەك کردەیەکی ئاسایی و ڕێپێدراو دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر هۆشیاری و مەعریفەی گەورەکان هۆشیاریەکی ئاست نزم بێت، هۆشیاریەك بێت ئایندە نەبینێت، نەزانێت لە ئێستادا چی پێویستە بۆ

ئاینده بکرێت. نەزانێت چ ڕێڕەوی چ ئاقارێك پێویستە بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ژیانی ئاینـدەی پێـدا ئاراسـتە بکـات، هــەروەها نــەزانێت چـۆن ڕێگـا لەبــەردەم مەترسیەکانی ژیانی ئاینده بگرێت.

مادام کەرەستە و ئامێری جەنگی لەلای گەورەکانی "پیـاو و کـوڕ" ماڵـەکانی کۆمەڵگای کوردی ئامادەیی هەیە، مادام گەروەکانی ماڵەکانی کـوردی تەماسـیان بەسـتووە بـە چـەك، بۆیـە گۆشـکردنی منـداڵیش پێیـەوە دەبێـتە کردەیـەکی ئاسایی، بەڵام لە ئێستادا بۆ منداڵ زووە دەمانچە و کلاشنکۆف بدرێتە دەسـتی، بۆیە دەمانچۆکە جێگای دەگرێتەوە، "دیـارە ئـەم ڕاڤەکردنـە بـۆ کـۆی ماڵـەکان ڕاسـت نییـە، بـەڵام بـۆ (95٪) ڕاسـتە"، گۆشـکردنی منـداڵ بـەم گەمۆکەیـە کاریگەریەکەی لە داهاتوودا بەدیدەکرێت نەوەکو ئێستا، لێرەوە هیچ جیاوازییەك لـە نێـوان دەمانـچۆکە و دەمانـچە نییـە، چـونکە ئـەوە دەمانـچۆکەیە تـەحویلی دەمانــچە دەبێــت، بــەڵێ ئاشــنابوون بــە دەمانــچۆکە ســەرەتا و دەســتپێکی ئاشنابوون بە دەمانچە دەبێت، هەروەها بە ئامێرەکـانیتری جـەنگی، دواجـار بـە فەزای توندوتیژی و شەڕ و پێکدادان.

لێرەوە دەڵێین ئەوانەی ئـەمڕۆ لـەنێو خەنـدەق و هێڵـی تەماسـی شـەڕکردندا دانیشتوون و چاوەڕێی شەڕێك بۆ کوشتنی ئەوی بەرامبـەر دەکـەن، ئەوانـەن کـە دوێنـێ یا زەمەنێك بەر لـە ئـەمڕۆ بـەم گەمۆکانـە گۆشـکراون، ئەوانـەی ئـەمڕۆش گۆشدەکرێن بە دەمانـچۆکە، ئەوانـە دەبـن کـە لـە داهـاتوودا ئـەو ڕۆڵـەی ئێستا دەگێـڕن، و خەنـدەق لـە بەرامبـەر یـەکتر لێـدەدەن و فـەزای جـەنگ و کوشـتن دەکەنە فەزای باوی کۆمەڵگا.

لێرەوە بە بۆچوونی من هیچ پێویست ناکات لایەنەکانی شەڕی خۆکوژی بـچن لە واشنتۆن یا ئەنکەرە یا هەر شوێنێکیتر ئاشت ببنەوە، چونکە ئەگەر ئاشـتیش ببنــەوە، ئــەوا دواجـار لــە ڕێگـای پێگەیـشتنی ئـەم نـەوەی بـە دەمانـچۆکە گۆشدەکرێت جارێکیتر تووشی شەڕ دەبنـەوە، بۆیـە پـێش ئـەوەی قسە لەسـەر چۆنیەتی پێکهاتن و نەمانی شەڕی ئێستای خۆکوژی بکـەن، ئـەوا پێویـستە هـەر لایـەنێك لـەلای خۆیـدا، و لـە شـارەکانی ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـدا بـە بازاڕەکانـدا

بچێتەوە، و هەموو ئەو گەمۆکە سەربازیانە لە ئاهەنگێکی کۆئامێزدا بشکێنێت، یا چاکترە بسووتێنێت بە شێوەیەك کەمترین ئاسەواری دیار نەبێت، تاوەکو گومانی ئەوە لە نەوەی داهاتوودا نەبێت کە شەڕێکیتری خۆکوژی دەنێتەوە، بۆیە ئەمە پێویستە بکرێتە خاڵێکی هەرە سەرەکی پێکهاتن و ئاشتبوونەوەی سەر تاسەری.

ئەگەر دەسەلاّتی کوردی بۆ ئەوە ئاشت دەبێتەوە کە شەڕێکی هەنووکەیی بە ئەگەری کۆتابووندا ببات، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە چیتر ئەو کەرەستانە نەهێڵێت کە بەهۆیەوە منداڵ بەشێوەیەکی ناتەندروست و توندوتیژ پەروەردە دەکرێت، ئەمەش تاوەکو چیتر لە داهاتوودا تووشی شەڕ نەبێت، وا باشە دەسەلاّتی کوردی ئیجرائات بکات و نەهێڵێت ئەم گەمۆکانە بێنە ناو کۆمەڵگا، لە ئەگەری هەبوون لەناو کۆمەڵگاشدا وەکو ئەوەی لە وڵاتە ڕۆژاواییەکاندا هەیە کۆمەڵێك پێشمەرج دابنێت بۆ کڕین و بەکارهێنانی، بۆ نموونە لەگەڵ کڕینی هەر دەمانچۆکەیەکدا مەرجی کڕینی قاتێکی جلی پۆلیس بسەپێنرێت، تاوەکو ئەو منداڵەی بەکاری دەهێنێت هەست بکات پیاوی دەزگا یاسا پارێزییەکانە، نەوەکو وا تێبگات لە تکساس دەژیێت، پێویستە دەسەلاّت ئەو گەمۆکانە لەنێو بازاڕدا قەدەغە بکات، چونکە بوونی ئەم گەمۆکانە هەرچی زیاتر منداڵێکی شەڕخواز و ئامادە بۆ بەیەکدادان و کوشتن دروست دەبێت، کە لە گەورە بوونیاندا ئەگەری ئەوە ڕێپێدراو دەبێت وڵات بکەوێتە ژێر مەترسی شەڕ و پارچە پارچە بوون.

وتمان بۆ تەماس بەستنی منداڵ بە دەمانچۆکە بوونی گەمۆکە لە بازاڕەکاندا ڕۆڵ دەگێڕێت، لەگەڵ پەروەردەکردن و گۆشکردنی منداڵ پێیەوە، بەلاّم هێشتا پرسێکیتر هەیە ئەویش تەقلیدکردنەوەی گەورەکان لەلایەن منداڵان، وەکو دەزانرێت منداڵ بەسروشتی خۆی کاریگەر دەبێت بە کەسایەتی گەورەکان، ئەمە دەبێتە هۆی تەقلیدکردنەوەی گەورە لەلایەن منداڵەوە، بەلاّم لە ئامادەیی گەورەیەکی ڕەفتار توندوتیژی ئاشنا بە دەمانچە، لە ئامادەیی گەورەیەك کە دەمانچە لەناو قەدی شوێنێکی تایبەتی هەیە، لە ئامادەیی گەورەیەك کە بەردەوام هەڵگری دەمانچۆکەیە، گەورەیەك کە تەماسی بەستووە بە دەمانچە،

ئیدی منداڵیش بە ڕۆڵی خۆی تەقلیدی دەکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لـە ئێستادا دەمانچە بۆ ئەو دەست نـادات، بۆیـە داوای دەمانـچۆکە دەکـات، کەواتـە پرسـی داواکردنی دەمانچۆکە لەلایەنە منداڵـەوە پرسـێکی تەقلیدیـە، لـە ژێـر کاریگـەری بوونی ئەو دەمانچانەیە کەوا لەناو قەدی گەورەکانی ماڵـەوە هەیـە، ئەمـەش ڕۆڵ دەگێڕێت لەو تەماس بەستنەی منداڵ بە دەمانچۆکە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێـت کە تەماس بەستنی منداڵ بە دەمانچۆکە، تەماس بەستنی کۆمەڵگایـە بـە فـەزای توندوتیژی، تەماس بەستنی نەوەی ئایندەیە بە شەڕ و پێکدادان.

هەر چەندە بـوونی دەمانـچۆکە کاریگـەرە لـە شـەڕانگێزکردنی منـداڵ، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا ڕۆڵـی میـدیا و کەناڵـە ڕاگەیاندنـەکان بەگـشتی و بینراوەکـان "T.V" بەتایبـەتی لـە شـەڕانگێزکردنی دەروونـی منـداڵان و ئامادەکردنیـان بـۆ توندوتیـژی کـەم نـین، کەناڵـە ڕاگەیاندنـەکان وەکـو فاکتـەرێکی بەرچـاو ڕۆحـی توندوتیژی لە دەروونی منداڵاندا دەڕوێنن.

هزرڤانی ناودار بۆدریار پێیوایە کەناڵی ڕاگەیاندن لـە ڕووێکدا بەرهەمهێنـەری توندوتیژیــە، بــەڵام لەڕاســتیدا ئەگــەر زەیــن بدەینــە چــۆنیەتی کــارکردن و بەڕێوەبردنی ئەو کەناڵانەی ئێستای کۆمەڵگای کوردی، ئـەوا هـەر لـە سـەرەتاوە تاوەکو کۆتایی پەخشکردنیان توندوتیژی تێدا دەبینین، بۆ نموونە لـە سـەرەتای پەخــشکردن ئــەفلامی کــارتۆنی دەبیــنین، بــەڵام چ ئــەفلام کارتۆنێـك؟ ئـەو ئەفلامانەی کە مشك و پشیلە و سەگ...هتد، بە چـەك و تەقەمـەنی شـەڕ لەگـەڵ یەکتریـدا دەکـەن، لێـرەدا سـەرەتایی ئـەو توندوتیژیـە دەبیـنین کـە کەناڵـەکان بڵاویدەکەنـەوە، مـن نـازانم چ حیکمـەتێك لەوەدایـە فلیمێکـی کـارتۆنی پـەخش بکرێـت، کـەوا کارەکتـەرەکانی بـە چـەك و تەقەمـەنی بـە شـەڕ بێـت؟ دیسان چ حیکمەتێك لەوەدایە مشك و پشیلە بە تفەنگ و دەمانـچە شـەڕ بکـەن ؟ کـەی لـە دونیای واقیعدا مشك و پشیلە بە دەمانچە شـەڕیان کـردووە؟ ئـاخر نمایـشکردنی ئەفلامی کارتۆنی جۆرێکـە لـە پرۆسـەی پـەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیانـە منـداڵ، منداڵ تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ فیلمە کارتۆنیەکاندا تەماس دەکات، دواتـریش کـە تەواو بوو حەز دەکات ببێتە کاراکتەرەکانی ناو فیلمەکە، ئیدی لە مـاڵ و کۆڵانـدا

تەقلیدی ڕۆڵی ئەو کاراکتەرانەی فیلمەکە دەکاتـەوە، بـەڵام لەبەرئـەوەی فیلمـی توندوتیژی بۆ نمایـشکراوە، بۆیـە ئیـدی ئـەویش تەقلیـدی ڕۆڵـە توندوتیژییـەکان دەکاتەوە، لێرەوە ئایا پڕۆسـەی پـەروەردەکردنی منـداڵ بـەوە دەبێت فیلمـی توندوتیژیان بـۆ نمایـشبکرێت؟ ئایا پەخـشکردنی ئـەو جـۆرە فیلمانـە چـەند لـە خزمەتی پەروەردەکردنی منداڵدایە؟.

لە بـەردەوامبوونمان بـۆ سـەیرکردنی "T.V" یـەکان ئـەم جـارە لـە شـوێنی فیلمــە کارتۆنیــەکان، زۆرانبــازێی ئــازاد دەبیــنین، کــە بــۆ خــۆی کارگــەی بەرهـەمهێنانی توندوتیژیـە، تیایـدا چـەندین مرۆڤـی شـەڕانگێز و تـوڕە خـەریکی یـاریکردنن، و بـە تونـدترین شـێوە لـە یـەکتری دەدەن و خـەریکی ئـازاردانی یەکترین.

دیسان لە بەردەوامبوونمان بۆ سەیرکردنیان لە ناوەڕاسـتدا وتـاری حەماسـی دەبیــستین، کــە یــەکێك بــە دەنگــە زیقــە ناخۆشــەکەی دەنــەڕێنێت و باســی چالاکیەکانی چەکدارانی لایەنەکەی دەکات، لەوەی چەند کەسیان لـە ئەنـدامان و لایەنــەکی بەرامبــەر کوشــتووە، یــا گردێــك و تەپۆلکەیــەکیان دەســت بەسەرداگرتووە، یا هەندێك وێنەی چەکدارەکان بڵاودەکاتەوە کەوا سەرگەردانانە بەسەر ئەو گرد و شاخ ڕێدەکەن، کە خۆشـیان نـازانن بـۆ دەچـنە ئـەو شـوێنە و چـیان لێـی دەوێـت، نـازانن بـە زینـدووی دەگەڕێنـەوە یـا دەمـرن و لەوانەیـە لاشەکەشیان بکەوێتە بەردەمی سەگ و گورگە برسیەکانی ناو شاخ و چیاکان.

بەردەوام دەبین لەگەڵ "TV"یەکان تا دەگەینە دواهەمین مـاددەی شـەو لـە کۆتـایی پەخـشدا هەمدیـسان ئـەو فلیمانـە دەبیـنین کـە شـەڕ و کوشـتنی لـە خۆگرتووە، بەتایبەتی ئەوانەی ڕامبۆ و جاکی شان و بروسلی و هاوشێوەکانیان.

گەر ئیستێك لەبـەردەم ئـەو میکـانیزمی کارکردنـەی ڕاگەیاندنـەکان "T.V" بکـەین، دەبیـنین بـەردەوام توندوتیـژی بڵاودەکەنـەوە، ئـەوەش بەپلـەی یەکـەم کاریگەری لەسەر دەروونـی منـداڵ دەبێـت، ئـەو فیلمـە شـەڕانگێزیانە وا دەکـات منداڵ تەقلیدیان بکاتەوە و بە چاوی ئەوانەوە سەیری واقیعی دەوروبـەر بکـات و مامەڵەی تیا بکات، بەمەش ڕۆحی شەڕەنگێزی لەلای دەڕوێنێت و جیهانـە پـاك و

بێگەردەکـەی دەشـێوێنێت، ئەمـەش ڕێخۆشـکارە بـۆ بەردەوامیـدان و ڕۆح درێژکردنەوەی ئەو فەزا توندوتیژیەی کۆمەڵگا تیایدا دەژیت.

لـە ڕاسـتیدا لـە هـەردوو ئـەو دیاردەیـەی " دەمانـچۆکە، T.V" لەسـەرەوە باسمـانکرد منـداڵ تاکـە قوربانیـە بـە دەسـتی گـەورەدا، چـونکە لەلایەکدا ئـەو گەمۆکانەی لەبەر دەست دادەنرێت کە بە هۆیەوە ئەگەری ئـەوەی لێـدەکرێت لـە داهاتوودا توندوتیژ و شەڕەنگێز بێـت، لەلاکـەیتردا وێنـەکانی نێـو فـەزای شـەڕ و کوشتنی پێشاندەدرێت کە تیایدا گرنگی و ڕۆڵی ئـەو چـەکەی لێـوە بەدیـدەکرێت کەوا ئەو خـووی پێـوە دەگرێـت. لـە هـەردوو ئـەم بوارانـەدا منـداڵ قوربانیـە بـە دەستی گەورە، چونکە بە ویستی خۆی بەنێو ئاقاری ژیـانکردنی تایبـەتی خۆیـدا تێپەڕ نابێت، بەڵکو بـەپێی عەقڵیـەتیو مەعریفـەی گەورەکانـەوە دەرگـای ئـەم جیهانەی بە ڕوودا ئاوەڵاکراوە، ئەمەش زەنگی مەترسـیەکی کوشـندە لێـدەدات، بەوەی منداڵی ئێستا دەکرێت قاتیلی داهاتوو بێت، کۆمەڵگا لە داهاتوودا بـەهۆی ئامـادەیی ئـەو منداڵـەی بەمـشێوەیە پـەروەردەکراوە لەبـەردەم مەترسـی شـەڕ و ئاژاوەنانەوە بێت، بەمانایەکیتر ئەم سـتایلی مامەڵـەکردن و ڕەفتارکردنـە لەگـەڵ منداڵ، ئامادەکردنی داهاتووە بۆ شەڕ، بۆ کوشتن، بۆ تێکچوون.

پێویـستە چـیدی بـە عـەقڵێکی شـارەزا و کراوەتـر مامەڵـە لەگـەڵ دونیـا و دەروونی منداڵان و بینەرانی "T.V"ەکان بکرێت، پێویستە منداڵ بەشـێوەیەکی تەندروست و هیومانیانە پەروەردە بکرێت، پێویستە ئەو کەرەسـتانە نەهێڵـدرێت کـە ڕۆحـی توندوتیـژی و شـەڕەنگێزی لـەلای منداڵـدا دەڕوێنێـت، پێویـستە گەورەکان، حکومەت، بەڕێوەبەرانی "T.V"یەکان، بەشێوەیەکی ئاگایانەوە کـار بکەن، لەو بێئاگاییە لە فەزای توندوتیژی خۆیان و کۆمەڵگا قوتار بکەن، چـونکە ئەوە تەنها ئاگاییە هیچ جێگایەك بۆ بێئاگایی ناهێڵێتەوە، تـەنها ئاگاییـە درێـوی بۆ جوانی، مەرگ بۆ ژیان، شەڕ بۆ ئاشتی، پێکدادان بۆ بەیەکەوە ژیان تـەحویل دەکات.

**فێبریوەری 2001**

# بەشی سێیەم

# پانتایی زانکۆ



# زانكۆ و كۆمەڵگا

بۆچی له کۆمەڵگای کوردیدا زانکۆ کاریگەری بەسەر کۆمەڵگا نییە؟ بۆچی ناتوانێت دەستکاری ژیان و مەعریفەی باوی کۆمەڵایەتی بکات؟ ئایا لەبەرئەوەیە زانکۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەری بەها و نۆرم و تەقالید و ئەخلاقیاتە باوەکانی کۆمەڵگا؟ کەواتە بۆچی زانکۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕ و مەعریفەی هەمەکی کۆمەڵگا؟ ئایا پەیوەندی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگا لە ئاستێکدایە؟ ئایا پەیوەندیەکی پۆزەتیڤ و تەندروستە یا پێچەوانەکەیەتی؟ چۆن دەتوانرێت ڕۆڵی زانکۆ ئەکتیڤ بکرێت؟ چۆن دەتوانرێت زانکۆ کاریگەری بەسەر کۆمەڵگا هەبێت؟.

پێموایە بۆ ئەوەی لە هۆکاری نەبوونی کاریگەری زانکۆ بەسەر کۆمەڵگا بگەین، پێویستە قسە لە پەیوەندی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگا بکەین، پێویستە بزانین ئەو پەیوەندیە لە چ ئاستێکدایە، چونکە ئەوە ستایلی پەیوەندی نێوانیان و تایبەتمەندیەکانیەتی وا دەکات زانکۆ کاریگەری بەسەر کۆمەڵگادا نەبێت، بەپێچەوانەوە بکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگا، بەڵام وا باشە لە پێشدا پێناسێکی کورتی هەردوو چەمکی کۆمەڵگا و زانکۆ بکەین. کۆمەڵگا گەورەترین و گشتگیرترین پێکهاتەی کۆمەڵایەتیە، لە کۆمەڵێك تاکە کەس و خێزان و گروپ و تیرە پێکدێت، خاوەنی کۆمەڵێك دامەزراوە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاجیایە، سیستەمێکی بوونیادنراو و کولتوورێکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەروەها سەرزەمینێك و جوگرافیایەکی ژیانکردنی تایبەتی هەیە. زانکۆش دامەزراوەیەکی زانستی و مەعریفی و ئەکادیمی ناو کۆمەڵگایە، ڕۆڵ و کارکردی بەرهەمهێنانی زانست و مەعریفەی زانستیە، بەشێوەیەکی میتۆدی و ئەکادیمی توێژینەوە لە کایە و بابەت و پرسەکانی کۆمەڵگا دەکات، و بەپێی سیستەمێکی تایبەتی کار دەکات، و دابەش بۆتە سەر چەندین لقە زانستی و پسپۆری جیاجیا، دونیا پەیوەستدارەکەی لەلایەن چەند کارەکتەرێکی سەرەکیەوە بەڕێوە دەچێت کە هەر یەکێکیان ڕۆڵ و کارکردەی تایبەت بە خۆی هەیە.

پەیوەندی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگا وەکو دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیەکی کۆمەندیکاسیۆنیە، هەردووانەیان شت دەبەخشنە یەکتری، و

هەردووانەشـیان چـاوەڕوانیان لـە یـەکتری هەیـە، سـەرەنجام هەردووانـەیان بـۆ مەبەستگەلێك تەواوکەری یەکترین، بەبێ لە بـیر چـوونی ئـەوەی کۆمـەڵگا زانکـۆ وەکـــو زەروورەتێکـــی کۆمەڵایـــەتی دروســـت دەکـــات بـــۆ بەرجەســـتەکردنی خواستەکانی خۆی و تاکەکانی.

زانکۆ وەکو دامەزراوەیەك هەمیشە کۆمـەڵگا و کایـەکانی وەك گۆڕەپانێـك یـا تاقیگەیەك بەکار دەهێنێت بۆ کارە زانستی و مـەعریفی و ئەکادیمیـەکانی خـۆی، توێژینەوەی جیاجیای ئەو کێشە و پرسە کۆمەڵایەتی و سروشـتیانە دەکـات کـە ڕووبـــەڕووی کۆمـــەڵگا و ئەنـــدامانی دەبێتـــەوە، ئەمـــەش بـــە مەبەســـتی دەستنیـشانکردنی هۆکارەکـان و دۆزینـەوەی چارەسـەریەکان، ئەمـە لەلایـەك، لەلاکەیتر کۆمەڵگا باوەش بۆ زانکۆ دەکاتەوە، ڕۆڵی پێدەبەخشێت، نرخ و بەهای کۆمەڵایـــەتی پێـــدەدات، کایـــەکانی دەخاتـــە بەردەســـت، تـــاوەکو مەهامـــەکانی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو پراکتیزە بکات و بگاتە دەرەنجامە ئیش بۆکراوەکانی.

لەو پەیوەندیە دوو سەرەیەدا کۆمەڵگا کەسێك "قوتابی" دەبەخشێتە زانکـۆ، لـە بەرامبەریـشدا چـاوەڕێ دەکـات کەسـێکی بـە زانـست و مەعریفـە تـەیارکراو وەربگرێتـەوە، زانکـۆش دوای وەرگـرتنی ئـەو کەسـە بـە تـەیارکراوی دەداتـەوە کۆمەڵگا، لەگەڵیشیدا پەیامەکانی دەگەیەنێتە کۆمـەڵگا، لێـرەوە ئـەو پەیوەندیـە ئاشکرا دەبێت کە لـەنێوان هەردووانـەی زانکـۆ وەکـو دامەزراوەیـەکی زانـستی و مـەعریفی نـاو کۆمـەڵگا، کۆمـەڵگاش وەکـو گـشتێك هەیـە، ئـەویش پەیوەنـدی ئاڵوگۆڕکردن و بەیەکتر بەخشینی کەس و خزمەتکردن بەیەکتر.

هەر چەندە زانکۆ لە دروستبوونیدا بۆ ئەوەیە خزمەت بە کۆمەڵگا و کایەکانی بکات، و بە مەبەستی جۆراوجۆر سوودی ناچۆنیەکی پێبگەیەنێت، بەڵام ئـەوەش مانای ئەوەنییە کۆمەڵگا خزمەت بە زانکـۆ ناکـات وەکـو دەزگایـەکی مـەعریفی و زانـستی و زانـین بەرهـەمهێنی نێـو هـەناوی. کۆمـەڵگابینی زانکـۆ و زانکـۆبینی کۆمەڵگا لـە ڕێگـای ئـەو پەیوەندیـە دوو سـەرەی نێوانیـان، وا دەکـات هەمیـشە هـەردوولا کـار لـە پێنـاو یـەکتر بکـەن، واتـا کۆمـەڵگا جـەخت لەسـەر بـەردەوام بەخشینی تاك بە زانکۆ دەکات، زانکۆش پێدادەگرێت لەسەر تەیارکردنی تـاك بـە

زانست و مەعریفی زانستی، تاوەکو لە دەرەنجامدا کۆمەڵگا سوودبەخش بێت، لەم نێوانە پەیوەندیەدا هەمیشە ئەویتر شوێنی بایەخپێدان و ڕێزلێگرتن و کار لە پێناوکردنی لایەنێکە.

پەیوەندی زانکۆ و کۆمەڵگا تەنها لە ئاستی ئەوەدا نییە تاك "قوتابی" لە قۆناغێك و سیفاتگەلێکەوە ئاڵوگۆڕ پێبکەن، بەڵکو ئەو پەیوەندیە ئاستیتری هەیە، بەهۆی ئەو ڕۆڵ و کارکردەی زانکۆ دەیگێڕێت، بەهۆی ئەو پرنسیپ و میتۆدە زانستی و مەعریفیەی زانکۆ بەکاری دەهێنێت، کۆمەڵگا چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکات ڕەهەند و کایە جیاجیاکانی بەسەر بکاتەوە و پرسە پەیوەستدارەکانی ئەنالیزە بکات، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکات لێکدانەوەی نوێ و مانای نوێ بە دیاردە و بووەکانی ببەخشێت، چونکە لە بنەڕەتدا ستراتیژی ئەو دامەزراوە پەیوەستە بە مەعریفەی نوێ و ووردی ئەزموونکراو، مەعریفەیەك کە توانای بەخشینی گۆڕان لە مەعریفەی هەمەکی هەیە، بە مانای ئەوەی نەزانراوی مەعریفی ناو کۆمەڵگا دەکات بە زانراو، بەمەش تاکەکانی کۆمەڵگا بە تێڕوانین و دیدگای نوێ ئاشنا دەکات، سەرەنجام کۆمەڵگا بەرەوپێش دەچێت، کە ئەمەش خواستی سەرەکی هەموو کۆمەڵگایەکە لە ڕێڕەوی ژیانکردنی خۆیدا، دیسان خواستی سەرەکی کۆمەڵگاشە لە دروستکردنی پێکهاتەی گرنگی لە چەشنی زانکۆ.

بەهۆی ئەو تایبەتمەندیەی هەڵگریەتی هەمیشە لەنێو کۆمەڵگادا زانکۆ شوناسی دامەزراوەیەکی هۆشیار و باڵا وەردەگرێت، بەردەوام پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتری لە سەرجەمی دەزگاکانیتر دەبێت، بەمەش بەردەوام چاوەڕوانی زۆری لێدەکرێت لەلایەن کۆمەڵگا.

لە دیدگای منەوە ئەم نێوانە پەیوەندیە بۆ هەموو کۆمەڵگایەك"بە کوردیشەوە" ڕاستە، کۆمەڵگای کوردی چاوەڕوانی زۆری لە زانکۆ هەیە، چونکە لە قۆناغی گواستنەوەدایە، و دەیەوێت وەکو هەر کۆمەڵگایەکیتر بەرەوپێش بچێت، بۆیە زیاتر پێویستی بە بڵاوبوونەوەی زانست و مەعریفەی زانستی هەیە، پێویستی بە لێکدانەوە و دونیابینی زانستی هەیە، کە زانکۆ کارگەی

بەرهەمهێنەریەتی، ئەمەش بەوەی ئەندامانی تـەیار بکـات تـاوەکو بەشـێوەیەکی زانــستی و مـــەعریفی و عـــەقلانی دونیـــا ببینێـــت، و مامەڵـــە و هەڵـــسوکەوتی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئیـداری تیـا بکـات، لەگەڵیـشیدا کاریگـەری هـەموو ئـەو عەقڵیەت و بیرکردنەوە دۆگما و بەسەرچووانە کەم بکاتـەوە، کـەوا بەسـەر کـۆی کایە کۆمەلایەتی و ژیاریەکاندا ئامادەیی هەیە.

بەلام بۆ ئەوەی چـاوەڕوانیەکان بێتـە بەرهـەم پێویـستە پەیوەنـدی نێوانیـان تەندروسـت و بابـەتی بێـت، دوور بێـت لـە دەسـتەمۆیی زانکـۆ بـۆ بیروبـاوەڕە باوەکانی کۆمەڵگا، دوور بێت لە خۆسەپاندنی کۆمەڵگا و بەها و نۆرم و ئـەتیك و تەقالیـدەکانی بەسـەر زانکـۆ، بەپێـچەوانەوە دەبێـت زانکـۆ دەسـتکاری ژیـانی کۆمەڵگا بکات و کایەکانی بەسەر بکاتەوە و هەوڵبدات گۆڕانکاریان تیادا دروسـت بکات.

کاتێك ئەو پەیوەندیە لەو ئاستەدا بێت مانای وایە ئێمە لـە بـەردەم هەریەکـە لە زانکـۆ و کۆمەڵگایەکـداین کـە ڕۆڵ و کـارکردەی خۆیـان بـە تـەواوی دەگێـڕن، بەمەش زانکۆ کاریگەری بەسـەر هەڵـسوکەوت و دونیـابینی و عـەقڵی کەسـەکانی کۆمەڵگا ڕەنگ دەداتەوە، یا بەمانایەکیتر مەهامەکانی بەرجەستە دەکـات، بـەلام لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەویش ئایا ئەو ستایلی پەیوەندیەی لە سەرەوە باسکرا لە کۆمـەڵگای کوردیـدا ئامـادەیی هەیـە؟ بێگومـان خێراتـرین و کـورترین وەلام نەخێرە، چونکە لە کۆمەڵگای کوردیدا زانکۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەری بەها و یاسا تەقالید و ئەخلاقیاتە باوەکانی کۆمەڵگا، بەلام ئەمە بۆچی؟.

ئاشکرایە بۆ ئەوەی زانکـۆ تەندروسـت بێـت پێویـستە زانـستیانە و بابەتیانـە مامەڵە لەگەڵ دونیای خۆی و کۆمەڵگا بکـات، بـۆ ئەمـەش مەعریفـەی زانـستی و کۆمەلایەتی پێویستە، چونکە زانکۆ بـۆ خـۆی بەرهـەمی کۆمـەڵگای مۆدێرنـە کـە هەڵگری مەعریفەیەکی نەوعیە، ئەگـەر ئـەو مەعریفەیـە ئامـادە بێـت، ئـەوا دونیـا پەیوەستدارەکەی تەندروست دەبێت، بەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر کۆمەڵگا، توێژینەوەی جۆراوجۆری لەسەر دەکات و هەوڵدەدات دیاردەکانی بخوێنێتـەوە و ڕاڤـەیان بکـات، و دواتـر بـە مەبەسـتی جیاجیـا ئیـشیان لەسـەر بکـات، بـەلام

بەپێچەوانەوە ئەگەر مەعریفەی پێویست ئامادە نەبێت، ئەوا هەم دونیای ناو زانکۆ و هەمیش کۆمەڵگا تووشی کۆمەڵێك دیاردەی ناتەندروست دەبێت، و هیچ هەوڵێکیش نابینرێت بە ئاراستەی توێژینەوە و چارەسەرکردنی ئەو دونیا و دیاردانە. لەبەر ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندی و پرنسیپانەی کە زانکۆ هەیەتی، لەبەر ئەو کایە جیاجیایانەی کە مامەڵەی بابەتی و زانستیان لەگەڵ دەکات، پێویستی بە مەعریفەیەکی نەوعیە، ئەو مەعریفەیە پێویستە کادیرەکانی زانکۆ هەیان بێت، بەڵام کاتێك مەعریفەی پێویست ئامادە نەبێت لەلایان، ئەوا زانکۆ تووشی قەیران دێت، ئیدی نازانێت مامەڵە و ڕەفتار بکات، بەمەش ناتوانێ براکسیسی کاری ئەکادیمی و زانستی خۆی بکات، لێرەوە زانکۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری مەعریفەی باوی کۆمەڵگا، دەکەوێتە ژێر کاریگەری بەها و یاسا و تەقالید و ئەخلاقیاتە باوەکانی کۆمەڵگا، لەبەرئەوەی پێش مەعریفەی زانستی، جۆرێکیتری مەعریفە لەلای کاراکتەرەکانی زانکۆ ئامادەیی هەیە، ئەویش مەعریفەی هەمەکی و ئاینییە، ئەمانە لە غیابی مەعریفەی زانستی ئیشی خۆیان دەکەن، کاراکتەرەکان و دونیای زانکۆش ئاراستە دەکەن، بەمەش زانکۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری مەعریفەی "هەمەکی و ئاینی" باوی کۆمەڵگا، لێرەشدا زانکۆ ڕۆڵ و وەزیفەی خۆی لە دەست دەدات، مەهامەکانی خۆی بەرجەستە ناکات و ئیشی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانیتر دەکات، بەمەش هێڵێکی جیاکراوە لە نێوان زانکۆ و دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکانیتر نامێنێ.

کاتێك مەعریفەی زانکۆ وەکو هەر دامەزراوەیەکیتری کۆمەڵایەتی بێت، ڕۆڵ و ئەرکەکانی خۆی پراکتیزە نەکات، ئەوا کاریگەری بەسەر کۆمەڵگا نابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگا، لێرەوە زانکۆ لە بری ئەوەی ئاراستەکار بێت ئاراستەکراو دەبێت، لە بری ئەوەی جێ پەنجەی لەسەر کۆمەڵگا دیار بێت، کۆمەڵگا کۆنترۆڵی دەکات، هەر بۆیە چاوەڕوانی ئەوە لە زانکۆ ناکرێت کە توێژینەوە لە پرس و دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکان بکات.

بە بۆچوونی ئێمە زانکۆ لە کۆمەڵگای کوردی تووشی ئەو بارە هاتووە کە لەسەرەوە ئەنالیزەمان کرد، لە کۆمەڵگای کوردی زانکۆ ئەو ئەرك و وەزیفەیە

ناگێڕێت کە پێویستە بیگێڕێت، چونکە ئەو مەعریفەیە نییە کە پێویستە هەبێت، هەروەها خۆی داوەتە دەست مەعریفەیەکی ئاست نزم "هەمەکی و ئاینی" کە مەعریفەی باوی کۆمەڵگایە، بەمەش ئەوە ئاشکرا دەبێت مەعریفەی زانکۆ و مەعریفەی کۆمەڵگا هاوشێوەیە، لێرەوە ئەگەر کۆمەڵگا پێویستی بە گۆڕان و بەرەوپێشچوون بێت، ئەوا زانکۆش پێویستی پێیەتی، ئەگەر کۆمەڵگا پێویستی بە عەقڵی نوێ بێت بۆ بەرەوپێشچوونی، ئەوا بە هەمان شێوەش بۆ زانکۆ ڕاستە.

نەبوونی مەعریفەی پێویست زانکۆی لە سیاقی کایەیەکی زانستی و مەعریفی خاڵیکردۆتەوە، وایکردووە کاریگەری نەبێت بەسەر کۆمەڵگا، نەتوانێت دەستکاری ژیان و مەعریفەی باوی کۆمەڵایەتی بکات، بەپێچەوانەوە ئەو بکەوێتە ژێر کاریگەری بەها و نۆرم و تەقالید و ئەخلاقیاتە باوەکانی کۆمەڵگا، ئەو بکەوێتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕ و مەعریفەی هەمەکی کۆمەڵگا.

ئەوە نەبوونی مەعریفەی پێویستە وایکردووە زانکۆ تەداخولی کۆمەڵگا نەکات، توێژینەوەی پرس و دیاردە جیاجیاکانی نەکات، بێدەنگی هەڵبژێرێت و هەڵوێستی لە بەرامبەر هیچ ڕووداو و دیاردەیەك نەبێت، بەر مەعریفەی هەمەکی و ئاینی نەکەوێت، بەڵام ئەمە وایکردووە وێنەی دزێو بێت، سەرەنجام چیدی وێناکردنی کۆمەڵگا بۆی وێناکردنێکی بێنرخ بێت، پێگەیەکی نزمی پێببەخشرێت جیاواز لەوەی لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا هەیە.

ئایا ئەو ڕەوشە چیمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەو ڕەوشە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە پەیوەندی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگا پەیوەندیەکی ناتەندروست و نێگەتیڤە، بۆ ئەوەی زانکۆ کاریگەری بەسەر کۆمەڵگادا هەبێت، بۆ ئەوەی زانکۆ کۆمەڵگا ئاراستە بکات و ڕۆڵی جیدی هەبێت لە بەرەوپێش بردنی، پێویستە ئەو پەیوەندیە نێگەتیڤەی نێوانیان پۆزەتیڤ بێت، بەڵام چۆن دەتوانین ئەم پەیوەندیە پۆزەتیڤ بکەین؟.

بە بۆچوونی من بۆ پۆزەتیڤکردن ئەم نێوانە پەیوەندیە پێویستە زانکۆ لە دوو ئاست ئیش بکات، هەم لە ناوەوە و هەمیش لە دەرەوە، واتا پێویستە زانکۆ

دەستکاری دونیای ناوەوەی خۆی بکات، هەرچی زیاتر تەندروست و پۆزەتیڤی بکات، ئەو مەعریفەیە بێنێتە بوون کە پێویستە هەبێت، ئینجا لێیەوە پەیوەندیەکی پۆزەتیڤ لەگەڵ دەرەوە "کۆمەڵگا" ببەستێت و دەستکاری دونیاکەی بکات.

واتێدەگەم لە ناوەوەی خۆیدا پێویستە زانکۆ بە پەیوەندی نێوان کاراکتەرەکانی دابچێتەوە، هەوڵبدات پەیوەندیەکی تەندروست و زانستی بێنێتە شوێنی ئەو پەیوەندیە ناتەندروست و نازانستیەی ئێستا، لە نێویدا قوتابیبینیەك و مامۆستابینیەکی جیاواز لەوەی ئێستا هەبێت، وەکو کادیرێکی زانستی سەیری ئەو کاراکتەرانە بکرێت، هەروەها لەبواری جیاجیادا گرنگیان پێ بدرێت، تاوەکو پەرە بە توانا ئەکادیمی و زانستیەکانی خۆیان بدەن، و توێژینەوەی جیدی لەسەر پرسە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بکەن.

پێویستە زانکۆ مەعریفەی زانستی ورد بەرهەم بهێنێت، بۆ ئەمەش پێویستە بە پرۆگرام و مەنهەجە پەیڕەو لێکراوەکانی دابچێتەوە، بیگونجێنێت لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم، نەوەکو ئەو پرۆگرامە سواوە تۆز لێنیشتووەی ئێستا.

پێویستە هەرچی زیاترە زانکۆ بەش بەش بکرێت، کایەی پسپۆری و زانستییەکان لێکجیابکرێنەوە، تایبەتمەندی زیاتر بێت، تاوەکو لە ڕێگای هەر زانستێکەوە، کایەی تایبەت بەسەر بکرێتەوە و توێژینەوەی جۆراوجۆری لەسەر بکرێت، نەك وەکو ئەو تێکەڵ و پێکەڵیەی ئێستا هەیە، چەندین کایە و لقە زانستی جیاجیا لە بەشێکدا کۆکراونەتەوە، هیچیان بە تەواوی بەسەر ناکرێنەوە و ناخوێندرێن.

ئینجا سیستەمی وەرگرتنی قوتابی بۆ بەشە زانستیەکان بە نمرە نەبێت، بەڵکو باشترە سیستەمی ئارەزوو و توانا پەیڕەو بکرێت لەگەڵ تاقیکردنەوەیان، هەروەها سیستەمی وەرگرتنی قوتابی بۆ خوێندنی باڵا لەسەر بنەمای کارامەیی و لێهاتووی بێت، نەوەکو لەسەر بنەمای حزبی بوون، ئەمەش تاوەکوخاوەنی مامۆستای ئەکادیمی و زانستی ئاست بەرز بین، چیتر توانای قوتابیان بەهەدەر نەچێت.

ڕەنگە لەپاڵ ئەمانەدا چەندین خاڵێتر هەبێت، کەوا بکات پێکهاتەی زانکۆ بەخۆیدا بچێتەوە و لە ناوەوە دونیای خۆی تەندروست بکات، بەڵام لێرەدا بەوەندە دەوەستین.

لە دەرەوەشدا پێویستە زانکۆ لە بەرامبەر کۆمەڵگا شێوازی مامەڵەکردنی خۆی بگۆڕێت، بێدەنگی بشکێنێت، لەسەر پرس و ڕووداو و دیاردەکانی بێتە دەنگ، هەڵوێست وەربگرێت، کۆمەڵگا بکاتە چەقی قورسایی ئیشە زانستیەکانی، توێژینەوەی زانستی لەسەر کایە جیاجیاکانی بکات، تاوەکو لە بواری جیاجیادا سوودی جۆراوجۆری پێبگەیەنێت.

زانکۆ سوود لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەو پەیوەندیە وەربگرێت کەوا لە نێوان زانکۆ و کۆمەڵگا ڕۆژئاوایەکاندا هەیە، سوود لەو شێوازی مامەڵەکردنەی زانکۆکانی ڕۆژئاوا وەربگرێت.

پەیوەندی خۆی لەگەڵ زانکۆکانی دونیای ڕۆژئاوا پتەو بکات، تاوەکو سوودی جۆراوجۆریان لێوەربگرێت، هەروەها داوا بکات کادیری زانکۆیی چ ئەوانەی بەڵگەنامەی ماستەریان هەیە یا دکتۆرا یا پرۆفیسۆری .... کورد و غەیرە کورد سەردانی زانکۆ بکەن، ئایدیا و تێڕوانین و توێژینەوە زانستیەکانیان مەترەح بکەن، تاوەکو سودی جۆراوجۆریان لێوەربگرێت.

پێویستە زانکۆ ڕێگری نەکات لە بەردەم بژاردەی ڕۆشنبیران، بەڵکو بەپێچەوانەوە بواریان بدات دونیای زانکۆ ڕەخنە بکەن، هەروەها زانکۆ پەیوەندیەکی تۆکمە لەگەڵیان دروست بکات، و بانگهێشتیان بکات بۆ ئەوەی فیکر و توێژینەوەکانیان لە ناو زانکۆ بخەنە ڕوو و دیالۆگی زانستی لەسەر بکەن.

ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی کادیرەکانی زانکۆ دەیکەن، دەرەنجام و ڕاسپاردەکەی بڵاوبکرێتەوە، لەهەمانکاتیشدا هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت بکات، تاوەکو ئەو دەرەنجامانەی لە توێژینەوەکانیدا پێی دەگات بۆ چارەسەرکردنی پرسە جیاجیاکان هەنگاوی بۆ بهاوێژرێت و بەرجەستە بکرێت.

واتێدەگەم بە لەبەرچاوگرتن وپەیڕەولێکردنی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد پەیوەندی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگا پۆزەتیڤ دەبێت، مەعریفەی

زانستی بە ئەگەری ئامادەبوون دەبێت لەناو زانکۆ، بەمەش خۆبەخۆ دەتوانێت کاری ئەکادیمیانە و زانستیانە بکات، کاریگەری هەبێت بەسەر کۆمەڵگا، و دەستکاری ژیانی باو و مەعریفەی هەمەکی کۆمەڵگا بکات، پرس و دیاردە و ڕووداوەکانی بەسەر بکاتەوە، دواجار پێکهاتێکی سوودمەندی ناو کۆمەڵگا بێت.

ئەنجامگیریەکی پوخت لە کۆی ئەم قسانەی سەرەوە ئەوەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا پەیوەندی زانکۆ وەکو پێکهاتێکی ناو کۆمەڵگا و کۆمەڵگاش وەکو گشتێك، پەیوەندیەکی ناتەندروستە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی مەعریفەی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی دونیای زانکۆ، و دواتر مامەڵەکردنی تەندروست لەگەڵ کۆمەڵگا، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زانکۆ کاریگەری نەبێت بەسەر کۆمەڵگا، بەپێچەوانەوە بکەوێتە ژێر کاریگەری بەها و نۆرم و بیروباوەڕ و تەقالیدەکانی کۆمەڵگا، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت زانکۆ باشتر بکرێت لەوەی ئێستا بە ئەگەری گرتنە بەری ئەو خاڵانەی ئاماژەمان بۆ کرد.

**فێبریوەری 2005**



**زانكۆ حەسارێكی مۆدێرن**

"زانكۆ... هەموو ئیهانەكانت حیكمەتیان تێدایە"

لــەوە دەچــێت ناونیــشانی ئــەم وتــارە كــەمێك قــەڵس و نارەحــەت بێــت و نەخێوێتــە جەســتەی هەندێكــەوە، دیسان لــەوەش دەچــێت چــۆنیەتی بیــنین و تێفكرین و لێكدانەوەی ناوەڕۆكی وتارەكە لەگەڵ بینین و تێفكرین و لێكدانــەوەی هەندێك یەكنەگرێتەوە و تەبا نەیەتــەوە، بۆیــە دەكرێــت دەرەنجــامی ئــەم وتــارە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیەك یا دیالۆگێكی فیكری و فەلسەفی و ڕەخنــەیی لــەنێو گۆڕەپـــانی ڕۆشـــنبیری بەگـــشتی و لەســـەر ڕووپـــەری ڕۆژنامـــە و گۆڤـــار و بڵاوكراوەكــانیش بــە تایبــەتی لێبكەوێتــەوە، یــا بەوێنەیــەكتر ئــەم وتــارە ببێتــە ئەگەرێك بۆ سەرەتای هاتنە ئــارای فــەزای دموودوێــك و گفتوگۆیــەكی زۆر جیــدی لەمەڕ پێكهاتەی زانكۆ و پرسە وابەستەییە هەنوكەیی و دوورمەوداكانی.

ئەوەی ئێمە گەرەكمانە لە دوو توێی ئەو نووسینەدا قسەی لە بــارەوە بكــەین پێكهاتەی جۆرێك لە زانكۆیە كە بە زیاد لە ڕووێك و زیاد لە ڕەهەنــدێك و زیــاد لــە وێنەیەك لە حەسار دەچێت، زیاد لە خەسڵەتێك و تایبەتمەندیەكی حەساری تێدا بەدیدەكرێت، بەڵام چ حەسارێك؟ حەسارێكی مۆدێرن.

حەساری مۆدێرن هەمان ئەو حەسارە كۆنەیە كە زەمەنێك بــەر لــە ئێستا بــە فۆرمی جیاجیا و بە كۆمەڵێك خەســڵەت و تایبەتمەندییــەوە لــەواقیعی ژیانكردنــدا ئامــادەیی هــەبووە، و ڕۆڵێكــی بەرچــاوی گێــڕاوە لــە دیــسپلینكردن و دەســت بەسەرداگرتنی نەوەكان و ڕێكخستنی دونیاكانی، بەڵام لە ئێستادا لە نــاوەوە بــە ئــامێر و كەرەســتە و كەلوپــەلی ئــەلیكترۆنی ســەردەمی دەوڵەمەنــدكراوە، لــە دەرەوەش بــە جــۆرێكی نــوێ بیناكراوەتــەوە و بــەڕەنگێكی تــازە و بەوێنەیــەكی تازە پیشاندەدرێت، و تیایدا بەشێوازێكی مــۆدێرن پــەیڕەوی لــە چــاودێریكردن و كۆنترۆڵكردنی نەوەكانی نێوی دەكرێت. واتا حەساری مۆدێرن ئەوەیــە پێكهاتێــك لــە هیكــەل و ڕووخــساری دەرەوەیــدا، لــە بــوونی كەرەســتە و ماتریالــەكانی ناوەوەیدا مۆدێرنە، كەچی لە شێوازی بیركردنەوە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دونیا پەیوەستەكەی پەیڕەوی لە عەقڵی حەســار و نــۆرم و بــەهاو ئــەتیك و یاســاكانی

حەسار دەكات، واتا بە"پێكهاتـەی لـە ڕووخـسار مـۆدێرن و عـەقڵی بەڕێوەبـەری حەسار" دەڵێین حەساری مۆدێرن.

ڕەنگە لێرەدا پرسیار سەرهەڵبدات ئەویش ئایا دەشێت پێكهاتێك لە یەككاتدا حەسار بێت و شێوازی مۆدێرنیش پەیڕەو بكات لـە كۆنترۆڵكردنـدا؟ " لەڕاسـتیدا وەڵامـی ئـەم پرسـیارە زۆر هەڵـدەگرێت، بـەڵام ئێمـە لێـرەدا بـەكورتی وەڵامـی دەدەینەوە" وەكو دەزانرێت كـۆنترۆڵكردن سـتایل و ئـامرازی جیاجیـای هەیـە، بـەپێی جـۆری كۆمـەڵگا و پێكهاتـە جیاجیاكانیـەوە، بـەپێی سیـستەمی بـاوی بەڕێوەبردن و ژیانكردنی نێـوی "سـادە/ ئـاڵۆز .. داخـراو/ كـراوە" دەگۆڕێـت و پەیڕەوی لێدەكرێت، لەبەرئەوەی زانكۆ دامەزراوەیەك و پێكهاتێكی مۆدێرنە "بـە هەموو بوو و شتەكانی نێوی"، بۆیـە دەبێـت بـە شـێوازی مـۆدێرن پـەیڕەوی لـە كـۆنترۆڵكردنی بكرێـت، ئەمـەش چـونكە دونیاكـەی نوێیـە هـەم لـە سیـستەم و بونیادی پێكهاتەكان و ئەو شتانەی تیایەتی، هـەمیش بـۆ ئـەوەی تـازە دەچـێتە نـاوی، چـونكە ئـەوەی دووەم بـەو وەهمـە دەچـێتە نێـوی كـە چـیدی ئەمـە دامەزراوەیەكی نوێ و جیایە لە كۆی ئەو دامەزراوانەی پێـشتر كاراكتـەرێك بـووە لەنێویاندا، بوونی ئەم سیستەم و كەرەستە نوێیانەی نێو زانكـۆ لەلایـەك، بـوونی ئەو وەهمە لەلایەن كاراكتەرە تازەكان لەلاكەیتر، وایكردووە پێویـست بەشـێوازی نوێی كۆنترۆڵكردن ببێت.

كاتێك زانكۆ بە عەقڵی حەسـار بەڕێوەبـچێت و خۆیـشی پێكهـاتێكی مـۆدێرن بێت و خاوەنی دونیایەكی نوێ بێت، ئەوا ئەم عەقڵە ناچارە بە ستایل و ئـامرازی مۆدێرن پەیڕەوی لە كۆنترۆڵكردن بكات، چونكە كۆنترۆڵكردن خواستی سـەرەكی ئەم عەقڵەیە، ستایلی كۆنی كۆنترۆڵكردن لە حەسار و ستایلی نوێی كۆنترۆڵكردن لە زانكۆ جیاوازن، چ لە ڕووخساردا یا لـە چـۆنیەتی بەرجەسـتەكردندا، بـەڵام لـە جەوهەردا هەمان مەبەست و ئامانجیان هەیە.

وەكو ئەوەی دەزانرێت زانكۆ بەرهەمی شـارە بـە چـەمكە سۆسـیۆلۆژیەكەی، بەرهەمی مۆدێرنەیە، كەواتە لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین چۆن دەكرێت زانكۆ لە

حەسار بچێت لە کاتێکدا بەرهەمی شار بێت؟ دیسان بۆچی پێکهاتـەی زانکـۆ بـە هەموو ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیەی هەیەتی، بە هەموو ئەو کرانەوە و فرەیی و جیاوازیانەی "هەر لە ئاینـەوە بگـرە تـا ڕەگـەزی مـرۆڤ و شـوێنی جـوگرافی ژیـان ....هتد" لەخۆی گرتووە، کەچی لێرەدا بە حەسار و دونیای قوفڵدراوی حەسـار دەشـوبهێندرێت؟ ئایـا ئـەو زانکۆیـەی لێـرەدا بـاس دەکرێـت هـەموو زانکۆکـانی جیهان دەگرێتەوە، یاخود ئێمە باس لە جۆرێکی جیا لە زانکۆ دەکەین؟

پێش هەر قسەکردنێك بۆ مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، بـۆ ئـەوەی تووشی جۆرێك لە سەهووی خوێندنـەوە و ڕاڤـەکردن نـەبین، تووشـی جۆرێـك لـە حوکمدانی هەڵە نەبین بەسەر وتارەکە، ئەوا پێویستە بڵێین ئەو زانکۆیەی لێـرەدا بـە حەسـاری مـۆدێرن شـوبهێندراوە، ئـەوا گوزارشـت لـە تـەواوی زانکۆکـان سەرزەمینی مرۆڤایەتی ناکـات و هـەموویان ناگرێتـەوە، بـەڵکو تـەنها زانکۆکـانی ئێـرە و هاوشـێوەکانی دەگرێتـەوە، ئەوانـەی لـە تێفکـرین و دونیابینیـەوە لەیەکدەچن، لە بەڕێوەبردن و مامەڵەکردنیش ستایلێکی جیاوازیان لە سـەرجەمی ئەوانیتر "ڕۆژئاوا" لەخۆگرتوە، کەواتە ئەم زانکۆیەی لێرەدا شوناسـی حەسـاری مۆدێرنی وەرگرتووە جۆرێکی جیایە لە زۆربەی ئـەوانیتری نێـو جیهـان، دەکرێـت هەر ئەمەش وەڵامی پرسیاری سێهەم بێت.

لـەوەڵامی ئـەو پرسـیارەی دەڵێـت زانکـۆ بەرهـەمی مۆدێرنـە و شـارە، چـۆن دەکرێت لە حەسار بچێت، ئەوا دەڵێین چونکە لە ڕاستیدا ئێمـە شـاری تـەواومان نییە، ئەم شارەمان نییە هەڵگری هەموو ئەو خەسڵەتانە بێت کە بۆ بوونی زانکـۆ پێویستە، ئـەم پانتاییـە جوگرافیـە ژیاریانـەی لـە ئێـستادا ئامادەیـە و ڕێکلامـی شاربوونی بۆ دەکرێت، ئێمەی تووشی ئەو وەهمە کـردووە بڵـێین شـارمان هەیـە، ئەوا جگە لە نیمچە شار و ئیفلیجە شار و ناتەندروستە شار چیتر نین، زۆر پرسی هەنووکەیش هەیە ڕاستی ئەم قسەیە دەسەلمێنێت.

ئەگەر لە مێژوودا بۆ چۆنیەتی پێکهـاتنی ئـەم نیمچە شـارانە بگـەڕێین، ئـەوا ڕووندەبێتــەوە کــە لەبنــەمادا لەســەر زۆربــوون و گردبوونــەوەی حەســارەکان

بوونیادنراون، زۆربـوون و گەشەسـەندنی هەڕەمـەکی و بێهێلکـاری حەسـارەکانی زەمـەنێك بـەر لـە ئێـستا ئـەم شـوێنە ژیاریانـەیان ناوەتـەوە، ئەمـەش بـۆ خـۆی یەکێکە لە هۆکارە هەرە بەرچاوەکانی ناتەندروست بوونیان، چونکە ئامـادەیی و کاریگـــەری حەســـار تـــەنها لـــە ڕووی دەرەوە و چـــۆنیەتی پەرشـــبوونەوە و داگیرکردنی پانتاییە جوگرافیەکانی شوێن نیە، تـاوەکو چیدی لـە زەمـەنێکیتردا بگۆڕدرێت و نەمێنێت، بەڵکو عەقڵێکیشی لەگەڵدایە کە کێـشەی گـەورەی لەگـەڵ گۆڕان و نەگۆڕاندا هەیە.

حەسار تەنها شوێنێك نییە بە ڕووی دەرەوە نمایش بکرێـت و لەگـەڵ گـۆڕانی زەمەندا ئیدی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵکو عەقڵێکیشە مامەڵـەی پێـدەکرێت، کەواتە کاتێك قسە لە حەسار دەکەین، ئەوا تـەنها لـە ڕووی دەرەوە و چـۆنیەتی پێکهاتنی شـوێنە جوگرافیەکـە و چیەتی پێکهاتـەکانی ناکـەین، بـەڵکو دەچـینە ناوەوەشی و بەرەو نۆرم و بەها و مۆڕاڵەکانی دەچین، بەرەو چۆنیەتی تێفکـرین و سـتایلی مامەڵـەکردنی دەسـەڵاتی بـاڵای حەسـار و چـۆنیەتی بـەڕێوەبردنی دونیاکەی دەچین.

لـە نیمـچە شـاردا ئامـادەیی حەسـار لـە ڕووی فـۆرم و دیکـۆردا، گۆڕانکـاری هەنووکەیی زۆری بەسـەردا هـاتووە، ئەمـەش بـەهۆی ئـەو گۆڕانکاریـە خێرایـەی ئێستا جیهانی گرتۆتەوە، بەهۆی ئەو کەلوپەل و ئامێرە ئەلیکترۆنیە مۆدێرنانـەی کە ئێستا بۆتە زەرورەتێکـی مرۆڤایـەتی و بـە خێـرای دەگاتـە هـەموو شـوێنێك، بەڵام ئەمە نەگواستراوەتەوە سەر عەقڵەکەی، مەبەست گۆڕانکاری لـە دەرەوە و ڕووخسارەکانی ڕوویداوە، گۆڕانکاری لە کەلوپەل و ماتریالەکانی ڕوویداوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هیچ ئەسەرێکی نییە، ئەمەش بەهۆی نەگۆڕانی شـێوازی تێفکـرین و دونیابینیـەکانی کۆمـەڵگا بەگـشتی و دەسـەڵاتی حەسـاریش بەتایبـەتی هاتۆتـە ئاراوە، کە لە ئێستادا خۆی بە دەسـەڵاتی بـاڵا و عـەقڵی بـاڵای کۆمـەڵگا نـاوزەد دەکـات، ئـەم بـارەش بەچـەمکە سۆسـیۆلۆژیەکەیدا پێـی دەڵـێن دواکـەوتنی کولتووری کە ئۆکبێرنی کۆمەڵناس قسەی زۆری لەسەر کردووە.

لەوێوە مادام عەقڵ و چۆنیەتی تێفکرین و مامەڵەکردنی دەسەڵاتی حەسار چەقەبەستی کردووە و نەگۆڕاوە، مادام ئەو عەقڵەی نیمچە شار بەڕێوە دەبات، هەمان ئەو عەقڵە بێت کە حەساری بەڕێوە دەبرد، بەمانایەکیتر مادام باری دواکەوتنی کولتووری لە ئارادایە، کەواتە دەکرێت هەموو نیمچە شار حەسارێکی گەورە بێت، چونکە دواجار جیاوازی لە نێوان حەسار و نیمچە شاردا تەنها گەورە و بچووکی پانتاییە جوگرافیەکەیانە و هیچیتر، ئەگەرنا عەقڵ هەمان عەقڵ، بەها و نۆرم هەمان بەها و نۆرم، بەڕێوەبردن هەمان بەڕێوەبردن، حوکمدانیش هەمان حوکمدانە، دیسان دەکرێت ئەمەی دوایی نیمچە شار "حەسارێکی گەورە" چەند حەسارێکی بچووکی تێدا بێت، چونکە لە حالەتی دواکەوتنی کولتووریدا پرسەکە بەسەر کۆی پێکهات و دامەزراوەکانی ناو کۆمەڵگا بەرجەستە دەبێت.

کاتێك عەقڵی حەسار تەواوی کۆمەڵگا "نیمچە شار" بەڕێوە ببات و حوکمیان بەسەر بدات، کەواتە عەقڵی حەسار زانکۆش بەڕێوە دەبات و حوکمی لەسەر دەدات، چونکە زانکۆ چییە جگە لە بوونەوەرێکی بە فۆرم تازەی نێو دونیای ئەم نیمچە شارە، کەوا وەکو هەر بوونەوەرێکیتر مەحکومە بە بڕیارەکانی عەقڵی حەسار و دیوەخانەکەی، ڕاستە زانکۆ بۆ خۆی پێکهاتێکی هەرە گرنگی نێو کۆمەڵگای مۆدێرن و شارە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ سەرپەرشتی گۆڕانکاریە ڕووکەشی و جەوهەریەکانی کۆمەڵگا دەکات، و کاریگەری لەسەر گۆڕینی بینینەکان دەبێت، ڕاستە زانکۆ بووێکی نێو شاری مۆدێرنە و کار دەکات بۆ مەبەستی ئاشکراکردن و زانینی هەرچی زیاتری نادیار و نەزانراوەکانی نێو سروشت و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ڕاستە مەعریفەیەکی زانستی بڵاو دەکاتەوە لەناو کۆمەڵگادا، بەڵام ئەم زانکۆیە لێرەدا ئامادەیی نییە، ئەمەش بەهۆی نائامادەیی ئەو عەقڵەی کە پێویستە هەبێت، ئیدی زانکۆ شوناسی دامەزراوەیەکی مۆدێرنی نابێت، یا باشتر بڵێین لێیزەوت دەکرێت، لە بەرامبەردا وەکو خەڵات شوناسی حەسارێکی مۆدێرنی پێدەبەخشرێت، چونکە دواجار لە

کوێـدا پێویـست بکـات ئـەم عەقڵـە هـەمووی نیمـچەشار بـە زانکۆشـەوە تەسـك دەکاتەوە سەر حەسار، زۆربەی بڕیارەکانیش دەگوازێتـەوە نێـو دیوەخانـەکانی، وەکو ئەوەی لە ئێستادا و لەسەرەتای دروستبوونی شەڕی نـاوەخۆدا کـرا، "مـن پێویستیم بە مامۆستا و زانکۆ نییە، بەڵکو پێویـستیم بـە چـەکدار و شـەڕکارە"، ئەمـە وتـەی یـەکێك لـە گـەورەترین بەرپرسـی کوردیـە لـە سـەرەتای شـەڕی ناوەخۆدا، باشترین نموونەشە بۆ ئەم قسەیەی سەرەوە.

سەبارەت بەوەی بۆچی زانکۆ بەو هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندیەی هەیەتی، بەو هەموو کرانەوە و فرەیی و جیاوازیانەی لە خۆی گرتووە، کەچی بە حەسار و دونیای قوفڵدراوی حەسار دەشوبهێندرێت؟ دەڵـێین چـونکە جگـە لـەوەی زانکـۆ لەلایـەن عـەقڵی حەسـارەوە سەرپـەرشـتی دەکرێـت و بـەڕێوە دەچـێت، ئـەوا لـە هەندێك شوێنیشدا و لە دیاردەگەلێکدا لە حەسار دەچێت "ئەگەرچی گۆڕانکـاری ڕووکەشی ئامادەیە"، بۆ وێنە حەسار لە ڕووکەشدا ئاقارێك و پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە و بەسەر چەند ژوور و هۆڵێك دابەشکراوە، لێوان لێوە لـە ماتریـال و بووی حەساری، بە هەمان چەشنیش زانکۆ ئەم بارەی هەیە، بەڵام بـە گـۆڕانێکی سەردەمی لە ماتریـال و بـووە پەیوەسـتدارەکانیەوە و لـە دابەشـکردنێکی نـوێی ژوور و هۆڵ و باخچەکانی.

لە حەساردا شوێنێکی جیا لەوانیتر و تایبەت بـە مەحـشەر و کۆبوونـەوەکانی بـاوك "دەسـەڵات" هەیـە، کـە تایبەتـە بەحەوانـەوە و خـواردن و خواردنـەوە و کـەیفکردنی بـاوك، تایبەتـە بـە دانیـشتن و قـسەکردن و بڕیـاردانی بـاوك بەسـەر حەسار، ئەویش دیوەخانی حەسارە "دیوەخانەی باوك"، ئـەم دیوەخانـە کـوڕ و کچ و ئەندامـەکانیتری نێـو حەسـار بۆیـان نییـە پێـی تێخـەن، بـە ئاوارتـەی ئـەو حاڵەتانەی کە بە ئیرادە و خواستی سەرۆکی حەسار یا پیاوانی نەبێت، بە هەمان شـێوەش لـە زانکـۆدا شـوێنێکی جیـا لـەوانیتر و تایبـەت بـە مەحـشەر و کۆبوونـەوەکانی مامۆسـتاکان هەیـە، کـە تایبەتـە بەحەوانـەوە و خـواردن و خواردنـەوەی مامۆسـتایان، تایبەتـە بـە دانیـشتن و قـسەکردن و بڕیـاردانی

مامۆستایان بەسەر زانکۆ، ئەویش "یانەی مامۆستایان"ە، ئەم یانەیە هیچ خوێندکارێك بۆی نییە پێی تێخات، بە ئاوارتەی ئەو حاڵەتە زەرورانەی کە مامۆستایەك ئیرادە و خواستی بۆ هەبێت، یا لە ڕێگای مامۆستایەوە بچێتە نێوی، لەسەر ئەم یانەیەدا نووسراوە "قوتابی بۆی نییە بچێتە یانەی مامۆستایان"، ئەم ستایلی ڕەفتارکردنەی مامۆستایان لە نێوانە پەیوەندیان لەگەڵ قوتابیاندا، ئەم خۆجیاکردنەوەی مامۆستایان لە قوتابیان، لەسەرێکدا ئاماژەی خۆبەگەورەتر زانینی مامۆستایە لە قوتابی، ئەمەش هەمان ئەو ستایلی ڕەفتارکردنەیە کە لە نێوانە پەیوەندی باوك و نەوەکانی حەسار ئامادەیی هەیە.

لە حەساردا دونیایەکی کلیلدراو ئامادەیە، کەس لە دەرەوە بۆی نییە بێت قسە لەسەر حەسار و دونیاکەی بکات، بە هەمان وێنە زانکۆ دونیاکەی خۆی کلیلداوە بە ڕووی دەرەوە، ڕێگا نادات کەس قسەی لەسەر بکات و لێی نزیك بکەوێتەوە، "نەبوونی پەیوەندیەکی تۆکمە لە نێوان هەردووانەی بژاردەی ڕۆشنبیر و زانکۆ، و کەمی ڕێژەی کۆڕ و سیمیناری ڕۆشنبیران لەنێو زانکۆ" ڕاستی ئەمە دەسەلمێنێت.

خاڵێکی هاوشێوەیتر لە نێوان زانکۆ و حەسار ئەوەیە کاتێك دەنگێك چ لە ناوەوە یا دەرەوەی حەسار بێتەگۆ، هەوڵبدات گۆمی مەنگی بێدەنگی حەسار بشلەقێنێت، بەشێوازی مەعریفی و زانستی قسە لە سیستەمی باو و بونیادی پێکهاتە و ستایلی پەیوەندیەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دونیاکەی بکات، ئەمەش بە مەبەستی هەڵوەستەکردن و بیرکردنەوە و دواجار تێگەیشتنی ئەندامانی حەسار لە چۆنیەتی شێوازی ژیانکردنیان لەنێو سیستەمی باودا، ئەوا یەکراست لەلایەن باوکی دەسەلاتداری حەسار تووشی ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەککەوتن دەبێت. هەر چەندە ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەککەوتن شێوازی جیاجیای هەیە، بەڵام خواستی سەرەکی باوکی حەسار خنکاندنی سەدای دەنگی کەسە دەنگهەڵبڕەکە، و نەهێشتنی گەیشتنە بە گوێچکەی ئەندامانی، ئەمەش تاوەکو قسە و باس و لێکدانەوەکان کاریگەری نەبێت بەسەریاندا، دواجار لەنێو

دونیــای تەمــەن درێــژی حەســاردا بــەبێ پرســیار و گومــان و هەڵوەســتەکردن بمێننەوە، و بەردەوامی بە ژیانکردنی بە زۆر سەپێنراوی حەساری بدەن، تاوەکو لــە بەرامبەریــشدا بــەردەوامی بــە مانــەوەی دەســەڵات و دەســتکەوت و بەرژوەندیەکانی بدات. یەکێك لەو ڕێگا باوانەی کـە دەسـەڵاتی حەسـار لـە کـاتی ڕووبەڕووبوونەوەکانیـدا پـەیڕەوی لێـدەکات، ئیـشکردنە لەسـەر کەسـێتی کەسـە دەنگهەڵبڕەکە، ئیشکردنێك بە مەبەستی لێدان لە کەسێتی کەسی دەنگهەڵبڕ، بـە مەبەستی درێوکردنی وێنەی لەلایەن ئەندامانی حاسار، لێرەدا دەسەڵاتی حەسـار ئەوەندەی ئیش لەسـەر کەسـێتی کەسـە دەنگهەڵبڕەکـە دەکـات، ئـەوا ئەوەنـدە ئیش لەسەر خودی قسە و تێز و بیرکردنەوە و لێکدانەوەکانی ناکات، ئەوەنـدەی هەوڵدەدات ڕەخنە لە کەسێتی کەسە دەنگهەڵبڕەکە بگرێت، ئەوا ئەوەندە هـەوڵ نادات ڕەخنە لە بیرو بۆچوون و تێڕوانین و لێکدانـەوەکانی بگرێـت، ئـەو کاتـەش کە قسە لە بیرو بۆچوون و لێکدانەوەکانی دەکات، یا تێـڕوانین و دونیابینیەکـەی ڕاڤە دەکـات، ئـەوا بـەردەوام ئـیش لەسـەر شـێواندنی بیرۆکـەکان دەکـات، واتـا مەبەستدارانە ڕاڤەیان دەکات، دەسەڵاتی حەسار لە پشت ئەم هەڵسوکەوتەیەوە هەوڵــدەدات وێنەیــەکی درێــو و کەســێتیەکی نــاجێگیر و ڕاڕا بــە دەنگهــەڵبڕە گومانکارە بزێوەکە ببەخشێت، ئەمەش دواجار بۆ بەرجەستەکردنی خواستـەکان پــــڕ ســــوودە، پێویــــستە بــــووترێ کــــە هەنــــدێکجار بــــاوکی حەســــار لەڕووبەڕووبوونەوەکەیـدا بـە تـەنها ناچـێتە گۆڕەپانـەوە، بـەڵکو لەگـەڵ خۆیـدا هەوڵـدەدات کـوڕە گوێڕایەڵـەکانی نێـو دیوەخانـەی حەسـار، ئەوانـەی بـەردەوام ئەرێیانــە دەســت لەســەر ســنگ دەچــەمێنەوە، بهێنێتــە نێــو گۆڕەپــانی ڕووبەڕووبوونەوە، ئەمەش بەتایبەت کاتێك کەسە دەنگهەڵبڕەکە کەسێکی چالاك و بزێو بێت و دەنگەکەشی سەدایەکی دوورمەودای هەبێت و بگاتە بەر گوێـچکەی ئەندامانی. ئەم بارەی پێشەوە ڕێك لەنێو دونیای زانکـۆدا پـەیڕەوی لێـدەکرێت و بەئاسانیش دەبینرێت، ئەوەی ڕاستی ئەم قسەیە دەسەلمێنێت پرسـەکەی بـەڕێز مامۆستا "ڕێبوار سێوەیلی" یـە، کاتێـك دەبینرێـت "ڕێبـوار" دەنگێکـی بزێـو و

ئەکتیڤە، قسە لـە دونیـای زانکۆ و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دەکـات و ڕەخنـەی دیـاردە نێگەتیڤیـەکان دەکـات، هەوڵـدەدات ڕۆحێکـی درێـژتر بـە دیـاردە پۆزەتیڤیەکان ببەخشێت و بەشێوەیەکی جـوانتر نیـشانیان بـدات، یـا خەسـڵەتی مرۆیـی بـە پەیوەندیـەکان ببەخـشیتەوە، ئەندامـەکان ئەنـدامبوون و مرۆڤـەکان مرۆڤبوونیان بە بیر بێنێتەوە، ئەوا یەکراسـت تووشـی ڕووبەڕووبوونـەوە دەبێـت، لەمەشـدا بـە تـەنیا تووشـی دەنگێکـی بەرامبـەر نابێـت، بـەڵکو سـەدای دەنگـی چـەندین کـەس بـە ڕوویـدا بـەرز دەبێتـەوە، بـەرەی پێکهـاتووی دەنگکـۆژ دژی دەوەستن و بە هـەرەوەزی ڕووبـەڕووی دەبنـەوە، و سـەرەنجام هەوڵـدەدەن لـە کەسێتی بدەن، ئەمەش تاوەکو دەنگ و وێنە جوان و ڕۆحە تێواریەکەی بە درێـو نمایش بکەن لەبەر دیدی قوتابیان.

بەیەکچوونێکیتر ئەوەیە حەسار هیچ پەیوەندیەکی بە دونیـای دەرەوە نییـە، ئەگەر هەمووی دەرەوە بشێوێت و تووشی تێکچوون و کارەساتی ئازارهێن بێت، پـڕ بێـت لـە دیـاردەی ناهیومـانی و نـامۆڕاڵی و ناڕیـشناڵی، مـادام لـە دەرەوەی سنوری خۆیدایە، ئەوا هیچ پەیوەندیەکی پێوە نییە و قسەی لەسەر ناکـات و بـە ئازارەکانی ئاخهەڵکێش نابێت و بگرە هەر گوێشی پێنادات، چـونکە گـرنگ نییـە لە دەرەوەی خۆیدا چی ڕوودەدات و چـی ڕوونـادات، گـرنگ نییـە لـە دەرەوە چ دیاردەیەك باو و ڕێپێدراو دەبێت، چ بە زۆر بـە دیـاردە دەکرێـت، لـە زانکـۆدا بـە هەمان شێوە ئەگەر هەمووی دەرەوە بشێوێت و تووشی تێکـچوون و کارەسـاتی ماڵوێرانکـاری ئـازارهێن بێـت، پـڕ بێـت لـە دیـاردەی ناهیومـانی و نـامۆڕاڵی و ناڕیـــشناڵی، مـــادام لـــە دەرەوەی ســـنوری جـــوگرافی خۆیدایـــە، ئـــەوا هـــیچ پەیوەندییـەکی پێـوە نییـە و قـسەی لێناکـات، چـونکە لای ئـەو گـرنگ نییـە لـە دەرەوەی خۆیدا چی ڕوودەدات و چـی ڕوونـادات، گـرنگ نییـە سیـستەمی بـاوی کۆمـەڵگا چـی بەسـەر دێـت و چـۆن تێکدەچـێت و دەشـێوێت، گـرنگ نییـە چ دیاردەیەك باو و ڕێپێدراو دەبێـت، چ بـە زۆر بـەدیاردە دەکرێـت، بـەڵکو ئـەوەی گرنگە هـەم لەلایـەن حەسـار و هـەم زانکـۆش پێـچەوانەی ئەمانـەی سـەرەوەیە،

هەمووی ئەم قسانەش لەواقیعدا بەهۆی خوێندنەوەی دیاردەکانی نێوی" شـەڕی خۆکـوژی– کوشـتن– بـڕین– بەهـەدەر بردنـی سـامانی کۆمـەڵگا– کۆچـکردنی بەلێـشاوی گــەنج– خۆسـوتاندن– ئــەتککردن– تێـزاب پێـداکردن....هتـد" دەسەلمێندرێت، کەوا پێکهاتەی مۆدێرن و عەقڵانی زانکۆ دوور و نزیك پەیوەندی پێوە نییە قسەیان لەسەر ناکات.

بەیەکـچوونێکیتر لـە نێـوان زانکـۆ و حەسـار ئەوەیـە هـەر یەکـە لـە زانکـۆ و حەسـار زەمـەن تیایانـدا بـە کوشـت دەچـێت، واتـا ئـەو کاتـەی بـۆ ژیـانکردن و براکسیـسکردنی کـارکردە و چـالاکیەکان تـەرخان دەکرێـت، ئیـدی لـە دەسـت دەچێت و تێدەپەڕێت، بێ ئەوەی بەری پێبگیرێت و لێی بپرسرێت.

هەروەها بەیەکچوونێکی زۆر جەوهەری لە نێوانیاندا هەیە کە وایکردووە زانکۆ و حەسار لە یەکتر جیانەکرێنـەوە ئەوەیـە هەردووانـەیان بەشـێوازی جیاجیـا بـۆ مەبەستی مۆنۆپۆلکردن و دەسـتەمۆکردنی کاراکتـەرەکانی نێـوی ئـیش دەکـەن، هەردووانەیان بـۆ مەبەسـتی ڕاکێـشان و مـەیلبوون بـەلای دەسـەڵاتی بـاڵاوە کـار دەکەن.

بەیەکچوونێکیتر لە نێوانیان ئەوەیە لە حەساردا کاتێك ئەندامانی کۆدەبنـەوە و لە تەنیـشت یـەکتری دادەنیـشن، بـەردەوام چـەند حەکایـەتێکی سـواو بابـەتی گێڕانەوەن لە باوانەوە بۆ کوڕەکان، لەگەڵ بەسەرچوونی زەمەن و گۆڕانی بـاوان و کوڕەکان، حەکایەتەکان هەروەکو خۆیان دەمێننەوە بەردەوامی پێدەدرێن، لـە زانکۆ هەمان ئەو دۆخە لە ئارادایە، بەردەوام یـەکجۆرە بابـەت دەخوێنرێـت و لـە مامۆسـتایانەوە بـۆ قوتابیـان دەگێڕدرێتـەوە، هەرچـەندە لەگـەڵ بەسەرچـوونی زەمـەن مامۆسـتایان و قوتابیـان دەگـۆڕدرێن، بـەڵام بابەتـەکان وەکـو خۆیـان دەمێننەوە و بـەردەوامیان پێدەدرێت. جگـە لەمانـە لـە نێـوان حەسـار و زانکـۆ بەیەکچوونیتریش هەیە، بەڵام لێرەدا ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی زانکۆ بە حەساری مۆدێرن بشوبهێندرێت، یا شوناشی حەساری مۆدێرن وەربگرێت.

لـه ئـەنجامگیری ئـەم قـسانەی سـەرەوە ئەوەنـدە هەیـە بـەکورتی بڵـێین زانکۆکانی ئێرە و هاوشێوەکانی، زانکۆ نین هێندەی حەساری مـۆدێرنن، شـوێنی بەرهەمهێنانی زانست و مەعریفـەی زانـستی نـین، هێنـدەی شـوێنی بەسـتنەوەی مـرۆڤن بـە مەعریفـەی غـەیبانی و هەمـەکی ئاسـت نـزم، زانکۆکـانی ئێـرە و هاوشێوەکانی بەرهەمی شار نین، چونکە ئێمـە شـاری تـەواو و عـەقڵی شـاریمان نییە، بەرهەمی مۆدێرنەش نین، چونکە بەعەقڵی حەسار و دیوەخانەکەی بـەڕێوە دەچـێت، لێـرەدا زانکـۆ وەکـو دامـەزراوێك بـە خواسـتراوی ئامـادەیی هەیـە، قەرزکراوە لە دونیای مۆدێرنە، زانکۆ ڕووخساری هاتووە و جەوهەری بـەجێماوە، عەقڵی پەیوەسـتی بـەجێماوە، واتـا دامـەزراوەی مـۆدێرن کەوتۆتـە ژێـر دەسـتی عـەقڵێکی حەسـاری، کـە جگـە لـە مامەڵەیـەکی حەسـاریانە نازانێـت بـە هـیچ شێوەیەکیتر مامەڵە بکات، نازانێت وەکو پێویست مامەڵەی دونیای زانکـۆ بکـات، دواجار کورتی دەکاتەوە سەر حەسار بەڵام حەسارێکی مۆدێرن.

**جانیوەری 2002**



**مامۆستای زانکۆ یان مەسول مەعیدە**

دەتەوێت لە مانگی ڕەمەزاندا خواردن لە یانەی قوتابیان هەبێت یا نا؟ پێت باشە پەردە لەو شوێنە بدرێت کە خواردنی تیا دەخورێت یا نا؟ ئەمە ئەو دوو پرسیارە مەعریفیە ئاست بەرزەیە کەوا ئەم ساڵ لە یەکەمین ڕۆژدا بۆ کۆلیژ ئاراستەم کرا.

دەبێت بڵێم شتێکی زۆر ئاسایی و لە هەمانکاتیشدا عەقڵانیە کە ڕاپرسیەك دەکرێت لەسەر پرسێکی پەیوەستدار بە تاکەکانی نێو ئەم دامەزراوە مەعریفی و مۆدێرنەیە، بەڵام خۆ هەر پرسیارێك لە بارەی هەر پرسێکەوە دەورووژێت بۆنەیەك و مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی وەڵامی خەڵکێکی زۆری دەوێت، ئەگینا بۆ چ دەکرێت؟ بۆیە لێرەدا پێویستە بپرسین بۆچی ئەم پرسیارانە لە قوتابیان دەکرێت و ڕایان وەردەگیرێت؟

هەر چەندە ئەم پرسیارانە ئاستێکی مەعریفی زۆر سادە و سەرەتاییان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانایەکی زۆریان هەیە، لە ڕاستیدا ئەم پرسیارانە چەندە کۆمیدین ئەوەندەش تراژیدین، چەندە بێتاقەتکارن ئەوەندەش ورووژێنەرن.

ئەو پرسیارانە چیمان بۆ ئاشکرا دەکەن؟ ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین پرسیارەکە دەڵێت خواردن هەبێت یا نا؟ کەواتە ئێستا ئێمە لە بەردەم پرسیارێکی دوو بەشی داین، بەشێك هەبێت، بەشێکیش نەبێت، بوونی پرسیارێکی دوو بەشی، واتا بوونی دوولایەنی جیاواز لە بیرکردنەوە و تێڕوانین و جیهانبینی، بوونی دوو ئیرادە و دوو خواستی جیاواز، کەوا هەریەکە لەگەڵ و دژی بەشێکە لە بەشە ناکۆکەکانی پرسیارەکە، ئێستا ئێمە لە بەردەم دوو بەشی دژداین، ئەو بەشەی پرسیارەکە کە دەڵێت خواردن هەبێت، واتا بەشێکی دژکاریەکە لەگەڵ ئەوەیە خواردن هەبێت، بەپێچەوانەوە بۆ بەشەکەیتریش ڕاستە. لەبەرئەوەی پرسی دانانی خواردن لە یانەدا پەیوەستە بە ئەنجومەنی ئیداریی کۆلێژ، لەبەرئەوەی ئەو ڕاپرسیە ڕاستەوخۆ خۆراکی خۆی لە ئیدارە وەردەگرێت و ئیدارە سەرپەرشتی دەکات، دیسان لەبەرئەوەی ئەم پرسیارانە هەڵگری دژکاریەکی دوو لایەنە، کەواتە ئەو پرسیارانە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن

لەناو ئەنجومەنی ئیداریی ئەم کۆلیژە"ئاداب" دوو ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە لە بارەی پرسی نانخواردن و ڕەمەزان، ڕایەك لەگەڵ ئەوەدایە خواردن هەبێت و یەکێکیش بەپێچەوانەوە پێیوایە نابێت خواردن هەبێت.

جیاوازی لە ڕاو بۆچوون شتێکی زۆر لۆژیکی و عەقلانییە، بەڵام ئایا ئەم ململانێ و ناتەبا بوونە گوزارشت لە چی دەکات؟ هەروەها هەر یەکێك لە دوو لایەنی ناتەبای ئەم پرسە نوێنەرایەتی چ بیرکردنەوە و لۆژیکێك دەکەن؟

وتمان بەپێی ئەو پرسیارەی کە دەڵێت خواردن هەبێت یا نا، واتا لایەنێك هەیە لەگەڵ ئەوەدایە خواردن هەبێت و لایەنێکیش لەگەڵ هەبوونی نییە، باشە ئەمە مانای چییە؟ بە نەزەری من ئەو بەشەی کەوا لەگەڵ هەبوونی خواردن یا دانانیەتی، بە زەرووڕەت لەوە گەیشتووە پرسی بوونی خواردن لەناو یانەی کۆلێژ لەم مانگەی کەوا لە دیدگای ئاین و فکری ئاینیەوە پیرۆزە، کردەیەکی ئاسایی و سروشتیە، ئەم پرسە پەیوەندی بەبێ دینی و ئیمانداری نییە، هەروەها لەوە گەیشتووە چ پرسێك بۆی هەیە تەداخول بکات و قسەی تیا بکات، چ پرسێکیش نا. دەبێت ئەوە بزانین پرسەکانی خواردن، بە ڕۆژوبوون، خواپەرستن...هتد، پرسی تاکین، ئەمانە پەیوەستن بە پەیوەندی دوو سەرەی مرۆڤ و خوداوەند، ئەو پەیوەندیەش تەداخولکردنی لایەنیتر قبوڵ ناکات، پێویست نییە کەسێك یا لایەنێك لە دەرەوەی ئەم دوو لایەنە تەداخول بکات، و تێڕوانین و تایبەتمەندی و خواستەکانی خۆی بسەپێنێتە سەر پەیوەندیەکە.

بوونی لایەنێك لە ناو ئیدارە کە ئاراستەی بیرکردنەوەکەی ئەوە بێت لە مانگی ڕەمەزاندا بوونی خواردن لە یانەکان بە کردەیەکی ئاسایی بزانێت، ئەوە گوزارشت لە بوونی لایەنێکی چاوکراوە و تێگەیشتوو دەکات کە بەشێوەیەکی لۆژیکی و مەعریفی و زانستی مامەڵە دەکات، و لەناو کۆلیژ خۆی هەڵناقورتێنێتە ئەو پرسانەی وابەستەی ئەو نین، لەگەڵ ئەمەشدا بەرگری لە مافە سروشتیەکانی فێرخوازان دەکات، ئەمەش بە سروشتی خۆی دیاردەیەکی دڵخۆشکارە و ئاماژەی جیاجیای هەیە، ئاماژەی نوێبوونەوەی و بەرەوپێشچوونی هزری ئیداری

کۆلێـژ و کائینــەکانی هەیـە، ئامـاژەی چـیدی بـوونی جـۆرێکیتر لـە تێفکـرین و دونیـابینی زانـستی و عــەقڵانی ئیداریــەکان هەیــە، ئامـاژەی چـیدی لـە بـەردەم کائینگەلێکی ئیداری داین کە هزریان لە زنجیری دەستەمۆیی مەعریفەی غـەیبانی و هەمەکی ئاست نزمی کۆمەڵگا ڕاپسکاندووە، بەڵام بوونی لایەنێك کە ئاراسـتەی بیرکردنەوەی پێچەوانەی ئەوەی یەکەم بێت، بە تەئکید دیاردەیـەکی زۆر دزێـو و نــالۆژیکی و نامەعریفیــە، لـــە هەمانکاتیـــشدا ئامـــاژەی خەتـــەرناکی لێـــوە بەدیـدەکرێت، لەوانـە چەقبەسـتبوونی هـزری کـائینی ئیـداری کۆلێـژ، نـەبوونی تێفکرینێکــی زانــستی و عــەقڵانی ئیداریــەکان، هــەروەها چــیدی لــە بــەردەم کائینگەلێکی ئیداری داین کە هزریان دەستەمۆیی مەعریفەی غەیبانی و هەمـەکی ئاست نزمی کۆمەڵگایە. ئەگەر بپرسین کـێن ئەوانـەی لـەناو ئەنجومـەنی ئیـداریی کۆلیـژ بەشـداری بڕیـاردان دەکـەن بـۆ چـۆنیەتی بـەڕێوەبردنی دونیـای کۆلیـژ، بێگومـان سـەرۆك بەشـەکان و هەنـدێك لایـەنیتری حزبـی و حکـومین، بـەڵام بـە گەڕانــەوە بــۆ واقیعــی شــار و خوێندنــەوەی دیــاردە و دەرکەوتــەکانی ژیــانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا "لـەم مانگـەدا"، ئـەوە بـە دیـار دەکـەوێت هـەردوو لایـەنی حزبی و حکومی لەگەڵ قەدەغەکردنی خواردن نـین "هـەر چـەندە ئەمـەش قـسە هەڵدەگرێت، چونکە دیاردەگەلێگی ناتەندروست و نالۆژیکی لێکەوتۆتەوە، بـەڵام ئەوە باسی ئێمە نییە"، بۆیە ئەو لایەنەی کـەوا لەگـەڵ دانـەنانی خواردنـە لـەناو کۆلێژ زیاتر پەیوەست دەبێت بە سەرۆك بەش و مامۆستاکان.

باشـە مامۆسـتا و سـەرۆك بەشـەکان "ئەوانـەی دژی خـواردن دانـانن"، ئـەو مافەیان لە کێ وەرگرتووە تەداخولی تایبەتمەندی ئەوانیتر "فێرخوازان" بکـەن؟ ئەو مافەیان لە کێ وەرگرتووە بڵێن دەبێت خواردن هەبێت یا نا؟ ئـاخر خـواردن هەبێت یا نا دواجار هەر بۆ مرۆڤـە، قوتـابیش لـە مـرۆڤ بـەدەر نییـە، خـۆ ئـەوان مەسول مەعیدەی فێرخوازان نین، تاوەکو قەرار بدەن نان بخۆن یا نەیخۆن؟

لێـرەوە پرسـیارێك دێتـە پێـشەوە بڵێـی مامۆسـتاکان "ئەوانـەی لەگـەڵ ئـەو بۆچوونەدان" ئەوەیان لە بیر کردبێت کە ئەوان کاراکتـەری کایەیـەکی زانـستی و

مەعریفین و لە دەزگایەکی مەعریفە و زانست بەرهەمهێن دەوام دەکەن!؟ دەبێت ئەوەیان لە بیر کردبێت وەزیفەی ئەوان دەرس وتنەوەیە!؟ وەزیفەی ئەوان گەیاندنی مەعریفەی زانستییە بە فێرخوازان؟ دەبێت ئەوەیان لە بیر کردبێت وەزیفەی ئەوان تەداخولکردن نییە لە کۆمەڵێك پرس کە پەیوەستە بە دامەزراوە ئاینیەکانی ناو کۆمەڵگا؟.

ئەو پرسیارەمان بۆ ئەوەیە وەزیفەی ڕاستەقینەی خۆیان بیر بێنینەوە، چونکە ئەوان بەم ستایلی بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنە بەرەو لادان دەچن لە براکسیسکردنی وەزیفەی ڕاستەقینەی خۆیان، ئەوان تووشی هەڵە دەبن لە تێگەیشتنی شوناسی خۆیان، لە پێگەی زانستی و هەیکەلییان لەناو زانکۆ، ئەوان بەرەو ئاقاری براکسیسکردنی کردەیەك دەچن کە هەڵەی تێگەیشتن بوونیادی ناوە، واتێدەگەن مامۆستایی ئەوان وەزیفەی چاودێریان پێدەبەخشێت، چاودێریکردن بەسەر تایبەتمەندیەکانی فێرخوازان، بەسەر پەیوەندیەکانیان، بەسەر عەشق و هاوڕێیەتی، بەسەر چۆنیەتی پۆشینی جل و دەرخستنی ڕووخساریان، دواجار چاودێریکردن بەسەر مەعیدەی فێرخوازان، هەر بۆیە تەداخولکردن لەوەی خواردن نەبێت تەداخولێکی ڕاستەوخۆی ژیانی قوتابیە، بەوەی ئیدی ئەوە قوتابی نییە بیر دەکاتەوە لە پرسە وابەستەکانی، بەڵکو ئەوە وەزیفەی ئەو کائینەیە کە پێی دەوترێت مامۆستای زانکۆ، ئەوەش دەسکاریکردنێکی ڕاستەوخۆیە لە ژیانی فێرخوازان.

لە ڕاستیدا دەسکاریکردن لە ژیانی تایبەتی ئەوانیتر وەهمێکە ئەو کائینە تێیکەوتووە، وەهمی دەسەڵاتدارێتی، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هەڵە تێگەیشتنەیە کە بۆ شوناس و پێگەی زانستی و هەیکەلی خۆی لەناو زانکۆ دەیکات.

بۆیە بێدەنگی لەو کارە هەرگیز ڕێزگرتن نییە لە مانگێك "ڕەمەزان" کە لەناو کۆمەڵگادا هەڵگری شوناسی موقەدەسە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو بێدەنگیە کوشتنی جیاوازی نێوان نەوەکانە، کوشتنی جیاوازی نێوان مامۆستا و فێرخوازانە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکیتر وەهمی ئەو کائینەیە بەوەی مادامەکی

پیتی دال و میم له پێش ناوەکەیەتی بۆی هەیە دەستکاری شتەکان بکات، بەڵام ئاخۆ چ شتێك لەوە بێماناترە کە تۆ بتەوێ لـە ڕێگـەی بـوونی دامـەزراوێکی وەك زانکۆ مومارەسەی دەسەڵات بکەیت، ئـەوەیان پەیوەنـدیی بـە دەسـەڵاتی زانکـۆ نییە، دەبێت ئەوە لێکجیا بکرێتەوە کە دەسەڵاتی زانکۆ و دەسەڵاتی مامۆسـتای زانکـۆ دوو دەسـەڵاتی جیـاوازن، ئەمانـە نابێـت وەکـو یـەك سـەیر بکـرێن، ئـەوە مامۆستای زانکۆیە بۆ بە پیرۆز ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆی دەیەوێت دەسـەڵاتەکان لەناو یەکدا بتوێنێتەوە، بۆیە دەبێت ئیدی ئەو دوو دەسەڵاتە لێکجیـا بکرێنـەوە، تاوەکو هەردووانەیان مـەودای ئیـشکردن و وەزیفـەی خۆیـان بـزانن، ئـەم پرسـە پرسیاری گومانکردن لەو دەسەڵاتە دروست دەکات بەوەی ئاخۆ زانکۆی کـوردیی دامەزراوێکە بۆ براکسیسکردنی دەسەڵاتی مەعریفی یاخود دامەزراوێکـە دەیـەوێ تەسلیمی دیدە غەیبانی و خورافیەکانی ناو کۆمەڵگا بێتەوە؟.

نابێت زانکۆ بۆ گۆڕان چاو ببڕێتە کۆمەڵگا، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە چاوەڕوانی گۆڕانە لەو دامەزراوە، بەڵام کاتێـك ئـەو دامـەزراوە توانـای نییـە بـەر مەعریفـە و تێگەیشتنی باوی کۆمەڵایەتی بکەوێت، ناچار خۆی تەسلیمی دەسەڵاتی غـەیبانی دەکات کە دەسەڵاتێکە لـەناو نائامـادەگی هـەر پرۆسـەیەکی عەقڵانیـدا دەژیـت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی زانکۆی کوردی براکسیسی دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو بکات و لە دەرەوەی مەعریفەیەکی زانستیەوە گەشە بـە بـوونی خـۆی بدات، چونکە گۆڕان لە عەقڵیەت و بیرکردنەوەی جیاواز بوونی نیـە، کاتێـك هـیچ جیاوازیـەك نـەبێت لـە نێـوان دامـەزراوی زانکـۆ و دامـەزراوە کۆمەڵایـەتی و ئاینیەکانیتر، دەبێت شوناسی دامەزراوێکی مەعریفی لـە زانکـۆ بـسەنینەوە، ئـەو شوناسە بدەینەوە بە دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئاینیـەکانی وەك"مزگـەوت، مـاڵ، دیوەخان"، ئەمەش  بە مانای ئەوەی هەموو دامەزراوەکانی کۆمـەڵگای ئێمـە لـە یەکدەچـن، لـە هـەر کۆمەڵگایەکیـشدا خاسـیەتەکانی لەیەکـچوون زۆر بـن، ئـەوا کۆمەڵگاکـە زیـاتر بنـەما ئاینیـەکانی دەبنـە ژێرخـان بـۆ گوتـاری کۆمەڵگایـەکی داخراو، داخراو بەو مانایەی کە هەموو بە دەوری تێگەیشتنێکی کۆمەڵایـەتی بـاو

دەسوڕێنەوە، جۆرێکی مەعریفە دەبێتە مەعریفەی باو و زاڵی کۆمەڵگا، ئیدی دڵەڕاوکێ و گومان و پرسیار لەو کۆمەڵگایەدا بوونی نابێت، کاتێکیش کۆمەڵگا کێشەی گومان و پرسیاری نەبوو، ئیدی هەموو دیدێکی غەیبانی بە ئاسایی وەردەگیرێت، مەعریفەی زانستیش لە غیابێکی کامڵدا دەبێت.

ئەو ساتەی کە مامۆستاکان ڕازین بەم دۆخە، ئەو ساتەی دەیانەوێت بڕیارێکی لەو جۆرە بدەن، ئەوساتەی مامۆستاکان دەستکاری تایبەتمەندی ژیانی فێرخوازان دەکەن، ئەوا دەبێت فێرخوازان بێنە دەنگ، چیدی بێدەنگ نەبن، زمان بە بێزمانی ببەخشن، چونکە ئەو زەرەرمەندی یەکەمی ئەو پرسەیە، زیانەکانیش ئەگەر ئاستی یەکەمی ئاستێکی فیزیکی بێت و برسیبوونی قوتابی بێت لە مانگێکدا، ئەوا ئاستیتری دەبێت لە ئایندەی گەنج، بەوەی نەوەکانی ڕابردوو بۆیان هەیە وێنای ژیانی نەوە نوێیەکان بکەن، ئەوەش وێناکردنێکە قبووڵکردنی زۆر ئەستەمە، چونکە هەوڵێکە بۆ کوشتنی خەون و تەسلیم کردنەوەی خەونە بۆ دیدێکی ئەفسانەیی، دیدێك هەر لە ڕابردوودا دەژیێت و نایەڵێ نەوەکان لە زەمەنی خۆیاندا بژین، بۆیە پێویستە لە دۆخێکی وا بێدەنگدا بپرسین ئەی قوتابی تۆ لە کوێیت؟

ئەوەتا بێ ئەوەی تۆ هیچ بڕیارێکت دابێت پێت دەڵێن تا مانگێکیتر نان نەخۆیت، تۆ لە کوێیت ئەی قوتابی کە پێت دەووترێ نەوەی نوێ، کەچی مامۆستاکانت بە ناوی تۆ و بە عەقڵی یاساکانی بیابانەوە بڕیار دەدەن؟ تۆ ئیدیی ناتوانی تامانگێك تێدەپەڕێت لەگەڵ کچە هاوڕێکەت چایەك بەیەکەوە بخۆنەوە، لێم مەپرسە بۆ ئاخر تۆ کە لە ژیانی خۆت نێیتە دەنگ، ئەی نازانی ئەوە مانگی پیرۆزە و دەبێت هاوڕێکەت لەچکێکی بەسەرەوە بێت و تۆش سیمایەکی ڕیشنی گرژت هەبێت، یا ڕوو زەردانە لە ژێر سێبەری دارێکی ناو کۆلێژ دابنیشیت و دەست بەسکتەوە بنێیت و بیکوشیت لە برسان، پێم مەڵێ بۆ، ئەوە منم بە تۆ دەڵێم بەرامبەر بەم هەموو بێحورمەتیەی کە بە تۆ دەکرێت؟ زمان و جورئەتت لە کوێیە؟.

دواجاریش بەو کائینانەی کە بە بڕیاری حزبی دامەزراون لەناو کۆلێژەکاندا دەڵێین هاورێیان ئەوەندە متەوەهم مەبن لەوەی پیتەکانی پێش ناوەکانتان شەنسی ئەوەتان پێدەدەن قسە لە تایبەتمەندی ئەوانیتر بکەن، ئەوەندە متەوەهم مەبن پیتەکانی پێش ناوەکانتان دەسەڵاتی ئەوەتان پێدەدەن دەستکاری شتێك بکەن کە نەزەرووره و نەهەقی خۆشتانە، چونکە ئەو پیتانە پیتی زانستین، مانا و دەلالەتی خۆی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ئەو پیتانە نە ئەوەن قوتابی پێ بێدەنگ بکەن و نە ئەوەش قسە لەسەر مەعیدەیان بکەن.

**ئۆکتۆبەری 2004**




**کۆبوونەوەی سانسۆر دانان**

دەمێکە رووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیی، قسە و باس و وتاری جیاجیای سەبارەت بە زانکۆ و چۆنیەتی بەڕێوەچونی دونیاکەی بەخۆوە گرتووە، تیایاندا خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی جیاجیا ئامادەیە، هەروەها لە نێویاندا هەوڵدراوە لە ڕەهەندی جیاواز قسە لە پرس و کێشە هەنوکەیی و دوورمەوداکانی بکرێت.

پێدەچێت ئەو قسە و باس و وتارانە، ئەم خوێندنەوە و شرۆڤەکردنە جیاوازنە، سەرۆکایەتی زانکۆکانی هەراسان و بێتاقەت کردبێت، پێدەچێت ئەمانە لە شوێنێکدا مەترسی جۆراوجۆریان نابێتەوە لەسەر شوێنگە و بەرژەوەندیی و دەسکەوتەکانی سەرۆکی زانکۆکان، بۆیە ئیدی ئەمانیش پەرچەکردارانە بە ڕۆڵی خۆیان هەڵساون بە سازدانی کۆبوونەوەیەکی نهێنی ئامێز، تاوەکو ڕووبەڕووی ئەم شالاوە ڕەخنە ئامێزەی نێو نوسین و وتارەکان ببنەوە و هەوڵبدەن بەتاڵ و پووچیان بکەن، یا لە گرنگی و بایەخیان کەم بکەنەوە و کاریگەرییان نەهێلن، بۆ ئەم مەبەستەش لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیەدا لەسەر ئاستی هەر سێ سەرۆك زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەسترا بڕیارێکی نهێنی درا، لە ڕاستیدا من ناخوازم لێرەدا بە قوڵی ڕوو بچمە نێو ئاقاری پرسەکە و ڕەهەندە جیاجیاکانی ڕاڤە بکەم، بەڵکو تەنها قسەیەك لەسەر خودی بڕیار و دەقی بڕگە (6)ی دەکەم کە بەشێوەیەکی نهێنی بۆ هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن نێردراوە، ئەمەش لە چەند سەرنجێکدا کورت دەکەمەوە.

دەقی بڕگە (6)ی ئەم کۆبوونەوە نهێنیە کە لەڕۆژی 2002/6/3 لە شاری هەولێر بە ئامادەیی "م.عصمت محمد خالد– سەرۆکی زانکۆی دهۆك، پ.ی.د. کمال خۆشناو – سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، پ.د.سعدی بەرزنجی – سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین" بەستراوە بریتیە لە" **تێبینی دەکرێت لەم کاتەدا شالاوی هەندێ ڕەخنەی ناهەق و نابەجێ لەسەر زانکۆکانی هەرێم بەرپا بووە کە بە دووری نازانین دەستی ناحەزانی میللەتەکەمانی لە پشتەوە بێت بە مەبەستی کەمکردنەوە لە ئاستی ئەو بەرەوپێشچوونەی کە لە زانکۆکاندا بەدیهاتووە بۆیە لەم کۆبوونەوەیەدا هەر سێ سەرۆکی زانکۆکان پێیان باشە داوایەك ئاڕاستەی**

**هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان بکەن کە بەچاوی بەرپرسیارێتیەوە ئەو ڕەخنانە پێش بڵاوکردنەوەیان هەڵبسەنگێنن".**

لە سەرەتای دەقی بڕگەکەدا هاتووە " **تێبینی دەکرێت لـەم کاتـەدا شـاڵاوی هەندێ ڕەخنەی ناهەق و نابـەجێ لەسـەر زانکۆکـانی هـەرێم بـەرپا بـووە....**"، پێش هەر قسەکردنێك لەمبارەیەوە شوێنی خۆیەتی بپرسین ئایا چـەمکی هـەق و بەجێ لەگەڵ "ناهەق و نابەجێ" چی دەگەیەنێت؟ مەبەست لەم چـەمکە چـییە؟ بەپێی کام پێوەر دەپێورێت؟ بەپێی کام لۆژیك دیاری دەکرێت؟ چـۆن دەتـوانین دەستنیـشانیان بکـەین و لێکیـان جیابکەینـەوە؟ دواتـر چـۆن دەزانرێـت ئـەم ڕەخنەیـە هـەق و بەجێیـە و ئەمـەش ناهـەق و نابـەجێ؟ کـێ ڕەخنـەی هـەق و بەجێ یا بەرامبەرکەی دیاری دەکات و لێکیان جیادەکاتـەوە؟ کـێ شـەرعیەتیان پێدەبەخشێت؟ ئەمانە و چەندین پرسیاریتری هەڵوەستە ئـامێز لێـرەدا ئامادەیـە کە پێویستیان بـە قـسە لەسـەرکردن هەیـە، بـەلاّم لەبـەر نـەبوونی مـاوە لێـرەدا جێیدەهێڵین بۆ شوێنکاتێکیتر.

دەزانین چەمکی هەق و بەجێ یـا ناهـەق و نابـەجێ چـەمکگەلێکی ڕێـژەیی و ناجێگیرن، لەگەڵ گۆڕانی واقیعـی کۆمەڵایـەتی کۆمـەڵگا و تێفکـرین و دونیـابینی مرۆڤەکان دەگۆڕێن، ئەم چەمکانە هەمیشە دیدگای جیاواز و پێوەری جیاوازیـان هەیە، ئەمانەش پەیوەستی جۆرێك لە بیرکردنەوە و نۆرم و ئەخلاقیاتی تایبەتە. لەبەرئەوەی لەنێو کۆمەڵگادا هەمیشە زیاتر لە یەکجۆر تێفکرین و بیرکردنەوە لـە ئارادایە، بۆیە زیاد لە دیدگایەکیش هەیە لە بەرامبەر ئەم چـەمکانە، واتـا ئـەوەی لە دیدگایەکەوە هەق و بەجێ بێت، ڕەنگە لە دیدگایەکیتر ناهەق و نابەجێ بێت، لەو کاتەی دوو تێفکرین و دونیابینی جیاواز، دوو ئەخلاق و بەرژەوەنـدی جیـاواز لـە ئـارادا بێـت، هەردووانەشـیان تووشـی ڕووبەڕووبوونـەوە و بەریەککـەوتن بـن لەسـەر پرسـێکی دیـارکراو، ئـەوا ئـەم چـەمکانە لەلایـەن هـەڵگری دیـدە جیاوازەکانەوە بە ڕووی یەکتری بەرز دەکرێنەوە، و یەکتری پێ تاوانبار دەکەن.

ئێستا سـەرۆکی زانکۆکـان چـەند نووسـەرێك و ڕەخنـەگرێك تاوانبـار دەکـەن بەوەی بەشێوەیەکی نێگەتیڤ لەسەر زانکۆکانیان نووسیوە، تاوانباریان دەکـەن

بەوەی ڕەخنەی ناهەق و نابەجێن، با گریمانی ئەوە بکەین ئەم ڕەخنانە ناهەق و نابـەجێن "وەکـو ئـەوەی لـەم دەقـەدا هـاتووە"، کەواتـە بۆچـی سـەرۆکایەتی زانکۆکـان ئەوانـەی خۆیـان بـە بـەرپرس و خـاوەنی زانکـۆ دەزانـن، دەرگـای گفتوگۆکردن و دەیالۆگکردن بە ڕووی بژاردە "نەخبـە"ی ئەنتلجنـسیا، ئەوانـەی خاوەنی ئەو وتار و بیرو بۆچوون و ڕەخنانەن ناکەنەوە، و هەوڵ نادەن ناهەق و نابەجێی ئەم ڕەخنانەیان بۆ دیار بکەن و شیبکەنەوە؟

خـۆ لـە ئـەزموونی مێژوویـیـەوە سـەلمێندراوە کـە دونیـای گفتوگـۆکردن و دیالۆگکردن، دونیایەکی عەقڵانی و لۆژیکیـە، دونیایەکـە لـە یەککاتـدا سـوود بـە هەردوو جەمسەری دیالۆگکار دەگەیەنێت، سـوود بـەو بابەتـەش دەگەیـەنێت کـە دەخرێتە بەر بـاس و لێکۆڵینـەوە، ڕەهەنـدەکانی بەسـەر دەکرێتـەوە، ڕاسـتی و هەڵـەکان، هــەق و ناهەقیــەکان، لــۆژیکی و نالۆژیکیــەکان لێکجیادەکاتــەوە و دیاریان دەکات، هەروەها دیالۆگکردن و گفتوگۆکردن وا دەکات هـەردوولا باشـتر لە تێز و بیرکردنەوەکانی یەکتر بگەن.

دواتــر لــە دەقەکــەدا هــاتووە " **بــە دووری نــابینین دەســتی ناحــەزانی میللەتەکەمانی لە پشتەوە بێت....**" لە ڕاستیدا خوێندنـەوە و لێکدانـەوەی ئـەم ڕستەیە پێش هەر شتێك ئەو گومانەمان بۆ ڕووندەکاتـەوە کـە سـەرۆك زانکۆکـان لە نیشتیمانپەروەری و کوردپەروەری نووسـەرانی ئـەم وتارانـەیان هەیـە، ئـەوان پێیانوایە نووسینی ئەم وتارانە کردەیەکی مەبەسـتدارانەی پـلان بـۆ دارێـژراوە و دەستی ناحەزانی میللەتەکـەمانی لـە پـشتەوەیە، بـەڵام پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە بۆچی سەرۆك زانکۆکان ئەم گومانە دەهێننە ئاراوە؟

بۆچی نووسینی ئەم وتارانە بۆ دەستکردی دوژمن و ناحەزانی کۆمەڵگاکەمان دەگێڕنەوە؟ ئایا بۆ ئەوەیە هەموو ئـەو ڕەخنـە و ئـەنالیزەکردن و ئاشـکراکردنە جۆراوجۆرانـەی نێویـان بـەتاڵ و پـووچ و بێمانـا بکەنـەوە و کاریگـەریان لەسـەر خوێنەر نەهێڵن، تاوەکو دواجار خوێنەر گوێیان پێنەدات و قـسەکانیان بـە هەنـد هەڵنەگرێت؟یان بۆ ئەوەیە ئیش لەسەر وەتەری سۆزی شۆڕشگێڕێتی دەسەڵاتی سیاسـی بکـەن، تـاوەکو ئـەویش مـەودای ڕۆح لەبـەربوونیان لـەم شـوێنەدا بـۆ درێژبکاتەوە و باوەڕی زیاتری پێبکات؟.

ڕوون و ئاشـــکرایە کارەکتـــەرەکانی نێـــو ســـەرۆکایەتی زانکۆکـــان بـــۆ مەبەستگەلێك پێویستیان بە بێدەنگی ڕۆشنبیران هەیە، بەڵام کاتێك ڕۆشـنبیران وتار دەنووسـن و دەنگیـان دەبێـت، ئـەوا ئیـدی پێویـستیان بـە بێـدەنگکردنیان دەبێت، بەڵام چۆن ئەو کارە بکەن و چ میکانیزمێك بۆ پراکتیزەکردنی بدۆزنەوە، ئەمە خواستی گـەورەیان دەبێـت، تـا دەگەنـە ئـەو حەڵـەی کـە بـە خـائینکردنی نووسـەر و بـە ناحـەز پێـشاندانیان ئەگـەرێك و ئـامرازێکی بـاش دەبێـت بـۆ بەرجەستەکردنی خواستەکەیان.

لۆژیکی کلاسیکی بە خائینکردن و بە ناحەزکردنی بەرامبەر هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە مۆدێل ئامێزانە ئامادەیی هەیە و لە کاتی پێویستدا ئیـشی پێکـراوە، ئەمـەش قـەرزکراوە لـە سیـستەمی بیرکردنـەوە و ئـەخلاقیاتی بـەعس، بـەپێی لۆژیکی بە خائینکردنی بەرامبەر هـەر کاتێـك ئـەوی بەرامبـەر قـسەیەك بکـات یـا ڕەخنەیەك بگرێت لەگەڵ من و ئایدیۆلۆژیا و دەسکەوت و بەرژەوەندی باڵای مـن یەکنەگرێتەوە، ئـەوا یەکڕاسـت دەکرێتـە ناحـەزی میللـەت و کۆمـەڵگا، خـائین و دەست لەپشتدراو، خۆفرۆش و قەڵەم فرۆش و مەترسیدار، لێـرەدا دەپرسـم کـێ ئەو مافە بە یەکێك یاچەند کەسێك دەدات "با سـەرۆك زانکـۆش بێـت" خـۆی بـە نوێنەری میللەت و کۆمەڵگا نمایش بکات، و یـەکێکیتر "نووسـەر" لـەنێو هـەمان میللـەت و کۆمـەڵگا فرێداتـە دەرەوە و پـەراوێزی بکـات و شوناسـی ناحـەزی پێببەخشێت؟ کێ ئەو مافە بـە یـەکێك یـا چـەند کەسـێك دەدات کـەوا هەنـدێکی بـژاردەی ئەنتلجنـسیای وڵات بـە ناحـەزی میللـەت بـشوبهێنێت و وێنـەیان درێـو بکات؟ ئایـا ئـەم حوکمـە تاچـەند ڕاسـت و عەقڵانیـە کـەوا نیـشانبدات کۆمـەڵێك نووسەر و ڕۆشنبیر لە یەککاتدا قەڵەمەکانیان بە ناحەزانی کۆمەڵگاکەیان بفرۆشن و لەپێناویان وتار بنوسن، یا بکەونە ژێر کاریگەری خواستەکانی دوژمنەوە؟ خـۆ ئەگەر بەو ستایلی مامەڵەکردنە و بەو لۆژیکە باوەی ئێستا لە ئارادایە " حـزب و پێکهاتە پەیوەستەکانیەوە پـەیڕەوەی لێدەکـەن" لێکیبدەینـەوە، ئـەوا ئەمـەش جۆرێکە لە ناوزڕاندن "تەشهیر" بەو نووسەر و ڕۆشـنبیرانەی وتاریـان نووسـیوە، بەڵام بۆ خۆشـبەختی هـەموو لایـەك ئـەخلاقیاتی نووسـەرە جیدیـەکانی ئـەمڕۆی

گۆڕەپانی ڕۆشەنبیریی کوردی، ئەخلاقیاتێکی جیایە و بەشێوازێکی عەقلانی و لۆژیکی بیر دەکەنەوە و ڕەفتار دەکەن، چونکە بروایان بە دیالۆگکردن و لێکتێگەیشتنە، بروایان بە پێشکەوتنی کۆمەڵگایە، بۆیە ئەم دەستوور و یاسا کۆنانەی بەعس ڕەتدەکەنەوە و خۆیان پێبارگاوی ناکەن، هیچ گومانیشم لەوەدا نییە ئەگەر جەمسەرەکانی ڕووداوەکە پێچەوانە بوایە، مەبەست نووسەرەکان وێنەی سەرۆك زانکۆکانیان بشێواندایە و بە ناحەزی میللەتیان بشوبهاندایە، ئەوا زەمەنێك بوو لە ڕێگای دادگاکاندا ئیشی خۆیان دەکرد و بەپێی یاسای "تشهیر" نوسەرەکانیان پەلکێشی دادگا دەکرد و سزایان دەدان.

سەرنجێکیتر لەوەی دەڵێن **"بە دووری نازانین ئەم ڕەخنانە دەستی ناحەزانی میللەتەکەمانی لە پشتەوە بێت..."** ئەوەیە، ئەگەر خوێنەر بگەڕێتەوە و سەرپێیانە چاوێك بەم وتار و نوسینانەدا بخشێنێتەوە کە لەم ماوەیەدا لەمەڕ زانکۆ و پرسە وابەستەییەکانی نووسراون، ئەوا تێدەگات کە ئەمجۆرە بینین و لێکدانەوەیە، ئەم حوکمدانە ڕەهایە، شتێکی نالۆژیکی و ناوردبینە، چونکە لە نێویاندا ئەوە بەدیدەکات کە چۆن هەمووی یا بەشێکی زۆری لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە و ڕەخنە و پێشنیارەکان لە چوارچێوەی هەوڵ و ئەگەری زیاتری کرانەوە و شەفافکردنی زانکۆدایە، بۆئەوەی زانکۆ دەرگای خۆی بە ڕووی کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی بکاتەوە، یا ئەوە بەدیدەکات کە ڕەخنە و پێشنیارەکانیان نێو نووسینەکان بۆ مەبەستی گۆڕینی شێوازی کۆنی بەڕێوەبردن و مامەڵکردنی زانکۆیە، بۆ یەکێکی عەقلانیتر و زانستیتر و سەردەمیتر، هەمووی ئەمانەش بۆ مەبەستی خزمەتکردنی زانکۆ و دونیاکەیەتی، بۆ بەرەوپێشچوونی دونیاکەیەتی، ئەمانەش قەت لێکدانەوە و ڕەخنە و پێشنیاری ناحەزانی میللەت نین و نەبوونە، بەپێچەوانەوە ئەمانە لێکدانەوە و ڕەخنە و پێشنیاری قەڵەمێکی شۆڕشگێڕ و نوێخوازن، ڕەخنەی قەڵەمێك و بژاردەیەك و کەمینەیەکن ئەگەری زیاتر کوردپەروەری و نیشتمانپەروەری لە زۆربەی چین و توێژ و گروپ و کەس و کاراکتەرە مۆنۆپۆلکارەکانی نێو پێکهاتە دیارەکانی کۆمەڵگا "زانکۆ"ی لێدەکرێت.

له ئەزموونەوە دەرکەوتووە کەوا ئەبەد ڕەخنەی ناحەزانی کۆمەڵگای ئێمە، ڕەخنەی بونیادنەر و دروستکار نەبووە، ڕەخنەیەك نەبووە لە پشتیەوە هەوڵبدرێت کۆمەڵگاکەمان بەرە و کرانەوە و جوانکردن و شەفافیەت ببرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەردەوام ڕەخنەی تێکدەر و داڕوخێنەر بووە، ڕەخنەیەك بووە لە پشتیەوە هەوڵدراوە کۆمەڵگاکەمان بەرە و داخستن و دزێوکردن و گرژکردنی زیاتر ببردرێت، لێرەوە هەڵەی گەورە ئەوەیە ڕەخنەی قەڵەمێکی نیشتیمانپەروەر بە ڕەخنەی قەڵەمێکی ناحەزی میللەت دابنێین، ڕەخنەی قەڵەمی شۆڕشگێر بە ڕەخنەی قەڵەمی خۆفرۆش دابنێین، لەبەرئەوەی ئەم دووانە هیچ کاتێك هاوشوێن و هاوشێوەنین، بەڵێ بەدڵنیایەوە هیچ کاتێك مەعریفە و ئیرادەی کەسانی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر هاوشێوەی ڕەخنەی کەسانی خۆفرۆش و نیشتیمان فرۆش نییە، بۆیە باشترە ئەم گومانە ڕەتبکرێتەوە، ئەگەرنا ئەمە گومانێکی ناعەقڵانیە، بۆیە پێویستە سەرۆکی زانکۆکان بە فەرمی داوای لێبووردن بکەن لەو نووسەر و ڕەخنەگرانەی وتاریان لەسەر زانکۆ و دونیاکەی نووسیوە و ئەوانیش بە دەستی ناحەزانی وڵاتیان دەشوبهێنن.

دیسان لەنێو دەقەکەدا هاتووە **"بە دووری نابینین دەستی ناحەزانی میللەتەکەمانی لەپشتەوە بێت بە مەبەستی کەمکردنەوە لە ئاستی ئەو بەرەوپێشچوونەی کە لە زانکۆکان بەدیهاتووە"**، لێرەدا دەپرسم ئایا بەرەوپێشچوونەکانی زانکۆ لەکوێدایە؟ بەچی دیارە زانکۆ پێشکەوتووە؟ بەوەی کۆمەڵگا لە پێش چاویدا چەند کەرت و نیشتیمان چەند پارچە بووە، ئەویش بێدەنگی لە بەرامبەردا هەڵبژاردووە؟

بەوەی دونیایەك دیاردەی دزێو و ناعەقڵانی و نائەخلاقی لە کۆمەڵگادا ئامادەیە، بەوەی دونیایەك دیاردەیماڵوێرانکار و مرۆڤکوژ لە کۆمەڵگا ئامادەیە، بەوەی کوڕەکانی لەبەرچاویدا کۆچ دەکەن، کچەکان خۆیان دەسووتێنن، پیاوەکانی یەکتری دەکوژن، منداڵەکانی لەسەر شەقام کار دەکەن، ئەویش لە بەرامبەریان بێدەنگ و بێهەڵوێستە.

بەچی دیارە زانکۆ پێشکەوتووە بەوەی دەرگای خۆی بە ڕووی کۆمەڵگادا داخستووە تێکەڵاویان نابێت، یا بەوەی لەنێویدا کۆمەڵێك شەڕی نهێنی ئایدیۆلۆژی حزبی و کۆمەڵێك ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەکەوتنی "هەندێکجار جەستەیی" نالۆژیکی ئامادەیە؟ بەوەی لەنێویدا یا لە شوێنی جیاجیادا مامۆستاکانی هێرش دەکەنە سەر یەکتری و بەشق و لەق لێکدەدەن و ئیهانەی یەکتری دەکەن؟ یا بەوەی قوتابیەکانی چاو لە یەکتری سوور دەکەنەوە و ڕاپۆرتی حزبی لەسەر یەکتری دەنووسن؟ یا بەوەی زۆرێك لە قوتابیانی بێ بەڵگەنامە لە کۆلێژەکان و بەشە زانستیەکان دەخوێنن؟ ..یا بەوەی .. یابەوەی..هتد. بەڕاست پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونەکانی زانکۆ لەکوێدایە؟.

دوا سەرنج لە دەقەکەدا هاتووە " **هەر سێ سەرۆك زانکۆکان پێیان باشە داوایەك ئاڕاستەی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان بکەن کە بەچاوی بەرپرسیتیەوە ئەو ڕەخنانە پێش بلاوکردنەوەیان هەڵسەنگێنن"**، جارێ پێش هەموو شتێك ئەم داوایە ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە دەسەلمێنێت کە سەرۆکایەتی زانکۆکان نەوەکو هەر بەتەنها دەرگای زانکۆ بە ڕووی بژاردەی ئەنتلجنسیا و ڕۆشنفکران دادەخەن، بەڵکو لەگەڵ ئەمەشدا دەخوازن دەرگای ڕاگەیاندنەکان و گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش بە ڕوویاندا دابخەن و بەیەکجاری دەنگیان کپ بکەن.

سەیرە هەموو زانکۆکانی جیهانی مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوا داوا لە ڕۆشنفکران و هزرمەندان دەکەن تاوەکو لە دەرفەتێکدا دید و بۆچوون و تێزی فکری خۆیان بۆ "زانکۆ و قوتابیەکان" مەترەح بکەن و قسەی لەبارەوە بکەن، هەموویان هەوڵدەدەن پەیوەندیی نێوان خۆیان و ڕۆشنفکران پتەو و بەهێز بکەن، تاوەکو بیرمەندان زیاتر بچنە نێو زانکۆ و ئەوانیش زیاتر سوودیان لێوەربگرن، کەچی تەنها زانکۆکانی ئێمە و هاوشێوەکانی بەپێچەوانەوە مامەڵە دەکەن و هەوڵدەدەن ڕۆشنفکران لە خۆیان دوور بکەنەوە و دەنگیان بخنکێنن، ئینجا هەر بەوەندەش ناوەستن، بەڵکو هەوڵدەدەن نووسەر و ڕۆشنبیران لەنێو دەزگا ڕاگەیاندنەکانیش دوور بخەنەوە و دەنگیان بخنکێنن و نەهێلن قسە بکەن لەبارەی زانکۆوە.

کۆمیدیاکـەش ئەوەیـە داوا دەکرێـت دەزگـا ڕاگەیاندنـەکانیش بـە چـاوی بەرپرسێتیەوە ئەو وتار و ڕەخنانە بڵاوبکەنەوە، ئەم قسەیە لە سـەرێکیدا مانـای وایە ئەم نووسینانە بەبێ بەرپرسێتی لەنێو دەزگا ڕاگەیاندنەکان بڵاودەکرێنەوە، چونکە بە ڕەخنەی ناهەق و نابەجێ لە قەڵەمیان دەدات، بۆیە ناچـارم جـارێکیتر بپرسـم بەڕاسـت بەرپرسـێتی چـیە؟ ئەوەیـە مـن قـسە لـە دونیـا و سـتایلی ناتەندروسـتی بـەڕێوەبردنی پێکهاتێـك نەکـەم کـە یـەکێك لـە هۆکـارە هـەرە سەرەکیەکانی تـۆی و تـۆش نـەهێڵیت قسە بکـەم؟ ئەوەیـە دەزگـای ڕاگەیانـدن دەنگێك لەبەر خواست و ویستی تۆ بخنکێنێت؟ یا ئەوەیە دەزگای ڕاگەیاندن واز لە پرنسیپ و چالاکی و وەزیفەی خۆی بهێنێت و هاوشێوەی تۆ بۆ مەبەستی تـۆ ئیش بکات و بەرگری لە بەرژەوەندی تۆ بکات؟

ئاخر ئـەو داوایـە مانـای ئەوەیـە دەزگـای ڕاگەیانـدن واز لـە ڕۆڵ و کـارکرد و پرنسیپ و چالاکیەکانی خۆی بهێنێت، و بەو دونیایەدا خـۆی ئاراسـتە بکـات کـە ئەوان گەرەکیانە، ئەمەش جگە لە کوشتنی دەنگی نوسـەر و ڕای جیـاواز، ئـەوا بێحورمـەتکردنی دەزگاکـانی ڕاگەیاندنـە، چـونکە دەخوازرێـت لـە ئاقـاری دیموکراسی و ئازادیی و فرە دەنـگ و ڕەنگـی دوور بخرێتـەوە، بـەرەو ئاقـارێکی پەیوەستدار ئاراستە بکرێت.

لێرەوە من پێچەوانەی بۆچوونی سەرۆك زانکۆکان سـەیری پرسـەکە دەکـەم، وایـدەبینم کـە بڵاوکردنـەوەی ئـەو وتـار و نووسـینانە ئەوپـەڕی بەرپرسـێتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن پیشاندەدەن، چونکە لـەم پرسـەدا "ئەگەرچـی ڕێژەییـە" وەکـو پێویـست دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن بـە ئـەرکی سـەر شـانیان هەڵـساون و عەقڵانیانە مامەڵەیان کردووە، ئەمەش لەبـەر دوو هۆکـار، یـەکێکیان ئەوەیـە لـە نێویاندا بە پێویست زانراوە قسە لەو دونیا ناتەندروستەی زانکۆ بکرێت، ئەمـەش تاوەکو هەوڵبـدرێت لەسـەر ئاسـتی جیاجیـا و بەشـێوازی جیاجیـا بگۆڕدرێـت، و بەرەو باشترکردنی ببردرێت، ئەویتریشیان ئەوەیە ڕێگا بـە دەنگـی جیـاواز دراوە قـسە بکـات و تێـڕوانین و ئایـدیا مـەترح بکـات لـە بەرامبـەر زانکـۆ، لێـرەوە بڵاوکردنـەوەی ئـەو نوسـینانە هێنـدەی بەرپرسـێتی دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن

دەگەیـەنن، ئـەوا ئەوەنـدە پێـچەوانەکەی ڕاسـت نیـە "وەکـو ئـەوەی سـەرۆك زانکۆکان دەیڵێن".

ئەم داوایەی سەرۆك زانکۆکان لە کوێدا لەگەڵ ئەو قسەیەدا یەکدەگرێتەوە کە بـاس لـە بەرەوپێشـچوونی زانکـۆ دەکـات، ئـەم داوایـە لەگـەڵ خۆیـدا سانـسۆر دەهێنێت، سانسۆریش کە ئامادەبێت لەگەڵ خۆیدا ئەگەری گۆڕان بەدیناکرێت یا لاواز دەبێت، چونکە لە پشت هەر وتارێك و ڕەخنەیەکەوە دەکرێـت دیاردەیـەکی نێگەتیڤی نێو زانکۆ باش بکرێت، پرسێك یا کێشەیەك چارەسەر بکرێـت، دواجـار بە کۆی نووسین و ڕەخنەکان پێشکەوتنێکی بەرچاو لە دونیای زانکۆ بەرجەسـتە ببێت، بەوەش زانکۆیەکی تەندروست ئامادە بێت جیـا لـەوەی ئێـستا ئامادەیـە، کەواتە ئەو داوایە بـۆ سانـسۆردانان لـە بنـەمادا دژی بەرەوپێشـچوونی زانکۆیـە، لێـرەدا ئەگـەر قـەرارە ئێمـە خواسـتی بەرەوپێشـچوونی زانکۆمـان هـەبێت، ئـەوا دەبێت سەرەتا ئەم ڕەخنانە بە ڕەخنەی ناهەق و نابەجێ نـەزانین، دیسان ئـەم وتارانـە بـە دەسـتی ناحـەزانی میللەتەکـەمان نەشـوبهێنین، چـونکە بـە ناڕاسـت دەرچوونی دەبێتە کەمکردنەوە لە ڕاستگۆیی سەرۆك زانکۆکـان، دواجـار دەبێـت لـەم داوایـە پاشـگەز ببنــەوە، ڕێگـا بـدەن هەرچـی زیـاتر نووسـەر و بـژاردەی ڕەخنەگر قسە لە زانکۆ و دونیا پەیوەستەکەی بکەن.

بەکورتی ئەم کۆبونەوەیە بۆبەرەوپێشچوونی زانکۆ نیە، خزمـەت بـە زانکـۆ و لەگەڵیـشیدا کۆمـەڵگا ناکـات، بـەڵکو بـۆ مەبەسـتی سانـسۆردانان و نەهێـشتنی سەدای دەنگی نووسەران و ڕەخنەگران لەسەر ڕووپـەڕی ڕۆژنامـە و گۆڤارۆەکـان بـە ئــەنجام گەیەنــدراوە، ئەمــەش دەرەنجـامێکی نێگــەتیڤی لێدەکەوێتــەوە و پێویستی بە لەبەرچاوگرتن هەیە.

**تەمووزی 2002**



# زانكۆ وەك دياردەيەكی شار

پەیوەندی شار و زانکۆ چییە؟ ئایا کامیـان لـە پـێش ئەویتردایـە و کامیـان ئەویتری بەرهەمهێناوە؟ ئەگـەر بـەوردی سـەرنج بدەینـە پەیوەنـدی نێـوان شـار وەکو شوێنی کۆبوونەوە و بەیەکـەوە ژیـانی مـرۆڤ، و زانکـۆ وەکـو پێکهاتێـك یـا دیاردەیـەکی نێـو دونیـای شـار، ئـەوا پەیوەندیـەکی ئۆرگانیانـە لـە نێوانیـان بەدیدەکـەین، پەیوەندیـەك زیـاتر لـە پەیوەنـدی دایـك و نـەوە دەچـێت، لـەم پەیوەندیە دوو سەرەیەی نێوان شار و زانکۆدا، شار هەمیشە ئـەو دایکەیـە کـەوا نـەوە بەرهـەم دەهێنێـت و لـە باوەشـی دەگرێـت، زانکـۆش ئـەو نـەوە بەرهـەم هاتووەیە لە ئەنجامی شەونخونی و هیلاکبـوونی دایکـەوە هاتۆتـە دونیـاوە، ئـەم قسەی سەرەوە هەر بۆ پەیوەندی شار و زانکۆ ڕاست نییـە، بـەڵکو بـۆ سـەرجەم پێکهاتە و دامەزراوە مۆدێرنەکانی نـاو دونیـای شـار ڕاسـتە، کەواتـە شـار وەکـو دایکێك تەواوی دامەزراوە جیاجیاکان بەرهەم دەهێنێت و لەسـەرزەمینی واقیعـدا ڕۆحیان بەبـەر دەکـات و شـێوەیان پێدەبەخـشێت، لـەم هاوکێـشەیەی سـەرەوە "دایك – نەوە"، یا" شـار – زانکـۆ"، زانکـۆ ڕۆڵـی نـەوە دەبینێـت و بەرهـەمی دایکە "شـار"، بـەڵام پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە چ کاتێـك زانکـۆ لـە شـاردا بـوونی دەبێت، بەشێوەیەکیتر چ کاتێك دایك نەوە بەرهـەم دەهێنێـت؟ ئایـا هـەموو ئـەو شارانەی کەوا مرۆڤ هەر لە کۆنـەوە تـاوەکو ئێـستا سـتراکتۆری کـردووە زانکـۆی تێدا بووە؟ ئەگـەر هـەبووە ئـەوا چـۆن بـووە؟ ئەگـەر نـەبووە ئـەوا هۆکارەکـەی چییە؟ بۆچی ئێستا لەنێو زۆربەی شارەکانی گێتیدا بوونی هەیە؟

ئەگەر بەوردی هەوڵبدەین بەرسڤی ئەم پرسیارانەی سەرەوە بدەینەوە، ئـەوا پێویـستیمان بـە کاتێـك و پانتاییـەکی زۆری نووسـین دەبێـت "کـە لێـرەدا ئەمـە دەست ناکەوێت"، بـەڵام وەڵامدانـەوەیان ئەگـەر بـەکورتیش بێـت گرنگـی خـۆی هەیـە بـۆ ئـەم نووسـینە، بـەڵام پـێش ئەمانـە چـۆن بیـسەلمێنین زانکـۆ نـەوەی بەرهەمهێنراوی شارە، یا چۆن بیسەلمێنین شار دایکی زانکۆیە؟

ئەگـەر سـەفەریك بـە لاپـەرە نووسـراوەکانی مێـژوودا بکـەین و سـەرپێیانە چاوێکی پێدا بخشێنین، ئەوا زۆر بە سانایی لە شارسـتانیەتە کۆنـە جیاجیاکانـدا ئامـادەیی شـار دەدۆزینـەوە، ئـەم قـسەیە بەشـێکی زۆر لـە هزرڤانـان و

مێژوونووسـان و مرۆناسـان جـەخت لـە ڕاسـتییەکەی دەکەنـەوە و پـشتگیری لێدەکەن، بەڵام ئەگەر بە هەمان شێوە و بۆ هەمان مەبەست بـە دوای سـەرەتای دەرکەوتنی زانکۆ وەك دیاردەیەك یـا دامەزراوەیـەك بگـەڕێین، ئـەوا دەبیـنین لـە سەدەی (12) لە وڵاتی فەرەنسا دەیدۆزینەوە، کەواتە بەپێی ئەو گەڕانە خێرا و سەرپێیەوە، و بە بەراوردکردنی هاتنەبوون و ئامـادەیی مێژوویانـەی هەردووانـە، بوون و ئامادەیی شـار لـە بـوون و ئامـادەیی زانکـۆ کـۆنترە، ئـەو کاتـەی زانکـۆ هاتۆتەبوون، ئەوا پێش ئەو شار هەبووە، شاریش شوێنی کۆبوونەوە و بەیەکەوە ژیـانی مرۆڤـەکان بـووە، تیایـدا جـۆر و سـتایلی تایبـەتی ژیـانکردن خـۆی بەیانکردووە، بەمە تێدەگـەین ئـەو حوکمـەی لـە سـەرەوە لـە بـارەی پەیوەنـدی نێوان زانکۆ و شار دراوە، حوکمێکی تەندروست و زانستییە.

چ کاتێـك زانکـۆ لـە شـاردا بـوونی دەبێـت ؟ هزرڤانـان و پـسپۆڕان پێوەرگـەلێکیان دانـاوە بـۆ بـە شـاربوونی شـوێن، هـەر یـەکێك لـە دیدگایەکـەوە سەیری بە شاربوونی شوێن دەکات و حـوکمی لەسـەر دەدات، یـا بەپێوەرێکـەوە شوناسی شاربوون بە شوین دەبەخـشێت، هەنـدێکیان بـۆ ژمـارەی دانیـشتوان و دیموگرافیـای شـوێن دەیگێڕنـەوە، هەنـدێك فاکتـەری مێـژوو وەکـو کۆڵەگەیـەکی گرنگ و یەکلاکەرەوە لەبەرچاو دەگرێت، هەنـدێکیش بـۆ پانتـایی شـوێنەکەوە و بەرزایی بیناکانی، هەندێك بۆ جۆری هەڵسوکەوت و ڕەفتـار و جـۆری پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان تاکەکانی ئەم کۆمەڵگا، هەندێك بـۆ سیـستەمی ئـابوری و سیـستەمی بـەڕێوەبردن دەیگێڕنـەوە ...هتـد، بەمـشێوەیە هـەر یەکـە لـە دیدگایەکـەوە دەڕوانێتـە پرسـەکە و بـەپێوەرێك دەیپێوێـت، هـەر چـەندە ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە لەسـەر بـە شـاربوونی شـوێن، بـەڵام لـە شاریـشدا دەبێـت سیفات و خەسڵەتی تایبەت هەبێت بۆ ئەوەی زانکۆ هەبێت، چونکە زانکـۆ تـەنها یـەك شوناسـی هەیـە ئـەویش بەرهـەمی کۆمـەڵگای مۆدێرنەیـە و پێکهاتێـك یـا کایەیەکی زانستی و مەعریفیە، بەشـێوەیەکی زانستی و ئـەکادیمی ئـیش لەسـەر خوێندنـەوەی کۆمـەڵگا و دونیـا پەیوەسـتدارەکەی دەکـات، ئـەو شـارەی کۆمەڵگاکەی ئاشنا نەبێت بە زانست و مەعریفەی زانستی، ئـەو شـارەی پێکهاتـە

مۆدێرنەکانی بە سروشتی خۆی و لە ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانی و کولتوری تایبەتی خۆی تێدا نەبێت، ئەوا زانکۆی تێدا نابێت، ئەگەریش هەبێت ئـەوا زانکـۆ بە خوازراویەوەیـە، لێـرەوەش زانکـۆ ڕۆڵ و کـارکردەی گرنگـی خـۆی ناگێڕێـت، لێرەوە تێدەگەین کـەوا ئـەو شـارانەی تـا ئێـستا زانکـۆی تێـدا نییـە یـا زانکـۆی تێدایە، بەڵام کاریگەر نییە بەسەر ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگا و بەرەو پێشچوونی، یـا کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگا و داب و نەریت و بەها و ئەخلاقیاتـە باوەکـانی، ئەوا بە زەرورەت شاری پێشکەوتوو و مۆدێرن نین، کەواتە شارێك زانکۆی تێدایە کە پێشکەوتووە لە هەموو ڕوویێکەوە، هەم لە جۆر و ستایلی ژیانکردن و هەمیش لـە پەیوەنـدی و کـارتێکردنی پەیوەنـدی مرۆڤـەکان و پێکهاتـەکان، لێـرەوە لـە پەیوەندی نێوان زانکۆ و شاردا ئەوە بەدیدەکەین، کەوا ئەو شارەی زانکۆی تێـدا بێت، ئەگەر ڕۆڵی کاریگەری خۆی بگێڕێـت لـە نـاو کۆمـەڵگا و ئاراسـتەی بکـات، ئـەوا شـارێکی پێـشکەوتووە، لێـرەوە دەتـوانین بڵـێین شـاری پێـشکەوتوو ئـەو شارەیە زانکۆی تێدا بێت و مامەڵەیکی تەندروستی لەگەڵدا بکرێت.

زانکۆ لە شاری پێشکەتوودا کۆمەڵگا ئاراستە دەکات "ڕێژەییە"، دەسـتکاری شت و دیاردەکانی دەکـات، دەسـتکاری نـۆرم و ئەخلاقیاتـە باوەکـانی کۆمـەڵگا دەکات، هەوڵدەدات ڕاڤەیان بکات و بیانگۆڕێت بەگوێرەی پێویست .

لەم قسانەی سەرەوە دەگەینە ئـەو بـاوەڕەی لـە بـوون و ئامـادەیی زانکـۆدا پێویست بـەبوونی عـەقڵێکی کـراوە و نوێخـواز دەکـات، ئەگـەر سـەیری مێـژووی سـەرەتای سـەرهەڵدانی زانکـۆ بکـەین لـە فەرەنـسا تێدەگـەین زانکـۆ بەرهـەمی مۆدێرنــە و عــەقڵی نوێخــوازە، بــەڵام ئایــا هــەموو ئــەو شــارانەی لــە مێــژووی مرۆڤایەتیدا بوونیان هـەبووە "هـەر لـە کۆنـەوە تـاوەکو ئێـستا" ئـەم عەقڵـەیان هەبووە کە پێویستە بۆ بوونی زانکۆ؟ بێگومان نەخێر، کەواتە هەموو شـارەکانی مێژووی مرۆڤایەتی زانکۆی تێدا نەبووە، هۆکەشی نائامادەیی عەقڵی پەیوەسـتی زانکۆیە، ئەمە وەڵامی ئەو دوو پرسیارەی سەرەوەیە کە دەڵێت ئایا هـەموو ئـەو شارانەی کەوا مرۆڤ هەر لە کۆنە تاوەکو ئێستا ستراکتۆری کـردووە زانکـۆی تێـدا بووە؟ ئەگەر هەبووە ئەوا چۆن بووە؟ ئەگەر نەبووە ئەوا هۆکارەکەی چییە؟.

سەبارەت بەوەی بۆچی ئێستا زانکۆ لە زۆربەی شارەکانی گێتیدا بوونی هەیە؟ دەبێت ئەو پێشکەوتن و بە شارستانیبوونە لەبەرچاو بگرین، کەوا ڕێژەیەکی زۆری شارەکانی گێتی و کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان پێیگەیشتوون، ئەم پێشکەوتن و بە شارستانیبوونانە مانای ئامادەبوونی عەقڵێکی مۆدێرن و نوێخوازە لە کۆمەڵگا شارنشینیەکان، ئەمەش زۆر پێویستە هەبێت بۆ زانکۆ، چونکە لە بنەمادا ئەم عەقڵەیە زانکۆی بەرهەمهێناوە، ئامادەیی ئەم عەقڵە لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژئاوا وایکردووە زانکۆ وەکو پێکهاتێك و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زەروور و باوی ئەم کۆمەڵگایانە بوونی هەبێت، ڕەنگە لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵبدات ئەویش ئەگەر زانکۆ پێکهاتێك و دیاردەیەکی تایبەت بە ڕۆژئاوایە، ئەی چۆن و بۆچی لە زۆربەی شارەکان و کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان بوونی هەیە؟

بوونی زانکۆ لە شارە ڕۆژهەڵاتیەکان بوونێکی تەقلیدیانەیە، بوونێکی خوازراوە "ڕێژەییە"، لە بەشێکی هەرە زۆری ئەو شارانەدا زانکۆ هەیە بەبێ ئەوەی ئەو عەقڵ و مەعریفەیە هەبێت کە پێویستە بۆی، باشترین نمونەش بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم قسەیە ئەوەیە زانکۆ لە ژێر کاریگەری نۆرم و ئەخلاقیاتی باو و داب و نەریتی کۆنی ئەم کۆمەڵگایانەدایە، نەوەکو ئەو کۆمەڵگا بخاتە ژێر ڕۆشنایی توێژینەوە لەسەرکردن و لایەنەکانی بەسەر بکاتەوە و هەوڵبدات هەرچی زیاترە بەرەو باشتری ببات.

ئەم قسانە مانای ئەوە نییە زانکۆ لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان بایەخ و سود نییە، بەپێچەوانەوە زانکۆ لەم کۆمەڵگایانەشدا تاڕادەیەکی زۆر بوونێکی پۆزەتیڤی هەیە، بەوەی تاڕادەیەك قوتابیانی تەیار دەکات بە تیۆرە و هزرەکانی فەیلەسوف و هزرمەندانی جیهانی و ئاشنایەتیان پێدەدات، هەروەها کەم تا زۆر گفتوگۆیەکی زانستی دەکرێت لە نێوان قوتابیان و مامۆستایان لەسەر پرس و میتۆدەکانی خوێندن، هەروەها کەم تا زۆرێك هەوڵدەدرێت کێشە و گرفت و دیاردەکانی شار و کۆمەڵگا شارنشینیەکان بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، جگە لەمە زانکۆ دەبێتە ئامرازێك بۆ تێکەڵاوکردنی خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی

دەوروبــەری ئــەم شــارەی زانکــۆی تیایــە، کــە ئەمــەش بــۆ خــۆی ســیفاتێك و تایبەتمەندییەکی شاریانەی شوێن دەبێت.

بەکورتی زانکۆ پێکهاتێك و دامەزراوەیەك و دیاردەیەکی شارییە، لـە بنـەمادا بەرهەمی ڕۆژئاوا و عەقڵی مۆدێرنەیە، بوونی زانکۆ واتا بوونی شار، زانکۆ نەوە و دروستکراوی شارە، بەڵام مەرج نییە پێچەوانەکەی ڕاست بێت، زانکـۆ لـە هـەر کۆمەڵگایەکـدا هــەبێت، واتــا ئــەم کۆمەڵگایــە پێــشکەوتووە و خەســڵەتگەلێکی شارستانیانەی تێدایە، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت بـوونی زانکـۆ لـە زۆر لە کۆمەڵگا "شار" ڕۆژهەڵاتیەکان بوونێکی تەقلیـدی و خـوازراوە، هـەر بۆیەشـە وەکو پێویست ڕۆڵ و کارکردەی خۆی ناگێڕیت.

**ئەپڕاڵی 2004**

به هاوكاری وه‌زاره‌تی رۆشنبیری سلێمانی– چاپكراوه